




# بەشێک لە وتووێژەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

## بەشی: سێهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


* پێشەکی ........................................................................... قادر وریا ..... ٤

١- دارشتنی زمانی یەکگرتوو، یان ئێستانداردی کوردی کاری نەفەر نیە ............................ کەمال مەریوانی ..... ٧

٢- فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان ................................. ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ..... ٢٤

٣- بۆ ئەوەی ڕاستی یەکان نەشێوێن .................................................. ڕۆژنامەی کوردستان ..... ٢٦

٤- ئێمە وەکوو حیزبی دیموکرات لەکەس قبوڵ ناکەین داوای ناوگۆڕینمان لێ بکات ..................... واڵاپرێس ..... ٣٢

٥- ململانەی سیاسی بۆتە کۆسپی دروست بوونی زمانی یەکگرتوو ................................. هەرێم عوسمان ..... ٣٨

٦- پرسی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا ................................................ سازدانی کەوانە ..... ٤٥

٧- د.قاسملوو لە مێژووو لە هەناوی حیزبی دێموکرات دا .............................................. ئازاد شێخی ..... ٥٧

٨ - پرسی زمان و شوناسی نەتەوەیی ........................................................... سەید جەلال ساڵح ..... ٨٣

٩- ئەگەر بانگەوازی ئێمە بیسترابایە، زۆر دەمێک بوو حیزبی دێموکرات دەبووە بە یەک ..... جەعفەر شەریعەتی ..... ٩٨

١٠- کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگیان دا بۆ "نا بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران ....................... شاهۆ ئەحمەد ..... ١٠١

١١- هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن .............................. زامدار ئەحمەد ..... ١٠٩

١٢- تا ئێستا فکری داعشم بە کۆکراوەیی نەدیوە تا بیخوێنمەوە و بزانم داعش چیی دەوێ ........ هیدایەت جان ..... ١١٤

١٣- وتووێژێکی بڵاونەکراوە ............................................................................. نەبەز هێمن ..... ١٢٣

١٤- لە یادی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ دا ................................................ ئارەش لورستانی ..... ١٣٠

١٥- رەوشی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان باش نیە ............................................ سەرباز واحد ..... ١٣٦

١٦- وتووێژ بە بۆنەی بیست شەشەمین ساڵوەگەری شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو ............... مەسعوود محەممەد ..... ١٤٠

١٧- پاراستنی سەربەخۆیی دەبێ چەند شتی زامن بن ................................................. کورد کاناڵ ..... ١٥١




سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم


١٨- وتووێژی رۆژنامەی کوردستان سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن ................................. کوردستان ..... ١٥٨

١٩- پێشمەرگە شەڕکردنەکەشی هەر لە پێناو ئاشتیدا بووە ........................................ عەلی بداغی ..... ١٦٥

٢٠- چارناچار ڕاپەڕینێکی دیکە دەبی ببێ هەتا ئەو نەزمە وەرگێڕێ ............................. عەلی بداغی ..... ١٧٢

٢١- لەسەر وتووێژەکانی نێوان تاران و کوردستان .................................................. عەلی لەیلاخ ..... ١٧٩

٢٢- وتووێژ "گۆڤاری تیشک " لەگەڵ مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە ........................................................ ١٨٥

٢٣- وتووێژی رۆژنامەی کوردستان دەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە ..................................... عەلی بداغی ..... ٢٠٤

٢٤- میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو .......... هەڤپەیڤین: دیاکۆ دانا ..... ٢١٦

٢٥- وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو........................

........................................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی..... ٢٢١

٢٦- دیدارێکی تایبەت لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە، نووسەر و وەرگێڕ............ دیدار: ئەنوەر حسێن (بازگر)..... ٢٢٦

٢٧- عەبدوڵلا حەسەنزادە: لە ٨٠ ساڵ تەمەنی "کوردستان"دا هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی نەگۆڕاوە.........................

........................................................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٢٥١

٢٨- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەوەی کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە و دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو...................................................... تۆڕی مێدیایی ٩٦٤+ ..... ٢٥٩

٢٩- چاوپێکەوتنی ماڵپەری(ئامارگی) THE AMARGI ............................. وەرگێران گوگڵ ترانسلێت ..... ٢٧٠


* ئاوڕێکی کورت لە ژیانی خەباتکارانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.... ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی .... ٢٧٨




# پێشەکی

## "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین"

**بەرهەمێکی دیکەی شەونخوونییەکانی سەربازی ون، ڕەحمان نەقشی**



**قادر وریا**

بۆ ١٠ ساڵ دەچێ کاک ڕەحمان نەقشی لە ڕێگای بەرهەمی زەحمەتەکانیەوە دەناسم. دیارە پێشتریش دووراودوور ناویم بیستبوو بەڵام بە ڕادەی ئەم ١٠ ساڵەی دوایی، ئاشنای زەحمەت و ماندووبوونی خۆبەخشانەی ئەم مرۆڤە دڵسۆزە نەبووم. من لەم پێشەکییەدا، ناچمە سەر هەوڵ و تێکۆشانی بەحەوسەلە و پشوودرێژانەی لە بوارەکانی دیکەی خزمەت بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. تەنیا باسی لایەنێک یا یەکێک لە بوارەکانی خزمەتەکانی دەکەم کە ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵە هەڤپەیڤینانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دوا نموونەی کارەکانی لەم بوارە دایە. ئەویش خۆتەرخانکردنی بۆ کۆکردنەوە و بە ئارشیوکردنی بابەت و راپۆرتی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کاک ڕەحمان چەندین ساڵە بوڵتەنێکی مانگانەی ڕێکوپێک لە چالاکی و تێکۆشانی جۆراوجۆری دامەزراوە و ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی ئەم حیزبە ئامادە دەکا و دەیخاتە بەر سەرنجی ماڵپەرەکان و هۆگران. دەتوانم بڵێم ساڵانێکی زۆرە گۆڤارێکی ئەنترنێتی لە ژێر ناوی«یەکبوون» ئامادە دەکا کە هەر ژمارەیەکی بە کۆمەڵێک وتار و بابەتی هەمەڕەنگ ڕازاوەتەوە. لە زۆربەی بۆنەکاندا، بۆ وێنە ٢ی ڕێبەندان، ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز (ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە)، ٢١ی فێوریە (ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)، ٨ی مارس (ڕۆژی جیهانیی ژنان)، ٢٥ی گەلاوێژ (ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ٢٢ی پووشپەڕ و ٢٦ی خەرمانان (یادی تیرۆرکرانی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان) و هتد، کاک رەحمان بێکار و بێخەم دانەنیشتوە و بە دیارییەکەوە کە ئامادەکردنی ناميلکەیەکی پڕاوپڕ بابەتی پێوەنیدار بەو بۆنانەیە، بوونی پڕ بەرەکەتی خۆی دەسەلمێنێتەوە. لە کاتی شەهیدبوون و کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دیموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، هەمیسان رەحمان نەقشی، بێ ئەوەی کەس رایسپاردبێ، لە کەمیندا بووە تا چی بابەتی باشی پیوەندیدار بەو ڕووداوە و کەسایەتییە هەیە کۆیان کاتەوە و لە توێی ناميلکەیەکی ئەنترنێتی دا، بیانخاتە بەرچاوی تینوان و تامەزرۆیانی ئەم بابەتانە.

"کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" زیاتر لە حەفتا وتووێژی بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادەی گرتووەتە خۆ. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە، کاک رەحمان تەنیا وتووێژەکانی کۆ کردوونەوە و کردوونی بەو ناميلکەیە. واتە لێکۆڵینەوەی نەکردوە، کاری نووسین و وەرگێڕان و پەراوێز بۆ نووسین و هتدیشی نەکردوە. بەڵام بۆ ئەوەی بایەخی ئەم کارەی بزانین هەر ئەوەندە بەسە سەرنج بدەینە دوو خاڵ. یەکەم ئەوە کە دەبێ ناوبراو چەند سەد سەعات یا چەندین شەوو ڕۆژ لە کاتی خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەم هەڤپەیڤینانە و کۆکردنەوە و پاراستن و ئامادەکارییەکانی دیکەیان تەرخان کردبێ؟ ئەمە یانی ئەو پەڕی مایەدانان لە کاتی خۆی. دووهەم خاڵ ئەوەیە کە بەم ئەرک وەخۆگرتنەی چ خزمەتێکی گەورەی بەو کەسانە کردوە کە بە دوای ئەم وتووێژانەدا دەگەڕێن. بۆ خۆم زۆر جار کە بۆ وتار یا کتێب یا وتووێژی کەسایەتییەک داماوم تا لە نووسینێکم دا سوودی لێ وەربگرم، جاری وابووە بە سەعات لەم ماڵپەڕ و ئەو پەیج و... دا بەدوایدا خولاومەتەوە. زۆر جاریش بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتووم. جا بزانە کەسێک کە تامەزرۆی بیروبۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادەیە، یا بۆ کارێکی توێژینەوەیی پێویستی بەوە هەیە بگەڕێتەوە سەر یەک یا چەند لە وتووێژەکانی ئەو کەسایەتییە، بە هۆی ئەم ناميلکەیەوە و وەدەستهێنانی هاوکاتی دەیان هەڤپەیڤینی بەڕێز حەسەنزادە، کاری چەند هاسان بووەتەوە؟!

من هەڵسەنگاندنی ڕوانگە و بۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادە دەهێڵمەوە بۆ خوێنەرانی ئەم هەڤپەیڤینانە. ئەگەر چی بۆ

بەشی: سێهەم

خۆم نەک هەر لە مەجالی سیاسیدا بەڵکوو لە بوارەکانی زمانەوانی، ئەدەبی و بە گشتی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییش دا، سوود و چێژ لە نووسین و لێدوان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی بەڕێز حەسەنزادە وەردەگرم. بەم پێیە ڕەحمان نەقشی بەم کارەی لە پێشدا کارئاسانیی بۆ شەخسی خۆشم کردوە.

لەمێژساڵە کاک ڕەحمان نەقشیم بە بۆنەی هەموو ئەو زەحمەت و ماندووبوونە خۆبەخشانەی لە بواری کۆکردنەوە، پۆلێن کردن، بەئامیلکەکردن و بەئارشیوکردنی بابەتەکانی پیوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەیانکێشێ، بە "سەربازی ون" ناو بردوە. ئەو سەربازە ونە، شایانی دەستخۆشی و ڕێزلێگرتنە. هەر ئەمرۆ لە نێو ئیمەیلەکانم دا ڕیسێرچێکم کرد بۆ ئەو ئیمەیل و ئامیلکانەی کاک رەحمان لە ماوی ١٠ ساڵی رابردوودا ئامادەی کردوون و بۆی ناردووم. تەماشام کرد زیاتر لە ٣٥٠ ئیمەیلم لە کاک ڕەحمانەوە بۆ هاتوون کە هەر نەبێ ٣٠٠ یان هەڵگری نامیلکەی ئامادەکراوی ئەو برا زەحمەتکێشە حەق نادیارەم بوون. دەی چۆن خۆم بە قەرزداری نەزانم و مەمنوونی نەبم و دەستی ماندووی نەکوشم؟!

بە بۆنەی ئامادە بوون و بە ئاکام گەیشتنی "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" ماندوو نەبوونی لە کاک ڕەحمان دەکەم و پیرۆزبایی پێ دەڵێم. هیوام ئەوەیە خەمی نان و ژیان لێبگەڕێ کاک رەحمان بەو جۆرەی خۆی ئارەزوو دەکا و بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە لە سەر خزمەتەکانی بە تێکۆشەران و چالاکانی مەیدانی سیاسەت و ڕۆشنبیری بەردەوام بێ.

کۆیە

قەڵای دیموکرات

٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: داڕشتنی زمانی یەکگرتوو، یان ئێستانداردی کوردی کاری نەفەر نیە.

## وتوویژ لە گەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

### کەمال مەریوانی

پاییزی ١٣٨٠ ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ جەنابیان ئەنجام دراوە. کاتێک بوو هەموومان لە یەک سەنگەردا بووین. کڕنۆش بو شەرەفی ئەو رۆژانە.

**کەماڵ:** بەرێزوخۆشەویست مامۆستا عبداللەی حسن زادە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! پڕ بە دڵ سپاستان دەکەم کە سەرەڕای سەرقاڵی و کاری سیاسیتان دەرفەتی ئەم چاوپێکەوتنەتان بۆ پێک هێناین. ئەگەر دەکرێ کورتەیەک لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن سپاستان دەکەم کە منتان بەسەر کردەوە. لە بارەی ژیانی خۆمەوە نازانم چیتان بۆ باس بکەم. ئەوەی کە مەربووتە بە ژیانی شەخسیمەوە دەتوانم بڵێم: ئەمن ساڵی ١٣١٧، بەو جۆرەی کە بۆخۆم ساغ بۆتەوە، لە دێیەکی چکۆلەی مەنتیقەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی فەقیرو دەستکورتی لادێیی لە دایک بووم. بابم بە شوغڵی جوڵایەتی منداڵەکانی خۆی دەژیاند. بۆخۆم وەبیرم نایە، چونکە زۆر منداڵ بووم کە ئەوم لە دەس چوو. بە هیممەتی براگەورەکەم کە لە واقیعدا هەر براگەورە نەبوو، بەڵکوو باب بوو، گەورە کرام. پێم وایە هەشت ساڵە بووم لە مەدرەسەی دێ کە ئەو وەختەی مەدرەسەی مەلاو فەقێیان بوو، دەستم بە خوێندن کرد و فارسی و ئەو کتێبە وردیلانە کە ئەو وەختی باو بوون و ئێستا بە جارێکی ناویان لە بیر چۆتەوە، خوێندمن. ئەوانەم لای فەقێ و مەلای جۆراجۆر خوێندوە. قەت مامۆستایەکم نەبوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەرسم پێ بڵێ. رەنگە جاری وا بووبێ هەر رۆژەی لەلای یەکێک دەرسەکەم خوێندبێ. زۆریش رەنگە پێتان سەیر بێ کە بڵێم جاری وا بووە دەرسەکەم لە کن ئی وا خوێندوە کە ئەوندەی فارسی نەدەزانی کە ئەمن ئیستفادەی لێ بکەم. بەو شێوەیە ئەوەڵین مەرحەلەکانی خوێندنم لە لادێ خوێند. لە پاشان خوێندنی علوومی ئاینیم دەست پێ کرد. بە شار و دێهاتی کوردستان و زۆرتر لە مەنتیقەی سەردەشت و بانە و پیرانشارو زۆر بە کەمی بە کوردستانی عێراقدا گەڕام. لە ساڵەکانی ئاخردا لە شاری مەهاباد لە مەدرەسەیەکی رەسمیدا کە دەوڵەت دایناببوو بە ناوی مەدرەسەی

علوومی دینی، دەرسی علومی عەرەبی یان علوومی دینیم تەواو کرد. ساڵی ١٣٤٠ خوێندنی زانستە ئایینیەکانم تەواو کرد و بە شێوەیەک کە ئەو وەختی باو بوو، لە دێیەکی مەنتیقەی سەردەشت بووم بە مەلا. زۆر بە سادەیی دەتوانم بڵێم ژیانی شەخسیی من ژیانی بەشێک لە مەحروومترین توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە لادێ بوو، ئەویش لە لادێی مەنتیقەیەکی دواکەوتووی ئێران و لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوو.

کوردستانی ئێران بۆ خۆی ناوچەیەکی دواکەتووی ئێران و لە نێو کوردستانیشدا سەردەشت کە مەنتیقەیەکی سنووریە، مەنتیقەیەکی فەقیرنشین بوو. ئەو سەردەمە ژیانی خەڵکی زیاتر لە سەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەڕێوە دەچوو. ئەو بەشەش لەو ناوچەیە گەشەکردوو نەبوو. بەڵام ئەگەر مەنتیقەی ئێمە لەباری "اقتصادی - اجتماعی"یەوە ڕەنگە یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکان بووبێ، لە ساڵەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهان و تەنانەت لە ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیشدا ئەو مەنتیقەیە کە لە بەشی مەرکەزیی کوردستانی ئێران هەڵکەوتوە، لە باری سیاسی‌یەوە مەنتیقەیەکی چالاک بوو. دەزانین کە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لە مەهابادیش زۆر لێی نزیکن. ئێستا سەردەشت بۆتە شارستانێکی سەربەخۆ. پێشتر بەخشێک بوو لە شارستانی مەهاباد. لە بەر ئەوە فەعالیەتی حیزبی هەر لە زەمانی کۆماری کوردستانەوە تێیدا هەبوو.

زۆر منداڵ بووم، بەڵام شعوورم دەکرد کە دوو برای گەورەم ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. لە بەر ئەوەی ئێمە ماڵە دێهاتی بووین و دایک و بابم نەخوێندەوار بوون، مەعلوم نەبوو ئەمن چ ساڵێک و چ مانگێک و چ ڕۆژێک لە دایک بووم. بەڵام بۆ خۆم کە دوایی تەحقیقم کرد لە ساڵی ١٣١٧دا لە دایک بووم. کەچی ساڵی ١٣٣٢ ئەمن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووم. ساڵی ١٣٣٢ تەمەنم ئەو پەڕەکەی دەگەیشتە ١٥ ساڵ. بەو حاڵەش وەک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیرام. ئەو وەختی نازانم ئوسوولەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب هەر بە دەستەوە نەبوو یان زۆر ڕەعایەت نەدەکرا. هەر چۆنیک بوو چونکە ئەمن نەوجەوانێکی بە قەد و قەوارە تەواوپێگەیشتوو بووم، بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیرام و لەو ماوەیەدا ئەمن فەعالیەتی سیاسیم بەو شێوەیە کە دەکرا ئەو وەختی خەڵک فەعالیەتی سیاسی هەبێ، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەبووە. لە واقیع دا ئەو وەختی خەباتی سیاسی بە شێوەیەکی زۆر مونەززەم نەبوو. ئێمە لە دێهات ئەندامی حیزب بووین. جاروبار کادرێکی حیزبی دەهات و یەکترمان دەدیت. ئەگەر بەیانیەیەکی حیزبی هەبا، وەرمان دەگرت و بڵاومان دەکردەوە. لەو کاتەدا ئەمن واریدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم و لەگەڵ بەشیک لە هاوساڵانی خۆم یان گەورەتر لە خۆم، ئەو جۆرە تێکۆشانەم هەبووە.

بەڵام فەعالیەتی سیاسیی من بە شێوەیەکی جدی و فەعالانە لە ساڵی ١٣٤٦دا دەست پێدەکا کە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦

- ٤٧ دەستی پێ کرد. دیارە هاوڕێیانی حیزبی، کادر و پێشمەرگەکان لە نێو مەنتیقەدا بوون و زۆریش تێکەڵاویمان پێکەوە هەبوو، یەکترمان دەدی. لەوەڕا گوزارش لە من درا کە ئەمن یەکێک لە فەعالینم، یەکێک لە پایەگاکانی ئەو بزووتنەوەیەم و کەوتمە بەر نەزەری پۆلیسی ئێران. جارێک بانگیان کردم، لە واقیعدا بە جەلب بردیانم بەڵام بە شێوەیەک نەجاتیم بوو. دوایە بۆم دەرکەوت کە ئەمن وا کەوتوومە ژێر زەرەبین، ئەگەر وڵات بە جێ نەهێڵم رەنگە بکەومە زیندان. زیندانی ئەو وەختیش زۆر شانست هێنابایە ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵیان دەدایەی، بێجگە لە تەعزیب و ئەزیەت و ئازار. لە مێژیش بوو ئەو سوننەتە خراپە داکەوتبو کە تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی ئەگەر دەکەوتنە خەتەرەوە رایان دەکرد بۆ کوردستانی عێراق. دیارە سوننەتی "مهاجرت" لە هەموو شوێنێکی دنیا هەیە بەڵام ئەگەر حوسنی هەیە ئەو عەیبەشی هەیە کە تێکۆشەران کەمێک تەمبەڵ بار دێنێ. ئەگەر دەرەتانی دەربازبوون هەبێ، تێکۆشەرێک لەبەر باری خەتەرەکە، شان خاڵی دەکا. بۆیە پێم وایە ئەوە سوننەتێکی باش نیە.

ساڵی ١٣٤٦ لە ئاخری پاییزێدا بوو یان لە ئەوەڵی زستاندا (زۆر چاک لە بیرم نیە) مەجبوور بووم کوردستانی ئێران بە جێ بێڵیم. هاتمە کوردستانی عێراق و تەماسم لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی گرت کە بەشێکی زۆریان لە کوردستانی عێراق بوون و ئەوەی کە پێی دەگوترا بەڕێوەبەریی حیزب، لە کوردستانی عێراق بوو. لەوێدا ئیدی دەستم کرد بە فەعالیەتی سیاسی بە شێوەیەکی جدیتر کە مونجەر بوو بەوەی پاش ساڵێک، ساڵ و نیوێک چوومە کونفرانسی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەوێدا بڕیارێک هەبوو کە کومیتە ناوەندی تەرمیم بکرێتەوە. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کونگرەی دووهەمدا هەڵبژێردرابوون بە شێکی زۆریان کوژرابوون، تەحویل درابوونەوە، لەبەین چووبوون لە جووڵانەوەکەی ٤٦ - ٤٧ و پێشترو دواتردا. بۆیە کونفرانس بڕیارێکی وای دا کە کومیتە ناوەندی تەرمیم بکاتەوە. سێ کەسی هەڵبژاردن کە یەکیان مەرحوومی هێمنی شاعیر بوو، یەکیان کاک حەسەنی رەستگار و سێهەمینیشیان ئەمن بووم. لەو وەختەوە ژیانی من لەگەڵ ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە واقیعدا لێک گرێ درا. هەمووی ساڵێک دواتر ئیدی بە یەکجاری ژیانی شەخسیم بە جێ هێشت و وەکوو کادرێکی دائیمی کەوتمە خزمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. رەنگە ئەو بەشەی کە مەربووت بە ژیانی من بێ، ئەوی دیکە ئێحتیمالەن ئەو کەسانەی کە چاویان بەم وتووێژە دەکەوێ لەوێ بەم لاوە ئاگادارییان لە ژیانی سیاسی من هەبێ.

**کەماڵ**: مامۆستا جەنابتان وەک دوو سیمای سیاسی و ئەدەبی ناسراون، بفەرموون مێژووی کام دونیایان بە تەمەنترە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: رەنگە ئاسان نەبێ ئەو دووانە، ئەو دوو ژیانە سیاسی و ئەدەبی‌یەی من لە باری زەمانی‌یەوە لە یەک جودا بکەینەوە یان یەکێکیان پێش ئەوی دیکە بخەین. ئەمن نامەوێ شوعار بدەم، بڵیم ژیانی مەحروومییەت لە کوردستاندا

بەشی: سێهەم

هەر زوو لە منداڵییەوە منی وادار کرد کە واریدی کاری سیاسی بم یان منی بە زوڵم و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران ئاشنا کرد. ئەوە کەمێک وەک شوعار دەچێ. چونکە ئیعتراف دەکەم لەگەڵ ئەوەی ئەمن لە خانەوادەیەکی مەحروومدا ژیاوم، لە مەنتیقەیەکی مەحروومدا ژیاوم و لە دێیەکی مەحروومدا ژیاوم، ڕەنگە زۆری پێوە خرابێ تا ئەمن تێبگەم عیللەتی گشتی، عیللەتی بنەڕەتیی ئەو بەدبەختییانە نیزامی پاشایەتییە، نیزامێکی وابەستەیە. تێگەیشتنی ئەو شتانە زۆر ئاسان نەبوو. بەڵام بەهەر حاڵ وەک عەرزم کردن لە تەمەنێکی زۆر کەمدا ئەمن واریدی حیزبی سیاسی بووم. کەوابێ ئەگەر بەو مەعنایە بیگرین، ژیانی سیاسیی من ڕەنگە لە پێشەوە بێ. پێم خۆش نیە ئەگەر خەڵکیش پێم بڵێ، بۆخۆم ئیددیعای ئەوە بکەم کە ئەدیبم یان ئوسوولەن خاوەنی شوێنەوار و بەرهەمی ئەدەبیم. تەنیا دەتوانم بڵێم یەکێک لەو شتانە کە لە حیزبی سیاسیمدا بوونە باعیسی ئەوە کە ئەمن بێمە پێشتر و فەعالتر بم، ئەوە بووە کە هێندێک توانای نووسین و ئەو کارانەم تێدا هەبوو. کەوابێ ئەم دووانە لە واقیعدا پێکەوە ئاوێتە بوون. هەر لەو کاتەدا کە هەوڵی سیاسیم هەبووە، هەوڵ و بایەخ پێدانی ئەدەبییشم هەبووە. مەسەلەن لە بیرمە نازانم ببووم بە ئەندامی حیزب یان نەببووم، عەلاقەیەکی زۆرم بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیات (کە ئەو وەختی زۆرتر فارسی بوو، کوردیمان بە زەحمەت دەست پێ ڕادەگەیشت) هەبوو و زۆر چاکم وەبیر دێتەوە کە ئەمن پێش ئەوەی کە ببم بە ئەندامی حیزب (هەر قوتابی بووم)، لە دێیەکەی خۆمان دەمخوێند، یەکێک لە شتەکان کە ئەو وەختی باو بوو، شەڕە شیعر بوو. شەڕە شیعرم دەکرد. جاری وا بوو دوو ڕۆژان لەگەڵ کەسێکی خەریکی شەڕ شیعر دەبووین، هەر لێم نەدەبڕا. ئەویش هەر لێی نەدەبڕا دیارە. جاری وابوو ئەوەندە ئەهمیەتم پێ دەدا کە لە گەڵ ڕەفیقەکانی خۆم لەگەڵ دوو سێیەکیان، دەبووم بە تەرەف بە تاقی تەنێ. ئەوندەم ئەهمیەت بە مەسائیلی ئەدەبی دەدا. کەوابێ ئەو شتانە ناتوانین یەکێکیان بەو جۆرە پێش ئەوی دیکەیان بخەین. بەڵام بە هەر سورەت باری سیاسی پتر بە سەر ژیانی مندا زاڵ بووە و بەشێکی پتر لە ژیانی منی گرتۆتەوە تا بواری ئەدەبی. چونکە کاری ئەدەبی لە واقیعدا ئەگەر بوویێتم، بەشیکی کاری ئەدەبی لە چوارچێوەی مەسائیلی سیاسیدا بووە کە بەشی زۆری ئەوانە لە ڕاستیدا مڵکی منیش نەبوون و بوونە مڵکی ئەو حیزبەی کە ئەمن پێی وابەستە بووم. ئەوەی دیکە ئەگەر وەک ژیانی ئەدەبی حساب بکەین، ئەوەیان کەوتۆتە دوای ژیانی سیاسی. هەم لەباری زەمانیەوە کەوتۆتە دوای، هەم لە باری بایەخ پێدانەوە. یەعنی کاری من کاری ئەدەبی نەبووە. بەڵام چونکی عەلاقەم بە مەسائیلی ئەدەبی هەبووە، جاری وابووە کارێکی ئەدەبییشیم بە بەریەوە کردوە. ئەو کارانە تابیع بوون لە کاری سیاسیی من نەک وەکوو بڵێی پیشەیەکی ئەساسیی من.

**کەماڵ**: مامۆستای خۆشەویست وەک وەرگێڕێکی بە توانا چۆن بوو دەستتان دایە کاری وەرگێڕان، کەی یەکەم وەرگێڕانی خۆتان بڵاو کردۆتەوە؟ دەقی یەکەم وەرگێڕانتان چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە نەزەری جەنابتە کە ئەمن موتەرجیمێکی بە توانام، هیوادارم وەکوو دەڵێن شایستەی ئەو لوتفەی

ئیوە بم. مەسەلەی کاری تەرجەمە (بۆیە دەڵێم کاری تەرجەمە چونکی هەم تەرجەمەم پێ لە وەرگێڕان کوردی ترە و هەم مترجم پێ لە وەرگێر کوردی ترە، ئەگەر دقیقەتتان کردبێ ئەو کارانەی کە ئەمن کردوومن لە هیچیان نەم - نووسیوە وەرگێر فلان کەس. ئەوەی بە دەستی خۆم بووبێ نووسیومە فلان کەس کردوویە بە کوردی. چونکە وشەی وەرگێڕان بۆشتی دیکە هاتوە. ناڵێم خراپە بەڵام زۆر بە کەیفم نیە). کاری تەرجەمە کە دەستم داوەتێ، لە واقیعدا هەر کەسێ تاو بداتە کاری تەرجەمە پێم وایە، تەجرەبەی من ئەوە دەڵێ کە شتێک دەبینێ بە دڵیەتی، دەشبێنێ لە نێو زمانەکەی خۆیدا نیە. پێی وایە دەبێ بە زمانەکەی خۆی هەبێ و خەڵکی دیکە بیبینن، ئەودەم لەخۆشی ڕا دەبینێ کە بیکاتە زمانی خۆی. بۆیە تەرجەمەی دەکا.

ئەوەڵین شت کە پاڵی پێوە نام تەرجەمە بکەم، شتی سیاسی بوو. لە بیرمە ساڵی ١٣٥٠ بوو کە بۆ یەکەم جار فکری تەرجەمەیەک کەوتە مێشکی منەوە. نامیلکەیەک هەبوو کە ڕێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵات دەری کردبوو. ئەوەندەی ئەمن بزانم هەرچەند بە ناوی دوکتور قاسملووی نەبوو بەڵام نووسینی دوکتور قاسملوو بوو. نامیلکەکە بە زمانی فارسی بوو بە ناوی "واقعیت خلقهای ایران وافسانهء م. ماکان". ئەو نامیلکەیە جوابدانەوەی مەقالەیەک بوو کە یەکێکی ئێرانی، یەکێکی لە واقیعدا شۆڤینیست، مەسەلەی ئێرانی بە ناوی "افسانه خلقهای ایران" نووسیبوو. گاڵتەی بەبوونی خەلق و گەل و نەتەوەی جۆراوجۆر لە ئێراندا دەکرد. ئەوانیش جوابیان دابۆوە کە مەفهوومەکەی ئەوە بوو کە بوونی چەند گەلی جۆراوجۆر لە ئێراندا واقیعییەتێکە و ئەوەی ئەتۆ ئیدیعای دەکەی افسانەیە. کە خوێندمەوە زۆرم پێ جالب بوو. عەرزی مەرحوومی دوکتور قاسملووم کرد، گوتم بریا بە کوردی ببایە، یان بە کوردیتان نووسیبایە. گوتی جا ئیمە لە دەرەوە بۆ ئەوانەمان نووسیوە کە کوردییان نەزانیوە. گوتم باشە ئەوە بکرێ بە کوردی چۆنە؟ ئەویش گوتی جا کوردییش دەزانی و فارسییش دەزانی، بۆ نایکەی بە کوردی؟ دیارە بۆخۆم تەرحی مەسەلەکەم هەر بۆیە بوو کە دەمویست بیکەم بە کوردی بەڵام ئەویش کە پێشنهادی کرد و هانی دام، دەستم پێکرد. جالبیش ئەوە بوو چونکی شتەکە زۆر کەم بوو، زۆریشم عەلاقە پێی هەبوو لە ماوەیەکی یەکجار زۆر کورتدا بابەتەکە، کە ئەگەر ئێستا لە بیرم بێ (چونکە بەڕاستی نیمە لە کتێبخانەشدا نیمە) لە حەجمی بچووکدا پەنجا شەست سەفحەیەک زیاتر نەبوو، زۆریشم عەلاقە پێی هەبوو، وابزانم بە رۆژێک دوو رۆژان ئەوپەڕەکەی دوو رۆژ، دەنا ئەگەر موبالەغەم نەکردبێ بە یەک رۆژ، تەرجەمەم کرد. چونکە شتێکی کەم بوو. کە بردمەوە بۆ لای دوکتور قاسملووی، (چونکە یەکەم ئەزموونم بوو، پێم باش نەبوو بۆ خۆم هەروا لێی رازی بم) دامەوە، دیتم کەم دەستکاری کردبوو. یەعنی شتی وا کە ئەمن تێیدا بە غەڵەت چووبم، کەم بوو. چونکی بەهەر سوورەت ئەمن واریدی ئیستیلاحاتی سیاسی نەبووم بەو سوورەتەی ئەو وارید بوو. ئیدی دامان چاپیان کرد. لە بیرمە دوو جار چاپ کرا. جاری ئەوەڵیان ساڵی ١٩٧١ کە دەبێتە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی. ئەوە یەکەم کاری وەرگێرانی من بوو.

دووهەمین کارم کە وەکوو کتێبێک دەردەچوو، ئەمەیان ئیدی ناوی خۆشمی لەسەر بوو، کاری تەرجەمەی کتێبی دوکتور قاسملوو "کوردستان و کورد" بوو.

"کوردستان و کورد" هەر وەک دوکتور قاسملوو لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی، داستانێکی سەیری هەیە. کوردێک نووسیویەتی، بەڵام نیزیک بە چارەکە قەرنێک دوای نووسینی کراوە بە کوردی. ئەم کتێبە وەک تێزی دوکتورا لە چێکوسلواکی بە زمانی چێکی نووسرابوو. لە پاشان دانشگای براتیسلاوا دەیکاتە سلوواکی و چاپیشی دەکا. ئیدی زمانی ئەسڵیی نووسینی ئەم کتێبە قەت چاپ نەکراوە. دوای ئەوە کرابوو بە ئینگلیزی، کرابوو بە عەرەبی. ئەمن عەرەبییەکەم دەست کەوت، خوێندمەوە. کە خوێندمەوە لە گەڵ ئەوەی کتێبەکە ئێشکالاتی زۆر بوو، لە بواری چاپەوە غەڵەتی زۆری تێدا بوو. جاری وا هەبوو حاشیە ببوو بە مەتن، مەتن ببوو بە حاشیە، زۆر شتی خراپی تێدا هەبوو، بەڵام دیتم کتێبێکی باشە. کارێکی باشیش دەبێ ئەگەر بکرێتە کوردی. دوکتور قاسملووش لە تەنیشتمەوە بوو. پرسم پێ کرد کە ئەگەر پێت باش بێ دەیکەم بە کوردی. گوتی زۆرم پێ باشە. باوەڕکە، ئەگەر ئاوا لە نزیکەوە نەبا، نەمدەتوانی بیکەم. چونکە کتێبەکە هێندە عەیبی لە چاپەکەیدا هەبوون. لە تەنیشتی دوکتور قاسملووی دەستم پێ کرد. بە قەولی کورد دەڵێ "دوور لە ئێستام" عەلاقەیەکی سەیریشم هەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە کارم زۆر بوو، کاری دیکەم دەکرد. بەڵام زۆر چاک لە بیرمە و هیچ موبالەغەیەکیشی تێدا نیە، وەختێکی نووسیمەوە لە سەر کاغەزی فولسکاب یان A4 ، ٣٠٠ سەفحە بوو. حەوتووی ئەوەڵێ ١٠٠ سەفحەیم لێ تەرجەمە کرد. بەڵام حەفتەکەی دیکە سەفەرم کەوتە بەرێ و ئەوە کەمێک وەختی کێشا تا ئەوی دیکە تەرجەمە بکەم. ئەوە کارێکی گەورە بوو. چونکە کتێبەکە بۆ خۆی لیکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابووری یە. لە عەینی حاڵدا لە بەر ئەوەی بۆ دونیای دەرەوە نووسراوە، شتێکیشی لە بارەی مێژوو و جوغرافیاوە بۆ نووسراوە. کتێبیکی بەکەڵک بوو. ئەوە ئیدی کە چاپ بوو (ئەگەر ئێستێ پێیدا بچمەوە زۆر شتی لێ دەگۆڕم) بەڵام خەڵک پێیان باش بوو. ئەوە بوو بە بناخە بۆ کاری تەرجەمەی من. دەتوانم بڵێم ئەوەڵ کاری تەرجەمەم "کوردستان و کورد " بوو نەک "واقیعییەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م. ماکان". چونکە بە قەولی هێندێ لە ئەدیبان، ئەو تەنیا سەرە مەقەستێک بوو، شتێکی بەو سوورەتە نەبوو.

**کەمال**: دەکرێ باسی ئەو کارانە بکەن کە ئێستا بڵاوتان کردوونەتەوە؟ مەبەستتان لە تەرجەمەی ئەو کتێبانە چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو کارانە کە ئەمن کردوومن، پێم خۆشە دوو شتیان لە سەر بڵێم: یەکەم ئەوەیە کە لە دونیای دەرەوەی خۆمدا ئەمن زیاتر بە تەرجەمەوە ناسراوم، ئەوانەی دەمناسن وام دەناسن. رەنگە ئەوانەی لەو بوارەدا دەمناسن کەم بن بەڵام زیاتر وەک تەرجەمە خەڵک کارەکانی من دەناسێ. لە کاتێکدا ئەمن کاری ئەدەبیم بە نووسین دەست پێ

کردوە نەک بە تەرجەمە. ئەگەر حسابیشی بکەم هەرچەندە کتێب کەمە، وەک کتێب بەڵام کاری نووسینم ڕەنگە چەند بەرابەری کاری تەرجەمەم بێ. ئێستە ناتوانم بە وردی بڵێم چەند بەڵام لانی کەم پێنج شەش بەرابەری کاری تەرجەمەیە. ئەگەر ڕۆژێک بمتوانیبایە ئەوەی بە ناوی وەرگیراو یان بە ناوی خۆم نووسیومە، کۆی کەمەوە، دەردەکەوێ ئەمن سێ، چوار هەزار مەقالەم نووسیوە. کەوابێ کاری من لە ئەساسدا کاری نووسین بووە، لە دوایە بۆتە تەرجەمە. شتی دووهەم کە پێم خۆشە لەو بارەیەوە بیڵێم ئەوەیە کە ئەو شتانەی ئەمن کردوومن چ لەنووسین و چ لە تەرجەمە، بەشێکی زۆریان (لە نووسیندا لە سەدا نەوەد) بە ناوی خۆمەوە نین. ئەو بەشەیان یان ملکی حیزبە یان ناوێکی وەرگیراوی بۆ دانراوە. ئەوانەی بەناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە، ڕەنگە زۆر کەم نەبن. ئەگەر بە قەد ئەوەی دیکەش نەبن زۆر کەم نین. بەڵام ئەو کارانەی کە ئەمن وەکو تەرجەمە کردوومن و بە ناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە و خەڵک پێیان دەزانی، چەند بەرهەمی ئەدەبین کە زۆربەیان لە عەزیز نەسین و یاشار کەمالن. لە عزیز نەسین دووکتێبم تەرجەمە کردوون؛ یەکیان بە ناوی "پەخمە" بوو کە لە کوردیی‌یەکەیدا بوو بە "گێلە پیاو". دووهەمیشیان "خاطرات یک تبعیدی" کە بوو بە "بیرەوەری‌یەکانی دوورخراوەیەک". ناوە فارسی‌یەکەی زۆر شیرین ترە. لە پاشان ئەو سیلسیلە کتێبەی یەشار کەمال نووسەری کوردی تورکی نووس "ئینجەمەمەد" کە تا ئێستا سێ بەرگ لە چواربەرگی ئەسلی کراوە بە کوردی. لە بەر ئەوەی ئەمن تورکی نازانم و بەرگی چوارەمیشی بە فارسی، بە داخەوە تا ئێستا نیە، ئەوەیان نەکراوە. دوایە داستانێک لە جەک لەندەنە. مجموعەیەک لە داستانەکانی عەلی ئەشرەف دەرویشیانە کە بە ناوی "هەتاو"، یەکیک لە چیرۆکەکانەوە چاپم کردوە و مەجموعەیەکی دیکە لە کورتە چیرۆک و مقالات کە لە بیرم نین، هەریەکە لە جێیەک بڵاو بۆتەوە. هەریەکە لە ڕۆژنامەیەک، لە مەجەللەیەکدا. لە بیریشم نیە ئایا لە سەر هیچیان ناوی خۆمم نووسیوە یان نەمنووسیوە. ڕەنگە بەشی هەرە زۆریان ناوی منیان لە سەر نەبێ. ئەو کارانە کە ئەمن کردوومن و ناوی خۆمیان لە سەرە پێم وایە هەر شەش حەوت شتن. سێ جلد لە ئینجە مەمەد، دوو بەرهەمی عزیز نەسین، "سپیید دندان"ی جەک لەندەن، لە گەڵ "هەتاو" کە لە چیروکەکانی ئەدیبی گەورەی کورد بەڵام دیسان بە داخەوە فارسی نووس کاک عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، تەرجەمەم کردوە. ئەگەر شتی دیکە هەبێ ڕەنگە لە بیرم نەبێ.

ئەوە کە ئەنگیزەکە چیە؟ پێمـوابێ لە موتەرجیمێکەوە بۆ یەکی دیکە فەرق دەکا. لە پاشان پێم وابێ کاری یەک موتەرجیمیش لە هەر تەرجەمەیەکدا شتێکە. تەجرەبەی من ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک شتێکی خوێندەوە بەو شەرتە کە مایەی تەرجەمەی تێدا هەبێ، بۆخۆی پێی خۆش بوو تەئسیری لێ وەرگرت، ئەگەر تەرجەمەی بکا، بەو شەرتەی بۆ خۆی مایەی هەبێ خوێنەرەکانیش پێیان خۆش دەبێ.

لە بیرمە کە جلدی ئەووەڵی ئینجە مەمەدم کردە کوردی، بۆ هێندێ لە دۆستانم ناردبوو بە دیاری، زۆریان نامەیان بۆ نووسیبووم. وەکوو شتێک بڵێین گەیشتنی دیارییەکەیان ڕاگەیاندبوو. یەکێکیان نامەیەکی بۆ نووسیبووم شتێکی تێدابوو؛

دەڵێ پیرۆزبایی ئەو ئینتخابەت لێ دەکەم، شتێکی باشت هەڵ بژاردوە بۆ تەرجەمە. دیارە دەتوانم بڵێم ئەوەی کە لەوێدا منی هان دا، ئەوە بوو کە ئەمن خۆم و کۆمەڵی کوردەواری و لە واقیعدا ئەو فەزایە کە تێیدا ژیابووم، بە جۆرێک لە جۆران تێدا دەدیتەوە. هەر چەندە ئەمن پێش ئەوەی ئینجە مەمەد بخوێنمەوە بریارم دابوو تەرجەمەی بکەم. ئەوەندە تەعریفم بیستبوو کە هەر دەگەرام بە دوایدا بیخوێنمەوە و ئەگەر ئەمنیش ئاواى لێ حاڵی بم، تەرجەمەی بکەم. سەیر ئەوەیە کە پێش ئەوەی بیبینیم کە ناوەکەیم بیستبوو، چەند جاران داوام لە مامۆستا شوکر مستەفا کوردی زان و تورکی زان و عەرەبی زان و تەرجەمەزانی گەورە کرد. دەمگوت شتێکی ئاوام بیستوە، تۆ دەبێ تورکی‌یەکەیت هەبێ و خوێندبیتتەوە، تەرجەمەی بکە. نازانم بۆ چی نەیکرد. دەیگوت زۆر زەوقم لێی نیە. دوایە کە فارسی‌یەکەیم دەست کەوت و خوێندمەوە، بە دڵم بوو، دەستبەجی دەستم کرد بە تەرجەمەی.

مەسەلەن "سپید دندان"ی جەک لەندەنم کە تەرجەمە کرد، ئەوەی کە منی پاڵ پێوە نا بۆ ئەوەی بیکەم بە کوردی بە دەرەجەیەکی کەمتر ئەو مەفهوومە بوو کە تێیدایە، مەفهوومێکی زۆر بەرزی ئیجتماعی، دەرسیکی زۆر گەورەی ئەخلاقیی تێدا هەیە. کتیبی جەک لەندەن پێمان دەڵێ کە موحیتی ژیان، تەربیەتی ئیجتماعی چەندە دەتوانێ فرشتەیەک بکا بە دێو، دێوێک بکاربە فریشتە، درندەیەک بکا بڕ ئینسان، ئینسانێک بکا بە درندە، بۆخۆی مەعنایەکی زۆر گەورەیە، بەڵام زیاتر لەوە ئەو ئیبداعە کە ئەو کابرایە کردبووی، ئەو توانایە کە ئەو کابرایە لە نووسین و خەلق کردنی ئەسەرێکی وادا بە کاری بردبوو، منی هان دا کە بیکەم بە کوردی. هەر چەندە ئێستاش بە راستی شکم هەیە کە ئەمن توانیبێتم ئەوە وەدەرخەم، بیهێنمە نێو کوردی‌یەکەی. چونکە ئیستیلاحاتیکی تێدایە، هێندێ تەعبیری تێدا هەن کە زۆر زەحمەت بوو ئینسان بتوانێ لە زمانەکەی خۆیدا کە بە داخەوە زۆر خزمەتی نەکراوە، دەوڵەمەند نیە، ئەوەی پەیدا بکا. بەڵام بە هەر سوورەت ئەنگیزەکە ئەوە بوو کە ئەو خەللاقییەتە کە جەک لەندەن بە خەرجی دابوو لە خولقاندنی ئەو بەرهەمەدا، ئەوە بخەمە سەر کاغەز و بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی کوردی هاوزمانم. جا بۆیە دەڵێم رەنگە هۆیەکە جۆراوجۆر بێ، بۆ هەر کتێبیک ئەنگیزەیەک هەبێ، شتێک هەبێ کە پاڵت پێوە بنێ بۆ ئەوەی تەرجەمەی بکەی.

**کەماڵ**: مامۆستای خۆشەویست چاپی بەشی یەکەمی حەمەدۆک هەروەک ئاگادارین دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێو خوێنەراندا پێکهێنا. ئەکرێ بفەرموون ئەم دەنگدانەوەیە بە هۆی زمانەکەوە بوو یان پربایەخ بوونی ناوەرۆکی رۆمانەکە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن لە پێشباری جڵدی ئەوەڵدا شتێکم نووسیوە، بە ئیمانەوە نووسیومە. هیچ وەختێکی شتێک کە دەنووسم بۆ ئەوەی نانووسم کە خەلک پێی خۆش بێ. ئەگەر باوەڕم پێی نەبێ، ناینووسم. با خەڵک پێی ناخۆش بێ. ئەمن لەوێ دا شتێکم نووسیوە مەسەلێک هەیە کە دەڵێ مترجم رەنج بەخەسارە، چونکی ئەگەر کارەکەی خراپ دەرچوو خەڵک

سەرکۆنەی وی دەکەن، ئەگەر چاکیش بوو ئافەرین بۆ نووسەرەکی دەنێرن. بە هەر حاڵ بە باوەڕی من موتەرجیم خۆشەچینی مەزرەعەی نووسەرەکانە. بەرهەم نووسەر خوڵقاندوویەتی.، فەزڵەکە بۆ ویە. لەوێدا گوتوومە لە ئێستارا ئەوەم قبووڵە! ئینجەمەمەد داستانێکە لە نێو داستانان دا هەڵی بژێری. لەوێدا وام گوتوە. دەنا کورد دەڵێ داستانیکە داستانانی پێ بشکێنی. ئەگەر شتێک دەڵێ، وای دەڵێ. بۆ وێنە دەڵێ ئەوە پیاوێکە پیاوانی پێ بشکێنی. ئەمن لەوێدا وام نەگوتوە. چونکە دەترسام بۆ زۆر لە خوێنەران شتی وا ئاشنا نەبێ. یەکجار زۆر مەعنایەکی بەرزی تێدایە، یەکجار زۆر بە زمانێکی ئێنسانی نووسراوە. ئەمن بۆ خۆم لە خوێندنەوەی ئینجەمەمەد جلدی ئەووەڵدا و لە تەرجەمەیدا و لە نووسینەوەکەیدا رەنگە زۆر جار فرمێسک بە چاومدا هاتبێ، زۆرجار پێکەنینم هاتوە. ئەوەندە لەرۆحی ئینسانی، لانی کەم لەرۆحی ئێنسانێکی دێهاتیی وەکوو من نزیکە. کەوابێ ئەگەر خەڵک قبووڵی بوو بەشی ئەساسی و گەورەیی هەر دەگەڕێتەوە بۆ موحتەوای خودی رۆمانەکە. بەڵام حەقم پێ بدەن کە بڵێم ئەمنیش رەنگە توانیبێتم مەعنایەکە نەقل بکەم، بۆیە خەڵک تێی گەیشتوون. دەنا ئەگەر ئەمن نەمتوانیبا مەفهومی ئەو داستانە بێنمە نێو زمانی کوردی، خۆ خەڵک لێی حاڵێ نەدەبوون هەتا پێیان خۆش بێ. رەنگە ئەوە شتێکی تێدابێ کە لە سەر یەک کارەکەی منیش کارێک بووە کە خەڵک پێی رازی بوون.

**کەمال**: مامۆستا فەرمووتان زۆر بابەت و نووسراوەتان هەیە کە لەوانەیە بە ناوی خۆتانەوە بڵاو نەبووبێتەوە، بەو مانایە کە جگە لە ناوی جەنابتان ناوێکی دیکەتان بۆ نووسینی بەکار بردبێ، دەکرێ بۆ ناساندنی هەموو بەرهەمەکانتان ئاماژە بەو ناوانە بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو نووسراوانە کە بە ناوی منەوە بڵاو نەکراونەتەوە رەنگە بەشێکی زۆر کەمتریان حەتتا ناوی وەرگیراو یان مستعار یان ناسناویشیان بە قەولی جەنابت لە سەر بێ. بەشی هەرە ئەساسییان رەنگە ئەو وتارانە بن کە بۆ ئەدەبیاتی حیزب نووسراون. مەسەلەن ئەمن چەند ساڵ لە رادیو کارم کردوە، لە رۆژنامە کارم کردوە، ئەوانە ئیدی بوونە ملکی حیزب. قەت قەت لە ئەدەبیاتی حیزبدا ئەمن یەک شتم بە ناوی خۆم نەنووسیوە مەگەر ئەو وەختەی قسەم کردوە، کە گوتوویانە ئەوە قسەی فڵان کەسە. دەنا هیچ وەختێکی مەقالەم کە نووسیوە ناوم لە سەر نەنووسیوە چ بۆ رادیو چ بۆ رۆژنامە. کەوابێ هەر بێ ناون. بەڵام وەختێکی لەم لاولا دەمنووسی، باوەڕکە بۆخۆشم نازانم چۆن بوو، لە خۆرا دەمنووسی، پەرویز، نازانم عادل، منوچهر، یەعنی مەقالەم دەنووسی و دەمدا بە رۆژنامەیەک و ناوێکم لە بنی دەنووسی. بۆخۆشم ئێستا وەبیرم نایەتەوە. بەڵام هێندێ رۆژنامە هەن کە ئەگەر رۆژێک بۆخۆم مەجالم هەبێ پێیاندا بچمەوە رەنگە بیان ناسمەوە، ئەو وەختی ناوەکانم وەبیر دێتەوە. دەنا ناوەکان ئێستێ بە تایبەتی کە لەناکاو ئەو پرسیارەت لێ کردم بەراستی لەبیرم نین چ ناوێکم گوتوون. رەنگە بە هەشت نۆ دە ناوم شتی وا نووسیبێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

**کەماڵ: مامۆستا بە ڕای جەنابتان موتەرجیمێکی سەرکەوتوو دەبێ هەڵگری چ تایبەیمەندی‌یەک بێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: رەنگە ئەو پرسیارە ئەگەر بتەوێ جوابی چاکی بۆ وەربگری باشتر بێ لەو کەسانە بکەی کە بە حەقیقەت کاریان کاری ئەدەبی و تەرجەمەیە و لە پاشان لە سەر تەرجەمە شتیان خوێندۆتەوە یان شتیان نووسیوە. بەڵام بە هەر سوورەت شتێک کە ئەمن بۆخۆم پێی موعتەقیدم ئەوەیە کە پێموایە بۆ کاری تەرجەمە دوو شتی ئەساسی پێویستن؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو کەسەی تەرجەمە دەکا دەبێ هەر دوو زمانەکە چ ئەوەی بۆی تەرجەمە دەکا، چ ئەو زمانە کە لێیەوە تەرجەمە دەکا، باش بزانێ، بەحەددی لازم بیزانێ. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە زۆرجار ئەتۆ لە تەرجەمەدا ناتوانی ئەو کەلیماتە کە تووشیان دەبی بێنی مەعنایان کەی. جاری وایە کابرا شتێکی بە کار هێناوە قابیلی تەرجەمەکردن نیە. دەبێ مشابهی ئەوەی لە زمانەکەی دیکەدا ببینیەوە. نموونەیەکت بۆ دێنمەوە: لە فارسیدا دەڵێن (زیر این کاسه نیم کاسەای هست) زۆر جار دەبینی مەسەلەن نووسراوە (لە ژێر ئەم کاسەیە نیو کاسەیەک هەیە) یان (ئەم کاسەیە نیو کاسەیەکی ها لە ژێرا). ئەوە هیچ نیە، ئەوە تەرجەمە نیە، ئەوە کەلیمە مەعناکردنەوەیە. دەبێ بزانی کورد دەڵی چی؟ کورد دەڵێ ئەو ماستە بێ موو نیە. بۆیە دەبێ هەر دووک زمانەکە بزانی. پاشان کە زمانەکەت زانی دەبێ تەرجەمەش بزانی. ئەو قسەیە رەنگە سەیر بێ کە زمانەکان دەزانی بۆ دەبێ تەرجەمەش بزانی! بەڵام پێموابێ ئەوە قسەیەکی واقیعی‌یە. چونکی ئەگەر قەرار بێ هەرکەس دوو زمان یان سێ زمانی زانین، مترجم بێ، دەتوانین بڵێین مترجم دەبنە دە، بیست، سی بەرابەری ئەوەی کە ئێستە دەناسرێن. مەسەلەن لە نێو کورددا ئەتۆ ئەگەر ئێستە حیساب بکەی رەنگە بڵێی ١٠٠ موتەرجم هەیە وەک مثال دەڵێم. رەنگە هەزارت هەبێ، ئەوە موهیم نیە. بەڵام بۆ نموونە ئەگەر ئێستە لە نێو کورددا ١٠٠ موتەرجیم هەیە، ئەو وەخت بە هەزاران موتەرجیمیت دەبێ. کەوابێ دەبێ فەننی تەرجەمەش بزانی.

بۆ تەرجەمە شتێکی دیکە کە ئەمن بە لامەوە گرنگە، ئەمانەتە. ئەمانەت لە گەیاندنی مەفهوومێکدا کە نووسەر مەبەستی بووە نەک لەوەدا کە کەلیمەکانی هەموو بێنی. ئەتۆ کەلیمەکانی رەنگە هەر تەرجەمە نەکەی. بەڵام ئوسوولەن تەرجەمەیەکی سەرکەوتوو ئەوەیە جوملەیەکی کە کابرا دەیڵێ بخوێنیەوە، لە پاشان ئەوەی لە بیر خۆت بەریەوە، بزانی بە زمانەکەی خۆت مەسەلەن بە کوردی ئەو جوملەیە چۆن دەڵێن، ئەگەر کوردێک ئەو قسەیە بکا چۆنی دەڵێ. ئەو ئەمانەتە بە باوەڕی من ئەساسە لە تەرجەمەیەکی باشدا. یەعنی کابرا رەنگە بتوانێ شتی باشتر لە موئەللیف بڵێ،بەڵام کە دەتەوێ شتی باشتر لە موئەللیف بڵێی کتێبێک بنووسە. ئەتۆ کە شتێک تەرجەمە دەکەی بۆ چی دێی شتی خارج لەوەی دەڵێی! ئەمن لە موتەرجیمی زۆر گەورە دیومە کە بە راستی ئەو گلەییەی پێ واریدە. بۆ خۆی چووە شتی گوتوە، دەباشە ئەتۆ بڵێ دەنووسم.شتی لەوی چاتر کۆکەوە. بەڵام کە تەرجەمە دەکەی، دەبێ ئەوە بنووسی کە نووسەر مەبەستی بووە. لە پاشان سەبک زۆر گرنگە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

ئەمن شتێکت بۆ باس بکەم, "گێلەپیاو" کە وەختی خۆی لە تورکیەکەدا ناوێکی دیکەی بووە، ناوی پەخمەی نەبووە، "تەک دلێک" بووە، رەزا همراە کە ئەمن لە تەرجەمەی وی ڕا کردوومە بە کوردی, ناوی لێ ناوە پەخمە. ئەمنیش کردوومە بە گێلەپیاو. خوێندبوومەوە، زۆر زۆرم پێ خۆش بوو. چەند جار ئەو وەخت ئەمن داوام کرد، دەپارامەوە لەبەر خوالێخۆشبووان مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن کە یەکێکیان بیکاتە کوردی. لە بەر ئەوەی هەر دووکیان ئەهلی زەوق و قسەی خۆش بوون. ئەوەش شتی فوکاهی‌یە. لە خۆم را نەدەدی. کەچی ئەوان بەهەر دەلیلێک بوو کە بۆخۆیان دەیانزانی، نەیانکرد. عاقیبەت وەک کورد دەڵێ تانووتێکم لە خۆم دا. گوتم چیە بۆ هێندە ترسنۆکی! دە بیکە یان دەیگرێ یان نایگرێ، کردم. کەوایە مترجم دەبێ سەبکی نووسەرەکەش بێنێتە نێو زمانە تازەکە. ئەگەر لە گەڵ سەبکی وی نائاشنایە، با نەیکا. مەسەلەن بە نەزەری من هەموو کەس حەقی نیە ئاساری عەزیز نەسین بکا بەکوردی. ئاساری عەزیز نەسین بەزمانەکەی خۆی (کە بە داخەوە ئەمن نەمتوانیوە لەزمانەکەی خۆیەوە شتەکانی بخوێنمەوە) ئەگەرخەڵک دەی خوێنیتەوە پێی خۆشە. بێجگە لەبارە ئیجتماعی و ئینتیقادی‌یەکەی، پێکەنینی پێی دێ. چونکی ئەو لە واقیعدا فرمێسکەکانی بە شێوەی پێکەنین دەرخواردی خەڵک دەدا. عەزیز نەسین ئەو دەردە کۆمەڵایەتی‌یانە بە شێوەی گاڵتەجاری دەرخواردی خەڵک دەدا. ئەگەر ئەتۆ نەتوانی ئەوەی بێنیە نێو زمانی خۆت، حەقت نیە بیکەی. ئەمن چ هەقم هەیە بچم کتێبێک لەسەر موسیقی تەرجەمە بکەم کە هیچی لێ نازانم. کتیبیک لەسەر نەقاشی تەرجەمە بکەم کە هیچی لێ نازانم.مەسەلەن ئەمن لەو شتانەدا کە تەرجەمەیان دەکەم یان باشتر بڵێین تەرجەمەم کردوون، چونکە بەداخەوە ئێستا ئەمن کاری وام بۆ ناکرێ، هەمیشە سەعیم کردوە لە نێو کاری تەرجەمەدا دوو شتان، دوو کاران بکەم: یەکەم ئەوە بووە کە ئەو مەتڵەبە بە زمانی کوردی چۆن دەگوترێ وای بڵێم. ئەوەی کە لە پێشێدا گوتم، نەک بێنم کەلیمەکان مەعنا بکەم. یەک کەلیمەی فارسی یان عەرەبی بێنم، کوردی‌یەکەی لەجێ دابنێم بەڵکوو بزانم ئەو جوملەیە بە کوردی چۆن دەگوترێ. دووهەم ئەوە بووە هەوڵم داوە زۆر سەریع (دیارە ئاسانیش نیە) خۆم لەجێی ئەو کەسە دانێم کە قسەکان دەکا. یەکێک رەنگە لێی درابێ، یەکێک رەنگە مەغروور بێ، یەکێک رەنگە زاڵم بێ، حوکم دەکا. هەموو جۆرێکی دی، دەبێ سەعی بکەی بچیە نێو رۆحیاتی وییەوە یان هیچ نەبێ رۆحیاتی ویت کە دیوە لە جامیعەدا، موجەسسەمی بکەی. مەسەلەن قەت پێمخۆش نیە شتی کەشتییەوانێک تەرجەمە بکەم. قسەیەک لە زمان کەشتییەوانێکەوە بکەم. چونکە بەحەیاتی خۆم رەنگە سەفەرێکی کورتی نیو سەعاتی سواری کەشتی بووبم. دەنا ئەسڵەن سواری کەشتی نەبووم. کەوابێ نازانم کەشتییەوانێک چۆن قسە دەکا، چۆن بیر دەکاتەوە. قەت سەفەرێکی فەزاییم نەکردوە و نازانم تەسەوری فەزانەوەردێک چیە؟ ئەوانە بۆ سەرکەوتنی تەرجەمە بە باوەڕی من زۆر موفید دەبن.

**کەماڵ**: جەنابتان رۆڵی تەرجەمە لە بەرەپێش بردنی فەرهەنگ و ئەدەب چۆن دەبینن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە باوەڕی من وەرگێڕان لە هەموو زمانێکدا بۆ بەرەوپێش بردنی فەرهەنگی ئەو میللەتەی کە تەرجەمە

بەشی: سێهەم

بۆ زمانەکەی دەکرێ یەکجار زۆر کاریگەرە، ئەمە لە دووبارەوە کاریگەرە؛ لە بارێکەوە ئەدەبیاتی گەلان، ئەو مەفهوومانە کە لە لای خەڵکی دیکە هەن، ئەوانە دێنێتە نێو فکر و فەرهەنگ و کولتووری میللەتی خۆیەوە. بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە ئەگەر واقعبینانە تەماشا بکەین، لە گەڵ ئەوەی بە خۆشییەوە بەشی خۆمان هەیە، لە گەورە گەورانی تاریخی ئەدەب و هونەر و هەموو شتێک بەشی خۆمان هەیە، بەڵام موبالەغەیە کە پێمان وابێ ئێمە لەو بارەیەوە لە پێش میللەتانی دیکەین. خەڵکی دیکە لەمە دەوڵەمەندترە، لە چێهرەی ئەدەبی و تاریخی و عیلمی و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. کەوابێ لە لایەک ئەو فکرە دێنینە نێو میللەتی خۆمان و فەرهەنگی میللەتەکەمان و تێگەیشتنی میللەتەکەمان و زانستی گشتیی میللەتەکەمانی پێ بەرز دەکەینەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خودی زمانەکە وەسیلەیەکی زۆر باشی پەرەپێدانە.

ئەمن لە "مقدمە"ی یەکەم جڵدی حەمەدۆکدا شتێکم نووسیوە، بەراستی وابوو. مەیدانی کارەساتەکانی ئەو رۆمانە دێهاتە، شاخ و داخە. ئەمنیش بۆ خۆم پەروەردەی ئەو فەزایەم. لە دێ و شاخ و داخ گەورە بووم. ژمارەیەکی زۆر کەلیماتی کوردیم هەبوو، دەمزانی، کە پێم وایە ئەگەر کتێبێکی وام نەکردایە بە کوردی، قەت قەت جارێک نەدەکەوتنە سەر کاغەز، مەسەلەن لە مەقالەی سیاسیدا باسی تیرەگی چادرێ بۆ دەکەم؟! باسی ئەو شتانە ناکەم. بەڵام لەوێدا مەجالی زۆر گەورە هەیە کە ئەو کەلیماتە ئەگەر دەزانی، بێنیە سەر کاغەز، خەڵکی دیکە لێت فێر بن. ئەگەر نایزانی، دەبێ بۆی بگەڕێی. دەبێ لە فەرهەنگاندا بۆێ بگەڕێی. لە خەڵکی بپرسی. مەسەلەن زۆرجاری وا هەبوو، ئەمن لەدەوروبەرم پرسیوە، مەسەلەن کەسم وەدەست نەکەوتوە، خێزانم نەخوێندەوارە، لەخێزانم پرسیوە، ئەرێ ئەو شتە چۆنە مەفهوومەکەم بۆ باس کردوە، تێم گەیاندوە، چەند کەلیمەی گوتونن، چەند ناوی گوتوون، جارێکیان شتێکی بە زاریدا هاتوە، تەماشام کردوە ئەو کەلیمەیە راستە. کەوابێ زمانەکەش دەوڵەمەند دەکا، ئێنسان کە دەیەوێ تەرجەمە بکا لە زمانێکی دیکەوە، مەجالێکی بەرینتری بۆ پەیدا دەبێ بۆ بە کارهێنانی زمانی کوردی. کەوابێ حەتا لە باری زمانیشەوە نەک تەنیا لە باری موحتەواوە، کاری تەرجەمە کۆمەک بە پەرەگرتن و بەرەوپێش چوونی فەرهەنگی هەموو میللەتێک دەتوانێ بکا.

**کەماڵ**: بفەرموون بۆ ئێستای زمانی کوردی چ جۆرە بابەت و نووسراوەیەک بۆ وەرگێڕان پێویستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: رەنگە حوکمێکی وا ئاسان نەبێ، چونکی هەر شتە بایەخی خۆی هەیە، تام و چێژی خۆی هەیە. بەڵام رەنگە بۆ سەلیقەکان فەرقێ بکا، هەر کەسە "توجە" بە شتێکی دەکا، ئەگەر ئێمە نەیەین ئەوانە یەکێکیان پێش یەکێکیان بخەین، رەنگە باشتر بێ، بۆ ئەوەی ئێمە لە هەموو مەجالەکاندا خاوەنی کاری تەرجەمە بین لە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە، بەڵام رەنگە بۆ ئەمرۆی میللەتی کورد ئەو باسانە کە لە دنیادا نووسراون و ئیرتباتیان بە تاریخی میللەتی کوردەوە هەیە، ئیرتباتیان بە حقووقی "بین الملل"ەوە هەیە، لە باری ئەوەی میللەتێک کە داوای ئازادیی خۆی دەکا دەبێ چیی

هەبێ، ئەو ئەسناد و بەڵگەنامانە کە لە ئارشیوی دەوڵەتان و میللەتانی دیکەدا هەن و بە جۆرێک لە جۆران پێوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، ئەوانە پەیدا بکرێن و بخرێنە سەر زمانی کوردی. پاشان بە شێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانە کە پێوندی بە مەسەلە سیاسی‌یەکانەوە پەیدا دەکەن، هەر چەندە هەموو کەسێ رەنگە خۆی بە ئوستاد بزانێ، بەڵام میللەتی کورد دەبێ ئەو شتانە فێر بێ. هیچ گوناح نیە لە خەڵکی فێر بین. هونەرە لەخەڵکی فێر بین. رەنگە ئەوانە بۆ ئێستێ پڕ مەنفەعەت تر بن. ئەمن بۆ خۆم زیاتر رۆمانم کردوە بە کوردی لە کارە ناسراوەکانمدا، چونکی رۆمانیشم زۆر پێخۆشە. وەختی خۆی پتریشم پێخۆش بوو. بەڵام رەنگە ئیستێ (رۆمان هەر چەندە زۆر جار مەعنایەک بە رۆمان دەردەبڕی، مەسائێلێکی سیاسی، ئیجتماعی، ئینتقادی، تەنانەت پزشکی دەتوانی بەرۆمان دەرببڕدرێ)، بەڵام لەسەریەک رەنگە بۆ ئێستای کورد رۆمان لەئەولەوییەتدا نەبێ. ئەو مەسائیلەی کە لەباری سیاسی‌یەوە، لەباری بەرەژووربردنی ئاگایی سیاسی و تاریخی‌یەوە خزمەت بە قەزیەی کورد دەکەن، رەنگە ئەگەر ئەولەوییەت بەوانە بدرێ، باشتر بێ. بەڵام تیکراری دەکەمەوە پێم وا نیە باش بێ هیچ ناحیەیەک لە ناحیەکانی فەرهەنگ و زمان و کولتوور، بە جێ بێڵین بۆ بەشێکی دیکە. رەنگە بتوانی ئەولەوییەت قایل بی.

**کەمال**: ئایا جەنابتان لە بیری دارشتنی زمانێکی ئێستاندار و یەکگرتووی کوردی دا نین؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئوسوولەن دارشتنی زمانی یەکگرتوو، یان ئێستانداردی کوردی کاری نەفەر نیە. کاری یەک کەس نیە، کاری جەمعە. بە بێ شک دروست کردنی زمانێکی ئێستانداردی کوردی بە تایبەتی کوردی بە گشتی یەکێکە لە پێداویستی‌یەکانی چەسپانی وجوود و یەکیەتیی میللەتی کورد. بەڵام ئەوە بە زۆر شتەوە بەستراوەتەوە. پێش هەموو شتێک بەوەوە بە ستراوەتەوە کە ئایا کورد هەلومەرجێکی بۆ خوڵقاوە کە بتوانێ زمانی یەکگرتوو دروست بکا؟

بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوو دروست بێ، دەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێ کە ئەو زمانە یەکگرتووە بە کار ببرێ. عەرزم کردی کە بە یەک نەفەر زمانی ئێستاندارد دانانرێ. بەڵام دایدەنێین جەمعێکیش دروستی دەکەن و جەمعێک لە زمانناسان و زمانزانان کۆ دەبنەوە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو پێشنیار دەکەن، ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی نەبێ، خۆ خەڵک جوابی ئەو جەمعە نادەنەوە. خەڵک پێرەویی لێ ناکەن. مەسەلەن ئەگەر هەر ئێستە دانێین ئیستلاحات دادەنێین بۆ فلان کەلیمە لە فارسیدا، لەعەرەبیدا، لەئینگلیسیدا، لەچدا، کوردییەکەی فلان دادەنێین. ئەوەلەن ئەوەی کە ئێستا هەر کەس و بۆ خۆی دەست پێدەکا و شتێک دەنووسێ، زۆری زەرەر داوە. بەڵام ئەگەر جمعێک بینووسن، ئەگەر دەسەڵاتێک لەپشتی نەبێ، خۆ خەڵک دیسان جواب نادەنەوە. دەبێ دەسەڵاتێک، مەرکەزێکی فەرهەنگی هەبێ کە دەسەڵاتی سیاسییشی لەپشتبێ. ئەگەر لەکتێبێک دا چاوی پێکەوت کەلیمەیەکی دیکە غەیری ئەو کەلیمانە دانراوە، ئەوەی حەزف کا، بیگۆڕێ. بەڵام ئێستە

نووسەر بۆ خۆی شتێکی لە مقابل شتێکدا داناوە. ئەگەر لە رۆژنامەدا کەمەقالەی بۆ چاپ دەکەن، لێی بگۆڕن، تووڕە دەبێ و قبووڵ ناکا. مەقالەکەی وەردەگرێتەوە و لەو شتانە.

جگە لەوە وەختێکی کوردستان بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە، بە داخەوە دوو مانعی زۆر ئەساسی هەن لە رێگای دروست کردنی زمانی یەکگرتووی کوردیدا. یەکیان هەر شتە سیاسی‌یەکەیە، وەختێکی قەوارەیەکی سیاسیمان نیە، ئێجازە نادا ئەوە دروست بێ. میللەتی کورد ئێستا تۆزێک شانسی هێناوە کە لە دەست خەتی رووسی نەجاتی بووە، بەڵام لانی کەم دوو خەتی هەیە. خەتی عەرەبی و خەتی لاتینی کە ئەو دووانەش ئیملای جۆراوجۆریان هەیە کە بەداخەوە ئەویش هەر یەکگرتوو نیە. بەڵام مانعێکی دیکە هەیە کە بە داخەوە لە نێو خۆمان هەڵقوڵیوە، تەعەسسووباتێکی بێ جێیە کە لە نێو خۆی کوردەکاندا هەیە.

مەسەلەن زۆر جاران باسی ئەوە دەکەم، حەسرەتیشی بۆ دەخۆم کە تەماشا دەکەم میللەتی عەرەب نیزیک بە دووسەد میلیۆنە، یا بڵێین ۱۵۰ میلیۆن حەشیمەتە، بیست و دوو دەوڵەتیشی هەیە. بە بێ شک سەدان لەهجەی جۆراوجۆری هەیە کە رەنگە هێندێکیان لەیەکتر حاڵی نەبن، بەڵام هەموویان بەیەک زمان قسە دەکەن. بەیەک زمان دەنووسن کە دەڵێم قسە دەکەن، ئەو وەختەی بە رەسمی قسە دەکەن، لەرادیۆ لە تەلەفزیۆن لەکونفراسە "بین المللی"یەکاندا. لەماڵی خۆی، لەکووچە و بازاڕ هەر کەس و بە لەهجەی مەحەللیی خۆی قسە دەکا. یان مەسەلەن هەر لە ئێرانی خۆمان، ئەمن دیومە کە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەفارسی مەحەللی قسەیان کردوە، یەک کەلیمەیان لێ حاڵی نەبووم. بەڵام کە دێ لەگەڵ من قسە دەکا بەفارسیی رەسمی قسە دەکا، لێی حاڵی دەبم. کەچی کوردەکە ئیسڕاری هەیە کە هەرکەس بەلەهجەی مەحەللیی خۆی بنووسێ. ئەوە بەڵایەکە لە نێو خۆماندایە، مانعێکە کە بۆ خۆمان دامانتاشیوە. زۆر جاریش "توجیه" دەکرێ کە گویا ئەوە خزمەت دەکا. باشە، بڵێی ئیمە ئاگاهتر بین لەئینگلیسی‌یان، لە ئەڵمانی‌یان، لە عەرەبان، لە چینی‌یان؟! بۆ هیچ میللەتێک دوو زمانی نیە، کورد دەبێ دووزمان و سێ زمان و چوار زمانی هەبێ؟! ئەوەش یەکێکە لە کۆسپەکان.

دەگەڕێمەوە سەر بەشی ئەوە ی جوابەکەم کە ئەوەڵەن دروست کردنی زمانی ئێستاندارد کاری یەک نەفەر نیە، کاری جەمعە. لە پاشانیش ئەوە ئیحتیاجی بەوە هەیە کە کورد لە پێشدا شتێکی دیکەی هەبێ، دەسەڵاتێکی سیاسیی هەبێ. ئێستە رەنگە وەختی ئەوە بێ کە کورد بمانەوێ و نەمانەوێ دوو بەشی ئەساسیی هەیە. بەشێکی بە خەتی لاتین دەنووسێ بەشێکی دیکەی بە حروفی عەرەبی دەنووسێ. ئەگەر هەوڵ بدرێ بە بێ تەعەسوبی ناوچەگەری و ئەوانە هەردووکی ئەوانە لانی کەم بۆ ئەو دوو لەهجە ئەسڵیە (کرمانجیی خواروو کرمانجیی ژوورو) زمانێکی ئێستاندارد، یان نیوە ئێستاندارد دروست بکرێ، ئەوە سەرکەوتنێکی زۆرە تا لە مەرحەلەیەکی دیکەدا کە ئەگەر ئیمکانی هەبوو ئەوە بگۆڕدرێ بە تاقە یەک زمان. چونکی

بەشی: سێهەم

ئێستا ئەگەر تەماشا بکەی بە داخەوە هەر لەوە کە بۆخۆمان لێی حالیٚ دەبین و پێی دەنووسین و پێی دەخوێنینیەوە، لەوەدا زمانی جۆراوجۆر و خەتی جۆراوجۆر هەن، هێندەمان هەیە پیاو سەری لیٚ تێک دەچیٚ.

**کەمال**: بە ڕای جەنابتان سەرکەوتووترین کتێبی (ڕۆمان)ی وەرگێڕدراوی کوردی کامەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموایە ئەوپرسیارە لە ئیمامی ڕەببانییش بکەی جوابی پیٚ نادرێتەوە. (پیٚ دەکەنیٚ) چونکە وەک عەرزم کردی ناتوانین لە نێو هەمووواندا شتێک ببینیبەوە. خۆ مەسەلەن لە ڕۆماندا، ڕۆمانەکان هەموویان لە یەک بابەت نین. لە مەجالاتی جۆراوجۆردا کابرا مەتلەب بە ڕۆمان دەردەبڕیٚ. لە پاشان لە شێوازی ئەوەی کە زیاتر مەعرووفە لە سەبکی جۆراوجۆردا ڕۆمان دەنووسریٚ. بۆیە بە باوەڕی من کارێکی یەکجار موشکیلە کە پیاو ئەوە هەڵبژێریٚ. جگە لەوە شتێکی دیکەش تەئسیری هەیە، جاری وا هەیە ڕەنگە ڕۆمانەکە باشتر بیٚ، ئەوەی کە کردوویەتی بە کوردی باشی نەکردبیٚ. یەعنی ئەمن شتێکم کردوە بە کوردی، خراپم کردوە، ئەتۆ شتێکت کردوە، باشت کردوە. ئەگەر یەکێک دەیخوێنیتەوە لە شتە باشەکەی تۆ باشتر حالی دەبیٚ. ڕەنگە ئەویان پەسند بکا. بەڵام کیٚ دەڵیٚ ئەو شتە کە ئەمن تەرجەمەم کردوە، ئەسڵەکەی لە ئەسڵی ئەوەی کە ئەتۆ تەرجەمەت کردوە، باشتر نیە؟! مومکینە ئەویش هەبیٚ.

لە سەریەک نامەویٚ جوابێکی ئاوا بە قەتعی بدەمەوە. بەڵام لەو ڕۆمانە تەرجەمە کراوانەی کە خوێندوومنەوە لە سەر یەک ئەمن نووسینەکانی یەشار کەماڵم پیٚ لەوانی دیکە سەرکەوتووترن. هەر لەبەر ئەوە نیە کە ئەمن بۆ خۆم تەرجەمەی بەشێکیانم کردوە، بەڵکوو هەر لەجێدا پێموایە نووسەرێکی گەورەیە، بەتوانایە. دەریایەکە بۆخۆی.

**کەمال**: مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست ڕاتان لە سەر ئەم موتەرجیمانەی خوارەوە چیە؟

**مام هەژار**:

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەژار پێموایە سەحیح نیە هەر وەکوو موتەرجیمێک بیناسین. هەژار پێش ئەوەی موتەرجیم بیٚ، زمانزانە. پێش ئەوەی موتەرجیم بیٚ بەراستی نووسەرە. دەنا مەسەلەن لەباری تەرجەمەکەیەوە کە گوتم، لەبەشێکی دیکەدا کە گوتم جاروبار گلەییم هەیە لەموتەرجیمێکی گەورە، ڕاست ئەوم لەفکردا بوو. کاک هەژار لە تەرجەمەدا ئەو ئەمانەتەی کە ئەمن پێموایە پێویستە ڕەعایەتی بکا، ڕەعایەتی نەکردوە. بۆ خۆشی دەڵیٚ لە واقیعدا مەسەلەن لەپێشەکیی تەرجەمەی شێعرەکانی خەیامدا دەڵیٚ ئەمن نەهاتووم فارسی فێری کوردان بکەم، هاتووم ڕۆحی شێعرەکانی خەیامم دەرهێناوە، ڕۆحی

شێعرەکانم کردوە بەکوردی. لەنێو ئەو تەرجەمانەدا کە کراون، لانی کەم بەزەوقی من، تەرجەمەکەی هەژاری لەهەمووان سەرکەوتووترە، باشتر لێی حاڵی بووە. بە عەینی وەزن هێناویەتی، بە وەزنێکی دیکەی نەهێناوە. بەڵام زۆر جار شتێکی گوتوە، ئەگەر ئەتۆ بێنی تەماشای بکەی و فارسیەکەشی بزانی، ئەسڵەن ناتوانی بڵێی ئەوە تەرجەمەی فڵانە شێعرە. مەرحوومی نەبی قادری کە ئەم ساڵانە کۆچی دوایی کرد، کارێکی کرد، ئەمن پێم کارێکی زۆر گەورە بوو. توانیبووی نازانم ۱۵۰ - ۲۵۰ دانە لە چوارینەکانی هەژاری لەگەڵ چوارینەکانی خەیامی بێنێتەوە بەر یەک. ئەوە کارێکی یەکجار زۆر گران بوو. ئەوەندە دوور کەوتۆتەوە. لەتەرجەمەی نەسریشدا مامۆستا هەژار هەر وا بوو. لەو بارەیەوە رەنگە بۆ خۆم ئینتقادم هەبێ، بەڵام ئەو کوردیەی کە ئەو دەیزانی، جارێکی نووسیومە پێم وایە کەم، سێ چوار کەس هەن بەقەد وی کەلیماتی کوردی و موفرەداتی کوردییان لەکن بووبێ. بە ئەغلەبی لەهجەکانی زمانی کوردی ئاشنا بوو. لەپاشانیش نووسەرێکی گەورە بوو، موتەرجیمێکی بە ڕاستی سەرکەوتوو بوو. نەک هەر موتەرجیم بۆ کوردی، موتەرجیم بۆ فارسی. وەختی خۆی نازانم بەناوی خۆم بوو یان بە ناوی کەسێکی دیکە شتێکم نووسیوە، باسی "قانون در طب" دەکەم، دەڵێم قانوون فارسی زمانێک بەعەرەبی نووسیویەتی، بەڵام چەند ساڵ تێپەری و نەفارسێک ئەوەندەی عەرەبی زانی نەعەرەبێک ئەوەندەی فارسی زانی کە قانوونی ئیبنی سینا بکاتە فارسی. کەچی کوردێک لەو نێوەدا پەیدا بوو کە عەرەبی و فارسیەکەی ئەوەندە بە قووەت بوون ئەو بەرهەمە گەورەیەی هێنایە سەر زمانی فارسی. هەژار بۆ خۆی لە واقیعدا دەریایەکە لە زۆر بواردا.

### عەزیز گەردی

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: عەزیز گەردی، دەتوانم لەو بارەیەوە تەعریف بکەم کە بە خۆشییەوە ئەو زمانی ئینگلیسی دەزانێ و زۆر شتان لە زمانە ئەسڵیەکەوە تەرجەمە دەکا. ئەمن نایشارمەوە کە یەکێک لە کەمایەسی یەکانی کاری تەرجەمە کە ئەمن لە ژیانمدا کردوومە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کارانەی کردوومن و ئاشکران (چونکە ئەمن شتم هەیە کە ئێستەش نامهەوی ئاشکرای بکەم) لە زمانێکی دووهەمەوە تەرجەمە کراوە. جاری وا هەیە چەند جار تەرجەمە کراوە. مەسەلەن کتێبی دوکتور قاسملووی لەزمانی چێکی ڕا کراوتە سلۆواکی، لەسلۆواکی ڕا کراوەتە ئینگلیسی، لەئینگلیسی ڕا کراوەتە عەرەبی. جا ئەو جار ئەمن لە عەرەبیەکەی ڕا کردوومە بە کوردی. عەزیز گەردی بۆخۆی دەسەڵاتی بە سەر زمانی ئینگلیسیدا دەشکێ و زۆر لە دەقەکانی لە ئینگلیسیەوە تەرجەمە دەکا کە ئەوە شتێکی باشە. لەپاشان لەبارەی زمانەوە لەگەڵ هەموو حورمەت و شانازیم بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، عەزیز گەردی سەرێکی دیارە لە نێو سەراندا بۆ رەوانیی زمانەکەی. زمانێکی رەوان دەنووسێ. زۆر ئاسان مەتلەب بە دەستەوە دەدا، کە ئەویش بە باوەری من شتێکی گرنگە پیاو بتوانێ مەتلەب وا بەدەستەوە بدا کە بەیەکجار خوێندنەوە، خوێنەر لێی حاڵی بێ. مەجبوور نەبێ جارێکی دیکە بگەرێتەوە سەری تا مەفهوومەکەی تێبگا. دیارە ئەو ئەو ئێستە زۆر لاو نیە، بەڵام بەهەرحاڵ عەزیز گەردی

بەشی: سێهەم

ڕۆژگارێکی زۆری لە پێشە. چونکی عومری کەمە، دەتوانێ لەوەش زیاتر پێش بکەوێ.

**کەماڵ: شوکور مستەفا**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: شوکور مستەفاش هەر وەک هەژار نابێ تەنیا وەک موتەرجیم چاوی لێبکرێ. شوکور مستەفا بە باوەڕی من بۆ خۆی "دائرة المعارف"ێکە. پیاوێکی یەکجار بە توانایە. پێموایە لەپێشدا باسم کرد، کوردییەکی یەکجار زۆر وەسیع دەزانێ. زۆر وەسیع زمانی کوردی دەزانێ، نەک هەر لەهجەی شوێنی ژیانی خۆی، لەهجەکانی دیکەش ناڵێم بەقەد هەژار دەزانێ بەڵام بە لەهجەکانی دیکەش ئاشنایەتیی زۆری هەیە. تەنانەت بە لەهجەی زازایی، کە پێم وابێ هەژار بەقەد وی لەهجەی زازایی نەدەزانی. تورکییەکی یەکجار زۆر باش دەزانێ، عەرەبییەکی زۆر باش دەزانێ. ئاخر ئەمن حەقم هەیە لە بارەی عەرەبییەوە قسە بکەم، چونکە عەرەبی ئەگەر باش نازانم تێی دەگەم، دەتوانم قەزاوەتی لە سەر بکەم. ڕەنگە کەم نووسەری عەرەب، عەرەبییەکی ئاوا ڕەوان و فەسیح و جوان بنووسێ. لەپاشان لە فەننی تەرجەمەدا زۆر واریدە، ئەوجار لەباری تاریخییەوە، لەزۆر باری دیکەوە، لەوەدا کە پێی دەڵێن فەرهەنگی گشتی، ئەو کابرایە دەریایەکە بۆخۆی. جگە لەوە ژیانێکی یەکجار پڕ بەرهەمیشی هەیە، هەر ئێستە تەماشا بکە هەر دەبینی ئەوە کتێبێکە هی شوکور مستەفا کە دەردەچێ، بە عەرەبی، بە کوردی، لە تورکییەوە بۆ عەرەبی، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی. ژیانێکی زۆر پڕ بەرهەمی هەیە، لەگەڵ ئەوەی تا حەددێکیش بە ساڵدا چووە، ڕەنگە ئەگەر لێم قەڵس نەبێ لە منیش گەورەتر بێ (پێدەکەنێ) ئەویش بە نەزەری من یەکێک لەو کەسانەیە کە میللەتی کورد کەمی هەن، بە داخەوە، بریا زۆری وای بوایەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١١

# فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان

## دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا

لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە چالاکی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ رووداوی ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۵۸ی کوردستان.

**کوردپا**: خومەینی بەردەوام لە لێدوان و وتەکانیدا باسی لە پێکەوەژیانی برایەتی دەکرد، بەڵام بینیمان کە فتوای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ی لێکەوتەوە، ئاخۆ ئەم بڕیارە سەرچاوەیەکی مەزهەبیی هەبوو یان دژایەتی کردن بوو لەگەڵ پرسی کورد؟ ئێوە پێتان وایە ئەو بڕیارەی خۆمەینی لە ئەنجامی راوێژ لەگەڵ دەوروبەرەکانی هاتبووە ئاراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو فەرمانەی کە خومەینی وەکوو فەرمانەدەی "کل قوا" دەری کرد، لەلایەکەوە لەبەر ئەوە بوو کەخومەینی تەنیا دەسەڵات بوو لە ئێران دا، پاشان دەوروبەرەکەی وایان حاڵی کردبوو کە هەموو دنیا لەژێر ئەمری ئەوە و تەنیا لە کوردستان خەڵکێکی یاخی پەیدا بوون کە سەرپێچی لە بڕیارەکانی دەکەن، ئەوانەی کە ئەویان حاڵی کردبوو بە دوو جۆر خراپیان تێگەیاندبوو یەکیان ئەوە بوو لە کوردستان تەنیا تاقمێکی کەمن کە ئاژاوەیان ناوەتەوە و سەرپێچی لە فەرمانەکانی ئەو دەکەن، ئەوی دیکەش ئەوە کە خەڵکی کوردستان لەو تاقمە بێزارن. ئەوە بوو کە فەرمانی دا هەموو هێزە چەکدارەکان هێرش بکەنە سەر کوردستان و لەلایەکی دیکەشەوە داوای لە خەڵک دەکرد کە یاخی یەکان بگرن و تەسلیمیان بکەنەوە. مەسەلەی باس کردنیشی لە برایەتی ئەوە بوو کە ئەوکات لە دەسەڵات دا نەبوو و رەخنەی لە دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا دەگرت و باسی لە برایەتی هەموو موسڵمانان دەکرد و مەبەستی لەو برایەتی یە دابین کردنی مافی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکوو مەبەستی ژیان لەژێر سێبەری ئیسلامی خومەینی دا بوو.

**کوردپا**: ئەم وتانەی خومەینی کەلە رۆژنامەی کەیهاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە، دەڵێ: ئێمە زۆرمان هەوڵ دا کەلە کوردستان شەڕ ساز نەبێت و تەنانەت بۆ خۆم یوونسی پارێزگاری ئەوکاتی سنەم بانگ کرد و پێم گوت کە دەبێ لە کوردستان ئاشتی و ئارامی سەقامگیر ببێت، بەڵام ئەو ئاشتی و ئارامیە نابێ بەنرخی تێکچوونی باری خۆش بژێوی و ئاسایشی خەڵکی مەدەنیی کورد تەوا ببێت، ناوبراو وتوویەتی ئێمە ئەو بڕیارەمان بۆ سەر ئەشرار داوە، رای ئێوە لەم بارەوە چیە؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا، بەلام لەبەر ئەوەی کە هێزە سیاسی یەکان لەگەڵ خەڵکی لێک جێا کردنەوەیان کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو حوکم و فەرمانە وەکوو فتوا تەعبیر کرا بۆ سەر خەڵکی کوردستان، پاشانیش زۆر روون و ئاشکرا بوو کە خومەینی لە یوونسی و کەسی دیکە چی دەویست ئەو دەیگوت سەرەتا گەمارۆ و دوایی موزاکەرە.

**کوردپا**: هۆکاری ئەوەی کە خەڵک و هێزە سیاسی یەکان لێک جیا نەدەکرانەوە چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: چۆن ئەوان مافەکانی هەموو خەڵکی کوردستانیان داوا دەکرد و هیچ شتێکیان وەکوو دەستە و گرووپ بۆ خۆیان نەدەویست و هێرشی حکوومەت بۆ سەر حیزبەکان بە واتای هێرش کردن بۆ سەر خەڵکی کوردستان بوو.

**کوردپا**: وەک کەسێکی بێلایەن رەخنەت لە کردەوەکانی ئەوکاتی هێزە سیاسییەکانی کورد چیە؟ و پێت وایە هێزە سیاسییەکان دەیانتوانی چ کارێکی باشتر بۆ وەدیهاتنی مافە سیاسییەکانی کورد بکەن کە نەیانکرد.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: تەنیا ریگایەک کە دەکرا هێرش بۆ سەر کوردستان رابگیرێ ئەوە بوو کە حیزبەکان تەسلیم بن و هەرچی کۆماری ئیسلامی دەیگوت ملکەچی بانایە. خومەینی لە سازمانەکانی دیکەش رازی نەبوو بۆ وێنە قەتڵوعام کردنی حیزبی تودە و لایەنگرەکانی، یان ئەوەی کە موجاهیدین خۆیان بە کوڕ و کچی خومەینی دەزانی، بەڵام فەرمانی لەناو بردنی دان.

رەنگە هێزە سیاسی یەکان رەخنەی جوزئی یان لەسەر بێت بەڵام بە گشتی دەبایە تەسلیم ببان کە ئەویش شایستەی ئینسانی ئازادیخواز نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١١

# بۆ ئەوەی ڕاستی یەکان نەشێوێن

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە

بەبۆنەی پێکهاتنی "کۆنفڕانسی ڕاوێژی نەتەوەیی"یەوە بەڕێز کاک هادی سۆفی زادە وتارێکی لە سایتی "هەڵوێست"دا بڵاو کردۆتەوە کە لەودا حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە توندی داوەتە بەر ڕەخنەو تۆمەت لێدان و بەتایبەتی بەشی شێری بە حیزبی دێموکڕات بەخشیوە. لەو نێوەدا بۆ ئەوەی سابیت بکا کە گۆیا حیزبی دێموکڕات لە ڕێگای قازانجی نەتەوەیی و تەنانەت ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدیشی لای داوە، بەشێک لە وتووێژێکی ١٣ ساڵ لەمەوبەری من دەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە و ئامانجدار مۆنتاژ کردوە و بە بەڵگەی هێناوەتەوە.

هەم وتارەکەی کاک هادی قسەی زۆر هەڵدەگرێ و هەم ڕەنگە ئەو حیزبانەش کە تۆمەتیان لێ دراوە قسەی خۆیان هەبێ. بەڵام ئەمن کارم بە هیچکام لەم دوو لایەنە نیە. تەنیا وەک جۆرە وەڵامێک بۆ تۆمەتەکانی ئەو دۆستە لەخۆم، دەقی ئەو بەشەی وتووێژ دەگەڵ ژمارە ٢٦٦ی ڕۆژنامەی کوردستان دەخەمە بەرچاوی خوێنەران. هیوادارم بەوردی بیخوێننەوە تا دەرکەوێ ئەم وتووێژە بێ بڕوایی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوکاریی نێوان هێزە کوردستانیەکان دەسەلمێنێ، یان قسەکانی کاک هادی دروستیی بۆچوونی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕات دەردەخەن.

ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو بەشەی وتووێژی ساڵی ١٣٧٧ی منە کە پێوەندیی بە "کۆنگرەی نەتەوەیی"یەوە هەیە:

**کوردستان**: یەکێک لەو مەسەلانەی کە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا باسیان لەسەر بوو "کۆنگرەی نەتەوەیی" بوو کە P.K.K خەریکە دایمەزرێنێ. لەوانەیە لە پلینۆمیش دا باسی هاتبێتە گۆڕێ. حیزب بۆچی نایەوێ لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێ؟ بێجگە لەوە بە بۆچوونی بەڕێزتان ئێستا کاتێکی باشە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆنگرەیە؟ هەر لەو پێوەندیەدا هێندێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی دامەزرێنەر باسی ئەوەیان دەکرد کە هۆی بەشداری نەکردنی بەشێک لە ڕێکخراوە کوردیەکان - وەک حیزبی دێموکرات - سەربەخۆنەبوونی ئەو حیزبەیە لە بڕیاردانیدا. ئەو قەزاوەتەتان پێ چۆنە؟ ئەگەر ئەو کۆنگرەیە بەو شێوەیەی دەستی پێکردوە، دامەزرێ چ شوێنێکی لە ڕەوتی ڕزگاریی نەتەوەی کورددا دەبێ؟

بەشی: سێهەم

هاوڕێ سکرتێر: ڕاستە لەچەند حەوتووی ڕابردوودا بازاڕی "کۆنگرەی نەتەوەیی" گەرم بوو، یان باشتر بڵێم لەتەلەڤزیۆنی P.K.K دا زۆری باس لێوە کرا، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات دا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ نەبێ، قسەی لێ نەکرا. چونکە هەر وەک لە پێشەکیی پرسیارەکەتاندا هاتوە، ئەوە یە ک P.K.K ە دەیەوێ شتێکی لەو بابەتە دامەزرێنێ و زۆر لە حیزبە سەرەکی یەکانی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دیموکرات نەخشێکیان تێیدا نیە. ئەگەر بمەوێ جوابی پرسیارەکە بدەمەوە لە پێشدا دەبێ بڵێم ئەوەی ئێوە بە پرسیارێک هێناوتانەتە گۆڕێ، لانی کەم چوار پرسیارە کە هەر کامیان پێویستیی بە وەڵامی خۆی هەیە، بۆیە دەمەوێ ڕێگەم بدەن هەر کام لە لایەنەکانی پرسیاری ئێوە کە لە ڕاستیدا هەر کامەیان پرسیارێکە بە جیا وەڵام بدەمەوە.

لە پێش دا ئەوە کە "حیزب بۆچی نایەوێ لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێ؟" هەر چەند، جاری دیکەش گوتوومە، بەڵام دیسان ناچارم دووپاتی بکەمەوە کە وەختێک ئەو پرسیار و وەڵامە بۆ بڵاوکردنەوەیە، پیاو ناتوانێ بە ڕاشکاوی لە بارەی هەموو مەسەلەکانەوە بدوێ. بەو حاڵەش تێدەکۆشم ئەوەندەی بکرێ بیروبۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەیەوە ڕوون بکەمەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو کاتێک باوەڕی بەوە هەبووە کە هەر چەند کوردستان لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە و هەر بەشە هەلومەرجێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام دیسانیش دەکرێ و دەبێ لایەنە جۆراوجۆرەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان هێندێ بیروبۆچوون و سیاسەت و پرەنسیپی هاوبەشیان هەبێ، کە هەموویان پابەندیان بن و هێندێ خەتی سوور دیاری بکەن کە هیچ لایەنێک حەقی نەبێ لێیان تێپەڕێ. زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی یەکان شاهیدن کە حیزبی ئێمە لە ڕابردوودا بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشاوە و تەنانەت هێندێ ئەسڵیشی پێشنیار کردوون کە لەسەریەک جێگای پشتیوانی و پەسندی زۆربەی ئەو هێزانە بوون.

کەوایە ئەوە کە حیزبی دێموکرات نوێنەری خۆی نانێرێتە کۆبوونەوەکانی MEDTV بۆ باس لە کۆنگرەی نەتەوەیی، یان کۆنگرەی نیشتمانی (هەر جارە ناوێکی لەسەر دادەنرێ) لەبەر ئەوە نیە کە حیزب حەز بە لێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردستانی یەکان ناکا. بەڵکە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە ئەو کۆبوونەوانە زیاتر بە هەوڵێکی تەبلیغاتی بۆ بازاڕگەرمی بە قازانجی تاقە حیزبێکی کوردستانی واتە ﭘﮐﮐ دەزانین. هەر بۆیەشە کە جێگاو ڕێگا و تەنانەت خەرجی هاتوچۆی زۆربەی بەشدارانی کۆبوونەوەکانیش هەر ئەو حیزبە دابینی دەکا و بەشێکی بەرچاوی وەختی کۆبوونەوەکانیش بۆ حەمدوسەنای ئەو حیزبە و لەویش زیاتر سەرۆکەکەی تەرخان دەکرێ. بەو پێیە ئێمە ئەو کۆبوونەوانە بە هەوڵێکی جیددی بۆ لێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان نازانین. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر بە ڕاستی دەمانەوێ زمانی هاوبەش بدۆزینەوە، بۆ لەسەر تەلەڤزیۆن؟ بۆ لە ئورووپا؟ بۆ ڕاست بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی؟ کێ ئەو ناوەی دانا؟ کێ ناوکی بڕی و بانگی بە گوێدا دا؟ چۆنە کە بەرنامەکەی ئاشکرا ناکرێ؟ ئامانجە دوور و نیزیکەکانی چین و کامە حیزبی سیاسیی کورد بەتایبەتی

بەشی: سێهەم

حیزبە سەرەکییەکان لە ئامادەکردن و گەڵاڵەکردنیاندا بەشدار بووە؟

جێگای سەرنجە کە لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە بەشێکی کوردستاندا گەلی کورد نیوەدەسەڵاتێکی دامەزراندوە و دەرەتانی ئەوە هەیە کوردەکان لەسەر خاکی کورد پێکەوە دانیشن و بیر لە چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکەنەوە، بۆ تاقەجارێکیش بیر لەوە نەکراوەتەوە کە ئەو کۆبوونەوانە لە کوردستان پێک بێن. تەنانەت حیزبی پێشەنگی کۆنگرەی نەتەوەیی بە سیاسەت و هەڵوێستە دوور لە واقیع بینییەکانی وەزعێکی وای پێک هێناوە کە ئەو دەرەتانەی لانی کەم بۆ بەشداربوونی خۆی لەنێو بردوە. پاشان نابێ ئەو راستی یە لەبەرچاوان ون بووبێ کە لە دواکۆبوونەوەکانی "کومیتەی ئامادەکار"دا کە ئەم دوایی یانە لە بێلژیک گیرا، لەو چوار حیزبە کە هەموو شارەزایانی وەزعی سیاسیی کوردستان بە حیزبی هەرە سەرەکیی کوردستانیان دەزانن، سێیان نوێنەریان بەشدار نەبوو. جگە لەمەش لەگەڵ حورمەتی زۆرم بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە کارێک و تەنانەت قسەیەکی خێریش بۆ کورد دەکەن، لە نیزیکەی سەد کەس بەشدارانی کۆبوونەوە کەسێکمان نەدی کە لە کوردستانەوە و بەتایبەتیی لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەی کوردستانەوە چووبێ. تۆ بڵێی ئەوانەی لەسەر خاکی کورد دەژین و بە گۆشت و پێست و ئێسک و خوێن ئازارەکانی گەلی کورد هەست پێ دەکەن، کەمتر دڵسۆزی کورد بن و کەمتر حەز لە بەیەکگەیشتنی هێزە سیاسی‌یەکانی نێو بزووتنەوەی کورد بکەن؟

سەیرتر ئەوەیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بێجگەلە دوو سێ کەسایەتیی بەوەجی کورد، هیچ کەس جگە لە کوردستانی تورکیە باسی بەشێکی دیکەی کوردستان ناکا و لە دەوڵەتی تورکیەش بەولاوە هیچ دەوڵەتێک بە دوژمن و تەنانەت بە موخالیفی کوردیش ناو نابا. کار بەوەندەشەوە ناوەستێ و زۆر لەوانە کە هەر بۆ خۆپێشاندانێک چوونە کۆبوونەوە بێ پەردە هێرش دەکەنە سەر حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانو ئەوەی شیاوی خۆیانە بەوانی دەڵێن. سەرەنجامیش سەرۆکی حیزبەکە خۆی، لە دوورەوە هەڕەشە دەکا، جنێو دەدا و تۆمەت و بوختان بەسەر حیزبە سیاسی یەکاندا دابەش دەکا.

کەم کەس هەیە نەزانێ کە بەشێک لەوانەی لە کۆبوونەوەکانی MEDTV بەشدار دەبن چ وەک رێکخراو و چ وەک تاکە کەس بەشێکن لە P.K.K ، یان بە مەبەستی ئاڵتێرناتیوتاشین بۆ حیزبە کوردستانی‌یەکان لەلایەن P.K.K وە قوت کراونەتەوە. بەراستی ئەمە نیشانەی هەوڵدان بۆ یەکیەتیی کورد و یەکخستنی دەنگی کوردە؟ خۆ ئاشکرایە ئەم هەوڵە نەزۆکەش وەک زۆر هەوڵی دیکەی لەم بابەتە زۆر ناخایەنێ پووچەڵ دەبێتەوە، بەڵام بەهەر حاڵ رادەی نیازپاکیی ئاڵاهەڵگرانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەردەخا.

زۆر بەداخەوەم کە ناچارم بڵێم ئەو حیزبەی ئاڵای کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵکردوە و چارەنووس بۆ هەموو کوردستان دیاری دەکا و سەرۆکەکەی بە سەرۆکی "٤٠ میلیۆن کورد" دادەنێ، لەگەڵ سێ دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستان دا نەک هەر پێوەندی هەیە (کە ئێمە بە ڕەوای دەزانین)، بەڵکوو زۆر جار بە زیانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هاوکاری‌یان دەکا. کەسێک کە

بەشی: سێهەم

بە زمانی خۆی دەڵێ " ئەگەر کورد کەسی لە من باشتری دەست دەکەوێ، با بیکاتە سەرۆک" واتە کەس لە خۆی باشتر بۆ سەرۆکایەتیی هەموو کورد شک نابا، ئەو کاتەی بەرنامە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد پێشان دەدا و لە دەزگا تەبلیغاتییەکەشیەوە چەند رۆژ پێی هەڵدەگوترێ، تەنیا باسی کوردی تورکیە دەکا و بۆ ئەو بەشەش بە پێچەوانەی دروشمە قەبە و نەزانخەڵەتینەکانی شتێک پێشنیار دەکا کە تا ئێستا پرۆژەی لەوە ساواتر و ساکارتر پێشنیار نەکراوە. قسە لەو بارەیەوە زۆرە، بەڵام بۆ بڵاو کردنەوە ناشێن. خۆزگە رۆژێک دەرەتانی ئەوە پێک دەهات کە راستەوخۆ هەم ئێمە و هەم لایەنەکانی دیکە و بەتایبەتی حیزبی پێشەنگی "کۆنگرەی نەتەوەیی" قسە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن و بە دوور لە چاوی کامێرا، ئەوەی باوەڕیان پێیەتی هەڵی رێژن.

### لە وەڵامی ئەو بەشە لە پرسیارەکەدا کە دەڵێ "ئێستا کاتێکی باشە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆنگرەیە؟"

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: عەرزتان دەکەم لە جێدا موافیق نیم شتەکە لە " کۆنگرەی نەتەوەیی"دا کورت بکرێتەوە. بەڵام وەک زەمان، پێموایە ئێستا ئەو وەختەیە کە دەبێ کوردەکان بە حیزب و رێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانییەکانەوە لە دەوری یەک کۆبنەوە، هەل ومەرجی سیاسیی کوردستان و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان لێک بدەنەوە، بیرێک لە دواڕۆژی کورد و کوردستان بکەنەوە و تێبکۆشن زمانێکی هاوبەش بدۆزنەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تایبەتمەندییەکانی وەزعی سیاسیی جیهان لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا پێی بدوێن. وەک دەزانین ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر لە دنیادا باس لە مەسەلەی کورد دەکرێ و مەسەلەکە لە هەروەختێکی دیکە باشتر ناسراوە و تەنانەت (وەک لە پێشەوە گوترا) بەرەو ئەوە دەچێ کە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییش بۆ باسی مەسەلەی کورد لە ژێر چاوەدێریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێک بێ.

کەوایە زەمان، زەمانێکی موناسیبە و ئەوەی بۆتە کۆسپی گەیشتن بەو ئامانجە، ئەو بارودۆخە نالەبارەیە کە کوردەکان لە پێوەندی یە نێوخۆیی یەکاندا لە گەڵی بەرەوڕوون و بەداخەوە بەشێکیشی دەسکردی خۆیانە.

کەوایە، ئەگەر ناکۆکی یە نێوخۆیی یەکان چارەسەر بکرێن و هەوڵی خۆسەپاندن و لەنێوبردن یان نەدیتنی لایەنەکانی دیکە کۆتایی پێ بهێنرێ و یەکێک خۆی نەکاتە ئاڵتێرناتیوی هەمووان، هەم دەکرێ و هەم دەبێ لە فەزایەکی سالمدا هێزە سیاسیی‌یە کوردەکان، هەر نەبێ زۆربەیان و بەتایبەت سەرەکی‌یەکانیان لەگەڵ شەخسیەتە ناودار و دڵسۆزەکانی کورد لە دەوری یەک کۆبنەوە و بیرێک لە دوارۆژی نەتەوەکەیان بکەنەوە. لەو حاڵەدا هیچ پێویستیش نیە فۆرموولی ئامادە و قالبدارێژراوی "کۆنگرەی نەتەوەیی" کە بەشی زۆری هێزە سیاسییەکان لە ئامادەکردنیدا نەخشیان نەبووە، بکرێتە تاقەرێگا و تەنیافۆرموول. بێمە سەر باسی ئەو بەشەی پرسیارەکە کە ئیشارە بە هۆی بەشدار نەبوونی هێندێ لە حیزبەکان لە روانگەی کەسانێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی بروکسێلەوە دەکا. لە روانگەی ئەو جەنابانەوە گۆیا بۆ نموونە حیزبی

بەشی: سێهەم

دێموکرات بۆیە نەچۆتە کۆبوونەوەی MEDTV چونکە سەربەخۆیی بڕیاردانی نیە و حیزبێکی قازانج پەرستە. بەڕاستی ئەگەر لەبەر ئەوە نەبایە کە خەڵکێکی زۆر ئەم قسانە دەبیسێ و دەبینێ و لەوانەیە هێندێک کەسی ناشارەزا هەبن باوەڕیان پێ بکەن، ئەم جۆرە قسانە بۆ باسکردن و وەڵامدانەوە نەدەبوون. بەڵام چونکە هەموو کەس وەک یەک ئاگای لە ڕووداوەکان نیە و حیزبە سیاسی‌یەکان وەک ئێمە ناناسێ، کورتە وەڵامێک بۆ ئەو ئیددیعایە خەراپ نیە.

ڕەنگە لە ڕوانگەی ئەو جۆرەکەسانەوە سەربەخۆیی بڕیاردان بەوە بڵێن کە هەروەخت حیزبی دێموکرات بانگی کرا و بلیتێکی تەیارە، یان قەتار و جێگای حەوانەوە بۆ نوێنەرەکانی دابین کرا، دەسبەجێ بێ لێکدانەوە و بێ هەڵسەنگاندنی ئەو کۆبوونەوەیە کە بۆی بانگهێشت دەکرێ "لبیک" بڵێ و ڕاست وەک ئەو جۆرە "شەخسییەت"انە بچێ بکەوێتە پەسن بێژیی خانەخوێ و هێرش بۆسەر حیزب و لایەنێک کە خانەخوێ لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی نارازی یە. لە حاڵێکدا حیزبی دێموکرات و هەر حیزب و ڕێکخراوێکی جیددی و بەرپرسی دیکە خاوەنی پرەنیسیپ و بیروباوەڕ و لێکدانەوەی خۆیەتی و بۆ حیزبێکی سەربەخۆی خاوەنی سەربەخۆیی بڕیاردان نەهاتوە ببێتە پاشکۆی جەرەیانێکی دیکە و بێ ئەوەی نرخێک بۆخۆی و ئەندام و لایەنگرەکانی و ئەو خەڵکە کە نوێنەرایەتی‌یان دەکا، دابنێ، خۆی بکاتە سەنابێژی حیزبێکی سیاسی، یان هەر کەس و جەرەیانێک. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربەرزە کە جگە لە قازانجی خەڵکی کوردستان هیچ شتێک ڕێ‌وشوێنی پێ نیشان نادا و دارولەلەی بۆ دانانێ. ئەوانەی تۆمەتی نەبوونی سەربەخۆیی بڕیاردان لە حیزبی دێموکرات دەدەن، ئەگەر خاوەنی نیازێکی پاک و هەر لەو کاتەدا "سەربەخۆیی بڕیاردان" و تەنانەت سەربەخۆیی بیرکردنەوە بن، زۆرباش دەزانن کە لە نێو حیزبە کوردستانی‌یەکاندا ئەوەی لە هەمووان زیاتر حازر بووە نرخی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان بدا، حیزبی دێموکراتە. داخوا ئەوە حیزبی دێموکراتە کە هەر ڕۆژە دەکەوێتە حەمدوسەنای یەکێک لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و تەنانەت خۆی بە پارێزەری قازانجی ئەم و ئەو دەوڵەت دەزانێ، یان حیزب و کەسانی دیکە کە لە تریبوونی وانەوە هێرشی تەبلیغاتی دەکرێتە سەر حیزبی دێموکرات و زۆر هێزی سیاسیی دیکەی کورد؟

ئاخر بەشی پرسیارەکەتان وا بزانم ئەوە بوو کە ئەگەر "کۆنگرەی نەتەوەیی" دامەزرێ چ تەئسیرێک لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دادەنێ. لەو بارەیەوە دەبێ عەرز بکەم کە لێک نزیک بوونەوە و پێکگەیشتنی هێزە سیاسی یەکانی کوردستان هەروەخت بێ و لەژێر هەر ناوێکدا بێ، شوێنەواری لەبار لەسەر وەرەی شۆڕشگێڕانی کورد دادەنێ و دەبێتە مایەی هیوا و دڵخۆشیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ڕەنگە ئەو شوێنەواردانانە لە زۆر حاڵەتدا بەرچاو و بە کردەوە نەبێ. بەڵام ئەگەر تەنیا تەئسیری ڕەوانی و مەعنەوییشی هەبێ، دەتوانێ لە بەرەوپێش‌بردنی ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا کاریگەر بێ.

بەشی: سێهەم

بەو حاڵەش، بەداخەوە پێم وانیە پێکهاتنی "کۆنگرەی نەتەوەیی" بەو شێوەیە کە ڕەوتەکەی دەڕواتە پێش، شوێنەوارێکی بەرچاو دابنێ، هەرچەند لەوانەیە بەو ئیمکاناتە تەبلیغاتی‌یەوە کە P.K.K لە دەستیدا هەیە، زۆریشی پڕوپاگەندە لەسەر بکرێ. وەک لە پێشدا باسم کرد لە چوار حیزبی سەرەکیی کورد، هەر ئێستا سێ حیزب دوور لەو هەوڵانەن کە بۆ پێکهێنانی "کۆنگرەی نەتەوەیی" لە ئارادان. لەوەش‌ڕا کە دیاری کراوە تا ئاخری زستانی ئەمساڵ کۆنگرە دروست بێ، بەئاشکرا دیارە کە ئەوانەی دەیانەوێ وەها کۆنگرەیەک دروست بکەن زیاتر بارە تەبلیغاتی‌یەکەیان بۆ گرنگە تا ئاکامی بەکردەوەی پێکهێنانی. قسەی خۆمان بێ زۆر بە دووریشی دەزانم ئەو حیزبانە کە ئێستا لەگەڵ هەوڵەکانی پێکهێنانی "کۆنگرەی نەتەوەیی" پەکەکەدا نین، وا بە ئاسانی بکەونە دوای دروشمە بریقەدارەکانی P.K.K و ببنە پاشکۆی "کۆنگرەی نەتەوەیی."

لەوانەیە بپرسێ کە کۆنگرەی نەتەوەیی دروست دەبێ یا نا؟ ئەمن پێم‌وایە ئەگەر مەسەلە دروستکردنی شتێک بە ناوی "کۆنگرەی نەتەوەیی" بە هەر قیمەتێک و هەر نێوەرۆکێک بێ، ئەوە نەک هەر دەتوانێ تا بەهاری ساڵی تازە دروست بێ، بەڵکوو دەیتوانی چەند ساڵ پێش ئێستاش دامەزرێ. بەڵام ئەگەر لە کۆنگرەی نەتەوەییمان بوێ، وەک ئیدیعا دەکرێ ببێتە مەرجەعێک بۆ هەموو کورد و نوێنەرایەتیی هەموو بەشەکانی کوردستان بکا، ئەوە زۆر ساویلکانە و خۆشباوەڕانەیە کە پێمان وابێ بەبێ بەشداریی زۆر لە هێزە بنەرەتییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد شتێکی وا دروست دەبێ.

لە کۆبوونەوەی رابردووی MEDTV دا گوترابوو کە حیزبی دێموکرات ئەگەر کۆنگرە دروست نەبوو، دەڵێ: "ئێمە گوتمان دروست نابێ" و ئەگەریش دروست بوو دەست دەکا بە تاریف و پەسەندکردنی. بۆیە ئەمەم وەبیرهێنانەوە کە بڵێم ئەوانەی بەم جۆرە لەسەر حیزبی دێموکرات قسە دەکەن و بیر دەکەنەوە، لانی کەمی ئەوەیە کە بڵێم ئەم حیزبەیان نەناسیوە. حیزبی دێموکرات حیزبێکی مەسئولە، نە لەخۆڕا دەبێتە پەسن بێژی هیچ حیزب و لایەنێک و نە لە خۆوەش هێرش دەکاتە سەر هیچ کەس و لایەن و جەرەیانێک. لە رابردووشدا شتی وا دروست بووە کە ئێمە باوەڕمان بە دروست کردن و تێدابەشداربوونی نەبووە، بەڵام کە دروستیش بووە هیچ وەخت خەراپەیمان نەگوتوە و هەر لەو کاتەدا بە خۆڕایی بە بەژن و باڵاشیمان هەڵنەگوتوە. حەز دەکەم ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە هەر جەرەیانێک و هەر ئۆرگانێک بەبێ بەشداریی حیزبی دێموکرات دروست بێ و بتوانێ خزمەتی باش بە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد بکا، حیزبی دێموکرات نەک بە شوورەیی نازانێ، بەڵکوو بە شانازییشی دەزانێ پشتیوانیی لێ بکا و بە چاکە باسی کارە باشەکانی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## "عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێمە وەکوو حیزبی دیموکرات لەکەس قبوڵ ناکەین داوای ناوگۆڕینمان لێ بکات، کەسیش لەسەر ناو ناکوژین"

### گۆڤاری واڵا

عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان:

* گۆڤاری واڵا دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ سیاسەتمەدار و پێشمەرگە و شۆڕشگێری کوردستانی خۆرهەڵات و سیمای ناسراوی کوردستان و ناوچەکە و سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان ساز داوە.

لەبارەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە کوردییەکانی خۆرهەڵات و هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو چ لە بواری سەبازی، دیبلۆماسی، کە دوای چەندین دانیشتن دێت لەنێوان هەردوولایەن لە ئێستا و رابردوودا.

باس لە پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی تر وەک کۆمەڵە و موجاهیدینی خەڵق، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سیاسەتمەدارو سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە کە لەم دیدارەدا خراوەتەڕوو.

جگە لەوەی پێی وایە حیزبەکەی ئەو، نە داوای لە کەس هەیە کە ناویان بگۆڕن و نە کەسیش لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکوژن، نە لە کەسیش قبوڵ دەکەن داوای ناوگۆڕینی حیزبەکەیان لێ بکات. لە وەڵام بە قسەکانی خوسرەوی عەبدوڵڵاهیدا مامۆستا ئەمەی وت.

ئەم دیدارە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ئێستادا بە پێویست زانرا، بەو هیوایەی بتوانرێت کاریگەریی خۆی هەبێت.

**گۆڤاری واڵا:** لە کاتێکدا زۆربەی دیکتاتۆرانی عەرەبی و ناوچەکە کۆتاییان پێهات، بەڵام جیهان چاوی لەسەر ئێرانە، کە کەی و چۆن دەڕووخێت، ئایا ئێران دوایین وڵاتە کە دەکەوێتە بەر هێرش و پەلاماری خەڵکی وڵاتەکەی، ئێوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ لەپێشدا با بڵێم پێم وانییە زۆربەی دیکتاتۆرەکانی ناوچە کۆتاییان پێ هاتبێ، چونکە

ناشکوری نەبێ ئەوانەی ماون زیاتر لەوانەن کە رووخاون. ئەوە ڕاستە کە بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دنیای دەرەوە خەڵکێکی زۆر تامەزرۆی ڕووخانی ئەو ڕیژیمە و هاتنەسەرکاری سیستمێکی دیموکڕات و گەلی لە ئێراندان. بەوپێیە ئەمن نە ئارەزوو دەکەم و نە پێشبینی دەکەم دەوڵەتی ئێران دوایین دەوڵەت بێ کە بکەوێتە بەر شاڵاوی نارەزایەتیی خەڵکی ئەم وڵاتە، بەو مانایە کە حەز دەکەم زۆر زووتر و پێش زۆران نۆرەی بگاتێ. بەڵام دەگەڵ ئەوەی بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەم ڕێژیمە لەمێژە دەستی پێ کردووە و ڕۆژبەڕۆژیش لە پەرەگرتندایە، وا دێتە بەرچاو کە جارێ هەلومەرج بۆ ڕاپەڕینێکی یەکلاکەرەوە نەڕەخساوە. ئەمەش بەو مانایە نیە کە کۆمەڵی ئێران ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ بتوانێ مل بۆ ئەو زوڵموزۆر و زەبروزەنگە ڕابکێشێ و متەقی لێوە نەیە.

وەک دەزانین ڕاپەڕینی خەڵکی توونس کە بوو بە سەرەتای ڕاسانێکی بەربەرین لە چەند وڵاتی عەرەبیدا و تائێستا ڕووخانی سێ دیکتاتۆریی چەندین ساڵەی لێکەوتۆتەوە، بەڕواڵەت لە شەپلاغەیەکەوە سەری هەڵدا کە پۆلیس لە سەوزیفرۆشێکی عارەبانەبەدەستی وەشاند. لەکاتێکدا بۆهەمووان ڕوونە کە ئەگەر نارەزایەتیی کەڵەکەبووی چەندساڵە نەبووایە، ئەو زلەیە نەدەبووە پریشکی هەڵگیرسانی ئەو ئاگرە بەتین و دیکتاتۆرسووتێنە. خۆ دیکتاتۆریی ئیسلامی لە ئێراندا لە هەربارێکەوە سەیری بکەی لە دیکتاتۆری‌یەکەی توونس ڕیشەدارتر و سامناکترە. هەربۆیە هەردەم چاوەڕوان دەکرێ ڕووداوێکی سادە تەقینەوەیەکی گەورەی لێبکەوێتەوە.

**گۆڤاری واڵا**: بە پێی هەندێک سەرچاوە، دانیشتن و قسە و باس لە چەند مانگی رابردوودا لە نێوان ئێوە وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە کوردی‌یەکان و ئۆپۆزسیۆنی ئێران و ئەمریکادا هەبووە، دەکرێت پێم بڵێن ئەو قسە و باسانە چی بوون و تەنها قسە و دیالۆگ بوون، یان بە ئەجێندا و بەرنامەی سیاسی و سەربازی بووە و باستان لە چی کردووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە ئەمن لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نەماوم، نە لە هیچکام لەو دانیشتن و قسەوباسانەدا ئامادە بووم و نە ئاگاشم لە وردەکاری‌یەکانی ئەو دیدارانە هەیە. ئەوەندە دەزانم کە پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا شتێکی تازە نیە و هەرکام بەپێی دەرەتانی خۆی هەوڵی داوە ڕاو بۆچوونەکانی بۆ ئەو لایەنانە شی بکاتەوە. بۆخۆم وای بۆ دەچم کە دیدارەکانی ئەم دوایی‌یانەش کەم وزۆر هەر لەو چوارچێوە گشتی‌یەدا بوون و هەڵنەکشاون بەرەو داڕشتنی ستراتیژی‌یەکی سیاسی یان لەوەش زیاتر سەربازیی هاوبەش.

ڕەنگە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمریکا بەرنامەی پەلاماردانی ئێرانی بەدەستەوە بێ ئاوڕێکی جیددیتر لە ڕێکخراوەکانی

کورد و غەیرە کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بداتەوە. بەڵام وای دەبینم کە نە پەلاماردانی ئێران لە دەستووری کاری (هەرنەبێ ئێستای) دەوڵەتی ئەمریکادا هەیە و نە بەقسەی ئەو ڕێکخراوانەش پەلاماری ئەم وڵاتە دەدا یان ئەگەر بەرنامەی پەلاماری بەدەستەوە بوو لێی پاشگەز دەبێتەوە.

**گۆڤاری واڵا**: کەسێکی بەشداربوو نزیک لە دانیشتنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئێران و ئەمریکا بە منی ڕاگەیاند کە دانیشتن بووە بەڵام بڕیار نەدراوە رووخانی ئێران ساغ بکرێتەوە هۆکاری ساغ نەبوونەوەکە چیە، بۆچی ئەمریکا و خۆرئاوا خۆیان ساغ ناکەنەوە هۆکار و فاکتەرەکانی چین؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: حەز دەکەم ئەگەر ئەو کەسە نیزیکە "لە دانیشتنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و ئەمریکا" زانیاریی زۆرتری داوە بە ئێوە، منیشی لێ ئاگادار بکەن. بۆ وەڵامی پرسیارەکە لەپێشدا با بڵێم هیچ ئارەزوو ناکەم ئەمریکا و هیچ وڵاتێک پەلاماری ئێران و هیچ وڵاتێکی دیکە بدەن و دەگەڵ ئەوەی زۆر تامەزرۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیم پێمخۆشە ئەو ڕێژیمە لە ژوورەوە و بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بڕووخێ. بەڵام ئەوە کە بۆچی خۆیان ساغ ناکەنەوە (بۆخۆم جواب دەدەمەوە، نەک لەجیاتی وان)، پێموایە چونکە ئەمریکا و ئەوانی دیکە ئێستا چاکتریش دەزانن شەڕو لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتان یانی چی. ڕاستە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەتوانایاندا هەیە پەلاماری ئێران بدەن و بە پێچەوانەی فڕوفیشاڵی دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەیەکی کورتیشدا ئەو ڕێژیمە بڕووخێنن. بەڵام ئەزموونی عێراق و ئەفغانستان پێیان دەڵێ ڕووخاندنی ڕێژیمێک لە سەقامگیرکردنی ڕێژیمێکی دیکە و ڕووخاندنی دیکتاتۆری لە جێگیرکردنی دێموکراسی دژوارترە. جگە لەوانەش، ڕێبەریی ئەمریکا لەنێوخۆدا ئەوەندە گیروگرفتی هەیە کە پێویستیی بە دروستکردنی گیروگرفت لە دەرەوەی وڵات نەبێ. بەکورتی وا بیر دەکەمەوە کە تا ئەوکاتەی مەترسیی ئێران لەسەر قازانجەکانیان زۆر بە نیزیک و جیددی نەبینن، نایانەوێ بەرەیەکی تازەی شەڕ لەگەڵ ئێران بکەنەوە. پێموایە دەسەڵاتدارانی تارانیش هەر بۆیە ئەوەندە قارەمانبازی دەردێنن و فڕوفیشاڵ و چاووڕاو دەکەن.

**گۆڤاری واڵا**: چۆن دەکرێت ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی، کۆتایی بە دەسەلاتی دیکتاتۆرەکان بێنن بەڵام ئێوە (کوردستانی ئێران و ئۆپۆزسۆنی فارس و تورک..) هەر لە ئۆردوگاکان چاوەڕێی فریادڕەسێک بن ئێرانتان بۆ نەجات بدات، ئەگەر وا نیە ئاماژە بەرچاوەکان چییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەور و نەخشی کاریگەرتان دەبێ لە رووخانی ئێران دا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێم وانیە هیچکام لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران (بە کورد و غەیری کوردەوە) چاوەڕێی فریادڕەسێک" بن. تەنانەت هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی غەیریکورد زۆرجار ڕایانگەیاندوە کە ئەگەر ئێران پەلامار بدرێ،

بەشی: سێهەم

شانبەشانی کۆماری ئیسلامی دژی هێزی پەلاماردەر دەجەنگن. دیارە بۆخۆم هەروەک ئارەزوو ناکەم ئێران بکەوێتە بەر پەلاماری دەرەکی ئاواتەخوازیشم هیچ هێزێکی کوردی دوچاری ئەو هەڵەیە نەبێ کە ڕۆڵەکانی کورد بۆ دیفاع لە کۆماری ئیسلامی بەکوشت بدا.

ڕێگام بدەن ئەوەش زیاد بکەم کە نە ئاوارەبوونی تێکۆشەرانی سیاسی و نە ئەو شتەی ناوی نراوە ئۆردووگانشینی و ماوەیەکە بۆ کوتانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات کەڵکی لێوەردەگیرێ، هیچیان تایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات نین و ئازادیخوازانی دیکە و لەنێو واندا ئازادیخوازانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش تووشی بارودۆخی وا نەخوازراو هاتوون. پاشان مەرج نیە ئەگەر ئەمڕۆ نیشانەیەکی بەرچاو لە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێک لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی ناکەین، دەست لە هومێد بەردەین و پێمان وابێ هەتاهەتایە هەروا دەبین. حەوتوویەک پێش شەپڵاغە مێژوویی‌یەکە بەبیری کەسدا نەدەهات هەستانەوەیەکی ئەوەندە بەشکۆ لە توونس بەرپا ببێ و هەر لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا لەبیرمە ساڵی ١٩٨٨ دوای ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق یەکێک لە ڕێبەرانی هەرە ئازا و وەرەبەرزی کوردی باشوور لەلای ئێمە گوتی "بۆ بیست ساڵی دیکە حیسابی کوردی عێراق ڕۆیی". کەچی دیتمان تەنیا دووساڵ دواتر ئەو هەلومەرجە زێڕینە ڕەخسا و کوردی باشووریش ئەو حەماسەیەیان خوڵقاند.

**گۆڤاری والا: بەداخەوە لەگەڵ هەر هێزێکی سیاسیی کوردستانی ئێران قسە دەکەی پێت دەڵێ" هیچ ئایندەیەکی نزیک نابینم بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران" ئەم بێهیوایی‌یە لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەداخەوە پەرش‌وبڵاویی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەویش زیاتر وەزعی شپرێوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەلومەرجێکی خوڵقاندوە کە هیوا بە ئاڵوگۆڕێکی نیزیک لە ئێراندا زۆر نەبێ. بەوحاڵە باوەڕ ناکەم هیچ هێزێکی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات و تەنانەت هیچ تێکۆشەرێکی کوردیش تووشی بێهیوایی بووبێ. چونکە پێم‌وایە تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری ئەگەر هومێدی لەدەست دا یان دەمرێ یان لانی کەم واز لە خەباتی سیاسی دێنێ و وەدوای ژیانی تایبەتیی خۆی دەکەوێ. ڕۆژگارێک هێزی سیاسیی وا هەبوو ڕۆژ و مانگی بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکرد. ئەمە بەباوەڕی من باش نەبوو، چونکە دەبووە هۆی ناهومێدی، یان هەرنەبێ بێ‌متمانەیی کۆمەڵانی خەڵک بە قسە و بەڵێنەکانی ئۆپۆزیسیۆن. پێموایە کارێکی باشە کە حیزبی سیاسی واقیعبین بێ و هومێدی بەدرۆ نەدا بە هاونیشتمانانی تینووی ئازادی.

**گۆڤاری والا: لە کاتێکدا ئێمە قسە لەسەر داهاتووی ئێران دەکەین بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران بەڵام خەسرەوی**



سەرچاوە Serchawe

**عەبدوڵڵاهی بەرامبەر ئێوە دەڵێ: نەک ئەگەری ڕێککەوتنەوەی هەردوو حیزبی دیموکرات نییە بەڵکوو ئەگەری شەڕی براکوژییش هەیە؟ ئەم بۆچوونانە تا چەند واقیعین و دەکرێت وەکوو بۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەیر بکرێن و یەکگرتنەوەتان چی بەسەرهات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەم پرسیارە هەق وایە بەرەوڕووی کاک خوسرەوی عەبدوڵڵاهی، یان حیزبەکەی بکرێتەوە و بۆ من و کەسی دیکە نیە لەجیاتی وان وەڵام بدەینەوە. ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە هەیە، ئەم حیزبە نە داوای ناوگۆڕین لەکەس دەکا، نە لەسەر ناو کەس دەکوژێ و نە داوای ناوگۆڕینیش لەکەس قبووڵ دەکا. ئەوەش کە داخوا ئەمە سیاسەتی حیزبەکەیەتی یان نا؟ هەر دەبێ لەخۆیان بپرسرێ. بەڵام لە عورفی سیاسی و دیپلۆماسیدا وا باوە کاتێک وتەبێژێک یان نوێنەرێک قسەیەکی پێچەوانەی سیاسەتی حیز ب و دەوڵەت دەکا، ڕوونکردنەوەیەک دەدرێ کە ئەمە بیرو بۆچوونی خۆیەتی و حیزب یان دەوڵەت لێی بەرپرس نیە.

بۆ بەشی کۆتایی پرسیارەکە دەبێ بڵێم بەباوەڕی من ئەوەی ئەمڕۆ دەبێ قسەی لێبکرێ و هەوڵی بۆ بدرێ کرانەوەی دەرگای دیالۆگ و دامەزراندنی پێوەندییەکی سالم و دۆستانە و دواتر بیروڕاگۆڕینەوە و هاوکاریی خەباتگێڕانەیە. ئەگینا واقیعبینانە نیە لەو کەشوهەوا دەروونییەدا کە کۆنەهاوڕێکانمان بۆخۆیان دروست کردوە قسە لە یەکگرتنەوە بکرێ. وابزانم هەموو لایەک ئاگادارن کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هیچ پێشمەرجێکی بۆ دانیشتن و دیالۆگ نیە و لە هەر دەرفەتێکیشدا ئامادەیی خۆی بۆ ئەوە ڕاگەیاندوە. بەڵام بەداخەوە لایەنی بەرامبەر تائێستا نەک هەر بۆ ئەوە ئامادە نەبوون، بەڵکە لەجێدا حەز ناکەن ئەو باسانەیان لەگەڵ بێتە گۆڕێ.

**گۆڤاری واڵا: پێکهاتنی بەرەیەکی هاوبەشی نێوان ئۆپۆزسیۆنی کورد و فارس و تورک، بەلووچ، کە نیە هۆکاری چیە پێتانوایە گرنگ و زەروورییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: قسەی تێدا نیە کە دەمێکە پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و هەروەها دروستکردنی هاوپەیمانییەکی بەرینتر لەنێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەربەگەلانی زۆرلێکراوی ئێران و لەوەش بەربلاوتر، پێکهێنانی بەرەیەک لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوەتە پێویستییەکی مێژوویی. بەڵام بە هۆی هێندێ کۆسپی ڕێکخراوەیی و جاروبار دەروونی و لەهەمووان پتر نەبوونی ڕێبەرایەتیی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵات و لەنێو ئەو خەڵکەدا کە هەموویان لەپێناوی ئامانجەکانیدا خەبات دەکەن، تا ئێستا بەداخەوە هیچکام لەو ئەرکە نیشتمانییانە جێبەجێ نەکراون.

بەشی: سێهەم

**گۆڤاری والا**: بە وردی پەیوەندیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵە و موجاهیدینی خەڵق چۆنە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر بەکورتی دەڵێم پێوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەگەڵ کۆمەڵە (بە هەموو قۆڵەکانیەوە) پێوەندی‌یەکی دۆستانەیە. بەڵام تا ئەو جێگایەی ئاگادارم هیچ پێوەندی‌یەک لە نێوان ئێمە و موجاهیدیندا نیەو لەجێدا موجاهیدین جگە لە سازمانی خەبات پێوەندیی دەگەڵ هیچ ڕێکخراوێکی کوردستانی نیە.

❊ ئەو دیمانەیە لە لایەن والا پرێسەوە بەر لە روونکردنەوەکەی خوسرەو عەبدولاهی لە مەڕ هەڵبەستراوبوونی وتەکانی لە خۆرنیوز، بڵاوکراوەتەوە.

❊ ئەوەی لە سەرەوە بڵاو کراوەتەوە، دەقاودەق لە والا پرێسەوە گواستراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١١

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ململانەی سیاسی بۆتە کۆسپی دروست بوونی زمانی یەکگرتوو

**ئامادەکردنی هەرێم عوسمان**

**کەوانە**: وەک ئەزانرێت بێئەندازە پێناسە بۆ زمان کراوە، بەڵام لام مەبەستە روانینی خۆتان، یان گەر بڵێم ئێوە بۆ خۆتان زیاتر لەگەڵ کام پێناسەیە بۆ زمان هاوڕان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وا بزانم مەبەستی ئێوە پێناسەی زمان بە گشتییە، نەک زمانێکی تایبەتی وەک بڵێین زمانی کوردی. لەو بارەیەوە ئەمن ئەو پێناسەیەم بەدڵە کە دەڵێ: زمان ئاسانترین، خێراترین و گشتگیرترین واتە (جامعترین) ئامرازی تێکگەیشتنی مرۆڤەکانە. ئەگەر کەمێک سەرنج بدەین دەبینین ئێمە بە زمان، بە نووسین، بە ئیشارە، بە مۆرس و بە.. دەتوانین مەبەستەکانی خۆمان لە بەرامبەرەکانمان حاڵی بکەین. بەڵام هیچیان بە ئەندازەی زمان خێرا و ئاسان و گشتگیر نین. ئەو مەبەستەی دەتوانین بە پێنج دەقیقە بە زمان دەری ببڕین، دەبێ زۆر ئازا بین تا بتوانین بە چارەکە سەعاتێک بی نووسین.

**کەوانە**: گەر بکرێت لەروانین و وردبوونەوەی خۆتان بۆ ئێستای زمانی کوردی، لەسەر هەندێک لەو گرفتانە بدوێن کە رووبەرووی زمانی کوردی بوونەتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گیروگرفتی زمانی کوردی زۆرن کە هێندێکیان نە بەویستی کورد دروست بوون و نە تەنیا بەکوردیش چارەسەر دەکرێن، لەوانە دەتوانین گیروگرفتی پارچەپارچەیی کوردستان لە هەمووان بەگەورەتر دابنێین. ئەو دابەشبوونەی کوردستان هێندێ کۆسپی قانوونیی لەسەر رێگای یەکگرتنی زمانی خوێندن و نووسین بۆ هەموو کوردستان دروست کردوون. لەلایەک چونکە کورد لە باشوورو رۆژهەلات بە پیتی عەرەبی دەنووسن و لە باکوورو رۆژئاوا - ئەگەر دەرەتانی نووسین هەبێ- بە پیتی لاتین، لەلای دیکەش لەبەر ئەوەی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکدان، دەرەتانی ئەوە نیە شارەزایانی ئەو بووارە رێزە رێنوێنی و بریارگەلێک دەربکەن کە لە هەموو شوێنێک پەیرەوی یان لێبکرێ. هەر بۆیەش لەو دوایی یانەدا کە ئەکادیمیای کورد لە هەولێر دەیەویست هەوڵێک بۆ زمانی ستاندارد بدا، مەسەلەکەی لەژێر ناوی "زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان" دا هێنابووە گۆرێ کە پێموایە هەنگاوێکی بەجێ و کردەیی

بەشی: سێهەم

(عملی) بوو. گیروگرفتی دیکە کە خەتاکەی زیاتر دێتەوە سەر خۆمان هێندێ دەمارگرژیی ناوچەیی و زاراوەیی یە. وەک دەزانین هەرئێستا لەو جێیانەی دەرەتانی نووسین بە زمانی کوردی ڕەخساوە (بەجیاوازیی زۆری و کەمییەکەی) دەکرێ بڵێین بە هەموو زاراوەکان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو دەکرێنەوە. کار گەیوەتە جێگایەک کە جاری وایە زاراوەیەک بە "زمان" دادەنرێ. گیروگرفتی گەورەتریش ئەوەیە کە بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی لەو بارەیەوە تاڕادەیەکی زۆر کەمتەرخەمە و هەروا بزانە بەرپرسایەتییەکی لەو پێوەندییەدا لەسەر شان نیە.

**کەوانە: زمانی ستاندارد چیە؟ ئایا زمانی ستاندارد زمانێکی دروستکراوە یان هەر زمانە سروشتییەکەیە؟ ئێمە هەنووکە زمانی ستانداردمان هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەڕاستیدا ئێوە سێ پرسیارتان کردۆتە پرسیارێک. بۆیە بەناچار وەڵامەکەی لە سێ بەشدا دەدرێتەوە: زمانی ستانداردی هەر نەتەوەیەک بریتی یە لەو زمانە کە هەموو ئەندامانی سەر بە زاراوە بن زاراوە جۆراوجۆرەکانی ئەو نەتەوەیە لە قوتابخانە و ئیدارە و نامەنووسین و پێوەندییە نەتەوەیی یەکانیاندا بەکاری دەبەن. ئەو زمانە زمانێکی دروستکراو و داتاشراو و لەلاوەخوازراو نیە، بەڵکوو لە بناخەدا یەکێک لە زاراوەکانی هەر ئەو زمانەیە کە بەپێی هەلومەرجێکی تایبەتیی سیاسی، ئابووری، ئایینی و هی تر بۆی ڕەخساوە خەڵکی سەربەهەموو زاراوەکانی دیکە لەگەڵی ئاشنابن و بتوانن بە ڕێک وپێکی قسەی پێبکەن و دواتر پێی بنووسن و پێی بخوێننەوە. بە دڵنیایی یەوە دەتوانین بڵێین لە هیچ زمانێکیشدا ئەمە بڕیارێکی سیاسیی لەپشت نەبووەو تەنیا هەلومەرجی دیاریکراو پێکی هێناوە. بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم تا سی چل ساڵ لەمەوبەر کورد زمانی ستانداردی هەبوو، هەرچەند بەحوکمی واقیعی تاڵ و داسەپاوی کوردستان، هەموو کوردەکان لەگەڵی ئاشنا نەبوون و بەکاریان نەدەهێنا. شارەزایان دەزانن کە زمانی کوردی چەند جار بناخەی زمانی ستاندارد, یان زمانی یەکگرتووی داناوە، جارێک زاراوەی کرمانجیی ژووروو بۆ ماوەیەک بۆتە زمانی ستاندارد و خوێندەواران و شاعیرانی سەر بەزاراوەکانی دیکە وەدوای کەوتوون، سەردەمێک زاراوەی هەورامی ئەو شانسەی پێ بڕاوە کە بەداخەوە هیچیان درێژخایەن نەبوون. سەرەنجام لە نیزیک بە دوو سەدە لەمەوبەرەوە کرمانجیی خواروو ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە و تەنانەت لە نیزیکەی سەد ساڵ لەمەپێشەوە لەبەشێکی کوردستاندا بە ڕەسمییش ناسراوە. دیارە تەنیا لەو بەشەش کە ئاشکرایە باشووری کوردستانە دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ کورد ڕەخساوە. بەڵام جێی داخە کە ئێستا ناتوانم بڵێم زمانی ستانداردمان هەیە، چونکە لەئاکامی هێندێ ململانەی سیاسی و هێندێ هەستی ناوچەگەریدا بمانەوێ نەمانەوێ لەو بووارەدا بەرەودوا گەڕاوینەوە و لەحاڵێکدا هیچ نەتەوەیەکی سەر تۆپی زەوی دوو زمانی ستانداردی نین، لەنێو کورددا هەوڵ دەدرێ دوو زمان و تەنانەت چوارپێنج زمانی ستانداردیش "دروست" بکرێن. جێگای داخە کە ئەوەندەی بۆخۆم ئاگادارم دەسەڵاتی کوردیش لەوبارەیەوە بەتەواوی خەمساردە.

بەشی: سێهەم

**کەوانە**: بۆچی لە ئێستادا ناتوانیت بڵێیت زمانی ستانداردمان هەیە، مەگەر کرمانجی خوارو وەک ستاندارد خۆی نەسەپاندووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەهیچ جۆر ناتوانین بڵێین زاراوەی کرمانجیی خواروو وەک زمانی ستاندارد جێی گرتوە، یان وەک ئێوە دەڵێن خۆی سەپاندوە. هەروەک باس کرا ئێستا بەزۆربەی زاراوەکان کاری نووسراو و بیسراو و بینراوی میدیایی دەکرێ. لەکاتێکدا بوونی زمانی ستاندارد بەومانایەیە کە ئەوکاتەی کار دەگاتە سەر نووسینی ڕەسم ی و کتێبی دەرسی و هی تر خەڵکی سەربە هەموو زاراوەکان ئەو زمانە بەکار بێنن کە پێی دەگوترێ زمانی ستاندارد یان زمانی یەکگرتوو. ئێستا زۆرتر هەرئەوانە بە کرمانجیی خواروو دەنووسن کە خۆیان بەو زاراوەیە دەدوێن.

**کەوانە**: ئەو هەوڵەی دەدرێت بۆ دوو ستانداردی تا چەند زیانی هەیە، زیانەکانی چین؟ دەسەڵات دەبێ چی بکات، کە نایکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وەک هەموومان دەزانین یەکێک لە گرنگترینی پێکهێنەرەکانی نەتەوە زمانی هاوبەشە، نەک زاراوەی هاوبەش. چونکە دەکرێ بڵێین هەموو ئەو زمانانەی خەڵکێکی زۆر قسەیان پێ دەکەن خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرن و ئەوەی هەمووان پێکەوە گرێ دەدا زمانە هاوبەشەکەیە. بەوپێیە بوونی دوو زمانی ستاندارد، یان زیاتر (کە هێندێ جار بانگەشەی بۆ دەکرێ) زیان لە یەکیەتیی نەتەوەییمان دەدات و مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ بە تێپەڕینی ڕۆژگار هەستی یەکپارچەیی نەتەوەیی لەنێو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا بەتەواوی لەنێو بچێ. پێموایە لەجێی دیکەدا گوتوومە کە زمانی یەکگرتوو بە فەرمان و بڕیاری سیاسی دروست نابێ. بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی کورد دەتوانێ زمانناسان و شارەزایان ڕاسپێرێ لەسەر باشترین شێوەزار بۆ زمانی ستاندارد ساغ بنەوە و ڕێو شوێنی پێویست بۆ پیادەبوونی دیاری بکەن. دواتریش دەسەڵات پشتی بگرێ کە لە هەموو شوێنێک و هەموو بوارێکدا کاری پێ بکرێ.

**کەوانە**: گەر زمانی ستانداردمان نیە بۆ نیمانە گەر هەشمانە بۆ دانی پێدا نانرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وەڵامی ئەم پرسیارەم لە پرسیارێکی پێشتردا دایەوە. بەڵام لێرەشدا ئەوەندەی لێ زیاد دەکەم کە لەبەرچاوگرتنی قازانجی حیزبی و ململانەی سیاسی بۆتە کۆسپی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە قازانجی دروستبوونی زمانی یەکگرتوو بێتە مەیدان و ڕۆڵی نەتەوەیی خۆی بگێڕێ.

بەشی: سێهەم

**کەوانە:** چی وا دەکات زمانی ستاندارد گرنگ بێت؟ بۆ گرنگە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زمانی ستاندارد گەورەترین و کاریگەرترین هۆی پێکەوە گرێدانی ئەندامانی هەر نەتەوەیەکە. ئەوەندەی ئێمە بزانین هەموو نەتەوەکان بەتایبەتی ئەوانەی ژمارەی حەشیمەتیان زۆرە و سەرزەمینێکی بەرینیان هەیە خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرن و ئەگەر زمانێکی هاوبەش نەبێ کە هەموویان بیخوێنن و پێی بنووسن و پێی بخوێننەوە و لەئاکامدا بیکەنە ئەڵقەی پێوەندیی نێوانیان، بەشەکانی نەتەوە لێک بێگانە دەبن و لە دوارۆژێکی دوورتردا هیچ دوور نیە یەکیەتیی نەتەوەیی خۆیان لەدەست بدەن. ئێمە لە بنەوپاڵی خۆمان دەبینین کە نەتەوەکانی دراوسێمان بە زاراوەی جۆراوجۆرەوە هەموویان زمانێکی یەکگرتوویان هەیە کە هەمووان پێکەوە گرێ دەدا. لەبەرامبەردا ئێمەی کورد زۆررجار لەبەر ئەوەی زمانی ستانداردمان نیە لێک حاڵی نابین و زۆرجار ڕێ دەکەوێ بۆئەوەی دوو کوردی سەربە دوو زاراوەی جیاواز لێک حاڵی بن، ناچار دەبن بە زمانێکی بێگانە پێکەوە بدوێن. هەتا ماوم دیمەنی تاڵی دیداری ڕێبەرێکی کوردی باکوورو یەکی کوردی باکوورم لەبیر ناچێ (ئەمن کاسێتەکەیم دی). کاتێک ڕێبەرە باشوورییەکە قسەی دەکرد دەبوو یەکێک بیکاتە تورکی بۆئەوەی باکوورییەکە تێی بگاو ئەگەر باکوورییەکە دەدوا پێویست بوو یەکێک قسەکانی بکاتە عەرەبی تا باشوورییەکە بزانێ دەڵێ چی. جگە لەوانە ئێستا ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێ بۆ نموونە زمانی عەرەبی فێر بین، زمانێک هەیە بی خوێنین و بتوانین لە ٢٢ وڵاتی عەرەبی بەرەی خۆمانی پێ لە ئاو دەربێنین. ئەدی ئەگەر بێگانەیەک ویستی زمانی کوردی فێر بێ، دەبێ چەند زمان بخوێنێ تا بتوانێ لەگەڵ کوردی هەموو ناوچەکان لێک حاڵی بێ؟

**کەوانە:** ئایا ڕاگەیاندنی کوردی بەژداری کردوە، لە نەبوونی ستانداردێک، بەوەی کە بە هەموو زارەکان هەواڵ دەخوێننەوە، هەندێ کات بەرنامەیان هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە کە ڕاگەیاندن بەشدار بووە لە دروستبوونی فرەستانداردیدا. چونکەئەوەی پێویستە یەک بخرێ و هەرکەسە زاراوەی ناوچەی خۆی تێدا بەکار نەبا زمانی نووسین و خوێندن و قسەکردن لەرادیۆ و تەلەڤزیۆنە. ئاشکراشە کە ڕاگەیاندن لەو بوارەدا لە هەمووان چالاکترە. لەونێوەدا بەتایبەتی ڕاگەیاندنی حیزبی پشکی شێری بەر دەکەوێ، چونکە پێش هەمووان حیزبەکان بوون کە ویستوویانە بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی خەڵک بە هەموو زاراوەکان کار بکەن بێ ئەوەی حیسابێک بۆ سوود و زیانی ئەوکارە لەسەر دوارۆژ و یەکپارچەیی نەتەوەی کورد بکەن.

**کەوانە:** پەیوەندیی زمان و نەتەوە چیە؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: وەک دەزانین بۆ ئەوەی کۆمەڵە مرۆڤێک بە نەتەوە دابنرێن چەند مەرجێک دانراون کە گرنگترینەکانیان زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و داب وشوێنی هاوبەشن. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین لەنێو ئەمانەشدا زمانی هاوبەش زۆرترین کاریگەریی لەسەر پێکهاتنی نەتەوە هەیە. هەموومان دەزانین بۆ وێنە کوردێک هەرچەند وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ و لە داب وشوێنی نەتەوەییش دوور بکەوێتەوە تائەوکاتەی زمانەکەی پێماوە خۆی و نەوە و نەتیژەشی کوردن. بەڵام وەختێک زمانەکەیان لەبیر چۆوە دەبێ زۆریان کار لەسەر بکرێ تا لەبیریان بێ بەرەچەڵەک کوردن. پێچەوانەی ئەمەش، ئێستا ئەگەر بەحیسابی باب و باپیرانیان بێ سەیدەکانی کوردستان دەچنەوە سەر عەرەب. باشە ئێستا کێ دەتوانێ هەستی کوردایەتی لەواندا بکوژێ یان پێیان بڵێ ئێوە کورد نین؟ بەڕاست چەند هەزار قارەمانی سەید گیانیان لەڕێی کوردایەتیدا بەخشیوە؟

**کەوانە**: پێت وایە بیرکردنەوە لە دەوڵەتی کوردی کە هەنووکە زۆر باس دەکرێت بەبێ زمانی ستاندارد دەشێ؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لەگەڵ ئەوەی بوونی زمانی یەکگرتوو شوێنەوارێکی گرنگ لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دادەنێ و لێرەشدا قووەتێکی زیاتر بە داخوازێکی لەم چەشنە دەبەخشێ، پێموایە ئەگەر کۆسپەکانی دیکەی سەر ڕێگای پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی هەڵگیرێن نەبوونی زمانی ستاندارد ناتوانێ کۆسپی سەر ڕێگای وەدیهاتنی ئەو ئاواتە و دەستکەوتنی ئەو مافە بێ. چونکە بە زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دیکە دەسەلمێندرێ کە کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و زمانی جیاواز لە زمانی هەمووانی هەیە و پێکهاتنی دەوڵەتی کوردییش زەمینەسازێکی باش بۆ دروست بوون، یان باشتر بڵێم چەسپانی زمانی ستانداردی کوردی یە.

**کەوانە**: ئەو خەسڵەتانە چین کە بۆ زمانی ستاندارد پێویستە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: وەک پێشتر باسم کرد زمانی ستاندارد بە بڕیاری سیاسی و بە قەرارومەدار دروست نەکراوە و دروست ناکرێ، بەڵکە هێندێ هەلومەرجی تایبەتین کە لەنێو هەموو میللەتاندا تەنانەت بەرلەوەی هەستی نەتەوایەتییشیان تێدا وەخەبەر بێ زەمینەی پێکهاتن و دروست بوونی زمانی ستانداردیان ڕەخساندوە. بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە دەکرێ زمانی ستاندارد بەدەر لەو هەلومەرجە ئابووری و سیاسی و ئایینی و هتد...انە دروست بکرێ، ئەودەم ئەوە پسپۆڕان و زمانناسانن کە دەبێ ئەو خەسڵەتانە دەستنیشان بکەن و ئەمن ئەو ڕێگەیە بەخۆم نادەم قسەی لەسەر بکەم.



سەرچاوە Serchawe

بەشی: سێهەم

کەوانە: پێت وایە بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردنی زمانی ستاندارد ئەرکی کێیە؟ ئایا ئەکادیمیەکانی کورد توانیویانە ڕۆڵی پێویست بگێرن لەم کایەیەدا؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دووبارە دەڵێمەوە کە پێکهاتنی زمانی ستاندارد بە بڕیاری سیاسی و تەنانەت ئەدەبی و فەرهەنگییشەوە نەبەستراوە و ڕەوتی زەمان ئەو هەلومەرجەی ڕەخساندوە کە زاراوەیەکی زمان ببێتە بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی نەتەوەیەک. بەڵام ئەگەر قەرار بێ لایەنێک بڕیار لەسەر ئەو بابەتە بدا، وا بیر دەکەمەوە کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لەسەر پێویستیی بوونی یەک زمانی ستاندارد ساغ بێتەوە، دوایی پسپۆڕان و زمانناسان و زمان زانان ڕابسپێرێ کە لەسەر دیاری کردنی ئەو زمانە، یان بڵێین ئەو زاراوەیە کە دەبێ بکرێتە بناغەی زمانی یەکگرتوو لێکۆڵینەوە بکەن و بڕیار بدەن. دیارە دوواتریش بۆ ئەوەی جێ بگرێ و سەقامگیر بێ هەر دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە پشتی ڕاوەستێ و ڕێوشوێنی قانوونیی بۆ دابنێ.

کەوانە: پێوەرەکان چین بۆ هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمەش زیاتر کارو ئەرکی شارەزایان و کارناسانی ئەم بووارەیە. بەڵام ئەگەر ڕێگا بدرێ یەکی وەک منیش قسەی لێ بکا پێم وایە پێوەرەکان دەبێ (وەک نموونە) ئەمانە بن: کام زاراوە زۆرتر خزمەتی کراوە، کامەیان پتر کەلەپووری پێ نووسراوە، کامەیان کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانەکانی دراوسێوە. ئەگەر کوردستان هەمووی بەسەر یەکەوە بایە ڕەنگ بوو ئەوەش زیاد بکەم کە کام زاراوە خەڵکێکی زۆرتر قسەی پێ دەکەن. بەڵام ئێستا کە وا نیە و بەداخەوە هەر لە تاقە بەشێکی کوردستانیش مافی خوێندن بەزمانی کوردی بە ڕەسمی ناسراوە، مەسەلەکە زیاتر بەستراوەتەوە بەوە کە کامیان کردەنی واتە (عملی)ترە.

کەوانە: پەیوەست بە ئەلف وبێ و زمانی ستاندارد، ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لەنیوان ئەم دووانەدا؟ ئایا ئەلف و بێ دەتوانێ یاریدەدەر بێت بۆ بڕیاردان لەسەر زمانی ستاندارد؟ ئایا کامە ئەلف و بێ لەگەڵ سروشتی زمانەکەمان دەگونجێت؟ ئایا پێوەری گونجاندن بەتەنیا بەسە بۆ هەڵبژاردنی ئەلف و بێ؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەش بەحاڵی خۆم پێوەندی یەک لە نێوان دروست بوونی زمانی ستاندارد و جۆری ئەلف وبێ دا نابینم. بەو مانایە کە ئەگەر زمانی ستاندارد هەبێ، یان ئەمڕۆ دەرەتانی دروست بوونی بۆ ڕەخسێ هەر ئەلف وبێ یەک بەکار ببرێ زیانێک بە زمانە یەکگرتووەکە ناگەیەنێ. تەنیا ئەوەندە گرنگە کە یەک ئەلف وبێ دیاری بکرێ کە هەمووان

بەشی: سێهەم

بەکاری بێنن و جۆراوجۆریی ئەلف و بێ نەبێتە لەمپەر لەبەر دەم گەشەکردنی خێرای زمانە ستانداردەکەدا. بۆ ئەوە کە کامە ئەلف وبێ لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی دەگونجێ، دەڵێم ئەگەر زمانی کوردی ئەوەندە تێکەڵیی لەگەڵ زمانەکانی دراوسێ بەتایبەتی عەرەبی نەبایە ڕەنگ بوو ئەلف وبێی لاتینی گونجاوتر بێ بەڵام ئێستا کە ئەو تێکەڵییە هەیە و زمانەکەمان بە هەزاران وشەی تێ کەوتوون کە پیتەکانی: (ح ع ص ض ذ ط ظ چ ژ ڤ پ)یان تێدایەو ئەو پیتانەش بە ئەلف وبێی لاتینی نانووسرێن، ئەمن ئەلف - وبێ عەرەبییەکە بەگونجاوتر دەزانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٢

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# پرسی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسەر و سیاسەتمەداری کورد

### سازدانی: کەوانە

**کەوانە: مامۆستا بە رای بەڕێزت چی وای کردووە کوردەکان کە تووشی کێشەیەک دەبن روو لە کوردستانی باشوور دەکەن؟ ئایا ئەوە سیاسەتێکی ناوچەییە یان جیهانییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** کورد بە بێ ویستی خۆی بە سەر چەندی وڵاتدا دابەش کراوە. ئەگەر ئەو ناحەقییە مێژوویی یە لە میللەتی کورد نەکرابایە، کوردیش حەقی هەبوو وڵاتی خۆی بە سەر یەکەوە هەبێ، دەوڵەتی خۆی هەبێ، ئیدی دابەش نەبێ بە سەر چەند وڵاتدا چونکە هەم لە باری پێوانەی خاکەکەیەوە، هەم لە باری ژمارەی حەشیمەتەکەیەوە دەتوانین بڵێین زیاتر لە نیوەی دەوڵەتانی دنیا بچووکترن لە کورد، هەم خاکەکەیان هەم حەشیمەتەکەیان. ئەوەیە لە هێندێ هەلومەرجدا کە لە بەشێکی کوردستاندا دەرفەتێک دەخوڵقێ بەشەکانی دیکە پەنای بۆ دێنن. بە باوەڕی من شتێکی سروشتییە چونکە بەشێکە لە میللەتی خۆی و دەتوانێ پەنای بۆ بەرێ. جگە لەوە زۆرجار شتی دیکەشی تێدا بووە: یەکەم ئەوە کە خاکەکە بە سەر یەکەوەیە، واتە پەنابردن بۆ بەشێکی دیکەی کوردستان ئاسانترە، پەیوەندییەکان هەن، زۆرجار لە سنوورەکان بەشێک لە بنەماڵەیەک نەک لە عەشیرەتێک، هەر لە یەک بنەماڵە بەشێکی لە عێراقە، بەشێکی لە تورکیا، بەشێکی لە ئێرانە یان لە سووریا. کە وابێ راگواستن ئاسانترە. لە هەمان کاتدا کەسەکان کێشەی زمانیان نیە، بە ئاسانی لە سنور تێدەپەڕن، بەڵام شتێکی تریش لە گۆڕێدا بوو، دەمویست ئاماژەی پێبکەم کە زۆرجاریش ناکۆکیی بەینی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر بەشەکانی کوردستاندا کۆمەکی بەوە کردووە، دەتوانم بڵێم لەکۆنەوە هەتا ئێستا لەبەینی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر ئێران و دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر عێراقدا لە باشترین دۆخەکانیشدا هەر شەڕ نەبووە، دوژمنایەتی نەبووە. ئەگینا دۆستایەتییەکی وانەبووە کە پەنابەرێکی سیاسیی لایەک نەتوانێ لە لایەکی تر بحەوێتەوە. رەنگە زۆرجار کوردی ئێران پەنای بۆ عێراق هێنابێ یان کوردێک لەعێراق پەنای بۆ ئێران هێنابێ، بێ ئەوەش کوردەکە شتێکی ئاواهی

هەبێ، واتە بێ ئەوەی پەنا بۆ کورد بێنێ. ئەوەش کە فەرمووت پەنا بۆ ئەم بەشە دێنن وا نیە. پەنا بۆ ئەو بەشە دێنن کە ئەگەر کوردەکە پەنا بۆ کورد بەرێ کە هەلومەرجێکی باشی تێدایە، بۆ نموونە ئەگەر وە بیر بێنینەوە دەورانی کۆماری کوردستان، کورد لە بەشەکانی دیکە هاتوونەتە کۆماری کوردستان چونکە لەو بەشەی کوردستان دا کورد بۆ خۆی خاوەنی شتێکە، خاوەنی دەسەڵاتێکی لۆکاڵییە. دەنا زۆرجار کە پەنامان بردووە، کوردەکان پەنایان بردووە، کوردی کوردستانی باشوور یان کوردی عێراق، پەنای بۆ ئێران بردووە. پەنای بۆ کورد نەبردووە، پەنای بۆ دەوڵەتی ئێران بردووە. پەنای بۆ دەوڵەتی تورکیا بردووە. پەنای بۆ دەوڵەتی سوریا بردووە. بەپێچەوانەشەوە هەیە، بەڵام ئەو دەرفەتە کە جەنابت ئاماژەت پێکرد و حەقی خۆشتە وا بیر بکەیتەوە، هۆکەی ئەوەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە ئەو دەرفەتانە زیاتر لەچوارچێوەی عێراقدا بۆ کورد خوڵقاون کە میللەتی کورد بەشدار بێ لە دەسەڵات دا، لانیکەم بەشدار بێ لەئیدارەی خۆیدا. بۆ نموونە لەسەردەمی پاشایەتیدا کە تۆ لەدایک نەبیبووی ئەو وەختە، لە زەمانی پاشایەتیدا خۆ بەرواڵەت نە حوکمی زاتی هەبوو، نەفیدرالیزم هەبوو. هیچ یەک لەوانە نەبوون، بەڵام کورد لە عێراق بەزمانی خۆی دەیخوێند، کارمەندانی دەوڵەتی لەناوچەکەی خۆیدا لە هەمووی کورد بوون، بۆ نموونە من شتێکم خوێندووەتە کە زۆریش باوەڕپێکراوە و بە بەڵگەوە قسە دەکات، ئەو وەختی لە کوردستان زیاتر لە ٨٥%ی موچەخۆرانی دەوڵەت کورد بوون. تەنانەت ١٥%ی موچەخۆرانی عێراق، بەشی عەرەبیشی لە کوردان بووە، تا ئەو دەرفەتە کە لەو بەشەی کوردستانی باشوور هەبووە زۆرتر خوڵقاوە، لەئاکامدا کوردەکان لەسێ بەشەکەی دیکەی کوردستاندا کە لەباری سیاسییەوە تەنگیان پێهەڵچنراوە، ناچار بوون یان بچنە گرتووخانە، یان بچن لەوڵاتێکی دیکەدا ببنە پەنابەر، پەنابەر جاری وابووە رەسمی بووە و جاری وا هەبووە رەسمی نەبووە. بەهەرحاڵ روویان لەم بەشەی کوردستان کردووە .

**کەوانە**: دوو ساڵێکە وەک ئاگاداری شەپۆلێک لە وڵاتانی عەرەبییەوە دەستی پێکردووە بە ناوی بەهاری عەرەبی، ئایا ئەم شەپۆلە بە گشتی پێوەندی بە کوردەوە هەیە یان کورد دەبێ گرنگیی پێنەدات یان دەبێ خۆی پێیەوە سەرقاڵ بکات، یان دەبێ خۆی لەوە جیا بکاتەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: وتەیەک هەیە دەڵێ لەهەر کوێ ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی زوڵم و زۆر بپچڕێ، هەموو زۆرلێکراوانی دنیا قازانجی لێدەکەن. کەوابێ ئەوە بۆ خۆی دەرفەتێکە بۆ بزووتنەوەی ئازایخوازی لەهەموو ناوچەکەدا و تەنانەت لە وڵاتانی دیکەشدا قازانجی لێدەکەن. تەنانەت ئەگەر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیشدا خەڵک ئازاد دەبن، وڵاتانی زۆرلێکراو پێ خوشحاڵن چونکە بەشێک لەزۆرداری کەلێنی تێکەوتووە، درزی تێکەوتووە و بە قازانجە، بەڵام ئەوەی کە لەناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقادا رووی داوە، لە ئێمە پتر نزیکە. هۆکەی ئەوەیە کە ئێمەش بەشێکین لەو ناوچەیە، ئێمەش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستداین. لەپاشان ئەو بەشەشی تێدا هەیە کەئەمە لە ناوچەیەکدایە کە دوو

وڵاتی کوردی تێدا دەژی. لە حاڵێکدا لە پاڵ دەستمانەوە هەیە، عێراق و سوریا. راستە بەخۆشییەوە ئێستا لە عێراق کورد لە دۆخێکی باشدایە، ناخۆشەو پیاو ئەوەی دەڵێ، بەڵام شاراوە نیە خۆ ئێستا لە عێراقیش کورد لێنەبووەتەوە. کورد بێ غەم نەبووە. ئەوە نیە بڵێی کورد بێ غەم بووبێ، بڵێی پاڵی لێداییتەوە، هەرئێستا ئێمە بەداخەوە لە قەیرانی پێوەندییەکانی بەینی هەرێمی کوردستان و پێتەختی عێراقداین یان حکومەتی فیدراڵداین کە ئەوە هەیە. بەبێ شک ئەمە دەتوانێ بۆ کورد هەم جێ ئومێد بێ، هەم جێی دەرس لێوەرگرتن بێ، هەم جێی کەڵک لێ وەرگرتن بێ. بەتایبەتی لە سوریا کە ئێستا ئەو جووڵانەوەیە بەردەوامە، هەرچەند بەداخەوە قورسایی کورد لەسوریا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باقییەکەی، قورساییەکەی ئەوەندە نیە، رەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ١٠%ی خاک و خەڵکی سوریا پێکبێنێ، بەڵام بەهەرحاڵ کورد دەتوانێ لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ و بەشێک بێ لەو جووڵانەوەیە، ژیرانە لەگەڵ ئوپوزیسیۆنی سوریا کار بکات بۆ ئەوەی لە سوریای داهاتوودا، کە هیوادارم زۆر نەخایەنێ و سوریایەکی دیموکرات پەیدا بێ، لەوێدا بەشی هەبێ و جارێکی دیکە ناچار نەبێ دوبارە تێهەڵچێتەوە و دوبارە لەگەڵ یەکی دیکە بە شەڕ بێ و ململانە بکا و بکەوێتە زیندان و دوورخرانەوە و تاراوگە.

**کەوانە**: مامۆستا پێگەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دا لە داهاتوودا چۆن بێ باشترە، پێگەکەی ئەبێ چۆن بێت؟ لە سەر چ سیستمێکی سیاسی و ئابوری دابنرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: تا ئەو وەختەی کوردستان بەشێکە لە وڵاتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، رەنگە گەڵاڵەکردنی ئەو پرسیارە لەجێدا بابەتی نەبێ، واتە ناتوانێ کوردستان لەئێران یان لە تورکیا سیستمێکی ئابوری و کۆمەڵایەتیی هەبێ جیاواز لە هەموو وڵاتەکە. کە وابێ بمانەوێ و نەمانەوێ سیستمی ئابوری و سیاسیی کوردستان لە ئێران پەیڕەوی ئێرانە و لە عێراق پەیڕەوی عێراقە و لە تورکیا و لە سوریاش پەیڕەوی ئەو وڵاتانەیە. ناتوانێ سیستمێکی تایبەتییان هەبێ، ئێستاش بەشێکی حەقانییەت تێدا هەیە کەپێمان دەڵێن چۆنە لە زەمانی بزووتنەوەکانی ساڵەکانی ٤٥ و ٤٦ی زایینیدا حکومەتی ناوەندی پاشایەتی بوو، بەڵام حکومەتی لۆکاڵی کوردستان کۆماری بوو. ئەوە راستییەکی تێدا هەیە کە وانابێ، ئەوە دۆخێکی شاز بوو، ئەوەی کە حەقانییەتە بۆ ئێمە ئەوە بوو کە پێماندەگوتن بۆ ئێمە سیستمی پاشایەتی لانیکەم لە ناوچەی ئێمەدا نوێنگەی زوڵم و زۆرداری و دیکتاتۆری و حکومەتی تاکەکەسییە، لەوە بێزارین. ئەوەمان نیشان دەدەن ناکرێ ئێران کۆماری بێ، بەڵام لە خوزستان و کوردستان و ئازەربایجان دا پاشایەتی هەبێ، یان بەپێچەوانەوە یەکیان سوسیالیستی بێ، یەکیان سەرمایەداری بێ. واتە ئەوانە بمانەوێ و نەمانەوێ پەیڕەوی گشت وڵاتەکەن. کە وابێ ناتوانم بڵێم ئەو سیستمە بۆ ئێوە باشە. رەنگە ئێمە بیر بکەینەوە سیستمێکی سوسیال دیموکرات بۆ ئێران گونجاو بێ، بەڵام ناکرێ ئێران سەرمایەداری بێ، بەڵام کوردستان سوسیال دیموکرات بێ، هەروەها بەپێچەوانەشەوە هیچ کامەیان بەوشێوەیە ناکرێ.

بەشی: سێهەم

**کەوانە**: ئەم سوسیال دیموکراتەی کە ئێستا باست کرد ئایا لە چوارچێوەی فیدرالیدا بێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەبێ ئێران بۆ خۆی سیستمێکی هەبێ. ئەگەر وڵات جیا دەکەیتەوە ئەوە کەیفی خۆتە سیستمی ئابوری و سیاسیی خۆت لە سەر چ سیستمێک دادەنێی، بەڵام مادام بەشێکی لەو، دەبێ سیستمەکە پەیڕەوی ئەو بێ.

**کەوانە**: بە پێی ئەو مێژووەی کە بە سەر کوردستاندا هاتووە لە رۆژهەلاتدا، بە بۆچوونت کوردستان وەک وڵاتانی عەرەبی ببنە چەند کوردستانێکەوە سەربەخۆ بن، یان چ سیستمێک باشە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: شتێک هەیە دەڵێ سالیبە بە ئینتفای مەوزووعە، دەستەواژەیەکی زانستی لۆژیکە پرسیارێک دەکات ئەرێ تۆ کوڕەکەت ناوی چییە؟ ئەویش دەڵێ من کوڕم نیە هەتا ناوی هەبێت. خۆ ئێمە نەکراوینەتە سەر پشک، داخۆ لە نێوان سەربەخۆیی و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا کامیان هەڵدەبژێرین، شتی ئاوها لە گۆڕێدا نیە. تەنانەت نەک هەر نەکراوینەتە سەر پشک هەتا ئێستا، هیوادارم لە ئایندەدا وا نەبێ، ئەو دەرەتانە نێونەتەوەیی یەشمان بۆ نەخوڵقاوە کە بڵێین ئێمە بۆ خۆمان ئەوە دەکەین، بەڵام لەسەر یەک شتێکی زۆر سروشتییە هەم ئارەزوویە، هەم خەونە و هەم مافە کە کورد یەکیش بگرێتەوە و دەوڵەت و ئاڵای خۆشی هەبێ، هەموو شتێکی هەبێ وەکو نەتەوەکانی تر، بەڵام ئێستا بۆ کورد مەسەلەکە ئەوەیە کە چۆن ماف و ئازادییەکانی دابین بکرێن. دەڵێن فەرزی مەحاڵ، مەحاڵ نیە، ئێستا ئەگەر وا دابنێین بمانکەنە سەر پشکی تەواو کە هیچ دروشمی تێدا نەبێ، ئەرێ کوردستانی ئێران بکەینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا هەموو ماف و ئازادییەکانی خۆی هەبێ، داخۆ کامەیان هەڵدەبژێرین، وەکیلایەتیی کورد ناکەم، وەکیلایەتیی خۆم دەکەم، ئەگەر بۆ خۆم دەنگ بدەم لە دۆخێکی ئاوادا دەڵێم مادام هەموو مافەکەم هەیە لە چوارچێوەی ئێراندا دەمێنمەوە بە بوونی هەموو مافەکانم، نەک ئەوە کە حکومەتێکی چکۆڵەی بێ ئیمکانات، بێ ئەزموون، بێ ئابوری، بێ پیشەسازی. ئەمە بەو شیمانەیە کە بڵێین ئێران دۆستمانە، بەڵام سێ لایەکەی دیکەی کورد لەگەڵیدا دۆست نین، لە ژێر هەموو مەترسی و هەڕەشەیەکدایە. خۆ ئێمە نەکراوینەتە سەر پشک لە نێوان هیچ کامیاندا.

**کەوانە**: ماوەیەک لەوەوپێش وڵاتی بەریتانیا راپرسییەکی بۆ خەڵکی بەریتانیا و خەڵکی کورد دانابوو بۆ ئەوەی بزانن چ رێژەیەک لە خەڵک پێیان خۆشە دەوڵەتی کوردی هەبێ یان نا، وادیار بوو کە خودی بەریتانیا و خەڵکی کوردی پێیان باش بووە دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا هەبێت، یان دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گوایە ئیسرائیل پشتگیری لە کورد ئەکات دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێت، ئایا کورد گەیشتووەتە ئەو قۆناخە کە دەوڵەتی کوردی رابگەیەنێ؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوو شت هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە کورد گەیوەتە ئەوەی کە خۆی ئێدارە بکات، بە باوەڕی من ئەزموونی کوردستانی باشوور دەری خستووە و باشیشی دەرخستووە کە کورد توانای ئیدارەی خۆی هەیە. ئێمە کە کوردین و پێمانخۆشە حکومەتەکەمان و وڵاتەکەمان زۆر زۆر لەوەش چاکتر بێ، رەنگە ئەزموونمان لە حکومەتی کورد و کوردستان هەبێ، بەڵام بە خۆشییەوە ئەوەی ئەمن دەیبینم، ئەزموونی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی تازەیە، بیست ساڵە، یان رەنگە باشتر وا بێ بڵێین ٩ ساڵەیە، چونکە ئێمە لە ٢٠٠٣وە حکومەتی رەسمیمان هەیە، لەگەڵ ئەوەش ئەزموونەکە هێندە کەمە، لە باری ئیدارییەوە نە لەعێراق کەمترە، نە لەتورکیا کەمترە و نە لەسوریا و نە لە ئێرانیش، لە هیچیان کەمتر نیە، کەوابێ دەتوانین ئەوە بکەین. ئەوە بەجێی خۆی، بەڵام ئایا ئێستا وەختی ئەوەیە کورد دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت؟ کە ئەویش دوبارە دەبێتە چەند بەش، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە عێراق، سوریا، تورکیا یان ئێران، یان هەمووان بەسەر یەکەوە. دەوڵەتی کوردی بەوە دروست نابێ کە خەڵک لە بەریتانیا بڵێن کە لە شەقام و کۆڵاندا لە خەڵکیان پرسی بڵێ ئا یان نا. ئەگەر قەرار بێ دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ یان دەبێ دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بە سەر کوردستان دا رێک بکەون کە بۆچی ئێمە ئەو میللەتەمان لە نێو خۆماندا دابەش کردووە، بۆ لێنەگەڕێین بۆ خۆی بێ، کە ئەوە نابێ و نیە. یان دەبێ رێکخراوی نێونەتەوەیی لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکان رێک بکەون کە دەبێ شتێکی ئاوا هەبێت و بەرگری لێبکەن. دەنا نە بە ئارەزووی منە، نە بە ئارەزووی خەڵکی بەریتانیایە. بۆیە رەنگە لانیکەم لە هەلومەرجی ئێستادا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی روبەڕوی کەندوکوسپی زۆر ببێتەوە. راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی واتە شەڕ بەرامبەر بە عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران، کە ئەوانەش ئاراستەیان هەیە. عێراق و سوریا لەگەڵ ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی لەگەڵ هەموو خیلافاتیان، ئەو وەختە دەکەوێتە سەر مەسەلەی ئەوە، بەرگری لە عەرەبەکە دەکات. تورکیا بەشێکە لە پەیمانی ناتۆ. ئێران بۆ خۆی دەسەڵاتێکی ناوچەیی گەورەیە، واتە لەگەڵ کەند و کوسپی زۆر گەورە روبەڕو دەبێ، چونکە من لەگەڵ سیاسەتی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندە سەروکارم نیە، هیوادارم ئەمن ئاگام لێ نەبێ، دەنا هەلومەرجێکی وا بخوڵقێ یان خوڵقابێ کە کورد بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێ و لە دنیاشدا پشتیوانیی لێبکرێ، بەڵام ئەوەی ئەمن دەیزانم جارێ ئەوە نەڕەخساوە. ئەو هەل و مەرجە نەڕەخساوە.

**کەوانە:** هەندێ لە توێژەران برێ داتایان دەسکەوتووە کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کە لە ناوەڕاستی کوردستاندایە، نەوتێکی زۆری هەیە یان کانگای زۆری لێیە و کوردستان ئاوێکی زۆری لێیە، ئەمانە سەرمایەی گرنگن و لەوانەشە ژێرخانگەلێکی تر هەبن. کورد سەرەڕای ئەوەی ئەوەشی هەیە ئایا دەتوانێ کەڵک لەوە وەربگرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شیمانەکە ئەوەیە ئەگەر ئێمە کوردستانی سەربەخۆمان هەیە، ئەوا ئەو قسانە هەمووی لە جێی خۆیاندان و هەموو جێی ئومێدن. چونکە کوردستان ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆ بێ و دەسەڵات و خاکەکەی لە دەستی خۆیدا

بەشی: سێهەم

بێ، کورد نەوتیشی هەیە، ئاویشی هەیە، سەرچاوەی ژێرزەمینیی دیکەشی هەیە. هەموو ئەوانە هەن، کەوابێ کوردستان دەبێتە وڵاتێک کە شانسی ئەوەی هەیە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە و هێنانی زانست و تکنیک بۆ وڵاتی خۆی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پێشکەوتنی زۆر گەورە بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام بەداخەوە ئەو سەرچاوانە ئێستا کورد دەسەڵاتی بە سەریاندا نیە. تەنانەت لە بەشێکی ئازاد کراویشیدا کە بڵێین لە باشووری کوردستاندا، خۆ لەو شتانەدا ئازادیی تەواوی نیە. ئێستا ئاوەکانی کوردستان لەتورکیا بەربەست کراون، هەمان پرۆژەی گاپ، ئاوەکەی پاشکەوت کردووە، سبەینێ هەم کورد لە عێراق تینووی دەبێ و پێویستی بەوێ هەیە، لە حاڵێکدا ئاوەکە هی کوردە. سەرچاوەی ئاوی کورد لە سوریا سەرچاوەکەی گیراوە. ئێستا ئێران خەریکە ئاوی زێ دەگرێ، ئاوی سیروانیش دەگرێ، واتە کوردەکە هەر لە خاکی خۆیدا تووشی تینوێتی دەبێ لە حاڵێکدا لە بەشێکی دیکەی وڵاتەکەیدا ئاوەکە هەیە، بۆ؟ چونکە ئەوە کورد نیە بڕیار دەدا بۆ ئەو ئاوانە، بۆ ئەو نەوتانە. بۆیە ناتوانین حسابی لە سەر بکەین تا ئەو وەختەی ئەو سەروەتانە لەبەر دەستی کورد خۆیدا نین، ناخۆشە بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیەتی.

**کەوانە**: مامۆستا پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ وڵاتانی تردا و لەگەڵ خۆیدا چۆن بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: من ناڵێم گەشبینم چونکە پێموایە مرۆڤ بە گەشبینی نابێ بە هیچ، بەڵام بە واقعبینییەوە دەڵێم کورد ئێستا پێگەیەکی باشی هەیە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەگەڵ ئەوەی پێی دەڵێن شوڤینیزم هەم لە عەرەبدا بەرامبەر بە کورد و هەم لە تورکدا ماوە، لە ئێرانییەکاندا لە فارسەکاندا هەر ماوە، بەڵام بارودۆخی کورد لە جێگایەکە بەرەبەرە کورد دەرک کراوە، زۆری ماوە، تەواو نەبووە. بەڵام کورد دەرک کراوە، قورسایی و بارودۆخی جوگرافیایی خاکەکەی، حەقانییەتی داواکانی. هەر ویژدانێکی زیندوو دەڵێ خۆ کورد دەستدرێژیی نەکردووەتە سەر ماف و خاکی هیچ کەس. ئەوان دەبێ بڵێن نابێ کوردەکان لە ماڵەکەی خۆیان وەدەربنێین و لە نانەکەی خۆی بێبەشی بکەین. لەبەر ئەوە ناسرانی کورد و ناسرانی دۆسیەی کورد لە دنیای دەرەوەدا کۆمەکی کردووە کە کورد وەکو قورساییەک سەیر بکرێ، لە هەمان کاتدا بەرە بەرە دنیاش تێگەیشتووە کە زۆرجار ئێستاش پێمان دەڵێن کورد شەڕفرۆشە، کورد بەشێکە لە چارەسەری مەسەلەکان، بەشێک نیە لە کێشەکان. کورد نایهەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر مافی هیچ کەس، نایەوێ لەگەڵ کەس شەڕی هەبێ. دەیهەوێ لەگەڵ هەموان لە ئاشتی و تەبایی و برایەتیدا بژی، بەڵام هەر کەسەو لە ماڵی خۆیدا خاوەن حەقی خۆی بێ. تەنانەت لە حەقیشمان بەشی یەکتر دەدەین، ئەو کاتەی کە یەکێکمان پێویستی بەوی دیکە هەیە. کوردەکە لەگەڵ هەموو تەبایی و چەمکێکی مرۆییدایە، لەبەر ئەوە من پێموایە پێگەی کورد ئیدی پێگەی جاران نیە کە کورد وەکو میللەتێکی دز و جەردە بناسرێ و تەنانەت ئەوەی قەدیم دەیانوت لە جنۆکە و شەیتان پەیدا بووبێ. ئەو عەقڵییەتە تا رادەیەک نەماوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

**کەوانە**: وەک ئەوەی بۆ کاری دیپلوماسی زۆر وڵاتان گەڕاییت، یان ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان هاتبێتن گفتوگۆت لەگەڵیان کردبێ، بیروڕای وڵاتانی دەرەوە بەرامبەر بە کورد چۆنە؟ ئەیانەوێ چۆن تەعامولی لەگەڵدا بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بیروڕای گشتی فەرقی هەیە، زۆر گرنگە بیروڕای گشتی دنیا لەگەڵ مەسەلەیەکدا بێ، ئەوە کاریگەریی مەعنەوی خۆی هەیە، بەڵام کاریگەری کردەیی نیە. پەنجا ساڵ پێش ئێستا ئەگەر لە جێگایەک باسی کوردت کردبایە، دەیانگوت کورد چییە، نەک کێیە. دەیگوت چییە دارە، بەردە، دەخورێ، نەیدەزانی بەڵام ئێستا تا رادەیەک لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا ئەگەر تەکسییەک راگری لێت بپرسێ بڵێ تۆ چیت، بڵێی کوردم، لە زۆربەی دۆخەکاندا لێت دەپرسێ کوردی کوێی؟ ئەو ئاشنایی یە لەگەڵ مەسەلەی کورد پەیدا بووە، هەم دەیناسن هەم ئەوانەی کە لەباری سۆزەوە لەگەڵ میللەتی کوردن، روو لە زیادبووندان بەڵام بەپێچەوانەی زۆر شتی خۆشبینانە کە زۆرجار باس دەکرێ، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم پێموایە مەسەلەی کورد هەتا ئێستا نەبووەتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی چونکە مەسەلەی نێونەتەوەیی بەوە نالێن کە مەسەلەن ئەمریکا یان ئەوروپا پشتیوانی لە حکومەتی باشووری کوردستان دەکا، ئەوە زۆر خۆشە، ماڵیان سەد جار ئاوەدان بێ. ئەوە کەم نیە، بەڵام مەسەلەی کورد مەسەلەی باشوور نیە، مەسەلەی رۆژهەڵات یان باکوور و رۆژئاوا نیە، مەسەلەی کورد لە راستیدا ئەگەر گوتت مەسەلەی کورد ئەوا یەک مەسەلەیە. مەسەلەکە ئەوەیە میللەتێک هەیە بە ناوی میللەتی کورد، حەشیمەتی دەگاتە نزیکەی چل ملیۆن، رەنگە زیاتر یان کەمتر، هەر چەند بن قەیدی نیە، خاکێکی زۆری هەیە چەند سەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە بە قەد چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی دنیا دەبێ، کەچی مافی چارەنووسی خۆی لێ وەرگیراوەتەوە. دەبێ بیدەیتێ، حەقی هەیە بیدەیتێ، حەقی هەیە بیدرێتێ، ئەوە نەبووەتە مەسەلەیەکی جیهانی کە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە سەر مێزەکە بێ، بڵێن با فلانە رۆژێ باسی ئەوەی بکەین، نەگەیشتووەتە ئەوە. بۆ نموونە هەر ئەو وەختێ کە لێرە ناوچەی دژەفڕین دروست ببوو بە کۆمەکی دەوڵەتی ئەمریکا و هەندێ دەوڵەتی ئەوروپایی، لە ئێران و تورکیا کورد دەگیرا، دەکوژرا، قەڵاچوو دەکرا کەسیش لێی نەدەپرسی و باسیشی نەدەکرد. ئەی باشە ئەوە کورد نەبوو؟ کەوابێ مەسەلەی کورد نیە کە بووەتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی، کورد لەم بەشەی کوردستاندا مەسەلەیەکی هەیە کە ئەوە شتێکی باشە، نەک ئەوەی بڵێین کەم بێ، ئەوە زۆرە، بەڵام ئەو بەشەی کوردستانە کە ئێستا پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ پەیدا بووە نەک مەسەلەی کورد بە گشتی. ئێستا پاڵپشتی کردەیی هەر لەم بەشەی کوردستاندا هەیە، ئارەزوو دەکەین کە ئەوە بڕوا بۆ ئەوەی کە نەک لە بەشەکان بەڵکو لە مەسەلەی کورد وەک یەک مەسەلە ئەو پشتیوانییە بکرێ.

**کەوانە**: هەندێ حزبی کوردیش هەر ئێستا چالاکیی چەکدارییان هەیە لە بەشەکانی کوردستاندا، هەندێ لە وڵاتانی زلهێزیش هەن کە رەنگە هاوپەیمانێتیان لە ناتۆدا هەبێ، ئەو حزبانە بە تیرۆریست دابنێن، رەنگە لە بەرامبەریشدا ئەوان

**بیروڕای خۆیانیان هەبێ، بۆ نموونە ئەوانیش دەڵێن مادام لە پەرلەماندا بە گفتوگۆ چارەسەری پرسی کورد ناکرێ، چەک دانانێین، ئایا ئەم چەک دانەنانە بە سوودی کوردە لەو بەشانەدا یان درێژەی پێبدەن باشە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وەکیلایەتیی هەموو میللەتانمان پێناکرێ، تەنانەت وەکیلایەتی کوردیشمان پێناکرێ، بەڵام بە باوەڕی من کورد بۆ خۆی قەت لایەنگری ئەوەی نەبووە بە چەک بەرگری لە خۆی بکات، کورد پەلامار دراوە، کە پەلاماریش درا، حکومەتگەلێکی زۆر زاڵمیش پەلاماری دەدەن. دوو ڕێگا لەبەردەمی دەمێنێتەوە، یان چەکدارانە پارێزگاری لە خۆی بکا، یان تەسلیم بێ بە مەزلومی وەکو بەرخ سەری ببڕن، ئەو وەختە ناچار دەبێ بە چەک بەرگری لە خۆی بکا، ئەگینا بۆچی بە وتەی نووسەرێکی باش دەڵێ حەزم لە قۆناخی رەقی تفەنگێک نیە لە بنی سەرمی دابنێم و لوولەی گەرمی تفەنگێک کە بە دەستمەوە بگرم، ئاخر کاتێ کە شەڕ دەکەی ناوێری دەست لە لوولەی تفەنگ بدەی. ئەوە گەرم دادێ کاتێک ئەو ئاگرەی بەنێودا دەڕوا. دەڵێ حەزم لەوە نیە، بەڵام چ دەکەم، هێرش دەکرێتە سەرم، ناچارم بەرگری لە خۆم بکەم. بۆ مەسەلە چەک دانانیش بە باوەڕی من چەک دانان داوایەکی دادپەروەرانە نیە، جیا لەو کاتانەی کە دەستەبەر بکرێ کە بەڵێ ئەتۆ کە چەکت پێیە چەکەکەت دانێ، بەڵام هاوکات لەگەڵ چەک دانانەکەش، ماف و ئازادییەکانیش، مافی سەلامەتی خۆشت دەستەبەر دەکرێ، دەنا بۆ ڕەوایە. ئەوەش کە باسی تیرۆریزمت کرد، ئەمن پێموایە هەر دەوڵەتێک کە بە بزووتنەوەیەک دەڵێ تیرۆریست، ئەوە ئەو بزووتنەوەیە نابێتە تیرۆریست. ئەو بزووتنەوەیە حەقانییەتێکی لە پشتە، هەتا ئەو حەقانییەتەی لە پشتە، بزووتنەوەیەکی ڕەوایە، جا یەکێ بە قازانجی خۆی ئەوە بە تیرۆریزم ناو دەبا، ئەوە کەیفی خۆیەتی. ئەو دەوڵەتانە کە بەشێک لە جووڵانەوەی کورد بە تیرۆریزم ناو دەبەن، پێمان خۆشە دۆستمان بن، پێمان خۆشە پارێزگاریمان لێبکەن، بەڵام ئەگەر سبەی ئەوان بە منیشیان وت تیرۆریست، ئەمن دەست لە کراس دەرناهێنم، بڵێم مادام ئەوانە فەرموویان ئەوا من تیرۆریستم، نەخێر ئەمن هەر ئازادیخوازم. داخوازییەکەم هەر ڕەوایە. خەباتی خۆم بەردەوام دەکەم.

**کەوانە**: **مامۆستا وەک ئەوەی دیارە یان لە مێژوودا خوێندوومانە، بەریتانیا یەکێک لەو وڵاتانە بووە یان ڕەنگە وڵاتانی تریش هاوپەیمانی بووبن لە دابەشکردنی کوردستان لە نێوان چەندین وڵاتدا، دابەشکردنە کۆنەکان لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا، هەروەها ئەم دابەشکردنە تازانە لە نێوان ئەم چەندین وڵاتە. یەکێک لە هۆکارەکان هەر ئەو وڵاتە بووە، لە حاڵێکدا لەملاشەوە راپرسی ئەکات بۆ ئەو کارە، ئەمە چ جۆرە سیاسەتێکە بەرامبەر بە کورد؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بۆ بە خراپی بزانین، ئەو کات کە کوردیان دابەش کرد، چەند وڵات بوون کە لە نێو خۆیاندا دابەشیان کرد، فەرنساشی تێدا بوو، بەڵام جارێکیان من لەگەڵ نوێنەرێکی ئەورووپایی دانیشتبووم لە چوارچێوەی

بەشی: سێهەم

ئینترناسیونالّ سوسیالیستدا قسەمان دەکرد، ئینجا باسی مەسەلەی کورد کرا، گروپی کاری کوردان هەیە، وتم کاکە پێمان قەرزدارن، ئێوە دابەشتان کردووین، ئێوە ئەو بەدبەختییەتان بە سەر هێناوین، ئێستا پێمان قەرزدارن، دەبێ هەوڵ بدەن ئەوە قەرەبوو بکەنەوە کە لەگەڵمان کراوە. ئەوەی کە لە بەریتانیا هەیە، شتەکە نەبووەتە سیاسەتێکی رەسمیی دەوڵەت، هیوادارم ببێتە سیاسەتی رەسمیی دەوڵەت کە بیهەوێ ئەو غەدر و ناحەقییە مێژووییەی بۆ کورد قەرەبوو بکاتەوە. ئەگەر وەختێک هاتووە خاکی کوردستانی دابەش کردووە، وڵاتەکەی داگیر کردووە، خێر و بەرەکەتەکەی بۆ خۆی بردووە، ئێستا بگەڕێتەوە سەر ئەوەی، ئەوە بە هەنگاوێکی باش دەزانم، بۆ بە خراپی بزانین. ئەگەر کەسێک هەر چییەکی کردبێ، خراپی کردبێ، ئێستا کە دێ ئەو خراپییەی قەرەبوو دەکاتەوە، خۆ من ناڵێم حەقت نیە تۆ ئەوەت کردووە و هەر ئەوەیت. بۆ نموونە ئێستا دەوڵەتی ئێران، کۆماری ئیسلامی با بێ سبەینێ بڵێ کورد حەقیان هەیە لە وڵاتی خۆیاندا خاوەنی مافی خۆیان بن، ئەمن خۆ ناڵێم لەگەڵت نایکەم چونکە تۆ دوێنێ کوشت و بڕی دێهاتەکەمت کرد. دەڵێم دە فەرموو ماڵت ئاوەدان بێ، وەرە دابنیشین.

**کەوانە**: بەڵام ئەگەر بە راستی ئەو کارە بکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە نیە، ئەمن بۆ نموونە دەڵێم ئەگەر ببێتە شتێکی جدی.

**کەوانە**: ئێستا کورد لە سوریا لە قۆناخێکی قەیراناویدایە، بەشێک لە حزبێکی کوردی ناهێڵێ کوردەکان لەوێ خۆپێشاندان بکەن بەرامبەر بە رژێمی بەشار ئەسەد، لەملاشەوە ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا رایگەیاندبوو کە کورد هیچ رەسمیەتێکی لەوێدا نیە و هیچ مافێکی نیە، لە حاڵێکدا شتێک کە بوونی هەیە ئێمە ناتوانین حاشای لێبکەین، کورد ئەبێ چی بکات، ئەو حزبانە کە خۆیان کوردن و رێگری لە خەباتی کورد دەکەن دەبێ چیبکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە سوریا زۆر غەدری گەورە گەورە لە چاو جێگەکانی تر لە کورد نەکراوە، نە ئەنفالی لێکراوە، نە ئەو کوشتارەی لێکراوە کە لە ئێران و تورکیا لە کورد کراوە، بەڵام سیاسەتی سوریا بەرامبەر بە کورد لە بارێکەوە لە هی هەموان خراپتر بووە.

**کەوانە**: لە چ بارێک؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بۆ نموونە ئێستا لە ئێران مافیان نەداوە بە ئێمە، بەڵام هەمیشە وتوویانە کوردەکان ئێرانیی رەسەنن،

کوردەکان ئاوان و ئاوهان، خاوەنی ئێرانن، هیچ نەبێ هەر بە درۆ وتوویانە ئێرانین، بەڵام لە سوریا دەیانوت سووریش نین، قبوڵیان نەبوو کورد سوریش بن، ئەوە سیاسەتێکی یەکجار دوژمنانە و شوڤێنیستی بوو.

**کەوانە**: کەواتە ئەمە جۆرێک لە ئەنفالی شەخسی نیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا، نابێتە ئەنفال چونکە ئەنفال مانای خۆی هەیە، ئەوە نیە بەڵام سیاسەتێکی دژە مرۆییە کە تۆ دان بە کەسایەتییە نەتەوەییەکەیدا نانێی، تەنانەت دان بە کەسایەتییە نیشتمانییەکەشیدا نانێی، بە خەڵکی وڵاتی خۆشتی دانانێی. غەدری وا لە بەشەکانی دیکە لە کورد نەکراوە. ئێمە ئێرانی بووین، رەگەزنامەی ئێرانیمان لە گیرفاندا هەبوو، لە عێراق هەموو کوردێک بوویەتی، لە تورکیا هەموو کوردێک بوویەتی، لەوێ نەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە سوریا هەیە و ئاماژەت پێکرد ئەوە شتێکی زۆر ناخۆشە کە لەو مەسەلە گەورەیەدا کە دەرفەتێک خوڵقاوە لەگەڵ ئەوەی کورد بۆ خۆی حەجمێکی بچوکە، جا ئەو جارەکە دابەشیش دەبێ، ئەوە شتێکی ناخۆشە. خۆزگە دەخوازم کە ئەوە نەبێ، لەوێ قازانجی حزبی زۆر دەسەڵاتدارە کە ئێستا حزبێکی سیاسی لەو دەرفەتەدا کە هەموو سوریا لە دژی حکومەتەکەی راپەریوە، حزبێکی کوردی کە چەند جار میللەتەکەی مەزلوومە، بڵێ نابێ تۆ خۆپێشاندان بکەیت، نابێ بێ دڵیی رژێمی بەشار ئەسەد بکەی. ئەوە شتێکی ناخۆشە. حزبایەتیی بەرتەسک و بەرچاوتەنگانەتر لەوەم نەدیوە. شتێکی خراپە. ئارەزوو دەکەم وا نەبێ.

**کەوانە**: یەکەم دەوڵەتی کوردی بە شێوەی کۆماری لە کوردستانی رۆژهەڵات دانرا، یەکێک پێی دەڵێ دەوڵەتی کۆماری مەهاباد و یەکێک پێی دەڵێ دەوڵەتی کۆماری کوردستان. ئێستاش هەندێ حزبی کوردستانی رۆژهەڵات هەن، دەیانەوێ هەر ئەو سیستمە، سیستمی کۆماری لەوێ دابمەزرێتەوە. گریمان دابمەزرێ یان نا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەس بە گشتی ئایا سیستمی کۆماری بۆ کورد لە هەر پارچەیەکدا یان سیستمی کۆماری بۆ ئێران وەڵامدەرەوەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێستا دەرکەوتووە کە سیستمی کۆماری لە هەموو وڵاتانی دنیادا، لە ناوەڕۆکی خۆیدا سیستمێکی دیموکراتیکترە، چونکە هەر ئەوەندە بەسە هێندێ وڵاتمان هەیە پاشایەتین، پاشایەتیی ئیسپانیامان هەیە، هۆڵەند، نەرویج، دانمارک و بەریتانیامان هەن. هەمانە کە پاشایەتین و پاشایەتییەکە ئەزیەتێکی بۆ خەڵک نیە، دیموکراتیکە، بەڵام هەر ئەوەندە کە دەسەڵاتەکە بە هەڵبژاردن نیە، ئەوە مانای ئەوەیە دیموکراتیک نیە. دوا بە دوای یەک دەبنە پاشا و پاشایەتی لە وڵاتانی ئێمەدا بەتایبەتی لە ناوچەکانی ئێمەدا نوێنگەی دیکتاتۆری و حکومەتی تاکەکەسی بووە. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئێران پاشایەتی بوو، رەنگە کەسێک بڵێ چۆن دەبێ لە وڵاتێکی پاشایەتیدا کۆماری

هەبێ.

ئێستا ئێمە لە ئێراندا دەبینین کە حکومەتەکە کۆمارییە. ئێستا جۆری کۆمارییەکەی چۆنە و چۆن نیە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. کەوابێ باشە ئێمە بۆ خۆمان لەو باوەڕەداین هەر وەکو حزبی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە کە لە ئێرانی ئایندەدا کە مافەکانی کورد بە رەسمی بناسن و ئێران ببێتە وڵاتێکی فیدرالی، پێمانخۆشە وڵاتەکەمان ناوی کۆماری کوردستان بێ. کۆماری کوردستان بەشێکە لە کۆماری ئێرانی فیدرال، ئەو ناوە پێمانوایە شتێکی باشە. ناوەکەش ناوی کۆماری مەهاباد نەبووە، تەنانەت ناوی کۆماری کوردستانیش نەبووە، ناوەکەی دەقاودەق ئەوە بووە دەوڵەتی جمهوری کوردستان. کۆمار دوایی بەکاری دەبەین لە جێگەی جمهوری. ناوی جمهوری کوردستان بووە. تەنانەت لە ناوەکەشدا دەوڵەتەکەی لەگەڵدایە.

کەوانە: بۆ ئەوە باسی سیستمی کۆماریم هێنایە کایەوە، ئەو وڵاتانەی کە سیستمی کۆمارییان تێدایە، بۆ نموونە کۆمارێک وەک ئێران، کۆمارێک وەک عێراق، ئەفغانستان، یان کۆمارەکانی تر چەند ساڵە هەن. لەم وڵاتانە کە کۆماری هەن بەردەوام شەڕ و ئاژاوە و کوشتن و بڕین هەبووە، سیستمێک نەبووە خەڵک لێی رازی بێ، هۆکارەکانی چین؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە وڵاتی ئێراندا پاشایەتیش هەبووە، ئێران دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پاشایەتی بووە، هەر شەڕ و کێشەشی تێدا بووە، ئەوە زۆر پەیوەندیی بەوەوە نیە سیستمەکە کۆمارییە. پاشایەتییە، میرنشینە، چییە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ یەکتر چۆنە.

کەوانە: هەندێ دەنگۆ هەیە، بەڵام نە کورد ئاشکرای دەکا و نە ئیسراییل، ئەگەر هەبێ کە گوایە پەیوەندییان پێکەوە هەیە، ئایا ئەگەر ئەم پەیوەندییە هەبێ، باشە یان پەیوەندی کورد - ئیسراییل بە گشتی چۆن ئەبینی ئەگەر هەبێ، یان ببێ باشە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەداخەوە پرسی کورد پرسێک نیە تا بڵێی کورد هەیەتی، چونکە کورد یەک دەوڵەت نیە، کورد یەک حزب نیە نیە، بەش بە حاڵی خۆم ئاگام لە هیچ ئەڵقەیەکی پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ ئیسراییل نیە، بەڵام بە باوەڕی من ئیسراییلیش دەوڵەتێکە وەکو هەموو دەوڵەتان، کوردیش میللەتێکە وەک هەموو میللەتان. کورد مافی هەیە پەیوەندیی لەگەڵ هەموو دەوڵەتان هەبێ، یەکێک لەوانە ئیسراییلە، بەتایبەتی کە دەوڵەتەکە لە ناوچەکەشدایە. ئیسراییلیش وەکو دەوڵەتێک مافی هەیە لەگەڵ وڵاتان، پێش هەموان وڵاتانی دەوروپشتی، پەیوندیی سالمی هەبێ. ئێستا لە ناکۆکیدان.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

ئەمن بەتاقی تەنیاش بم لەهەندێ بواردا بۆ خۆم مەحکومی دەکەم، لەپرسی نێوان فەلەستین و ئیسراییلییەکاندا، ئەمن ئیسراییل بە تاوانبار دەزانم. هەر بە پێی یاسای نێونەتەوەییش، بڕیاری ٢٤٢ لە ساڵی ٦٧ دەرچووە بۆ بەجێهێشتنەوەی خاکە داگیرکراوەکان، هەتا ئێستا نەک هەر بەجێی نەهێشتووە، بەڵکو ئەو داگیرکەرییەی هەر پتر قایم دەکا، مەجلیسی ئەمنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو بڕیارەی دەرکردووە. مەبەستم ئەوەیە لەوبارەیەوە بە ناحەقی نازانم، ئیسراییل حەقی هەیە بژی، حەقی هەیە دەوڵەتی هەبێ، حەقی هەیە لەگەڵ دراوسێکانیشی پێش هەموان لەگەڵ فەلەستینیەکان و لەگەڵ سورییەکان و ئەردەنییەکان و میسرییەکان کە هاوسنورن پەیوەندییەکی سالم و ئاشتیخوازانەی هەبێ، من وا سەیری دەکەم. جارێکی لە کونفرانسێکی نێونەتەوەییدا بوو، حزبێکی سیاسی لەگەڵ نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئیسراییل یەکتریان بینی و چاک و چۆنییان کرد، هەندێک پیان سەیر بوو، گوتم ئەرێ کاکە بۆ پێتان سەیرە، ئەوە نیە شیمۆن پرس و عەرەفات یەکتر لە باوەش دەگرن. شتێکی زۆر سروشتییە، هیچ تاوان نیە.

**کەوانە:** ئێستا یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی - ڕەنگە ئەمە پەیوەندیی بە سیاسەتیشەوە نەبێ بەڵام لەوانەیە لەولاشەوە پەیوەندییەکی هەبێ - فیفا، تۆپی پێ ی هەرێمی کوردستانی بە ڕەسمی ناسیوە، وەک ئەوەی کە ئاڵاکەی لە ڕیزی ئاڵاکاندا بناسرێ. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئەو شوێنانەی کە لە ڕیزی وڵاتانی فیفادا بن، یان دەوڵەتن یان وڵاتێکن کە بە ڕەسمی ناسراون. ئایا ئەمە نیشانەیەک نیە لەوەی کە وردە وردە خەریک بن یان بیانەوێ یارمەتیی کورد بدەن بۆ دروستبوونی دەوڵەت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمە شتێکی زۆر باشە، زۆر شتی دیکە هەیە کە پیاو پێی سەربەرز و خۆشحاڵ دەبێ، پێموانیە لە دنیادا هەبێ بەرپرسی حکومەتێکی هەرێمی بچێ لە گەورەترین وڵاتی دنیادا لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە پێشوازیی لێبکرێ، کە هەر دوێنێ و پێرێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوو لە کۆشکی سپی لە لایەن بەرپرسی گەورەترین دەوڵەتی دنیا وەرگیرا، ئەوە شتێکی باشە، نیشانەی ئەو بایەخەیە کە بە خۆشییەوە کورد و مەسەلەکەی پەیدایان کردووە. ئەوانەش بۆ خۆیان باشن، بەڵام ئەوە بە مانای بەرەسمی ناسین نیە، فیفا ڕێکخراوێکی وەرزشییە کە هەنگاوەکە زۆر باشە، نیشانەی بایەخیەتی، خۆشم شکم هەیە کە ئەوە قەدەغە بێ. شیمانە بکە بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ هەرێمی باسک لە ئەسپانیا تیپێکی وەرزشی بناسرێ، ئەوە شتێکی نادر و نامۆ نیە، بەڵام ئەگەر بشبێ، ئەگەر لە جێگەی دیکەدا بێ و لێرە نەبێ، ئەوە شتێکی باشە، جێگەی دڵخۆشییە، نیشانەی ئەوەیە کە کورد قەدری ئەگیرێ، دەرک دەکرێ، بەڵام بە واتای ئەوە نیە کە سەربەخۆییمان بە ڕەسمی ناسراوە چونکە فیفا بڕیاردەر نیە، دەوڵەت نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٢

## د.قاسملوو لە مێژووو لە هەناوی حیزبی دێموکرات دا؛

## وتوویژ لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە

**دیمانە: ئازاد شێخی**

خوێنەرانی بەرێز! ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژێکە لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە و تایبەت بە ژیان و رۆڵی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە پێنج ساڵ لەوە پێش ئەنجام دراوە. دیمانەکە ئەو کات لە رۆژنامەی هاوڵاتی چاپی باشووری کوردستان دا بڵاو کرایەوە. چونکە ئەو کات دیمانەکە نەهاتە سەر تۆڕی ئینترنێت و رەنگە زۆربەی خوینەران نەیاندیتبێ، بە پێویست زانرا جارێکی دیکە و لە بیست و سێهەمینساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو دا سەرلەنوێ بڵاو بکرێتەوە.

**پرسیار**: بەرێز مامۆستا، سەرەتا پێمان خۆشە باسی یەکەم ئاشنا بوونت لە گەڵ خوالێخۆشبوو د.قاسملوو بکەی، یەکەم جار چۆن لە گەڵی ئاشنا بووی؟

**وەڵام**: پێش ئەوەی جوابی پرسیارەکەت بدەمەوە، چونکی ئەو وتوێژە لە سەروبەندی ١٨ هەمین ساڵی شەهید بوونی د.قاسملووەو دا، ئیجازە بە خۆم دەدەم سڵاوێک لە یادی د.قاسملووی نەمر بکەم و سڵاو لەو کەسانە بکەم کە سادقانە باوەڕیان بە ڕێبازی د.قاسملوو هەیە کە دیارە هەر رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، رێبازی پێشەوا قازی محەممەد و قاسملوو و هەموو رێبوارنی رێگای ئازادی، سڵاو لەوانیش بکەم و سەرکەوتنیان لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامانجی پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندیو هەموو شەهیدان، بۆ بە ئاوات بخوازم.

ئەمن پێش ئەوەی کە د.قاسملوو لە نیزیکەوە بناسم لە دوورەوە لە گەڵ ناوی ئاشنا بووم، دەبێ ئیعتراف بکەم کە ئاشنایەتی لە گەڵ ناوی دوکتورتا رادەیەکی زۆر تاریکو لێڵ بوو. دەگەڵ شەهیدی نەمر" مەلا ئاوارە" هەر ئەوەندەمان لە سەری دەزانی کە رەحمانی قاسملوو - نەک د.قاسملووش - پیاوێکی خوێندەوارەو لە دەرەوەی وڵات لە چێکۆسلۆواکی دەژیو تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بووەو، ئێستەش پێوەندیی لە گەڵ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ هەیە.

**بەشی: سێهەم**

بە داخەوە بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ پاش ١٨ مانگ خۆراگری سەرکوت کرا و پێوەخرا تا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی و دەرچوونی ڕێکەوتننامە یا بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە ڕێکەوتنێک بوو لە نێوان سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کورد بە ڕێبەریی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق کە ئەو وەختی سەرکۆمارەکەی " ئەحمەد حەسەن بەکر" بوو.

لەو مناسەبەتەدا بوو کە د.قاسملوو بە حوکمی ئەوەی پێوەندییەکی نیزیکی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و شەخسی مەرحومی بارزانی هەبوو، گەڕایەوە بۆ کوردستان و سەردانی مەلا مستەفای کرد بۆ پیرۆزبایی ئەو ڕێکەوتننامەیە، لەو وەختەدا ڕەفیقێکی ئێمە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە مەنتەقەی گەڵاڵە یا مەنتەقەی چۆمانێ بوو کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لێ بوو. لەوێ چاوی بە د.قاسملوو کەوتبوو، هێندێک قسەیان کردبوو، بۆ ئەوە بڕیارێکیان دابوو کە دیدارێکی دیکە هەبێ لە بەینی ئێمەو د.قاسملوودا بۆ وەی بیر لەوە بکەینەوە چۆن ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کە زۆر پەرش و بڵاو بوون ڕێک بخەینەوە. کە دەڵێین پەرش و بڵاو بوون، ئاوا بوو، بێجگە لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لە ئوروپا بوون، کە ئەوانیش لە ڕاستیدا یەک دەست نەبوون و پێکەوە کاریان نەدەکرد، بەشێک لە مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانیدا بوون کە ئێمە لەوێ بووین، بەشێکمان لە نێو حکومەتی عێراقێ دەژیان لەلای دەوڵەتی عێراقی نەوعێک پەنابەرییان وەرگرتبوو، بەشێکمان لە گەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوون کە ئەو وەختی دوو دەستەیی یەک لە نێو پارتی دیمۆکراتی کوردستان دا هەبوو. بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە ئەوەندەی مومکینە سەروسامانێک بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بدرێتەوە، بڕیارەکە درابوو کە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە. ڕەنگە ئەوە ڕەخنەیەکی گەورەی پێ واریدبێ، بەڵام بە ڕاستی لە بیرم نیە کە چەندی خایاند، حەتمەن لە مانگ کەمتری پێ نەچوو کە د.قاسملوو جارێکی دیکە هاتەوە بەغدایە، ئێمەش هەر بۆ ئەو مەبەستە لە کوردستانەوە چووین و لە بەغدایە لە گەڵ د.قاسملوو و هێندێک ڕەفیقی دیکە کە لە گەڵ د.قاسملوو بوون ئاشنا بووین.

**پرسیار:** ماموستا ئەوەندەی جەنابتان لە بیرت بێ بۆ یەکەم جار کاک د.قاسملوو چۆن بوو بە ئەندامی حیزب؟ یان لای کێ بوو بە ئەندامی حیزب؟ ئەوەندەی بزانی....

**وەڵام:** بە بێشک ئەمن ئەوەم لە بیر نییە چونکی د.قاسملوو هەم تەمەنی لە من زیاترە و هەم تەمەنی هاوکاریی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشترە، بەڵام وەکوو دەزانین د.قاسملوو لە ڕێگای یەکیەتیی لاوانەوە ڕێی کەوتۆتە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە ساڵی ١٣٢٥ دا تاریخەکەی نازانم بە دەقیقی کەنگێ یە. لکی یەکیەتیی لاوانی

بەشی: سێهەم

دێموکراتی کوردستان لە ورمێ کە دامەزراوە ئەو سەر پەرستی بووە، لە نەتیجەدا لە حیزبی دێموکرات نزیک بۆتەوە، کەنگێ بۆتە ئەندام بە داخەوە نەک هەر لە بیرم نییە، هەر نەشم بیستوە هەتا بۆ خۆشی ئەوەندەی لە بیرم بێ لە هیچ جێیەک دا سەبتی نەکردوە.

**پرسیار**: مامۆستا، ئاماژەت بەوە کرد بۆ یەکەم جار هەر لە دوورەوەو هەر بە ناو د.قاسملووتان دەناسی کاتێک لە نزیکەوە لە گەڵی ئاشنا بوون لە گەڵ شەخسیەتیکی روبەروو ئاشنا بوون ئایا تەسەورتان ئەوە بوو کە پێشتر هەتان بوو یان تەسەورتان گۆڕا یان شەخسیەتێکی دیکەتان بینی کە رووبەروو لە گەڵی ئاشنا بوون؟

**وەڵام**: رەنگە زۆرم پێوەنەنابێ ئەگەر بڵێم وەختێکی د. قاسملووم لە نزیکەوە دی زەرفیەتی دەرکی عەزەمەتی د.قاسملووم نەبوو. د.قاسملوو دەریایەک بوو. ئەمنیش زۆر لە ئێستا سادەتر بووم، زۆر لە ئێستا کەم ئاگاهی‌تر بووم، چونکی من لە نێو کاری سیاسیدا بووم، زۆر کۆن بوو لە کاری سیاسیدا بووم. بەڵام لە نێو کاری سیاسیی فەعالدا نەببووم. ئەو وەختی کە لە کوردستانی خۆماندا بووین، بە قەولی فارسی "ئەمن زۆر خام بووم". بەڵام شتێکی کە لە بیرم ناچێتەوە ئەوە بوو کە د.قاسملوو چونکی زۆر کەم لە دێهاتی ژیابوو، لە دێهاتی لەدایک ببوو لە پاشان چوبووە ورمێ و لە ورمێ ڕا چووبووە تارانێ و چوبووە دەرەوە، زیاتر دەگەڵ فارسی زمان و ئازەری زمانەکان قسەی کردبوو و ئەو دوو زمانەشی بە حەددی کافی دەزانین یا بڵێین بە حەددی باشی دەزانین لە بەر ئەوە وەکوو غەیرە کورێک قسان بکا ئاوا بوو. هەم لە سەر وشە و زاراوە پەکی دەکەوت، هەم کە قسەی دەکرد زیاتر وەکوو غەیرە کوردێک قسە بکا مەسەلەن، "ع"ی نەبوو "ح"ی نەبوو. زۆر جار بە گاڵتە پێمان دەگوت عەجەم. بەڵام لە باری فکرییەوە کە بۆ ئێمە دەرکی رادەی زانست و تێگەیشتن و ئاگایی د.قاسملوو بە راستی ئاسان نەبوو، یانی گەورەتر بوو لەوەی کە بیستبووم.

**پرسیار**: مامۆستا، کاتێک کە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە، لە کونگرەی ٢ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا د.قاسملوو دژایەتیی دەکرێت لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە یان بڵێین لە دەرەجەی ئەوەڵ دا ئەحمەد توفیق. هۆکاری دژایەتیی ئەو رێبەرایەتییە یان خودی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ د.قاسملوو بۆ چ دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: وەکوو دەڵێن ئەمن شاهیدی زیندووی قەزیەکە نەبووم، بەڵام ناکۆکیی نێوان د.قاسملوو و جەرەیانی مەرحومی عەبدوڵا ئیسحاقی لە کونگرەی ٢ دا نییە، زۆر پێش کونگرەی ٢ یە. کونگرەی ٢ لە ساڵی ١٣٤٣ دا گیراوە، لە حالێکدا ئەو ئیختلافە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٣٧ و ٣٨ و ٣٩ کە ناکۆکییەکی عومدەتەن فیکری لە بەینی د.قاسملوو لە لایەک و کاک ئەحمەد توفیق لە لایەکی دیکەدا هەبوو، بە جۆرێک کە تۆزێک لە لەفافەدا بۆی دەچم، وای لێهات کە د.قاسملوو بە

دەسیسەی ئەحمەد تۆفیق هەر لە عێراقێ وەدەرنرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەختی. بەڵام لە کونگرەی ٢ دا ئەحمەد تۆفیق بڕیارێکی بە ڕادان دا لە سەر د.قاسملووی کە د.قاسملوو لە حیزب دەرکرا و تەنانەت تۆمەتی خەیانەتی درایە پاڵ و ئەوەش تەنیا شاکاری کونگرەی ٢ نەبوو، لە کونگرەی ٢ دا ئەوەی بە د.قاسملوو کرا خراپ تر لەوە بە قازی محەممەدی کرا. بەیانێکی کە کونگرەی ٢ دەری کرد ـ بەیانی کۆتایی کونگرە. هیچی بە خودی قازی محەممەدو ڕێبەرانی کۆماری کوردستانەوە نەهێشتبوو، کە ئەوە ئالۆزییەکی زۆری پێک هێنا کە وای لێهات ئەمن شەخسەن لە بەهارەکەیدا سەرێکی کوردستانی گەرمێنم دا و لە گەڵ ڕێبەرانی حیزب دانیشتم، هەر بۆ خۆم کە بەیانەکەم دی زۆر ئیعترازم پێی بوو کە چۆن جەریانێک کە شانازیی تاریخی میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی یە ئاوا هوجوومی دەکرێتە سەرێ! کە دیار بوو پێش من خەڵکی دیکە ئیعترازەکەی پێ کردبوون. گوتیان ئەتۆ بەیانییەی ١٠ی خاکەلێوەت نەدیوە. گوتم نەوەڵا، گوتیان ئێستە بۆت دێنین. کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو چووین بۆ نان خواردنێ، لە سەرنان خواردنێ نوسخەیەک لە بەیانییەکەیان بۆ هێنام ئێستە ١٠ی خاکەلێوەش نەببوو، بەڵام ئامادەیان کردبوو، کە تەماشام کرد تەقدیرو تەجلیل لە نەقشی پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرانی جمهوری کراوە. لە پاش نیوەڕۆیە سەعاتی ٣ و ٤ جارێکی دیکە دانیشتینەوە، کۆبوونەوەکان زۆر درێژەیان کێشا زۆر تەوەجوهیان کرد، لەوێ ڕوحی شاد بێ کاک سولەیمانی موعینی لێی پرسیم بەیانییەکەت خوێندەوە گوتم بەڵێ خوێندمەوە. گوتی پێت چۆن بوو؟ گوتم بۆ خۆی باش بوو بەڵام نابێتە کەفارەتی گوناحی بەیانییەی کونگرەی.

**پرسیار**: ئێوە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ئەو کاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کاتێک کە پاش پرش و بڵاوی، یان ئەوەی کە دادەبڕێن و ئێوە هەر یەکی لە شوێنێک دەبن. کاتێک د.قاسملوو دەگەڕێتەوە، ئێوە لە چاپخانەی ئەبوونەواس لە بەغدا کۆدەبنەوە، لەوێ کومیتەیەک هەڵ دەبژێرن کە لە بەرنامەی حیزب دا یان لەو کاتی حیزب هیچ قەرارێکی لە سەر نەدرابوو کە ئەو کەسانە سەلاحییەتی ئەوەیان هەبێ. بەڵام ئەوەندەی بزانم، ئێوە کۆمەڵێکی دیکەتان هەڵ بژارد وەک ڕێبەری. ئەو کۆبوونەوەیە چۆن پێک هات، ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چ بوون، د.قاسملوو چ نەخشێکی لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو؟

**وەڵام**: پێموابێ لە کتێبی نیوسەدە تێکۆشانیش دا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە نازانم چەندە بە درێژی و بە ڕوونییە، داستانەکە ئەوە بوو کە ئێمە دەمان هەویست یەک بگرینەوە، ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەیەکی بەرینمان گرت کە ئەو وەختی چونکی ئێمە نەمان دەزانی ئەو ئیستلاحە سیاسییانە چۆنن، ناوی پلینۆممان لە سەر دانا. چەند نەفەرێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیمان هەبوون خەڵکێکی زۆریش لە کادرەکانی حیزبی لە دەوروبەری شوێنی کومیتەی ناوەندی کە ناڵێم ماڵێک بوو، دەڵێم ژوورێک بوو، تاقە یەک ژوور بوو لە شوێنێکی ناوچەی ئاکۆیان، لەوێ

کۆبوونەوەمان کردبوو بڕیارمان دابوو پێشمان ئیبلاغ کرد کە: ئێمە د.قاسملوو وەردەگرینەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە هیچ، تەنانەت حازرین پەیڕەویش لە نەزەراتی وی بکەین، کە خودی د.قاسملوو وەختێکی خوێندبوویەوەو لە پاشان دیتی گوتی ئەوە شتێکی زۆر نادروستە، چون کومیتەی ناوەندی پەیڕەوی لە نەزەراتی کەسێکی دەکا کە بۆ خۆی ئەندامی کومیتەی ناوەندی نییە ، یان چون دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە حاڵێکدا ئەوان کومیتەو کونفراسێک هەڵی بژاردوون؟ بەڵام وەختێکی بۆ ئەو مەبەستە یەکمان گرتەوە، ئیحتیاجیش بە کەسێکی وەکوو د.قاسملوو لە باری فیکرییەوە، لە باری تەشکیلاتییەوەو بە تایبەتی لە باری ئوسوولی حیزبی یەوە زۆر زەق هەست پێ دەکرا، مەرحوومی د.قاسملوو گوتی: ئەمن نایەمە نێو ئەو کومیتە ناوەندییەی، ئەو کومیتە ناوەندییە کە بریتی بوو لە چوار عوزوی ئەسڵی، یەکێکیان لەوانە بوو کە لە کۆنگرە هەڵ بژێردرابوو کاک ئەمیری قازی، سێیان ئەوانە بوون کە لە کونفرانس دا هەڵ بژێردرابوون . کونفراسی ٢ کە شتێکمان کرد ناومان نا تەرمیمی کومیتەی ناوەندی، لەوێدا هەڵبژێردرا بوون، گوتی: بناغەی ئەو کومیتەی ناوەندییەی هی کونگرەی ٢ یە، کونگرەی ٢ منی بە خائین ناساندوە، کە وابێ ئەمن نایەمە نێو کومیتە ناوەندییەکی کە ئەوەبێ. بەحسێکی زۆر دوورو درێژمان بوو، لە راستیدا ئێمە کە ٣ کەسمان چووبووین کاک ئەمیری قازی بوو کاک حەسەن رستگار بوو، ئەمن بووم، ئێمە ئەمن و کاک ئەمیر هەتا سەر موخالیفەتمان کرد گوتمان ئەوە نابێ، ئێمە جێگەی تۆ دەکەینەوە هاوکاری دەکەین بەڵام کومیتەی ناوەندی رازی نابێ هەڵی وەشێنینەوە. لە ئاخرەکەی دا پێم وایە، لە بیرمە کاک حەسەن رستگار وا بزانم هێناویشمە گوتی: کاکە ئێوە ئەگەر ئەو شەڕە ئیدامە دەدەن ئەمن خواحافیز، ئەمن شەڕی قاسملووم پێ ناکرێ، جەبهەکەی ئێمە شکا، بۆیە رازی بووین بەوەی کە کومیتە ناوەندییەکی پێک بێنین کە لە بنی ڕا نە کۆنگرەیەک نە کۆنفرانسێک، هیچی لە پشت نیە.

یانی لەو کۆبوونەوە چوکەڵەیەدا نازانم ئەو ریستورانە لێی کۆببووینەوە ناوی ئەبوو نەواس بوو یان نا، بەڵام لە کەناری دیجلە مەنتەقەیک هەیە کە پێی دەڵێن ئەبوو نەواس، جادەیەکیشی پێدا دەڕوا هەر بەو ناوە، ریستورانی جۆراوجۆری لێ بوو، یەکێکیان ناوی ئەبوو نەواس بوو بەڵام شایەد لەوێ نەبوو، لەوێ کۆبووینەوە ٦ کەس بووین، ٧ کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لەو کومیتە ناوەندییەدا بوو ئەوە بە بێشک لە پێکهاتنی ئەو کومیتە ناوەندییە دا لە کارەکانی ئەودا نەقشی د.قاسملوو نەقشێکی زۆر بەرچاو و بەرجەستە بوو، دەکرێ بڵێین د.قاسملوو بە تەنێ لایەک بوو ئەوانی دیکەمان لە زۆر شت دا بە هەموانمان لایەکی دیکەی بووین، ئەوە داستانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

**پرسیار**: کاتێک کە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە عێراق و ئێوەش وەک کەسایەتییەکی ئەو کاتی حیزب لە گەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەران دەچن بۆ ئەوەی د.قاسملوو بێننەوە یان داوای لێ بکەن بگەڕێتەوە ناو ریزەکانی حیزب، بەڵام ئەو مەرجێک دادەنێ، ئەو دێ داوا دەکا کە دەبێ حەتمەن کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمین سیراجی لە گەڵ بێ. پێ داگریی

د.قاسملوو لە سەر ئەو دوو کەسە بۆ؟ لە حاڵێک دا کێشەیەکی دیکەشی هەبوو لە گەڵ جەنابت دا، ئەوەی کە دەبێ کونگرەی ٣ نەبێ، بەڵکوو دەبێ کونگرەی ٢ بێ. کۆمەڵێک مەرجی دیکەی هەبوو چۆن بوو ئەو مەرجەی دەیهەویست بسەپێنی بە سەر ئەو جەمعەی کە دەیان ویست د.قاسملوو بگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: ئەوە دوو مەرحەلەیە. مەرحەلەی ئەوەڵێ ئەوەیە کە د.قاسملوو ئیسراری هەبوو کە ئەو دوو سێ برادەرەی لە گەڵ بن، هەر کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی نەبوون، برادەرێکی دیکەش بوو کە ئەویش نەماوە بە ناوی "یوسف ریزوانی" کە مەشهوور بوو بە " عەبدوڵڵا شلێر" ئەویشی هەر لەگەڵ بوو، حەساسیەتێک کە ئێمە بوومان ڕەنگە ئەمن نەم بوو، بە راستی ئەمن نەم بوو چونکی ئەمن زۆر رەفیق بووم لە گەڵی، لە سەر کاک محمد ئەمین سیراجی بوو، بەڵام کاک محمد ئەمین سیراجی لە نێو بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ دا بوو، بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندییش لە گەڵ بزووتنەوەکە نەبوون، جگە لەوە هێندێک تێ بینی یان لە سەری هەبوو کە رەنگە تێ بینی یەکان نەم هەوێ باس بکەم، هێندێک وارید بوو هێندێکیان وارید نەبوون، ئیسرارەکەی کاک دوکتوری لە سەر هەموویان بوو بەڵام، موخالیفەتەکەی برادەرانی مە لە سەر کاک حەمەدەمینی سیراجی بوو تەنانەت ئەو پلینۆمە بریاری دا بوو کە محمد ئەمینی سیراجی بە هیچ جۆرێک نابێ وەر بگیرێتەوە. هەتا دوایەش کە بریار دراو وەرمان گرتەوە، لە گەڵ موخالیفەتێکی زۆری کادرو ئەندامانی حیزب لە کوردستانی گەرمین بەرەو ڕوو بوو، دەلیلەکەی دوو شت بوو، یەکێکیان لە باری فکرییەوە ئەو وەختی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا دوو خەتی فکری هەبوون، فکرێکی چەپی کە دەکرێ پێی بڵێین فکرێکی دەستە چەپی ئەگەر پێی نەڵێین فکرێکی کۆمونیستی. ئەوی دیکەیان فکرێکی ناسیۆنالیستیی بەرچاوتەنگ و تا حەددێکی زۆریش دەستەڕاستی بوو، کە فکری ئەوەڵ د.قاسملوو نمایندەگیی دەکرد یا بڵێین عونسوری هەرە بەرچاوی بوو، فکری دووهەمی مەرحوومی ئەحمەد تۆفیقی. یەکێکیان ئەو هاوفکرییە بوو، دەلیلی دیکەشی ئەوە بوو پێکەوە کاریان کرد بوو. ئێستە د.قاسملوو حازر نەبوو رەفیقەکانی بە جێبێڵێ و بۆ خۆی بێ لە گەڵ جەمعێکی دیکە هاوکاری بکا. ئێمە کە تەسلیم بووین بە نەزەراتی د.قاسملووی، دەبێ قبوڵ کەین بێجگە لەوە کە ئیحتیاجییەکە یەکجار زۆر بوو، بە جۆرێک لە جۆران ئێمە هاتین قەرارێکی کە جەمعی گەورەتر لە خۆمان دابوویان ئەو قەرارەمان شکاند، بە شێوەیەکی غەیرە ئوسووڵی بە پێی ئەو وەختی ئەوەمان قبول کرد ئەو شەرتەی د.قاسملوو. بەڵام بەشێک لە دەلیلەکانی ئەوە بوو کە جەبهەکەی ئێمە کەلێنی تێ کەوت کە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە کارەکە لە باری ئەساس نامەیی یەوە کارێکی خەراپ بوو، بەڵام ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دواتر دا نەسیبی بوو لە شانازییەکان، دەتوانین بڵێین هی ئەو قەرار شکاندنە بوو، ئەوەش موهیم ترە.

**پرسیار**: مامۆستا کاتێک کە کۆمار دەڕووخێ، تا وەکوو چەندین ساڵ دواتر بەرنامەی ئەو حیزبە وەک خۆی دەمێنێتەوە. یانی هیچ ئاڵۆگۆرێکی تێدا پێک نایە، یەکەم جار کە بەرنامەو ئەساسنامە دوای تێک چوونی کۆمار دەسکاری کراوە یا داڕێژراوە

بەشی: سێهەم

**بە شێوەیەکی مۆدێڕن، بۆ حیزبێک کە بتوانێ کاروباری خۆی لەو راستایەدا بەرێتە پێش کەی دەسکاری کرا د.قاسملوو چەندە لە دارشتنەوەی ئەو بەرنامەو ئەساسنامەیەدا شوێن دانەر بوو؟**

**وەڵام**: ئەگەر بکرێ پێی بڵێین بەرنامە و ئەساسنامە نەک لە دەورانی کۆماردا بەڵکوو لە پێش دامەزرانی کۆماردا نووسراوە شتێکی زۆر کورت و موختەسەرە، زیاتر وەکوو مەرامنامە حەق وایە باسی بکەی، چونکی چەن ئەسڵێکی کوللین کە ئەو وەختی نووسراوە ئیدی دەسکاری نەکراوەتەوە و تەنانەت بەلای زۆر کەس نەش بووە. ئێمە ئەندامی حیزب بووین شتێکمان بە ناوی بەرنامە و ئەساسنامە نەدیبوو. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە بیرمە عومرم ١٣ ساڵ و سێ مانگ بوو کە بووم بە ئەندامی حیزب، لە حاڵێک دا دواتر نازانم ئەو وەختی نەنووسرا بوو، بەڵام دواتر ١٨ ساڵمان دانا بۆ تەمەنی ئەندامەتی. بەڵام ئەتۆ گوتت کەنگێ بە شێوەی مودێڕن. ئەمن ئەگەر بڵێم بە شێوەی مودێڕن، دەبێ بڵێم لە دوای ساڵی ١٩٧٠، ئەو وەختەی ئێمە دەگەڵ د.قاسملوو یەکمان گرتەوە. د.قاسملوو بەرنامە و ئەساسنامەیەکی گەڵاڵە کرد و هەموومان دەسکاریمان کرد، دەتوانم مودێڕنەکەی بۆ وەی دابنێم. بەڵام دەسکاری کردنی یەکەم جاری، ساڵی ١٣٤٢ دەسکاری کراوەو لە کۆنگرەی ٣ دا کە ساڵی ١٣٤٣ پێک هاتوە لەوێ دا پەسەند کراوە. ئەویان بەرنامە و ئەساسنامەیەکی زۆر دووردرێژە و بەڵام ئیدی ناکرێ پێی بڵێین مودێڕن بەراستی چونکی (ئێستا بریا بە دەستەوە بایە) وەکوو شتێکی عەنتیکە دەهاتە بەر چاو. یانی لە باری موحتەواوە زۆر سادە دەهاتە بەر چاو، بە هیچ جۆر شتێکی مودێرن و رێکوپێک نەبوو. لە وەدا د.قاسملوو هیچ نەقشێکی نەبوو لە حاڵێک دا لەوەی دواتر کە بە شێوەیەکی جوانتر و رێکوپێکترو عیلمی‌تر نووسرا بوو د.قاسملوو نەقشی هەرە ئەساسی هەبوو، یانی ئەو دای ڕشت، نووسی، لە پاشان هێنای ئێمە ئەوەندەی توانای فکریمان هەبوو قسەمان لە سەرکرد و دەستکاریمان تێدا کرد.

**پرسیار**: لە نیو سەدە تێکۆشاندا هێناوتانە، بگەرێنەوە رابردووتر عەبدوڵڵا ئیسحاقی و هاوبیرانی بە رێگایەک. وا نووسیوتە کە ناکرێ ئێستا دەلایلەکەی باس بکرێ، د.قاسملوویان لە عێراق وەدەرنا. پاش چل ساڵ زیاتر وەختی ئەوە نەهاتوە کە باسی ئەو هۆکارە بکرێ کە د.قاسملووی لە عێراق پێ وەدەرنرا؟

**وەڵام**: ئەمن لە پێشەوەش باسم کرد کە بە شێوەیەکی نارِوون باسی دەکەین. بەڵێ بە داخەوە دەورانی ئەوە کە رەنگە ئەمن نەیبینم ئارەزوو دەکەم ئێوە ببینن، ئەو شتانە بگوترێن وەکوو حەقایقی تاریخی بگوترێن بێ ئەوە هیچ شتێکی خراپی لێ شین بێتەوە هێشتا نەهاتوە. ئێستێ زۆر حەقایقی روونی تاریخی هەن ئەگەر باسیان بکرێت وا تەماشا ناکرێن کە ئەوە تاریخ چۆنە وا باس کراوە بۆ ئەوەی بەرەی تازە لێی ئاگادار بێ و وەک ئەمانەت و شتێکی تاریخی بنووسرێ. هێندێک ئاڵۆزی سیاسی و فکری و دیپلۆماسیی لێ شین دەبێتەوە، لە بەر ئەوە بە داخەوە جارێ وەختی نەهاتوە. دەزانم ئەمن نای

بینم چونکی ئەمن زۆر دەژیم دەساڵی دیکە بژیم کە رەنگە نەژیم. بەڵام بە دە ساڵی دیکە بەداخەوە ئایندەی کورد و کوردستان و کوردەواری وا نابینم کە بڵێین هەموو شتەکان دەڵێین بۆ ئەوەی تەفسیری خراپی لێ بکرێ.

**پرسیار**: لە بەرەبەری رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران و بەرەو ئینقلابێکی نوێ لە ئێراندا، ئەو دەستە لە تێکۆشەرانی حیزبی کە لە عێراق دا بوون، دەیانەویست جموجۆڵێکیان لە ئێراندا هەبێ لە کوردستان دا، بە تایبەتی ئێوە لەو سەردەمەدا کومیتەیەکتان بە نێوی کومیتەی زاگرۆس پێک هێنا. ئەو کومیتەیە چۆن پێک هات ئامانجەکانی چی بوون ئەندامەکانی کێ بوون و چۆن دەستتان بە کارەکانی خۆتان کرد؟

**وەڵام**: ئەگەر "بەرەبەر" بە مانای چەند ساڵێک بێ دەبێ، بەڵام ئەگەر بە مانای چەند مانگێک بێ، وانییە. ئێمە لە چەند ساڵ پێش ساڵی ١٣٥٧ وە دەستمان کردبوو بە هێندێک کار کردن لە نێو کوردستان و تەنانەت لە هێندێک باردا زۆریش چووبووینە پێشێ، مەسەلەن دەتوانم بڵێم رێکوپێک ترین رێکخراوی خوێندکاریمان لە دانشگای تارانێ هەبوو. یانی لەو ماوانەدا قەتمان رێکخراوی خوێندکاری لە تارانێ لەو وەختی بە قەووەت تر نەبوو. کاری تەشکیلاتیمان لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان دیسان دەست پێ کردبوو. بەڵام پێش ئەوەی کە کومیتەی زاگرۆس پێک بێ، نزیک بە چوار ساڵ پێش ئەو وەختی، ئێمە شتێکی دیکەمان پێک هێنا. هەر ئەو وەختی ناوی "سیامی"مان لە سەر نا، یانی کومیتەیەکی سیاسی ـ نیزامی. مەبنایەکەی ئەوە بوو کە هەیئەتێکی پێک دێنین بۆ ئەوەی بگەرێنەوە نێوخۆی وڵات و لە نێوخۆی وڵات دا تێکۆشانی تەشکیلاتی و سیاسی بەکار بەرن، بەڵام چونکی ئیمکانی نییە بێ چەک بن، دەبێ چەکیشیان لە شان دابێ. کە وابێ دەبێتە سیاسی ـ نیزامی، کە رەنگە جوانتر بوو بگوترابا تەشکیلاتی نیزامی، بەڵام ناومان نا سیاسی ـ نیزامی. بەس بە کردەوە ئەو بریارەی ئەو کومیتەیە بە مردوویی لە دایک بوو. یانی هیچ وەختێکی ئەوە عەمەلی نەکرا چونکێ هەلومەرجەکە سەخت بوو، ئەو کەسانەش کە ئامادە بوون خەباتێکی ئاوا سەخت لە داخلی وڵات دا دەست پێ بکەن، لە باری عەدەدییەوە یەکجار زۆر کەم بوون. بەڵام لە سەروبەندی هەڵگیرسانی راپەرینی گەلانی ئێراندا ئەو جارە کە مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکە هاتەوە گۆرێ، هەلومەرجەکە گۆڕا بوو راپەرینیش دەستی پێ کردبوو، کە مەرحومی د.قاسملوو لە دەرەوە ڕا هاتەوە گوتی: دەبێ بچینەوە، ئێستا ئیدی وەک جاران نیە، ئەوە گەرانەوەی بۆ نییە. لە بیرمە ئەو کاک حەسەنی رستگارە گوتی : شا دەروخێ، ئەو پیاوە وەک قەل بە بن باڵی خۆیدا دەڕوانێ و شتی دەبینێ. حەتمەن شا دەرووخێ مادام ئەو بەو جەزمەوە باسی دەکا، شا رۆیشت. لەو هەلومەرجەدا بریار درا کە ئێمە بگەرێینەوە وڵات، بۆ ئەو مەبەستە دەبوو کومیتەی ناوەندی و رێبەری بگەرێتەوە وڵات، بەڵام ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ( ئیشەڵلا کەس قەڵس نەبێ)، هەموویان ئامادە نەبوون بگەرێنەوە وڵات، بۆ کار لە نێو خۆی وڵاتدا تەنیا بەشێکی کەمیان ئامادە بوون.

بەشی: سێهەم

داوایان لە کادرەکانی خوارەوەی کومیتەی ناوەندی کرد، کە بگەڕێنەوە. بۆ ئەوە هەم روویـان لـە چەنـد کەسێک کردو هەم ئەو چەند کەسە بە دەنگیانەوە هاتن. ئەو چەنـد کەسـە بریتـی بـوون لـە (مەرحووم سـەیید رەسـووڵ بـابی گـەورە، (سـەیید رەسووڵ دێهقان)، کاک حەسەنی شیوەسەڵی و عەبدوڵڵا حەسەنزادە). لەوێـدا فکرێـک هاتـە پێشێ، رەنگە ئەگـەر تـاوانیش بێ، تاوانەکە ئەمن قەبووڵی دەکەم زیاتر هی من بوو. ئـەمن گـوتم ئەگـەر کومیتـەی ناوەنـدی دێتـەوە وڵات، ئێمەش وەکوو پێشمەرگە لە خزمەتیان داین، بەڵام ئەگەر کومیتەی ناوەندی وەک کومیتەی ناوەندی نایەتـەوە، ئێمە بـەوە رازی نـابین کە ئێمە لەوێ لە گەڵ مەرگ بەرەو رووبین (چونکی تەسەورمان ئەوە بوو کە هەموو رۆژێک ٢ جار دەرگیر دەبین و دەکوژرێین و زیندانی دەکرێین) لێرەش کومیتـەی ناوەنـدی لـە سێبەرێ دانیشێ و بڕیـارمـان بـۆ بـدا. بـەو شـەرتە ئێمە دەگەڕێینـەوە کە سەڵاحیەتی کومیتەی ناوەندی مونتەقیل بێ بـەو کەسـانە کە دەچنـەوە وڵات. ئـەوان یـەک هەیئـەت پێک بێنن کە رێبـەری حیزب وەئەستۆ بگرن. سەرفە نەزەر لەوە کە ئەنـدامی کومیتـەی ناوەنـدی هـەن یـا نـین، پـاش موناقیشـەیەکی زۆر کومیتـەی ناوەندی ئەوەی قەبووڵ کرد، و لە کومیتەی ناوەندیدا ئەو ئۆرگانە پێک هات. ئەندامانی ئەو ئۆرگانە لە کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە، شەهید د.قاسملوو، کاک ئەمیر قازی، کاک هاشمی کەریمی. لـە دەرەوەی کومیتـەی ناوەنـدییش کـاک سـەیید رەسووڵ دێهقان بوو، کاک حەسەن شێوەسەڵی بوو، ئەمن بووم، دیارە بە حقوقی موساوییەوە هەموومان بـووین بـە ئەنـدامی ئەو ئۆرگانە. هـەر لـەو کاتـەدا بڕیـار درا هـەر کـەس لـە ئەنـدامانی کومیتـەی ناوەنـدی کـە گەڕایـەوە کوردسـتان بـێ ئـەوەی هەڵبژاردنی بۆ بکرێ هەر لە ئێستاوە ئەندامی زاگرۆس بێ. ئێمە کە گەڕاینەوە بە سێ وەجبە گەڕاینـەوە. پـاش دوو هەفتـە یا سێ هەفتە ئەو پەڕەکەی ٣ حەوتوو پێم وایـە فاسیلەی هەبوو، کـاک حەمـەدەمین سیراجییش گەڕایـەوە، ئـەویش بـوو بـە ئەندامی زاگرۆس.

ئیـدی هاوڕێیـانی دیکـەی کومیتـەی ناوەنـدی هیچیـان نەگەڕانـەوە هـەتا شـا رووخـاو کۆمـاری ئیسـلامی هاتـە سـەرکار و وەزعییەتەکە خۆش بوو. وەختێک گەڕانەوە تازە وەختی ئەوە نەبوو کە ئەوان بێن ببن بـە ئەنـدامی زاگـرۆس، وەختـی ئـەوە بوو کە زاگرۆس هەڵ وەشێ. کۆبوونەوەیەک کرا لە کومیتەی ناوەندیدا، ئەندامانی زاگرۆس و ئەوانەی کومیتـەی ناوەنـدیش نەبوون بەشدار بوون پێشنیاریان پێ کردین کە زاگـرۆس ئێسـتێ زەروورەتـی نـەماوەو هـەڵ دەوەشـێ، بـەڵام ئـەو ئەندامانـەی زاگرۆس ببن بە موشاویر، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم رەتم کردەوەو قەبووڵم نـەکرد. نـازانم پێشـتر ئـەوانیش هـەر بڕیاریـان دا بوو یان ئەوەی من بوو بە سەرمەشقێک، ئەو دوو هاوڕێیەی دیکەش مشاویریی کومیتە مەرکەزییان رەد کردەوە. ئیدی ئێمە بووینەوە بە ئەندامێکی سادەی حیزبی و کومیتەی ناوەنـدی کارەکـانی خـۆی دەسـت پـێ کـردەوە. ئەمـە کەوتـە بـەهاری ١٣٥٨. پێمواێ ٢ مانگێک لە بەهار چووبوو.

**پرسیار**: کاتێک کە کومیتەی زاگرۆس دەگەڕێتەوە ئەوەندەی باس کراوە د.قاسملوو دادەنرێ بۆ تاران، ئەندامەکانی ئەو

بەشی: سێهەم

کومیتەیە لە شارەکان بڵاو دەبنەوە. بە راستی ئێوە هیچ ئامادەییەکتان هەبوو وەک کومیتەی زاگرۆس یان وەک ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ هەر رووداوێک، بۆ هەر گۆرانکارییەک کە لە کوردستان دا دێتە پێش؟ پاشان نەقشی د.قاسملوو لە چوونەوە ناوخۆی وڵات چۆن بوو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە د.قاسملوو کەسایەتییەک بوو کە بەو شێوەیە کە پێویست بێ لە ناو جامعەدا نەناسرابوو. چونکە فەعالیەتێکی بەو شێوەیە لە ناوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات دا نەبوو بەڵام کە هاتەوە ئایا ئێوە ئامادەگیی ئەو ئینقلابەتان هەبوو؟ لە جەریانی ئینقلاب دا د.قاسملوو چەندە کاریگەر بوو لە ناساندنی حیزبی دیمۆکرات دا؟

**وەڵام**: ئەگەر راست بڵێین ئەوەیە کە ئێمە هەر وەختێکی کە دەگەڕاینەوە وڵات هێندێک تەسەوری زۆر ناواقیعیمان لە هەلومەرجی داخڵی وڵات هەبوو، مەسەلەن وەختێکی د.قاسملوو پێشنیهادی کرد کە ئێمە دەبێ بە بێ چەک بچینەوە وڵات، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە ترسی ئەوەی پێم بڵێن ترسەنۆکە قەبووڵم کرد دەنا پێم وابوو ئەوە خودکوشییە. چۆن بە بێ چەک دەچینەوە نێوخۆی وڵات، ئیدی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە وڵاتی خۆمان دا رووی دابوو لە سەرتاسەری ئێراندا، لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ ئێمە قابیلی پێش بینی نەبوو. بە خۆشییەوە لە ئەوەڵ مەرحەلەدا کە پێمان وەجادەی کەوتو سواری ماشین بووین تەماشامان کرد مەلمووسە. لە دێیەکی مەنتەقەی پیرانشار ڕا چووینە سەر جادەی. بەفر و سەرما و سایەقە بوو، بە نێو شاری پیرانشاردا بە بەردەم پاسگاکانی سەر سەر ڕێگادا، بە نێو شاری نەغەدەدا ئێمە رۆیشتین هیچ مەئمورێکی دەوڵەتی لە سەر ڕێگا نەبوو بڵێ بۆ کوێ دەچن. کە ئێمە قاچاغ بووین ئەو وەختی دیتمان کە بابە ئاڵوگۆڕەکە زۆر قووڵترە لەوە. بە بێ‌شک د.قاسملوو نەقشێکی زۆر ئەساسیی بوو بە تایبەتی د.قاسملوو ئیدی ئێستا ئەو کەسە نەناسراوە نەبوو وەکوو پێشتر. د.قاسملوو چەن ساڵێک بوو هاتبۆوە نێو کوردستان و لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات هاوکاریی دەکردو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ناسرابوو لە پاشان پێوەندییەکی بەرینی سیاسی و دیپلۆماسی و شەخسی و عیلمیی لە گەڵ کۆرو کۆمەڵەی جۆراوجۆر هەبوو هەم لە داخڵی کوردستان و هەم لە رادەی ئێراندا و هەم لە سەتحی نێونەتەوەییدا. بۆیە، د.قاسملوو نەقشێکی یەکجار زۆری هەبوو. ئەمما، بۆ ئەوەی ئایا ئامادەییمان وەک حیزبی دێموکرات بۆ کارێکی ئاوا هەبوو یان نە، واقیع بینانە ئەوەیە کە بڵێم نەخێر، ئەو ئامادەییە نەبوو. دەبوو خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. دەبوو بێیننەوە نێوخۆی وڵات، چونکی ئێمە لانی کەمی تەشکیلاتمان هەبوو. ئەو تەشکیلاتەی کە هەبووشمان، زیاتر تەشکیلاتێکی هەستەیی و پەرش و بڵاو بوو. نەفەرێ لێرە ٤ نەفەر لە جێیەکی دیکە، وەک گوتم تەنیا جێیەکی کە خەڵکێکی زۆرمان پێکەوە سازمان دابوو دانیشگای تارانێ بوو. دانشجوی باشمان هەبوون و لەوێ تا حەددێکی زۆر دەتوانم بڵێم وەکوو رێکخراوی حیزبیمان هەبوو، ئەوەی دیکە فەقەت هەستەی حیزبی هەبوون، حەتا ئەگەر لە شارێک چەن کەسمان هەبوون ئەو چەند کەسە پێکەوە نەبوون. بەڵام کە گەڕاینەوە وڵات بە تایبەتی پاش ئەوەی کە رێژیمی شا رووخا ئیدی ئەوجار، کە ئەو زەمینە موساعیدەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی و ئەو تاریخەی کە هەیەتی شتەکە دەتەقێ. دەکرێ

بڵێین لە ماوەیەکی زۆر کەم دا لە ماوەی مانگێک دا حیزبی دیمۆکرات لە حیزبێکی چەندە کەسییەوە یا ئەوپەڕەکەی چەن سەد کەسییەوە بوو بە حیزبێکی چەند دە هەزار کەسی.

لە بیرمە دۆستێکی ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق، (ئەو وەختی حیزبی شیوعی کوردستان نەبوو بەڵام کورد بوو)، کە میوانی ئێمە بوو لە مەهاباد، لە وەختی خەباتی نەهێنی ئێمەش و ئەوانیشدا، مالێکمان بۆ گرتبوون، ٢ رەفیق بوون لەوێ دەژیان، هات بە منی گوت: "تەماشای پێڕەوی نێوخۆی حیزب مەکەن. وەختی پێڕەو نیە، ئەوڕۆکە وەختی هوجوومی خەڵکە، خەڵک دێ بەرەو حیزبی دێموکرات. ئەگەر ئێوە وەریان نەگرن ڕوو دەکەنە جێی دیکە، ئەوڕۆ ڕۆژی گەشە کردنی حیزبی دێموکراتە". نەسیحەتێکی زۆر باش بوو. گوتی: "ئەو خەڵکە وەربگرن. ئەگەر ویستیان تەسفیەیان بکەن دوایە تەسفیەیان بکەن". بەراستیش وا بوو کە ئێمە دەرگامان کردەوە خەڵکێکی زۆر هات. لە حاڵێکدا لە گەڵ ئەو خەڵکە زۆرەش خەڵکی وا هاتبوو کە پێویست بوو دوایە دەری کەین، چونکی خەڵکی ناسالمیش هاتبوون، بەڵام ئەو خەڵکە ناسالمە لە خراپترین حاڵەت دا یەک لە هەزاری خەڵکەکەی بوو. ئەو وەختی ئیدی ئەمە ئەگەر نەمان توانی بوو سازماندەهی یەکی باشیش بکەین و ئاگاهیی سیاسی باشیش بدەین بە خەڵکی توانیبوومان خەڵکێکی یەکجار زۆر بەسیج بکەین. هەر بۆیە حدوودی ساڵێک دواتر، کە کۆنگرەمان گرت لە گۆنگرەی چواردا نمایندەی زیاتر لە چل هەزار کەسی فەقەت ئەندامی حیزبی، ئەندامی رەسمی، دەنا وەکوو لایەنگر دەبێ بڵێین نمایندەی زیاتر لە نیو میلیون کەسێک هاتبوون بۆ کۆنگرە.

**پرسیار**: کاتێک کە حیزبی دێموکرات لە مەهاباد بە ئاشکرا بوونی خۆی ڕادەگەیەنێ و کار و چالاکیی خۆی دەست پێ دەکا، بە پێی رەوتی کار و زەمان و چالاکی ئێوە، وردە وردە حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەردەکەوێ، یان بڵێین لە مەیدانی سیاسیی ئەو کاتی ئێراندا خەباتی نەتەوایەتیی ڕێبەری کردوە. بەخێرایی لە سەر ئەو بەشە تێ دەپەڕین، چونکە جەنابت لە وتووێژێک دا لە وڵام دانەوە بە گۆواری "چشم انداز" دا ئەو بڕگە زەمەنییەت تاوتوێ کردوە. بەڵام چۆن بووە لە کاتێک دا کە کەسایەتیی وەک د.قاسملوو و زۆر کەسایەتیی ئاکادمێک هەبوون لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و بە تایبەتی لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڵام د.قاسملوو زۆر جار لە زۆربەی هەیئەتی نوینەرایەتیی کورد و هەیئەتی نوینەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەور و ڕۆڵی یەکەمی داوە بە جەنابت؟

**وەڵام**: ناکرێ بڵێین کەسایەتیی ئاکادێمیک لە دەوروبەری حیزبی دیمۆکراتدا نەبوون. بەڵام ناشکرێ بڵێین زۆر بوون، چونکی غەیری د.قاسملوو کە شەخسیەتێکی ئاکادمێک بوو وەکوو حیرفەیی کاری بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرد، ئەوانی دیکە کەمیان بەو شێوەیە لە کاری حیرفەیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوون، ئەو کەسانە بوون کە لە داخلی وڵات دا بوون، مەسەلەن کەسێکی وەکوو مەرحوومی شەهید د.شەرەفکەندی ئەندامی موشاویری کومیتەی مەرکەزی بوو

بەشی: سێهەم

چیهرەیەکی ئاکادێمی بەرجەستەش بوو. بەڵام ئیدی مامۆستای دانیشگا بوو لە تارانێ، نەدەکرا بێتە نێو شتی عەمەلیەوە. لە پاشان ئەمن بە هیچ جۆر نەفەری یەکەم نەبووم لە پاش د.قاسملوو، بڵێین نەفەری دووهەم لەو جۆرە شتانەدا. تەنیا لە جەرەیانی مەسائیلی مەربووت بە موزاکەرە چ لە نێو هەیئەتی نمایندەگی خەڵقی کورددا، چ لە نوینەرایەتی لە گەڵ ئەملاوئەولا، یانی وەکوو نوینەر دەچووینە تاران و قوم، وا دانرا بوو، ئاگام لێ نەبوو چونکی ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم. بەڵام وا داندرابوو کە لە غیابی د.قاسملوودا ئەمن مەعمولەن بە دەرەجەی یەکەم سەرپەرستیی هەیئەتەکانم دەکرد یان دەچووم بۆ ئەملاوئەولا. بریا بۆ خۆی مابا لێی پرسرابا بەڵام رەنگە هی ئەوە بوو کە ئەوەڵەن تەجرەبەم هەبوو و ماوەیەکی زۆر بوو پێکەوە کارمان دەکرد، لە پاشان وەکوو سیاسەتی حیزب، ئەمن لە گەڵ سیاسەتی حیزب گەورە ببووم ئەو خەڵکەی لە داخڵی وڵات دا بوون رەنگە مامۆستای دانیشگا بن، بەڵام لە گەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێ ئاوا ئاشنا نین. ئەو کەسەی کە لە دەرەوە دەی بینێ یا دەیبیستێ دەگەڵ ئەوەی هەموو رۆژێ کاری لە گەڵ دەکا ئەو دووانە فەرقیان هەیە. پاشانیش بە خۆشیەوە مەوریدی ئیعتمادی ئەندامانی کومیتەی مەرکەزی بووم لە بەر ئەوە ئەو نەقشە بە من سپێردرا بوو کە لە نەبوونی د.قاسملوو دا سەرۆکی بە کردەوە نەک بە رەسمی، سەرۆکی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد بووم. یان زۆر جار کە دەچووین بۆ ئەملاوئەولا ئەمن وەکوو چەن جاریش بە شۆخی گوتوومە چەن جارم ئاوەسوێرەکەی قوم خواردۆتەوە. هەموو جارێ سەرۆکی هەیئەت بووم، غەیری جارێک کە کاک غەنی بلوریان لە گەڵ بوو ئەو جارەی کە چووینە لای ئاغای بەنی سەدر، دەنا ساڵی پیش تر جاری ئەوەڵ وەکوو هەیئەتێک چوبووین، ئەمن نوێنەری هەیئەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووم.

**پرسیار**: مامۆستا ئێوە لە گەڵ د.قاسملوو قەت چوونە لای خومەینی؟ ئەگەر چوون، روانگەی د.قاسملوو سەبارەت بە خومەینی چۆن بوو لە سەرەتای شۆڕش دا؟

**وەڵام**: هەم دوکتور هەم ئەمن یەکی جارێکمان خومەینی دیوە، بەڵام پێکەوە نەبووین. جاری ئەوەڵێ کە دوکتور چوو، کاک جەلیل گادانی بوو، چەن کەسێک بوون، هەیئەتێکمان هەڵ بژارد بوو لە کوردستانەوە چوون، ئەوانە پێکەوە بوون، دواتر کە ئەمن چووم ئەوجار د.قاسملو لە گەڵ نەبوو. نازانم دیدگای چۆن بوو بەڵام بە هەر حاڵ ئەمن ئەو کابرایەم بە پیاوێکی زیرەک هاتە بەرچاو. دژ بە ئەفکاری ئێمە بوو، دژ بە ئامانجەکانی مە بوو، بەڵام کابرایەکی زیرەک بوو. جارێکی دیکەش گێڕاومەتەوە ئەمن بە خەیاڵی خۆم دەم هەویست زیرەکی بکەم قسەیەکی لە زاری دەربێنم کە بۆ رۆژنامەکانی باس کەم، کە قسەمان کرد گوتی: "نابێ بە پەلە بن و نابێ فشارمان بۆ بێنن، ئینقلاب کراوەو مەسائیل زۆرە دەبێ حەل بێ و بە رۆژێک حەل نابێ". ئەمنیش لەوێدا زیرەکییەکەم کرد گوتم: "ئێمە ئەوانە هەموو دەرک دەکەین، بەڵام خەڵکی کوردستان زوڵمیان لێ کراوە، ئێستێ دەیان هەوێ بزانن کە لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا ئەو زوڵمەیان لە سەر لادەچێ. لەو

بارەشەوە باوەریان بە کەس نیە بە جەنابت نەبێ، جەنابت کافییە تەنیا ئەو ئومێدە بە خەڵکی کوردستان بدەی کە کۆماری ئیسلامی رەفعی زوڵمیان لێ دەکا". نە گوتی دەکرێ، نەگوتی ناکرێ. ئەوە زیرەکییەکەی بوو. گوتی هەر کەس دێ دەڵێ زوڵمم لێ کراوە، کورد دێ وا دەڵێ، ئازەری دێ وا دەڵێ، ئیسفەهانی وا دەڵێ، شیرازی دێ وا دەڵێ، مەسئەلەکەشی تێکڵاو کرد، یانی لە میللەتانەوە بردیە سەر خەڵکی شاران، کورە لەو قومەی، لەو قومەی نەیان دەهێشت ئێمە مەراسمی مەزهەبی بە ئازادی بەرێوە بەرین. کردیە تەپوتۆز و مەسەلەکەی ماسماڵی کرد و جوابی نەدواینەوە، ئەوە نیشانەی زیرەکی بوو. بەڵام بە بێ شک دەگەڵ ئەفکاری حیزبی دێموکرات بیگانە بوو، موخالیفی دابین کردنی داخوازییەکانی میللەتی کورد بوو، هەتا تەماشا پەیامی ٢٦ی ئابانی بکە لەوێش دا ئەو زەکاوەتە وەدەر دەکەوێ. مەسەلەن دەڵێ هاووڵاتی یانی کورد، دەبێ رەفعی ئەوەو ئەوەیان لێ بکرێ، بەڵام باسی حقوقی سیاسی ناکا بە هیچ جۆرێکی. باسی حقوقی نەتەوایەتی ناکا، زۆر بە دیققەت کەلەماتی هەڵ دەبژارد.

**پرسیار**: د.قاسملوو وەک کەسایەتییەکی ئەو سەردەمە چەندە کاریگەری لە هەماهەنگ کردنی هێزە سیاسیەکاندا هەبوو، ئەو کە ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا ژیابوو ئەزموونیکی ئەورووپای دیبوو. داخوا رۆڵی د.قاسملوو هەست پێ دەکرا لە ئاستی هەماهەنگی نوینەرایەتی کورد بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی؟

**وەڵام**: بە داخەوە دەبێ بڵێین دەگەڵ ئەوەی د.قاسملوو سەر رشتەی لە هەموو مەجالێکی کاری سیاسی و دیپلۆماسیدا زۆر بوو، بەڵام فەزای سیاسیی ئەودەم ئەوە نەبوو کە د.قاسملوو یا تەنانەت هەموو حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بتوانن ئەو نەقشە بازی بکەن. هەر ئەوە بوو کە وەختێکی ئێمە ویستمان دەنگێک دروست بکەین کە دەنگی هەموو میللەتی کورد بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نەی توانی ئەو وەزنەی کە هەیە ئیعمال بکا، هەر وا د.قاسملووش نەی توانی. هەر لە نەتیجەی ئەوەش دا بوو کە هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد لە ٤ گروپ پێک هات، گروپی یەکەمی دەفتەری مامۆستا مەلا شێخ عێزەدینی حوسێنی بوو، کە تەنیا شەخسییەتی مامۆستای بوو. دەنا دەفتەرەکە چەند کەسی تێدا بوون کە کەمیانیش موستەقیل بوون، ئەمیان هی ئەو گروپە بوو، ئەویان هی گروپێکی دیکە بوو، بەڵام مامۆستا بوو بە رەئیسی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد. یا مەسەلەن رێکخراوێکی کە لە راستیدا کوردستانی نەبوو، رێکخراوی چریکی فیدایی خەڵقی ئێران، خۆ ئەوان هەر کوردستانی نەبوون. کۆمەڵە هاتبوو بە پانەوە دەیگوت: ئەمن هاتوومە نێو هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کوردەوە بۆ ئیفشاگەری، نەک بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد حەل بکا. یانی نەی توانی ئەو نەقشە بازی بکا حیزبی دێموکرات و لە سەروی هەمووشەوە د.قاسملوو. بەڵام بۆ نەقشە دارشتن چ بۆ بزووتنەوەی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، چ بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، د.قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان نەخشی باشیان هەبوو. بەرنامە دارشتن مەسەلەن بانگەوازی جەبهەی لە تەرەف حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرچوو، لە ساڵی

بەشی: سێهەم

١٣٥٨دا کە داوا کرا جەبهەیەکی بەرین لە هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان پێک بێ، لەوێش دا بە سەراحەت گوترابوو هەستەی مەرکەزیی ئەو جەبهەیە دەتوانێ ٣ هێز بن، لە کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ئێرانیش "سازمان موجاهدین خلق ایران و سازمان چریکهای فدائی خلق ایران"، کە ئەو وەختی جارێ هیچیان لەت نەببوون، دواتر بوو کە چریکی فیدایی ئەو لەت بوونەیان تێدا پەیدا بوو. یانی وەک بەرنامە دارِشتن بەڵی بەڵام وەکوو کاری عەمەلی د.قاسملوو بە داخەوە نەی توانی ئەو نەقشە بەکار بێنێ

پرسیار: مامۆستا بگەڕێینەوە سەر وەزعییەتی حیزب لەو سەردەمەدا، وردە وردە کاتێک کە حیزب لە ناوخۆی وڵات دا بەرەو کونگرە دەچێ، دەستەیەک لە کادرەکان لە حیزب جیا دەبنەوە بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ یان تاقمی ٧ کەسی. ئەوەندەی باس دەکرێ کێشەو ئیختلافەکانیان لە گەڵ د.قاسملوو و لە گەڵ جەنابت بووە. ئایا دەکرێت ئەوە روون بکرێتەوە ئەو دەستە لەو کادرانە بۆجوێ بوونەوە لە حیزب؟

وەڵام: سۆئالەکەت لەکەت وا بزانم تێکەڵاو بوو. ئەتۆ فەرمووت لە بەرەبەری کۆنگرە دا، لە پاشانیش دەستەیەک جودا بوونەوە پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم. نەخیر ئیختلافێک کە هەبوو لە بەینی ٢ دەستە لە ئەندامانی حیزب یا ئەندامانی رێبەریدا، پێش کۆنگرەو دوای کۆنگرەش هەبوو. دەستەیەک کە بریتی بوون لە کاک غەنی بلووریان و ئەوانەی کە دواتر جودایی خۆیان راگەیاند خۆیان بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ ناساند، ئەوانە باوەریان بە شتێک هەبوو کە (بە بێ ئەوەی قەستی بێ ئیحترامیم هەبێ) لە راستیدا فکرەکە فکری خۆیان نەبوو، ئەفکارێک بوو کە لە تەرەف حیزبی توودەوە بەوان ئیلقا دەکرا. حیزبی توده باوەری وابوو کە دەتوانێ، (دیارە باوەرێکی زۆر ساویلکانە بوو دەرکەوت بۆ هەموو کەس)، دەتوانێ بە ئاسانی بەرِە لە بن پێی ئەو ئاخوندانە دەر کێشێ کە چونکە ئاخوندن و هیچ نازانن و وردە وردە لە رێگای دۆستایەتییەوە بن پێیان بەتاڵ دەکات و بە کوودەتایەکی خەزەندە دەتوانێ دەسەڵاتی ئێران بگرێتە دەست. ئەوانیش لە ژێر تەئسیری ئەو ئەفکارەدا کە لە حیزبی توودە نزیک بوون بە تایبەتی مامە غەنی و کاک حەمەدەمین سیراجی و عیدەیەکیان، پێیان وابوو کە حیزبی دێموکرات دەبێ هەموو شتێک قەبوول بکات و لە گەڵ کۆماری ئیسلامی رێک بکەوێت و چەک دابنێ، ئەوانەی کە حیزبی توودە پێی باش بوون. بۆیە ئیختیلافەکە لە پێش کۆنگرەوە هەبوو، بەڵام بە راستی فکرێک نەبوو کە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە دیتمان ئەوەندە ئیدەیەکی خەتەرناک بوو کە سەری حیزبی توودەی بە تەواوی خوارد. هەرچی کادری بەرجەستەیان بوو، هەر چێ رێبەری بەرجەستەیان بوو، لە نەتیجەی ئەو خۆش باوەرِییەدا کەوتنە زیندان و ئێعدام کران و لە ژێر شکەنجەدا کوژران. دەتوانم بڵێم سەرمایەیەکی گەورەی فکری بوو بە تایبەتی لە دەستی ئێران و بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی ئێرانی چوو. کەوابێ مەسەلەکە ئەو دوو دەستەگییە بوو، لە پاشان گوتت لە گەڵ تۆو د.قاسملو و مەبەستت ئەوە بوو کە د.قاسملوو موخالیفی من بووە؟(نە گوتم ئەوان موخالیفەتی

هەردووی ئێوەیان کردوە)، وایە. هەر چەند کە پێش کۆنگرە ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام بە هەر سورەت بە حوکمی سابیقەیەکی کە هەمبوو، هێندێک بەشداریم هەبوو نەقشم هەبوو، لە میتینگەکان دەر دەکەوتم، لە هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کورد دا دەردەکەوتم، بە هاوفکرێکی د.قاسملووشیان دەزانیم، یان بە نمایندەکیی فکری بە قەولی ئەو وەختی وان کونەپەرستییان دەزانیم، ئەو موخالیفەتەیان لە گەڵ منیش دەکرد، بە خۆشیەوە میللەتی کورد وشیارانە بڕیاری دا. تەنانەت وەختێکی گروهی ٧ نەفەری جودایی خۆیان ئیعلان کرد، لە بیرمە بڕیاری میتینگێکمان دا، ئەو وەختی لە دەرێ بووین لە شاخی بووین بەڵام مەهاباد هەر چەند پادگانی لێ بوو و بە دەست خەڵکەوە بوو. برادەرێکمان نارد کە میتینگێک ڕێک بخا، چوو دوو ڕۆژان لە مهاباد بوو، هاتەوە گوتی ناکرێ لە مهاباد میتینگ سازکەی لە دژی غەنی بلووریان. گوتم، یان ئەمن مهابادم نەناسیوە یان ئەتۆ نەت ناسیوە، ئەمن دەچم و میتینگێک پێک دێنم. چووم هەر لە سەر بڵیند گۆ هاوارم کرد کە سەعاتی ٤ی ئەورۆکە میتینگێکە، د.قاسملو دێ قسە بۆ خەڵکی دەکا. بۆ سەعاتی ٤ تەمەشام کرد هەر نەبێ شەست هەزار کەس لە مەیدانی چوارچرا کۆببوونەوە، خەبەریشم دا بوو کە ئەوە میتینگ ئامادەیە. ڕاست لە وەختەدا کە دەبوو دەست پێ بکرێ، نامەیەک هات کە د.قاسملوو بۆی ناکری بێت بە دەلایلێک کە هەیبووە، زۆر بە خەجاڵەتیەوە چووم ئێعلانم کرد کە، بە داخەوە د.قاسملو بۆی نەکراوە سبەی عەینی سەعات لە عەینی جێ. زۆر نیگەران بووم کە سبەی خەڵکەکە نەیێ، چونکی درۆیان لە گەڵ کراوە. بەڵام سبەینی کە هاتین ئەو شەست هەزارە ڕەنگە ببوو بە هەشتا هەزار کەس، هەر مەیدانی چوار چرا نەبوو ئەو شەقامانەی دەچوونە سەر مەیدانی چوارچرایە، شەقامی قەدیم پێیان دەگوت شاپوور، پەهلەوی... هەمووی خەڵک بوو کۆببۆوە. لەوێدا د.قاسملوو لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: "بابە ئەو فەلسەفەبافی یەی پێ ناوێ، مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا ئێمە چەک دانێین یان داینەنێین؟ لێک ڕا هەشتا هەزار کەس هاواریان کرد داینانێین،یانی خەڵک زۆر هوشیارانە بەرخوردیان پێ کرد.

**پرسیار**: د.قاسملوو کاتێک کە دێتەوە ناو کۆمەڵگای کوردی بە تێگەیشتن لە ئوروپا کۆمەڵێک فیکرو ئیدە دێنێتە ناو حیزبی دێموکراتەوەو لە ڕێگەی حیزبی دێموکراتیشەوە دەیخزێنێتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. هێنانی کورتەباس لە کۆنگرەی شەش دا، باسێکی جیددیی بوو کە لەگەڵ موخالیفەت بەرەوڕوو بوو، لە حاڵێک دا کە کۆمەڵگای کوردی بە تیگەشتنێکی ئەوڕۆیی، ئەو سەردەمە ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو جۆرە ئیدانەی نەبوو. د.قاسملوو لەسەر چ بنەمایەک دەیویست ئەو تێگەیشتنە بگوازێتەوە ناو حیزبی دێموکراتو کۆمەڵگای کوردی؟

**وەڵام**: هەم ئەرکی ڕێبەرایەتیی هەڵکەوتووی میللەتان ئەوەیە، هەم موشکلی کاری ئەوان ئەوەیە، موشکلی کاری وان ئەوەیە کە لە پێش خەڵکەکەیانەوەن، خەڵکەکەیان دەرکی ناکەن. ئەرکە کەشیان ئەوەیە کە شتی تازە بێنن. ئەوەی ڕۆحی کورتە باسە، یان ڕۆحی ئەو بڕیارەیە کە لە کۆنگرەی شەش دا درا، ئەوەیە: وازهێنان لە سوسیالیزمی مەوجوود یان سوسیالیزمی

بەشی: سێهەم

شۆڕەوی، لە پاشان رووکردن لە سوسیالیزمێ بە مەفهومێکی ئینسانییەوە ئەوەی کە لە سەری لە چێکۆسڵۆواکیش دەرکرا. ئەو وەختی دەرکرانی لە چێکۆسڵۆواکی لە بەر ئەوەی بوو کە موخالیفی داگیر کردنی چێکۆسڵۆواکی لە لایەن ئەرتەشی شۆڕەوییەوە بوو، موخالیفی ئەو سیستمە بوو کە لەوێدا پێڕەو دەکرا، باوەڕی بە دێموکراسی و ئازادی هەبوو. مەسەلەی کورتە باسیش فکرێک نەبوو کە تەنیا لەوێدا هاتبێتە گۆڕێ، ئەوەی کە لە کورتە باس دا باس کرا لە کۆنفرانسی سێهەمدا مەترەح بوو. سوسیالیزمی دیمۆکراتیک لە کونفرانسی سێ و لە کۆنگرەی سێ و لە کۆنگرەی چوارو کونگرەی پێنجدا وەکوو فکر لە فکری د.قاسملوویدا هەبوو، بەڵام هەر جارەی بە جۆرێ فورموولە دەکرا، تا لە کۆنگرەی شەش دا بە سورەتی سوسیالیزمی دیموکراتیکە هاتە گۆڕێ. ئیدی ئەو مخالیفەتە کە هەبوو لە لایەن دەروێشانی شوورەوییەوە هەر جارێک بە شێوەیەک خۆی دەنواند، لە کۆنفرانسی سێ دا کەریمی حیسامی هەستا گوتی: "سوسیالیزمی عادڵانە و سوسیالیزمی دیمۆکراتیک و ئەو شتانە مەعنایان نیە، کە گوتت سوسیالیزم هەموو شتێک تەواوە، هەموو شتێکی تێدایە". ئەمن گوتم: "لە نێو مەلاو فەقێیان لە نێو موسڵمانەکاندا شتێک هەبوو کە دەیانگوت: ناوی ئەڵڵا یا ناوی خودا یانی ئەو زاتە کە هەموو کەماڵاتی تێدا هەیە، کە گوتت خودا ئیدی پێویست ناکا بڵێی خوای توانا، خوای زانا، خوای عالەم، خوای "تبارک و تعالی"، هیچی ناوێ، ئەتۆ دەتهەوێ سوسیالیزم ئاوا لێ بکەی، نەخێر سوسیالیزم وانییە، سوسیالیزم عەیب و کەموکوڕیی خۆشی هەیە، کەوا بوو بە جێیە. ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی شەش دا بەو سیغەیە پەسەند کرا، دەنا فکرەکە هەر هەبوو. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە وەکوو گوتم لە ئەوەڵەوە، د.قاسملوو لە باری فکری و فەلسەفییەوە زۆر لە هاوڕێکانی و هاودەورەکانی لە پێشتر بوو، بۆیە ئەوەی کە د.قاسملوو ئەو وەختی هەستی پێ کردبوو، رەنگە هەمووشی لە مێشکی خۆی دەرنەهێنابوو، لە دونیای موتەمەدین دا دەژیا، لە گەڵ ریجالی فکرو سیاسەت سەروکاری هەبوو، حەتمەن ئیلهامی لە وانیش وەرگرتبوو، بەڵام ئەوە د.قاسملوو ساڵی ١٣٥١ و ١٣٥٢ مەترەحی کرد، ئێمەمانان لە ساڵەکانی ١٣٦٥ەوە لێی حاڵی بووین، ئەوە نیشانەی فاسیلەی فکریی بەینی د.قاسملوو و رفیقەکانی دیکە بوو.

**پرسیار:** د.قاسملوو لە کۆنگرەی ٧ دا دەڵێ: "ئەوە یەکەم جارە لە هەڵبژاردنەکانی حیزب دا یەکەم دەنگ دێنمەوە، واتە کۆنگرەکانی پێشوو یەکەم دەنگی نەهێناوەتەوە، تۆ ئەوە بۆ چی دەگێڕییەوە، لە حاڵێک دا د.قاسملوو کەسایەتییەک بووە لە رابردوودا سەرێک لە سەران بەرزتر بووە، توانایی یەکەی لە توانای کەسانی دیکە بەرزتر بوو، بەڵام لەوێدا بۆ یەکەم جار دەنگ دێنێتەوە، وەک دەنگی یەکەم؟

**وەڵام:** ئەوە لە هەموو دونیا هەیە، ئەوانەی ئینسانی بەفکرن و ئینسانی پێشکەوتووترن لە خەڵکی، موخالیەفەتیان لە گەڵ دەکرێ لە کۆمەڵی خۆیاندا. د.قاسملووش موخالیفی خۆی هەر هەبوو، بەڵام بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ ئەوە کە بەدەنەی حیزب بەدەنەیەکی نە ئەوەندە ئاگا بوو کە ئەفکاری وی وەربگرێ، نە ئەوندەش دەکرێ بڵێین، مونسیف بوو. مەسەلەن

بەشی: سێهەم

بەدەنەی حیزب لە دواتردا گەیشتە جێگایەک کە ڕەنگ بوو یەکێکی ناخۆش بوێ، بەڵام مادام دەیزانی بۆ حیزبەکەی بەکەڵکە دەنگی پێ دەدا. بۆیە لە کۆنفرانسی سێ، لە کۆنگرەی سێ، لە کۆنگرەی چوار، لە کۆنگرەی پێنج ، لە کۆنگرەی شەش، هەر جارە کەسێک دەنگی یەکەمی دێنا کە لە د.قاسملوو لە دواتر بوو، تەنیا لە کۆنگرەی ٧دا بوو کە گوتیشی، زۆریشی پێ خۆشحاڵ نیم کە دەنگی یەکەم دێنمەوە، هەر چەن پێم وایە نیشانەی ئەوە بوو کە کۆنگرەی ٧ خەڵکەکە زیاتر فکری کراوەتەوە، بە عەقڵییەتێکی تازەترەوە بیر دەکاتەوە.

**پرسیار**: ماموستا لە کۆنگرەی ٨ دا لیستەی فیکس دێتە ئاراوە، تۆ خۆت تا چەندە لایەنگری ئەو لیستەیە بووی، دیارە دواتریش خۆت کاندیدا نەکرد بۆ ڕێبەری حیزب، ئایا خۆکاندیدا نەکردن نیشانەی موخالیفەت لە گەڵ لیستەی فیکس بوو؟

**وەڵام**: زۆر پێش کۆنگرەو زۆر پێش ئەوەی کە شێوەی هەڵبژاردن بێتە گۆڕێ، ئەمن ئیعلانم کردبوو نابم بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، تەنانەت لە کۆنگرەی ٧دا، نەم دەویست ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، د.قاسملوو بە دەلایلێک هەر لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا نەک لە خوسوسی دا، بە منی سەلماند کە دەبێ ئەو سەفەرەش ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام هەر دوای کۆنگرە ئەمن ئیعلانم کردبوو کە لە کۆنگرەی ٨ دا نابمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. کە وابێ خۆکاندیدا نەکردنەوەم بە هیچ جۆر ئیرتباتی بە مەسەلەی لیستەی فیکسەوە نەبوو. لە سەر لیستەی فیکس، نەزەری من ئاوا بووە و تا ئێستاش ئەوەی هەر تێدا هەیە. لیستەی فیکس بۆ کۆمەڵگای کوردەواری زوو بوو، بەڵام لیستەی فیکس لە کۆمەڵگایەک داو لە حیزبێکیدا کە بەراستی زەرفییەتی فیکریی هەبێ شتێکی زۆر باشە. ئیستێ لە وڵاتانی دێموکرات دا، لە ئەحزابی دێموکرات دا، ئەمن چەند جار لە کۆنگرەکانیاندا بەشدار بووم لە هیچ جێیەکی لیستەی ئازادم نەدیوە، هەمیشە یەک لیستە دێنن یا دەنگی پێ دەدەن، یا چەپڵەیکی بۆ لێ دەدەن، زۆر جار هەر بە چەپڵەیەک تەواو دەبێ، ئەوەی دیکە دەنگی پێ دەدەن یا موافیق یا موخالیف، چ سەرکەوت ئەوە دەبێ. جاری واش هەیە کەمن نەمدیوە، دوو لیست سێ لیست پێکەوە ڕەقابەت دەکەن کامیان سەرکەوت، سەر دەکەوێ. کە وابێ لیستەی فیکسم پێ خراپ نیە. ئەمن لە کۆنگرەی ٨ دا، هەم دەنگم بە لیستەی فیکس دا، (کە لیستی فیکس بە دوو سووەمی ئارا پەسەند بوو)، هەم دەنگم بەو لیستەیەدا کە دەنگی بۆ وەرگیرا. ئەوەیان بە تاقە یەک دەنگ پەسەند کرا کە ئەگەر ئەمن دەنگی مەنفیم پێ دابایە، یا دەنگی مومتەنیعیشم پێدابایە سەرنەدەکەوت. کە وابێ هیچ ئیرتباتی بەوەوە نەبوو، ئیستەش پێم وایە لیستی فیکس بەو شەرتە کاری بۆ بکرێ بە سەلامەتەوە بێ، کارێکی زۆر باشە. ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵ دەبژێری، هەق وایە لە پێش دا مەعلووم بێ کێ یە، لە پێش دا مەعلووم بێ تەرکیبەکەی چیە، تەنانەت مەعلووم بێ ئەندامەکان، هەرکەسەیان کاریشی چیە. بە هیچ جۆر ئەو هەیوولایەی لە لیستەی فیکس دروست کرابوو ئەمن لە گەڵی نەبووم.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: ماموستا دوای رۆیشتنی ئەو بەشە لە کادرو پێشمەرگەی حیزب کە دوایە بە ناوی رێبەرایەتیی شۆرشگێر خۆیان پێناسە کرد، جارێک د.قاسملوو دەنێرێ بە دوای جەنابتاندا، دەڵێ: با چاوم پێ بکەوێ، جەنابت دەڵێیی نەخێر با نەیێ قسەی دەشکێنم. بەڵام قسەکە ئەوەیە سەرەرای ئەو هەموو نیزیکیە هەم لە بواری فکرییەوە، هەم لە بواری دۆستایەتییەوە، هەم ئەوەی کە زۆریش تێکەڵ بوون بۆ چی ئەو چاو پێکەوتنەت ئەنجام نەدا، دوای چوونی رێبەرایەتی؟

**وەڵام**: ئەوەش دیسانەکە خراپ وەرگیراوە، یا خراپت بیستوە. لە دەوروبەری کۆنگرە دا بوو، پێش کۆنگرە بوو نەک دوای کۆنگرە. رۆژێکی لە دوای ناردبووم کە بچمە خزمەتی، ئەمنیش گوتم عەرزی بکەن ئەگەر بۆ ئەوەیە داوام لێ بکا کە مەسئولییەت لە کومیتەی ناوەندیدا وەربگرمەوە یانی لە کۆنگرە ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، با نەچم، تکای لێدەکەم با ئەو لێم خۆش بێ ئەمن نەچم چونکی حەتمەن بریارەکەی دەشکێنم، پێشنیهادەکەی دەشکێنم، پێشم خۆش نیە پێشنهادەکەی وی رەد کەمەوە. کە پێیان گوتبوو، گوتبووی راست بۆ ئەو مەبەستەیە، کە وابێ با ئەو دیدارە نەبێ. یەعنی ئەو دیدارە پیش کۆنگرەی بوو، نەک دوا کۆنگرە. لە دوا کۆنگرە بۆ ماوەیەک ئەمن کارێکی دیکەم گرتبووە دەست، لە مەیدانی کاری فیکری و تەبلیغاتیدا کارم نەدەکرد. د. قاسملوو چووبووە سەفەرێ ئەمن لە ماڵ نەبووم کە بم بینێ، کاغەزێکی بە جێ هێشتبوو، لە کاغەزە کەدا (ماومە ئەو کاغەزە) نوسیبووی زۆر غەدرە ئێستا ئەتۆ لەو هەلومەرجە حەساسەدا خۆت بە کارێکی لاوەکییەوە وەکوو کار لە کۆمیسیۆنی ماڵی خەریک کەی، ئەتۆ دەبێ کاری فیکری بەعۆدە بگری، بە داخەوە نەشکرا بت بینم رۆیشتم و بەڵام پێم خۆش بوو ئەو نامەیەت بۆ بەجێ بێڵم. ئیدی پێش ئەوەی بێتەوە ئەمن چووم ئیعلانم کرد گوتم حازرم بێم لە بەشی چاپەمەنیدا کار بکەم. کە هاتەوە نەیزانیبوو، میوانمان لە دەوری کۆ ببوونەوە، میوانێکی نازانم کێ بوو خاریجی بوو، هەر وا پرسیاریان کرد کە کێ لە کوێ کار دەکا، د.قاسملوو گوتی: "فلانەکەس لە فلانە جێی کار دەکا، فلانەکەس لە فلان جیێ کار دەکا، گوتی وەڵاهی فلانەکەسیش یانی (من) نازانم بڵێم لە کوێ کار دەکا، چونکی مەبەستی ئەوە بوو ئەو جێیەی کاری لێ دەکا موناسیب نیە، گوتیان لە چاپەمەنییە، گوتی ئا وەڵڵا ئەوە خەبەرێکی خۆشە.

**پرسیار**: د.قاسملوو تاوەکوو لە ژیاندا مابوو، دوای دابرانی هاورێیانی رێبەرایەتیی شۆڕشگێر هەوڵی داوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزب؟

**وەڵام**: د.قاسملوو هەر لە ئەوەڵەوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەو جوداییە نەبێ. زۆر جاری بەزمان گوت بەڵام دوو جاریش بە نامە نووسی ئیختلافی نەزەرمان هەیە یا نییە کەیفی خۆیەتی، ئێوە وەرن کار بۆ ئەو حیزبەی بکەن ئەمن دەستان ماچ دەکەم. د.قاسملوو ئەگەر ئەجەل موڵەتی دابایە پێم وایە ساڵێکی دیکەی نەدەخایاند کە حیزبی دێموکرات



سەرچاوە
Serchawe

یەکی دەگرتەوە، ئەگەر د.سەعید شەش مانگی دیکە ژیابایە حەتمەن حیزبی دێموکرات یەکی دەگرتەوە. چونکی هەر لەو سەفەرەیدا کە تێیدا شەهید بوو، لەو سەفەرەیدا لە هەموو جێیەک قسەی کردبوو، لە واقیع دا بڕیاری دابوو کە موشکلی دوو دەستەیی لە نێو حیزبی دێموکرات دا حەل بکا.

**پرسیار**: ماموستا کاتێک د.قاسملوو سەفەری ئوروپا دەکا بە نیازی وتوویژ دەروا تا چەندە ڕێبەرایەتیی حیزب لەو وتووێژە ئاگادار بووە، یا شەخسی جەنابت تا چەندە ئاگادار بووی کە د.قاسملوو دەیهەوێ شتێکی وا بکا؟

**وەڵام**: ئەوەڵەن د.قاسملوو بە نیازی وتوویژ نەچووبووە دەرێ، سەفەری دەرێی هەبوو. بەڵام وتوویژ پێشتر جارێکی دیکە کرابوو، جارێکیش کە د.سەعید لە دەرێ بوو داوا دەکرێ کە د.قاسملوو بچێتەوە بۆ ملاقاتێ، د.قاسملوو و دەفتەری سیاسی دەڵێن، با لەگەڵ د.سەعید کە ئێستێ لە دەرێیە بیکەن ئەوان قەبووڵی ناکەن، ئەوەش نەگبەتیی کوردە حەتا ئەوەش، هەستی د.قاسملووی زاناو بلیمەتی وەخەبەر نەهێنا کە ئەوە تەوتئەیەک بۆ وی لە کاردایە. بۆیە بۆ ئەوە نە چوو بوو، بەڵام کە لەوێ بوو هەوڵیان داوە کە ئەو دیدارە ببێ، یا بڵێین ئەو تەوتئەیە ڕێک بخەن. ئەمن هیچ ئاگام لێ نەبوو، تا ئەو جێیەی لە بیرم بێ تەنیا شتە کە د.قاسملوو لە منی شاردۆتەوە. پێش ئەو سەفەرەی لە دوای ناردم چووین قسەمان کرد، تەنیا وەکوو کوللیات لە منی پرسی، گوتی بە نەزەری تۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامی حازر بێ موزاکیرەیەکی جیددی بکا بۆ حەللی مەسەلەی کورد ئێمە بیکەین یا نە؟ گوتم نابێ یەک لەحزەی لێ راوەستی، تەنیا ئەوندەی گوت. بۆیە وەختێکی کە دوکتور تیرۆر کرا د.سەعید لە دوای منی نارد. رۆژەکە رۆژی جومعە بوو، رۆژی جێژنی قوربانیش بوو، بنکەی دەفتەری سیاسی لە بۆڵێ بوو، ئێمەش ماڵەکانمان لە ئێندزێ بوو. ماشێنی ناردبوو بە دوا من و کاک مستەفا هیجری دا. کاک مستەفا ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، بەڵام ئەمن ئەندامی ڕێبەری نەبووم. کە چووین کاک سەعید بۆی باس کردین گوتی دوکتور تیرۆر کراوە. تازە دوکتور موساحەبەیەکی کردبوو لە دژی عێراقێ، لە دژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، گوتم کاری عێراقە، د.سەعید گوتی: وەڵڵا شتێک هەیە تۆ ئاگات لێی نیە، موزاکەرەیەک هەبووە لە بەینداو بە قەستی موزاکەرەی کۆببوونەوە، گوتم جا ئیدی نایهەوێ، هیچ ئیشکالی تێدا نیە کە ئەوە کۆماری ئیسلامی خۆیەتی کوشتوویەتی. قەستم ئەوەیە کە تەواوی دەفتەری سیاسی لە تەواوی جەرەیانەکە ئاگادار بوو بەڵام ئەمن ئاگادار نەبووم.

**پرسیار**: کاتێک بۆ یەکەم جار هەواڵی تیرۆری د.قاسملووت بیست، حەسەنزادەی دۆست و نزیک و ئاواڵی پێبەپێی د.قاسملوو چ هەستێکی هەبوو لەو کاتەدا؟

**وەڵام**: ئەو هەستە تەعریف ناکرێ، بەڵام جارێکی دیکە بە جۆرێکی دیکەم باس کردوە. ئەمن پەیامی د.قاسملووم وەبیر



سەرچاوە
Serchawe

هاتەوە، ئەوەڵ جار کە ئێمە ببووین بە کومیتەی مەرکەزی بە سەر یەکەوە، لە کۆنفرانسی سێ دا هەڵبژاردنێکمان کردو کومیتەی ناوەندییەک هەڵ بژێردرا، یەکێک لە ئەندامانی ئەو کومیتەی ناوەندییە بە سەفەر گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و لە بانە تیرۆر کرا (شەهید قادری وێردی) هەموومان دەگریاین زۆر عەجایەب دەگریاین، د.قاسملوو نەدەگریا، نەدەگریا لە واقیع دا نەلە بەر ئەوەی نارەحەت نەبوو لە بەر ئەوەی خودداریی دەکرد. بانگی منی کرد گوتی، هەستەبا بچین بەیانیەی بنووسین، لە هاڵەکە دانیشتبووین، وەتاغێک لە سەرەوە بوو کاری نووسینمان لەوێ دەکرد، چووینە ئەوێ گوتی دانیشە بەیاننامەکە بنووسە لە سەر بدەی. دایانم بە شەهید بوونی قادری وێردی، گوتم دوکتور مێشکم هیچی تێدا نیە، گوتی نا، ئەمن دەتوانم بنووسم، بەڵام دەبێ ئەتۆ بنووسی، ئەوە ئەوەڵتە، سبەینێ هەزار شتی ئاوا دێتە رێ دەبێ ئیدامە زۆر ئەو بەیاننامەی پێ نووسیم، بەجێی هێشتم گوتی دەبی بینووسی، دیارە هێندێک رێنوێنیی کردم. کە د.قاسملوو شەهید بوو ئەوەم وەبیر هاتەوە، پاش خەبەرەکەو نارەحەتییەکە بە د.سەعیدم گوت ئەتۆ خەریکی کارەکان بە ئەمن دەچم بەیانییە دەنووسم. کە نووسیم تاریف ناکرێ بە چ حاڵێکم دەنووسی، پاراگرافێکم دەنووسی کاغەزەکەم لادەبرد بۆ وەی بە فرمێسکانم رەش نەبێتەوە، پاراگرافێکی دیکەم دەنووسی. لە بیرمە بۆیان گێرامەوە رەفیقێک گوتبووی ئەی لەو دڵە رەقەی! چۆن لەو وەختەی دا بەیاننامەی پێ نووسرا. ئەمن قسەکەم پێ خۆش بوو، بانگم کرد گوتم رەفیق هی دڵ رەقی نییە، بەڵام پەیامی د.قاسملوو ئەوە بوو ئەو وەختی پێی گوتم، بەڵێ ئێستا قاسملوو رۆیشتوە نابێ رێیە کەی کوێر بێتەوە، دەبێ بەیانییەکە بنووسرێ. دەنا دوکتور هەر رفیقی من نە بوو ئومیدی میللەتی کورد بوو، لەو وەختەدا لە دەستمان چوو بوو، هەر بۆ من نەبوو بۆ هەر کوردێکی زەربەیێک بوو لە گێڕانەوە نایە.

**پرسیار**: مامۆستا ئەو کاتە د.قاسملوو شەهید دەبێ جەنابت لە رێبەریی حیزب نەبووی، بەڵام کاتێک حیزب دەیهەوێ هەیئەتێک بنیرێ بۆ بە خاک سپاردنی تەرمی شەهید د.قاسملوو، سەرەرای ئەوەی کە لە رێبەریدا نەبووی لە گەڵ دەستەیەک لە هاورێیان کە دەچنە ئەوێ، سەرۆکی ئەو هەیئەتە جەنابت بووی، لەوێش بە نوێنەرایەتیی حیزب قسە دەکەی. چۆن بوو، ئایا پەیامێکی تایبەتیی تێدابوو کە رێبەریی حیزب تۆی هەڵ بژارد یا لە سەر داوای خۆت بوو یا ئەوەی کە پێویست بوو لەو کاتەدا تۆ بچی؟

**وەڵام**: بە هیچ شێوەیەک داوای منی تێدا نەبوو. دەفتەری سیاسی بڕیاریان دا بوو دوو کەس بچن کە یەکێکیان دەفتەری سیاسی بوو، کاک حەسەن شەرەفی، یەکێکشیان ئەمن بووم، واشیان بڕیار دابوو کە ئەمن بچم تا تەشییع جەنازەکە تەواو دەبێ، لە پاشان کاک حەسەن شەرەفی بێتەوەو ئەمن لەوێ بمێنم بۆ سێ چوار مانگان تا نوێنەر دیاری دەکەن. ئەمن چوومە لای کاک سەعید، ئەوە تاریخە زۆر جاریشم گێڕاوەتەوە کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا گوتم، کاک سەعید ئەو بڕیارەتان داوە بڕیارێکی باش نیە، کاک سەعید مەسئولی بەشی رادیوو ئینتشارات بوو هەردووکیان. گوتم ئەمن دەتوانم دڕوویەک لە

بەشی: سێهەم

لەشی تۆ دەر بێنم، هاوکاریت بکەم، لانیکەم یەکێکیانت بۆ ئیدارە بکەم کە ئەتۆ ئێستا دەبیە سکرتێر و کارت پترە، کاک حەسەن ناتوانێ، کە وابێ با ئەمن بێمەوە کاک حەسەن وەمێنێ، کاک سەعید گوتی ئاخر دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە، گوتم جا کەیفی خۆتانە ئەمن پێشنیهاد دەکەم بە دەفتەری سیاسی بڵێی بڕیارە کە بگۆڕن، وا بوو پێشنیهادی کردبوو بڕیارە کەیان گۆڕیبوو کە کاک حەسەن وەمێنێ ئەمن بێمەوە، ئەوەش نەبوو کە ئەمن رەئیس بم، بەڵام چوون عەمەلەن وەکوو شتێک لە باری سنی یەوە لە باری تەجروبەوە نەوعێک ئەولەوییەت بۆ من قائل بوون ئەمن مەقالەم نووسی و من مەقالەم خۆێندەوە، تەنانەت لێرە لە رادیو بڵاو کرابۆوە، پەیامەکە بە ناوی کاک حەسەن شەرەفی یەوە بڵاو کرابۆوە لە رادیۆ دا، بەڵام هەموو کەس گوتبوی ئەوە نووسینی عەبدوڵا حەسەن زادەیە هی کاک حەسەنی نیە. کە هاتمەوە پێیان وابوو کە ئەمن نووسیمەو کاک حەسەن خوێندوویەتەوە، گوتم نەوەڵڵا هەر ئەمنیش خوێندوومەتەوە. بۆیە لە رۆژنامەی کوردستاندا کە چاپمان کرد نووسیمان قسەی عەبدوڵا حەسەن زادە لە سەر گڵکۆی شەهیدان. هیچ داخوازێکی من نەبوو بەڵام پێیان باش بوو ئەمن بم، دەلیلەکەی دەفتەری سیاسی ئەو وەختە رەنگە بیزانێ.

**پرسیار**: دەڵێن ئەگەر کەسێک سکرتێر بوو ئەندامانی دەفتەری سیاسی وەکوو شاگردی ئەو سکرتێرە وان. لە دوو کۆنگرەی پشت سەر یەک دا جەنابت جێگری د.قاسملوو بوویت، کەسانی دیکەش لە گەڵ جەنابتان، کۆمەڵێک بوون کە رێبەری حیزبتان کردوە. د.قاسملوو سکرتێری ئەو حیزبە بوو ئێوە وەکوو کەسێک کە خۆتان بە یەکێک لە قوتابییەکانی د.قاسملوو دەزانی تا چەندە کاریگەریی فیکریو سیاسیی د.قاسملوو لە سەر خۆت دەبینی لە مێژوی سیاسیی خۆت دا؟

**وەڵام**: بێ تەوازوع دەڵێم لە باری سیاسییەوە ئەگەر قابلیەتێکم تێدا بووبێ شتێک فێربم بە شانازی دەزانم، بەڵام پێم وایە لە باری سیاسییەوە تەکوینی فکری سیاسیی من کاری د.قاسملوویە و زۆری تەئسیر لە سەرم هەبووە. جارێکی گوتم ئیددعایەکم کرد گوتم رەنگە هێندێ کەس موافیقی نەبووبێ، پێم وایە هیچ کەس بەقەد من لە د.قاسملوو فێر نەبووە، ئەویش لە بەر ئەوەی نیە ئەمن لە هەمووان زیرەکترم، لەبەر ئەوە بوو ئەمن دەمزانی ئیحتیاجیم بە فێر بوون هەیە، خەڵکەکەی دیکە "الحمدالله" زۆری دەزانی ئیحتیاجی بە فێر بوونێ نەبوو، بەڵام ئەمن کە هیچم نەدەزانی پێم خۆش بوو زۆر فێر بم، بۆیە زۆر سەعیم دەکرد ئەفکاری وی وەربگرم، لێی فێر بم، خۆم پێ بگەیەنم. هەتا جارێکی لە بیرمە دانیشتبووین لە مەجلیسێکیدا هەروا قسە دەکراو پرسیارم دەکرد، کاک حەسەنی رستگار رووی تێ کردن کاک دوکتور بوو، کەریمی حیسامی بوو، حەمەدەمینی سیراجی بوو، مەرحومی هێمنی شاعیر بوو، گوتی راوەستن ساڵێکی دیکە بە خودا هەرچی پێتانە هەمووتان لێ دەستێنێ، یانی ئەوندە سەعیم دەکرد فێر بم مەسەلەکە هەر ئەوە بوو.

**پرسیار**: مامۆستا جاری وابووە جەنابت لە گەڵ د.قاسملوو سەفەرت کردوە، ئەوندەی لە ئەوروپا یا ئەوندەی لە عێراق لە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

**گەڵ کەسایەتییەکانی دەرەوەی حیزب بە تایبەت کەسایەتییە خاریجییەکان، لە کاتی دانیشتنەکان، مەجلیسو قسەکردنەکان، د.قاسملووت چۆن دەبینی؟**

وەڵام: ئەوە لە بەر خۆشەویستیی د.قاسملوو یا تەعەسسوبی حیزبیم نیە. لە خزمەت دوکتوریدا لە گەڵ زۆر شەخسییەتی کورد و ئێرانی و خاریجی دانیشتوم، جاری وابووە ئەو کەسەی لە گەڵی دانیشتووین وەزیرە، تەنانەت رئیس وڵاتە، رئیس حیزبێکی گەورەیە، لە گەڵ زۆر کەس دانیشتووین، لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو جارانەدا، ئەمن د.قاسملووم لە سەرەوەتری ئەوانی دیکە دەدیت. دەم دیت کە تەرەفەکە چاویان لە زاری ویە ئەفکاری وی بخوێننەوە، ئەوان پتر ئیحتیاجیان بەو هەیە کە لە د.قاسملووی فێر بن تا د.قاسملوو لەوان فێر بێ، هەرچەن د.قاسملوو دەبوو فێر بێ، ئەگەر د.قاسملوو هیچ لە کەس فێر نەبا پیاوێکی زیرەک نەدەبوو. حەتمەن ئینسان دەبێ فێر بێ، بەڵام بەراستی بەرتەری و دەسەڵاتی زیاتری وی لە هەموو دیدارەکان دا بەرچاو بوو.

**پرسیار: ماموستا پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ دەوڵەتی عێراق یا لە گەڵ حیزبی دەسەڵاتداری ئەوکاتی عێراق چۆن بوو؟ کێ ئەو شێوە پێوەندیرەی دارشت، دەوڵەتی ئەوکاتی عێراق بە گشتی بە چ چەشنێک هەڵسوکەوتی لە گەڵ حیزبی دێموکراتو د.قاسملوو دەکرد؟**

وەڵام: ئەو پێوەندییانە دوو رێگایان هەبوو، یەکێکیان لە خاریج لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئەمن لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشاندا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە. پاش بەیانییەی ١١ی ئازار چووینە خزمەتی مەرحومی بارزانی، داوای ئەوەمان کرد کە ئێستە بزوتنەوەی کورد بە جێگایک گەیشتوە مەجال بدەن کە ئێمە فەعالییەتمان پتر بێت، کۆمەکمان بکەن، بارزانی کە زۆر دووری دەخوێندەوە، رێنوێنیی کردین کە ئێمە بچین لە گەڵ دەوڵەتی عێراقی تەماس بگرین، تەنانەت کە پێشنهادەکەی کرد ئێمە کەمێک وشک کەوتین. گوتمان باشە ئێمەو دەوڵەتی عێراق چی و ئێمە چ پێوەندیکمان لە گەڵ دوڵەتی عێراق هەیە. گوتی نابابە مەبەستم ئەوە نیە بەڵام خۆ ئێستە وەک جاران نیە، ئێستێ رێککەوتن هەیە، حوکمی زاتی هەیە، وەزیری کورد هەیە، هێندێک شتی لەو شتانە تێکەڵاو کرد. گوتی ئەمن تەوسیە دەکەم بە وەزیر، مەبەستیشی لەو وەزیرەی ناوی برد مەرحومی "سامی عەبدالرحمان" بوو کە وەزیری کارو باری شیمال بوو کە ئەو کار بکا. لە لایەکی دیکە د.قاسملوو لە گەڵ هێندێک شەخسیاتی عێراقی و عەرەبی دۆستایەتی و ناسیاویی هەبوو لە سەروی هەموویانەوە پیاوێک هەبوو بە ناوی "عبدالخاق السامرایی"، ئەمن هەر قەتم نەدی، بەڵام زۆریان تەعریف دەکرد، ئینسانێکی رووناکبیر و ئینسانێکی چەپ و دێموکرات بوو، لە رێگای ئەوەوە پێوەندی دامەزرا. ئەمن لە کتێبەکەی خۆمدا باسم کردوە کە ئەساسی ئەو پێوەندییانە د.قاسملوو بە کوردی نووسیونی و ئەمن کردومن بە عەرەبی کە بناغەکەمان لە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

سەر ئەوەی دانا کە، ئێمە لە گەڵ حیزبی بەعس موشتەرەکاتمان هەیە لە زۆر شت دا، نوختە هاوبەشەکان هاتبوون، لە ئاخیرەکەی دا هێنابوومانە سەر ئەوەی کە ئێمە هەم دۆستی ئێوەین هەم دۆستی پارتی دیموکراتی کوردستانین، خۆشحالین کە ئەو دوو حیزبە ئێستا بۆ خۆیان پێکەوە دۆست و هاوپەیمانن، بەڵام ئەگەر رۆژێک خوای نەخواستە ئەو پێوەندییانە تێک چن ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نەهی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین، لە بنی را بناغەی ئەوەمان دارشت ئەگەر رۆژێک شەڕ بووە ئێمە شەڕی پارتی بۆ ئەوان نەکەین، هەر چەند ئەوەشمان دانابوو کە شەڕی وانیش بۆ پارتی نەکەین. مەبەستەکە ئەوە بوو ئەو ئیستقلالیەتە بپارێزین. لەوەدا د.قاسملوو نەخشێکی زۆر باشی هەبوو، لە دارشتنی ئەو سیاسەتە موستەقیلەدا، لە ئیدامەکەشی دا. دەوڵەتی عێراق بە بێ شک هەوڵی دا کە ئێمە بێنێتە ژێر رکێفی خۆی، بەڵام کە سەر نەکەوت تەسلیمی ئەمری واقیع بوو، دەنا لە ئەوەڵەوە هێندێک هەوڵی دەدا، لە ئاخرەکەی دا تێ گەیشتبوون کە حیزبی دێموکرات ئەوەیە، دەبێ ئاوای رەفتار لە گەڵ بکا. لەو موناسەبەتەدا شتێک دەگێرمەوە وەختێکی دەیانەویست لە بۆڵێ دەرمان کەن، بۆ حەللی موشکلەکەی ئەمن ناردرامو لە گەڵ فەرماندەی فیرقەی چوار قورنەی بە نوێنەرایەتیی فەردێکی مونەزەمەی شیمالیان کە لە کەرکوکێ بوو لەوێ دانیشتبووین، داوای کرد کە ئێمە نەیەڵین پێشمەرگە بە ناوماندا بێ، گوتم ئەوە کاری ئێمە نیە، ئەوە ئەرتەشی لێیەو ئەفواج خەفیفەی لێن (خۆ نەم کوت جاش) با ئەوان نەیەڵن، گوتی باشە مەیەڵن بە ناو مقەرەکانتان دا بێن. گوتم بە نێو مقەرەکانیشماندا بێن ناتوانین پێیان بڵێین بەوێ دا مەیەن،گوتم، ئێمە میوانی وانین خۆ ئەوان میوانی مە نین، ئەو خاکە خاکی ئەوانە خاکی مە نیە، ئیدی کابرا هەر کافر بوو، ئەو نمایەندەکەی مونەززەمەکەی شیمال گوتی، لە سەرەخۆ "سید القائد". گوتی: کاکە ئەوە دەڵێ ئەگەر بە نێو مقەرەکانی ئێمەش دا بێن پێیان ناڵێین. گوتی: "سید القائد" ئەو سیاسەتەی حیزبی دێموکرات لە مێژە بۆ رەهبەریی عێراق ئاشنایە، رەهبەریی عێراقی بە عیلم بەو سیاسەتەی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دۆستە. یانی ئاوامان هێناوە.

**پرسیار**: مامۆستا ئەوندەی باس دەکرێ، جارێک د.قاسملوو سەدام حوسەینی بینیوە، ئەو کەسایەتییە چۆن دەی روانییە د.قاسملوو یان د.قاسملوو چۆن دەی روانییە ئەو؟

**وەڵام**: د.قاسملوو زیاتر لە جارێ سەدام حوسەینی دیوە، چەن جاری دیوە بە تایبەتی ئەو وەختەی وتووێژ لە بەینی یەکیەتیی نیشتمانی و حکومەتی عێراق دا هەبوو چەن جار لەگەڵ مام جەلال سەدام حوسینیان دیوە. بەڵام ئەمن یەکجاری لە گەڵ بووم، ئەو وەختی ئەو موزاکەراتە نەبوو، دەگەڵی بووم چاوی بە سەدام حوسەین کەوت. سەدام حوسەین هات و رۆیشت بەڵام پیاو هەق بڵێ یەکجار بەرخوردێکی موحتەرەمانەی هەبوو، یەکجار بەئەدەب بوو لە گەڵ د.قاسملوو. لە بیرمە گوتی دوکتور ئەمن زۆر حەساب لە سەر نەزەرات و ئەفکاری تۆ دەکەم، داوات لێ دەکەم لە سەر هەلومەرجی خاوەرمیانە، لە سەر ئەوزاعی ئێرانێ، لە سەر ئەوزاعی عێراقێ، نەزەراتی خۆت چیە بۆم فورموولە کە، بۆم بنێرە موهیم نیە بە چ

بەشی: سێهەم

زمانێکە کوردیە، فارسیە،عەڕەبییە، ئینگلیزییە، فەرانسەیی یە، خەڵک هەیە بۆ منی تەرجەمە بکا، بەرخوردێکی زۆر موئەدەبانە و موحتەرەمانەی هەبوو، بۆ تاریخ ئەوەی دەبێ بڵێم. لە گەڵ خەڵکی عێراق مەعلوومە سەدام حوسەین چۆن بوو، بەڵام بەرخوردێکی زۆر موحتەرەمانەی لەگەڵ دوکتور هەبوو.

**پرسیار**: لە پاش شەهید بوونی د.قاسملوو تەنها کەسێک کە بە نووسین و بە قسە کردن لە کۆرو کۆبونەوەکاندا قسەی کردوە، بە شێوەیەکی جیددی داکۆکی لە رابردوو، لە مێژوو، لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات و لە پلەی یەکەم دا لە د.قاسملوو کردوە . لە بەر ئەوەی تەئسیری زۆری لە سەر حیزب هەبوە. جەنابتی، بڵێین بە دەرەجەی یەکەم جەنابتی. باشە ئایا ئەمە تەنها ئەرکی تۆیە، یان ئەرکی کەسانی دیکەشە کە لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا هەبوون. لانی کەم داکۆکی کردن لە مێژووی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەک داکۆکی کردنە لە د.قاسملوو یان بە پێچەوانە. باشە بۆچی هەموو ئەو ئەرکە لە سەر شانی تۆ دەبینرێ یان وا دیارە تۆ زیاتر لە سەر شانی خۆتی دەبینی؟

**وەڵام**: پرسیارەکەت لە دوایە راست کردەوە، پێم وایە ئەمن تەنیا کەس نیم کە دیفاعم لە شەخسیەتی د.قاسملوو کردبێ، خەڵکی دیکەش کردوویەتی. بەڵام بەبێ شک هەموو مونسیفێک دەیبینێ کە ئەمن لە تەبلیغی ئەفکاری د.قاسملووی دا فەعالترم. بە قەولی فارسان کەلیمەکە عەرەبیە بەڵام دەڵێ: عەجین بووە، د.قاسملوو لە گەڵ فکری من عەجینە یانی بێ ئیرادە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم دەڵێم دوکتور وا دەڵێ، دوکتور وای دەگوت، لە گەڵ دوکتوری وابوو، یەعنی بۆ هەموو کەس مەلمووسە. تەنانەت دوو سێ جار، هێندێک کەس سوپاسیان لە من دەکرد کە، زۆر سپاست دەکەین کە هێندە حوزوورت هەیە لە کن د.قاسملوو، گوتم بۆ سپاسم دەکەی، یەعنی د.قاسملوو هی جەنابتە! کە سوپاسم بکەی. پێم خۆش نیە ناویان بێنم ئێستە کە ئەوەیان گوێ لێ بێ وەبیریان دێتەوە. گوایە ئی وانە!. بەڵام ئەوە کە ئەمن کردوومە لە بەر ئەوەیە کە پێم وایە د.قاسملوو حەقی بەسەر منەوە لە هەمووان پتر هەیە، لە پاشانیش ئەفکاری د.قاسملووی ئەفکاری منە، ئیمانم پێ هێناوە، خزمەتم پێ کردوە، لە عەینی حاڵیش دا با ئەوە بڵێم ئەمن د.قاسملووم بە ئینسان زانیوە و بەئینسانی دەزانم، د.قاسملوو هەم لە دەورانی خۆیدا ئینتقادم لێکردوەو رەخنەم لێگرتوە و بەگژیدا هاتووم و شەڕم لەگەڵ کردوە، هەم ئەو وەختی دیفاعم لە ئەفکاری کردوەو پەیرەویم لێ کردوە، بە حەددێک لەگەڵی بەشەڕ هاتووم کە پێیان وابووە دوژمنین، بە حەددێک ئیتاعەتم لێ کردوەو هاوفکریم دەگەڵ کردوە کە موخالفینی وی و خۆم بە نوکەری د.قاسملوویان ناو بردووم، زۆر جار. ئیستەش هەر پێم وایە د.قاسملوو ئینسانێکی گەورە بووە، ئەفکاری بۆ لێ فێر بوونێ دەبێ. بەڵام ئەفکاری د.قاسملوو قابیلی ئەوەیە کە تەجدیدی نەزەری تێدا بکرێ، نا بێ تەعەسوبمان هەبێ، وەفا بە د.قاسملوو ئەوە نیە کە ئێمە هەرچی د.قاسملوو کردویەتی تا قیامەتێ ئەوەی بکەین. د.قاسملوو خودموختاری شوعاری بووە لە دەورانی ویدا، ئێستە گۆڕیومانە خەیانەتمان بە د.قاسملووی نەکردوە. لە وانەیە د.قاسملوویش لە حەیات دا بایە شوعارەکەی گۆڕیبایە یان سبەینێ شتێکی

بەشی: سێهەم

دیکە بگۆڕین ئەوە هیچ بەو مەعنایە نیە کە خەیانەتمان بە وی کردوە، لە عەینی حاڵدا ئەگەر ئێمە لە د.قاسملووی بوتێیک دروست کەین و بڵێین قەت قەت ئیشتباى نەکردوە، ئەوەش خەیانەتە بە د.قاسملوویە، چونکێ د.قاسملوو ئەو کەسە نەبوو کە پێی وابێ ناتوانێ هەڵە بکا، هەر ئێستە کە ئەوە کرا من شتێک لە د.قاسملوو دەگێرمەوە بۆ ئەوەی بیکەمە موقەدەمە بۆ باسی هەڵەیەکی د.قاسملوو. د.قاسملوو لە هەموو کەسێکی باشتر باسی قازی محەممەدی کردوە، لە هەموو کەسێ باشتر تەجلیلی لێ کردوە. بەڵام دەنووسێ لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا، دەڵێ: ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز قازی محەممەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە بە پیر ئەرتەشی ئێرانەوە چوو. ئەمنیش دەڵێم د.قاسملوو ئەوندە گەورە بوو کە ئەمن دەزانم، بەڵام ئەویش، ڕۆژی ١٣ی ژووئیە تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە باوەڕی بە دوژمنەکەی کرد و چوو هەڵەیەکی کرد کە ئەو زیانە گەورەی لە میللەتی کورد دا. ناکرێ بڵێی د.قاسملوو هەڵەی نەکردوە چۆن نەی کردوە. یانی ئەوە باش بوو کردی؟ مەعلوومە هەڵە بوو، ئەوە لە عەزەمەتی د.قاسملووی کەم ناکاتەوە چونکی د.قاسملوو ئینسانە.

**پرسیار**: مامۆستا بە دوو پرسیار لە پرسیارێک دا کۆتایی بە وتووێژە کەمان دێنین. پاش و پێش لەتبوونی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک ناووناتۆرە و تۆمەت و تاوان ڕووبەڕووی جەنابت دەکرانەوە کە کوێر کەرەوەی ڕێبازی د.قاسملووی، خەیانەتت بە ڕابردوو کردوە، خەیانەتت بەو کەسایەتییە کردوە کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵی ژیاوی، چ قسەیەکت بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەیە کە ئەو جۆرە قسانە دەکەن؟ لە هەمان کاتدا چ قسەیەکت هەیە لە بەرامبەر نەسڵی داهاتوودا بۆ لاوانی کورد بە نیسبەت ڕابردووی د.قاسملوو و بۆ دەرس و ئەزموونەکانی د.قاسملوو لە ڕەوتی خەباتدا؟

**وەڵام**: بۆ ئەوانە هیچ جوابێکم نیە، چونکی بایی جواب دانەوەی نابن. نە لەبارەی د.قاسملووداو نە لە بارەی هیچ شتێکی دیکەوە هەتا ئێستا موخالیفانی ئەو دەورەیەی من موناقشەی ئەفکاری منیان نەکردوە. جنێوان دەدەن، تۆهمەت لێ دەدەن، ئەوە کاری خۆیانە گەردنیان ئازاد بێ، ئەوە موهیم نیە. بەڵام بۆ نەسڵی نوێی میللەتی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکرات، ئەمن پەیامم هەر ئەوەیە کە وشیار بن، د.قاسملوو وەکوو ڕێبەرێکی گەورە بناسن، وەکوو ئینسانێکی گەورە بناسن کە دەبێ لێی فێر بن، ئەگەر هەڵەیەکی هەیە لە هەڵەکەشی فێر بن. د.قاسملوو نە وەک دوژمن تەماشا بکەن، نەوەکوو ئینسانێ کە قابیلی خەتا نیە. ئەمن زۆرجار گوتوومە سەت جاری دیکەش دەیڵێمەوە لێی ماندوو نابم، د.قاسملوو بە د.قاسملوویی لە دایک نەبوو، منداڵێک بوو وەکوو هەموو منداڵانی دیکەی دونیایە لە دایک بوو، بەڵام خۆی پێ گەیاند بە فکر، بە خوێندنەوە، بە خوێندن و نووسین و موناقشە بوو بە د.قاسملوو. جەوانانی دیکە دەبێ هەوڵ بدەن ببن بە د.قاسملوو هیچ، وەپێش د.قاسملووش بکەونەوە. ئەوەیە خزمەت بە د. قاسملوو، ئەگینا هەر بڵێی د.قاسملوو گەورە بوو ئەوە فایدەی چی.

بەشی: سێهەم

**سەعدی دەڵێ:**

**گیرم پدر تو بود فاضل از فضل پدر ترا چه حاصل**

بزانین ئێمە چیمان پێ یە، دەبێ سەعی بکەین لە د.قاسملووی فێر بین بۆ ئەوەی شتی تازە بێنین، زیاد بکەین لەسەر خەرمانی د.قاسملوو.

زۆر سپاس

وەڵام: سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٢

## پرسی زمان و شوناسی نەتەوەیی لە دیمانە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دا

### چاوپێکەوتن: سەید جەلال ساڵحی

هێنانە بەرباس و وروووژاندنی کۆمەڵە پرسیارێک لەسەر شوناسی نەتەوەیی وەک دەستەواژەی قەوم، هۆکارەکانی بێدەوڵەت بوونی نەتەوەی کورد، بوونی چوار دەوڵەتی کوردی نەک یەک دەوڵەت وەک وڵاتانی عەرەبی، ڕۆڵی ڕاگەیەنە کوردییەکان لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردیدا، سەمبولی نەتەوەیی، ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان لە ناساندنی پێوەرەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بە گەنج و لاوەکانی کوردستان، توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە و زۆر پرسیاری دیکەی لەو چەشنە لە چاوپێکەوتن دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە نووسەر و سیاسەتمەداری ناوداری نەتەوەکەمان.

**پرسیار**: وەک یەکەم پرسیار لە خزمەتتدا مامۆستا گیان، زۆربەی ئێرانییەکان و بە تایبەت پانئێرانیستەکان بە کورد دەڵێن قەوم، کوردیش خۆی بە نەتەوە دەزانێ، جیاوازیی ئەم دوو وشەیە چییە؟

**وەڵام**: پێموایە جاری دیکەشم باس کردوە. ئەو مەسەلەیە، مەسەلەیەکی کەمێک کۆنە و کەمێکیش بڵێین ئاڵۆز باڵۆزە. کەلیمەی قەوم و میللەت و ئەوانە بەکارهێنانی جۆراوجۆریان هەیە، لە سروودی نەتەوەیی کورددا دوو جار باسی قەومی کورد دەکرێ، "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان"، کەوابێ قەوم بۆ خۆی جنێو نیە، لێرەدا ڕاست بە مانای نەتەوەیە. لە پاشان قەوم یان میللەت یان ئوممەت هەموویان لەجێدا عەرەبین. ئەگەر تەماشا عەرەبی بکەین هەر ئێستێ لە وڵاتانی عەرەبی کە باسی مافی نەتەوایەتی دەکەن دەڵێن حقووقی قەومی، بە نەتەوەش دەڵێن ئوممەت، ئیستعمالاتی دیکەش هەیە: بۆ وێنە میللەت بە مانای دینە یانی ئەو ئیستعمالاتە جۆراوجۆرە هەیە. لە لایەکی دیکەوە قەوم لە هێندێک لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیدا بە مانای کۆمەڵە ئینسانێکە کە جارێ خسووسیاتی نەتەوەیان تێدا پێک نەهاتوە، ئاخر دەڵێن بناغەی کۆمەڵ لە پێشدا لەسەر بنەماڵە پێک دێ لە پاشان دەبێتە بەرەباب، دەبێتە عەشیرەت، دەبێتە قەوم کە گەورەتر دەبێتەوە، ئەو جار کە خسووسیاتی تایبەتی وەکوو خاکی هاوبەش و زمانی هاوبەش و خوو و خدەی هاوبەش پێک هاتن دەبێتە میللەت یان نەتەوە.

مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر مەبەستیان لە قەوم ئەوە بێ کە دوایە باسمان کرد ئەوە دیارە بەکارهێنانێکی ناڕەوایە کە نە

ئێمە وەکوو کورد، نە میللەتانی دیکەی ئێران قەبووڵی ناکەن، بەڵام ئەگەر بە جۆرێکی دیکەیە ئەوەی کە پێرار لە کاتی ئینتخاباتی سەرکۆماریدا بۆ نموونە مێهدیی کەڕووبی بە کاری هێنا کە گوتی: "میللەتی ئێران لە ئەقوامی فارسو کوردو بەلووچو عەرەبو ئەوانە پێک هاتوە". ئەگەر مەبەستیان لە قەوم جۆراوجۆرییەکانی دانیشتووانی ئێران بێ ئەو وەخت گوناح نیە، با بڵێن میللەتی ئێران لە شەش بنەماڵەی - هەر ناوی بنێن بنەماڵە -، فارس، ئازەربایجانی، کورد، بەلووچ، عەرەبو تورکمان پێک هاتوە، ئەو وەخت ئیشکال نیە، ئیشکالەکە لەوەدایە کە ناسیۆنالیستە بەرچاوتەنگە فارسەکان کە جاروبار بە شۆوینیستیان ناو دەبەن، ئەوانە خۆیان بە میللەتی ئێران دەزانن، کورد و ئازەربایجانی و بەلووچ و ئەوانەش بە قەوم دادەنێن. ئەوە ئیستعمالێکی ناڕەوا و نامەقبووڵە کە هیچ یەک لە میللەتەکان قەبووڵی ناکەن. دەنا ئەگەر مەبەستیان جۆراوجۆریی میللەتی ئێران بێ کە مەعموولەن میللەت لە ئیستلاحی "بین‌المللی"دا بەمانای تێکڕای دانیشتووانی وڵاتێکە، مەسەلەن وەختێک دەیانگوت میللەتی ئیتیحادی شووڕەوی. ئیتیحادی شووڕەوی، پازدە جمهوریی هەبوون، هەژدە جمهوریی خودموختاری هەبوون، تەنیا لە ئازەربایجاندا ٧٢ میللیەت دەژیان، بەڵام دەیانگوت میللەتی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی، یانی تەواوی ئەتباعی وڵاتەکە، ئەو وەختی شووڕەوی بە یەک وڵات دەناسرا. ئەگەر بەو مانایە بێ بڵێن میللەتی ئێران کە هەموو دانیشتووانی ئێران دەگرێتەوە لەو قەومانە پێک هاتوە ئەو وەخت ڕەنگە کێشەیەکمان لەسەری نەبێ.

**پرسیار**: توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە چینو لەو نێوەدا گرینگترینیان کامەیە؟

**وەڵام**: ئەمە دیارە زۆر کێشەی لەسەرە، زۆر ئیستیدلال کراوە دەڵێن ئەوەی کە بۆ دروستبوونی نەتەوە شەرتە یانی بۆ ئەوەی مەجمووعەیەک ئینسان پێیان بگوترێ نەتەوە، شەرتە ئەمانەن: دەبێ زمانیان یەک بێ، زمان نەک زاراوە، چونکی هەموو زمانێک زاراوەی جۆراوجۆری هەن، زاراوە و بن زاراوەی هەن. کەواتە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش یانی خاکەکە بەسەریەکەوە بێ، عادات و رسوومی کۆمەڵایەتیی هاوبەش. جاروبار ئەوەشیان دادەنا کە دەبێ ئابووریی هاوبەشیش هەبێ یانی ئابوورییەکەش پێکەوە بەسترا بێ کە زۆر جار ئەوەیان حەزف کردوە بە تایبەتی بۆ کورد ئابووریی هاوبەش ناتوانێ ببێتە یەکێک لە شەرتەکان، چونکی کورد بەش کراوە، کەوابێ ئابووریی بەشێکی کوردستان تابیعی تارانە و بەشێکی تابیعی ئانکارایە، یەکی تابیعی بەغدایە، یەکێکی تابیعی دیمشقە. لەنێو ئەوانەدا دانراوە کە زمان لە هەموویان موهیمترە، لە بارێکیشەوە ئەوە ڕاستە، چونکی ئێستێ کابرایەکی کورد لە وڵاتەکەی خۆشی هەڵێچڕێ، بچێتە وڵاتێکی دووریش، چەند ساڵ و چەند دە ساڵ و چەند سەد ساڵیش بەسەر ئەوەدا تێپەڕێ هەتا نەوە و نەتیجەی ئەو شەخسە زمانەکەی خۆیان، واتە کوردییەکەیان لە بیر مابێ هەر بە کورد حیسابن، بەڵام ئەگەر زمانەکەیان نەما ئەو وەخت ئیدی مەجبوور نین خۆیان بە کورد بزانن. ئێستێ ئێمە زۆر کوردتەبارمان هەن لە وڵاتانی عەرەبی دەژین. ئەوان ئیدی خۆیان بە کورد نازانن، یان زۆر کورد تەبارمان هەن لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی دەژین کە باپیرەگەورەی چەند پشت

پێشتریان کورد بووە ئەوانە خۆ بە کورد نازانن. یان مەسەلەن هەر باسی خۆت بکەین. ئاغا سەید جەلال ئەگەر حیسابی ئەوە بکەین کە باپیرە گەورەت چیە، ئێوە باپیرە گەورەتان حەسەن و حوسێن و موحەممەدی بنی عەبدیللای پێغەمبەرن، بەو پێیە دەبن بە عەرەب. دەی باشە، ئێستێ ئەمن پێت بڵێم کورد نی ورگم دەدری. مولاحەزە دەفەرمووی؟ کەوابێ زمان ئەو گرنگی‌یەی هەیە.

بەو حاڵە بە باوەڕی من لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەی لە دروستبوونی نەتەوەدا بە قەد زمان، یان زیاتر لەوی، یان لە دەرەجەی دووەمدا گرنگە خاکە. ئاخر ئەتۆ ناتوانی بە کوردەکانی کووەیتەی پاکستان بڵێی ئەوانە میللەتن، چونکی ئەوانە خاکیان نیە، حەتتا لە ئێران کوردەکانی مەنتەقەی قووچان کە خاکەکەیان لەگەڵ کوردستان هاوبەش نیە و پێکەوە وەسڵ نیە ناتوانی بڵێی ئەوانە میللەتێکن. ئەوانە لەوێ دەبنە کەمایەتیی نەتەوەیی. وەک پەشێوی شاعیر دەڵێ: "ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە، سەرت شۆڕکە، ملت کەچ کە، چاو مەگێڕە بۆ ئەستێرە و ئاسمان و خوا، ئەوەی بستێک خاکی نەبێ خوا و ئەستێرەو ئاسمانی کوا؟"

**پرسیار**: دەوترێ گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا کوردە، بۆچی بێدەوڵەتین، هۆکارەکان چین؟

**وەڵام**: هۆکارەکانی ناتوانین هەروا بە هاسانی بڵێین، بەڵام ڕەنگە لەسەریەک دەلیلی ئەوە بێ کە ئەو وەختەی دەوڵەتەکان شکڵیان گرتوە پێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردەکان بەگشتی نەگەیوەتە ڕادەیەک کە بتوانن لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرن و بۆ خۆیان دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێک بێنن، لە حاڵێکدا ئەو میللەتانەی لە دەوروبەری کورد بوون لە مەرحەلەیەکی پێشکەوتووتری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا بوون، ئەوان توانیویانە حاکمیەت بگرنە دەست و لە نەتیجەدا کورد پێشان لەنێو دوو ئیمپراتۆریی ئێران و ڕۆم یان عوسمانی‌دا بەش کراوە و دوایەش دیسان لە نەتیجەی ئەو تەقسیماتە ئیستعماری‌یەدا دووبارە لە بەینی ئەو سێ وڵاتەدا بەش کراوەتەوە، یانی ئەوەی وەبەر ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتبوو، کە ئیمپراتۆریی عوسمانی تەقسیم کرا، بوو بە تورکیە و سووریە و عێراق، ئەو بەشەی کوردستانیش جارێکی دیکە بەش کرایەوە.

دیارە دەلیلی ئەساسی ڕەنگە ئەو نەبوونی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یە بێ کە کوردەکان - ناڵێم میللەتی کورد، چونکی ئەو وەختی ڕەنگە میللەت دروست نەبووبێ - لە مەرحەلەیەکی وادا نەبوون کە بتوانن ئەو کارە بۆ خۆیان بکەن.

**پرسیار**: کەواتە لێرەدا کوردیش بۆخۆی تا ڕادەیەک دەخیل بووە؟!

**وەڵام**: بە بێشک! خۆ ئێستێش و لەمەودواش بۆ ئەوەی کورد ببێتە شتێک، دەوڵەتی خۆی هەبێ تەنانەت بۆ ئەوەی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی لە چوارچێوەی وڵاتەکانیشدا بەدەست بێنێ ناتوانێ تەنیا چاوەڕێی لوتف و مەرحەمەتی دەوڵەتەکان یان میللەتە حاکمەکان بێ. ئەوە خەباتی خۆیەتی کە دەتوانێ ببێتە عامیلێکی کاریگەر لە بەدەست هێنانی ئەو مافانەدا یان لە دوارۆژێکی دوورتردا لە بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییدا.

**پرسیار**: لەم نێوەدا ئیستیفادەیەک دەکەم، ئەو ماوەیە باسی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باشوور کرا. پێت وایە هەلومەرجەکە گونجاوە؟ زۆر کەس پێیان وایە نەخەیر هەلومەرجەکەی نەگونجاوە، ڕای بەڕێزتان لەم بارەوە؟

**وەڵام**: لەڕاستیدا سەربەخۆبوونی یەکێک لە پارچەکانی کوردستان بۆخۆی بە مانای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد نیە، چونکی کە باسی میللەتی کورد دەکەی، میللەتی کورد یەکە، باشووری کوردستان یان باکوور یان ڕۆژهەڵات یان هەرچی بێ بەشێکیەتی، لەحاڵێکدا باشوور بەشێکی چووکیشە یانی دوو بەشی کوردستان زۆر گەورەترن، ئەوەڵێ تورکیەیە کە بە تەنێ نیوەی هەموو کورد و هەموو کوردستانی لێیە، دوایە ئێرانە جا ئەو جار دەگاتە عێراق. لە عەینی حاڵدا خۆ پیاو ئارەزوو دەکا کە بەشێکی کوردستانیش بتوانێ سەربەخۆیی خۆی وەربگرێو ببێتە دەوڵەتێک، بەڵام بەبێشک ئەمە لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر بەرەوڕوو دەبێ، چونکی ئێعلانی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق یان باشووری کوردستان لەگەڵ موخالەفەتی دەوڵەتی عێراق بەرەوڕوو دەبێ و بە ئیحتیمالی زۆر دەگەڵ موخالەفەت و دژکردەوەی ئێرانو سووریەو تورکیەش بەرەوڕوو دەبێ. بۆیە ڕەنگە ئەو کارە هەروا ئاسان نەبێ. دژواریی زۆری لەسەر ڕێگایە. تەنیا لە وەختێکدا ئەوە مومکینە کە شەرعیەتی نێونەتەوەیی کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی دەنوێنێ لە باری قانوونی‌یەوە لە پشتی بێ، لە باری عەمەلی و دیفاعیشەوە دەسەڵاتە گەورەکان و هێزە گەورە نیزامی‌یەکان لە پشتی بن تا ئەگەر دەوروبەر موخالەفەتیان کرد ئەوان دیفاع لە کورد بکەن. پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئەوە نێزیک نیە، یانی ئەمریکا، ئورووپا، چین، ڕووسیە کە ئێستێ تەقریبەن نەخشەی جیهان ئەوانە دەیکێشن - بیانەوێ تێکی دەن یان دروستی کەنەوە - ، زۆر ئاسان نیە پیاو فکر بکاتەوە قازانجەکانیان لەگەڵ ئێرانیش و لەگەڵ تورکیەش و لەگەڵ عێراقیش و لەگەڵ سووریەش و بە تەبەعیەتی ئەوانە لەگەڵ ٢٢ دەوڵەتی عەرەبییش دەگۆڕنەوە بە قازانجی بەشێکی کوردستان. هەرچەند ئەوە ئارەزوومانە، بەڵام تەسەوورکردنی ئاسان نیە. هەربۆیە پێموایە لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر گەورە بەرەوڕوو دەبێ کە من ئارەزوو دەکەم کورد لە باشووری کوردستان ئەو حوقووقەی بەدەستی هێناوە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیمۆکراتیکدا - قانوونەکە ئەوەی دەڵێ - ئەوەی بۆ بچەسپێ. چونکی ئەوە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوویە بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا یانی ئەمە ڕەنگە نموونە و سیستمێکی باش بێ بۆ چارەسەری مەسەلەی

کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لەم قۆناغەدا کە ئێمە تێیدا دەژین.

**پرسیار**: هەر لەو چوارچێوەیەدا ئێمە ئەگەر ئاوا دانێین دەڵێین هەر چوار پارچەکە ڕۆژێکی ئارەزوومانە کە بێتەوە یەک واتە کوردستانی گەورە، بەڵام تۆ پێت وانیە ئەگەر وەک وڵاتە عەرەبەکان کە چەندین وڵاتی عەرەبین، ڕۆژێکیش، بۆ خۆم وەک خۆم پێم وابێ ئێمەش چوار وڵاتی کوردیمان بێت ئاوا یان نەخەیر یەک وڵاتی کوردی، ڕای جەنابت لەو چوارچێوەیەدا؟

**وەڵام**: ئارەزوو لەگەڵ واقعییەت جوێیە، ئارەزووەکە و حەقانییەتەکە هەر ئەوەیە کە کورد بۆ خۆی هەمووی بەسەریەکەوە دەوڵەتێکی هەبێ، بەڵام ئەوەش حاڵەتێکی تەبیعیـیە کە لە دنیای ئەمڕۆدا لە شەرعییەتی نێونەتەوەییدا یەک میللەت دەتوانێ چەند دەوڵەتی هەبێ بۆ نموونە وڵاتانی عەرەبی وەکوو نەتەوە نەتەوەیەکن، بەڵام چەند دەوڵەتیان هەیە. جا بۆیە مەسەلەن میللەت، لێرە باسی ئیتیحادی شووڕەویمان کرد کە چەند نەتەوە بوون بە یەک میللەتیان نێو دەبردن لە سازمانی میلەلی موتتەحیددا، بە پێچەوانەکەی وڵاتانی عەرەبی یەک میللەتن بە مەفهوومەکەی ئێمە، بەڵام بە ٢٢ دەوڵەت دەناسرێن و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ٢٢ میللەت حیسابن. عێراق بە هەموو جۆراوجۆرییەکانییەوە نەتەوەیەکە، سووریە نەتەوەیەکە، یەمەن نەتەوەیەکە، وڵاتانی بچووکی وەک عومان، بەحرەین و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و قەتەر هەریەک لەوانە نەتەوەیەکن. دەکرێ، بەڵام ئیدی هەمووی ئەوانە بۆ مەسەلەی کورد دەگەڵ ئەو کەندوکۆسپە قانوونی و نیزامی و دیپلۆماسییانە بەرەوڕوو دەبن.

**پرسیار**: داگیرکەرانی کوردستان بۆ وێنە کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیویانە بەو ئامرازە دەسەڵاتە یان بە واتا زانستییەکەی "دەوڵەت" کە بە دەستیانەوەیە، زمان و شوناسی نەتەوەی خۆیان بە جیهانییان بناسێنن، بەڕای بەڕێزتان کورد لەوەها بارودۆخێک دا چ ئامراز و ئیمکاناتێک لەم ڕاستایەدا دەتوانێ بەکار ببا؟

**وەڵام**: لەڕاستیدا ناسرانی زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی وەکوو زمان زۆر کۆنترە لەو دەورانەی کە پێی دەڵێن دەورانی بێداریی نەتەوەیی، چونکی بێداری نەتەوەیی و تەشکیلی نەتەوە بە مەعنای ئێستای عومرێکی زۆر درێژی نیە، حەتتا ئێرانییەکان دەڵێن لە دروست بوونی دەوڵەت - نەتەوەوە کە هەمووی سەد ساڵ نابێ لە دەورانی ڕەزا شاوە دەست پێدەکا. زمانی فارسی زۆر لە کۆنەوە وەکوو زمانێکی تەقریبەن موعتەبەری دنیا ناسراوە، ئەگەر تەماشا بکەی لە ئێراندا زۆر وەخت دەسەڵات بە دەست بنەماڵەیەکی پاشایەتییەوە بووە کە فارس نەبوون، زۆر بنەماڵەی تورک، سەلجووقیەکان، غەزنەوییەکان، ئەفشارەکان نازانم چی، حکوومەتیان بەدەستەوە بووە یان کوردەکان بڵێین کەریم خانی زەند، هێندێک



سەرچاوە
Serchawe

کەس ساسانیەکان بە کورد دەزانن. کەچی زمانی دەربار هەر فارسی بووە، تەنانەت وەختێک زمانی دەرباری عوسمانییش فارسی بووە. لە موقابیلدا ئەگەر تەماشا بکەی زمانی کوردییش بەبێ ئەوەی کورد دەوڵەتێکی پێک هێنابێ لە باری تەکامولەوە ڕەنگە وەک زمانەکانی دیکە نەبێ، بەڵام لە دنیادا لە هەموو جێیەک وەکوو زمان ناسراوە بێئەوەی کورد دەوڵەتی بۆ پێک هاتبێ. یانی ناسرانی زمانەکە وەکوو زمانێک لەنێو زمانەکانی دنیادا ئەوەندە نەبەستراوەتەوە بە تەشکیلی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی. ئێمە ئێستێ زمانەکەمان ناسراوە و دەوڵەتیشمان نیە.

**پرسیار**: زمانی کوردی وەکوو یەکێک لە کۆڵەکە پێکهێنەرەکانی نەتەوە کەوتۆتە ژێر هێرشی فەرهەنگیی ئەو وڵاتانەی کە بەسەر کوردستاندا زاڵن، چ بکرێ کە زمانەکەمان لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا بپارێزین؟

**وەڵام**: پێموایە زمانی کوردی لە ڕابردوودا خۆی پاراستوە و ئێستا ئیدی ئەم قۆناغەی بەجێ هێشتوە. ئەو دیفاع لەخۆکردنە شتێکی زاتیی ئینسانەکانە، کوردەکە بۆخۆی بەشێکی بە نائاگاهی، بەشێکیشی دیارە لە بژاردەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا بە ئاگاهیەوە بووە ویستوویەتی خۆی بپارێزێ هەم وجوودی خۆی بپارێزێ هەم زمانەکەی بپارێزێ. دەگەڵ ئەوەی ئیمکانی خوێندن و نووسینی زۆر بە کەمی هەبووە، بەڵام حەتتا سینە بە سینە کولتوورەکەی و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی خۆی لە پەلامار پاراستوە هەتا گەیوەتە ئێرە. بە باوەڕی من ئێستا ئیدی زمانی کوردی ئەو قۆناغەی بە تەواوی بەجێ هێشتوە، هیچ لە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوون و ئینکاردا نەماوە. هەربۆیە زۆرجار ئەمن باسی دەکەم دەڵێم ئەگەر جاران ئیسرارمان هەبوو لە نووسیندا کوردیەکەمان ئەوەندە پەتی بێ کە بە چرای شەوارەش نەتوانی کەلیمەیەکی فارسی یان عەرەبی یان ئینگلیزی تێدا وەبینی، ئێستێ پێویست نیە ئێمە زمانەکەمان وا مەحدوود کەینەوە. لەوجێیەی دەزانین بۆ مەفهوومێک کەلیماتی کوردی پڕ بە پێست و موتەداویلمان نیە با کەلیمە بێگانەکەی بەکار بێنین. ئێستێ نەخوێندەوارەکانیش مەسەلەن دەزانن ئیمپریالیزم چیە، لەحاڵێکدا ئەگەر لە من و تۆشی بپرسن ڕەنگە ئیمپریالیزم بە مەعنا عیلمیەکەی و ڕیشەی کەلیمەکەی بە تەواوی نەزانین، ئەو کەلیمەیە ئەوەندە بەکار براوە خەڵک دەیناسن. یان مەسەلەن وەختی خۆی خەڵک باسی ئیستعماریان دەکرد، شتێکی وایان لێنەدەزانی، بەوحاڵە بۆیان ناسراو بوو. بۆیە ئێستێ زمانی کوردی کە هەڕەشەکەی لەسەر نەماوە، جێی خۆیەتی زۆر جار لە نووسیندا بۆ مەفهووم بوون کەلیمەی خاریجی بەکار بێنێ هەروەکوو عەرەب و فارسەکانیش بەکاری دێنن، ئێستا تەماشا زمانی فارسی بکە. ئەو کەسانە کە عەرەبییان نەخوێندوە زۆر بە زەحمەت ڕەنگە بزانن فارسی وەزعی چۆنە، چونکی زۆر جار ئەمن دەبیستم یەکێک دەڵێ ئەو کەلیمەیە فارسیە لەحاڵێکدا کەلیمەکە فارسی نیە، عەرەبیە. ئەمڕۆ کێ جوان فارسی دەنووسێ ئەگەر نووسینەکانی بێنی تەماشا بکەی، یان قسەکانی بێنیە سەر کاغەز و کەلیمەکانی ببژێری بێجگە لەو کەلیماتی "از" و "در" و "است" و ئەوانە کە زیاتر بە ئەدات ناو دەبرێن تا بە کەلیمە، ئەگەر ئەوانەی لێدەرکەی کامە زۆر چاک دەنووسێ سەدی پەنجای کەلیمەکانی عەرەبی یان ئینگلیزی و زمانە

خاریجیەکانە. لە باشترین حاڵەتدا سەدی پەنجایان فارسین. کەچی ئەو زمانە هیچ ئیشکالی نیە و زۆریش ڕێکوپێکە، کوردیش زمانەکەی گەیوەتە قۆناغێکی ئاوا.

**پرسیار**: ڕۆڵی ڕاگەیەنە کوردیەکان و بە تایبەت "تی.ڤی"یەکان لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردیدا چیە، چۆنی دەبینی؟

**وەڵام**: وەکوو زمان بە مەعنا گشتیەکەی بە باوەڕی من ڕۆڵیان هەیە، وەختی خۆی نەک ئەمن زۆرکەس دەیانگوت زمانی کوردی لە ئێران بە تایبەتی لە جێیەکی وەک کرماشان بە کردنەوەی ڕادوێی تاران و دوایە ڕادوێی کرماشان پارێزرا، لە حاڵێکدا مەبەستی ڕێژیمی شا لە دروستکردنی ئەو دەزگا هەواڵدەرییە ئەوە نەبوو کە خزمەت بە زمانی کوردی بکا. دەیەویست تەئسیر بکاتە سەر کوردەکان بە تایبەتی لە دەرەوەی سنوور لە عێراق و تەرویجی سیاسەتەکانی خۆی پێبکا، بەڵام هەر ئەوە کۆمەگی کرد بەوەی زمانی کوردی لەوێ پارێزراو بێ، خەڵکی کرماشان زیاتر هەست بە هۆوییەتی کوردیی خۆیان بکەن یان ئەوەی ئێستێ لە تورکیە بڕیاری لەسەر دراوە کە جاروبار موخالەفەتیشی دەگەڵ دەکرێ. تەلەڤیزیۆنی کوردی دادەنێن. ئەو تەلەڤیزیۆنە کوردیە ئەگەر ڕۆژێ هەتا ئێوارێ جنێو بە کورد بدا، بەڵام بە کوردی جنێوان بدا، لە پاراستنی زمانی کوردی بە موتڵەقی‌دا تەئسیری باشی دەبێ.

بەڵام بەداخەوە ئەگەر بە بارێکی دیکەدا لێی بڕوانین، وەکوو زمانێکی دروستو حیسابی کە خزمەت بە وەحدەتی نەتەوەیی میللەتی کورد بکا، پێم وایە میدیا کوردیەکان بە ڕادوێ و ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و گۆڤار و هەموو شتێکەوە، ئەوەندەی خزمەتیان بە مانەوە و پارێزرانی خودی زمانەکە بە موتڵەقی کردوە، ئەوەندەش زەبریان لە وەحدەتی زمانی کوردی و لە پێگەیشتنی زمانی کوردی داوە. چونکی هەر یەکەی بە لەهجەیەک قسە دەکا، یەکێکیان بە دە لەهجە قسە دەکا، ئەو کارانە هیچ وەخت لە خزمەتی پەرەگرتنی زمانی کوردی و پاراستن یان دروست کردنی یەکیەتیی نەتەوەیی میللەتی کورددا نین.

**پرسیار**: یانی بەجێی ئەوەی قازانجیان پێگەیاندبێ، زەرەریشیان داوە. ئێستا ڕێگا چارە، ڕێکار چیە؟

**وەڵام**: ئەوە بە من نیە، ئەوە زۆری دەوێ، بەڵام ڕێگاچارە هەر ئەوەیە کە لە کوێ دەکرێ کوردەکە ساغ وەبێ کە یەک زمانی هەبێ هەروەک هەموو میللەتانی دنیا یەک زمانی ڕەسمیان هەیە. ئێستێ ئەتۆ بە نووسین، بە ڕۆژنامە، بە تابلۆی سەر دیوار، بە ناو بە هەرچی تەماشا دەکەی چەندین لەهجە لە نووسینی کوردیدا هەن، لەحاڵێکدا مەسەلەن عەرەب ٢٢

دەوڵەتی هەیە لە هەموو دەوڵەتەکانی دا لەهجەی جۆراوجۆر هەن. ڕەنگە زمانی عەرەبی خاوەنی سێ سەد، چوار سەد زاراوە و بن زاراوە بێ، بەڵام ئەو وەختی کە دەنووسن، قسەی ڕەسمی دەکەن هەموویان بە یەک زمان دەنووسن. فارسی هەروا، ئەمن دیومە چەند فارس پێکەوە قسەیان کردوە نەک لێیان حاڵی نەبووم، هەر نەمزانیوە باسی چ دەکەن، ئەوەندە لەهجەکەیان دوور بووە، بەڵام هەموویان بە یەک شێوە دەنووسن. ئەو هەموو ئینگلیزی زمانە هەیە، ئەو هەموو چینی زمانە هەیە، ڕەنگە زمانی چینی دەوری یەک میلیارد کەس قسەی پێبکەن، - ئاخر چینییەکان هەموویان بە زمانی چینی قسە ناکەن دەنا ئەوان لە میلیاردونیویش نیزیکن-، بەڵام یەک زمانیان هەیە. دەبێ کوردیش دابنێ یەک زمانی هەبێ بۆ نووسین و خوێندنەوە و قسەی ڕەسمی، لەهجەش هەر وەکوو هەموو میللەتانی دیکە ئازادە، بەڵام ئەوە کەنگێ دەبێ، ڕەنگە هەر خوا بیزانێ.

**پرسیار**: ئێستا وەکوو دەبینین ئەکسەرەن لە نووسینەکاندا لە کتێبەکاندا لە بواری فەرهەنگییەوە کە خزمەت کراوە بە زمانی سۆرانییە، بەڵام زۆربەی بەشەکانی کوردستان مەسەلەن ئێستا کوردستانی تورکیە دەڵێن ئێمە چونکە زیاترین، کوردەکانی ئەوێ زیاترن یان هی عێراقێ دەسەڵاتەکە زیاتر بەوانە، دەڵێن دەبێ بیهێنین زمانەکەمان زیاتر بادینی بێ نەک سۆرانی، ئایا ئەوە تا چەندە ڕاستە؟

**وەڵام**: لە پێشدا با ئەوەی بڵێم کە کەلیمەی سۆرانی کەمێک بە ناڕەوا بەسەر ئەو زمانەدا بڕاوە، سۆرانی زاراوەی مەنتەقەیەکی دیاری کراوە کە بڵێین لە هەولێرەوە بگرە تا دەگاتە ڕەواندزو دەگاتە پیرانشارو شنۆو ئەوانە دەگرێتەوە، سۆرانی ئەوەیە، ئێمە تەقسیمی زمان کە دەکەین دەڵێین کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو، ئێستێ کردوویانەتە کرمانجی ژووروو، وەسەت و خواروو، بە هەرحاڵ کرمانجییە، دەنا سۆرانی یان مەسەلەن موکریانی یان ئەردەڵانی ئەوانە هەریەکەی بنزاراوەیەکن لە کرمانجی خواروو. کەوابێ ئەوە دروست نیە. لە پاشان ئەوەی کە زمانی ڕەسمی دروست بووە لە زمانەکاندا هیچ وەخت تابیعی ئەوە نەبووە کامیان زۆرە و کامیان کەمە، ئەگەر بڵێین زمانمان نیە دەمانەوێ ئێستا دروستی بکەین، بەڵام دەوڵەتمان هەیە یەک پارچەییمان هەیە، ئەو وەختی ئەو قسەیە ڕاستە. ئەگەر بتەوێ لە بنیڕا دایبنێی بەڵێ! زۆربەی کورد یان زۆربەی هەر نەتەوەیەک بە چ لەهجەیەک قسە بکەن، ئەو وەختی دەکرێ لەهجەکەیان ببێتە بناغەی زمانی یەکگرتوو و بەوانی دیکە تەکمیل بکرێ، بەڵام لە هیچ زمانێکی دنیادا لەسەر ئەوە ڕانەوەستاوە، هێندێک هۆکاری دیکە کاریگەر بوون، یەکێک لەوانە مەسەلەن دین بووە، یەکێک سیاسەت بووە، یەکێک ئابووری بووە، حەتتا تەریقەت بووە. مەسەلەن وەختێکی هەر لە کوردیی خۆماندا لەهجەی هەورامی خەریک بوو ببێ بە زمانی یەکگرتووی کوردی، چونکی تەریقەتی نەقشبەندی کە ناوەندەکەی لە بیارە و تەوێڵە بوو برەوی زۆر هەبوو، ئەو وەختی زمان لە کوێ دەناسرا لە کن شاعیرانو ئەدیبان، دەبینی مەسەلەن مەولەوی تاوەگۆزی کە بۆ خۆی شارەزوورییە، لەهجەکەی لەهجەی شارەزوورییە،

بەشی: سێهەم

گەورەترین ئەسەری ئەدەبیی بە هەورامی دەخوڵقێنێ، زۆر کەسی دیکە. جاری وایە عامیلی دینە یا عامیلی ئابووریە یان مەسەلەن لە عەڕەبیدا، خەڵک پێیان وایە لەبەر ئەوەی ئەو لەهجەیە بۆتە بناغەی زمانی عەڕەبی، چونکی قورئان بەو لەهجەیە هاتوە، لەحاڵێکدا زۆر پێش قورئان ئەو زمانە دروست ببوو. لەهجەکە بە ئەسڵ لەهجەی قورەیشە، لەبەر ئەوە ئەو لەهجەیە ببوو بە لەهجەی هەمووان بێ ئەوەی دەوڵەت هەبێ، بێئەوەی عەڕەب خۆی بە میللەت بزانێ، - جارێ ئەوانە هیچیان پەیدا نەببوون-، چونکە لەلایەک بوتخانەی کەعبە هەبوو کە هەموو قەبایلی عەڕەب روویان تێدەکرد وەکوو عامیلی دینی، لەلایەک بازاڕێک هەبوو پێیان دەگوت بازاڕی عوکاز، ساڵی دوو جار، زستان و هاوینان هەموو قەبایلی عەڕەب لەوێ کۆ دەبوونەوە هەم موبادەلەی کالای بازرگانییان پێکەوە دەکرد هەم کۆ دەبوونەوە شەڕەشێعر و شەڕەوتاریان دەکرد و ئیفتیخاراتی خۆیان باس دەکرد. دەی باشە دەبوو لێک حاڵی بن. خۆ هەموو کەس نەی دەتوانی پەنجا لەهجە فێر بێ، هەموویان لەهجەی خانەخوێیەکە فێر ببوون و قسەیان پێدەکرد و پێیان دەنووسی. بۆیە کە قورئان هات مەجبوور بوو بە زمانی ئەوانە بێ. ئەوە زمانێک بوو کە هەموو تێی دەگەیشتن. مەبەستم ئەوەیە زۆر و کەمی نەبوو لە حاڵێکدا قورەیش کێ بوون؟ قەبیلەیەکی چووکەڵە بوون لە مەککەی، حەتتا لە مەدینەش نەبوون هەر لە مەککەی بوون لە شارێکی چووکەڵە.

**پرسیار**: ئالێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ، کەواتە ئایین تا چەندە دەوری بووە لە شوناسی نەتەوەیی دا؟

**وەڵام**: عەرزم کردی، ئایینیش دەتوانێ یەکێک بێ لەو شتانە. مەسەلەن وەکوو گوتم، ئەوەی زمانی عەڕەبی ئایین نەک ئایینی ئیسلام، پێش ئایینی ئیسلام بوتپەرستی کاریگەر بووە لەوەدا کە ئەو لەهجەیە ببێ بە لەهجەی خوێندن و نووسینی هەموو عەڕەبەکان. سیاسەت مەسەلەن یەکێکە لە عامیلەکان، ئەگەر دیققەتمان کردبێ مەسەلەن وەختێکی کە ئەمارەتی بۆتان لە کاردا بووە لەهجەی کرمانجی ژووروو ویستوویەتی ببێتە زمان، هێندێک لە شاعیرەکانی ئەو وەختیمان دەگەڵ ئەوەی بۆخۆیان لەهجەی کرمانجیی خوارووین بووە، دیوانەکەیان بە کرمانجیی ژووروو نووسیوە وەکوو عەلی هەریری. مولاحەزە دەفەرمووی، شتی ئاوا زۆر بووە یان لە قەرنی بیستەمدا بزووتنەوەی کورد لە ئێران و عێراق لە ئارادا بووە، لە هەردووکیشیان لەو مەنتەقەیەدا بووە کە بە کرمانجی خواروو قسە دەکەن یانی لە مەنتەقەی سلێمانی و ئەو دەوروبەرەدا لە باشوورو لە مەنتەقەی موکریان لە ڕۆژهەڵات. بۆیە ئەو لەهجەیە بۆتە لەهجەیەک کە هەموو فێری بوون، خەڵکی ماکۆیەش فێری بوون، خەڵکی قەسری شیرینیش فێری بوون، زاخۆش فێری بووە، خانەقینیش فێری بووە، هەموویان فێری بوون، چونکی مەرکەزی دەسەڵاتە سیاسییەکەی کوردی، حەرەکەتە سیاسییەکەی کوردی لەو بەشەیە ئەوە تەئسیری دەبێ. خەڵکەکە فێری ئەو زمانەی بوون، هەموو کەس یانی ئەو دەسەڵاتە هەموو لەهجەکان ناتوانێ بەکار بێنێ و فێریان بێ، بەڵام خەڵکەکە دەیانەوێ ئەخباری وێ بزانن و لە شتەکان حاڵی بن، بۆیە فێری دەبن، ئەمن بۆ خۆم ئەو تەجرەبەیەم

بەشی: سێهەم

هەیە، ساڵی ١٣٥٩ی خۆمان وابوو ئەمن ڕێم کەوتە مەناتیقی جنووبی. زۆرم پێ سەیر بوو مەسەلەن لە هەورامان دەچوومە هەر ماڵێک زاراوەکەی ئێمە تێدەگەیشتن، قسەیان دەگەڵ دەکردین جوابیان دەدایەوە، نەک هەر پیاوەکان کە مەعموولەن پیاو دەگەڕان، ژنەکانیش و منداڵەکانیش رادوێی دەنگی کوردستانیان دەگرت کە یەک وشەی هەورامیی تێدا نەبوو، هەموو حاڵی دەبوون، وەک من حاڵی دەبوون.

**پرسیار**: هەر نەتەوەیەک لە جیهان دا سەمبولێکی بۆ خۆی وەکوو سەمبولی نەتەوەیی دیاری کردوە، بەڕای جەنابتان کورد چ شتێک بکاتە سەمبول بۆ هەر چوار بەشەکەی کوردستان؟

**وەڵام**: ڕەنگە ئەوە بۆ ئێستێ ئەگەر وا بە ئیرادە بیکەی نەتوانی جوابی ئەو پرسیارە بدەیەوە، چونکی حەتتا ئەگەر ئێستا دەسەڵاتی کوردیش بیکا، دەسەڵاتی کوردی فەقەت لە بەشێکی بچووکدا ڕەسمیەت و قانوونیەتی هەیە و بۆ هەمووان نابێ. بەڵام بێ ئەوەی ئەو ئیرادە ڕەسمی‌یەی لە پشت بێ، ئەو سروودەی کە ئێستا هەمانە و هێندێجار لەملا و لەولا کوتەکیشیان لێ هەڵگرتوە، سروودی ئەی ڕەقیب، وەکوو شتێک بۆتە سێمبول و ڕەمزی وەحدەتی هەموو میللەتی کورد. ئەوە وەکوو شتێک ئیجماعێکی غەیرەڕەسمیی لەسەرە و بەبێ ئەوەی بڕیاری بۆ بدرێ و ڕیفڕاندۆمی بۆ بکرێ ئەوە بۆتە سروودی هەمووان. ئەمما ئەو وەختەی میللەتی کورد یەکگرتوو بێ دەتوانێ بڕیار لەسەر شتی دیکە بدا. ئاخر وەختێک شتێک دەبێتە هی هەموو کورد کە میللەتی کورد وڵاتی خۆی هەبێ، ئیمکانی ئینتخاباتی ئازادی هەبێ، ئیمکانی ڕیفڕاندۆمی ئازادی هەبێ، بە هەمووان پێکەوە لەسەر شتێک ساغ ببنەوە یان هیچ نەبێ مەجلیسێکی مونتەخەبی هەموو میللەتی کورد هەبێ وەکوو ئەوەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان مەجلیسێکی هەڵبژێراوی خەڵکمان هەیە کە لەسەر ئاڵای کوردستان ساغ بۆتەوە. ئەو ئاڵایەی ئێستا هەمانە لە ڕەسمیاتدا ئاڵای باشووری کوردستانە، خۆ ناتوانێ بڵێ ئاڵای کوردستانی تورکیەشە، تورکیە قەبووڵ ناکا، یان هی ئێرانێشە، ئێران قەبووڵ ناکا، بەڵام بۆ ئەم بەشە قانوونیەت و ڕەسمییەتی هەیە و دەوڵەتی عێڕاقیش هەر بە ڕەسمیی ناسیوە، چونکی لە ئیرادەی قانوونی میللەتەکەوە سەرچاوەی گرتوە.

**پرسیار**: چەندین جار لە سەدەی ڕابردوودا نەخشەی وڵاتان و سنوورەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانی بەسەردا هاتوە، ئێستاش ئەگەری گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارادایە، ئایا کورد هەر بە شێوازی ڕابردوو بێبەش دەبێ یان وەک نەتەوەیەک بە مافەکانی خۆی دەگا، ڕای جەنابتان؟

**وەڵام**: ڕای من لەوبارەوە خۆش نیە (بە پێکەنینەوە)، چونکی بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی جەنابت ئەمن وانابینم کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە حاڵی گۆڕان دایە، پێمان خۆش بێ، پێمان ناخۆش بێ، ئەمن ئەو هەلومەرجە وا نابینم.

ڕەنگە تا ڕادەیەکی کەم نەخشەی سیاسی ئیمکانی گۆڕینی هەبێ ئەویش تا ڕادەیەکی زۆر نا، ئەو نیزامە بڕووخێ و نیزامێکی دیکە بێتە سەرکار، بەڵام ئەوە کە نەخشەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێک بچێ، هێندێک دەوڵەتی دیکە پێک بێن، هێندێک دەوڵەت تێک چن یان هێندێک دەوڵەت یەک بگرن، ئەمن ئێحتیمالێکی ئاوا بە نێزیک نازانم، بەڵام بە هەرحاڵ، لە حاڵەتێکی ئاوادا یەک دوو شت هەن کە جێگەی ئومێدن. یەکێکیان ئەوەیە کە وشیاریی نەتەوەیی لەنێو میللەتی کورددا دەگەڵ هەلومەرجەکانی پێشوو قابیلی بەراورد نیە. ئێستێ زۆر لەسەرترە، یەکێکیان ئەوەیە کە کورد لەگەڵ هەموو موشکیلاتێک کە هەیەتی هەم ڕێک خراوە، هەم توانای دیفاع لەخۆکردنی هەیە، ڕەنگە لە حاڵەتێکی ئاوادا کوردەکان بتوانن حەرەکەتێک بکەن کە بەشێکیان لەو ئاڵوگۆڕەدا پێ‌بڕێ، بەڵام ئەمن وا نیزیکی نابینم وەک ئەتۆ دەیبینی. ئارەزوو دەکەم بۆچوونەکەی من هەڵە بێ .

**پرسیار**: حیزبە کوردی‌یەکان بە تایبەتی حیزبی دێمۆکڕات تا چ ڕادەیەک لە ڕاستای ناساندنی پێوەرەکانی(شاخص) شوناسی نەتەوەی کورد بە گەنج و لاوەکانی کوردستان هەنگاویان ناوەو ئەو هۆکارە کاریگەرانەی کە ئەم پرۆسەیەیان زیاتر بەرەوپێش بردوە، چین، بفەرموون؟

**وەڵام**: ئێمە لە دەورانێکدا دەژیین کە ئەوەی کە لە فارسی‌دا پێی دەڵێن، "حیزب ستیزی" بۆتە مۆدی ڕۆژ، ئی وا هەیە بەو شەرتە خۆی بە ڕووناکبیر دەزانێ کە هجووم بکاتە سەر حیزبەکان، بەڵام دەگەڵ ئەوەی هەموو حیزبەکان گلەیی‌یان لەسەرە، کەموکووڕی‌یان لە کاردا بووە و هەیە و دەبێ، ئەو حیزبانە شوێنەواریان لەسەر پاراستنی هۆویەتی نەتەوەیی و بیرباوەڕی نەتەوەیی یەکجار زۆر بووە. تەنانەت ئەگەر تەماشا بکەی ئێستا ڕووناکبیرەکانیش ئەوەی بۆ کوردیان دەوێ و فکری لێ دەکەنەوە کەموزۆر لە ژێر تەئسیری ئەو ڕێبازەدایە کە حیزبە کوردییەکان لە کۆنەوە تا ئێستا نەخشەیان بۆ کێشاوە. کەوابێ ناتوانی حیزبە کوردی‌یەکان سەرزەنشت بکەی یان مەحکوومیان بکەی کە گۆیا تەئسیریان نەبووە. تەئسیریان لە بڵاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی‌دا، لەوەدا کە بەرەی نوێ بە ڕابردووی میللەتی کورد و تاریخەکەی و شکستەکانی و سەرکەوتنەکانی ئاشنا بکەن، ڕەنگە کەم بێ، ڕەنگە کامیل نەبێ بەڵام هەبووە و هەیە.

بەداخەوە میللەتی کورد لەبەر ئەوەی وەزعیەتی خۆی باش نەبووە ئەغڵەبی شتە تاریخییەکانی، سەرچاوە تاریخییەکانی لە بێگانەوە هاتوون، بێگانەیەک کە وڵاتەکە ناناسێ دێ بۆخۆی قسەیەک دەکا، بۆ کوردەکە دەبێتە سەرچاوە. نموونەیەکت بۆ بێنمەوە لە داردرانی پێشەواو هاوڕێ‌یانی لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا بووە، ١٠ی خاکەلێوە بە حیسابی مانگی مەسیحی ئەگەر بیگری دەبێتە ٣٠ی ئاذار(٣٠ی مارس)، لە ساڵی کەبیسەدا دەبێتە ٢٩ ش، بەڵام ئەو یەکەمین کەسە ئینگلیزی‌یە کە هاتۆتە کوردستان دیارە پرسیویەتی کەنگێ بووە، گوتوویانە ١٠ی خاکەلێوە، ١٠ی خاکەلێوە کەنگێیە! مانگی مارس، گوتوویانە ٢١ی

ئـازار نـەورۆزە، کـابرا ١٠ ڕۆژی خستۆتە سـەرێ کردوویەتیـیە ٣١ی ئـازار. نووسیویەتی ٣١ی ئـازار. ئێسـتاش لـە زۆربـەی بەرهەمە مێژوویی‌یەکاندا کە کورد دەیان نووسێ هەر ٣١ی ئـازار دادەنێن یـانی ٣١ی مـارس بە ڕۆژی شـەهیدبوونی پێشـەوا دادەنێن، لە حاڵێکدا قەت قەت شتی ئاوا نیە. مەبەستم ئەوەیە کابرا دێ نیوەبەنیوە بە شتێک ئاشنا دەبێ و دەینووسێ. لە پاشان بۆ کوردەکە دەبێ بە سەرچاوە. هی کورد وابووە. لە بیرمە جارێکی مەرحوومی دوکتور قاسملوو دەگەڵ کابرایەکی فەڕانسەیی لێی بوو بە کێشە گوتی: "ئەرێ ئەو هەموو ئیددیعایە چییە ئێوە هەتانە، ئەمن لە فەڕانسە دەرسم تەواو کردوە، لە فەڕانسە دەرسم گوتۆتەوە، لە فەڕانسە ژیاوم، ئەدەبیاتی فەڕانسە دەناسم، مێژووەکەی دەناسم، ئێستێ خۆم بە ساحەب نەزەر لە کاروباری فەڕانسەدا نازانم، ئەتۆ دوو جار هاتووی بۆ کوردستان گەڕاوی بۆ ساحەبنەزەری لە مەسایلی کوردستاندا؟". جا وایە کوردەکە مەجبوور بووە چاو لەوان بکا، بۆیە ئەو مێژووەی کە کورد هەیەتی نەواقیسی هەیە. بەهەرحاڵ نەک هەر حیزبەکان، حیزبەکان بە تەنێ نین، مێژوونووسان و ڕووناکبیرانی سەربەخۆیش تەئسیریان هەر هەبووە، بەڵام بە بێشک لە پاراستنی ئەو ڕۆحە قەومیی‌یەدا حیزبەکان سەهمی گەورەیان هەیە.

**پرسیار**: دەوترێ وشیاریی نەتەوەیی لای لاوەکان ڕووی لە کزییە، بەڕای جەنابت وایە، ئەگەر وایە چ بکرێ کە لاوەکان بە تایبەت زیاتر بایەخ بە نەتەوەی خۆیان و پرسی کورد وەک پرسی نەتەوەیی بدەن؟

**وەڵام**: زۆر جار ئەمن دەگەڵ ئەو شتە باوانە نیم، ئەوە زۆر باوە کە دەڵێن لاوان ئێستێ وشیاریی نەتەوەیی یان نیە یان تەعەهوودی نەتەوەیی‌یان نیە، ئەمن بەش بەحاڵی خۆم وای نابینم، باوەڕ بکە لە وڵاتێکی وەکوو ئەمریکادا، حەشیمەتی ئەمریکا دەوری سێسەد میلیۆنە، هەموو لاوانی ئەمریکا بە قەت لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستی نەتەوایەتی‌یان نیە بۆ! چونکی ئەوان لەو مەرحەلەیە گوزەراون، ئێستێ بیر لە مەسایلی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەکەنەوە، هەر ئێستێ ئەگەر تەماشا بکەین ڕەنگە بەزەقی وا خۆی دەرنەخا، بەڵام هەستی نەتەوایەتی لە لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان بە قووەتترە تا هەستی نەتەوایەتی لە لای لاوی کورد لە باشووری کوردستان. بۆ! چونکی لاوی کورد لە باشووری کوردستان هەرچەند بەشێوەی نیوەچڵیش بێ، ئەو مەرحەلەیەی خەباتی کە خۆی بۆ مافە نەتەوایەتی‌یەکانی بەکوشت بدا بەجێ هێشتوە. ئێستا لە دەسەڵاتدا بەشدارە، حکوومەتی هەیە کە ئەو غەمەی لە کۆڵ بۆتەوە. ئێستا ڕوو لەوە دەکا کە باشە ئەدی ڕەفاهم، ئەدی وەسایلی خوێندنم، ئەدی وەسایلی وەرزشم، ئەدی وەسایلی ژیانی ئایندەم کوا؟ باس لەوانە دەکا و ئەوەی بۆ مەترەحە. ئەمن ئیشەڵڵا نای بینم، پاش منیش هیوادارم کەسی دیکە ئەوڕۆژە نەبینێ کە دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان بکەونە بەر هەڕەشە، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە بکەونە بەر هەڕەشە، پێموایە هەر ئەو لاوانەی کە ئێستێ دەڵێن ئەو حکوومەتە هیچ نیە، دیفاع لە نەتەوەکەیان دەکەن و خۆی بۆ بە کوشت دەدەن. هەستی نەتەوایەتی نەمردوە، بەڵام تەبیعی‌یە کە ئەو کوردایەتی‌یەی ٤٠ ساڵ پێش ئێستا لە شاخ دەیانکرد



سەرچاوە
Serchawe

ئێستێ نایکەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو لاوەکان وەک یەک نین، بەڵام هەستی نەتەوایەتی و شعووری نەتەوەیی، بە باوەڕی من لە مەرحەلەیەکی زۆر پێشکەوتوودایە. پێم وایە ئەوە غەدرە لە لاوەکان دەکرێ، غەدرە لە مێژووش دەکرێ، غەدرە لە نەتەوەی کوردیش دەکرێ کە بڵێین لاوەکانی ئاوا بێ تەفاوەتن.

**پرسیار**: ئێوە بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەت لاوەکان و خوێندکاران بە پێی پێداویستییەکانی ئەمڕۆیی لە ڕاستای شوناسخوازیی نەتەوەی کورددا چ ڕێکارێک پێشنیار دەکەن؟

**وەڵام**: ئەو ڕێکارانەی کە ئێستێ هەن هەر کامەیان لە جێی خۆیدا تەئسیریان هەیە، دیارە بۆ حیزبی سیاسی مەسەلەن بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕێکارەکە چییە؟ فەقەت نووسین و باری میدیاییە هیچی دیکەمان نیە، ئێمە لە وڵاتەکەی خۆماندا حوزووری ڕەسمیمان نیە تا بڵێی تەئسیر دادەنێین، بۆیە پێم وایە ئەگەر زیاتر لەوەی ئێستا وەکوو حیزب یان وەکوو جەریاناتی ڕووناکبیری لە دەستمان دێ زیاتر کار بکەین بۆ ئەوەی بەرەی لاو ڕێگایان بۆ بکرێتەوە کە دەگەڵ تاریخی میللەتەکەیان، دەگەڵ حەق و حوقووقی میللەتەکەیان زیاتر ئاشنا بن خزمەتێکی گەورەمان کردوە، هەر ئەوەمان لە دەست دێ. شتێکی دیکەی بە کردەوەمان لە دەست نایە.

**پرسیار**: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان چۆن دەتوانێ زیاتر لە ڕاستای چالاک کردنی هەستی ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن "هویتیابی" هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی لاوەکاندا هەنگاو هەڵێنێتەوە؟

**وەڵام**: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانیش هەروایە، با لە خۆمان نەگۆڕین یەکیەتیی لاوان ئێستێ وەکوو حیزبی دێمۆکراتە لە تاراوگە دەژی، مەوجوودییەتە ڕەسمی و ئاشکرایەکەی لە تاراوگە یە. حیزبی دێمۆکرات لەبەر ئەوەی حیزبی سیاسییە ڕێکخراوێکی بەربەرینی نیسبیی لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە، چونکی ئەوە حیزبی سیاسییە و دەتوانێ تەشکیلاتی نەهێنیی هەبێ، بەڵام یەکیەتیی لاوان ناتوانێ تەشکیلاتی نەهێنیی هەبێ، یەکیەتیی لاوان حیزبی سیاسی نیە، ئەگەر وڵاتەکە ئاوا نەبێ یەکیەتیی لاوان دەبێ تێکۆشانی ئاشکرای هەبێ و ڕەسمی و قانوونی بێ و بە ئاشکرا کارەکانی بکا. بۆیە دەتوانین بڵێین بە داخەوە یەکیەتیی لاوان وەکوو ڕێکخراو بەشێکی زۆر کەم لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەوانەی بە ڕەسمی لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاواندا هەن نەک هەموو، بەڵکوو بەشێک لەو لاوە کوردانەن کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، هەر ئەوانەن، بەڵام پێوەندیێکی مەعنەوی لە بەینێدا هەیە، هەموو یەکیەتییەکانی لاوان، چ ئەوەی لە دەوری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە و چ ئەوانەی لە دەوری سازمانەکانی دیکە هەن، پێوەندیێکی مەعنەوی دەگەڵ لاوانی سەربە حیزبەکانیان پێکیانەوە دەبەستێ. مەسەلەن

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات ئەو پێوەندە مەعنەوییەی دەگەڵ ئەو لاوانە هەیە کە بە جۆرێک لە جۆران دەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە پێوەندیدان، ئەوی دیکەش هەردەگەڵ لاوانی نیزیک لە سازمانەکەی خۆی لە پێوەندی - دایە. فەقەت لە ڕێگای نووسینەکانی و ئەدەبیاتەکەیەوە دەتوانێ کاری وابکا کە ئەو وشیارییە نەتەوەییە بڵاو بکاتەوە، ئەوەندەی دەتوانێ لە ڕێگای سایتەوە، لە ڕێگای گەیاندنی ڕاستەوخۆی نووسینەکانیەوە، لە ڕێگای بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنییەوە ئەوانە بە لاوەکان و بە هەموو کۆمەڵ بگەیەنێ، بەڵام دیارە ئەو سەروکاری زیاتر دەگەڵ لاوانە تا بتوانێ لەو ڕێگایەوە خزمەت بکا.

**پرسیار**: ئایا بە سەرنجدان بە ئاکامە مێژووییەکانی بزووتنەوەی کورد و بارودۆخ و هاوکێشەکانی ئێستا و پێوەرە زانستییەکانی جیهان، پێویستمان بە پێناسە و پێداچوونەوە بە سیاسەتگوزارییە فەرهەنگییەکانی نەتەوەکەمان لە نێو لاوەکانی کورددا هەیە؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە هەموو قۆناغێکی ژیان جاری وا هەیە بە قۆناغی دە ساڵە، پێنج ساڵە، جاری وا هەیە بە قۆناغی زۆر کورتتر لەوەش ئێحتیاجیی بە گۆڕان هەیە، بەڵام گۆڕانێکی وەک ئەوەی پێی دەڵێن نێوەرۆکی, فکر ناکەم پێویست بێ. ئێستێ جەدەلێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە پێویستە شێوازی خەباتمان بگۆڕین، بە باوەڕی من حەتتا لەوەشدا پێویستیمان بە گۆڕینێکی ئەوەندە سەرەکی و جەوهەری نیە. چونکی شێوازی خەباتمان لە ئەوەڵەوە تا ئێستێ بە تایبەتی لەو قۆناغەوە کە حیزبی سیاسی دروست بوون هەمیشە ئەوە بووە کە تا ئەو جێیەی بکرێ لە خەباتی ئاشتیخوازانە و قانوونی ئیستیفادە دەکەین و ئەگەر پەلاماریش دراین دیفاع لە خۆمان دەکەین. ئێستاش هەر ئەوەیە. باشە چ شتێک لەو بۆچوونە بگۆڕین؟ بە باوەڕی من هەڵەیە ئێستێ ئێمە ڕابگەیەنین کە هەرگیز چەک بەکار نایەنین. ئەگەر هەموو خاکەکەشمان بە تەورەکە بکێشن دیفاع لە خۆمان ناکەین. ئەوە خزمەت بە دوژمن دەکا. ئەوە خزمەت بە بزووتنەوەی کورد ناکا کە بڵێین ئەگەر چاوانیشمان دەربێنن دەست ناکەینەوە (بە پێکەنینەوە)، ئەوە ئاشتیخوازی نیە، ئەوە تەسلیمتەڵەبییەکی زۆر خەتەرناکە. ئەوەی نابێ بکەین. بێجگە لەوە لە تاکتیکی ڕۆژانە دا دەبێ بزانی چ مەرحەلەیەک چ هەڵدەگرێ، چ شوعارێک بۆ چ ڕۆژێک موناسیبە، پێموایە ئەو چاوپێداخشاندنەوە ئەساسییە کە بڵێین ڕێبازەکە بگۆڕێ ئێستا هیچ زەروورەتێکی نیە.

**پرسیار**: مامۆستا گیان سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێت داین، دوا وتەت لەم پێوەندییەدا واتە لە پیوەندی شوناسی نەتەوەییدا چیە؟ ئەگەر شتێکتان هەیە بفەرموون:

بەشی: سێهەم

**وەڵام**: شتێکی تایبەتیی بەو سوورەتەم نیە، هەر ئەوەندە دەڵێم کە بە گەشبینییەوە، بە گەشبینییەکی واقیعبینانەوە تەماشای دوارۆژمان بکەین. نە بۆخۆمان ناهومێد بین و نە لاوەکانمان و خەڵکەکەمان ناهومێد بکەین، نە ئەوەندەش بە چاویلکەی ڕەش تەماشای ڕابردوو و کارکردی حیزبە سیاسییەکانمان بکەین. کەموکوڕیمان هەیە، دەشبێ کەموکوڕییەکانمان ببینین، چونکی ئەگەر نەیانبینین چارەسەریان ناکەین. بەڵام پێم وایە ڕابردوومان ئەگەر کەموکوڕیی تێدا هەیە شانازییشی زۆر تێدا هەن. ئێستاشمان بە پێی ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژیین هەردووکی تێدا هەن، هەم شانازی، هەم کەموکوڕی. ئایندەشمان هەردووکی ئەوانەی تێدا دەبن، بەڵام دەبێ بە ئومێدەوە بڕوانینە ئاینده.

تێبینی: ئەم وتووێژە لە ژمارە ٤٦ی گۆڤاری لاوان (یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠١٢

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

## ئەگەر بانگەوازی ئێمە بیسترابایە، زۆر دەمێک بوو حیزبی دێموکرات دەبووە بە یەک

**دیمانە: جەعفەر شەریعەتی**

**لە مێــژووی حیزبــی دێمــۆکراتدا چەنــد جارێــک جیــابوونەوە،لێکترازان یــان لەتبــوون رووی داوە، بەڵام هەر کــام لەم جیابوونەوانە لە یەکەم بەیاننامەی راگەیاندنی هەڵوێستیاندا بەناوی حیزبی دێمۆکراتی... خۆیان پێناسە کردۆتەوە، ئەمە بـۆ بەشـێکی زۆر لە خەڵکـی کوردسـتانو بگـرە تەنـانەت ئەو کەسـانەی بەدواداچـوون بـۆ پرسـە سیاسـییەکانی رۆژهەڵاتـی کوردستان دەکەن جێی پرسیار بووەو تا ئێستاش رەنگە نەگەیشتبنە وەڵامی پێویست، بۆیە بە هێنـانەگۆڕی چەنـد پرسیارێک هەوڵ دراوە تا ئەم باسە رۆژەڤ بکرێ‌و رای کەسـانی خـاوەن نەزەری وەک عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە کە یەکێک لە کەسـایەتییە ناسراوەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتەو لە چەند دەیەی رابردووی ئەو حیزبەدا لە سیاسەتدارێژەرانی بووە وەربگرین.**

**جەعفەر شەریعەتی:** لەماوەی ٦٨ ساڵ تەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا چوار جیابوونەوە، یـان بە وتەی ئێـوە - بۆئەوەی دوایی - لەتبوون رووی داوە، هەموویان ناوی حیزبی دێمۆکراتیان لەسەر خۆیان داناوەتەوە، دەکرێ بڵێن هۆیەکەی چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێش هەر شتێک دەبێ بڵێم ئەمن لێرەدا نیـازی ئەوەم نیە دیفـاع لە بەرهەڤـیو نـابەرهەڤبوونی هیچ لایەنێکی لەتبوونەکانی حیزبی دێموکڕات بکەم. کاری من لێرەدا هەر ئەوەیە کە بڵێم بۆچی هەموو لایەنەکـان نـاوی حیزبـی دێموکڕاتیان بۆخۆیان پاراستوە. بەباوەڕی من لـە هەمـوو حاڵەتەکـانی نێـو حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتانیشو هەر حیزبێکـی دیکەشدا بەشێک لە ئەندامان لە حیزب جیا نابنەوە تا بچن ناوێکی تازە لەسەر خۆیان دابنێن. بـەڵکوو ئەوە ئەنـدامەکانن کە لێکتر جیا دەبنەوە. بۆیە هیچ لایەک نایەوێ پێوەندیی خۆی لەگەڵ ڕابردووی هەوڵو تێکۆشـان و مێـژووی خەبـاتکـارانەی خۆی بپچڕێ.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە »انشعاب» و «انشقاق» - کە هەر دووکیشیان عەرەبین- لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەکیان جگە لە «لەتبوون» لە بەرامبەردا نیە. کەوایە دەکرێ بگوترێ ئەم لایەن هەقەو ئەم لایەن ناهەق، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمە لەتبوون نیە.

**جەعفەر شەریعەتی**: شانازی لە ناوی حیزبەکەدایە یان لە مێژووی حیزبەکەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە ئەوە مێژووی خەباتو تێکۆشانی حیزبێکە کە دەبێتە هۆی شانازیی ئەندام و لایەنگر و دۆستەکانی، بەڵام وەختێک شانازییە مێژوویی یەکان دەگەڵ ناوی حیزبێک ئاوێتە دەبن، سروشتییە کە ناوەکەش ببێتە مایەی شانازی و لەلای هەمووان و تەنانەت لەلای کۆمەڵانی خەڵکیش خۆشەویست و جێگای ڕێز بێ.

**جەعفەر شەریعەتی**: بە رای ئێوە، مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، یان ڕێکخراو و حیزبەکان؟ ئەگەر وەڵامتان ئەوە بێ کە مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، ئەی بۆ ئێوە لە حدکدا کە بەشی زۆری کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی حدکاتان پێک دێنا، ناوێکی دیکەتان بۆ خۆتان هەڵنەبژارد تا مێژوویەکی دیکە بنووسنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە ڕاستە کە مێژوو بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشان و لەسەریەک کردەوەی مرۆڤەکانە. بەڵام داخوا مرۆڤی تێکۆشەرو بەرپرس حازر دەبێ پشت لە مێژووی دەیان ساڵ هەوڵو خەباتو قوربانی‌دانی خۆی بکاو دەربەست بیدا بە کەسانێک کە بەشێکن لەو هەوڵو خەباتە و بەشیان بە هەموو شانازی‌یەکانەوە هەیە، بەڵام بە هەرحاڵ ئارەق و فرمێسکێکی کەمتریان لە پێناوی‌دا ڕشتوە؟ ئێمە هەم بۆئەوەی گەڕابینەوە سەر بناخەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات و هەم بۆ وەڵامدانەوە بە ویستی خەڵک کە کوردستانی‌بوونەکەیان بەلاوە گرنگترە، وشەی «ئێران»مان لە کۆتایی ناوەکە لابردوە، کە ئەمە بەجۆرێک ناوەکانی لێک جیا کردۆتەوە. بەڵام ئەمە قەت وا ناگەیەنێ کە لایەنی دیکە پتری هەق بەسەر ناو و ڕابردووی ئەم حیزبەوە هەیە.

**جەعفەر شەریعەتی**: پێتان وانیە هێز و پوتانسیەلێکی زۆر لەباتی گوڕوتین‌بەخشین بە خەباتو چالاکیی حیزبەکەتان لەو پێناوەدا سەرف کراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر بەداخەوە لە ئاکامی ململانەیەکی ناپێویستدا هەردوولا وەخت و ئێنێرژیی حیزبی دێموکڕاتیان سەرفی کێشەی لاوەکی و شەڕی لابەلا کرد - ئێستا کاملا دەستپێشخەر بوو، با بمێنێ-. ئەگینا ئێمە هەر لە ڕۆژی

بەشی: سێهەم

یەکەمەوە و لە یەکەم بەیاننامەدا گوتمان خۆمان بە دوژمنی لایەنی بەرامبەر و ئەوان بە دوژمنی خۆمان نازانین و ئەگەر نەمانتوانیوە پێکەوە درێژە بە خەبات بدەین ئامادەین وەک دوو لایەن هەموو جۆرە دۆستایەتی و هاوکارییەک بکەین. بەڕاستییش ئەگەر بانگەوازی ئێمە بیسترابایە، ئێستا یان دەمێک بوو حیزبەکە ببۆوە بە یەک یان هەر نەبێ هەردوو لا ئێنێرژییەکی زۆریان بۆ دەمایەوە و زۆر پتر لە ئێستا گەشەیان دەکرد.

**جەعفەر شەریعەتی:** ئەگەر ئێوە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا، ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی ناوێکی دیکەتان بۆ خۆتان هەڵبژاردبا، لە گۆڕەپانی خەباتی تەشکیلاتی و سیاسیدا حدک زۆر پتر لەوە کە ئێستا هەیە، نەدەچووە پێش؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕەنگ بوو لە هەموو حاڵەتێکدا دەستهەڵگرتن لە ڕابردووی شەست ساڵ خەبات و فیداکاری کارێکی دژوار بووایە، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەگەر ئێمە لە نێوخۆی وڵات و بەتایبەتی لە فەزایەکی دێموکڕاتیدا کاری سیاسیمان کردبایە، ئەوە بژاردەیەکی گونجاو بووایە. ئەودەم دەکرا ماوەیەکی دیاریکراو بچیە نێو خەڵک، میتینگ و سیمیناری فکری و سیاسی پێک بێنی، هەڵوێستە سیاسییەکانت بۆ هەمووان ڕوون بکەیەوە، «هێڵە گشتییەکانی سیاسەت»ی خۆت بەریە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵ و ئەمجار ڕابگەیەنی لەمەودوا لەژێر ناوی حیزبی...دا بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە تێدەکۆشم.

دەزانین کە بەداخەوە هەلومەرجێکی لەو بابەتە بۆ وڵاتی ئێمە هەتا ئێستاش وەک ئاواتێکی دوورەدەست دێتە بەر چاو. کەوایە، بەپێچەوانەی پرسیاری ئێوە ئەگەرناوێکی دیکەمان هەڵبژاردبایە سەرباری خۆبێبەریکردن لە هەموو شانازییە مێژووییەکانمان ئێنێرژییەکی زۆر پترمان پێویست بوو تا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەڵ ناو و بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبی تازە ئاشنا بکەین. پێموایە ئێستاش هەردوو بژاردەکەمان لەبەر دەستدان: هاوکاری و هاوپەیمانییەکی پتەو یان جارێکی دیکە- و پشت بەخوا بۆ هەمیشە- «وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات»، کە دیارە ئەمەیان ویستی دڵسۆزانی گەلەکەمانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

بەشی: سێهەم

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگیان دا بۆ "نا بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران".

### وتووێژی حەوتەنامەی "ئاوێنە" دەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە

**ئا: شاهۆ ئەحمەد**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە کەسایەتی دیاری رۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری پێشوی حیزبی دیموکرات، لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی وەکو شتێکی کاتی باشە."

**ئاوێنە:** ئێستا هەمو سەرنجەکان رو لە"روحانی"ن، تۆ وەک سیاسیەکی کوردی بەرهەڵستکار، چ چاوەڕوانییەکت هەیە بەرامبەر بەم سەرۆکەی بەریفۆرمخواز ناودەبرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێش ئەوەی بێینە سەر چاوەڕوانییەکان پێویستە هەندێک شت بگوترێ: روحانی دیاردەیەکی تازەیە، کەسێکە بەسەرکۆمار هەڵبژێردراوە کە نە بۆ ئەوانەی دەنگیان داوەتێ دڵخوازە، نەبۆ ئەوانەی دەیانویست کەسێک هەڵبژێردرێ کە دڵخوازیانە. رێبەری نیزامی جومهوری ئیسلامی حەزی دەکرد یەکێک لە پێنج کاندیدەکەی دیکە دەرچوبایە نەک روحانی، چونکە هەمویان لەبیروڕای ئەو نزیکتربون تا روحانی. واتا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگیان دا بۆ "نا بۆ جهوریی ئیسلامیی ئێران"، ئەگینا روحانی دڵخوازی خەڵکی نەبو، تەنانەت لە بەرنامەکەیدا جگە لەهەندێک بەڵێنی بەقسە، هیچ شتێکی ئەساسی نەبو بۆ ئەوەی داخوازی خەڵکی بێنێتەدی. ئێستا ئەو هەڵبژێردراوەو هەر کەسێکی دیکەش دەرچوبایە لە نیزامی جومهوریی ئیسلامی ئێراندا بەپێی دەستور سەرکۆمار بڕیاردەر نیە، ئەوەی لەئێران بڕیاردەرە رێبەری نیزامە کە ئێستا خامەنەییە، واتا سەڵاحیەتەکان لای ئەون، ئەوە سەرکۆمار نیە خەتێکی تایبەتی بگرێتە بەر. ئەمن وا بیر دەکەمەوە کە خودی خامەنەیی کابرایەکە موخالیفی دیموکراسیو بیری ئازادو مافە نەتەوایەتیەکانە، بەڵام پیاوێکی نازیرەک نیە. ئەو دەزانێ ئەو بارودۆخەی پێکی هێناوە چ لەنێوخۆی ئێرانو چ لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا قابیلی دەوام نیەو دەتوانێ ئێران بەجارێک وێران بکا. بۆیە ئەمن وا تێدەگەم خودی خامەنەیی دەیەوێ ئەو گرژیو ئاڵۆزیەی لەگەڵ دنیای دەرەوەی هەیە تا رادەیەکی مومکین خاو بکاتەوە بۆ ئەوەی گەمارۆی زیاتر نەکەوێتە سەر ئێرانو بۆ ئەوەی ئەو گەمارۆیانەی هەن کەم بکرێنەوە.

بەشی: سێهەم

لەم حاڵەتەدا قبوڵکردنی حەسەن روحانی لەلایەن خامەنەییەوە بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە ئەو خاوکردنەوەیە دەگەڵ دنیای دەرەوە لەڕێگای سەرکۆمارێکەوە کە بەمیانەڕەو ناسراوە ئاسانترە. پێموایە تەخفیفێک لە پەیوەندی نێوان ئێرانو دنیای دەرەوەدا روو دەدا، تەنانەت لە پەیوەندی دەگەڵ پەروەندەی ئەتۆمییشدا کرانەوەیەک دەبێ. دنیای دەرەوە سەرەڕای ئەوەی لەبارەی تیرۆریزمو مەسەلەی ئەتۆمیو ئەوانەوە بەرامبەر بەئێران ڕاوەستاوە چەند سالێکە هیچ نەبێ بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان باسێکیش لەوە دەکەن کە لەئێراندا ئازادی نیە، دیموکراسی نیە، خەڵک دەگیرێ، نەتەوەکان مافیان نیە، ئایینو مەزهەبەکانی جگە لەهی خۆیان مافو ئازادییان نیە. وا بیردەکەمەوە لەبواری نێوخۆییشدا دیسان کرانەوەیەک لەچوارچێوەی ئەو زەرفیەتەدا کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی، نەک ئەوەی خەڵکی ئێران یاخود میللەتی کورد یاخود حیزبی من دەیانەوێ، ڕوو دەدا. ڕەنگە لەشەش مانگی یەکەمی سەرۆکایەتیی روحانیدا هەندێک لە زیندانیانی سیاسی ئازادبکرێن، لەوانەیە هەندێک کەسی وەک موسەوی‌و کەڕوبی کە لەماڵەکەی خۆیاندا حەبس کراون حەساریان لەسەر هەڵبگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە ئەو قسانەی من دەقاودەق بێنە دی، بەڵام پێموایە لە نێوخۆی ئێرانیشدا کرانەوەیەک روو دەدا، بەڕادەیەک کە زیان بەبناغەکانی کۆماری ئیسلامی نەگەیەنێ.

**ئاوێنە:** ماوەیەک لەمەوبەر خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە دا کە ئێوە وەک حیزبی دیموکرات روحانیتان پێ موناسبترە، ئایا ئەمە مەسیجێکە لەلایەن ئێوەوە بۆ دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران بۆ ئەوەی بکەونە گفتوگۆوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** نا مەسەلەکە گفتوگۆ نیە، بەڵام ئەوە قسەیەکی مەنتیقییە. هەندێک کەس هەن بە وشەیەکی نەشیاویش دەڵێن هەموویان وەک یەکن. ئەو قسەیە قسەیەکی بێ مەنتیقە. واتا هەرکەسێک کەمترین تێگەیشتنی لە وەزعی ئێران هەبێ عەقل قبوڵی ناکا بڵێ خاتەمیو ئەحمەدی نەژاد وەک یەکن؟ لە هەر وڵاتێکدا بیگری ناکرێ هەموان وەک یەک دابنێی. بۆ نمونە ناتوانی بڵێی ئۆباماو بوش (کارم بەوە نیە کامیان بەباشتر دەزانی) وەکو یەکن. ئەوە قسەیەکی مەنتیقی نیە. بەڵام کاتێک کاندیدەکانی دیکە لەنمونەی ئەحمەدی نەژاد بون کە توندڕەوو بنئاژۆخواز بوو، ئەمە میانەڕەوە، مەنتیقییە بڵێی ئەو باشترە یان هەرنەبێ کەمتر خراپە وەک ئەوەی ئێستا لەئێران باوە دەڵێن پیاو لەنێوان خراپو خراپتردا خراپەکە قبوڵ دەکا. هەندێک کەس ئیراد لەوە دەگرن. باشە، ئەگەر وایە بۆ ناچن بیروخێنن تا هەمومان چەپڵەیان بۆ لێبدەین؟ کەوایە پەیامی خالیدی عەزیزی مەبەستەکەی هەر ئەوەیە. هەرلەوکاتەدا ئاشکرایە کە حیزبی دیموکرات لەکۆنەوە بڕوای وا بووە کە مەسەلەی کورد نە لەئێران نە لەهیچ جیگایەکی دیکە ڕێگا چارەسەری عەسکەریی نیەو دەبێ بەرێگای گفتوگۆی ئاشتیخوازانەدا چارەسەربکرێ. ئێستاش ئەگەر سەرۆککۆماری ئێران شتێکی باش بکا، ئێمەش نەڵێین باشە خەڵکی دی دەڵێن کاری باشی کرد. بۆ نمونە ئەگەر گوتی لە قوتابخانەدا تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندن

بەشی: سێهەم

بەزمانی کوردی بێ ئێمە دەبێ بڵێین هیچ نیە؟ مرۆڤی مەنتیقی وا ناڵێ، بەڵکو دەڵێ ئەمە بەشێکە لەداخوازەکانی خەڵکو خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەوانی دیکەش بەردەوامە.

**ناوێنە:** هاتنە سەرکاری روحانی بەبڕوای تۆ چ کاریگەریەکی لەسەر پەیوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان دەبێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن دوبارەی دەکەمەوە ئەوەی لەسەر ئەو پەیوەندییانە بڕیاری کۆتایی دەدا، رێبەری نیزامە نەک سەرکۆمار، بەڵام هەرلەو کاتەدا پێموایە تەعامول لەگەڵ ڕوحانی ڕەنگە ئاسانتربێ تا لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد.

**ناوێنە:** ئایا روحانی دەتوانێت دەستی قاسمی سلێمانی و سوپای قودس کورت کاتەوە لەئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بەهەرێمی کوردستانو عێراق یاخود لەوەدا خۆی دەستی کورتە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن گوتم ئەوە سەرکۆمار نیە کە ئەو کارانە دەکا. بەڵام ئەگەر چراسەوزی پێ بدرێ یاخود لەوە نەترسێ کە ئەو شتێک بڵێو رێبەر رەتی بکاتەوە بۆ ناتوانێ؟ بەڵام ئەگەر بزانێ پیشتوانیی رێبەری لەپشت نیە نایکا. بۆ نمونە لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا دیتمان سەرکۆمار وەزیرێکی لادەبرد رێبەر دەیگوت دەبێ بێتەوە جێگای خۆی، ئەویش ناچار بو بەقسەی بکا. بۆیە پیاوی عاقڵ شتێک ناڵێ دواتر لێی هەڵوەشێتەوە.

**ناوێنە:** لەناو پەکەکە گۆڕانکارییەک روی داوە، ئێوە خوێندنەوەتان بۆ ئەم گۆڕانکارییە چییە لەم کاتەدا، پێتانوایە هاتنەپێشەوەی بایقو هۆزات وەک هەندێک دەڵێن بەپشتیوانی ئێران بوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن نەزۆر زانیاریم لە ئالوگۆڕەکانی نێو پەکەکە هەیە نە دەشمەوێ ئەو تۆمەتانە لەملاو لەولا بدەم. ئەوەی قبوڵ دەکەم کە کۆماری ئیسلامی چەندی بۆی بکرێ دەیەوێ بەناوی دۆستایەتی دەست لەهەمو بەشەکانی بزوتنەوەی کورد وەربدا تا لەنێوەوە دەستی لێبوەشێنێ، وەکو کورد دەڵێ دوژمنی خۆی بەهەنگوین بخنکێنێ. بەڵام ئەمن نامەوێ کەس تۆمەتبار بکەم بەوە کە پیاوی ئێرانە. ئەوەندەی بۆخۆم ئاگادار بم جەمیل بایک ئەو کەسەی جێگای موراد قەرەیلانی گرتوەتەوە پیاوێکی زیرەکە. لەنێو خۆیاندا وا مەشهورە کە تۆزێک توندڕەوە بەڵام مادام هەڵبژاردەی خۆیانە ئێمە هەر دەبێ بڵێین پیرۆزە.

بەشی: سێهەم

ئاوێنە: پێتوایە لە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا ئێران رۆڵی بینیوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمن زۆرم پێ ناخۆشە کە ئێمە بڵێین لەهەمو شتێکدا ئێران رۆڵی بینیوە، زۆریش لەوە بێزارم کە ئیرادەی کوردو حیزبو حکومەتو پەرلەمان هەموی بە کەم دابنێینو بڵێین هێزێکی دەرەکی کاریگەریی هەبوە. حاشا لەوە ناکەم کە ئێران هەم لەعێراقو هەم لەهەرێمی کوردستانیش دەیەوێ کار بکاو تا ڕادەیەکیش نفوزی هەیە، بەڵام ئەوەی بڕیاری هەرێمی کوردستان دەدا ئێران نیە، بەڵکو سەرۆکایەتی هەرێمە، حکومەتە، پارلەمانەو حیزبە سیاسییەکانن بەدەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەوە.

ئاوێنە: رات چییە بەرامبەر بەو درێژکردنەوەیە، ئایا کارێکی باش بو؟ وەک دەوترێت تەنانەت هێزە کوردیەکانی پارچەکانی تری کوردستان داوایانکردوە بارزانی ئەو درێژکردنەوەیە پەسەند بکات؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەو درێژکردنەوەیە بەئیرادەی ئەکسەریەتی پەرلەمان بوە هەرلەو کاتەدا ئێمەش دەزانین لێرەدا جۆرێک لە بنبەست دروست ببوو کێشەیەکی سیاسی دروست ببو کە ئەگەر ئاوا تێپەڕ بوایەو چارەسەرێک نەکرایە رەنگ بو بۆشایی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروست بێ. ئەمن پێموایە ئەو چارەسەرە وەکو شتێکی کاتی باشەو پێشم وانیە کە دەبێ حەتمەن ئەو دو ساڵە درێژ بکرێتەوە. ئەگەر مەسەلەی دەستور لەماوەی شەش مانگدا چارەسەر بو ئەو کاتە دەگونجێ هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێو سەرۆکێکی تازە هەڵبژێردرێ کە لەوانەشە کەسێکی تازە نەبێ بەڵکو خودی کاک مەسعود بارزانی هەڵبژێردرێتەوە. ئەو کاتە دەستور بڕیار دەدا ئایا کاک مەسعود دەتوانێ خۆی کاندید بکاتەوە یان نا؟

ئاوێنە: تۆ وتت ئەو درێژکردنەوەیە بڕیاری پەرلەمان بوە، ئایا پەرلەمانی کوردستان کارێکی یاسایی و شەرعی کرد؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پەرلەمان بۆ کاری ناشەرعیی کردوە، کام قانون هەیە بڵێ ئەوە ناشەرعییە؟ ئایا قانونێک هەیە بڵێ پەرلەمان ناتوانێ ئەو کارە بکا؟ ئەمە شتێکی تازەش نیە. بۆ نمونە لە دروستبونی یەکەم پەرلەمانی کوردستان کە رێژەی پەنجا بەپەنجا بو پارلەمان ماوەی خۆی هەندەی تەمەنی خۆی درێژ کردوە. ئەمە لەوڵاتانی دیش ڕودەدا. ئەمن بۆخۆم ئارەزوم نەدەکرد ئەو قەیرانە دروست ببێ.

ئاوێنە: باسی دەستورت کرد، رات لەسەر دەستوری هەرێمی کوردستان چییە کە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن کاتی خۆی گەڵاڵەی دەستوری هەرێمی کوردستانم خوێندۆتەوەو هەرچەندە مافناس نیم، هێندێ وردە تێبینیشم لەسەری هەبوە کە لەجێگای خۆیدا دەرم بڕیون. ئێستا کە ئەو گەڵاڵەیە چوارساڵ پاش پەسندکردنی لەلایەن پارلەمانەوە نەخراوەتە بەر ڕێفراندۆم، بەشتێکی باشی دەزانم کە بڕیاردراوە جارێکی دیکە بخرێتە بەر موناقەشەو هەوڵ بدرێ کۆدەنگییەک لەسەر دەقەکەی دروست بێ، ئەمجار بخرێتە ڕێفراندۆمەوە.

**ناوێنە**: قسەیەک هەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و سکرتێرەکەتان زۆر لە پارتی نزیک کەوتونەتەوە، هۆکاری ئەم نزیکبونەوەیە چییەو لەسەر چ ئەساسێکە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمە لەجێدا دروست نیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان نەدەیەوێ لە پارتی نزیک بێتەوەو لەیەکێتی دوربکەوێتەوەو نەدەیەوێ لەیەکێتی نزیک بێتەوەو لە پارتی دوربکەوێتەوە، بەڵکو حیزبی دیموکرات ئەو دو حیزبە وەکو دو هێزی کوردیو خەباتکارو خاوەن سەلاحیەتو دو حیزبی شەریکە حوکم لەهەرێمی کوردستان دەناسێ کە هەمیشە هەوڵی داوەو هەوڵ دەدا پێوەندیی گەرمی برایانەی لەگەڵ هەردوکیان هەبێ. ئەو قسانەی باست کردن هەندێک کەس پێیان خۆشە بیانکەن. ئەگەر ئەوە خێرێکی بۆ وان تێدا بێ قەیدی چیە با نانێکی لێ بخۆن.

**ناوێنە**: هەست ناکەن پارتی زۆر هاتوەتە نێو ڕوداوەکانی هەردو حیزبی دیموکراتەوەو دەیانەوێ تۆ بکەنە دەرەوەی گەمەکەو لەیەکگرتنەوەدا خالیدی عەزیزی و مستەفای هیجری ڕۆڵ ببینن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەرچەند ئەمن لەرێبەریی حیزبدا نیم بەڵام دەزانم تائێستا نە ئەو دو حیزبە وەکو حیزب، نە عونسورێکی ڕێبەریی ئەو حیزبانە بەهیچ کەس لەرێبەرانی حیزبی دیموکراتیان نەگوتوە کە ئێوە کاری چاکتان کرد لەتبون یان نزیک مەبنەوە. ئەوەندەی لەوبارەیەوە گوترابێ هەر ئەوە بوە کە گوتویانە ئەو لەتبونە کارێکی خراپ بو، یەکگرتنەوە کارێکی باشە. ئێستا چۆن بڵێین ئەوان کارێگەرییان لەسەر ئێمە هەیە بۆ ئەوەی لێک نزیک نەبینەوە؟ ڕەنگە بڵێن کارناکەن بۆ ئەوەی ئێمە یەک بگرینەوە، بەڵام ئەوە کاری تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتە. ئێمە جارێکیان لەساڵی ١٩٩٤ دا دولەتییەکی دیکەمان تێدا هەبو. هەرچەند پێشتر خەڵکی دیکە نێوبژیوانییان کردبو، بەڵام بۆخۆمان بەیەکەوە دانیشتینو بوینەوە بەیەک. ئێمە نابێ بۆ خۆمان تێکی بدەینو چاوەڕوان بین خەڵکی دیکە بێن ڕێکمان خەنەوە. بەڵام ئەوە کارێکی ئاسان نیە کە ئەوان بێنو بڵێن دو حیزبی دیموکرات یەکبگرنەوە لەبەرئەوەی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ ئێران هەیەو ڕەنگە ئەگەر شتی وا ڕو بدا ئێرانییەکان بڵێن ئێوە بۆچی تەداخول لەکاروباری ئێراندا دەکەنو دەتانەوێ دوژمنانی ئێمە ڕێکخەنەوە. بۆ ئەوەی دیکە هەوڵی هیچ لایەنێکی دەرەوەی ناوێ. ئەمن بۆخۆم لەڕێبەرایەتیی حیزبەکەم کشاومەوەو شتێکی



سەرچاوە
Serchawe

سروشتییە کە بڕیاری حیزب لەلایەن ڕێبەرایەتییەکەیەوە بدرێ.

**ئاوێنە: تا چەن د لە ئەدای خالیدی عەزیزی رازیت و پێتوایە سەرکەوتوبوە لەکاری سکرتێریی ئەم حیزبەدا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێمە دەبێ هەلومەرجی خەبات لێک بدەینەوە. هەلومەرجی خەباتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەگشتی موناسیب نیەو لەحاڵی بەرەوپێشچوندا نیە. بەڵام ئەدای کاک خالید لەو چوارچێوەیەدا ئەدایەکی سەرکەوتو بوە، توانیویەتی ڕێزی ئەم حیزبە بپارێزێ، توانیویەتی سیاسەتێکی ئوسولی بەرێتە پێشەوە. ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەخولی سکرتێریی کاک خالیدی عەزیزیدا سیاسەتێکی وای نەگرتۆتە پێش کە دۆستانی حیزب لێی دور بکەونەوەو ئەمە لەم هەلومەرجەدا کە ئێستا دەگوزەرێ بەسەرکەوتن حیساب دەکرێ.

**ئاوێنە: لەیادی تیرۆرکردنی قاسملودا تۆ وتت: قاسملوو شەرەفکەندی بەشێکی هۆکاری تیرۆرکردنەکەیان ئەوە بو کە خۆیان کەمتەرخەم بون، بۆ ئێستا ئەم قسانە دەکەیتو پێشتر شتی وات نەوتوە ئایا ئەمە نابێتە ئەستۆپاکی بۆ بکوژەکانی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمە شتێکە ئێوە لێی ئاگادار نین. ئەمن هەمو کاتێک ئەوەم گوتوە. تەنانەت پێش شەهیدکرانی ئەمن گلەییم لێکردوە کە بۆ پێتوایە دڵت لەگەڵ خوای خۆت پاکەو هیچ مەترسییەکت لەسەر نیە؟ بەخۆی و یەک پێشمەرگەوە دەگەڕا. ئەمن باوەڕم وایە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کارەساتیک دەبێ لەهەڵەکانی خۆمانەوە دەست پێبکەین. دوکتۆر قاسملو یان هەر ڕێبەرێکی دیکە ئەگەر وابزانێ دوژمنەکەی نایکوژێ زۆر لەهەڵەدایە. مەعلومە ئەوان دەیانویست بیکوژن. کەواتا دەبو ئەو ڕێبەرە بۆ خۆی زیاتر ئاگای لەخۆی بێو ئەمنیەتی خۆی بپارێزێ. دوکتۆر قاسملو زۆر بەکەمتەرخەمی بەبێ نێگابان چوە لەگەڵ تێرۆریستەکاندا دانیشتوە. دەی باشە، ئەمە بۆ پاکانە بۆ جومهوریی ئیسلامیی ئێرانە؟ مەعلومە ئەوان دەیانەوێ بیکوژن نەک هەر ئەو، بەڵکو دەیانەوێ خالیدی عەزیزی و مستەفای هیجری و کێ و کێ بکوژن. کەواتا ئەوان دەبێ ئاگایان لەخۆیان بێ.

**ئاوێنە: ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەوەتەی کتێبی "ئەزمونی خەبات"ت بڵاوکردوەتەوە، پارتی لەزۆربەی بۆنەدا بانگت دەکات، چی لەپشت ئەمەوەیە ئایا دەیانەوێ ئیحتوات بکەنو بەرەو لای خۆیان راتکێشن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمەت لەچی ڕا بۆ دەرکەوتوە؟ لە کتێبی ئەزمونی خەباتدا نە بەپارتیم هەڵداگوتوە نە دوژمنایەتیم کردوە نە بەیەکێتیم هەڵداگوتوە نە دوژمنایەتیم کردوە. لەبارەی هەردوکیانەوە هەم هەقیقەتی وەزنەکەیانم گوتوە،

بەشی: سێهەم

ئەوەندەی بۆ خۆم تێی گەیشتومو هەم کەمو زۆریش رەخنەم لەکارو سیاسەتەکانیان گرتوە. ڕاستە ئەمن لەزۆر لە موناسەبەکانی هەولێر بانگهێشتن کراوم بەڵام لەسلێمانی پتریش بانگهێشتن کراوم. لەوەش گەڕێ کە بانگهێشتن بۆ ئەو موناسەباتە کەمتر بەئاگاداریو بڕیاری ڕێبەرایەتیی حیزبەکانە.

**ئاوێنە:** مام جەلال هاوڕێیەکی نزیک و بەردەوام پشتیوانی تۆ بوە، هەست دەکەیت غیابی ئەو چ کاریگەریی لەسەر شەخسی تۆ بەتایبەتی و حیزبی دیموکرات بەگشتی دەبێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** مام جەلال دۆستایەتیی شەخسیم لەگەڵی هەبوە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە دۆستایەتی لەنێوان حیزبی دیموکرات و یەکێتیی نیشتیمانیدا هەبوە. بێشک هەم مام جەلال و هەم دوکتۆر قاسملو کاریگەرییان لەسەر بەرقەراری و بەردەوامبونی ئەم نزیکایەتییە هەبوە. بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئەو پەیوەندییانە لەجێگای خۆیاندا ماون. ئەوەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە ئەمن هیچ شتێکی تایبەتیم لەگەڵ مام جەلال نەبوە، بەڵام بەزیانێکی زۆر گەورەی دەزانم کە مام جەلال توشی حاڵەتێکی لەم جۆرە بوە. هەرچەندە هەمو کەسێک ڕۆژێک دێو ڕۆژێک دەڕوا، بەڵام هێشتا زو بو مام جەلال لەمەیدانی سیاسەتی کوردی دور بکەوێتەوە. ئەگەر ئێستا مام جەلال لەمەیدانەکە بوایە بەکۆمەکی هەموان دەیتوانی کاری گەورە بکا چ لەمەیدانی سیاسیی عێراقدا، چ لەمەیدانی سیاسیی کوردستانداو هەتا چ لەمەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییشدا.

**ئاوێنە:** کەسێک شک دەبەیت لەنێو یەکێتیدا ئەو ڕۆڵەی ئەو ببینێت و بتوانێت جێی پڕبکاتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هەندێک شت هەیە ئاسان دروست نابێتەوە. بۆ نمونە لەنێو حیزبی دیموکراتدا خەڵک دروست دەبێتەوە کە لەپێشەواو دکتۆر قاسملو زیرەکترو خوێندەوارترو سیاسیتر بێ، بەڵام ئەو کاریزمایەی بۆ ئەوان دروست ببو زۆر زەحمەتە دروست بێتەوە. مەلا مستەفا بارزانی جێگایەکی لەنێو کورددا هەبو کە ئێستا کاک مەسعود بارزانی ناتوانێ پڕی بکاتەوە. مام جەلالیش لەئەسڵدا وایە. وەکو چەترێک وابو. هەتا لەکاتی ناکۆکییشدا هەمویان حورمەتیان گرتوە کە ڕەنگە لەوبارەیەوە کەسێکی دیکە پەیدا نەبێ، بەڵام یەکێتیی نیشتیمانی وەجاخکوێر نیەو زۆر کادیری بەتوانای هەن کە دەتوانن خەباتەکەی درێژە پێ بدەن.

**ئاوێنە:** بەبڕوای تۆ بەپێی ئەوەی دەیانناسیت، نەوشیروان مستەفا دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت لەداهاتودا ڕۆڵی تاڵەبانی ببینێت؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جارێ کاک نەوشیروان مستەفا لەنێو یەکێتیدا نیە تا وابڵێین دەبێ بڵێین ئایا گۆڕان دەتوانێ جێگای یەکێتی بگرێتەوە تا نەوشیروانیش جێگای مام جەلال بگرێتەوە. ئەوە دەبێ ئایندە نیشانی بدا. بەڵام ئەمن وەکو خۆم پێموایە تاکو ئێستاش گۆڕان نەیتوانیوە جێگای یەکێتی بگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی لایەقنو مرۆڤی زۆر سیاسییان لەگەڵەو کاتی خۆشی نەوشیروان مستەفا لەنێو یەکێتیدا شەخسی دوەم بوە. نەوشیروان پیاوێکی بەتواناو سیاسییەو ئەگەر ئەم دو لایەنە ببنەوە بەیەکو کۆدەنگی لەسەر نەوشیروان هەبێ کە ببێتە کەسی یەکەم، بۆچی نا؟ دەتوانێت. هەروەک کەسانی دیکەش لەنێو یەکێتیدا هەن کە بتوانن ڕێبەریی ئەم حیزبە بگرنە دەست. بەڵام دیسانیش مام جەلال هەر جێی خۆی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٣

## عەبدوڵای حەسەن زادە: 'هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن'

**دیمانە: (باس) زامدار ئەحمەد**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناسراوی ناو حزبی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتی (باس)دا، سەبارەت بە قسەکانی سادقی زیباکەلام دەڵێ ئاغای زیباکەلام یەکەم کەس و یەکەم جاری نییە بۆچوون لەبارەی مافە نەتەوایەتییەکان دەربڕێ، هەروەها دەشڵێ پێوەندییەکی بەرین لەنێوان ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئێران هەیە، بڕواشی وایە هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن.

**باس**: لەم دواییەدا سادقی زیباکەلام بەدەر کەوتەوە و وتی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دیموکراسیەتە، نەک خودموختاری، بۆچوونی ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نە ئاغای زیباکەلام یەکەم جاریەتی ئەم بۆچوونە دەردەبڕێ و نە ئەویش تەنیا کەسە کە لەبارەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانەوە ئەم جۆرە بیروبۆچوونەی هەیە. هەوڵی هەموو ئەو کەسانە ئەوەیە کە وا نیشان بدەن گوایە دێموکراسی و خودموختاری، یان بە چەشنێکی گشتی دێموکراسی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی گەلان دوو شتی دژ بەیەکن، لەکاتێکدا ڕاست بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، دابینکردنی مافی وەک یەک بۆ گەلانی دانیشتووی وڵاتێک کۆڵەکەی هەرە بەهێزی دێموکراسییە و هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ دێموکرات بێ، ئەگەر ئەو بەرامبەرییە لە هەموو بوارەکان و گرنگتر لە هەمووانیش لە بواری مافە نەتەوایەتییەکاندا بۆ سەرجەم دانیشتوانی وڵاتەکەی بەڕەسمی نەناسێ و بە کردەوە پیادەی نەکا. نە ئاغای زیباکەلام و نە هیچکام لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و نە تەنانەت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش بۆیان نییە پێشەنگانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ئێران فێری دێموکراسی بکەن. چونکە هەموو تێکۆشەرانی نێو ئەم بزووتنەوەیە دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێرانیان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئامانجە سیاسییەکانیان داناوە و دەیان ساڵە لەپێناویدا خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن.

**باس**: ئەمساڵ یادی تیرۆرکردنی قاسملوو بە شێوەیەکی فراوان کرایەوە هۆکار چی بوو؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: یادی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی، هەموو ساڵێ لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە دەکرێتەوە و ڕێبوارانی ڕێگای ئەو شەهیدانە لەو بۆنەیەدا هەم ڕێز لە بیروباوەڕ و ڕێبازە فکرییەکەیان دەگرن و هەم نەفرەت و تووڕەیی بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران دەردەبڕن. ئەمن دڵنیام ئەمساڵ ئەو ڕێوڕەسمانە چڕوپڕتر لە هەموو ساڵەکانی پێشتر نەبوون، بەڵام ڕەنگە ئێوە ئەمساڵ بەدواداچوونتان بۆ مەسەلەکە چڕوپڕتر بووبێ.

**باس**: بۆچوونت لە بەرانبەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان چۆنە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ڕەنگە ئاوارەکانی کوردی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە یەکەم ڕۆژەکانی گەیشتنیانەوە، لەگەڵ هێندێ گیروگرفت و کەموکوڕی بەرەوڕوو بووبن، بەڵام وای دەبینم کە هەڵوێست و سیاسەتی باشووری کوردستان -بە خەڵک و حکوومەت و حزبەکانەوە- بەرامبەر بەو ئازیزانە، هەڵوێستێکی نەتەوەیی و جوامێرانە بووە و سیاسەتی دەسەڵاتی باشوور بەرامبەر بەتەواوی مەسەلەی کورد لە ڕۆژئاواش لەسەرێک سیاسەتی پشتگیری و دڵسۆزی بووە. ئەگەر بەباشی لە پرسەکە ورد بینەوە، ڕەنگە بتوانین بڵێین دەسەڵاتی باشوور لەوبارەیەوە هێندێ باجی سیاسییشی داوە. نامەوێ ئەمە زۆر ورد بکەمەوە و هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەراوردێک لە نێوان سیاسەتی هەرێم و سیاسەتی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی ناوچە - بەعێراقیشەوە - زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

**باس**: سەلاحەدین موهتەدی هەندێ تەنزیراتی تازەی لەبارەی پێگەی موعارەزەی کوردی لە ئێران هەیە کە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێ. بە بڕوای ئێوە تا چەند ئەو زەمینەیە لەبارە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ڕاستت بوێ ئەمن بۆچوون، یان وەک ئێوە دەڵێن تەنزیراتی تازەی کاک سەلاحەدین موهتەدیم نەدیوە (چونکە ماوەیەک بوو لە دەرەوەی کوردستان بووم)، بەڵام بۆ خۆشم پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات ناتوانێ تەنیا پشت بە ڕابردوو ببەستێ و حیساب لەسەر ئەو جێگە و پێگەیە بکا کە لە دە ساڵی یەکەمی دوای شۆڕشی ئێراندا هەیبوو. ماوەیەکە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بە هەموو باڵ و لاباڵەکانیەوە ئامادەیی بەکردەوە و چالاکیی ئاشکرای لەنێو کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتدا نییە، جگە لەوەش بەداخەوە تووشی هێندێ لەتلەتبوون و پەرش و بڵاوی هاتووە کە کۆمەڵانی گەلی کورد لە نێوخۆی وڵات زۆری پێ تووڕەن. کەوایە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دەبێ بەوردی بیر لە بارودۆخی خۆی و پێوەندییەکانی نێو خۆی و پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕۆژهەڵات بکاتەوە و بناخەیەکی تازە بۆ هەموو هەڵسوکەوت و هەڵوێستە سیاسییەکانی دابڕێژێ. ئەمن - بەپێچەوانەی زۆر کەس - وا بیر دەکەمەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی ئێستاش خاوەنی پێگە و نفووزێکی باش لەنێو خەڵکی ئەو بەشەی کوردستاندایە و ئەگەر بەخۆیدا بچێتەوە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

و کەلەبەرەکانی پڕ بکاتەوە، شانسی ئەوەی هەیە لە پاشەڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵی باش بگێڕێ و بەرەبەرە جێگە و پێگەی جارانی بەدەست بێنێتەوە.

**باس**: پەیوەندیی نێوان پژاک و ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەگەڵ ئەوەی پژاک بەهەرحاڵ ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە، حاشا لەوە ناکرێ کە بەجۆرێک لە جۆران بەشێکە لە حزبێکی گەورەتر لە خۆی واتە پەکەکە. بۆ هەمووان روونە کە هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن. هەر بۆیە دەبینین ئەو کاتەی بە هەرهۆیەک نێوانی پەکەکە و ئێران گرژییەکی تێ دەکەوێ، هەڵوێستی پژاک بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی زۆر توند و بە قەول ڕادیکاڵە و کاتێکیش نێوانی ئێران و پەکەکە خۆشە، پژاک سیاسەتێکی نەرم دەگرێتە پێش و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم وەلا دەنێ و تەنانەت لەسەر ئامۆژگاریی بەڕێز ئۆجەلان داوای وتووێژیش دەکا. مەبەستم لەم قسانە قبووڵ یان ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی پژاک نییە و لەجێدا بۆ من و کەسی دیکە نەهاتووە خۆ دە سیاسەتی حزبێکی دیکە هەڵقوتێنێ. مەبەستی من هەر ئەوەیە کە بڵێم سیاسەتی پژاک وا دەبینم.

**باس**: ڕۆحانی کاریگەریی لەسەر ڕوداوەکانی ئێستەی ڕۆژهەڵات دەبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕۆحانی سەرکۆماری ئێرانە و سروشتییە کە هەر سەرکۆمارێک کاریگەریی لەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتی خۆی هەبێ. بەڵام هەمووامان دەزانین کە لە ئێران بەپێچەوانەی هەموو وڵاتانی جیهان، سەرکۆمار دەسەڵاتی یەکەم نییە و لەسەرەوەی سەرکۆمار دەسەڵاتێک بە ناوی ڕێبەر یان 'ولی فقیه' هەیە کە بە نوێنەرایەتیی خوا لەسەر زەوی! بڕیار دەدا و بۆ 'بەندەی گوناحکار'! نەهاتووە قسە لە قسەیدا بکا. کەوایە کاریگەریی ڕووحانی لەسەر کوردستان و هەروەها لەسەر تێکڕای مەسەلەکانی فەرمانڕەوایی لە ئێراندا کاریگەرییەکی زۆر بەرتەسک و سنووردارە.

**باس**: لەو بڕوایەدان کە ڕۆحانی کارێک بۆ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئاغای ڕووحانی لە کاتی ململانەی هەڵبژاردندا بەرنامەیەکی بڵاو کردەوە کە لەودا بە جۆرێک قسەی لە ئاوڕدانەوە بۆ سەر مافەکانی گەلانی بەشخوراوی ئێران کردبوو. دیارە ئەوەی لەو بەرنامەیەدا هاتبوو بە هیچ جۆر وەڵامدەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و گەلانی زۆرلێکراوی دیکەی ئێران نەبوو. بەو حاڵەش خەڵک پێشوازییان لێکرد و لەنێو کاندیداکانی سەرکۆماریدا ڕۆحانی زۆرترین بەشی دەنگەکانی ئەو مەڵبەندانەی بەدەست هێنا کە یەکێک لەو

گەلانەیان لێ نیشتەجێن و دەکرێ بڵێین بە دەنگی وان سەرکەوت. دیارە ناوبراو لەبارەی ئازادییە دێموکراتییەکانیشەوە هێندێ بەڵێنی دان کە پێشوازیی دەنگدەرانیان لێ کەوەتەوە.

کەچی دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ڕۆحانی، نەخش و نیگارێکی دیکەمان هاتە بەر چاو. لە حەق دەرنەچین بەرامبەر بە دنیای دەرەوە تا ڕادەیەکی باش بە بەڵێنەکانی وەفادار مایەوە. بەڵام لە مەسەلە نێوخۆییەکاندا دەکرێ بڵێین کەمترین ئاڵوگۆڕی پێک هێنا. چونکە ئەگەر لەلایەک ژمارەیەک لە بەندییە سیاسییەکان ئازاد کراون، لەلای دیکە مەکینەی ئیعدامی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی هەروا لەکاردایە و ڕاونان و گرتن و حوکمدانی ئازادیخوازان تەنانەت بە ئیعدامیشەوە، هەروا درێژەی هەیە.

هۆی ئەمە دەکرێ لە سێ ڕاستیی بەرچاودا بدۆزینەوە. یەکەم ئەوەیە کە دەرکەوت ئاغای ڕۆحانی لە خۆیدا باوەڕێکی قووڵی بە ماف و ئازادییەکانی خەڵک بەتایبەتی مافی گەلانی زۆرلێکراو نییە. دووهەم ئەوە کە هەروەک گوتمان دەسەڵاتی ناوبراو یەکجار سنووردارە و بەبێ ئەمری ڕێبەر ناتوانێ هەنگاوێک هەڵێنێتەوە. سێیەمیش ئەوەیە کە توندڕۆکانی نێو دەسەڵات کە تا ئێستەش زۆر ناوەندی گرنگیان لەبەر دەستدان بۆ بێئیعتیبارکردنی ناوبراو ئەو کارانە دەکەن و وا بیر دەکەمەوە کە چرا سەوزێکیشیان لەلایەن جەنابی "ڕێبەر"ەوە پێ درابێ.

**باس: ڕۆڵی ئێران لە هەرێمی کوردستان تا چەندە کاریگەریی بەسەر لایەنەکانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتەوە هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە دنیای ئەمڕۆدا نەک هەر دەوڵەتانی دراوسێ، بەڵکوو دەوڵەتانی زۆر لەیەک دووریش بە گەورە و بچووکیانەوە شوێنەواریان لەسەر یەکتر هەیە، چونکە پاراستنی قازانجی هاوبەشی هەمووان ئەوە دەخوازێ. ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئێرانیش پێوەندییەکی بەرینی هەم لەگەڵ ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و هەم لەگەڵ بەرپرسان و کاربەدەستانی عێراق هەیە. ڕەنگە ئەو ڕێژیمە هەوڵیش بدا بە جۆرێک کار بکاتە سەر بڕیاری کاربەدەستانی عێراق، یان هەرێمی کوردستان. بەڵام باوەڕم وایە کە بڕیاری لایەنە بەرپرسەکانی هەرێم سەربەخۆیە و لە دواقۆناغدا هەر بۆ خۆیان و بە لێکدانەوەی خۆیان بڕیار دەدەن .

**باس: یەکگرتنەوەی دوو باڵەکەی حزبی دێموکرات بە کوێ گەیشت؟**

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەخۆشییەوە لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا پێوەندییەکی سروشتیتر لەنێوان دوو لایەندا هەیە و هەوڵ و تەقەلایەک بۆ چارەسەری مەسەلەی لێکدابڕانەکە لەئارادایە. ئەگەریش تا ئێستا ئاکامێکی دڵخواز بەدەست نەهاتووە، ئەوەندەی ئاگام لێیە هەوڵ و تەقەلاکە بەردەوامە و ئاواتەخوازم ئاکامی دڵخوازی خەڵکی کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

## تا ئێستا فکری داعشم بە کۆکراوەیی نەدیوە تا بیخوێنمەوە و بزانم داعش چیی دەوێ

**ئامادەکردنی: هیدایەت جان**

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نووسەر و سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ "وشە" تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی درووستبوونی داعش و پێی وایە، لە دەورووبەری داعشدا زۆر شتی ناتەبا و بەرامبەر بەیەک کۆ بوونەوە و لەبارەی هێرشی داعش بۆ کوردستان، ئاشکرای دەکا: "داعش دەیەویست رێگەیەک بەرەو تورکیە بکاتەوە، واتا سنووری ئازادی لەگەڵ تورکیە هەبێ. بۆیە هەم لە باشووری کوردستانەوە و هەمیش لە رۆژاوای کوردستانەوە هەوڵی دا، بۆ نموونە کۆبانی بۆچی زیادە لە هەموو شوێنێک بووە بە ناوچەی چالاکیی داعش؟ لەبەر ئەوەی لەو رێگایەوە بە ئاسانی بە تورکیەوە دەلکێ". هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە لە دەوروبەری داعشدا هێندێ گرێ کوێرە بەرچاو دەکەون و باس لەو وڵاتانە دەکات کە شەڕی داعشیان راگەیاندووە و رای دەگەیەنێت: "لەهەمان کاتدا کە دژایەتیی داعش دەکەن، قازانجیشی لێ دەکەن و قازانجیشی پێدەگەیەنن". عەبدوڵا حەسەنزادە تیشک دەخاتە سەر ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دروشمی رۆژهەڵات تەوەری حزبی دیموکراتی کوردستان و هەندێک پرسی تری وەک پێوەندی کورد و رۆژاوا و گۆڕینی نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**پرسیار**: رای جیاواز لەسەر چۆنیەتیی دروستبوونی داعش هەیە، هەندێک لەوان داعش بە دروستکراوی ئێران دەزانن و هەندێک تورکیا و وڵاتانی عەرەبی تاوانبار دەکەن بە دروستکردن و پاڵپشتی ئەو رێکخراوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لە هەرێمی کوردستان بەر گوێمان کەوتوە، ئیسلامییەکان داعش بە دەستکردی رۆژاوا و بەتایبەت ئەمریکا ناو دەبەن، بۆچوونی ئێوە لەسەر دروستبوونی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە چییە؟

**وەڵام**: ئەوە یەکەمجارە بۆ میدیایەک قسە لەسەر داعش دەکەم، لەوەتا ئەمن لە دنیای سیاسەتدا هەم، هەر دیاردەیەک هاتوەتە پێش، بۆچوونێکم لەسەری هەبووە، جا ئەو بۆچوونە دروست بووە یان نا، خەڵکی دیکە داوەر بوون یان تێپەڕینی رۆژگار ساغی کردوەتەوە، بەڵام تا ئێستە نەمتوانیوە لەسەر داعش ساغ ببمەوە. چون لە دەورووبەری داعشدا زۆر شتی

بەشی: سێهەم

ناتەبا و بەرامبەر بەیەک کۆ بوونەوە. بۆ نموونە، ئێران و ئەمریکا لە دوو خاڵی بەرامبەر بەیەکتردا ڕاوەستاون، بەڵام بەیەکەوە هاوکاری دەکەن، ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دژی بەشار ئەسەدە، کەچی لەگەڵ دوژمنێکی بەشار ئەسەد، واتا داعش شەڕ دەکات، کورد و دەوڵەتی ناوەندی لە عێراق ناکۆکییان هەیە، بەڵام کورد لەگەڵ داعش شەڕ دەکا کە بەجۆرێک لە جۆرەکان خزمەتە بە دەوڵەتی ناوەندی، یان پێچەوانەکەی دەوڵەتی ناوەندی شەڕ لە دژی داعش دەکا کە ئەویش خزمەتکردنە بە کورد. سعوودی و قەتەر، پشتی داعشیان گرتوە و یارمەتییان داوە، بەڵام فڕۆکەکانیان دەچنە سەر داعش، تورکیە لەلایەک برینداره‌کانی وەردەگرێت و لەلایەکیش ڕێگە دەدا بە خاکی ویدا پێشمەرگە بچن بۆ کۆبانی، کەوابێ ئەوهەموو ناتەباییە کە لە دەوروبەری داعش و کاری داعشدا کۆبوونەوە، وای کردوە ئەمن نەتوانم ساغ ببمەوە، بەڵام لەسەر هۆیەکانی دروستبوونی داعش و شتی دیکەی وەک داعش، بەتایبەتی ئەوانەی ڕەوتی ئیسلامی توندڕەون، پێموایە هۆکارەکەی هەر ئەو ناتەبایی و کەموکوڕییەیە کە لە دەسەڵاتداریی ئەو وڵاتانەدا هەیە.

بۆ نموونە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەسەرکار لابچێ، ڕەوتێکی توندڕەوی حکوومەتیی ئیسلامخواز لە ئێراندا ئەستەمە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، چونکە خەڵکی ئێران حکوومەتی ئیسلامییان دیتوە و ئەزموونیان کردوە، بەڵام خەڵکی وڵاتانی دیکە کە سەرمایەدارییان دیوە، فیۆدالیتە و سۆسیالیزمیان بینیوە، هیچیان وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانیان نەبوون، بزووتنەوەی ئیسلامیی توندڕەویان وەک دوایەنا هاتوەتە بەرچاو و پەنای بۆ دەبەن، بۆ ئەوەی لەم دنیایە خۆشبەختییان پێ بدات و لەو دنیاش بەهەشت. ئەوەی کە بەرچاوە، هەرکام لەو هێزانەی لە دەوروبەری داعشدا کار دەکەن و پێوەندییان لەگەڵی هەیە، یان بە جۆرێک سوود لە داعش وەردەگرن، یان داعش لەسەر خۆیان بە مەترسی دەزانن، بۆیە لەوێدا دەبینی زۆر شتی ناکۆک لەگەڵ یەکتر و بەرامبەر بە یەک لە پێوەندی لەگەڵ داعشدا کۆ بوونەتەوە.

**پرسیار**: داعش کە ئێستا دنیا لەگەڵی لە شەڕدایە، زۆرینەی هەرە زۆری هێزەکەی لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ کورددا چڕ کردوەتەوە، هەر لە ڕۆژاواوە تا باشووری کوردستان، وەک ئەوەی ئەو گرووپە تیرۆریستییە لە دژی کورد دروست کرابێت، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چییە؟

**وەڵام**: زۆربەی هەرە زۆری بەرە چالاکەکانی داعش لەگەڵ کوردە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کورد نییە، لەبەر ئەوەی داعش ئێستا بەشێکی زۆر لە سنوورەکانی سووریە و تەنانەت ئوردەنیشی گرتوەتەوەو بە جۆرێک پەلی بۆ وڵاتانی دیکەش هاویشتوە، واتا بازنەی چالاکییەکانی داعش بەربڵاوترە لەوەی بڵێین لەگەڵ کوردە. لە سەرهەڵدانەکانی ئەو دواییانەی داعشدا رایەکم بۆ دروست بووە، ڕەنگە لەو ڕایەدا بەتەنیا بم، بەڵام لێی پەشیمان نیم،

بەشی: سێهەم

پێموایە داعش لە سەرەتاوە نەیدەویست بەکردەوە دژی کورد بێتە مەیدانەوە، بەڵام داعش دەیەویست ڕێگەیەک بەرەو تورکیە بکاتەوە، واتا سنووری ئازادی لەگەڵ تورکیە هەبێ. بۆیە هەم لە باشووری کوردستانەوە و هەمیش لە ڕۆژاوای کوردستانەوە هەوڵی دا، بۆ نموونە کۆبانی بۆچی زیادە لە هەموو شوێنێک بووە بە ناوچەی چالاکیی داعش؟ لەبەر ئەوەی لەو ڕێگایەوە بە ئاسانی بە تورکیەوە دەلکێ، تەنانەت تورکیەش بە جۆرێک لە جۆران، یارمەتیی دەدا، تانکەکانی هێناوەتە سەر سنوور، بەڵام تا ئێستاش گوللەیەکیان نەتەقاندوە. لە سەرەتادا کورد لە باشوور پێی وابوو لە جووڵەی داعش قازانجی کردوە، کە کردووشیەتی، چونکە ئەو ناوچانەی لەلایەن سوپای عێراقەوە چۆڵ کرانو بەشێک لە خاکی کوردستان بوون، کورد بە توانایی و وشیارییەوە گرتنیەوەو کۆنترۆڵی کردن، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا دیتمان داعش وەرسووڕاو بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایە بکاتەوە، لەگەڵ کورد کەوتە شەڕەوە. لە هەمان کاتدا لە بواری فکریو فەلسەفییەوە داعش ناتوانێ لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد بێ، جا لە سووریە بێ یان لە ئێران و عێراق و تورکیە یان هەر شوێنێکی دیکە.

**پرسیار**: دوای دەستپێکی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش و بەتایبەت ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە بەرەکانی ئەو شەڕەدا، لە ڕۆژهەڵات جووڵەیەک دەستی پێ کردەوە، کۆمەڵێک گەنج لە ڕۆژهەڵاتەوە پێوەندییان بە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کرد بۆ ئەوەی بیان نێرن بۆ بەرەکانی شەڕی داعش، پێتان وا نییە ئەوە جۆرێک لە جۆشدانەوەی هەستی نەتەوەیی بوو لەناو ڕۆژهەڵاتدا؟

**وەڵام**: ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ دەربڕینی ئەو هەستە نەتەوەییەی لە ویژدانی کوردەکاندا هەیە، دەزانین کە داعش پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، ڕەنگە ئێمە ئاگادار نەبین، لەوانەیە داعش لە ڕۆژهەڵات کار و چالاکییان هەبێ، ئەگەر هیچ نەبێ ڕەنگە بنکەی بچووک بچووکی فکرییان هەبێ، بەڵام ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ڕۆژهەڵاتەوە نییە.

ئێستا هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات لە هەموو بەشەکانی دیکە زیاتر لە جووڵەدایە، زۆر جار ئەو نموونەیە دەهێنمەوە کە کورد لە باشووری کوردستان بەشی خۆی لە کوردایەتی وەرگرتوە و لێی بە ئاوات گەیشتوە، ئەو تامەزرۆییەی نییە، دەبینی کوردێک سەرباری هەموو مەترسییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە دێتە باشووری کوردستان هەر بۆ ئەوەی ئاڵای کوردستان و کوردستانی ئازاد ببینێ، ئەو تامەزرۆییە لە ڕۆژهەڵات زۆرە و بۆ دەربڕینی ئەو هەستە خەڵکەکە هاتە مەیدان، لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگە نادا کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا باسێک لە مافی کورد بکا، بۆ دەربڕینی هەستێکی ئاوا دەرگای بۆ دەکاتەوە. مەبەستی ئەوەیە لەلایەک ئەو کەفوکوڵە لەنێو کورد دا دامرکێنێتەوە، لەلایەکیش وا نیشان بدا کە کورد لە ئێران هیچ کێشەیەکی نییە و ماوەتەوە کۆمەگ بە بەشەکانی دیکە بکا، بۆیە ڕێگە بەوە دەدا. ڕەنگە

بەشی: سێهەم

ئەو دوو شتە هۆکاری سەرەکیی ئەو جۆش و خرۆشە بوون کە کوردی ڕۆژهەڵاتی پێ دەرکەوت.

**پرسیار**: باستان لەوە کرد کە ڕەنگە داعش بنکەی فکریی لەناو ڕۆژهەڵات هەبێ، بەڕای ئێوە فکری داعشییەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تا چەند زەمینەی هەیە بۆ گەشەکردن؟

**وەڵام**: با لەپێشدا دان بەوەدا بنێم کە تا ئێستا فکری داعشم بە کۆکراوەیی نەدیوە تا بیخوێنمەوە کە داعش چیی دەوێ، بەڵام لە کۆمەڵی کوردستاندا فکرێکی گشتگیرتر لە داعش هەیە بەناوی ئیسلامخوازیی سیاسیی یان ئیسلامخوازی توندڕەو، لە کوردستان پێش بیستنی ناوی داعشیش هەندێ ڕێکخراوی ئیسلامیی توندڕەو هەبوون و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لێی بێبەش نەبووە.

لەبارەی داعشەوە تەنیا شتێک کە لەبیرم بێ ئەوەیە کە زانیمان لە سەقز جارێک ئاڵای داعش هەڵکراوە، ئەوە ئەگەر یەک کەسیش بێ، نیشانەی ئەوەیە هەستەیەک هەیە لەوێ، واتا ئەو بنکە فکرییە هەیە، بەڵام لەسەریەک پێموایە فکری ئیسلامی توندڕەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەمتر شانسی سەرکەوتنی هەیە، لەبەر ئەوەی سیستمی ئیسلامییان ئەزمون کردوە، بۆیە پێم وانییە سەر بکەوێ. نموونەیەک بهێنمەوە، لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا، خاڵی بەهێزی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، ئیسلامیبوونیان بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە بڕوایان بە سیستمی ئیسلامی هەبوو، هەرچی لە کۆماری ئیسلامی دەبڕا، پاڵی وە موجاهیدین دەدا. لەپاشان کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو شێوەیە خۆی دەرخست و خەڵک ناسیان، ئەوجار ئیسلامی بوون بوو بە خاڵێکی لاواز بۆ موجاهیدین، خەڵک دەیانگوت باشە ئەوانیش هەر ڕێژیمی ئیسلامییان ناوێ؟ لەبەر ئەوە ئیسلامیبوونەکە بوو بە خاڵی لاوازی موجاهیدین. بۆیە پێموایە ئیسلامی توندڕەو لە ڕۆژهەڵات ئەو شانسەی نییە، بەڵام ناتوانی بڵێی هێلانەیان نییە، لەوانەیە بیانبێ.

**پرسیار**: لە میدیاکانەوە زۆرجار باس لە چوونی گەنجانی ڕۆژهەڵات بۆناو داعش دەکرێ، هەر میدیایە و باس لە ژمارەیەک دەکا، بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هەبێ پشتڕاستی ئەو هەواڵانە بکاتەوە. بەڕای ئێوە چ هۆکارێک هەیە کە بەمشێوەیە دەیانەوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داعشەوە بلکێنن؟

**وەڵام**: ئەوە هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە نییە، وەک ڕاگەیەندراوە، لانی کەم لە شەست وڵاتەوە خەڵک دەچێتە نێو داعشەوە. ئەوە پێمان دەڵێ فکری دینی، لەگەڵی بین یان لە دژی، ناتوانین بە کەم بگرین، لەبەر ئەوەی کاریگەریی خۆی هەیە، هەتا ئێستا هیچ فەلسەفەیەکی دیکە، هیچ قوتابخانەیەکی فکری و سیاسی نەیتوانیوە بەقەد فکری رادیکاڵیزمی دینی "تەنانەت

بەشی: سێهەم

ئەگەر ئیسلامیش نەبێ" وا لە خەڵکی بکات بەم شێوەیە لە گیانی خۆیان بگوزەرێن، کەوایە ئەوە هەر پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نییە، خەڵک لە ئورووپا و ئەمریکاوە دێنە نێو داعش، ڕەنگە بەشی زۆری ئەندامانی داعش خەڵکی ئەو وڵاتە مسوڵمانانە بن کە داعشیان تێدا دەرکەوتوە، بەڵام بەشێکیشی خەڵکی وڵاتانی ڕۆژاوایی وەک ئینگلیز و فەڕەنسان،کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی داعش و هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی.

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان باشووری کوردستان، پێموایە ئەوانەی دەچنە نێو داعش، بە دەگمەن نەبێ، بەساڵداچووەکان نین، زیاتر جۆش و خرۆشی گەنجانەیە کە دەیەوێ تێر ببێت و دەرفەتێکی بۆ خۆنواندن هەبێ، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێک بۆ بزووتنەوەی چەکدارانە هەبا کە لاوەکان بۆلای خۆی رابکێشێ، پێم وایە خەڵک بەو ڕێژەیە نەدەچوونە نێو داعش. ئەگەریش هەڵکەوتبایە بچن، تاقمێکی یەکجار کەم دەچوون. بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لاوەکان دەرفەتی کار و خوێندن و پێکەوەنانی بنەماڵەیان نییە، گەنجەکە دەیەوێ ئەو وزەیەی هەیەتی دەری بخا و داعشیش بە دەرفەتێک دەبینێ، لە هەمان کاتدا کاریگەریی پڕوپاگەندەی فکری و دینییش ناتوانین بە کەم بگرین.

**پرسیار**: لە هەواڵەکاندا زۆر جار بە ژمارە باس لە چوونی گەنجانی ڕۆژهەڵات دەکرێ بۆناو داعش، بەڵام هەرچی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە ئەو هەواڵانە بە ناڕاست وەسف دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا دان بەوەدا دەنێن کە گەنجانی ڕۆژهەڵات پێوەندی بە داعشەوە دەکەن بەڵام نەک بەو ڕێژە زۆرەی میدیاکان بڵاویان کردوەتەوە، بە بڕوای ئێوە ئەو ئامار و ژمارانە هیچ بنەمایەکیان هەیە و باوەڕپێکراون؟

**وەڵام**: لەبارەی زۆر شتی لەو جۆرە خەڵک هەروا لەخۆوە ژمارە دەدەنە دەرەوە، دەڵێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ١٠٠ کەس چوونەتە نێو داعش، چ بەڵگەیەکت هەیە کە ٥٠٠ کەس نین، چ بەڵگەیەکت هەیە کە ٢٠ کەس نین؟ بەشێک لەوانە کۆمەڵێک لێکدانەوەیە کە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیڵێ، ڕەنگە جاروبار پڕوپاگەندەی داعش و داعشییەکانیش کاریگەریی هەبێ بۆ ئەوەی بڵێن ئێمە بەهێزین و خەڵکمان لەگەڵە، ڕای دەگەیەنن کە ئەوەندە کەسە هاتوونە نێو داعش، بۆ نموونە ٦٠٠ چینی هاتوون، ڕەنگە ١٠ کەس لە چینەوە چووبن. ئەگەرچی بابەتەکە ئەوەندە کەم نییە، تا ئێستا هیچ بزووتنەوەیەکی نادەوڵەتی نەیتوانیوە ئەوەندە دنیا بەخۆیەوە سەرقاڵ بکا، بەڵام وەک باسم کرد، دیار نییە ئەو ڕێژانەی باسیان لێوە دەکرێ چۆنە.

لە دەوروبەری داعشدا هێندێ گرێ کوێرەی دیکەش بەرچاو دەکەون. بۆ نموونە لەم ڕۆژانەی دواییدا بڵاو کرایەوە کە داعش ساڵانە دوو ملیارد و نیو دۆلار داهاتی نەوتی هەیە، باشە خۆ ئەو نەوتە لە بازاڕی نێوخۆییدا نافرۆشرێ و دیارە بە

بەشی: سێهەم

دەرەوەی دەفرۆشێ، پرسیار ئەوەیە ئەگەر ڕاستە هەموو دەوڵەتانی دەوروبەر بەڕاستی دژی داعشن ئەونەوتە چۆن و بەکوێدا دەچێتە دەرەوە؟ مانای ئەوەیە یان تورکیە لێی دەکڕێ یان ئێران لێی دەکڕێ، یان سعودیە ڕێی پێ دەدا، یان ئۆردۆن ڕێی پێ دەدا، یان لە عێراق و کوردستانی عێراقەوە دەڕوا، بۆ ئەوە ناتوانم پەنجە لەسەر جێیەک دابنێم، بەڵام دەزانم ئەو نەوتە لە شوێنی ژیانی داعش بەکار نابرێ و نابێ بە پارە، واتا دەچێتە دەرەوە، کەوابێ لەهەمان کاتدا کە دژایەتیی داعش دەکەن، قازانجیشی لێ دەکەن و قازانجیشی پێدەگەیەنن. هەر لەجێدا ئەگەر داعش چوار دەوری دوژمنە پێویستییەکانی چۆنو لە کوێ دابین دەکا؟ نامەوێ لایەنێک تۆمەتبار بکەم، بەڵام دووبارە دەڵێم مەسەلەی داعش ئەوەندە ئاڵۆزە سەری لێدەرناکەم.

**پرسیار**: ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە ناکرێ ئیسلامی سیاسی لە وڵاتێکدا فەرامۆش بکرێت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێک هێز و ڕێکخراوی ئیسلامی میانەڕۆ بوونیان هەیە و ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات تا ئێستا بە شێوەیەک هەوڵی پەڕاوێزخستن و پشتگوێ خستنی داون، لەم دواییانەدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات بینیمان کۆمەڵێک گرووپی ئیسلامی سەلەفی دەرکەوتن کە ناسنامە و شوناسێکی ئاشکرایان نییە، پێتوا نییە کاتی ئەوە هاتبێ ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵات پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نەرمڕەوانە بگرێت و ڕایانکێشێتە ناو کایەی دیموکراسییەوە بۆ ئەوەی بەر لە تەشەنەکردنی توندڕەوی و سەلەفییەت بگیرێت لە ڕۆژهەڵات؟

**وەڵام**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە باشووری کوردستانیش، ئەو هێزانەی ناوی ئیسلامی لەسەر خۆیان دادەنێن ئەگەر لە بەرامبەری هێزە نەتەوەییەکانیان دابنێین، ئەوا کارێکی نا دروستمان کردوە. چونکە یەکەم، ئەوانە هەستی نەتەوەییان هەیە و کوردن، دووەم، ئەوانەی لەنێو هێزە نەتەوەییەکانیشدان، بەشێکی یەکجار زۆریان مسوڵمانن، ئەو دووانە دوژمنی یەکتر نین. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتمان داعش ڕەنگە هەندێک پێگەی هەبێ، بەڵام هێزە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزی وا توندڕەویان تێدا نییە و هێزی واشیان تێدا نییە دژایەتیی ماف و ئازادییەکانی کورد بکا. ڕەنگە لەگەڵ سیاسەتی ئەم حیزب یان ئەو حیزب، لەسەر هەندێک بنەمای فکری ناکۆکییان هەبێ، بەڵام ناکرێ ئەوانە بە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی کورد دابنرێن. بۆیە بە باوەڕی من چ ئێستاو چ لە ئایندەیەکی "هیوادارم" چاوەڕوانکراودا کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکتر دەبێ، حیزبە سیاسییەکان دەبێ بەدوای ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەو هێزە ئیسلامییانەدا بگەڕێن نەک ئەوەی بیانخەنە بەرەی دوژمنانەوە. چونکە ئێمە ناتوانین هەم دەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەم دەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دژایەتی بکەین.

**پرسیار**: کورد لە ئێستادا هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژاوای کوردستان پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا

بەشی: سێهەم

**بەهێزە، کورد بووە بە باس و خواس و سەرنجی میدیا و سیاسەتمەدارانی رۆژاوایی، لەو پێوەندییەدا رۆژهەڵاتی کوردستان لە چ پێگەیەک دایە؟**

**وەڵام**: هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێمە جۆرێکە کە بزووتنەوەی کورد لە سێ بەشی باشوور، باکوور و رۆژاوادا زەقتر و ئاشکراترە تا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە حاڵێکدا، لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بۆ ماوەی چەند ساڵ رۆژهەڵات چالاکترین بەشی بزووتنەوەی کورد بوو، ئەوە هەلومەرجێکە زۆر جار لە ئیرادەی کورد و شۆڕشگێڕانی کورد و تێکۆشەرانی بەدەرە، بەڵام ئەوەی کە ئەمریکا لەگەڵ کورد هاوکاری دەکا، بە بڕوای من، زۆرجار ئێمەی کورد لەڕووی لۆژیکەوە نایبینین یان تەعبیری لێ ناکەین، زیاتر لەڕووی چاوەوە دەیبینین، تەنیا ئەوەی لەبەر چاومانە، ئەگینا هەتا ئێستا ئەمریکا لەگەڵ کورد (وەک نەتەوەی کورد) هیچی نییە، هەتا ئێستا نە ئەمریکا و نە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسی کوردیان وەکوو پرسی نەتەوەیەک، نەهێناوەتە سەر مێزی کاری خۆیان، بەڵکوو بە بۆنەی کێشەی سەدام حوسێن لەگەڵ کوردی عێراق هاوکاری دەکەن، بە هۆی داعشەوە لەگەڵ کوردی سوریا و بەتایبەتی کوردی عێراق هاوکاری دەکەن، نەهاتوون پرسی کورد بهێننە نێو دەستووری کاری خۆیانەوە. با ئێمە لێمان تێک نەچێ. رۆژی شەموی رابردوو "١٣ - ١٢ - ٢٠١٤" بۆ یەکەمجار پارتی و یەکێتییان لە لیستی تیرۆری ئەمریکا هێناوەتە دەر. ئەوە بیست ساڵە هاوکارییان لەگەڵ دەکا، کەچی لە لیستی تیرۆری هاویشتوون. لە رۆژاوای کوردستان لەگەڵ پەکەکە هاوکاری دەکا، شاراوە نییە کە ئەو هێزانەی رۆژاوای کوردستان پاشماڵەی پەکەکەن، ئەگەر بە زمانیش حاشای لێبکەن، بۆخۆیان دەزانن کە بەشێکن لە پەکەکە، ئەمریکا هاوکارییان دەکا و دانوستانیان لەگەڵ دەکا، بەڵام هەر لە لیستی تیرۆریشدا هێشتوونیەتەوە. کەوابێ مەسەلەی کورد، پرسێک نییە کە لەسەر مێزی وڵاتانی رۆژاوا و نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێ، بەڵام کێشەی داعش بەتایبەتی کە ئێستا بۆیان دەرکەوتوە ئەوەندە ریشەی هەیە کە لە وڵاتەکانی خۆیانەوە هێز وەپاڵ داعش دەکەوێ، لە ئەمریکا و هەموو وڵاتانی ئورووپاوە خەڵک هەن دەچنە نێو داعش. ئەمە بۆیان بووە بە کێشەیەک کە مەترسیی لەسەر هەمووان هەیە و هەڕەشەیان لێ دەکا، لە دۆخێکی ئاوادا هاوپەیمانێکیان دەست کەوتوە کە لە بەرەی ئاشکرای داعشدا رووبەڕووی داعش وەستاوە و دیارە ئەگەر ئەو بەرەیە تێک بشکێ، مەترسی لەسەر ئەوان زیاتر دەبێ، بۆیە بە بڕوای من، ئەو هاوکارییانە کە لەگەڵ کورد و بەتایبەتی کوردی باشووریان کردوە کەمتر لە پێویستە. سپاسیان دەکەم بەڵام پتر لەوە هەڵدەگرێ کە بناغەی بەرگریکردنی کورد بەهێزتر بێ لە بەرامبەر داعش دا، بەداخەوە ئومێدیشم نییە کە زیاتر بەهێزی بکەن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لایەن دژی ئەوەن، ئێران لە دژیەتی، تورکیا و عێراق لە دژی ئەوەن کورد بەهێز بێ، تەنانەت نایان هەوێ لە باری سەربازییەوە کورد لە بەرامبەر دوژمنەکەیدا بەهێز بێ ، لەبەر ئەوەی نیگەرانی بابەتی دیکەن.

**پرسیار**: گۆڕانی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بە بابەتی زۆربەی چاودێران و میدیا جیهانییەکان، باس لەوە دەکرێت



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

که رۆژاوا نەخشەیەکی نوێی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە کردوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چۆنە، ئایا ئەوە تەنیا لە ئاستی ئایدیایەک دەبینن یان پلانێکی لەم شێوەیە بوونی هەیە؟

**وەڵام**: نزیک بە ١٢ ساڵ پێش ئێستا رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئەمریکایی لێرە بوو "جاناتان رانداڵ"، لێرە چاوپێکەوتنێکمان کرد کە زیاتر وەک گفتوگۆیەکی دۆستانە دەچوو، ئەو تەنیا لە رێگەی دکتۆر قاسملووەوە کە دۆستی بوو، منی دەناسی و ئەمنیش لە رێگەی کتێبەکەیەوە دەمناسی، لە چاوپێکەوتنەکەدا کە هاتینە سەر باسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە، گوتی ئەوە بیرۆکەی "بووش" بوو کە مەغروری سەرکەوتن لە عێراق بوو، ئەو باسەی هێنایە گۆڕێ، ئێستا لە ئەمریکا کەس باس لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ناکا.

بەڵام بەو حاڵەش ئەمن پێموایە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک هەموو جێیەکی دیکە بە دڵنیاییەوە دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و ئەو ناوچەیە زیاتریش ئەگەری ئاڵوگۆڕی تێدا هەیە، لەبەر ئەوەی جۆرێک لە سەقامگیری لە وڵاتانی دیکە دروست بووە، ئێستا ناتوانی چاوەڕوانی ئەوە بی لە ئورووپا گۆڕانی زۆر گەورە روو بدا، چون ئەوان گەیشتوونەتە جێگەیەکی تا ئاستێک دڵخواز". قەت مرۆڤ بە ئامانجی خۆی ناگا" بەڵام تا رادەیەک دۆخەکەیان دڵخوازە. ئەوە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە هەزاران کەموکوڕییان تێدایە، ئەو ئاڵوگۆڕەش بە دڵنیاییەوە دەبێ، بەڵام دیاریکردنی کاتەکە بە ساڵێک و دوو ساڵ و پێنج ساڵ یان لەوەش زیاتر، نا دروستە.

**پرسیار**: لەم دواییانەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان دروشمی رۆژهەڵات تەوەریی بەرجەستە کردەوە، باس لەوە دەکەن کە ئیتر هەموو وزەی خۆیان چڕ بکەنەوە بۆ ناوخۆی رۆژهەڵات، ئەوە لە نەستی ئینسانەوە پرسیارێک دروست دەکا کە ئەدی پێشتر وزەکانی خۆیان لە کوێ خەرج کردوە؟

**وەڵام**: ئەمن چەند جارێک باسی ئەوەم کردوە، کە ئەگەر لەبەر هەندێک هۆ نەبوایە، هێنانەگۆڕی بابەتێک بەناوی رۆژهەڵات تەوەری، شتێکی زیادە بوو. لەبەر ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بنی ڕا بۆ ئەوە دروست بووە کە رۆژهەڵات تەوەر بێ. دوو سێ مانای سەیرو سەمەرە بۆ رۆژهەڵات تەوەری دروست کران، وەک ئەوە کە حیزبی دیموکرات وازی لە هاوپەیوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان هێناوە، نا وا نییە، یان دەیهەوێ هەموو کوردەکان بیر لە رۆژهەڵات بکەنەوە و بەشەکانی دیکە وەلا بنێن، نەخێر ئاواش نییە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە، کوردی رۆژهەڵات بەجۆرێ لە جۆران، هەستەکەی زیاتر رووی لە بەشەکانی دیکەیە. زۆرجار ئەو نموونەیەم هێناوەتەوە: دوو شاری کوردی، یەکیان لە رۆژهەڵات و یەکیان لە باشوور، بە جیاوازیی نزیک بە ساڵێک لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆمبارانی شیمیایی کران،

**بەشی: سێهەم**

لەوساوە تا ئێستا بە دەیان جار هەم لە شارە کوردییەکان، هەم لە ناوەندی ئێران، کوردەکان یادی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجەیان کردوەتەوە، کەچی جارێکیش یادی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتیان نەکردوەتەوە. راستە ئەوە بەشێکی لەبەر ئەوەیە "خەفەقان" لەوێ هەیە، بەڵام دەرفەتی هەیە دەری ببڕێ، خۆ کۆماری ئیسلامی ئەو بۆمبارانەی نەکردوە، ئەوە بەعسی عێراقە ئەو تاوانەی کردوە، بەڵام یادی ناکەنەوە. لە زۆر بابەتی دیکەشدا کوردی رۆژهەڵات، سەرنجەکەی بۆ دەرەوەیە، بابەتی رۆژهەڵات تەوەری، مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ کار بۆ رۆژهەڵات لە ئەولەوییەتی ئێمەدایە. ئەمریکاش ئەمریکاتەوەرە، کورد لە باشوور، باشوورتەوەرە، رۆژهەڵات تەوەری واتا تەوەری بزوتنەوەکەت رۆژهەڵات بێ، ئێستا کوردێکی باشوور، تەوەری کارەکەی باشووری کوردستانە، بەڵام بەو مانایە نییە کە کاری بە کوردەکانی دیکە نییە و هاوپەیوەندیی لەگەڵیان نییە، یان ئەگەر بۆی بکرێ یارمەتییان نادا و لە خەمیاندا نییە. بوونی ئەفکاری حیزبێک بە میحوەری کاری ئەو حیزبە، شتێکی زۆر سروشتییە. لەبەر ئەوەی بە جۆرێک لە جۆران کوردەکانی رۆژهەڵات و تەنانەت حیزبەکانیش سەرنجیان زیاتر لەسەر رووداوەکانی دەرەوەی رۆژهەڵات بوو، ئەو بابەتە هاتە گۆڕێ کە بڵێین لەپێشدا با لە خەمی خۆماندا بین و بۆخۆمان هەبین، ئەوجار بە هێزێکی زیاترەوە بیر لەوانی دیکە بکەینەوە، دیارە ئەوە رووی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام بۆ هەموو رێخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان راستە کە هەموویان بۆیە دروست بوون کە لەوێدا کار بکەن، ئێمە زۆرمان ناوی ئێرانمان کردۆتە بەشێک لە ناوی حیزبەکانمان، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لەوەتەی دامەزراوە قەت ناوی عێراقی لە ناوەکەیدا نەبووە، کەچی میحوەری کارو تێکۆشانی هەر باشووری کوردستان بووە، کەوابێ ئەو باشوور تەوەرە، دەبێ ئەمنیش رۆژهەڵات تەوەر بم، لە هەمانکاتدا بەپێی توانا، هەم ئێمە هاوکاری ئەوان بکەین و هەم ئەوان پشتیوانی لە ئێمە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

بەشی: سێهەم

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# شانازی بەو ڕەوتە پڕ سەروەری‌یەوە دەکەم کە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێیان خستوەو بەرەوپێشی دەبەن

ئامادەکردنی: نەبەز هێمن

وتووێژێکی بڵاونەکراوەی «عەبدوڵڵا حەسەنزادە»

تێبینی:

(مانگی دێسامبری ساڵی ٢٠٠٨ ئەم وتووێژە لە تەک بەڕێز مامۆستا«عەبدوڵڵا حەسەنزادە» لە قەڵای هەرمۆتەی دەشتی کۆیە کراوە و بە داخەوە تا ئێستە بە هۆی هەندێ گیروگرفتەوە مەجالی بڵاوبوونەوەی نەبووە).

نەبەز هێمن

**نەبەز هێمن:** با لەوەوە دەست پێبکەین کە ئێوە چۆن هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە باوەڕی من بەشی زۆری ئەو هۆیانە کە نووسەران و هونەرمەندان لە وەڵامی پرسیارێکی لەو بابەتەدا باسیان دەکەن چەندین ساڵ دوای هاتنیان بۆ دنیای ئەدەب و هونەر بە مێشکی ئەو ئازیزانەدا هاتوە و لە ڕاستی‌دا ڕۆژنامەنووسەکان ناچاریان دەکەن بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. ئەگینا هیچ ئەدیب و هونەرمەندێک لە سەرەتای کاردا بیر لەوە ناکاتەوە کە بۆ چی ڕوو دەکاتە ئەو مەیدانە. مەسەلە هەر ئەوەیە کە ئەو کاتەی بەهرەیەک لە هەناوی مرۆڤدا هەیە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ بەرەو ئەو بوارە کە پتر ئۆگریەتی دەکشێ و زۆر دواتر هەستی وەخەبەر دێ و ئەمجار بە وشیاری‌یەوە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی دەکەوێتە کار.

کەوایە ئەمنیش زۆر پێش ئەوەی بۆ خۆم بزانم و بە پێی هێزێکی سروشتی کە پێم وایە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە،



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

بەرەو ئۆگری بە هونەری شێعر و گۆرانی و مووزیک و بە گشتی جوانییەکان کشاوم و لەو بوارانەدا کە هەم حەزم لێیان بووە و هەم دەرەتانم بۆ ڕەخساوە چوومە پێش. ئێستا گەیشتوومە کوێ؟ بۆ خۆم نە هەستی پێدەکەم و نە هەقم هەیە قسەی لێبکەم.

**نەبەز هێمن:** تا ئەو جێیەی بزانم پسپۆریی جەنابتان بە تایبەتی لە بواری وەرگێڕان و زمانەوانیدایە. دەکرێ بڵێین ئەو هۆیانە چی بوون ئێوەیان هان دا بۆ وەرگێڕان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە پێشدا پێمخۆشە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەمن لە بواری زمانەوانیدا نەک هەر پسپۆڕ نیم بگرە شارەزایییەکی جێی باسیشم نیە و قەتیش حەز ناکەم زیاد لەوەی هەم بۆ خۆم ئیددیعا بکەم یان خەڵکی دیکە مایەم بۆ دانێن. بۆ مەسەلەی وەرگێڕانیش وا تێدەگەم پێش هەموو شتێک ئەو ئۆگرییە سروشتییە کە گوتم لە ئینسانەکاندا هەیە هاندەرم بووە، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێک بۆ وەرگێڕاندا هاندەر و پاڵنەرێکم هەبووە، بۆ نموونە لە یەکەمین کاری بەرچاوی وەرگێڕانمدا کە وەرگێڕانی کتێبی«کوردستان و کورد»ی دوکتۆر «قاسملوو» بوو هاندەرەکەم ئەوە بوو کە بە غەدرم دەزانی کتێبێک لە سەر کورد و بە دەستی کورد نووسرابێ، بەڵام بە زۆر زمانی بێگانە هەبێ و بە زمانی کوردی نەبێ و بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی کورد لێی بێخەبەر بن. لە بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هۆیەکە ئەوە بوو کە بۆخۆم هەر چەند ئەو کاتەی هاتمە نێو دنیای وەرگێڕان لە عێراق دەژیام بەڵام بەرهەمەکانم بە فارسی دەخوێندنەوە و چونکە دەمزانی زۆربەی خوێنەرانی کوردی باشوور- هەر نەبێ ئەودەم - فارسی نازانن، پێم حەیف بوو ئەو شتانە کە بۆخۆم پێم جوان بوون و چێژم لێ وەردەگرتن نەکەونە بەرچاوی خوێنەرانی کوردی باشوور. دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو دەم لە ڕۆژهەڵات ژیابام لەوانە بوو بیر لە وەرگێڕانی ڕۆمان و کورتە چیرۆک نەکەمەوە.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەمن زۆر پێش ئەوەی دەست بە کاری وەرگێڕان بکەم لە مەیدانی نووسیندا چالاک بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی پتر لە سەدی نەوەدی نووسینەکانم بە بێ ناو یان بە ناوی خوازراو بڵاوبوونەوە زیاتر وەک وەرگێڕ ناسراوم.

**نەبەز هێمن:** بە ڕای زۆربەی خوێنەران و ئەو کەسانەی شارەزای ئەدەبی کوردین ئێوە زمانخۆشترین وەرگێڕی کوردی بوون لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا جا چ ڕۆمان بێت یان کورتەچیرۆک. ئەگەر دەکرێ هۆی سەرکەوتنتمان هێندێ بۆ ڕوون بکەوە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن قەت نەمگوتوە سەرکەوتووم تا هۆیەکانی سەرکەوتنم ڕوون بکەمەوە. ئەگەر شارەزایانێک

بەشی: سێهەم

پێیان وابێ ئەمن سەرکەوتووم - کە دیارە زۆری پێ سەربەرز دەبم هەق وایە لەوان بپرسرێ، بەڵام ئەوە کە زمانی نووسین و وەرگێڕانم خۆشە - کە وابزانم هەقیقەتێکی تێدایە - بۆ خۆم هۆیەکەی لەوەدا دەبینم کە ئەمن بە زمانی خەڵکی ساکار و تەنانەت نەخوێندەواری کوردەواری دەنووسم، ئەوانە کە لە نێو هەموو گەلاندا بە سەرچاوەی زمانی پوخت و پاراو و ڕەسەن دەناسرێن، جا چونکە ئەو زمانەش دەگەڵ «میزاجی کوردەواری» سازگارترە هەستم کردوە هەموو ئەوانەی میزاجە کوردی‌یەکان تێک نەچووە حەزی پێدەکەن.

**نەبەز هێمن**: ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئێوەیان بەرەو وەرگێڕانی ڕۆمانی«ئینجە مەمەد» برد کە شاکاری گەورە نووسەری کودستانی باکوور «یاشار کەماڵ»ە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتم لێرەشدا ڕاستە، نووسەرێکی کورد ڕۆمانێکی لە سەر کۆمەڵی کوردەواری نووسیوە کە هەم لە نێو کارەکانی خۆیدا بە شاکار دەناسرێ و هەم بێ هیچ ئەملاوئەولایەک یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی‌یە، کە چی بەشێکی یەکجار زۆر لە خوێنەرە کوردەکان لێی بێبەشن، بۆیە هەر ئەوە هاندەرێکی گەورە بوو کە بڕیاری وەرگێڕانی بدەم ، بەڵام جگە لەوەش هێندێ پاڵنەری دیکە بۆ ئەم کارە لە ئارادا بوون. ڕۆمانی «ئینجە مەمەد» یان «حەمەدۆک»ەکەی خۆمان، جگە لەو پانووڕاما وەستایانەو شیرینە کە لەکۆمەڵی کوردەواریی کێشاوەتەوە، هەرلە بەرگی یەکەمیدا- کە ئەودەم پێموانەبوو بەرگی دیکەی بەدوادا دێن- باسی قۆناخێکی تایبەتی لە ژیان و بەسەرهات و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری دەکا و بڕگەیەک لە بڕگەکانی خەباتی چەساوەکان بە دژی زۆرداران «ئەویش لەو تابلۆ جوان و دڵگرەدا» دەخاتە بەرچاو. لە بەرگەکانی دیکەدا هەنگاوێکی گەورەتریش بەرەو پێش هەڵدێنێتەوە و تابلۆیەکی ڕەنگین لە هاودڵی و هاوپێوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریمان بۆ دەکێشێتەوە کە بە باوەڕی من بۆیە دەبێ هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لێی فێر بن و دەرسی لێوەرگرن.

ئەوانە و هەندێ شتی دیکەش و لە هەمووان پتر شیرینیی دەربڕین و دارشتنی ئەو شاکارە مەزنە منیان هان دا تا ئەو بەرهەمە بکەمە دیاری بۆ خوینەرە کوردە هاوزمانەکانم.

**نەبەز هێمن**: پێشتر هێندێ لە کتێبەکانی«یاشار کەماڵ» لەلایەن «شوکور مستەفا»وە وەرگێڕڕابوونە سەر زمانی کوردی. ئاستی زمانی وەرگێڕان چۆن دەبینن لەم بەرهەمانەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مامۆستای نەمر«شوکور مستەفا» هەم پێش من و هەم دوای من هێندێک بەرهەمی «یەشار

کەماڵ»ی مەزنی کردوونە کوردی و جگە لەوانەش ئەو نەمرە ڕیزە بەرهەمێکی بە نرخی لە نووسین و وەرگێڕان لە پاش خۆی بە جێ هێشتوە. مامۆستا«شوکور» هەم کوردی زانێکی بە توانا بوو و هەم تورکی‌یەکی باشی دەزانی. بە داخەوە ئەو نووسەر و وەرگێڕە بە دەسەڵاتە زۆر پێشوەخت ماڵاوایی لە گەل و وڵاتەکەی کرد، ئەگینا دەبوو داوا لەو بکرێ کە کارەکانی من لەو بوارە دا بخاتە بەر سەرنج و هەڵیانسەنگێنێ نەک بە پێچەوانە.

**نەبەز هێمن:** یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی ئێوە وەرگێرانی ڕۆمانی«دان چەرموو» لە نووسینی گەورەنووسەری ئەمریکایی «جەک لەندن»ە. چۆن بوو بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە کەوتە ناو زەینتان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا دوو شت یەکجار سەرنجیان ڕاکێشام: یەکەمیان توانای ئەو نووسەرە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە و تەنانەت کێشانەوە و نیشاندانی هەستی هەموو ئەو گیانلەبەرانە بوو کە لەو ڕۆمانەدا نەخشی پێ سپاردوون. خوێنەری وردبین لە کاتی خوێندنەوەی «دان چەرموو»دا هەست دەکا نووسەر چۆتە نێو هەناوی یەک بە یەکی ئەو گیانلەبەرانەو هەموو هەستە حەیوانی یەکانیانی بە کامێرا وێنە کێشاوە و بە ڕێکۆردەر تۆماری کردوون، تەنانەت هەست دەکا نووسەر بۆ خۆی بە نۆرە چووەتە کەوڵی هەرکام لە «قارەمان»ەکانیەوە و بۆتە یەکێک لەوان.

دووەمین شت کە بە ڕاستی سەرسامی کردم زەق کردنەوەی زۆر وەستایانەی ڕۆڵی پەروەردە و بارهێنان بوو. «جەک لەندەن» لە دوو توێی ڕۆمانێکدا کە خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو بە دوای خۆیدا بە کێش دەکا بێ‌ئەوەی ماندووی بکا پێمان نیشان دەدا کە پەروەردەیەکی دروست و بە تایبەتی پەروەردەیەکی تێکەڵ بە خۆشەویستی و مێهرەبانی چۆن دەتوانێ حەیوانێک بکاتە بوونەوەرێکی شەریف و تەنانەت پیرۆز و بە پێچەوانەش پەروەردە و ڕاهێنانێکی نادروست چۆن دەتوانێ مرۆڤێک بکاتە پیسترین و خەراپترین دڕندە.

ڕەنگە بەشێک لە خوێنەران تێگەیشتنی منیان لەو ڕۆمانە هەبێ و بەشێکی دیکە دەگەڵم نەبن بەڵام بە هەر حاڵ ئەو خوێندنەوەیە هاندەر بوو بۆ وەرگێڕانی ئەو شاکارەی «جەک لەندەن».

**نەبەز هێمن:** ئێوە بارودۆخی ئێستای وەرگێڕان لە باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ خاڵە لاواز و بە هێزەکانی کامانەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەرچی بە داخەوە بە زۆر هۆ ئاگاداری‌یەکی تەواوم لە سەر بارودۆخی وەرگێڕان لەم بەشەی

کوردستاندا نیە، بەڵام هەر ئەوەندە کە لێی ئاگادارم بەسە بۆ ئەوەی بڵێم جموجۆڵێکی جێی دڵخۆشی لەو مەیدانەدا هەیە. بێجگە لە دەزگای وەرگێڕان (لە هەولێر) و خانەی وەرگێڕان (لە سلێمانی) زۆربەی دامودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە چ دەوڵەتی و چ تایبەتی ئاوڕیان لەم بوارە داوەتەوە و زۆر کەسیش لە سەر ئەرکی خۆیان بەرهەمی وەرگێڕاویان بڵاو کردۆتەوە. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم ئێستا هەر ساڵێک بە ئەندازەی دە ساڵی جاران بەرهەمی وەرگێڕاو چاپ و بڵاو دەبێتەوە، کە دیارە ئەمە خاڵی بە هێز و جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشیە.

ئەگەر بمەوێ لە ڕوانگەی خۆمەوە ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێستای باشووری کوردستانیش بکەم ئەم چەند خاڵەم لە لا زەق دەبنەوە:

**یەکەم**: لە وەرگێڕانیشدا هەر وەک نووسین بێسەرەوبەرەیی لە زمان و ڕێنووس و ڕێزماندا بەرچاو دەکەوێ کە ئارەزوو دەکەم زووتر مشووری لێ بخورێ.
**دووەم**: وام دێتە بەرچاو کە بەشێک لەوانەی لە زمانی فارسی‌یەوە تەرجەمە دەکەن بە پەلەن و پێش ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بە سەر زمانی فارسیدا پەیدا بکەن ئەسپی خۆیان لە مەیدانی وەرگێڕاندا تاو دەدەن کە پێم وایە زیان لە زمانیش و ڕووحی بەرهەمەکەش دەدا.
**سێیەم**: تا ئێستا جێی زۆر لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا بەتاڵە.
**چوارەمیش**: ئەوەیە کە وادیارە ئەو پاداشەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەیدەن بە نووسەران و وەرگێڕان کەمە و هانی قەڵەم بەدەستان نادا کە خۆیان لە قەرەی کاری گەورە بدەن.

**نەبەز هێمن**: ئێوە تا چەندە سەرسامن بە کارەکانی «ئیبراهیم یوونسی» و «عەلی ئەشرەف دەرویشیان» دوو کەس لە ناوە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئێران؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە بەشێک لە نەهامەتی‌یەکانی نەتەوەی کوردە کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی کورد هەر وەک نموونە «زەهاوی»، «بێتووشی»، «محەممەدی قازی»، «ئیبراهیمی یوونسی» و «عەلی ئەشرەف دەرویشیان» ناچار بوون هەموو، یان بەشی هەرە زۆری بەرهەمە فکری و ئەدەبی‌یەکانیان- دانان یان وەرگێڕان- بە زمانێک غەیری زمانی خۆیان بدەنە دەرەوە. ئەو دوو کەسەی ناوتان بردن هەردووکیان جێگای شانازیی ئەدەبیاتی فارسی و لە باری نێوەڕۆکەوە مایەی شانازیی کوردیشن، بەڵام هیچ بە گوناحی نازانم ئەگەر بڵێم ئارەزووم دەکرد ناویان لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشابایەوە و کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە فکری‌یەکانیان ڕازابایەوە.

بەشی: سێهەم

**نەبەز هێمن:** ئەدەبی کوردی هەنووکە پێویستی‌یەکی حاشاهەڵنەگری بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانی‌یەکان هەیە. دەکرێ لە سەر ئەم تەوەرە کورتە باسێکمان بۆ بکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە کە ئەدەبی کوردی پێویستیی بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانی‌یەکانەوە هەیە نابێ وا لێک بدرێتەوە کە کورد بۆ خۆی هیچی نیە و هەر دەبێ لە خەڵکی دیکە بخوازێتەوە، بە پێچەوانە کورد لە کۆنەوە خاوەنی بەرهەمی بە نرخی فکری و ئەدەبی بووە و بە باوەڕی من یەکێک لە ئەرکە هەر گرنگ و هەنووکەیی‌یەکانی ئەدیبان و ڕووناکبیرە بە تواناکانمان ئەوەیە کە تێبکۆشن بەرە بەرە بەرهەمە فکری‌یەکانی کورد وەرگێڕنە سەر زمانەکانی دیکە تا خەڵکی دنیا بزانن کوردیش قسەی خۆی هەیە و هەر چاو لە دەستی گەلانی دیکە نیە.

بەڵام پێداویستیی شارستانەتیی مرۆڤ حوکم دەکا کە هەموو نەتەوەکان لە کانیاوی فکر و ئەندێشەی گەلانی دیکە جۆگە هەڵبەستن و مەزرای بیرو هۆشی خۆیانی پێ تێرئاو بکەن، هیچ نەتەوەیەک لە گەلانی دیکە بێنیاز نیە و هیچ نەتەوەیەکیش نیە کە شتێکی بە کەلکی بۆ ڕانان لە بازاری فکر و کولتووری جیهانیدا پێ نەبێ. لەو نێوەدا سروشتی‌یە کە نەتەوەی کورد بە حوکمی ئەو بەجێمانە (دوا کەوتوویی، نەبەز هێمن) کە لە لایەن بێگانەوە بە سەریدا سەپاوە پێویستیی بە هەڵێنجان لە دەریای ئەدەبی جیهانی پترە. هەربۆیە لە وەڵامی یەکی دیکە لە پرسیارەکاندا ئاماژەم بە جێگای بەتاڵی هێندێ شاکاری ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا کرد.

**نەبەز هێمن:** بە ڕای ئێوە وەرگێڕی باش کێیە و بەرهەمی وەرگێڕراوی باش کامەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو کەسەی دەست بۆ وەرگێڕانی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەبا بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا پێویستە هەر دوو زمانەکە باش بزانێ. بە باوەڕی من باشفێربوونی زمانیش تەنیا بە دەرسی قوتابخانە و خوێندنەوەی فەرهەنگی زمان بە دەست نایە. بۆ ئەوەی شارەزای وردەکاری و کەلێن و قوژبنی زمانێک بین دەبێ لە نێو چین و توێژی جۆراوجۆری ئەو نەتەوەیەدا کە قسەی پێدەکەن ژیابین یان هەر نەبێ لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی تێر و تەسەلی بوارە جۆر بە جۆرەکانی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیەوە شارەزایی‌یەکی باشمان لە ئەدەبی گەلی و مەجاز و کینایە و تەوس و پلار و تیروتوانجی نێو زمانەکە پەیدا کردبێ.

پاش ئەو دوو مەرجە دەبێ پیاو هونەری وەرگێڕانیش بزانێ و تەنانەت زەوق و سەلیقەی وەرگێڕانیشی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستی‌یە کە ژمارەی ئەو کەسانەی دوو زمان و زیاتر دەزانن و باشیشیان دەزانن چەند هێندەی وەرگێڕەکانە،



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

ئەوەدەم بە ئاسانی تێدەگەین کە وەرگێڕان هونەرێکی جیا لە زمانزانینە، بە واتایەکی دیکە، هەموو وەرگێڕێکی بە ڕاستی زمانزانە بەڵام هەموو زمانزانێک وەرگێڕ نیە.

بۆ ئەوەی وەرگێڕێک سەرکەوتوو یان بڵێین سەرکەوتووتر بێ ئەو مەرجەش هەیە کە ئەگەر بۆ نموونە ڕۆمانێک وەردەگێڕێ بتوانێ بە زمانی هەرکام لە قارەمانەکانی بدوێ. قسەکردن لە زمانی زانایەکەوە بە زمانی کەسێکی ساویلکە و نەزان چەندە ناشیرینە، قسەکردن لە زمانی بابایەکی ساویلکەوە بە زمانێکی فەیلەسووفانەش ئەوەندە و بگرە زیاتریش ناحەزە، چونکە وەرگێڕان بەرهەمی کاری وەرگێڕە. ڕەنگە بۆ قسەکردن لە سەر وەرگێڕراوێکی باش ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین ئەوەیە کە وەرگێڕەکەی ئەو مەرجانەی پێشەوەی تێدابن و ڕەچاویشی کردبن. بەڵام پێم خۆشە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە وەرگێڕاوێکی باش ئەوەیە کە خوێنەری دەقەکە هەست بەوە نەکا وەرگێڕانە. دیارە ئەوانەی باس کران بەشێک لەو مەرجانەن کە بۆ وەرگێڕ و وەرگێڕان پێویستن و شارەزایان زۆر شتی دیکەیان هەیە لێی زیاد بکەن.

**نەبەز هێمن:** وەک دوا پرسیار، ڕەوتی ئێستای ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەگەڵ ئەوەی بە داخێکی گرانەوە ئاگاداریی تەواوم بە سەر بزووتنەوەی ئەدەبی و فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیە، لە قووڵایی دڵەوە شانازیی بەو ڕەوتە پڕ سەروەرییەوە دەکەم کە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێیان خستووە بەرەوپێشی دەبەن. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو هەموو کەندوکۆسپە کە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەخرێتە سەر ڕێگایان و ئەو هەموو بێ ئیمکاناتییەو لەوانەش گرنگتر ئەو پاڵەپەستۆیە لەبەر چاو بگرین کە دەزگا پۆلیسییەکان دەیخەنە سەریان تێدەگەین کە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ئازیزانە چەندە بەنرخە. لەڕاستیدا ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەقیمەتی گیان و بە بەخشینی سەروماڵ ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییەیان لەسەر پێ ڕاگرتوە. زۆرجار ئەمن دەڵێم ئەوەی ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵات هەیانە ئازادییەک نیە کۆماری ئیسلامی پێی بەخشیبن، بەڵکوو ئازایییەکە کە بەسەر کۆماری ئیسلامییاندا سەپاندوە. خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەبیر بێ کە سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگە هێشتا لاپەڕەکانی بەشی هەرە زۆری بڵاوکراوەکانیان پەڵەی شەرمی پێهەڵلاگوتنی کاربەدەستانی ڕێژیمیان پێوە دیار نیە، باشتر گەورەیی ڕووحی ئەو ڕووناکبیرانەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیشیان هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەرچەند ئەزموونێکی کەمیان هەیەو هەمووی بیستساڵێکە دەستیان پێکردوە، بە باوەڕی من تێکڕای کارەکانیان لە کاری نووسەران و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان کە بەخۆشییەوە ئەزموونێکی دەیان ساڵەیان لە پشتە نامێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

## ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ بکەینە سەرلەوحەی بەرنامە سیاسی یەکانمان

**دیمانە: ئارەش لورستانی**

**لە یادی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ دا لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتیی سیاسیی نێو بزووتنەوەی کوردستان؛**

**ئارەش لورستانی: بەباوەڕی بەرێزتان گرینگیی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ بۆ بزوتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چیدایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو میتینگە لەو بابەتەوە شتێکی تایبەتی بوو کە پاش نیزیک بە ٣٤ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات کە دەوری ٣٢ ساڵ زیاتریشی لە خەباتی نەهێنیدا بوو، بە ئاشکرایی‌و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگیرا، ئەوە بایەخێکی زۆری هەبوو کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە پەیمان دەگەڵ خەڵکی خۆی تازە بکاتەوە، ئەو پێوەندی‌یە مەعنەوی‌یە کە لەو ماوە دوورو درێژەدا هەبوو، هەم گرێ بداتەوەو هەم بە هێزی بکا، چونکە ئەو کاتەی سیاسەتەکان ڕووبەڕوو بە تایبەتی لە زمانی سیاسەتمەدارێکی گەورەوە باس دەکرێن پێوەندی لە نێوان حیزبو کۆمەڵانی خەڵکدا پتەوتر دەبێ.

پاشان ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان کەوتۆتە قۆناغێکی تازەوە، لە هێندێک حاڵەتی ئێستسنائی‌دا نەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی مەنتەقەی موکریان‌دا قەتیس ماوە. بەڵام لەو میتینگەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوەو تەنانەت لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشەوە، وەک تەورێزو تارانو هی دیکە و لە دانیشگاکانەوە هاتبوونو بەشدار بوون.

بەشی: سێهەم

ئەوە بایەخێکی دیکەو بەربەرینی‌یەکی دیکەی بە مەسەلەکە دەبەخشی.

**ئارەش لورستانی**: شۆڕشی ١٣٥٧ چ گۆڕانێکی بەسەر ئەو بزووتنەوەیە هێنا کە ئاشکرا لە گۆڕەپانی خەباتدا بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێم وانیە مەسەلەکە ئەوە بێ کە ئینقلابی ١٣٥٧ شتێکی تایبەتیی بۆ ئەو بزووتنەوەیە هەبووبێ. بەڵێ ئینقلابی ١٣٥٧ درفەتێک بوو بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە هەر میللییەتێکو لە هەر تویژێکی کۆمەڵایەتی، بێنە مەیدانو داخوازەکانی خۆیان مەترەح بکەن. بەڵام سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو درفەتەشی خوڵقاندبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بتوانێ لە وەختێکی وادا ئەوپەری ئیستفادە لە دەرفەتەکە بکاتو خۆی بناسێنێ. ئەو میتینگە کە گیرا هێندێک فەلسەفەی تێدا هەبوون. یەکیان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەختی خۆی بە بێ پرسی دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، لە ماوەی ٣٤ساڵ تەمەنیشی‌دا وەک گوتم خەباتی نهێنیی بەرێوە بردبوو. ئێستاش کە دەیەویست خەباتی ئاشکرا دەست پێبکا. ئەگەر بیویستایە تەقازا بدا بۆ ئەوەی موجەوویزی خەباتی عەلەنی وەر بگرێ،لەوانە بوو تا ئێستاش جوابی ئەو تەقازایە وەرنەگرێتەوە.

بۆیە حیزبی دێموکڕات بە دروستی زانی هەر وەک لە وەختی خۆیدا بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، بە بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزییش ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکاو دەوڵەتی مەرکزیو دەسەڵاتەکەی - وەک دەڵێن - لە موقابیل عەمەلی ئەنجام دراودا دابنێ. چونکی ئەگەر لەو وەختەدا موخالەفەتی کردبایە ئەورێژیمە تازەیە کە خۆی بە ئینقلابیو تەرەفداری خەڵک دەزانی، هیچ ئابرووییەکی بۆ نەدەما. هەر بۆیەش دیتمان کە وەختێک حیزبی دێموکڕات ئیعلانی خەباتی ئاشکرای کرد دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ عەکسولعەمەلێکی نیشان نەدا، هەرچەند ئەو وەختی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو دەوڵەتە ئیسلامی‌یە بوو.

لایەکی دیکەشی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات تا ئەودەم زۆرتر پێوەندی‌یەکی مەعنەویی لەگەڵ خەڵک هەبوو، بەڵام لەوێ‌دا هات بە هەموو سیاسەتەکانیەوە خۆی موعەرریفی کرد. سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو جۆرە کە هەبوو، بەرداشتی لە کۆمەڵی تازەی ئێران، لە سیستمی ئێران، لە بەرنامەی تازەی حکوومەتی ئێران کە دەبێ چۆن بێ، ئەو شتانەی هەموو بە زمانێکی زۆر سیاسیو زۆر ئاشتی‌خوازانە تەرح کردو گوتی دەوڵەتێک کە داوای ئینقلابی‌بوون دەکا دەبێ چۆن ڕەفتار بکا.

هەر لەوحاڵەدا داخوازەکانی میللەتی کوردیشی دووبارە بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە زۆر بەڕوونی هێنانە گۆڕێ.

بەشی: سێهەم

**ئارەش ئورستانی**: بەرێزتان ئاماژەتان بە دژکردەوەی دەوڵەتی ناوەندی لە بەرانبەر ئەو کارەدا کرد، هەروەها رۆژنامەی «اطلاعات» دەنووسێ زیاتر لە٢٠٠ هەزار کەس بەشداری میتینگی مهاباد بوون، ئەم کارە لەلایەن رەوت و لایەنەسیاسییە ئێرانییەکان کە دروشمی سەراسەریی ئێرانیان هەڵگرتبوو و دەگەڵ دروشمی نەتەوەخوازی بزاڤی کوردی نەبوون، یان هەر بەتەواوی پێی نامۆ بوون، پێشوازیی لێنەکرا، کەواتە دژکردەوەی راستەقینەی ئەوان چ بووە هەروەها دەوڵەتیش هەڵسوکەوتی چۆن بوو دەگەڵ ئەو لایەنانە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێش دا با بڵێم بە باوەڕی من دوو ڕەقەمی کەمێک دوور لە حەقیقەت لەسەر میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دەگوترێن. هێنندێک کەس دەڵێن مەسەلەن ٥٠ هەزار کەس ٦٠ هەزار کەس بەشدار بوون، واتە دەیهێننە خوار ١٠٠ هەزار کەس. ئەوە ناواقیعییە. ئەوەش کە ئیتلاعات گوتوویەتی نازانم لەڕووی چیەوە گوتوویەتی، دیسانەکە موبالەغەی تێدایە. بە باوەڕی من میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەگەر بت ژماردایە - کە نەدەژمێردرا - دەوری ١٠٠ تا ١٣٠ هەزار کەسێکی تێدا بوو.

ئەوەش کە دەڵێم لە ڕووی حدس و گومانەوە نائێم، گومانەکە زۆر بوو بەڵام ئێمە رۆژی پێش میتینگەکە چونکی داواکرابوو خەڵکی لەلاوەش ڕا بێن،و لەلای دیکەش زستان بوو ئەگەر زووتر نەهاتبانو شەوێ لەوێ نەبانایە لەوانە بوو فریا نەکەون، ستادێکمان پێک هێنابوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە دێن بەسەر ماڵاندا دابەش بکا.

ئەوانەی لە ستادەکەدا کاریان دەکرد بۆ منیان باس کرد ئەو ئێوارەیە ٦٣ هەزار کەسیان میوان وەرگرتووە بەسەر ماڵەکانی مەهاباددا تەوزیعیان کردوون. خۆ ئەوە هیچ کەسی مەهابادی تێدا نەبووە، هیچ کەسی دەوروبەری مەهابادیشی تێدا نەبوو، حەتا مەسەلەن شارێکی وەکوو شنۆ و میاندواو و تەنانەت بۆکانو ئەوانەشی بە ئیحتمالی زۆر تێدا نەبووە. بۆیە ڕەقەمێکی لە حدوودی ١٢٠ ، ١٣٠ هەزار کەسی ڕەنگە دەقیقترو لە واقیعییەت نیزیکتر بێ.

ئەوە کە عەکسولعەمەلی سازمانە سەرتاسەرییەکان چۆن بوو، ئەوەندەی ئاگام لێ بێ عەکسولعەمەلێکی موخالیفیان نیشان نەدا، لەگەڵ ئەوە ڕەنگە هێندێکیان خۆشحاڵ نەبوون. بۆ حیزبی توودە کە ڕۆژێک ئیددیعای دەکرد حیزبی دێموکڕات شاخەیەک لەوەو دەیهەویست قووتی بدا، ئەگەر لە هەموو ئێراندا تەرەفدارەکانی خۆی کۆ کردبانەوە بۆی نەدەگەیشتە ٥ هەزار کەس، حەتمەن خۆش نیە حیزبی دێموکرات میتینگێکی ١٠٠ ، ١٥٠ هەزار کەسی تەشکیل بدا. دیارە ڕێکخراوی واش هەبوون بۆ وێنە ڕێکخراوێکی ئازەربایجانی (بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نیە) کە لەمیتینگەکەدا بەشدار بوونو پەیامیان خوێندەوە.

بەشی: سێهەم

لەڕاستیدا مەوقیعییەتەکە وابوو کە ئەوانەی موخالیفیش بوون نەیاندەتوانی موخالەفەتی خۆیان دەرببڕن چونکی موخالەفەت لەگەڵ هەنگاوێکی ئاوا ئاشتیخوازانەو دێموکراسیخوازانە بۆخۆیان گران تەواو دەبوو. کەوایە، هەڵبژاردنی ئەو مەوقیعییەتەش کارێکی زیرەکانە بوو.

**نارەش لورستانی**: مامۆستا مەبەست لەو میتینگە کۆکردنەوەی خەڵکو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات لە دەوری ناسیونالیزمی کوردی بوو یان خودی حیزب، دوکتور قاسملوو، بەرێزتان یان خوالێخۆشبوو عەزیز یوسفی دەتانەویست ڕێنوێنییەکی تایبەت بدەن بەخەڵکی بۆ ئەوەی ئاراستە بەو بزووتنەوە ببەخشن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لێرەدا دەبێ دووشت بڵێین. یەکیان ئەوە کە مەرحوومی عەزیزی یووسفی نەمابوو، ٧ مانگ ٨ مانگ پێشتر فەوتی کرد بوو. ئەوەی دیکەشیان ئەوەیە کە ڕاستە ئەمن لەوێدا قسەم کردوە و قسەکانیشم وا دیار بوو خەڵک پێی باش بوون، بەڵام لە واقیعدا قارەمانی ئەسڵیی داستانو ڕێبەری ئەو حەرەکەتە لە باری سیاسییەوە هەر دوکتۆر قاسملوو بووە. هەدەفەکە زۆر شت بوو، هەروەکوو لەپێشدا گوتم تازەکردنەوەی پێوەندییەکان، پێکەوەگرێدانی هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆکردنەوەیان لە یەک جێدا.

لە هەمووی گرنگتر ناردنی پەیامێکی یەکدەست بۆ هەمووان، چونکە ئەو وەختی حیزبی دێموکرات جارێ ڕێکخراوێکی ئاوای نەبوو کە ئەندامەکانی و مەسئوولەکانی هەموو کارکوشتە بووبن و هەموو مەعلووماتیان لەسەرێ بێ، کلاسیان دیبێ و لە مەکتەبێکدا پەروەردە کرابن. ڕەنگ بوو بە پێی سەلیقەی خۆیان هەر مەسئوولە لە شوێنی خۆیدا، لە چوارچێوەی خەتە گشتییەکەدا جۆرێک تەبلیغ بۆ سیاسەتی حیزب بکا.
کەوایە گرنگ بوو کە ئەو خەڵکە پەیامی حیزبی دێموکراتو سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەسەر یەکەوە، لەیەک جێو وەک یەک لە زمانی سەلاحیەتدارترین عونسوری ئەو حیزبەو زاناترینو شارەزاترین ئینسانەکانی ئەو حیزبەوە ببیسن.

ئەوە هەدەفێکی زۆر موهیم بوو کە بە باوەڕی من زۆریش کۆمەگی بە ئینسجامی فکریی حیزبی دێموکرات کرد. با ئەوەی لە پەڕانتێزدا بڵێم: دوای ئەو میتینگەش جارێوا بوو ئێمە کە لە هەموو مەنتەقەکان کۆمیتەی شارستانمان پێک هێنابوو،و تەنانەت هەموانیشیان هەریەکە بۆ خۆی نەشریەیەکی دەردەکرد، زۆرجار دەماندی نەشریە یان بەیاناتی مەسئوولێک یا ئۆرگانێک هەم دەگەڵ یەکی دیکە تەزاددی هەیە هەم جاروبار هەڵوێستی هەردووکیان لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حیزب دێموکراتی کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناتەبایی دایە، یانی پێکەوە نەیاندەخوێندەوە. بۆیە زۆر موهیم بوو کە پەیامەکەیەکدەست بە هەمووان بگا.

بەشی: سێهەم

**ئارەش لورستانی**: پێتان وایە ڕاستە بڵێین میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەو رۆژە بوو کە دوکتور قاسملوو لە ئاستی جەماوەری دا وەک لایەنی سەرەکی کورد ڕوو بە حکوومەتی ناوەندی ناسرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوکتۆر قاسملوو تا ئەو وەختی لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا ناسیاویەکی زۆری نەبوو، بەڵام لە نێو خەڵکی سیاسی و حیزبیدا پێشتریش وەکوو عونسورێکی کاریگەرو شارەزا لە سیاسەت ناسرا بوو، بەڵام ئەوە کە خەڵک بەرەوڕوو لەگەڵ قاسملووی ئاشنا بن تەئسیرێکی باشتری هەبوو. دوو شتیش لە موقابیل دوڵەتی مەرکەزیدا هەبوون، بە بێ ئەوەی بمەوێ خوانەخواستە لە قەدری هیچ حیزبێک و ڕێکخراوێکی دیکە کەم بکەمەوە، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو تەرەف و وەکوو موخاتەبی ئەسڵیی دەوڵەتی مەرکەزی دەناسرا. بەبێ شک لە عونسوریشدا لە ڕێبەرییشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە تا ئێستاش قاسملوو تکرار نەبۆتەوە. کەسێکی دیکەی وەکوو قاسملوومان نەبووە. کەوابێ تەبیعەتەن موخاتەبی ئەسڵی وەکوو ڕێبەری دوکتور قاسملوو بوو، وەکوو حیزب و جەریانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

**ئارەش لورستانی**: مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە؛ دەبینین دوای کۆماری کوردستان ئەو میتینگە دەبێ بە دەستپێکی تەڤگەرێکی تەواو جیاواز لە قۆناغی بەرلەخۆی، واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بە ساختار و پێکهاتەیەکی جیاوازەوە دەردەکەوێ. دەبینین حیزبی دێموکڕات سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و هورووژمانەی کوردستانی کردبووە نیشانە، کاری خۆی دەکاو یەکێکە لە گەورەترین پارتە بە هێزەکان. بەرێزتان لەمبارەیە ڕاتان چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن لەگەڵ خودی پرسیارەکە بەو جۆرە موافق نیم، یانی وا بۆ مەسەلەکە ناچم. ئەمن گەورەییو وسعەتی فکری پێشەوا قازی محەممەد لەوەدا دەبینم کە لەو سەردەمیشدا شەخسی کاریگەر هەر قازی محەممەدە. بۆیە نەک هەر تا دەورانی دوکتور قاسملوو بەڵکوو تا ئێستاش هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی پێشەوا قازی محەممەدی لە حیزبی دێموکراتو لە بزووتنەوەی کوردی ئێراندا هەر لەجێی خۆیانن. بەڵام لە پاش ڕووخانی کۆمار تا دەگاتە ساڵی ٥٧و میتینگی ١١ی ڕەشمەی ٥٧ هەمووی دەورانی خەباتی (نهێنی)یە حیزبی دێموکرات غەیری یەک دوو دەرفەتی وەک هەڵاتنی شا لە ساڵی ٣٢دا یان ئینتخاباتی ساڵی ١٣٣٠ کە توانیویەتی خۆی بنوێنێ، دەرفەتی دیکەی بۆ نەخوڵقاوە. بۆیە لەو دەرفەتەدا کە ساڵی ١٣٥٧ پێکهات گرنگ ئەوە بوو، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە زمانی ئینسانێکی شارەزاوە بە وردیو بە شێوەیەکی مۆدێرنو ئەوڕۆژی و بە زمانێک کە هەموو کەس تێیبگا مەترەح بکرێن. ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەختی خۆی کە دانراوە لە ٨ مادەدایە، لە نیوە لاپەڕەیەکدایە، بەڵام بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش میتینگی ٥٧یش بەرنامەیەکی موفەسسەلە. سیاسەتەکان بەگشتی هەر ئەوانەی سەردەمی



سەرچاوە Serchawe

بەشی: سێهەم

کۆمارن بەڵام بە وردەکاریەوە عینوان دەکرێن. لەوەدا فەرقی هەیە دەنا جیاوازیی ئەساسی نیە. دوکتور قاسملوو بە هەقیقەت بە بێ تەوازوع خۆی بە قوتابیی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی.

**ئارەش لورستانی:** مامۆستا بەبڕوای بەڕیزتان سیاسەتوانێکی کورد، بە تایبەت سیاسەتوانێکی دێموکرات کاتێک ئەمڕۆ ئاوڕ لە میتینگی ١١ی ڕەشەمە دەداتەوە، دەبێ چ وانەیەکی لێ فێر ببێو چۆن دەتوانێ لە پیناو پێشخستنی بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد دا دیسان ئەم جۆرە هەلو دەرفەتانە بئافرێنێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** با هەر باسی دێموکراتەکان بکەم، چونکە پێم باشە باسی خەڵکی دیکە نەکەم. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی دوکتور قاسملوو بێنین، بە خەتی درشت بینووسینو لە دیوارەکانی بدەین. هەموو وەختێک وەک سەرلەوحەی بەرنامە سیاسییەکانمان دەرسی لێوەربگرین. دەبێ جارێک نا، دوو جار نا، سێ جار بیخوێنینەوە تا بزانین بە چ دووربینییەک و بە چ قووڵییەک هێڵە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وتارێکی کورتدا هێناونو بۆ خەڵکی ڕوون کردوونەوە.

هونەرێکی دوکتور قاسملوو کە ئەمن زۆر جار یادی دەکەمەوە ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەوەی سیاسییەکی زۆر گەورە بوو، زۆر لەسەرەوە بوو، زانایەکی گەورەش بوو بەڵام دەیتوانی موشکیلترین مەسائیلی سیاسیو عیلمیو بەتایبەتی ئابووری کە ئەو دوکتورای تێدا وەرگرتبوو، بە زمانێک مەترەح بکا کە خەڵکی زۆر کەمسەوادیش لێی حاڵی بێ.

ئەوە بە باوەڕی من هەتا ئێستاش هەر سەر لەوحەی بەرنامە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتەو بێشک خەڵکیش زۆریان کەلک لێوەرگرتوە. ئەمن بەشبەحاڵی خۆم شانازیی بەوەی دەکەم کە دەبینم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانە کە قەتیش حیزبی نەبوون وەختێک باسی مەسائیلی سیاسیو داخوازەکانی میللەتی کورد دەکەن بە فاسیلەی یەکجار زۆر، لە حیزبی دێموکرات نیزیکتر لە هەمووانن. یان تەماشا دەکەی ئەو حیزبە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا داخوازییەکانی میللەتی باش ناسیونو باشی تەرح کردوون، بۆیە خەڵکەکە هەر لێیان نیزیکە.

لە ژمارە ٦٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ڕەوشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش نیە

### چاوپێکەوتن: سەرباز واحد

(عەبدوڵڵا حەسەنزادە) سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم چاوپێکەوتنەی گۆڤاری چرکەدا پەنجە دەخاتە سەر بەشێک لە مەینەتیەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دەڵێت ڕەوشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات باش نیە, پێیوایە پەکەکە بووەتە پاسەوانی سنوور بۆ ڕژێمی ئێران و دەشڵێت پەکەکە و پەژاک بەیەکەوە دانیشتوون و بۆ ئێران دراوسێیەکی زۆرباشن.لەبەشێکی دیکەدا دەڵێت "نابێت خەباتەکەمان بەهیوای ئەمەریکا بێت".

**چرکە:** بەگشتی بۆ ڕەوشی ئێستای سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران خوێندنەوەتان چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ لە دوو گۆشەوە سەیریان بکرێ، یەکێکیان سیاسەتەکانی نێوخۆی ئێرانە و ئەوی دیکەیان سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێرانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتەکانی دەرەوەی سیاسەتێکی سەرکەوتوون، چونکە توانیویەتی دەسەڵات و هەژموونیی خۆی بەسەر هەمووایندا بسەپێنێ، وەک چۆن خۆیان دەڵێن "ئێمە لە بەغداو بەیرووت و دیمەشق و سەنعا دەسەڵاتین"، وابزانم دەسەڵاتەکەیان زۆر لەوەش فراوانترە و لەچەند وڵاتێکی دیکەش دەسەڵاتدارن. ئێران بە گفتوگۆ و سیاسەتەکانی توانیویەتی بەشێک لە گیروگرفتە نێودەوڵەتییەکانیشی چارەسەر بکا. خۆ هەر هێزێکی جیهانییش وابزانی ئێران وازی لەبەرنامەی ئەتۆمی هێناوە، ئەوا خۆی فریو دەدا، چونکە کۆماری ئیسلامی پابەندی هیچ عەهدێکی نیە کە دەیدات و فەلسەفە دینییەکەشی ڕێگەی پێداوە و لەم لاشەوە هەر دینەکەی پێی دەڵێ دەبێ چەکی گەورەت هەبێ. کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە نێوخۆییەکانیشدا دوو سەیتەرەی هەیە ئەوانیش سەیتەرەی چەک و سەیتەرەی فکر و سیاسەت، کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە نێوخۆییەکاندا بەهیچ شێوەیەک سەرکەوتوو نیە، بەڵام بە زەبری ئاگر و ئاسن خۆی سەپاندوە. ئەم خۆپیشاندانانەی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتیش پێمان دەڵێ کە ئەم ڕێژیمە لەنێوخۆدا موسەیتیر نیە و بەسەر دڵی خەڵکدا حاکم نیە، بەڵکوو بەسەر شانی خەڵکدا حاکمە.

**چرکە:** وەک ئاماژەت پێ دا ئایە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییەی شاری مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران چ پەیامێک بوو؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: سەرەتا با بڵێین ئەو ڕووداوانەی لە مەهاباد ڕوویان دا و دواتر پاش بوومەلەرزەکانی شارەکانی دیکەی گرتەوە ڕووداوێکی مەحەللی بوو، خۆ هەرچەندە مەرگی خەڵکیش گەورەیە, ئەمەش بۆ سیاسەتی گوێنەدانی کۆماری ئیسلامی بەداخوازی خەڵک و لێکۆڵینەوە نەکردن لە گیانی کەسێک دەگەڕێتەوە و لەلایەکی دیکەش ناڕەزایەتیی کەڵەکە بووی خەڵک ئەم ڕووداوەی لێکەوتەوە. لەم ڕووداوەدا بە کۆماری ئیسلامی گوترا کە "ئەم گۆڕستانە خامۆشەی دروستت کردوە ژێلەمۆی بن خۆڵەمێشە یان ئاگری بن خۆڵەمێشە وانیە کە تۆ بەدڵی خۆت دونیات کردوە بە ماستی مەیبیو, ئەم خەڵکە وازی لە داخوازی خۆی نەهێناوە و بۆ دەربڕینی هەستەکانی خۆی لە بەهانەیەک دەگەڕێ". خۆ هەر لەسەرەتاوە شتی کۆمەڵایەتییە دەبێ بە بابەتی سیاسی.

**چرکە**: سیاسەتەکانی ئێران لەناوخۆی عێراقدا چەندە لەسەر خەباتی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: با نەڵێین لە عێراق، چونکە ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا لە هەرێم حوزوورمان هەیە. دەتوانم بڵێم لە هەموو دۆخێکدا پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان کاریان کردوەتە سەر سیاسەت و جموجۆڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەمە تەنیا کاریگەریی ئێران نیە، خۆ کاتی خۆیشی تۆپباران کراوین و زۆرشتمان بەسەر هێنراوە هەر لە جموجۆڵ نەکەوتووین، لە هەرێمیش گوشارێکی مەعنەویمان لەسەرە و نابێ گیروگرفت دروست بکەین. کاتی خۆیشی کۆماری ئیسلامی بە حیزبەکانی باشووری گوتبوو "ئەگەر قومبەلەیەک یان نارنجۆکێک لە ئێران بتەقێتەوە ئێوە خەتابارن، چونکە سەری مارەکە لای ئێوەیە" واتە ئەگەر ئێمە لە قەفەز نەکەن ئاژاوەیان بۆ دەخوڵقێنێ، هەرچەندە ئاژاوەکەشیان خوڵقاند.

**چرکە**: خوێندنەوەت بۆ ڕەوشی ئێستای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕاستە ئەمن سەر بەحیزبێکم، بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمووی بۆمن وەکوو یەکە. بۆیە دەڵێم ڕەوشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش نیە. بەگشتی ڕەوشی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ڕەوشێکی باش نیە, ئەگەر دڵی ئۆپۆزسیۆنیش لە ئێران لێبدا ئەوا لە کوردستانی ئێرانە لەناوچەکانی دیکەی ئێراندا نیە. خۆ هیچ نەبێ ڕێکخراوە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژی خۆی هێزیان هەیە و تەنزیمیان هەیە و پەیوەندییان لەگەڵ میللەتی خۆیان هەیە. بەبێ جیاوازی ئەگەر ڕۆژی خۆشی بێ هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی یەکەم دەکەن. خۆ حوزوورمان هەیە، بەڵام ئەم حوزوورە کەمڕەنگە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێکی سانسۆرکردن و نالەباریی ئانوساتەکە دەگەڕێتەوە.

بەشی: سێهەم

**چرکە**: چی دەڵێین لەبارەی ئەم گرژی و پێکدادانەی نێوان پەکەکە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن لە پێگەیەکی وانیم کە لێدوان لەمبارەیەوە بدەم، بەڵام زۆر جێگەی داخە کە پەکەکە بووەتە پاسەوانی سنوور بۆ رێژیمی ئێران کە دوژمنی کوردە،خۆ ئەم هێزانەی دیموکرات نەچووبوون لە پەکەکە بدەن، یان لەوێ دادەنیشتن یان دەگەڕانەوە رۆژهەڵاتی کوردستان. کە پەکەکە دەڵێ نابێ لێرە بن. خۆ ئەو ناوچانە خاکی پەکەکە نین و ئەو بۆخۆی هاتوە لەوێ دانیشتوە کەچی دەڵێ نابی لێرە دابنیشن و بێرەشدا تێپەڕ بن. بەڕاستی ئەم سیاسەتەی پەکەکە زۆر جێی داخە.

**چرکە**: خوێندنەوەتان بۆ پەژاک چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هیچ خوێندنەوەیەکم بۆ پەژاک نیە، چونکە بەشێکە لە پەکەکە. پەژاک تەنیا بە رواڵەتێکی کەم دژایەتیی ئێران دەکا, خۆ پەکەکە و پەژاک بەیەکەوە لەو قەندیلە دانیشتوون و دراوسێیەکی زۆر باشیشن بۆ ئێران، ئەمانە هەمووی راستین و ئاشکرا و دیارن.

**چرکە**: سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە هەمیشە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە, بەڵام بۆچی ئەمەریکا هاوکاریی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: راستە بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەمریکا ئەوەندەش دژی کۆماری ئیسلامی نیە، ئەمریکا بە دەسەڵات و توانای خۆی دوو دەسەڵاتی گەورەی دژ بەئێرانی لەنێو بردن کە رژێمەکەی سەدام و تاڵیبان بوون . خۆ ئەمریکا بە خەرجییەکی زۆر کەمتر لەوەی کە ئەم دوو دەسەڵاتەی پێ رووخاند دەیتوانی ئێران بڕووخێنێ، جگە لەمەش ئێران وەسیلەیەکە کە ئەمریکا دەوڵەتە عەرەبییەکانی پێ دەترسێنێ و بە پارەی خەیاڵی چەک بەو دەوڵەتە عەرەبییانە دەفرۆشێ. کەوایە بوونی ئێران زەرەری راستەوخۆی بۆ ئەمەریکا نیە و بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە هەندێک شتدا یەک دەگرنەوە، وەک ئەوەی پێکەوە لە یەک سەنگەردا شەڕی دژ بەداعش دەکەن. ئاگادار نیم ئەمریکا پاڵپشتیی کوردی رۆژهەڵات بکا، بەڵام نابێ ئێمە خەباتەکەمان بەهیوای ئەمەریکا بێ. ئەمریکا کاتێک ئاوڕ لە ئۆپۆزسیۆن و حیزبە کوردییەکانی ئێران دەداتەوە کە بەرنامەی تەواوی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی ئێران هەبێ. ئەمن ئارەزوو ناکەم ئەمریکا ئێران بڕووخێنێ، چونکە ئەو بۆخۆی دەیڕووخێنێ نەوەک بۆ ئێمەی کورد، بۆیە دەبێ کورد پێش رووداوی رووداوێکی وەها بۆ خۆی چارەسەری بارودۆخەکەی خۆی بکا، ئەوەندەی لەتوانایدا هەیە.



سەرچاوە Serchawe

بەشی: سێهەم

**چرکە: دەربارەی هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ سەربەخۆیی کوردستان چی دەڵێن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن لەنزیکەوە ئاگاداری هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ سەربەخۆیی نیم، چونکە ئەوەی لە راگەیاندن دەیبیستین لەوانەیە کۆی بابەتەکە نەبێ، بەڵام ئاشکرایە لە هەموو بەشەکان هەموومان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانین, لەگەڵ ئەمانەش دەزانم ئەم مەسەلەیە ئاسان نیە و گیروگرفتی لەپێشدا هەیە، هیوادارم هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ئیقلیمی و نێوخۆیی رێگەخۆشکەر بێ بۆئەوەی کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ.

**چرکە: ئەم سەلەفیانەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەئێستادا لە گەشەکردندان، ئایە لە داهاتوودا زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ناگەیەنن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** سەلەفییەکان لەوانەیە وەک شوێنانی دیکە لە ئێران سەریان هەڵنەدابێ، بەڵام سەلەفی و رێکخراوە ئیسلامییەکان واقیعێکن، خۆ لە ئێرانیش لەژێر چەند ناوێک هەن، بەڵام بەو شێوەیە نین، پێموایە سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی دیکەی ئیسلامی لە ئێران چانسی زۆر نیە، چونکە لە وڵاتانی دیکە خەڵک لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و سۆشیالیستی و سەرمایەداری و نەتەوەپەروەری نائومێد بووە، بۆیە بە ئومیدی ئیسلامییەکەیە کە لە دونیا دۆلاری بداتێ و لەو دونیاش بەهەشتی بداتێ. بەڵام خەڵکی ئێران سیستەمی ئیسلامییان تاقی کردووەتەوە, بۆیە زەحمەتە خەڵکی ئێران وەدوای رەوتی سەلەفی بکەوێ . ئەمن ناڵێم ئەم سەلەفییانەی ئێران ترسناک نین، بەڵام ناتوانن گەشە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چرکە - رێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٥

# عەبدوڵڵای حەسەنزادە

## سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ

### وتووێژ دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە

**دیمانە: مەسعوود محەممەد**

مەسعوود محەممەد ڕۆژنامەنووسی چالاکی کورد بە بۆنەی بیست  شەشەمین ساڵوەگەری شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو وتووێژێکی بە زمانی عەرەبی دەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵای حەسەنزادە ئەنجام داوە کە لە سێ ڕۆژنامەی پڕخوێنەری عەرەبی: "القبس"ی کووەیتی، "الحوار"ی لوبنانی و "بەیرووت ئۆبزێرڤەر" کە لە واشنگتۆن دەردەچێ بڵاو بۆتەوە. شایانی باسە کە ڕۆژنامەنووس پێشەکی‌یەکی درێژیشی بۆ نووسیوە بۆ ئەوەی خوێنەری عەرەبزمان پتر لەگەڵ مەسەلەکە ئاشنا بکا، بەڵام ئێمە وەرگێڕانی ئەو بەشەیمان بە پێویست نەزانی. ڕۆژنامەنووس سەردێڕی: "قاسملوو شەهید بوو، بەڵام حیزبەکەی ماوە و خەباتەکەمان بەردەوامە"ی بۆ وتووێژەکە هەڵبژاردوە کە لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی وەرگرتوە. ئەمەش دەقی وتووێژەکەیە:

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو چۆنی ڕێبەرایەتیی حیزب وەرگرت؟

**وەڵام**: قاسملوو لە تەمەنێکی زوودا کەوتە نێو ژیانی سیاسی. تەمەنی ١٥ ساڵ بوو کە بەرپرسایەتیی لقی "یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان" سەر بە "حیزبی دێموکڕاتی کوردستان" لە شاری "ورمێ"ی وەئەستۆ گرت و دوای ساڵێک یان نەختێک زیاتر، شانازیی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیدا پێبڕا. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئاکامەکانی، لە ساڵەکانی دوای ١٩٤٨دا نەخشێکی گەورەی لە ژیاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی خەباتدا یاری کرد. بەڵام هەتا دوای ڕێککەوتنی ئاداری نێوان دەوڵەتی عێراق و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتە ڕێبەرایەتیی حیزب بە مانا تایبەتی‌یەکەی، وەرنەگرت.

بەشی: سێهەم

لەو هەلومەرجەدا دوکتۆر قاسملوو لە چێکوسلۆڤاکیڕا هاتەوە عێراق و دەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە لەئاکامی زەبروزەنگی کاربەدەستانی ڕێژیمی پادشایەتیی ئێراندا لە وڵاتی خۆیان ئاوارە ببوون و لە عێراق دەژیان یەکیان گرتەوە. زیرەکی و دێموکڕاسی دوو لە سروشتە تایبەتییەکانی دوکتۆر قاسملوو بوون. دەگەڵ هاوڕێ حیزبییەکانی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران و بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردی لێکدایەوە و "دێموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی وەک دروشمی ستراتیژیی حیزب پێشنیار کرد. لە کۆنفرانسی ۳ و دواتر کۆنگرەی ۳دا بەرنامە پێشنیارییەکانی پەسند کران و ئەویش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆمیتەی ناوەندییشدا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب و یەکێک لە گرنگترین کەسایەتییە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان.

**پرسیار**: پێش ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب وەربگرێ نەخشی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبدا چی بوو؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو هەر لە هەرەتی لاوەتیی خۆیەوە لە هەموو بوارەکانی کاری حیزبی بەتایبەتی لە کاری ڕێکخراوەیی و فیکریدا زۆر نەخشی گرنگی لە چالاککردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزبدا وەئەستۆ گرتوون. بەباوەڕی من گەورەترین خزمەت کە بە حیزبی کرد پچڕینی پێوەندیی ڕێکخراوەیی دەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بوو، چونکە بۆ ماوەی نزیک لە حەوت ساڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کردەوە ببوو بە لقێکی حیزبی توودە، هەتا لە کۆنفرانسی یەکەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٥٥ لە چیایەکی دەوروبەری مەهاباد گیرا، دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیەکانی ئەو پێوەندییەیان پچڕی کە کەسایەتی و سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی حیزبی لەنێو بردبوو. لەوکاتەوە حیزبی دێموکڕات بە شێوەی سەربەخۆ ڕێبەرایەتیی کاری سیاسیی نێو کۆمەڵی کوردەواریی بەدەستەوە گرت.

**پرسیار**: ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانە کە دوکتۆر قاسملوو تێیاندا بەشدار بوو، کامانەن؟ پێوەندیی دەگەڵ هاوڕێیەکانی لە حیزب و ڕێبەرایەتیدا چۆن بوو، چۆنی ڕەفتار دەگەڵ دەکردن؟ ناکۆکییەکانی چۆن چارەسەر دەکرد؟ بڕیارەکانی بەکۆمەڵ بوون؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو ڕوحی شاد بێ لە کۆنفرانسی سێیەمەوە (١٩٧١) هەتا کۆنگرەی هەشتەم لە هەموو کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا بەشدار دەبوو، لە هەموو کۆنگرەکانیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرا. پێوەندیی دەگەڵ هاوڕێیەکانی پێوەندییەکی گەرمی برایانە یان باشترە بڵێم باوکانە و پێوەندیی مامۆستایەک دەگەڵ قوتابییەکانی بوو کە سوورە لەسەر فێرکردن و پێگەیاندنیان بە باشترین شێوە، بێ ئەوەی لە سەرەوەڕا تەماشایان بکا. ئەو دەیگوت ئەگەر ناکۆکییەکی بیروبۆچوون کەوتە نێو هاوڕێیان، باشترین چارەسەر گفتوگۆیەکی

بنیاتنەرە بۆ ئەوەی یان ئەوان باوەڕ بە بۆچوونەکانی ئێمە بێنن یان ئێمە تەسلیمی بۆچوونەکانی ئەوان بین. بەڕاستی زۆر ئەهلی وتوویژ بوو، زۆر لەسەرەخۆ بوو، دەیتوانی بچێتە نێو دڵی هاوڕێیەکانیەوە. تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە دەرەتانی ڕاوێژ دەگەڵ هاوڕێیەکانی نەبووبێ هەموو بڕیارەکانی بەکۆمەڵ و بە هاوفکری دەگەڵ هاوڕێیەکانی داون.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو لە بەرەکانی شەڕدا چۆن بوو، لە هیچکام لە شەڕەکاندا بەشدار بوو؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو بەکردەوە لە هیچ ئۆپێراسیۆنێکی چەکداریدا بەشدار نەدەبوو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە سەری بەرەکانی شەڕ نەدا. زۆرجار دەچووە بەرەکان و دەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانی کۆ دەبۆوە و هەلومەرجی سیاسیی ڕووبەڕووبوونەوەکەی بۆ شی دەکردنەوە و هەوڵی پاڵپشتیی گشتیی سیاسی و نیزامی و شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەکانی دەدا بۆ ئەوەی ورەیان بەرێتە سەر. هەوڵی دەدا گوێ لە بیروبۆچوونەکانیان بگرێ و داخوازیو پێداویستییەکانیان بزانێ. ئەو سەردانانە نەخشێکی گەورەیان لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و سەرکردەکانیاندا هەبوو.

**پرسیار**: پێوەندی دەگەڵ عێراق کێ دای مەزراندو بە چ ئامانجێک بوو؟

**وەڵام**: خەباتگێڕانی کوردی ئێران لە دێرزەمانەوە هەرکات دەکەوتنە بەر زەبروزەنگی دەزگا پۆلیسییەکانی دەوڵەت بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان و بیروباوەڕەکەیان پەنایان دەبردە بەر عێراق، چونکە لەلایەک پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕۆڵەکانی کورد لە هەر دوو دیوی سنوور هەبوو، لەلای دیکەش کوردی عێراق بەشێک لە مافە نەتەوایەتییەکانیان وەک مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بەدەست هێنابوو. بەڵام زۆرجار ئەو تێکۆشەرانە لە گوند و شارەکانی کوردستان و لەنێو خوشکوبرا کوردەکانیان دەژیان بێئەوەی داوای مافی پەنابەریی سیاسی بکەن یان هەرکەسە و بۆخۆی مافی پەنابەریی وەردەگرت.

پێوەندیی ڕەسمیی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی عێراق نەبوو هەتا ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراقدا ئیمزا کرا. مانگی حوزەیران یان تەمووز (جۆزەردان یان پووشپەڕ) بوو کە یەکەمین دیدار لە نێوان شەهیدی گرانقەدر دوکتۆر قاسملوو و ئەندامێکی "ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش" لە بەغدا ڕووی دا. ئەوەش لە ڕێگای شەهید محەممەد مەحموود عەبدوڕڕەحمان (کاک سامی)یەوە کە وەک نوێنەری بزووتنەوەی کوردی عێراق کرابوو بە وەزیری کاروباری باکوور "وزیر شؤون الشمال". لەو دیدارەدا دوکتۆر قاسملوو ڕیزە بنەمایەکی گشتیی هێنابووە بەر باس کە هەر دوو لا لەسەریان هاودەنگ بوون و دەیانتوانی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ

**بەشی: سێهەم**

پێوەندیی ئەو دوو لایەنە بن. بۆ نموونە (وەک لەبیرم بێ) ئەوە کە هەردوو لا هەوڵ دەدەن پێوەندی دەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی بەهێز بکەن و لە دەسەڵاتی ئیمپەریالیزم کەم بکەنەوە، حیزبی دێموکرات بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ و دەوڵەتی عێراق خودموختاریی کوردستانی عێراقی بەرەسمی ناسیوە، هەر دوو حیزب (دێموکرات و بەعس) پێوەندیی دۆستانەیان دەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان هەیە. لایەنی عێراقی ئەو بنەمایانەی وەک بنچینەیەک بۆ پێوەندی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان قبووڵ کرد و بەم جۆرە پێوەندییەکە دروست بوو.

**پرسیار:** **پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ مەلا مستەفا چۆن بوو؟ چ ناکۆکییەکی بنەڕەتییان دەگەڵ یەکتر هەبوو؟**

**وەڵام:** دوکتۆر قاسملوو لەلای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی جێگەو پێگەیەکی هەبوو کە هیچ ڕێبەرێکی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا نەیبوو، بەڕادەیەک کە دەگەڵ ئەوەی دەیزانی قاسملوو ئەندامی حیزبێکی دیکەیە پێشنیاری پێکرد ببێتە سکرتێری ئەو حیزبە کە بۆخۆی سەرۆکی بوو. بەڵام د. قاسملوو لە حیزبی خۆیدا مایەوە و پێشنیارەکەی قبووڵ نەکرد. ڕەنگە شەهید قاسملوو تەنیا ڕێبەری نێو بزووتنەوەی کورد بووبێ کە لە نامەکانی خۆیدا بارزانیی بە "برای بەڕێز مەلا مستەفا" بێ زیادکردنی هیچ عینوانێکی دیکە بانگ دەکرد.

لەبارەی ئەو شتەوە کە ناوتان نا "ناکۆکیی بنەڕەتی"، ئەمن پێموایە لەبارەی مەسەلە چارەنووسییەکانەوە جیاوازییەکی بیروڕایان لەنێودا نەبوو کە بکرێ پێی بگوترێ "ناکۆکیی بنەڕەتی". تەنیا شت ئەوە بوو کە قاسملوو بەدڵەوە باوەڕی بە سەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی هەبوو و لەسەر پاراستنیشی پێداگر بوو. ڕەحمەتی بارزانییش ڕێزی بۆ ئەو ڕاستییە دادەنا و لەبەر چاوی دەگرت تەنانەت ئەگەر وا دابنێین ئەو سەربەخۆییەی پێشخۆش نەبووبێ.

**پرسیار:** **باسی پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ خەڵکمان بۆ بکە، چۆن بوو؟ لە گوندەکان چۆنی پێشوازی لێدەکرا؟ داستانێکی سەرنجڕاکێش هەیە کە پێت خۆش بێ بۆمان بگێڕیەوە؟**

**وەڵام:** کۆمەڵانی خەڵکی خۆش دەویست و ئەوانی بە خاوەنی سەرەکیی مەسەلەی کورد دەزانی. بەگەرمی پێشوازیی لێدەکردن و لەلایەن ئەوانەوە پێشوازیی لێدەکرا. بەڵام بۆ ئەوەی بەڕاشکاوی و ڕاستوێژی قسەت بۆ بکەم نایشارمەوە کە شەهید لە تێکەڵبوون دەگەڵ خەڵکی سادە و لێنزیک بوونەوەیاندا زۆر کارامە نەبوو. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ هەلومەرجی پەروەردە بوونی کە لە بنەماڵەیەکی ئاغاوەتدا لەدایک ببوو و پێگەیشتبوو و بەشی زۆری تەمەنی منداڵی و لاوەتیی خۆی لە شارە گەورەکان و پێتەختەکان و بە دوور لە بارودۆخی ژیانی کرێکاران و جووتیاران بەسەر بردبوو.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: باسی دوکتۆر قاسملووی ئینسانمان بۆ بکە، پێوەندیی دەگەڵ بنەماڵەکەی و خەڵکی ئاسایی، دۆستەکانی، حەزی لەچیی بوو (مۆسیقا، خوێندنەوە، شێعر...؟)

**وەڵام**: ڕووحی شاد بێ نموونەیەکی بەرزی پێوەندی دەگەڵ خەڵکی دەوروبەری بوو، دۆستی بان، لە بنەماڵە و عەشیرەتی خۆی بان یان لەو کەسانە کە هیچ پێوەندییەکی بنەماڵەیی و عەشیرەیی پێکەوەی گرێ نەدەدان. دەگەڵ هەمووان ڕەفتارێکی جوانی هەبوو، لە سەرەوەڕا تەماشای نەدەکردن. یەکێک لە سروشتەکانی بێفیزی بوو. زۆرزۆر خەریکی خوێندنەوە دەبوو، بابەتی جۆراوجۆری دەخوێندەوە. حەزی لە بەرهەمە ئەدەبی و بەتایبەتی شێعرییەکان دەکرد. دەشزانین کە ئەو بێجگە لە زمانی زگماکیی خۆی زمانەکانی فارسی، تورکی، فەڕانسەیی، چێکی و سلۆڤاکیی زۆر باش دەزانین و بێ گیروگرفت پێی دەنووسین و دەیخوێندەوە. جگە لەوانەش تا ڕادەیەکی باش شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، ئەڵمانی و ئیتالیایی بوو و قسەی پێدەکردن. یەکجار زۆر ئەوگری شێعر و مۆسیقا بوو، گەورە هونەرمەندانی زۆر نەتەوەکانی دەناسین و شارەزاییەکی باشی لە سەمفۆنییەکانی موزارت و بێتهۆڤێن و بەگشتی مۆسیقای کلاسیک هەبوو.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو چۆنی دەڕوانیە کوردستانی ئێران و کوردستانی یەکپارچە و لەو بارەیەوە چۆنی بیر دەکردەوە؟

**وەڵام**: لەنێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورددا قاسملوو یەکەمین کەس بوو کە بەڕاشکاوی گوتی کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و ئەگەر ڕۆژێک دەرفەت بۆ یەکخستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان بڕەخسێ، ئەمە بە یەکخستنەوەی وڵاتێکی دابەشکراو دادەنرێ نەک لەتکردنی وڵاتێک یان جیابوونەوە لە وڵاتێکی دیکە. بەڵام هەر لەوکاتەدا پێیوابوو لە هەلومەرجی ئێستادا باشترین چارەسەر بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە کە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە لێی دەژین بە مافی خودموختاری بگەن.

**پرسیار**: باسی پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ شامان بۆ بکە، دیتبووی یان نا؟ چیی لەبارەیەوە دەگوت؟

**وەڵام**: پێوەندیی وی دەگەڵ شا پێوەندیی ئۆپۆزیسیۆن بوو، ئەو زۆر بەجیددی دژی ڕێژیمی شا و سیاسەتەکانی تێدەکۆشا و حەزی دەکرد چی زووترە بڕووخێ. وەک دەزانین ئەو ساڵی ١٩٤٨ لە پاریس خۆپیشاندانێکی گەورەی بۆ نارەزایی دەربڕین لە سەفەری شا بۆ فەڕانسە وەڕێ خست کە بووە هۆی ئەوەی لەژێر گوشاری ڕێژیمی شا بۆسەر دەوڵەتی فەڕانسەدا لەو وڵاتە دەربکرێ. وەک ئەمن بزانم د. قاسملوو هەرگیز چاوی بە شا نەکەوتوە.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: باسی پێوەندیی د. قاسملوو دەگەڵ ئیمام خومەینیمان بۆ بکە، داخوا ئەوی دیتبوو؟ چیی لەبارەیەوە دەگوت؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو دووجار چاوی بە خومەینی کەوتبوو، جارێکیان لە بارەگاکەی خۆی لە "نۆفل لۆ شاتۆ"ی دەوروبەری پاریس پێش ئەوەی سواری فڕۆکە بێ و بگەڕێتەوە تاران. بۆی باس کردین کە لە مەجلیسی گشتیدا دیویەتی بەڵام وەختێک داوای کردوە دووبەدوو پێکەوە دانیشن، خومەینی داوایەکەی ڕەت کردۆتەوە. دوکتۆر قاسملوو پێی وابوو مامەڵە و لێکتێگەیشتن دەگەڵ ئەوپیاوە ڕەق و سەرسەختە کارێکی یەکجار دژوارە. جاری دووەم لە شاری "قوم" دەگەڵ شاندێکی کورد کە زیاتر لە دەکەس دەبوون چاوی پێیکەوت بۆ ئەوەی باسی داخوازەکانی کوردی ئێرانی بۆ بکا. ئەم دیدارەش هیچ ئاکامێکی ئەرێنیی لێنەکەوتەوە،و تەنانەت دەرەتان بە شاندە کوردەکە نەدرا ئەو داخوازانەشی دەگەڵ باس بکەن کە بۆیە سەفەری قوم و تارانیان کردبوو کە دەگەڵ کاربەدەستان باسیان بکەن و لەسەر مافەکانی کورد بکەونە وتووێژ. دوکتۆر قاسملوو پاش ئەو دیدارەش هەر بۆچوونەکەی دیداری پێشوو لە نۆفل لۆ شاتۆی پاریسی بۆ دروست بۆوە.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو ڕێژیمی ئاخوندەکانی چۆن هەڵدەسەنگاند؟

**وەڵام**: ئەم ڕێژیمەی وەک هەیە هەڵدەسەنگاند و بە ڕێژیمێکی دواکەوتووی وەحشیی دەزانی کە ناکرێ لەبارەی مەسەلە چارەنووسییەکانەوە دەگەڵی بگەیە هیچ ڕێککەوتنێک کە خزمەتی داخوازی چین و توێژەکانی کۆمەڵ و گەشانەوە و پێشکەوتنی وڵات لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و هیتردا بکا. زۆر بەداخەوە بە تێپەڕینی ڕۆژگارو چەندین تاقیکردنەوە دەگەڵ ئەم ڕێژیمە دەرکەوت کە بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو لەو بارەیەوە دروست و لەجێی خۆیاندا بوون. ئاخر ئەم ڕێژیمە بۆ گەلانی ئێران و دەوڵەتانی دەوروبەر و ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانە کە خۆی بە نوێنەریان دادەنێ جگە لە زەبروزەنگ و مەرگ وماڵوێرانی شتێکی پێ نەبووە.

**پرسیار**: باسی وتووێژەکانی "ڤییەن"مان بۆ بکە، ئەوەی د. قاسملوویان تێدا کوژرا. کێی لێبوو؟ مەبەست لەو وتووێژانە چی بوو؟ داخوا نەدەترسا بیکوژن؟

**وەڵام**: وتووێژەکانی ڤییەن دوو قۆناغیان هەبوو. جاری یەکەم لە دوارۆژەکانی ساڵی ١٩٨٨و یەکەمین ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٨٩دا بوون. لەو قۆناغەدا دوکتۆر قاسملوو داخوازەکانی کوردی ئێران و باشترین ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد لەو بەشەی کوردستان لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەی بۆ لایەنی بەرامبەر باس کرد و شاندی ئێران بۆ "وتووێژ"

رایگەیاند کە دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر ئەو داخوازانەی نیە، بەڵام بە ئەمانەتەوە دەیانخاتە بەر چاوی بەرپرسان لە تاران و بۆ دەوری دووەمی وتووێژەکان وردەکاریی بۆچوونی بەرپرسانی ڕێژیم لە بارەیانەوە دەگەڵ خۆی دێنێ.

قۆناغی دووەم لە ڕۆژانی ١٢و ١٣ی ژوویەی ١٩٨٩دا بەڕێوە چوو، کە بەڕاستی ئەندامانی شاندی ئێران بەڵێنەکەیان بردە سەر و "وردەکاریی بۆچوونی بەرپرسانی ڕێژیم"یان دەگەڵ خۆیان هێنایەوە کە بریتی بوو لە چەند پارچە چەکی کوشەندە بۆ تێرۆری بەرپرسانو نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەسەر مێزی "وتووێژ". لەبەر ئەوەش کە پێویستییان بەوە هەبوو بارودۆخەکە باش هەڵسەنگێنن، ڕۆژی یەکەمی دیدارەکە واتە دوازدەی ژوئیە پلانەکەیان جێبەجێ نەکرد و هەڵیان گرت بۆ ڕۆژی دواتر کە ڕێکەوتی چلەمین ڕۆژی مردنی خومەینی بوو. بەوکارە پەیامێکی بەخوێنو قوڕقوشم ئیمزا کراویان بۆ نەتەوەی کورد نارد کە جیاوازیی دەگەڵ فەرمانی خومەینی بە کوشتاری کوردەکان نەبوو.

شتێک کە سەرنجی من ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان ئێران و گرووپی (١+٥)یش ڕاست لەو شارە (ڤییەن) و لەو ڕۆژەدا کە دوکتۆر قاسملووی تێدا تێرۆر کرا (١٣ی ژوئیە) ئیمزا کرا، (ڕاگەیاندنەکەی کەوتە ١٤ی مانگ). داخوا ئەمە -بەتایبەتی بۆ ئێران - هەر ڕێکەوت بوو یان بە ئەنقەست بەرنامەی بۆ دارێژرا بوو؟ ڕێژیمی ئێران بە تێرۆری دوکتۆر قاسملووەوە نەوەستا و زنجیرەی تاوانەکانی لە ئورووپا بەردەوام بوو. دەزانین هەر چەند ساڵ دواتر، لە پاش تەواوبوونی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە بێرلین دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی جێنشینی دوکتۆر قاسملووشیان تێرۆر کرد (ڕووداوی میکۆنووس).

**پرسیار**: نەخشی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری پێشووی عێراق لەو وتووێژانەدا چی بوو؟

**وەڵام**: بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە وتووێژەکانی ڤییەندا نەخشی نێوبژیوانی هەبوو، ئەوو ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی لە تەنیشت ڕەحمەتی ئەحمەد بنبیللا سەرکۆماری پێشووتری ئەلجەزایر لە بەشی یەکەمی وتووێژەکاندا بەشدار بوون. تاڵەبانی بەرپرسایەتیی پاراستنی گیانی دوکتۆر قاسملووی گرتبووە ئەستۆو ئەو نەخشەشی بە لێوەشاوەیی بەئەنجام گەیاندبوو. چونکە ئەرکی پاراستنی گیانی وتووێژکەرانی بە ڕایەڵکەیەکی ئەمنیەتی سپاردبوو کە دەوری بیست ئەندامی هەبوون و حەوت کەس لەوانەش چەکی دەمانچەیان پێ ببوو. بۆیە کاتێک ئێرانییەکان هەست دەکەن بە بوونی تاڵەبانی لە وتووێژەکاندا پلانی تێرۆرەکەیان بۆ جێبەجێ ناکرێ، بە بیانووی ئەوە کە ئێمە ئێرانیین و نابێ کەسی بێگانە لە موناقەشە نێوخۆییەکانماندا بەشدار بێ، پێ لەسەر ئەوە دەچەقێنن کە دەوری دووەمی وتووێژەکان نابێ هیچ لایەنێکی سێیەمی لێبێ. سەیر ئەوەیە دوکتۆر قاسملوو بە پێچەوانەی ئەو هەموو ئەزموون و زانیارییە کە لەسەر پلانەکانی

بەشی: سێهەم

کاربەدەستانی ئێران و نیازی ناپاکیان بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەتی کوردەکان هەیبوو، سەرنجی بۆ لای پلانەکەیان ڕانەکشابوو.

**پرسیار**: پێش ئەوەی بچێتە وتووێژەکان چیی بە ڕێبەرایەتیی حیزب گوت؟

**وەڵام**: ئەمن لەو کاتەدا ئەندامی ڕێبەری نەبووم. بەڵام بەپێی ئەوەی لە هاوڕێیانی ڕێبەریم بیستوە، یەکەم دیدار لەنێوان دوکتۆر و نێردراوانی ئێراندا بێ ئاگاداریی پێشووی ئەندامانی ڕێبەری مەگەر جێگرەکەی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام کە گەڕاوەتەوە کوردستان هەموو ئەو شتانەی بۆ ڕێبەری گێڕاونەوە کە لەنێوان ئەوو شاندی وتووێژکەری ئێران یان باشتر بڵێم شاندی ڕاسپێردراو بۆ تێرۆردا گوزەراون. چەند مانگ دوای یەکەمین دیداری دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ ئێرانییەکان، ئەوان پێشنیار دەکەن دیدارێکی دیکەیان دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو هەبێ بۆ ئەوەی گۆیا بۆچوونی بەرپرسانی لەبارەی ئەو داخوازانەی کوردەوە پێڕابگەیەنن کە دوکتۆر قاسملوو لە دەوری یەکەمی وتووێژەکاندا خستبوونیە بەر چاویان. دوکتۆر قاسملوو جوابیان دەداتەوە کە ئێستا دوکتۆر شەرەفکەندی جێگری سکرتێر لە ئورووپایە، با ئەو ببینن و وەڵامی تاران بە داخوازەکانی کوردی پێڕابگەیەنن. بەڵام ئەوان پێ دادەگرن کە دەبێ دوکتۆر قاسملوو بۆخۆی لە دیدارەکە ئامادە بێ و ئامادە نین دەگەڵ کەسی دیکە کۆ ببنەوە. بۆ نەگبەتی ئەو پێداگرتنەش سەرنجی دوکتۆر بۆ لای ئەو پلانە کە بۆی چنراوە ڕاناکێشێ.

**پرسیار**: خەبەری شەهیدبوونەکەیتان چۆن وەرگرت؟

**وەڵام**: بێ کەمترین گومان شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو نەکەهەر بۆ هاوڕێکانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، بەڵکوو بۆ هەموو لایەنگران و دۆستانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕووداوێکی بەژان و زەبرێکی گەورە بوو. بەڵام ئێمە خەبەرەکەمان بە هەستێکی شۆڕشگێڕانە و بەرپرسانەوە وەرگرت، ئاخر دوکتۆر قاسملوو بۆخۆی ڕۆیشت و بەرپرسایەتیی تەواوکردنی ئەرکەکانیی خستە ئەستۆی هاوڕێ و قوتابییەکانی. مەرگی لەنەکاوی ئامۆژگارییە شۆڕشگێڕانەکانیی وەبیر هێناینەوە کە دەیگوت ئێمە لەمێژە بەڵێنمان داوە بۆ شەهیدبوونی هاوڕێکانمان ناگرین و تەنیا کار کە دەتوانین بۆ شادکردنی گیانی ئەوان و نەمرکردنی ناویان بیکەین ئەوەیە کە ڕێگایەکەیان درێژە بدەین هەتا کاتێک یان ئەو ئامانجانە بەدەست دێنین کە ئەوان گیانیان لە پێناویاندا بەخشیوە، یان ئێمەش وەک وان تێکەڵ بەکاروانی نەمران دەبین.

بەشی: سێهەم

لەو کاتەدا تێکۆشەرانی حیزب هەرکەس لە ناوچەی خۆیان خەریکی چالاکییەکان و بەجێهێنانی ئەرکی خەباتگێڕانەی خۆیان بوون و تەنیا ئامرازی پێوەندی پێوەگرتنیشیان دەزگای بێسیم بوو. ڕێبەرایەتیی حیزب خەبەری شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووی لە برووسکەیەکدا بە پێشمەرگەکان ڕاگەیاند کە ئەمە نێوەرۆکەکەی بوو: "دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو بەڵام حیزبەکەی ماوە و خەباتەکەمان بەردەوامە". ئەم برووسکەیە و هەڵوێستەکانی دواتری ڕێبەرایەتی شوێنەوارێکی زۆریان لەسەر بەرزبوونەوەی ورەی پێشمەرگەکان و چوونەسەری هەستی خەباتگێڕانەی لاوەکانی دیکە هەبوو، بەجۆرێک کە لەماوەی چەند مانگی پاش تێرۆرەکەدا پتر لە چوارسەدوهەشتا کیژ و لاوی کورد هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانەوە.

**پرسیار**: کێ لە تێرۆری دوکتۆر قاسملوودا بەشدار بوو؟

**وەڵام**: هەرچەند ئێمە لیستێکی ناوی ئەو کەسانەمان لەلایە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کردەوە تێرۆریستییەکەدا بەشدار بوون، وەک مستەفەوی و سەحراڕوودی و بزورگیان و بەنی هاشمی و ئەحمەدینەژاد، بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە بڕیاری تێرۆرەکە لە بەرزترین دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێرانەوە، لە خامەنەیی خۆیەوە دەرچووە کە ئەگەر ئەوانەش نەبووایەن زۆر گرووپی دیکەی لەبەر دەستدا بوون کە جێبەجێکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییەیان پێبسپێرێ. کەوایە، تاوانباری سەرەکیی کەتنەکە تەواوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، نەک ئەو چەند بەکرێگیراوە کە جێبەجییان کردوە.

**پرسیار**: ئێرانی ئەمڕۆ بەرەو کوێ دەچێ؟

**وەڵام**: زەحمەتە هیچ توێژەرێک پێشبینیی ئەوە بکا کە ئێرانی ئایەندە بەرەو کوێ دەچێ. چونکە ئەم ڕێژیمە هەروەک خۆیان دەڵێن وێکچوونی دەگەڵ هیچ حکوومەتێکی دیکەی دنیا نیە تا بکرێ بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئەو وڵاتانە حوکمی لەسەر بدرێ. تەنیا شت کە لەوبارەیەوە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێستای ئێران ناتوانێ هەتاسەر بەم جۆرە درێژە بە ژیانی خۆی بدا. کەوایە، یان دەبێ ڕێبازی خۆی بگۆڕێ (کە یەکجار بە دووری دەزانم) یان دەبێ جێگا بۆ ڕێژیمێکی دیکە چۆڵ بکا کە پتر دەگەڵ داخوازییەکانی ئەم سەردەمە سازگار بێ. دیارە ئەمەش پێویستیی بە خەباتێکی سەخت و دانی قوربانییەکی زۆر هەیە.

**پرسیار**: ئێران شەریکی ئەمریکایە یان دوژمنیەتی؟

**وەڵام**: پێداگرتنی بەرزترین ڕێبەرانی ئەمریکا و ئێران لەسەر درێژەدانی ڕێبازی خۆیان بەرامبەر بە هاوپەیمانەکانیان و لێکدانەوەی هەر لایەنێک بۆ ئەو شتەی لە وتووێژەکانی ڤییەن بەدەستیان هێناوە، نیشان دەدا کە دوو لایەنی ئێران و گرووپی (١+٥) نەگەیشتوونە چارەسەری هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان و ئەوەی لەنێویاندا ڕووی داوە تەنیا ڕێککەوتن لەسەر هێندێک بنەمایە کە لە کورتخایەندا خزمەتی قازانجی هەر دوولا دەکەن. ئەگینا بۆخۆم پێشبینی ناکەم کە ئەو ڕێککەوتنە تەنانەت تا ئەو ماوەیەش بەردەوام بێ کە لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا بۆی پێشبینی کراوە، چونکە لە جێبەجێکردندا کەندوکۆسپی زۆری دێنە سەر ڕێگا. لەوەش گەڕێ کە ڕێککەوتننامەکە هێشتا لەلایەن دەسەڵاتی قانوونیی هیچکام لە دوو دەوڵەتی ئێران و ئەمریکاوە پەسند نەکراوە و بە دوور نازانرێ لەوەشدا گیروگرفتی بێتە سەر ڕێگا. بۆیە پێموایە هەتا کاتێک ئەم ڕێژیمە لە ئێران لەسەر کارە تەنانەت بیرکردنەوە لەوەش کە ئێران و ئەمریکا لە داوڕۆژدا دەبنە دۆست کارێکی دژوارە. چونکە ڕێژیمی ئیسلامی هەروەخت دۆستایەتیی ئەمریکا قبووڵ بکا و دەست لە دروشمی "بمرێ ئەمریکا" و دانانی ئەمریکا بە "شەیتانی گەورە" هەڵبگرێ، لەڕاستیدا خۆی هەڵدەوەشێنێ.

**پرسیار**: داوڕۆژی کوردی ئێران چیە؟ ڕاپەڕینی مەهاباد تەواو بووە یان ماوە؟ چ دەسکەوتێکی هەبوو؟

**وەڵام**: ناتوانم چارەنووسی داوڕۆژی کوردی ئێران پێشبینی بکەم. تەنیا شت کە دەتوانم پێی لەسەر دابگرم ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ هەتا ڕۆژێک کە ئەم گەلە مافە ڕەواکانی خۆی بەدەست دێنێ. لەسەر ئەوە کە ئەو ئامانجانە چۆن بەدەست دێنن، ناتوانم شێوەیەکی تایبەتی دیاری بکەم. بەڵام دەزانم کە کوردی ئێران هەروەک لە ڕابردوودا نیشانیان داوە، ئامادەن بە هەموو ڕێگایەک و هەموو ئامرازێکی بەردەست خەباتەکەیان درێژە بدەن و درەنگ یان زوو هەردەبێ ئەم گەلە سەرکەوێ، چونکە ئەمە بۆتە قانوونی ژیان و ئێران ناتوانێ لەم قانوونە بەدەر بێ. ئەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران پەرشوبڵاوە حەقیقەتێکی یەکجار تاڵە کە کوردی ئێران پێش هەموو کەس بە دەستیەوە دەناڵێنن. بەڵام وەک دەزانن ئەمە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران نیە، بەڵکوو فەتایەکە تووشی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان و تەنانەت حیزبە سیاسییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووش بووە و دەبێ. هەر دەبێ ڕۆژێکیش لە پێناوی قازانجی هاوبەشی هەموو لایەنەکاندا کۆتایی پێبهێنرێ.

ڕاپەڕینی مەهاباد دوای کوژرانی کیژۆڵەی کورد فەرینازی خوسرەوانی ڕووداوێکی دابڕاو نەبوو، بەڵکوو ئەڵقەیەک لە خەباتی سەخت و لەمێژینەی کوردی ئێران لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا بوو. بەڵێ، ڕاپەڕینی مەهاباد تەواو بوو، بەڵام خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد کە ڕاپەڕینی مەهاباد ئەڵقەیەکی بوو، بەردەوامە و زۆر دەسکەوتی سیاسییشی بەدەست هێناون کە گرنگترینیان ئەوەیە کوردستان سەری بەرزە و هەموو خەباتگێڕانی ئێران بەچاوی ڕێزو ئومێدەوە لێی

دەڕوانن.

**پرسیار**: هیچ موناقەشەیەک لەنێوان ئێوە وەک ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران و خۆرئاوا و ئەمریکادا هەیە؟

**وەڵام**: دەگەڵ ئەوەی بۆخۆم ئەندامی رێبەرایەتیی هیچ حیزبێکی کوردی نیم، ئەوەندە دەزانم زۆر لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران جۆرە پێوەندییەکیان دەگەڵ ئیدارەی ئەمریکاو هێندێکی دیکە لە دەوڵەتانی خۆرئاوا هەیە. بەڵام بەشبەحاڵی خۆم نەمدیوە و نەمبیستوە پێوەندییەکیان لە نێودا بێ کە بکرێ ناوی بنێی موناقەشە. ئارەزوو دەکەم بەهەڵە چووبم.

**پرسیار**: گەلی کورد لە ئێران چ چاوەڕوانییەکی لە ئێوە هەیە؟

**وەڵام**: داوای گەلی کوردی ئێران لە هەموو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد ئەوەیە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێژە بە خەباتی رزگاریخوازانەی خۆیان بدەن و گومانیشی تێدا نیە کە ئەم گەلە داوا لە حیزبە شۆرشگێڕەکانی دەکا کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان بێنن و لەنێو خۆیاندا لەسەر هێندێ بنەما و ئامانجی هاوبەش رێککەون کە هەموویان باوەڕیان پێیان هەبێ و هەموویان یەکریز دژی هەر لایەنێک بوێستن کە بیەوێ زیان بە ئامانجەکانی کورد بگەیەنێ. ئاواتم ئەوەیە گشتیان گوێ لە بانگەوازی ئەو گەلە بگرن کە خۆشی دەوێن و هیوای پێیان هەیە و هەموو خێرو خۆشییەکی بۆیان دەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پاراستنی سەربەخۆیی دەبێ چەند شتی زامن بێ

### وتوویژی کوردکاناڵ دەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی ڕێفراندۆم لە لایەن راگەیەنەکانی هەرێمی کوردستانەوە قسەی لەسەر دەکرێ لە حاڵەتی وا دا ئەگەر ریفرانۆم بکرێ هەڵوێستی ئێران و تورکیە چ دەبێ؟ دەتوانن لە بارەی ئابوورییەوە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان دروست بکەن؟ بۆچی ئەوە چەند ساڵە هەر باسی ڕێفراندۆم دەکرێ و عەمەلیان نەکردوە؟ ئەگەر ڕێفراندۆم بکرێ گەورەترین کێشەیان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراق چ شیعەکان چ سونییەکان چ دەبێ؟ بۆ باسی زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە "کورد کاناڵ" وتووێژێکی دەگەڵ بەرێز مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و نووسەری ناوداری کورد پێکهێناوە.

**کوردکاناڵ:** مامۆستا ئەوە چەند ساڵە باسی رفراندۆم دەکرێ لە هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕاگەیەندراوەکانەوە. بۆ تا ئێستا نەکراوە. بە ڕای ئێوە گەورەترین کێشەکان یان کەند و کۆسپەکان بۆ ئەوەی کە ڕێفراندۆم بەرێوە بچێ چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە باوری من مەسەلەکە دوو جەنبەی هەیە، جەنبەیەکیان ڕێفراندۆمە و جەنبەیەک ئەو ئامانجەیە کە ڕێفراندۆمی بۆ دەکرێ، ئەوەی پەیوەندی بە ڕێفراندۆمەوە هەیە، رەنگە کارێکی زۆری نەوێ، وەختێکی زۆری نەوێ و هەزینەیەکی زۆریشی نەوێ، چوونکە ١٠ ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا، لێرە ڕێفراندۆمێک ـ هەرچەندە دەوڵەت بەرنامەی بۆ دانەنابوو ـ وەڕێخرا، خەڵکیش زۆر بە توندی بەشدار بوون و دەنگێکی یەکجار زۆریشی هێناوە. ئەگەر بە هەڵە نەچم دەوری ٩٨ لەسەدی خەڵکەکە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو، لەعەینی کات دا کە ڕێفراندۆم بۆ فدرالیزم دەکرا، ٧٥ لە سەدیش رەئیان بەوی دابوو، کە من پێموابوو ئەوە نیشانەی وشیاری خەڵکە. ئەوەڵیان تەعبیر لە ئارەزوو و ئامال و حەقی ئەو میللەتە دەکا، ئەوەی دیکە سەرو کاری لەگەڵ وەزعی مەوجود هەیە. ئەوەی کە ئێستا مومکینە. کەوایە ئەو دووانە لە واقیعدا ناتەباییان بەیەکەوە نییە. ئەوەی دەبێتە باعیسی وەدوا خستنی ڕێفراندۆم، وەک گوتم مەسەلەی ڕێفراندۆم نییە، مەسەلەی کارەکەی دوای ڕێفراندۆمە. ئەمە مەسەلەیەکە کە ئیحتیاجی بە لێووردبوونەوە، کار لەسەر کردن و موتالەعەیەکی زۆر هەیە. ئەوە کە میللەتی کورد حەقی هەیە سەربەخۆیی خۆی هەبێ، پێم وایە نە ئێمە و نە هێچ ویژدانێکی سەلیم ئینکاری ناکا. بەڵام ئەوە لێرە لە ناوچە و لە دنیادا چەندە عەمەلییە، چەندە لەگەڵ کەند و کۆسپ

ڕووبەڕو دەبێ، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. وەدوا کەوتنی ڕێفڕاندۆم یان ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان پێموابێ دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە تا چەندە زەمینە بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادەیە. دەبێ زەمینەسازی بۆ بکرێ، زەمینەسازی لە نێوخۆ، لە ناوچە، لە ڕادەی نێونەتەوەییدا، لەگەڵ زلهێزەکان کە ئەورۆکە دادەنیشن لە ژوورەکانی خۆیانداو قەزایای دنیا دەهێنن موتالەعەی دەکەن و لەڕاستیدا بڕیاری یەکجاری ئەوان لەسەری دەیدەن، وەدوا کەوتنی ڕێفڕاندۆم بە باوەڕی من زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە مەسەلەیە.

**کوردکاناڵ**: مامۆستا ئێوە باسی ئەوە دەکەن کە ڕێفڕاندۆم یان بڕیوەچوونی ئەو گشتپرسیەی کە لە هەرێمی کوردستان باس دەکرێ پێویستی بە زەمینە یان بەستێنێکە بۆ ئامادە بکرێ لە عێراق بەستێن بۆ ئەوە هەیە کە ڕێفڕاندۆم بکرێ بۆ سەربەخۆیی بوون بە مەعنای ئەوەیە کە عێراق هەڵدەوەشێتەوە، زەمینەی ئەوەی تێدایە کە عێراق هەڵوەشێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جارێ من پێمخۆش بوو هەر لە ئەوەڵەوە بڵێم ئەو مەسەلەی سەربەخۆییە، ئەوە باسی ئەمرۆیە کە باس لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان وەک بەشێک لە کوردستان دەکرێ، دەنا ئەو حەقە حەقی میللەتی کوردە بە گشتی کە لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا وەکو یەک دەوڵەت، یەک دەوڵەتی سەربەخۆی هەبی، یانی ئەوە تەنیا پەیوەندی بە ئێرەوە نییە، ئەوی دیکە: پێموابێ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد, یان دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوور باش ڕەفتار دەکەن کە زۆر لەسەرەخۆ ـ وەک دەڵێن ـ بە شێنەیی کار بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن، چونکە بە بێ شک ئیعلانی ڕێفڕاندۆم و لەویش زیاتر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەگەڵ هیندێک کەند و کۆسپ ڕووبەڕوو دەبێ. یەکێک لەوانە، تەنیا یەکێک لەوانە مەسەلەی هەڵوەشانی عێراقە، بۆیە کارێکی زۆر باشە کە هەموو ڕێبەرانی کورد وەختێک دێنە گۆ باس لەوە دەکەن کە ئێمە دەمانهەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، بە شێوەیەکی شارستانییانە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ عێراق حەل کەین. هەرچەنیدە ئەگەر تەماشا بکەین هەتا ئێستێش ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان یان سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان ئەمەی یەکلایی نەکردۆتەوە کە بڵێ تەنیا ڕێگای ئێمە، تەنیا هەڵبژاردەی ئێمە ڕێفراندۆم و ئیعلانی سەربەخۆیی یە، لەپێشدا شتێکی دیکە دادەنێ: ئەگەر ئێمە حقوقی مساویمان لەگەڵ هەموو خەڵکی عێراق هەبێ، ئەگەر موشارەکەتێکی تەواو لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هەبێ، وەکوو قانوون دەڵی تەنانەت وەکوو ئەوەی دەستووری عێراق دەڵێ، ئێمە درێژە بەوەی دەدەین کە بەشێک بین لەعێراق. بەڵام ئەگەر قەرار بێ بوون لەگەڵ عێراق هەمووی موشکیلات بێ، هەمووی بێبەشی بێ، تەنانەت نانبڕان بێ، ئەو وەختە ئێمە وەکوو میللەتێک حەقمان هەیە بیر لەبژاردەی دیکە بکەینەوە لەو بارەیەوە دیارە ئەگەر کوردستان ڕێفراندۆم بکا ڕێفراندۆم لە کوردستان دەکرێ، عێراق مەعلوومە مل نادا، بەڵام لەجێدا دروستیش نیە ئێمە لە هەموو عێراق بپرسین ئەرێ باشووری کوردستان حەقی هەیە سەربەخۆ بێ یان نا؟ ئەوە مەسەلەیەکە کە دەبێ لەخەڵکی کوردستان بپرسرێ، هەروەکوو لە "کبک"ی کانادایە کە فەڕانسەیی زمانی لێ دادەنیشن،

بەشی: سێهەم

هەر ١٠ ساڵ جارێک ڕێفراندۆم دەکەن کە داخوا ئەو خەڵکە سەربەخۆیی دەوێ یا دەیهەوێ بەشێک بێ لە کانادایە، هیچ وەختێکیش لە هەموو کانادایە ئەو ڕاپرسییە ناکرێ تەنیا لە "کبک"ی کانادایە دەپرسن کە عادەتەن خەڵکەکە بۆخوی داوتەڵەبانە هەتا ئێستێ مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی کاناداییاندا هەڵبژاردوە، چونکە لە وڵاتێک دان کە حقوقیان مەحفووزە، کە قازانجی مادی و دایرایی یان تەئمینە، ئازادیەکانیان تەئمینن. بۆیە ڕێفراندۆم دەبێ لە کوردستان بکرێ. پاشان ئەوە کە عێراق تەجزیە دەبێ ڕەنگە بەدڵی دەوڵەتی عێراق نەبێ، ڕەنگە بە دڵی بەشەکانی دیکەی عێراق نەبێ، بەتایبەتی بەشی دەسەڵاتدار کە بڵێین بەشی شیعەی عەرەبە، بەڵام وەختێک قەرار بێ میللەتێک لەچوارچێوەی وڵاتەکەیدا لە هەموو مافەکانی بێبەش بێ، تەنیا مەحروومییەتی بۆ بمێنێتەوە، ئەو وەختی ئەو میللەتە ڕەنگە فرمێسک بۆ یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە هەڵنەرێژێ.

**کوردکاناڵ:** مامۆستا هەڵوێستی ئێران و تورکیە چ دەبێ لە وەها حاڵەتێک دا ئێوە پێتانوایە هەڵوێستی وەکوو یەکیان دەبێ، بەهەر حاڵ ئەوانیش پرسی کوردیان هەیە بۆخۆیان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە داخەوە هەڵوێستی ئەوانە زۆر ئیحتیاجی بە پێشبینی نیە، چونکە هەر دووکیان لەگەڵ ئەوە کە موناسەبات و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی باشووری کوردستان جیاوازیی زۆرە، بە تایبەتی تورکیە بۆ هەرێمی کوردستانیش بایەخێکی زیاتری هەیە، ڕێگایەتی بۆ دنیایی دەرەوە، نەوتی پێدا دەنێرێ، میزانێکی یەکجار زیاتر گۆڕینەوەی بازرگانیی لەگەڵ تورکیە هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانە، بەڵام لە واقعدا جیاوازییەکەی بەینی ئێران و تورکیە لەمانە دایە، دەنا لە هەڵوێستیان لە بەرابەر ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا ئەمن جیاوازیەک نابینم، هەردووکیان ئیعلانیان کردوە نە جارێک، زیاتر لە جارێک کە ئەوان لایەنگری تەواوییەتی خاکی عێراقن، لایەنگریی تەواوییەتی خاکی عێراق هەر لە خۆیدا بە مەعنای ئەوەیە ئەوان دژی سەربەخۆیی کوردستانن، بەڵام ئێرانییەکان خۆ لەوەشیان تێپەراند، تەنانەت بە ناشیرینترین کەلیمە نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە پرسی ڕێفراندۆم و ئەوانە دەربڕی، تەنانەت کەلیمەیەکیان بۆ ئێرە بە کارهێنا کە ئیدی بە هیچ جۆر پیاو لە ڕووی نایە بیشیلێ.

**کوردکاناڵ:** بەرای ئێوە مامۆستا دەتوانن کێشە بۆ ئەوێ دروست کەن ئەگەر ڕێفراندۆم بەرێوە بچێ بەهەرحاڵ نەتیجەیەک وەک ئەوە کە دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنن بە تایبەت لە بواری ئابوورییەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەزانی چۆنە، لە ئیعلانی سەربەخۆیی، ئەگەر بمانهەوێ ئەو سەربەخۆییە ئیعلان بکەین و ئیدامەی بدەین و سەرکەوتوو بێ، هێندێک زەمینەی دەوێ. بێجگە لەوەی زەمینەی نێوخۆییدا، دەبێ وتارمان یەک بێ، دەبێ

بەشی: سێهەم

ئامادەییمان هەبێ، بێجگە لە هەمووی ئەوانە پاراستنی سەربەخۆیی دەبێ چەند شتی زامن بن. یەکیان ئەوەیە دێموکراسییەک لە وڵات و لە مەنتەقەدا حاکم بێ کە بڵێین ئەو میللەتە حەقی خۆیەتی وەک ئەو میللەتانەی دیکە لەو دنیایەدا مافی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ، کە بەداخەوە ئەوەمان نیە. یەکی دیکە ئەوەیە کە میللەتی کورد بۆخۆی لە پاڵ خۆیدا ئەوەندە ئیمکانیاتی هەبێ هەر هوجوومێکی بۆسەری بکرێ، ئیقتیسادی، سیاسی، تەنانەت سەربازی، بۆخۆی بتوانێ دەفعی بکا. سێهەمیان ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەرعییەتی نێودەوڵەتی کە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا خۆی دەبینێتەوە، بگرە لەوان موهیمتریش ئەو زلهێزانە، ئەو دەسەڵاتە سەرزلانە کە لە دنیایەدا هەن و نەقشە بۆ هەموو مەنتەقەیەک لە هەموو دنیایەدا دەکێشن، ئەوانە پاڵپشتی بکەن، پێموابێ مەعلوومە ئەگەر ئەوانە نەبن هەم ئێران، هەم عێراق بە تایبەتی کە وەک دەڵێن رێگەی دەربازبوون لە هەرێمی کوردستانەوە زیاتر بە تورکیە و دوایە بە ئیراندایە، دەتوانن موشکیلە ساز کەن، ئەگەر هیچ کەس نەبێ بڵی بۆچی وا دەکەن. مەسەلەن من پێم خۆش بوو ئەوە بڵێم ئەگەر تەعقیبی مەسائیلەکە بکەی، لە پێوەندی لەگەل پرسی رێفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان دا دوو بۆچوون هەن کە بە باوەری من هەردووکیان کەمێک زێدەرەوییان تێدا هەیە. بەشێکی ئەوەیە کە دەیهەوێ دنیا ببێتە ماستی مەییو، فەرشی سوورمان بۆ ڕاخەن، جا ئەو جارەکە ئیعلانی سەربەخۆیی بکەین. لە نێوخۆدا هەموو شتێک ئامادەبێ، لە مەنتەقە دا ئامادە بی، لە دنیایە دا ئامادە بێ. ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە دەڵێن نا ئێمە سەربەخۆیی رادەگەیەنین و چ دەبێ با ببێ. بە باوەری من رەئی رێبەرایەتی کوردیش هەر ئەوەیە کە هیچ یەک لەو دووانە نا، مەعلوومە ئیعلانی سەربەخۆیی کە حەقێکە و وەدەست هێنانی ئەو حەقە، هێندێک خەتەر و ریسکی لە پێشدا هەیە. دەبێ، میللەتێک کە دەیهەوێ سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنی یان سەربەخۆیی بەدەست بێنی، خۆی بۆ گیر و گرفتەکانیشی ئامادە بکا وەک ئەو شتەی لە ئیران دا هەیە کە لە کوردیدا نیمانە دەڵێ: ئەو کەسەی کاڵەک دەخوا دەبێ خۆی بۆ تاو و لەرزەکەشی ئامادە بکا ئەگەر ئیعلانی سەربەخۆیی دەکەین دەبێ خۆمان بۆ دژوارییەکانیشی ئامادە بکەین. رەنگە گەمارۆمان بکەوێتە بەردەم، رەنگە هێرشمان بۆ بکرێ، رەنگە لە باری سیاسی و ئێعلامییەوە بەربەرەکانیمان لەگەڵ بکرێ، کە وابوو دەبێ ئێمە هەموو زەمینەکان ئامادە بکەین، بەڵام لە عەینی حاڵیش دا ئامادە بین بۆ ئەوە کە ئەگەر گیر و گرفتێک دێتە پێشێ بەربەرەکانیی لەگەڵ بکەین، دەست بەجێ پاشەکشە نەکەین، یانی وا نیە کە دنیا پشتیوانی لێدەکا و پێشوازی لێ دەکا بە بێ هیچ موشکیلەیەک. شتێکی دیکە کە من پێم وایە حەق وایە کاری لەسەر بکرێ کارکردنە لەگەڵ زلهێزەکان، ئەو کوردستانە کە ئێستا لە چەند بەشدا خۆی دەبینێتەوە، دابەشکردنی دەستی کورد نییە، دابەشکردنی هێندێک زلهێزی جیهانییە. ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر - لەو رۆژانە ١٠٠ ساڵەی تێپەری - کە ئیمپەراتوری عوسمانی هەڵوەشا، بە پێچەوانەی ئیرادەی کورد و لە پشتی سەری ئیرادەی کورد، هاتن کوردستانی ژێر دەستی عوسمانییان بەسەر سێ وڵاتدا دابەش کرد. ئێستا ئەکتەرەکان لە جێی خۆیانن. ئینگلیس و فەرانسەو رووسیە و بە تەبەعییەتی ئەوان ئەمریکا - چونکە ئەو وەختی ئەمریکا بڵێین تەئسیری راستەوخۆی تێدا نەبوو - لەجێی خۆیانن. میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بۆخۆی

بەشی: سێهەم

و مافەکانی و داواکانی لەجێی خۆیەتی، دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا هەموویان لەسەر جێی خۆیانن، حەق وایە کورد ئەگەر ئێستا ناتوانێ بە یەکدەنگ هەمووی بچێ بەرببینگ بەو دەوڵەتە گەورانە بگرێ، بڵێ ئەوەتان بەسەر کورد هێنا، وەرن قەرەبووی ئەو تاوانەی خۆتان لەگەڵ میللەتی کورد بکەنەوە، ئێستا کورد لە جێیەکەوە نوێنەرایەتیی هەیە، ئێستا کورد حکوومەتێکی هەیە لەم بەشەی کوردستاندا، کە سەرۆکەکانی دەچنە جێیان، وەکوو سەرکۆمار پێشوازییان لێدەکرێ و فەرشی سووریان بۆ ڕادەخرێ، حەق وایە کار لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەوانە پشتیوان بن بۆ ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان. ئەوەی منیش تێی بگەم لە پێشداش گوتم، پێموایە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد زۆر لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەو ڕەزامەندییە، ئەو پشتیوانییە بەدەست بێنێ، هەرچەندە بەداخەوە ئەو زلهێزانە هەتا ئێستا هەر کامیان هاتۆتە قسە، قسەکەی هەر ئەوە بووە کە تەرفداری یەکپارچەیی خاکی ئێراقە.

**کوردکاناڵ**: مامۆستا مەسەلەن ئێستا ئەگەر بتهەوێ هەرێمی کوردستان لەگەڵ سووریە لە باری ئابوورییەوە موقایسە بکەی، سووریە وکوو ئێرە گرینگیی ئابووریی نیە، مەسەلەن زۆر وڵاتیش لە سووریە خەریکی شەڕن و یارمەتی دەکەن و تەواوی ناوچە لە باری تەنانەت سەربازی و هەڵوێستی سیاسییەوە دابەش کراوە، لە حاڵەتێکی ئاوادا هەڵوێستی رووسیە چ دەبێ؟ لێرە ئەو گرینگییەی کە بە سوود و مانەوەی دەوڵەتی بەشار ئەسەد دەدا بۆ دەوڵەتی کوردستان چ هەڵوێستێکی دەبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جوانت تەعبیر کرد. شەڕی نیابەتی لەو وڵاتەدا هەیە لە واقع دا ئەوە حکوومەتی بەشار ئەسەد و بەرەی نوسرەو ئەم و ئەوی دیکە نین بەشەر دێن.

**کوردکاناڵ**: شەری ئێران و عەرەبستان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێران و عەرەبستانە، تورکیەو ئێرانە، رووسیە و ئەمریکایە، یانی هێزەکانی دەرەوە لێرەدا شەرەکەیان لە خۆیان دوور خستۆتەوە، لەوێ دەیانهەوێ حیسابی خۆیان لەگەڵ یەکتر یەکلا بکەنەوە. کەوا بێ لەگەڵ هەموو فەرقێک کە هەیە، ئەگەر لە باشووری کوردستان شتێکی وا ئیعلان بکرێ، دەبێ چاوەروان بین کە رووسەکان بێ هەڵوێست نابن، بەڵام بە باوەری من ئیدی ئێرە سووریە نیە. سووریە ئێستا بە پشتیوانیی رووسیەوە ماوە، لەباشووری کوردستان بێجگە لەوەی کە بەخۆشییەوە میللەتەکە دەگەڵ هەموو گیر و گرفتەکان لە سەر پێی خۆی راوەستاوە، توانیویەتی بەخەڵکی نیشان بدا کە لایقی ئەوەیە دەوڵەتی خۆی و وڵاتی خۆی هەبێ. هێزەکانی کە لێرەدا بریار دەدەن رووسیە نیە، دەسەڵاتە فێعلیەکە بەدەستی وانەوە نیە، لە مەنتەقەدا دیارە زیاتر بەدەستی ئێرانەوەیە، چونکە تەئسیری لەسەر زۆربەی حەشیمەتی عێراق و دەوڵەتی عێراق هەیە، بەڵام لە بەینی زلهێزەکاندا بە دەستی ئامریکا و هاوپەیمانەکانیەتی، بۆیە ئەو نفووزەو ئەو جێ

پێیە کە لە سوریە هەیەتی، رووسیە لە باشوور نە ئێستا هەیەتی و ئەمن پێشبینی دەکەم نە لە ئایەندە دا هەروا بە ئاسانی دەیبێ کە بتوانێ کۆسپێکی گەورە سەر ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان بێ، بەڵام ئەوە بەو شەرتەیە کە لایەنەکانی موقابیلی حیمایەتێکی واقعی لە سەربەخۆیی کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن.

**کوردکاناڵ**: مامۆستا ئێوە پێتان وایە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژانی رابردوو، سەرۆک ئەرکانی تورکیە بوو کە باسی ئەوەیان کردبوو کە ئێران و تورکیە هەرگیز ناهێڵن لێرە دەوڵەتی کوردی تەشکیل بدرێت و ڕۆژئاواش بە تایبەت ئەمریکا ئالای سەوز هەڵناکا بۆ ئەو شتە، یانی ڕۆژئاواش موافقەت ناکا، بەڕای ئێوە ڕۆژئاوا یان ئەمریکا وەها هەڵوێستێک وەکوو تورکیە و ئێرانیان دەبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: ئەمن گوتم دەبێ هەوڵ بدەین یانی ڕێبەرایەتیی کورد هەوڵ بدا کە ئەو موازنەیە بگۆڕێ، کار بکا بۆ ئەوەی رەئیی ڕۆژئاوا لەو وەزعییەتەی کە تا ئیستا هەیەتی، ئیعلان کراوە، لەوێ بێتە دەرێ، دەنا مەعلوومە دێمۆکراسی لە عێراقدا نیە، لە مەنتەقە دا نیە، دەوڵەتانی دراوسێی عێراق موافقی سەربەخۆیی کوردستان نین، دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی موخالەفەتی لەگەڵ بکەن، سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ کەندو کۆسپێکی ئەوەندە گەورە رووبەروو دەبێ کە باشتر وایە پێش ئیعلانی پتری بیر لێ بکەینەوە.

**کوردکاناڵ**: ماموستا هەر وەک لە سەرەتا دا ئاماژەتان بە سەدەمین ساڵی سایکس ـ پیکۆ کرد. ئێستا باسی زۆری لەسەر دەکرێ کە ئەو گرێبەستە بە کۆتایی گەیشتوە و لە ڕۆژانی رابردووشدا سایتێکی ئێرانی باسی لەوە کردوە کە لە ماوەیەکی نزیکدا، مەعلوم نیە ساڵانی ئایەندە چەند سەعاتی دیکە، چەند مانگی دیکەیە کە شتێک بە ناوی دەوڵەتی عێراق و سووریە لەسەر نەقشەی ئەو ناوچەیە نامێنێ، بلێی ئێران بۆخۆشی هاتبێتە سەر ئەو قەناعەتە کە کۆتایی ئەو دوو دەوڵەتە هاتبێ لەو ناوچەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: ئەمن نازانم نیاتی ئێران لە پشتی ئەو قسانە چییە، بەڵام هەموو نیشانەکان ئەو ئیلهامە دەدەن کە نەک بڵێین دوو دەوڵەت بە ناوی سووریە و عێراق نامێنن، بەڵام سووریە و عێراق بەو تەرکیبەی ئێستایانەوە نامێنن. مەسەلەن عێراق بەشێکی دەبێتە عیراق و بەشێکی دیکە. هەر وەکوو سودان بوو بە دوو دەوڵەت، بووبە سوودان و سوودانی جنووبی، عێراقیش شتێکی ئاوای لێدەبێ. کوردستان دەبێتە وڵاتێک. کوردستانی باشوورو ڕۆژئاوا دەبن بە وڵاتێک، هەردووکیان لەگەڵ عێراق دەبن بە یەک. مەنتەقەی شیعەنشینی عێراق ـ کە من پێموایە نابێ ـ زەمیمەی ئێران دەبێ. دەبێ ئەو ئیحتمالاتە هەبن، کە گوتم پێموانیە وادەبێ، چونکە ئەوەندەی ئەمن هەستم پێ کردبێ لەگەڵ ئەوەی شیعە لەعێراق

بەشی: سێهەم

دا هاوپەیمانی ئێرانە لە باری مەزهەبییەوە، بەڵام لەباری هەستی نەتەوایەتییەوە، ئەو موخالەفەت و ناکۆکییە ریشەدارە کە لەکۆنەوە لە بەینی ئێرانیان و عەرەبان هەبووە، لە جێی خۆیەتی. زۆر بە زەحمەت وایە عەرەب لە عێراقدا مل بدا بەوەی بچێتە ژێر نیری حاکمیەتی ئێران، ئێستا قازانجی لەوەدایە کۆمەگی لێوەرگرێ، یارمەتی لی وەربگرێ، بە هەر حال ئەوەی کە لەبەر چاوە و لە ئاسۆدا دەبینرێ ئەوەیە کە عێراق و سووریە بە تەرکیبی ئێستایانەوە زەحمەتە بمێنن، بەڵام بەو جۆرە کە ئێران پێشبینی دەکا یان ئارەزوو دەکا، بە باوەری من شەرت نیە وا بێتە دی.

**کوردکاناڵ**: مامۆستا بۆ ئاخرین پرسیار: ئێوە پێتانوایە پرۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوە نە وەختی ئەوەیە کە بڵێین شکستی خواردوە، نە ئەوەیە کە بڵێین ئیدی تەسبیت بووە. دەوڵەت - نەتەوە لە عێراق و ئێران و تورکیە بە شێوەیەکی ناتەبیعی دروست بووە، مەسەلەن ئێران ئیستاش لەگەڵ ئێمە موخالەفەتیان لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن ئیران یەک نەتەوەی تێدایە، یانی نەتەوەیەکی وەک دەڵێ ناهەمگون یان نامتجانیسیان دروست کردوە، ئەوە مەحکوومە بەوە کە لە ئایەندە دا ئاڵوگۆری بەسەردا بێ، رەنگە ئەگەر بمانهەوێ لە ئایەندەدا دەوڵەت - نەتەوە لەسەر ئەساسی واقعی دروست بی، یەعنی ئەو نەتەوانە: کورد بۆخۆی دەوڵەتی خۆی هەبێ، فارس هەیبێ، تورک هەیبێ. دەنا ئەو دەوڵەت - نەتەوانەی کە لەو مەنتەقەیەدا دروست بوون، بە شێوەیەکی ناتەبیعی دروست بوون و شانسی بەقا و دەوامیان هەر نیە، هەرچەندە تائێستا هەڵنەوەشاون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠١٦

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان

### سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی هەڵبژاردەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هەڵوێستێکی یەکدەستی نەبووە. لە ماوەی ئەو نزیک بە ٤٠ ساڵەدا کە بە دەیان هەڵبژاردنی جۆراوجۆر لە ئێراندا بەڕێوەچوون،

حیزبی دێموکرات زۆربانی تەحریم کردووە لە هێندێکیانیشدا نەتەنیا هەڵوێستی جیاوازی هەبووە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بە کاندیدی تایبەتیی خۆیشیەوە بەشداری کردووە تەنانەت زۆرێک لە کاندیدەکانیشی دەنگیان هێناوەتەوە.

سەبارەت بە خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا "کوردستان" وتووێژێکی لە گەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی حیزبی دێموکرات و سکرتێری پێشووتری ئەم حیزبە پێک هێناوە کە سەرنجی ئێوە خوێنەرانی ئازیزی بۆ ڕادەکێشین.

**کوردستان**: ئەگەر ئیزن بفەرموون لە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێبکەین؛ حیزبی دێموکرات چۆنی ڕوانیوەتە پرسی هەڵبژاردنەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا؟

**مامۆستا**: ڕەنگە نەتوانین بە موتڵەقی بڵێین هەڵوێستی حیزبی دێموکرات یان بۆچوونی بۆ هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی چیە، چونکە ئەو شتانە هەمیشە بە پێی هەلومەرج قابیلی گۆڕانن. بەڵام لەسەر یەک ئێمە وامان دیوە کە نە لە جمهووریی ئیسلامی دا، نە لە سەردەمی پاشایەتی دا بەڵکوو نە لە هەموو مەنتیقەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە ئێمەشی تێداین، هەڵبژاردن ئەو هەڵبژاردنە سەلیمە نیە کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا و وڵاتانی دێموکراتی دنیادا هەیە، ئەو عەیبەی هەمیشە هەبووە و ئێستاش هەیەتی و تا دەورانێکیش کە نازانم چەند درێژ دەبێتەوە هەر دەبێ. بەڵام لە عەینی حاڵدا پێمان وابووە لە هەر نیزامێکدا ئینتخاباتێک هەبێ حیزبی سیاسی یان بزوتنەوەیەک یان میللەتێک ناتوانێ بەرامبەری بێ تەفاوت بێ. دەبێ هەڵوێستی بەرامبەر بەو ئینتخاباتە هەبێ. جا ڕەنگە ئەم جارەیان هەڵوێستێکی ببێ و جارێکی دیکە هەلوێستێکی جیاواز لەمەیانی هەبێ. ناکرێ بڵێی لەم وڵاتەدا شتێک بە ناوی هەڵبژاردن نیە و ئەمن بە نەبووی دادەنێم.

بەشی: سێهەم

ئێمە وامان تەماشا کردوە، ئەگەر تەماشای رەوتەکەش بکەی بۆت دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات هەمیشە یەک هەڵوێستی بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی کە چەند نەوع هەڵبژاردنی تێدا هەیە، نەبووە.

**کوردستان**: حیزبی دێموکرات لە یەکەم رێفراندۆمدا بۆ هاتنەسەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، رێکاری بایکۆت هەڵ دەبژێرێ، بەڵام هەر چەند مانگ دواتر لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی و خیبرەگاندا بەشداری دەکات و کاندیدی خۆیشی دەبێ. پاساوی حیزب بۆ ئەم پارادۆکسە چی بووە؟ چۆن دەکرێ بە کۆی سیستم [نا] بگوترێ بەڵام لە هەڵبژاردنەکانیدا بەشداری بکرێ؟!

**مامۆستا**: ئەمن رەئیەکانم رەئی خۆمن، لە جیاتی حیزب قسە ناکەم، با ئەوەت عەرز کەم کە پێم وایە تەحریمی ئینتخابات نە ئەو وەختی نە ئێستا و نە هیچ وەخت بە مانای"نا" گوتن نیە.

بۆ نموونە هەر ئێستا کە قسە دەکەین لە تورکیە رێفراندۆمێک هەیە، ئەوەی دەنگی نا دەدا، ئەو نای گوتوە، دەنا ئەگەر یەکێک ناچێتە سەر سندووق یان دەچێ و رەئیی سپی لە سندووق دەهاوێ ئەوە نای نەگوتوە.

بایکۆت بە مانای "نا" گوتن نیە. ئێمەش کە لەوێدا بایکۆتمان کرد لە بەر ئەوە نەبوو بمانەوێ لەوکاتەدا ئالای بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵ بگرین. کۆماری ئیسلامی ئەو وەختی لانیکەم بەبۆچوونی ئێمە حاسڵی ئینقلابێک و شۆڕشێکی گەلی بوو و، بەرهەمی چەندین ساڵ و بگرە چەند دەهە خەبات دژی نیزامێکی دیکتاتۆڕ و دژی ئینسانی واتە رێژیمی پاشایەتی بوو لە دەورانی جۆراوجۆردا. دەلیلی ئەوە کە ئێمە لە ریفراندۆم دا بەشدار نەبووین ئەوە بوو کە ریفراندۆم پرسیارێکی نەخوڵقاندبوو کە پیاو بتوانێ ئینتخاب بکا. پرسیارەکە ئەوە بوو کە: ئایا جمهووریی ئیسلامیت دەوێ یان رێژیمی پاشایەتی!؟ یانی دوو شتی دانابوون کە یەکیان چەندین ساڵ و چەندین دە ساڵ بوو خەڵکی ئێران بۆ رووخاندنی لە خەبات دا بوون، ئەوی دیکەیان "جمهووریی ئیسلامی" نە مەفهووم بوو، نە تەعریف کرابوو، نە ناسرابوو و نە نموونەکەی لە وڵاتان-دا بینرابوو. باشە ئەوەیان کە رووخاندوومانە تازە بۆ بۆی بگەرێینەوە، ئەوەیشیان کە نازانین چیە چۆنی دەنگ پێ بدەین!؟

لە بیرمە هەر ئەمن بۆخۆم لە سەردەشت رۆژێک پێش رێفراندۆم لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەم کرد، هەڵوێستەکەیشمان ئەوە بوو کە تەحریم بکەین بە دیفاع لەوە، مەسەلەیەکی مەشهوورم هێنایەوە کە قسەی من نەبوو، دەڵێ: "سمۆرەی لە توورەکەدا پێ دەفرۆشێ. نازانی زەردە، سوورە، بۆرە، گەورەیە، چووکەیە، وەزنی زۆرە، کەمە. گوتمان جمهووریی ئیسلامی

شتێکی ئاوایە. کە وابێ ئیمە خۆی لێ دەبوێرین و بەشدار نەبووین بۆئەوەی نە بە نەخەیر و نە بە بەڵێ دەنگی پێ نەدەین. بەشدار نەبوونەکە لەبەر ئەو دەلیلە بوو، نەک لەبەر نەفیی کۆماری ئیسلامی. چونکی وەک عەرزم کردی تحریم بە مەعنای "نا" گوتن نیە، رەئیی سپی بە مانای نا گوتن نیە، رەئیی نا بە مانای "نا" گوتنە.

پاشان لە هەلومەرجی دواتردا ئەو ئینتخاباتانە کە کران یا پیاو وەکوو هەبوون سەیریان بکا؛ ئەو ئینتخاباتانە بەقەد ئێستا موهەندیسی کراو نەبوون. ئینتخاباتێک کە لە کوردستان هەبوو، بە تایبەتی لەو مەناتیقە کە پیشمەرگەی تێدا بووە، بە شاهیدی چاوەدێران و تەنانەت چاوەدیرانی دەوڵەتی جمهووریی ئیسلامییش، سەلامەتترین نەوعی ئینتخابات بوو. نە زۆریی تێدا هەبوو، نە دیکتەکردنی تێدا هەبوو، نە هیچ شتێکی نادێموکراتیکی تێداهەبوو. فەزایەکی سالم بوو. ئەتۆش دەبێ لە فەزایەکی ئاوادا بەشداری بکەی تا بتوانی نوێنەری خۆت و ئیدەکانی خۆت بەریە ئەو مەرکەزە کە قەرارە هەڵ بژێری.

**کوردستان**: زۆر جار لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا پرسی هەڵبژاردن لە ئێران بە سناریۆ و شانۆسازی پێناسە کراوە، کە وەک دەبینین هێندێک جاریش حیزب، یان خۆی بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردوە یان ئەوەیکە بە خەڵکی گوتوە کە بەشداری بکەن. یەکەم ئەوەیکە ئایا بەراستی ئێستا و دوای ئەو کێشمەکێشە ناوخۆیی یانە کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا لە ئێران روو دەدەن، پێتان وایە هەڵبژاردنەکان سناریۆ و شانۆسازی بوون؟ دووهەم ئەوەیکە چۆنە کە دەبینین حیزب هێندێک جار بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کردوە و هێندێک جاریش هەڵوێستێکی جیاواز لەمەی هەبووە؟

**مامۆستا**: لە جێدا ئەو تەعبیرانە زیاتر لەوەی کە هەڵوێستی سیاسی بن، تانە لێدانن. چونکی لە واقیعدا ئینتخاباتێکی ئازاد و دێموکراتیک و واقعی نیە و ئینتخاباتێکی خاوێنیش نیە، دەستی تێ وەردەدرێ، ئیعمالی نفووزی تێدا دەکرێ، جاری وایە رەئیەکان ئەسڵەن تەوەججوهیان پێ ناکرێ، هەر وەک لە ئینتخاباتی دەورانی مووسەوی و کەڕڕووبی و ئەحمەدی نیژاددا ساڵی ٨٨، تەقریبەن دەرکەوت کە مووسەوی دەوری ٢٥ملیون رەئیی هیناوە و ئەحمەدی نیژاد دەوروبەری ٦ بۆ٧ ملیون، واقیعیەتەکە ئەوە بووە. کەچی ئەویان بە ١٩ ملیون رەئیەوە سەر خست و، میرحوسینی موسەوی یان لادا هیچ، ئێستاش ئەوە دەی بینن کە چەند ساڵە دەگەڵ خێزانی لە ماڵەکەی خۆیان دا زیندانین. کەوایە شانۆسازی یەکە بۆ ئەوەیە بە دونیا نیشان بدەن کە ئینتخاباتێک هەیە، بەڵام لە عەینی حاڵیشدا شانۆسازی بە مەعنای موتڵەقی کەلیمە نیە. زۆر جار ئەو رەقابەتە، راستە رەقابەتی نێوان کاندیدکانی میللەت و حیزبە نیشتمانیەروەرەکان دەگەڵ دەستبژێرەکانی نیزامی حاکم نیە، بەڵام رەقابەتی بەینی لایەنەکانی نێو خۆی نیزام رەقابەتێکی زۆر جیددی یە. ئەدی بۆچی ساڵی ١٣٨٨ لە نێو خیابانەکانی تاران دا لەسەر ئینتخابات خوێن دێ و سەران دەبا!؟ دەکرێ بڵێین ئەوە هەر شانۆسازی بوو؟ ئەوە دروست نیە



سەرچاوە
Serchawe

پێی بڵێین شانۆسازی. موهەندیسی دەکرێ، کاری تێدادەکرێ، دژی دیموکراتیکە و هەموو ئەوانەی هەیە، بەڵام لە عەینی حاڵ دا ململانەیەکی جیددی - یە.

**کوردستان**: لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکاندا هەمیشە پرسی "رەوایی" و "نارەوایی" هاتۆتە گۆڕێ و بەشێک لە رەخنەگرانی خوێندنەوە و هەڵوێستەکانی حیزب لەم پێوەندی یەدا پێیان وایە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان "رەواییدانە" بە رێژیم. لەم پێوەندی یەدا قسەی ئێوە چیە؟

**مامۆستا**: جارێ با شتێک بڵێم ئەوانە کە وا دەڵێن، زۆریان هەڵوێستەکانی خۆیانیان لەبیر چۆتەوە. لەو دوو ئینتخاباتەی کە باست کردن؛ ئینتخاباتی مەجلیسی خبرگانیش و ئینتخاباتی دەوری یەکەمی مەجلیسی شووڕاش کە ئەو وەخت ناوی مەجلیسی "شووڕای میللی"یش بوو و جارێ نەکرابووە "ئیسلامی"، هەموویان بەشدار بوون. ئێستا هەموو سوێند دەخۆن دەڵێن بە حەیاتی خۆمان بەشدار نەبووین. ئەگەر وایە ئەو وەختی هەموویان رەوایی یان پێ داوە!. نەخەیر بە باوەڕی من ئەوە رەواییدان نیە، بە تایبەتی لە جمهووریی ئیسلامیدا بە هیچ جۆر رەوایی دان نیە. چونکی جمهووریی ئیسلامی رەوایی لە رەئیی میللەت وەرناگرێ و هەر باوەڕی پێی نیە. بۆخۆی دەڵێ ئەو نیزامە نیزامێکی ئیلاهییە، هەموو شتەکانی لە خودا وەردەگرێ. بۆیە هەر بە پێی قانوونە ئەساسییەکەی ئەگەر هەموو خەڵکی ئێران شتێک بڵێ و، خامەنەیی کە بە ئیستلاح رەهبەرە شتێک بڵێ، ئەو دەچێتە پێشێ، لەبەر ئەوەی ئەو لە تەرەف خوداوە قسە دەکا!!. کەوایە رەوایی چی دەدەیەی!؟ لە پاشان لە هەموو نیزامەکاندا دیومانە خەڵک لە ئینتخاباتدا بەشدار دەبن بەو مانایە کە دەیانەوێ چەندی مومکینە شت بەدەست بێنن و نوێنەری خۆیان هەبێ. ئەو ئەسڵە مەشهوورە کە دەڵێ؛ دەبێ سەعی بکەی لە نێو سەربازخانەی دوژمنیشدا نفووزت هەبێ و دەستت هەبێ. خەڵک دەیەوێ لە دەرفەتێکی ئاواش ئیستفادە بکا. نە ئەمە رەوایی دانە و، نە ئەوەی دیکەیش رەوایی ئەستاندنەوەیە. وا دابنێ ئێمە هیچمان بەشدار نەبووین، ئایا ئەو رێژیمە لە سەحنەی نێونەتەوەییدا لە روایی دەکەوێ؟ ئەدی بۆ دنیا تەعامولی لەگەڵ دەکا؟ هەموو دنیا لەگەڵ ئەو نیزامە وەکوو رێژیمی حاکم بەسەر ئێراندا موعامەلە دەکا، وەکوو نوینەری ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا وەردەگیرێ و حیسابی بۆ دەکرێ. کێ لە ئێران وەردەگیرێ؟! هەر جمهووریی ئیسلامی وەرناگیرێ؟. کە وابێ پێموایە ئەو قسەیە دروست نیە. نە بەوە لەلایەن دەنگدەرانەوە رەوایی دەدەینێ و ئیعتراف بە شەرعیەتیەتی دەکەین، نە بەوەش رەوایی لێ وەردەگیرێتەوە کە بەشدار نەبین. بەڵام ئەوە هەڵوێستە، رەنگە جارێکیان لە بەر دەلیلێک بەشدار بین و جارێکی دیکە لەبەر دەلیلێکی دیکە تەحریم بکەین.

**کوردستان**: با بۆ پرسیارێکی تایبەت نموونە بە هاتنە سەرکاری سەید محەممەد خاتەمی بهێنینەوە؛ حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لە گەڵ دەوری یەکەمی هەڵبژاردنی خاتەمیدا هەڵوێستی بایکۆتی هەبوو. بەڵام لە دەوری دووهەمدا هەڵوێستێکی

بەشی: سێهەم

**جیاوازتری هەبوو، ئایا دەکرێ ئەم هەڵوێستەی حیزب بە جۆرێک لە بێئاگایی لە فەزای سیاسی نێوخۆی ئێران لێک بدرێتەوە؟**

**مامۆستا**: ئەمن بۆخۆم دەڵێم و ئەو ئیعترافە دەکەم کە ئێمە لە دەورەی یەکەمی ئینتخابات دا نەمان توانیبوو دەرک بکەین کە خەڵکی نێو خۆی وڵات و خەڵکی کوردستان بەشێوەی تایبەتی کە بۆ ئیمە گرینگە، چۆن هەڵوێست دەگرن و چی یان دەوێ، بۆیە ئیمە تەحریممان کردبوو. دەنا - پیێم وایە جارێکی دیکەشم گێراوەتەوە، رۆژی ئینتخابات بۆخۆم لە پاریس بووم کە لەگەڵ ئەندامێکی حیزب لە کرماشان قسەمان دەکرد، باسی بۆ دەکردین کە چ دەگوزەرێ، ئیمە پێمان گوت بابە حیزب ئەو ئینتخاباتەی تەحریم کردوە. گوتی دەزانم، بەیانییەکەم ئێستا لەبەر دەستە. بەڵام ئێستا ئەو تەلەفوونەی دادەنێم و دەچم رەئی دەدەم، چونکی رەستاخیزە!! کەلیمەی "رەستاخیز"یشی بەکار هێنا. ئێمە ئەوەمان لە واقیعدا بۆ دەرنەکەوتبوو. لە پاشان بۆیە دەوری لە دووهەم دا هەڵوێستێکی دیکەمان گرت، - رەنگە تەحلیلەکە یەکێک بە غەڵەتی بزانێ و یەکێک بە دروستی بزانێ- چونکە بە باوەری ئێمە چوارساڵەی یەکەمی سەرکۆماری خاتەمی، کرانەوەیەکی باشی تێدا بوو هەم لە ئێران هەم لە کوردستان بە تایبەتی. ئازادیی بیرورا هاتە گۆرێ، ئازادیی قەڵەم هاتە گۆرێ، رۆژنامە و مەجەللاتێکی زۆر لە هەموو ئێراندا و بە زمانی جۆراو جۆر بڵاو کرانەوە و پێمان وابوو تەحریمەکە باش نیە. بە تایبەتی عیبرەتیشمان وەرگرتبوو کە لە دەورەی یەکەمدا ئێمە بە خیلافی رەئیی خەڵکی خۆمان حوکممان دابوو، کە کەس بەدەنگمانەوە نەهات.

ئێمە وەک حیزبە سیاسی یەکان عادەتێکمان هەیە: ئەگەر شتێکمان گوت سبەینێ لە سەداسەدیش خیلافی ئەوە دەرکەوێ، لە قسەی خۆمان نایەینە خوارێ. دەڵێین نەخەیر هەر ئەوەی ئێمە گوتمان راست بوو!. چونکی ئێمە فەرموومانە تەحریم بکەین کەوابوو کەس نەچۆتە سەر سندووقی دەنگدان یا لە سەدا نەوەدی خەڵکیش چووبێ! ئەمە زۆر شتێکی خراپە. لەوێشدا ئەگەر لەبیرتان بێ، ئیمە نەمانگوت خەڵک بچێ رەئی بدا و رەئی بە خاتەمی بدا، ئێمە گوتمان نەبنە بەشێک لە دەستە بەندی-یەکانی حاکمییەت، بەڵام بە دوور لە دەستە بەندی یەکانی نێو حاکمییەت، بۆخۆیان و بە سەڵاحی خۆیان رەئی بدەن. کە پێموایە هەڵوێستێکی بە جێ بوو. تەنانەت لە ئینتخاباتی شووراکانیشدا ئەوەمان هەر بە سەراحەت نووسی کە واریدی دەستەبەندی یەکان مەبن، بەڵام بە تەشخیسی خۆتان ئەوانەی بە شیاویان دەزانن رەئی یان پێ بدەن و ئەو کەسانەش کە خاوەنی شەخسییەتن و خۆیان بە جێ متمانەی خەڵکی دەزانن با بچن خۆ کاندید بکەن. چونکی ئەمن پێم وایە ئەوە خراپە کە ئەتۆ بە جارێک تەحریم دەکەی و تەنانەت وای لێدەکەی کە خۆ کاندیدکردن بە مانای خیانەتە!!. هێندێک لە حیزبەکان وای لێ دەکەن. یانی خۆکاندیدکردن بۆ شووراکان یان بۆ مەجلیس بە خەیانەت دادەنێن. لە نەتیجەدا ئەوانەی شەخسییەت بۆخۆیان قایلن بەڵام لە تانەو لۆمەی ئەملاو ئەولا دەترسن، ناوێرن خۆ کاندید بکەن و

خەڵکی وا دەچن کە باش نیە بچن و باشتر لەوان هەیە کە بچنە مەجلیس. مەنتیقی ئێمە ئەوە بوو.

**کوردستان**: زۆر جار حیزبەکان بەتێکڕایی داوایان لە خەڵک کردوە نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام خەڵک دەچن و بەشداری دەکەن. ئایا دەتوانین بڵێین ئەمە [نا]یەکە بە حیزبەکان؟

**مامۆستا**: ئەمن پێموایە ئەمە "نا" گوتن بە حیزبەکان نیە، بەڵام خەڵک لەگەڵ قەزایای خۆیان سەر و کاریان هەیە. لە یەکێک لە دەورەکانی ئینتخابات دا چەند کەس هاتنە ئێرە هەر لە ئەندامانی حیزب، دەیانگوت تکایە تەحریم لەسەر ئێمە بار مەکەن، ئێمە بۆخۆمان دەردی خۆمان دەزانین، ئیجازە بدەن تا ئەو خەڵکە بۆخۆیان بڕیار بدەن. یەعنی ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خەڵک ئەو وەختەی هەلومەرجی ژیان دەخوازێ، گوێ لە قسەی حیزبەکان ناگری. چون ئەو زەق و ڕەق و شەقە، ئەوی دیکە قسەیە. گوێ بۆ قسەی من و تۆ و، فەلسەفەبافیی من و تۆ ڕاناگرێ. گوێ بۆ ئەو واقعییەتە ڕادەگرێ کە لەگەڵی بەرەوڕووییە. مەسەلەن دەبینێ کە بۆ موراجعە بە ئیدارەیەک چاو لە شناسنامەکەی دەکەن کە داخوا مۆری ئینتخاباتی لێ دراوە یان نا، ئەگەر لێی نەدرابێ کارشکێنی لە کارەکەی دا دەکەن. مەجبوورە ئەگەر هیچ نەبێ بۆ دانی رەئیی سپی بچێتە سەر سندووقەکان. بۆ ئەوەی شناسنامەکەی مۆری پێوە بێ. کەوابوو، هیچ بەمەعنای جوابەجەنگی (دەن - کچی) نیە، بەڵام جاری وایە ئێمە هەلومەرجەکە باش ناخوێنینەوە.

لە یەکێک لە ئینتخاباتەکانی کە ئێمە تەحریمماننەکردبوو و حیزبەکانی دیکە تەحریمیان کردبوو، دوای ئینتخابات دەرکەوت کە خەڵکێکی زۆر بەشدار بوون. ئێمە لێرە لەگەڵ جەمعێک لە حیزبەکان دانیشتبووین قسەمان دەکرد. هاوڕێیەکمان ڕوو بە میوانەکان گوتی: ئێوە تەحریمتان کرد و ئێمە تەحریممان نەکرد، ئێمە نەمانگوت خەڵکەکە بەشدار بن، بەڵام تەحریممان نەکرد. خەڵکەکە بەشی زۆرتری بەشدار بوون، ئێستا ئەوە دەتوانێ دوو دەلیلی هەبێ؛ یەکیان ئەوەیە کە خەڵک بە قسەی ئێمە دەکا و بە قسەی ئێوە ناکا، دەلیلی دیکە کە پێمان وایە واقعیترە ئەوەیە کە ئێمە باشتر هەلومەرجەکەمان خوێندۆتەوە. هەر بە ڕاستییش وابووە، چونکی دەزانین خەڵکەکە چیان دەوێ و لە چ مەوقعیەتێک دان.

**کوردستان**: بە خوێندنەوەی خۆتان کە نزیک بە ٤٠ ساڵە لە نزیکەوە ئاگاداری وەزعەکە بوون، هەڵبژاردنەکان لە ئێران لە ئێستا و لە ساڵانی رابردووتردا چ جیاوازی یەکیان هەیە؟ پێتان وایە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەوبەولا چۆن دەکرێ بەرخورد بەم پرسە بکات؟

**مامۆستا**: ئەمن وەک جارێکی دیکەشم هەر لەم وتووێژەدا گوت قسەی خۆم دەکەم و قسەی حیزبی دێموکرات ناکەم. ئەمن لە

بەشی: سێهەم

بنیڕا تەحریمم پێ هەڵوێستێکی خراپە، پێم ئاسانترین هەڵوێستە، ئەگەر نەڵێم تەمبەڵانەترین هەڵوێستە. چون زۆر ئاسانە. تەحریم خۆماندووکردن و بیرلێکردنەوەشی ناوێ. بەڵام کە تۆ دەتەوێ تەحریم نەکەی مەجبووری بیر بکەیەوە داخوا مەسڵەحەتەکە لە کوێ دایە، داخوا خەڵک چیان دەوێ، داخوا لەنێو ئەو کاندیدایانەدا کە هەن، کامیان بەرنامەکەی شتی جوانتری تێدا دەبێ، ئەوەیان خۆ ماندووکردنێکی زۆری دەوێ و ئەوی دیکەیان ئاسانە، دەڵێی کاکە مەچنە سەر سندووق و لە ماڵی خۆتان دانیشن و تەواو. کاری بەوە نیە داخوا چ دەگوزەرێ. بۆیە بە باوەڕی من باش نیە ئێمە ببین بە تەحریمچیی حیرفەیی. ئەگەر دەرفەتێک هاتە پێشی لە ئینتخاباتێکی ئایەندەدا، بۆ وێنە ئەگەر ٥ ساڵی دیکە ئینتخاباتێکی وا هەبوو کە بە تەشخیسی ئێمە هەلومەرجەکە ڕێگا دەدا نوێنەرانی دڵخوازی خەڵک نەوەک سەدی سەد، بەڵام بەشێکیان بچنە مەجلیس، بچنە شووڕاکان، لە ڕاستیدا دەبێ واز لە تەحریم بێنین، بەوەش ڕەواییمان نەداوە بە جمهووریی ئیسلامی و بە تەحریمەکەش ڕەواییمان لێ نەستاندۆتەوە.

(لە ژمارەی ٧٠٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

## پێشمەرگە شەڕکردنەکەشی هەر لە پێناو ئاشتیدا بووە

**دیمانە: عەلی بداغی**

(٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەو ڕۆژە لە مێژ ساڵە لە نەستی هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێی گرتوە و ٣٣ ساڵیشە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یادی دەکرێتەوە و بۆنە و ڕێوڕەسمی بۆ دەگیرێ.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی و لە سەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات؛٢٦ی سەرماوەز بەناوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کراوە و لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە پەسند کراوە.

لە ٣٣ ساڵەی ئەو ناودێرکردنەدا بە چەند پرسیارێک لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەی پێشمەرگە و ڕۆڵی لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستاندا چووینە خزمەت مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە)

**پرسیار: مامۆستا: ئەو وتووێژەمان تایبەتە بە یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان. پێمخۆشە جەنابت بۆ چوونەنێو باسەکە یان بۆ سەرەتایەک بۆ وتووێژەکەمان بفەرموون پێناسەی جەنابت بۆ پێشمەرگە چیە؟ ئایا پێشمەرگایەتی ئەرکە، پێشمەرگایەتی نازناو و سفەتە، پێشمەرگایەتی تەعەهودێکی ئینسانییە؟ جەنابت چۆن باس لە پێشمەرگە دەکەی؟**

**وەڵام:** ئەمن جاری دیکە باسی پێشمەرگەم کردوە، تاریفی پێشمەرگەم بە دوو سێ جۆر کردوە: یەکێکیان فیداکاریی پیشمەرگەیە کە قابیلی تاریفکردن نیە چونکی تەنیا مەوجوودێکە کە واز لە هەموو شتێک دێنێ تەنانەت تا سەرحەدی گیان، ئەویش دەبەخشێ؛ بەڵام لەوە موهیمتر بەڕاستی پێشمەرگەی کوردستان، (ئیجازەم بدە بڵێم بەتایبەتی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا) پێشمەرگە چاوەڕوانی ئافەرینێکیش نیە، یانی بێ ئەوەی هیچ تەوەقوعێکی هەبێ دەبەخشێ تا سەرحەدی گیانی، کەوابێ لە یادی ڕۆژی پێشمەرگەدا دوای پیرۆزبایی، غەیری سەردانەواندن بۆ ئەو رووحە بەرزە پیاو قسەیەکی نیە بیکا.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: یانی سەرووتر لە ئەرک، سەرووتر لە تەعەهود؟

**وەڵام**: یانی سەرووتر لەوە شتێکی دیکە تەسەور ناکرێ. ئەوەی پێشمەرگە دەیکا لەوە هەورازتر نیە، بنیادەم هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی ڕووحی لەدەست نەدا، ئەو ئەویشی لەسەر بەری دەستی داناوە.

**پرسیار**: مامۆستا لەمێژساڵە ٢٦ی سەرماوەز لەنەستی خەڵکدا و لە ڕۆژژمێری حیزبی دێموکراتدا بە تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناسراوە و لەو ڕۆژەدا ڕێز لە حەماسە و گیانفیدایی پێشمەرگە دەگیرێ. بەڵام ئێستا کۆمەڵێ بەڵگە دەرکەوتوون کە نیشان دەدەن ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پەلامار بۆ سەر شارەوانیی ڕێژیمی شا لە مەهاباد نەبووە. بەڵگەنامەکان دەڵێن ئەوە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣بووە نەوەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤. ئێستا کە مەبناکە ئاوایە جەنابت چ تەوزیحێکتان هەیە کە بمانەوێ لەو ڕۆژەدا بیدەین؟

**وەڵام**: جارێ با لەپێشەوە بڵێم ئەو هەڵەیە لە شتێکرا هات، لە هەڵەیەکی مێژوویی کە ڕەحمەتی کەریمی حیسامی کردبووی.

**پرسیار**: لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا؟

**وەڵام**: بەڵێ کتێبێکی هەیە بە ناوی «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران». لەوێدا داستانی شەهیدبوونی عەوڵای مینەخاڵند کە وەک یەکەم پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناو دەبا و لە گیرانی شارەوانیی مەهابادا شەهید بووە، دەخاتە ٢٦ی سەرماوەز. کاتی خۆیشی کە ئەوەمان دانا، غافڵ نەبووین لەوەی کە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیشە، چونکی ئەوەمان بە سەنەد لەبەر دەستدا بوو. بۆیە ئەو وەختی کە دامانناا ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژی پێشمەرگە، گوتمان ئەمە زیاتر لەبەر خاتری ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، بەڵام لەبەر حەساسیەتی هێزە ئێرانییەکان ئێمە ئەو بەشەی دەردەبڕین و دەڵێین ٢٦ی سەرماوەز یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەی تێدا کراوە کە دواتر ناوی نراوە پێشمەرگە، بۆیە ئەو ڕۆژەمان داناوە. جا ئێستا کە قسەی لێدەکەین ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەتا ئێستا هەر ڕۆژی پێشمەرگەیە و هەر لە جێی خۆیەتی. بەڵام بۆ تاریخەکە بەڵێ، وەختێکی تاریخی ڕووداوێک دەردەکەوێ مەعلوومە دەبێ قەبووڵی بکەی. ئاخر دەڵێن لە دنیادا حەقیقەتی موتڵەق فەقەت تاریخە، هیچ شتێک بە موتڵەقی حەقیقەت نیە بەڵام تاریخ ئەوەیە، ئەوە لە ٢٦ی ڕێبەندانی١٣٢٣دا بووە نە دەکەوێتە ٢٥ و نە دەکەوێتە ٢٧ی ڕێبەندانی ٢٣ش. کەوایە ئەوەیان هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵام ڕۆژەکە هەر پیرۆزە ئەگەرچی هەموو ڕۆژی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگە و

بەشی: سێهەم

ڕۆژی فیداکاریی پێشمەرگەیە، بەتایبەتی ئەگەر هەموو بەشەکانی کوردستان بگرین. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی پێشمەرگە. عادەتەن ڕۆژێکی وا دادەنرێ کە تێیدا تەجلیل لە تویژێکی کۆمەڵایەتی بکرێ، ئەمە لە جێی خۆیەتی بەڵام ئارەزوو دەکەم دوو شت بێنە دی، یەکیان ئەوە کە هەموو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لەسەر ڕۆژی پێشمەرگە ڕێک کەون، یەکیشیان ئەوەیە کە ڕۆژێکی موناسبتر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئالآیە و پارلمانی هەرێمی کوردستانیش پەسندی کردوە و پیرۆزە. بەڵام پێم وایە موناسبترین ڕۆژ، ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانە، چونکە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بڕیار دراوە ئەو هێزە ناوی بنرێ پێشمەرگە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە وشەی پێشمەرگە ئەو ڕۆژە دانەنراوە تەنانەت ناوبردنی شۆڕشگێڕی چەکداری کورد بە پێشمەرگەش ئەو ڕۆژە یەکەم جاری نیە، بەڵام ئەوە کە بە ڕەسمی هێزێکی کوردی، هێزێک کە دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی کورد دەکا ناو بنرێ هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بوو. ئەو ڕۆژە لە مەهاباد کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان بووە و ئەو بڕیارەی تێدا دراوە و لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ژمارەکەیم ئێستا چاک لەبیر نیە بەڵام ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاو بۆتەوە. ئیدی ئەوە سەنەدی تاریخییە.

**پرسیار**: مامۆستا فەرمووت کە مەبنای دیاریکردنی ئەو ڕۆژە گرتنی شارەوانیی مەهاباد بووە و بەڵام دەکرێ هەر ئەو مەبنایە یانی هەر ئەو ڕێکەوتە مێژووییە ئێمە وای دابنێین کە ڕۆڵی پێشمەرگە یەکەم جار لێی دەردەکەوێ ئەوە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو و، هەنگاونان بەرەو دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی بگێڕینەوە بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە؟

**وەڵام**: بە باوەڕی من ئەودەم فکری دامەزرانی کۆماری کوردستان نەهاتبووە ئاراوە. ئەوە وەکوو شانازییەک بۆ ئەو هێزەی کە دوایی بوو بە پێشمەرگە هەر دەمێنێتەوە بەڵام ئەو کاتی کە شارەوانیی مەهاباد گیرا نەک فکری کۆماری کوردستان، بەڵکوو فکری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەهاتبووە گۆڕێ. حیزبی دێموکرات ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراوە، بۆیە ئەگەر بە ئێشتیا پێمان خۆش بێ جوێیە دەنا لە مەنتیقدا زۆر بەجێ نیە بڵێین ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە چونکە ئەوکات فکرەکەشی لانیکەم بۆ هەمووان نەهاتبووە ئاراوە.

**پرسیار**: بەڵام ئەو عەمەلیاتە ڕێی خۆش کردبوو بۆ ئەو گۆڕانکارییانە؟

**وەڵام**: دیارە ڕێخۆشکردن بۆ ئەوەی کورد شتێکی بە دەستەوە بێ، ئیدارەی خۆی بکا لە مەنتقەیەکی زۆر بچووکی کوردستان لە ساڵی ١٣٢١ەوە زەمینەکەی خوڵقاوە. یانی بە تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی لەو مەنتەقەیەدا ئەو زەمینەیە خوڵقاوە و خەڵک دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوە بووە و هەر ئەوە کە دەڵێن تەنیا نوێنگەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەو مەنتەقەیەی

کوردستان شارەوانیی مەهاباد بووە نیشانەی ئەوەیە خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بووە. ئێستا ئەوە کە چەندە توانیویەتی ڕێکی بخا ڕەنگە لێی بە ئیراد نەگیرێ چونکە ئێستاش ئێمە هەزاران موشکیل و کەموکوڕیمان لەپێشدایە.

**پرسیار**: مامۆستا چ پێشمەرگە وەک گوتت ئەو سفەتەی لەو کاتەوە کە لە زەمانی کۆمار کە بە هێزی چەکدار گوتراوە پێشمەرگە و چ پێشتریش، پێشمەرگە دەیان ساڵە نەقشی تایبەتیی خۆی هەیە، کۆماری کوردستان کە دامەزراوە پاراستوویەتی هەتاوەکوو تووشی ئەو نسکۆیە بووە. لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش، لاپەڕەیەکی زێڕین لە ڕاپەڕین و حەماسەتی مێژوویی پێشمەرگەمان بینیوە. پێتان وایە ئێستا ئایا ڕۆڵی پێشمەرگە و نەقشی پێشمەرگە لە گۆڕانکاریەکانی ئێستادا چیە ئایا هەمان تەعریفی پێشووی هەیە یان تەعریفێکی جیاواز بۆ کاری پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە نابێ تەسەوری غەڵەتمان لە پێشمەرگە هەبێ. ڕاستە پیاو کە بیر دەکاتەوە فەلافەتی پێشمەرگەی بە تفەنگ و فیشەکدانەوە دێتە بەرچاو چونکە ئەو ناوە بەسەر کەسێکدا بڕاوە کە بە چەکەوە دیفاع لە مافەکانی میللەتی کورد دەکا و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد دەکا، بەڵام ئەمن پێموایە نابێ پێشمەرگە تەنیا لەوەدا ببینین. بێئەدەبییە دەیڵێم: ئەمن ساڵی ١٣٦١ لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بە بێ ناو مەقالەیەکم نووسیوە کە دەڵێ: «باهەموومان پێشمەرگە بین». لەوێدا دەڵێم ئەم چینانە و ئەو توێژانەش کە هەر یەکەی لەبەر خۆیەوە بەڕێگایەکدا بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو ئامانجە تێدەکۆشن هەموویان پێشمەرگەن. بێجگە لەوە عینوانی پێشمەرگایەتی شانازییەکە کە دەکرێ بیدەی بە هەموو خزمەتگوزاران بەڵام پێشمەرگە هەر تەقەکردن نازانێ، پێشمەرگە ئێستا موهەندیسە، ئێستا نووسەری چاکە، پێشمەرگە ئێستا تەبیبی چاکە، پێشمەرگە ئێستا بیرمەندی چاکە. لە هەر بوارێکدا بیگری هەر خودی ئەو کەسەی کە لە سفەتی پێشمەرگە دایە تواناکانی هەیە کەوابێ ئەگەر سبەینێ ئیشەڵڵا کورد مافی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە گرت ئەوەڵەن پێشمەرگە دەبێ بۆ پاراستنی ئەو وەزعیەتە تازەیە تێبکۆشێ. مەسەلێک هەیە دەڵێ پووڵ پەیداکردن ئاسانە بەڵام ڕاگرتنەکەی بەزەحمەتە. بەدەستهێنانی ئازادییش ئاسانترە هەتا پاراستنەکەی. کەوایە ئەوەدەمی ئیحتیاجیمان بەو هەیە، شەرت نیە تەنیا لە موقابیلی دوژمن و لە شەڕی چەکدارانەدا بێ، لە پەروەردەکردنیدا لە پێگەیاندنیدا لە گەیاندنەوەی بە کاروانی پێشکەوتنی گەلاندا پێشمەرگە دەتوانێ نەقشی کاریگەر ببینێ و ئەوانەش کە تێکەڵ بەو ڕەوتە دەبن زۆر بەجێیە شانازیی ناوی پێشمەرگەیان پێ ببەخشرێ چونکە پێشمەرگە ناوێکی کەم نیە. لەبیرمە جارێکیان ئێمە چووبووینە دێیەک ئەمن و یادی بەخێر کاک حەسەن ڕەستگار بووین، لە مزگەوت کۆبووینەوە خەڵکەکە پێیان خۆش بوو قسەیان بۆ بکەین و بە بڵیندگۆ بانگی خەڵکی دێیان کرد بێنە مزگەوت. ئەوەی کە بانگی خەڵکی دەکرد گوتی: پێشمەرگە هاتوون وەرنەوە و هەر لەسەر بڵیندگۆ داوای لێبووردنی کرد و گوتی: ببوورن پێشمەرگە نین مەسئوولن. هەر لەسەر بڵیندگۆکە جوابم دایەوە و گوتم: ئێمە شانازیی ئەوەمان نەبوو حەقی ئەوەمان نەبوو کە پێشمەرگە بین، ئەتۆ ئەوەت

لێئەستاندینەوە؟

**پرسیار**: مامۆستا جیا لەو پێناسە جوانەی جەنابت بۆ نەقشی پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشمەرگە و ئەوەی ئەو نەقشە ڕەنگبێ بازتەولید بێتەوە یان لە ڕەهەندەکانی دیکەدا بەکار ببرێ، بەڵام زۆر دەنگی نەشازیش دەبیستین کە دەڵێن سەردەمی خەباتی چەکداری نەماوە، سەردەمی پێشمەرگایەتی نەماوە، سەردەمی خەباتی ئاشتییانەیە، لە حاڵێکدا هەر چەند ڕۆژ لەوەپێش بوو کە پووتین پلاتفۆرمی نوێی بۆ ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانی خۆی دیاری کرد، دەبینین کە مەسەلەن ئامریکا چ دەکا. ئەو قسانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟

**وەڵام**: ئەو قسانە هێندێک کوردیش فێریان بوون و وەکوو تووتی دەیانڵێنەوە بەڵام بەشی زۆری لە دەسەڵاتە گەورەکانەوە هاتوە، ئەو دەسەڵاتانەی کە ئێستا خەریکن شەڕی ئەستێرەکان دەکەن، لە کوراتی ئاسمانیش ململانەی نیزامیی خۆیان هەیە بۆ میللەتێک کە لە هەموو مافەکانی بێبەشە دەیانەوێ چووکترین وەسیلەی دیفاع لە خۆی نەبێ. ئەوە ئیدی ئەوپەڕی بێ ئینسافییە کە لەگەڵ حەقیقەت، لەگەڵ تاریخ زیاتر لەوەی کە لەگەڵ میللەتێک دەکرێ. کەوایە هیوادارم قەت میللەتی ئازادیخوازی کورد تەسلیمی ئەو نازانم ناوی لێ بنێم تەبلیغات ناوی لێ بنێم تەوەهووم تەسلیمی نەبێ، چونکی کورد ئێستاش خەتەری ئەوەی لەسەرە سبەینێ دوچاری خەباتی چەکدارانە ببێتەوە وەکوو گوتیشم ئەگەر مافەکانیشی وەدەست بێنێ بۆ پاراستنی هەر دەبێ هێزی پێشمەرگەی هەبێ. ئێمە لە بەرنامەی حیزبیشدا ئەوەمان هەیە کە ئەگەر حکوومەتی کوردستانمان دامەزراند هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە پاراستنی ئەمنیەتی وڵات بەدەستەوە دەگرن، دیارە ئەوە مەفهوومی خۆی هەیە کە دەڵێین هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە کە لێرەدا شەرحی بەرنامە ناکەین. لە پاشان بەتایبەتی بۆ ئێمەی دێموکرات با کەس فێرمان نەکا خەباتی ئاشتیخوازانە باشە، چونکی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە حیزبەکەمان لەسەر مەبنای ئەوە دانراوە کە مەسەلەی کوردستان بە چەک چارەسەر نابێ. ئەو وەختیش کە ئەوەمان گوتوە ڕاست دوو تەڕەفمان مەقسوود بووە یەکێکیان ئەوەی ئێمە ناتوانین بە چەک دەوڵەتەکان بەچۆکدا بێنین، یەکیشیان ئەوە کە دەوڵەتەکان ناتوانن بە چەک ئێمە بەچۆکدا بێنن و وا بکەن ئێمە واز لە ماف و داخوازییەکانمان بێنین. کەوابێ ئێمە لەوەدا زۆر کۆنین دەتوانم بڵێم پێشەنگین حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە پێشەنگە، تەنانەت وەختێکی ئێمە ئەوەمان دەگوت هێزی سیاسیی دیکە هەبوون ئێرانییش و تەنانەت کوردستانییش کە دەیانگوت ئازادی لە لوولەی تفەنگ دێتە دەرێ. ئێمە کە دەمانگوت ئاشتی باشە پێیان دەگوتین سازشکار، با کەس فێری ئاشتیخوازیمان نەکا.

**پرسیار**: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاشتییش هەر بە شەڕ دەپارێزرێ؟

بەشی: سێهەم

**وەڵام**: بەڵێ بەڵێ ئوسوولەن ئێمە زۆر جار گوتوومانە شەڕەکەشمان بۆ ئاشتییە، پاشان ئاشتی ئەگەر قووەتی لە پشت نەبێ مادام جامێعە ئەوەندە پێش نەکەوتوە کە باوەڕی بە ماف و ئازادیی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ هەبێ ئاشتییەک قووەتی لە پشت نەبێ شانسی بەردەوامبوونی نیە.

**پرسیار**: مامۆستا! جەنابت لە پێشوازیی ڕۆژی پێشمەرگەدا بابەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشت لە ئەکاونتی خۆت لە فەیسبووکدا بڵاو کردەوە لەوێدا بەداخبوونی خۆت لە یەک شتیش دەربڕیوەکە بەڕاستی پرسیاری زۆر خەڵکە کە بەشێکی زۆر و هێزێکی گەورەی باکووری کوردستان نازناوی پێشمەرگەی لەسەر هێزەکانی خۆی دانەناوە و بە گریلا ناویان دەبا. ئەوە هیچ لە ئەسڵی قەزییەکە دەگۆڕێ لەسەر تەعریف و نەقشی پێشمەرگە؟

**وەڵام**: نا خۆ ئێمە هەر وەکوو ڕێز و قەدر بۆ خەبات و فیداکاریی پیشمەرگە دادەنێین بۆ ئەوانەی ناویان پێشمەرگەیە هەر ئاواش بۆ ئەوانەوی ناویان گریلایە بۆ فیداکارییەکەیان ڕێز دادەنێین، یان ئەوانەی کە لە سوورییە ناوی شەڕڤانیان لەسەر دانراوە، بەڵام ئەو کارەی (پ.ک.ک) کە لە واقیعدا ئەوی سووریەش لە ژێر تەئسیری ئەودایە دوو شتی تێدایە؛ یەکیان دەرچوونە لە ئیجماعی هێزە سیاسییەکانی کورد کە ئەوە باش نیە، ئەوی دیکەیان ئەوەیە ئەو ناوە شیرینە ئەو ناوە پڕ ئەو ناوە پڕ نێوەرۆکە لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد هەڵدەگرێ ناوێکی نامۆ و بێگانە یان ناوێکی بەڕاستی بێ نێوەرۆکی لەسەر دادەنێ، مەسەلەن هەزار پەرژینی بەگوڵ بێ داعشیش شەڕڤانە، هەرکەس شەڕ بکا شەڕڤانە. بەڵام ئەوەی خۆی بۆ ماف و ئازادیی میللەتی کورد بە کوشت بدا ئەو پێشمەرگەیە. بۆیە هەم ئەو ناوە حەیفە حەزف بکرێ هەم لەو ئیجماعدەرچوونە باش نیە. هەروەکوو لە باری دیکەشەوە جاروبار ئاوا دەرچوون. مەسەلەن خۆ ئێستا ئەو ئاڵایەی لە کوردستان پەسەند کراوە و ئاڵایەکی ڕەسمییە ئیمە وەک هەمبەستگی هەڵیدەگرین، دەنا ئەگەر سبەینێ ئێمە کوردستانی گەورەمان هەبێ ڕەنگە بگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر کوردستانی ئێران وەزعیەتێکی وەک کوردستانی عیراقی بۆ پێک بێ قانوونی نێونەتەوەیی ڕێگەمان نادا عەینی ئەو ئاڵایە هەڵکەین. دەبێ ئاڵایەکی دیکە بێ، ڕەنگە تۆزێک وەک یەک بچن بەڵام نابێ یەک شت بن. باشە لەوێدا بۆ ئێمە لێک بترازێین بۆ هەموومان شتێک نەکەینە سێمبول؟ بەداخەوە ئەوان وایان بە باش زانیوە کە لە هەموو شتێکدا هی خۆیان هەبێ.

**پرسیار**: مامۆستا! هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیجماع و ئەو سێمبولەی کە جەنابت باست کردبوو جەنابت پێت باش بوو کە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو پێشنیارە وەک حیزبی دێموکرات دراوە بە لایەنێکی دیکە یان بە حکوومەتی هەرێم و بە هێزەکانی دیکە یان هەر وەک پێشنیاری جەنابتانە؟

بەشی: سێهەم

**وەڵام**: پێموایە پێرارەکە بوو هەر کە باسی ڕۆژی پیشمەرگە کرا لە تەرەف ئێمەوە، لە تەڕەف حیزبی دێموکراتەوە پیشنیهاد بە هێزە سیاسییەکانی کوردی باشوور و بە حکوومەتی هەرێمیش کرا کە لە پێش چاو بگیرێ و دابنرێ.

**پرسیار**: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوە کاتەی تەرخانت کرد بۆ ئەم وتووێژە

**وەڵام**: سوپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ٧١٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: چارناچار ڕاپەڕینێکی دیکە دەبی ببێ هەتا ئەو نەزمە وەرگێڕێ

**دیمانە: عەلی بداغی**

**٣٩ ساڵ لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ تێپەڕی. شۆڕشێک کە بڕیار بوو ئازادی بۆ خەڵک بەدیاری بێنێ، هەژاری و چەوسانەوە و بێمافی نەهێڵێ، کێشەکانی خەڵک بنەبڕ بکا و ئێران بکاتە بەهەشتی سەرزەوی. ٣٩ ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئێستا خەڵک هاتوونەتەوە سەرشەقام. لە دژی بارودۆخی ئابووریی وڵات ڕاپەڕیون و بۆ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان دروشم دەدەن.**

**شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بۆ گەیشتە بارودۆخی ئەمڕۆ؟ لە کوێدا هەڵە کرا و چار چییە؟ «کوردستان» بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و سیمای دیاری حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە:**

**پرسیار: ٣٩ ساڵ لەوە پێش ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریدا ڕووخا. لە ڕووی تیۆری و دوایەش ئاقاری ڕووداوەکان ئێستاش ئەو پرسیارە هەر جێی مشتومڕە کە ئایا ئەو شۆڕشە ئیسلامی بوو یان نەبوو؟ ڕەنگبێ ئەهەمیەتی باسەکە لەوەڕا بێ کە ئەو کاتە ڕووحانیەت لە ئێران نفووزێکی زۆر تایبەتیی هەبووە و دوای ٤ دەیە بڵێی ئەو نفووزە یان ئەو جێگەوپێگەیە ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە جێی خۆی مابێ یان نا؟**

**وەڵام:** هەتا ئێستاش ئەو ناکۆکیی بیروڕایە هەیە کە ئەرێ ئێمە بڵێین شۆڕش، بڵێین ڕاپەڕین، بڵێین بزووتنەوە؟ شتی جۆراوجۆری ناو لێدەنێین. بەهەرحاڵ لانیکەمی ئەوەیە کە ئەوەی لە ئێران ڕووی دا ڕاپەڕینێکە. ئەو ڕاپەڕینە ڕاپەڕینی ڕووحانیەت بوو یان ڕاپەڕینی خەڵک بوو بە ڕەئی من ڕاپەڕینی هەموو خەڵکی ئێران بوو. هەموو خەڵکی ئێران لە دەست سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی، لەدەست وەزعی خراپی ئابووری و لەدەست نەبوونی ئازادییەکان وەجان هاتبوون و چین و توێژ و نەتەوەی جۆراوجۆری ئێران هەموویان داخواز و مەبەستی تایبەت بە خۆیانیان هەبوو. بۆ وەدیهاتنی ئەو ئاواتانە کە لەمێژ بوو لە دڵیاندا هەبوو هاتبوونە مەیدان، بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە کە بڵێی شۆڕشەکە بەدەست خەڵکی دیکەوە بوو، وەک هێندێک جار دەگوترێ ئاخوندەکان هاتن بە تاڵانیان برد. ڕەنگە جەنابت وەبیرت نەیە بەڵام ئەو وەختی قسەیەک دەگوترا کە خەڵکی ئێران هەموو دەزانن چیان ناوێ بەڵام نازانن چیان دەوێ. ئەوە ڕاست بوو بەڵام لەسەر

خەڵکەکەی دیکە ڕاست بوو. پیاو حەق بڵێ لەسەر دەم و دەزگای دینی یان ئاخوندەکان بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕاست نەبوو، چونکی ئەوان دەیانزانی. ئەمن لەبیرم نیە کەنگێ بوو بەڵام بە دەیان ساڵ پێش، بە ئیحتمالی زۆر دەوری ٢٠ ساڵ پێش ئەو وەختی نامیلکەیەکم دی بەناوی بەرنامەی ئینقلابی ئیسلامی. نازانم کتێبخانەیەکی چکۆلەی قاچاغم هەبوو لە وڵات ماوە یان نەماوە بەڵام لەوێدا ئەوە بەرنامەیە هەبوو. ئەوان دەیانزانی چ بکەن. پاشان حەقیقەت ئەوەیە کە ئاخوندەکان ڕێکوپێک بوون. حیزبیان هەبوو، بە قەولی شەهید دوکتور قاسملوو کادری حیزبییان هەبوو، کووبڵی حیزبییان هەبوو. کادری حیزبی دەوری سێسەدهەزار ئاخوند بوون و کووبڵی حیزبی سێسەدهەزار مزگەوت بوو کە هەمووشی لە یەک سەرچاوە دەستووری وەردەگرت. ئەوەی ئەو وەختی پێیان دەگوت شۆڕشی نەوارەکان. خومەینی بەو زمانە »شیرین«ـەی خۆی کە بۆخۆمان دەزانین چۆنی قسە دەکرد شریتێکی پڕ دەکردەوە و لە نەجەف یان لە پاریس ڕا دەینارەدەوە لە ماوەی دوو شەووڕۆژ سێ شەووڕۆژدا دەیان و سەدان هەزار کۆپیی لەسەر هەڵدەگیرا و لە هەموو دێ و شار و بڵێین کووچە و کۆڵاناندا ئیستفادەی لێ دەکرا. کەوابێ ئەو ڕاپەڕینە، ئەو شۆڕشە - ناوەکەی کێشە نیە هەرچی بێ - گوناح نیە بڵێین هی مەلاکان بوو. مەلاکان ڕێبەرییان کرد، مەلاکان هیدایەتیان کرد و بەرهەمەکەش ئەوان خواردیان؛ بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە خەڵک ئەوەی دەویست. خەڵکی دیکە لە ئیران یەکێک پێی خۆش بوو بەرنامەی فەرهەنگی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن باشتر بێ، یەکێک دەیویست بەرنامەی ئامووزشی لە مەدارس و دانیشگاکان باشتر بێ، یەکێک دەیەویست وەزعی ئابووری باشتر بێ، یەکێک دەیەویست چیدیکە لە مافە نەتەوایەتییەکانی بیبەش نەبێ. هەموو ئەمانەی تێدا هەبوون. بەڵام چونکی ئەمانە ڕێکخراو نەبوون، نە حیزبێکی سەرتاسەری هەبوو بتوانێ هیدایەتیان بکا نە جەبهەیەک هەبوو. ئاخوندکان کە ئەوان ڕێکوپێک بوون گرەوەکەیان بردەوە.

**پرسیار**: ئەدی دوای چوار دەیە ئێستاش پێتان وایە ئاخوندەکان و ڕووحانیەت ئەو پێگە بەهێزە کۆمەڵایەتییەیان هەیە لە ئیراندا کە بوویان؟

**وەڵام**: بێگومان ئەو پێگە بەهێزە مەعنەوییەیان نەماوە. ساڵ ٥٧ لە جەریانی ئەو ڕاپەڕینەدا خەڵک بە عەلاقەوە هەموو شتێکی بە قسەی خومەینی دەکرد بە ئیمانەوە دەیکرد ئێستا ئەوە نەماوە، بەڵام لە موقابیلدا نوقتە قوەتێکی دیکەیان هەیە. ئەگەر ئەو وەختی تەنیا کۆمەڵێک ئاخوندی هوشیار و شێلگیر - بەتایبەتی ڕێبەرییەکە - زیدی ڕێژیم بوون، ئێستا بۆخۆیان ڕێژیمێکن کە هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. با بڵێین ئەو کات نەوەد لە سەدی خەڵک بوون ئێستا دە لە سەدن. بەڵام ئەو دە لەسەدە هەموو ئیمکاناتی مادی، ئابووری، سیاسی، دیپڵۆماسی، تەبلیغاتی، چی ئەتۆ دەتەوێ هەمووی لەبەر دەستی ئەواندایە. کەوابێ پێگەی تووندەییان وەک جاران بەهێز نیە بەڵام دەسەڵاتیان زۆر لەو وەختی بە قوەتترە.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: مامۆستا فەرمووت کە خەڵک ئەوەی نەدەویست کە ئێستا کە لەبەری هەڵدەگرێتەوە یان ڕۆژانە لەگەڵی بەرەورووویە. ئایا خەڵک ئیشتبایان کرد کە شۆڕشیان کرد و ئایا دەبێ ئەو خەڵکە لۆمە بکرێن کە بۆ وایان کرد؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە ڕاپەڕین لە دژی نیزامی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتی بە هیچ حاڵێک ڕاپەڕینێکی بەهەڵە نەبوو، چونکی ئەو ڕێژیمە بە ئەندازەیەک دەرحەقی هەموو کۆمەڵی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانیەوە ناحەقیی کردبوو کە بۆیە دەبوو لەدژی ڕاپەڕن. کەوابێ بە باوەڕی من هەڵەیان نەکردوە، ئامانجەکانیان ڕەوا بوون. هەڵەکە لەوەدا بوو کە بەبێ بەرنامە بوون، یەکنەگرتوو بوون و نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان وەدی بێنن. ئەوەی کە ڕێکخراو و بە بەرنامە بوو توانی ئامانجەکانی وەدی بێنێ. هەر وەک لەبیرمانە ڕێبەری ئینقلابی ئیسلامی دەیگوت ئیقتساد هی حەیواناتە ئەو خەڵکە ئینقلابی بۆ ئەوە نەکردوە یارەڵماسی هەرزان ببێ، بۆ مەعنەویات کردوویانە. ئێستا با لەوە گەڕێین کە بۆخۆی چەندەی باوەڕ بەوە هەبوو، بەڵام ئەو ئامانجانەی ئەو خەباتی بۆ کردوون دەتوانین لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن دەمودەزگای دینییەوە خولاسەی بکەینەوە. ئەوەی جڵەوی شۆڕشەکەی بە دەستەوە بووە ئامانجی ڕاپەڕینەکەشی بە دەست هێناوە، بەڵام ئەوانەی ڕێبەرییان نەکردوە و نەقشی کاریگەریان تێیدا نەبووە نەیانتوانیوە بە ئامانجەکانیان بگەن. بەوحاڵەش ئامانجەکانیان موقەدەسن کە بۆ وەدیهێنانیان دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتیان کردوە.

**پرسیار**: دەی خۆ قسەی خومەینی ڕاستە کە دەیگوت ئێمە شۆڕشمان بۆ هەرزانکردنی یارەڵماسی نەکردوە، چونکی ئەگەر سێ شۆڕشی گەورەی دنیا، شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ڕووسیە بە نموونە وەرگرین لە هەرسێکیاندا وەزعی ژیانی خەڵک و گوزەران و ئابووریی ئەو ساڵانەی کە وا ئەو شۆڕشانەیان تێدا کرا بە نیسبەتی ساڵانی پێشووی باشتر بووە؟

**وەڵام**: نا، وەک عەرزم کردی ئامانجەکانی شۆڕش جۆراوجۆر بوون، ئابووری بوون، کۆمەڵایەتی بوون، فەلسەفی بوون، هەموو ئەو شتانە هەبوون، بەڵام ئەوە کە بڵێین ساڵی ١٣٥٧ وەزعی ئابووریی خەڵک چاکتر بووە لە ڕابردوو و ئەوانە، هەموو دەکرێ بڵێین پێش سەرکەوتنی ئینقلاب بووە؛ دەنا دوای سەرکەوتنی ئینقلاب وەزعێکی باشتر نەهاتە گۆڕێ. لە جەریانی ئینقلابدا ئێرانێک کە لەسەر دەریای نەوت دەژیا و لەسەر دۆڵارە نەوتییەکان دەنووست، سەری کیسەی دەکردەوە و ئیمکاناتی زیادی دا بەو هیوایە کە بتوانێ بە پووڵ و پارە پێشی ئەو ڕاپەرینە بگرێ، ئیمکاناتی ماددیی بۆ خەڵکی پتر کردبوو، بەڵام شەرت نیە ڕاپەڕینێک کە ئەوڕۆکە دەبێ، حەتمەن سبەینێ وەزعی ئابووری و وەزعی فەرهەنگی لە ڕابردوو چاکتر بکا، چونکە شۆڕش بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتووی وەکوو مەنتەقەکەی ئێمە بە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تا حەددێکی زۆر هەموو ئاسیا و ئەولاتریشەوە بڕۆیە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، ئەوەی پێیان دەڵێن دنیای سێهەم، عادەتەن شۆڕش وێرانیی لێ بەجێ دەمێنێ، ئەو وێرانییە چەند ساڵ دەبێ خەڵک باجەکەی بدەن، وەزع چاکتر نابێ، بەڵکوو



سەرچاوە
Serchawe

خرابتریش دەبێ، بەڵام هەدەفەکە ئەوەیە کە هەم دەسەڵات لە دەستی چینە زۆردارەکان بێتە دەرێ و بکەوێتە دەستی تەبەقاتێک کە خەڵک باوەڕی پێیان هەیە و لەنێو خەڵک هەڵقوڵاون، هەمیش بەرەبەرە بناغەی نەزمێکی دیکە دابنرێ، نەزمەکە فەرهەنگییە، ئابوورییە، تەبلیغاتییە یان هەموو جەنبەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

**پرسیار**: مامۆستا ئێستا وەزعەکە تەواو پێچەوانە و جیاوازە لە بارودۆخی پێش شۆڕشی ٥٧. دەبینی کە وەزعی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک چۆنە. پێتان وایە کە شۆڕشێکی دیکە چاوەڕوانی خەڵکی ئێمە دەکا یان کۆمەڵگەی ئێران چیدیکە بەلای شۆڕشدا ناچێ و بیر لە ڕێگەی دیکە دەکاتەوە بۆ گۆڕانکاری؟

**وەڵام**: ئەمن وەکوو هێندێک ڕێکخراو یان کەسی خواپێداو!! ناتوانم پێشبینیی زەمان بکەم، بەڵام پێموایە شۆڕشێکی دیکە ناچار دەبێ ببێ، چونکی ئەو وەزعە ناتوانێ تاسەر بەردەوام بێ، دەبێ ئەو وەزعە بگۆڕێ. لە حاڵێکیشدا کە دێموکراسی لە وڵاتدا حاکم نیە و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گوێ بە قسەی خەڵک نادا، چارناچار دەبێ ڕاپەڕینێکی دیکە ببێ تا بتوانێ ئەو نەزمە وەرگێڕێ، کەوابێ خەڵک نەک تەنێ نەبوون و نابێ تەنێ ببن، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەن زووتر ئەو هەدەفانەی لە ڕاپەڕینی ٥٧ دا نەیانتوانی بە دەستیان بێنن و ئەوە ٤٠ ساڵیشە بە دواییاندا وێڵن و لێیان مەحرووﻣﻦ، وەدی بێنن، پێم وانیە ئەوە تەواو بووە.

**پرسیار**: جەنابتان ئەزموونی ژیان و خەبات بە دژی هەردووک حاکمیەتەکەت هەبووە و لە ڕاپەڕینیشدا بەشداریتان کردوە. پێتان وایە شەرایتەکە، شەرایتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە و ئامادەیی خەڵک و بوێری و ڕوحیاتی خەڵکەکە وا دەبینی کە ئێستا بیانەوێ خۆ لە قەرەی شتێکی وا بدەن؟

**وەڵام**: هێندێک شتی ئێستا لە زەمانی شای خراپترە. مەسەلەن لە زەمانی شایدا، بەتایبەتی لە یەکساڵەی پێش ڕووخانی شادا ئەوەندە ئیمکاناتی ڕەفاهی ڕژابوو بۆ هەمووان کە خەڵک دەیانتوانی بە ٦ مانگ بێنە سەر شەقام و کارەکەیان بەجێ بهێڵن و ژیانیشیان تەئمین بێ، ئێستا ئەکسەرییەتی کۆمەڵگەی ئێران ئەو بوونیە ئابوورییە بەهێزەی نیە و ئەوە زەعفێکە؛ بەڵام لە موقابیلدا ئەو فشار و نائۆمێدییە، ئەوەی پێی دەڵێن سەرخوردەگی ئەوەش گەیشتۆتە جێگایەک کە بە قەولی مارکسیستەکانی زەمانی قەدیم، خەڵک جگە لە زنجیرەکان هیچیان نەماوە لە دەستی بدەن. بۆیە ئەوەی کە دەڵێن هەلومەرجی عەینیی ڕاپەڕین، ئەو هەلومەرجە هەیە، یانی وای لێ هاتوە کە نە خەڵک بۆی تەحەمول دەکرێ و نە حاکمیەت دەتوانێ تا سەر ئاوا بەردەوام بێ. مادام حاکمیەتیش ئەوەی تێدا نیە کە بتوانێ خۆی بگۆڕێ، چارناچار هەر دەکێشرێتە ڕاپەڕینێکی دیکە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: ئەگەر ئەو پرسیارە بەو ڕوویەدا بکەین، هەر لە ساڵەکانی دوای شۆڕشەوە کە شەڕ دەستی پێکرد و پاشان کە شەڕ تەواو بوو، باس لەوە کرا حاکمیەت توانای ئیدارەکردنی وڵاتی نیە و ناتوانێ وڵات بەڕێوە بەرێ، بەڵام دەبینرێ ئەو حکوومەتە ئەوە ٤ دەیەیە بەردەوامە. هێز و قووەتی ئەو ڕێژیمە چی بوو کە توانیویەتی سەرەڕای هەموو گەندەڵیی سیستماتیک و ئەوانە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ؟

**وەڵام**: وەختی خۆی ئێمە ئیختلافێکمان لەگەڵ چەند کەسی دیکە هەبوو، هێندێک دەیانگوت ڕێژیم سەقامگیر بووە، ئێمە دەمانگوت سەقامگیر نەبووە. دەیانگوت ئەوە نیە بیست ساڵە هەیە، ئێمە دەمانگوت ئەگەر بە مانەکەی بێ ساڵی هەوەڵێش هەر مابوو. سەقامگیری ئەوەیە کە خەڵک قبووڵیان کردبێ و مەشرووعیەتی هەبێ و یان هیچ نەبێ دەسەڵاتی هەبێ، غەڵەبەی پەیدا کردبێ، ئەمن لەبیرمە دەورانی شای - ئەتۆ ئیشارەت بە دەورانی شاش کرد - لە مەنتەقەیەکی کە ئەمنی لێ دەژیام، لە سەردەشت، لەسەر پردی کەڵوێ کە نزیکە لە سەردەشت و وورە لە مەهاباد پاسگایەک هەبوو جاری وابوو ١٠ نەفەری لێ بوو جاری وابوو ٧ نەفەری لێ بوو. لەوێ بەولاوە هیچی لێ نەبوو تا دەگەیشتە مەنتەقەی پیرانشار بەڵام دوو ژاندارم وەڕێ دەکەوتن بۆ هەر ئەمریکی دەوڵەتی ئەو مەنتیقە وەسیعەی دەگەڕان چیان ئەمر کردبایە جێبەجێیان دەکرد، کەس نەیدەتوانی فکریش لە نافەرمانی بکاتەوە، بەڵام ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی لەسەر هەموو تەپۆڵکەیەک پایەگایەکی دانابوو. ئەوە سەقامگیری نیە. سەقامگیری ئەوەیە کە ڕێژیمەکە لەگەڵ ئەوەی خۆشەویست نیە، بێزراوە بەڵام غەڵەبەی کردبێ. ئێستا بە باوەڕی من وەزعەکە فەرقی کردوە. ئەوەی پێی دەڵێن و دەتوانین پێی بڵێین سەقامگیری، نەوەک وەک دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی بەڵام تا حەدێک پەیدا بووە ئێستا دیاردەی نیزامگەری لە وڵاتەکە بەو ئەندازەیە نەماوە بەتایبەتی ئەگەر بچینە دەرەوەی کوردستان ئەوە دیاردەیە زۆر کەم بووە لە کوردستانیش زۆری فەرق کردوە بەڵام ئەوەی ئەو ڕێژیمەی تا ئێستا ڕاگرتوە بە باوەڕی من نە ئیسلاحاتی ئیقتسادی، نە ئیسلاحاتی سیاسی، نە مەحبووبیەتیەتی. بەڵکوو تەنیا ئیعمالی زەبروزەنگ و بێڕەحمییەکی لە ڕادەبەدەرە. ڕەنگە ئەوە موقایسەیە زۆر خۆش نەبێ بەڵام دەکرێ بڵێین فەرقی ئەم ڕێژیمە دەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی ئینسانی ئەم عەسرە بوون و زاڵم بوون بەڵام ئەوانەی ئێستا بەڕاستی ئینسانی ئەم عەسرە نین لەگەڵ دنیای موتەمەدین نایەنەوە. پاشا ئەگەر زوڵمی دەکرد، ئەگەر خەڵکی دەکوشت ڕەنگە پێی وانەبووبێ گوناحی کردوە، بەڵام لانیکەم پێی وانەبوو عیبادەتی کردوە. ئەمانە کە خەڵکی دەکوژن پێیان وایە عیبادەتیان کردوە و ئەجریشیان دەدرێتێ. بۆیە فەرقەکە یەکجار زۆرە، ئەمانە بەو بێڕەحمییەوە ماون. بە باوەڕی من ئەگەر لەسەرەتادا ئەمانە بەو ئیدە دینییەی توانیان بەسەر کۆمەڵی ئێراندا زاڵ بن ئێستا هەر ئەوە بۆیان دەبیتە بڵێین نوقتەیەکی لاوازی.

ڕەنگە لە هەڵەدا بم بەڵام پێم وایە ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەی لە مەنتەقەی ئێمەدا هەن، لە ئێران خەتەریان کەمترە، بۆ؟ لە جێی دیکە بۆیە خەتەریان هەیە چونکە خەڵک دەرەبەگایەتییان ئیمتحان کرد، سەرمایەدارییان ئیمتحان کرد،

جۆرێک سۆسیالیزمیان ئیمتحان کرد ئەو خۆشبەختییەی لێی دەگەڕان نەیاندی، بۆیە وەدوای ئیسلامگەرایی کەوتن کە گۆیا هەم لە دونیا هەم لە قیامەت خۆشبەختییان دەداتێ، بەڵام لە ئێران کە ڕێژیمی دینی ئیمتحان کراوە خەڵک وەدوای ناکەوێ، لەدەست ئەمە نەجاتیان بێ باوەڕ ناکەم ڕێژیمێکی دیکەی دینی بێنن. بەباوەڕی من نوقتەی قوەتیان هەر زەبروزەنگ و بێڕەحمییە. دووپاتی دەکەمەوە: نەجات بوون لەو ڕێژیمە ئاسان نیە، بەڵام ئیجبارییە و هەردەبێ ڕوو بدا.

**پرسیار**: مامۆستا کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە دەکەوێتە قۆناغێکی دیکە لە خەبات و مافخوازی و وەزعیەتی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. پێتان وایە کوردستان زەرەرمەندی سەرەکیی شۆڕشی ساڵی ٥٧ بوو؟ یان بە پێی هەلومەرجی ئێستای کوردستان یان ئەو مەوقعیەتە کە ئێستا کوردستان لە موبارزە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەتی بۆ ئەو جێگای شانازییە و هەنگاوێک بۆ پێشەوەیە لە چاو کۆمەڵگەی ئێران؟

**وەڵام**: ئەمن پێم وایە بە هیچ حاڵ دروست نیە ئێمە بڵێین کوردستان زەرەرمەندی سەرەکی لە ئینقلابی ئیسلامی بووە، چونکە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ کوردستان نەک وەک شوعار بڵێین سەنگەری تەسخیرناپەزیرە. بەڵام تەنیا مەنتەقەیە کە تەسلیمی کۆماری ئیسلامی نەبووە، ئیدەکانی جوداییری، ئازادیخوازی، ئازادەمنشیی لە خۆیدا هەر ڕاگرتوون. کەوابێ کوردستان زەرەرمەندی یەکەم نیە و کەمتر لەوانی دیکەش زیانی پێ گەیوە. ئەگەر باسی کوشتن بێ زۆری لێ کوژراوە، ئەگەر قسە لە زوڵم و زۆری ئابووری بێ، زۆری بینیوە. هەرچەند بەینی خۆمان بێ خەڵکی کوردستان بە جۆرێکی دیکە ئەمەیان قەرەبوو کردۆتەوە، ئێستا کوردستان ئیدی دواکەوتووترین مەنتەقەی ئێران نیە، ئێستا کوردستان برسیترین ناوچەی ئێرانیش نیە، ئێستا شارێکی وەک بانە لە کوردستان بۆ تاران بۆتە دوبەی. کەوایە کوردستان دیسان لەتوانایدا هەیە ئەگە ڕۆژی خۆی هات جارێکی دیکە ببووژێتەوە و بێتەوە مەیدان و نەقشی خۆی یاری بکا. ئەمن پێم باش نیە ئێمە لەسەر نەخشی کوردستان موبالغە بکەین و بڵێین ئێران لە کوردستانەوە ئازاد دەبێ. ئەمە شوعارێکی زێدەڕۆیانەیە. ئێران لە ئێرانەوە یان ئەگەر جێیەک دابنێین، لە تارانەوە ڕزگار دەبێ. بەڵام پێم وایە ئەو پارچە زەمینەی پێی دەڵێن کوردستان هێندی هەموو پارچە زەمینەکی بەقەدەر خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران و بگرە زیاتریش لە هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکدا کە لە ئێران هەڵگیرسێ، نەخش یاری دەکا.

**پرسیار**: هەمیشە لە ساڵیادی شۆڕشدا ئەو پرسیارە دەکرێ کە بەڕاستی کورد توانیوێتی لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ ئیستفادە بکا یان کورد بۆخۆی نەیتوانیوە کێشە نێوخۆیەکانی کورد نەیتوانیوە بەراستی؟

**وەڵام**: ئێمە هەست بە برینی خۆمان دەکەین و سروشتییشە، بۆیە پێمان وایە خەڵکی دیکە لە هیچیان کەم نیە. ڕاستە ئێمە

بەشی: سێهەم

ئیختلافاتمەن زۆرە زۆر عەیبمان هەن، بەڵام کام لە هیزە سیاسییەکانی ئێران، کام لە هیزە سیاسییەکانی دیکەی کورد لە ئێمە کەم خیلافترن و پتر لەمەیداندان و حزووریان زۆرترە؟ کەوایە لەو بارەیەشەوە وەک کورد دەڵێ لە چاو شەلان پەیتین. (ڕەنگە پەیتەکە لە پەیکەوە هاتبێ). ئێستاش کوردستان لە هەمووان باشترە، بۆ ئێمە هێندە بە عەینەکی ڕەش تەماشای کوردستان بکەین؟ خۆ لەو بارەیەوە کە ئەوە غەمی خۆمانە حەقمانە گلەیی لە تەک تەکمان بکەین، لە حیزبەکانمان بکەین تەنانەت گلەیی لە کۆمەڵانی خەڵکیش بکەین. زۆرجار ئێمە هەر بەسەری حیزبەکاندا دەدەین و کۆمەڵانی خەڵک هەڵداوێرین. نەخەیر ئەوانیش نەقشیان هەیە، ئەوانیش بەسەر حیزبەکاندا دابەش دەبن، ئەوانیش نەقشی خۆیان وەک عامڵێکی فشار یاری ناکەن. ساڵی ١٣٥٨ شتێک بە ناوی هەیئەتی نمایەندگیی خەلقی کورد دروست بوو. باوەڕ بکە خەڵک بەزۆری بەسەر حیزبەکانیاندا سەپاند، پیاوماقووڵان و نوێنەرانی لە شارەکان ڕا هاتنە دەرێ گوتیان دەبێ ڕێک کەون تا حەدێک لە نەتیجەی تین بۆهینان و ئیسراری خەڵکەکەدا بوو کە ڕێک کەوتن. خەڵک ئێستاش دەتوانن ئەو نەقشە بگێڕن. کە نایکەن، ئەوانیش گلەییان لەسەرە.

**پرسیار**: ئێوە پێتانوایە ئەگەر شەڕایتێکی وا بێتە پێشێ ئێمە دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین؟

**وەڵام**: ئەمن پێم وایە ئێستا لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان، لەگەڵ هەموو دوورییەکانمان لە مەیدانە ئەسڵییەکە ئەوەی پێیان دەڵێن ئەحزابی سیاسی ئۆپۆزیسیونی کوردی دەوری خۆیان هەیە، پێگەی خۆیان هەیە و بێ ئەدەبی نابێ ئەگەر بڵێین دیسان نوقتەی ئومێدی خەڵکن.

**پرسیار**: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی پێت داین. ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی داهاتووی ئێران و کوردستان شتێکی نەگوتراو هەیە باسی بکەن؟

**وەڵام**: شتی نەگوتراو لەوانەیە زۆر بێ بەڵام ئەوەی دەمەوێ بیڵێم هەر ئەوەیە کە حەز ناکەم ئەوەندە بە بەدبینییەوە لەخۆمان بڕوانین، ئەوەندە سەرکۆنەی خۆمان بکەین، دەبێ لە هەموو کەس زیاتر کەم و کوڕییەکانمان ببینین، چونکە ئەگەر نەیانبینین ناتوانین چارەسەریان بکەین بەڵام نابێ کەموکووڕییەکانمان ببنە باعسی نائومێدیمان.

(لە ژمارەی ٧٢٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## لەسەر وتووێژەکانی نێوان تاران و کوردستان

**دیمانە: عەلی لەیلاخ**

ناوەند سەرەڕای شۆڕشێک کە بۆ هەڵتەکاندنی سیاسەت و بیروبۆچوونەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بە نیسبەتی پرسی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەکی کرابوو، لە زۆر شتدا هەر هەمان خوێندنەوە و ڕوانگەی هەیە. پرسی نەتەوەکان و ماف و داوای جۆراوجۆرییەکانی ئێران یەک لەوان بوو.

دوای خۆڕاگری و بەربەرەکانیی کورد لە بەرامبەر هێرشی بەربڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەهۆی شکستی هێزە چەکدارەکان لە قۆناغەکانی یەکەمی پەلامار بۆ سەر کوردستان؛ چەند دیدار و دانیشتنێک لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و نوێنەرانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێک هات. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەک لە لایەنەکانی بەشدار لەم وتوویژ و چاوپێکەوتنانە بوو.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات یەک لەو کەسانەیە لەم دانیشتنانەدا بەشدار بووە کە بە بەشداریی "دارییووش فرووهەر، هاشم سەباغیان و عیزەتوڵڵا سەحابی" وەک نێردراوانی دەوڵەت لەژێر ناوی "هەیئەتی حوسنی نییەت"دا پێک هاتبوو.

بە ڕای مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هەیئەتی ناوبراو دەسەڵاتی ئیجرایی نەبوو، بەڵکوو تەنیا هاتبوون بۆ پرسیار کردن و گوێگرتن و بەتەواوی ئەم بێدەسەڵاتییەیان پێوە دیار بوو.

مامۆستا حەسەنزادە لەو بارەوە دەڵێ: "ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم حوسنی نییەتیان هەبوو یا نا، بەڵام لە ڕەفتاریاندا دیار بوو کە بۆ چارەسەری پرسی ئێمە (نەتەوەی کورد) نەهاتبوون؛ بەڵکوو دەوڵەتی مووەقەت لەبەر لاوازیی (پێگەی خۆیان) و گرینگیی کوردستان ئامادە بووە نوێنەرانی خۆی بنێرێ کە دواتر ئایەتوڵڵا خومەینی گلەیی لەو کارە دەکا و دەڵێ: "ئەمن گوتم سەرەتا گەمارۆ ئینجا گفتوگۆ، (اول محاصر بعد مذاکره)." هەر ئەمەش ڕێگەی بۆ شەڕی سێ مانگە خۆش کرد."مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دی لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بە ئاماژە بە چۆنیەتیی سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧

بەشی: سێهەم

گوتی:

"ڕاستە ئێران وڵاتی گەلانی جۆراوجۆرە و لەسەر گۆڕانی سیاسیی ٥٧ کاریگەرییان هەبووە، بەڵام واقعیەتی شۆڕشی ٥٧ بە حوکمی ئەوەی موئەسساتی دینی و ئیسلامی جڵەوکێشی ئەو شۆڕشە بوون، لە ڕاستییدا شۆڕشی ئیسلامی بوو و خومەینیش ڕێبەری بوو. زۆر جار دەگوترێ ئەو شۆڕشە بە تاڵان براوە، قەت وا نییە کە بڵێین گەلانی ئێران شۆڕشیان کردوە و ئینجا ئیسلامییەکان دەستیان بەسەردا گرتوە؛ بەڵام ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان نابێ هەر بەوە بناسرێ کە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەرکار، چونکە لەو ڕۆژەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی بە گشتی و بە تایبەتی دەسەڵاتی ٥٣ ساڵەی پەهلەوی هات، کە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان ستەم و زوڵمی زۆریان لەو دەسەڵاتە چێشتبوو."

لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا، بەڕێز حەسەنزادە بە ئاماژەدان بە ڕووداوەکانی شۆڕشی ٥٧ بە تایبەتی لە کوردستاندا گوتی:

"بە بۆنەی مەرگی کاک عەزیز یووسفی، تێکۆشەری دێموکرات لە شاری مەهاباد نارەزایەتییەکان دەستی پێکرد و دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بەرجەستەبوونی پرسی کورد، لە یەکەم دیداردا و بەبێ ئەوەی بابەتێکی ڕێکخراو بێ، لە هەمان ڕۆژدا پادگانی مەهاباد دەستی بەسەردا گیرا. "هەیئەتی حوسنی نییەت" و نوێنەرانی حکوومەت پێیان وابوو کە بە ئەنقەست لەو ڕۆژەدا ئەو کارە کراوە، کە نیشان بدا "حوسنی نییەت' نییە! بەڵام هەر زوو پێیان گوترا کە ئەو ڕووداوە؛ ئەوەڵەن پێشتر بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو. دووەمەن ئێمە پادگانێکی بەقەول "طاغوتی" مان گرتوە. بۆ ئەگەر لە شارێکی دیکە وەکوو تاران و تەورێز شتی وا ڕوو دەدا بە حەماسەوە باسی دەکەن، بەڵام لە کوردستان بە گومانەوە؟ ئەزقەزا کاتێک پادگانی مەهاباد گیرا - یەکێک لە ناوەندە سەرکوتکەرەکانی نەتەوەی کورد- هەمان ڕۆژ ڕادیۆ تاران بە حەماسەوە باسی لەوە کرد کە پادگانی "طاغوتی" لە شاری مەهاباد لە لایەن هێزی گەلەوە دەستی بەسەردا گیراوە."

بەڕێز مامۆستا لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژە هەستیارانە لە سەروبەندی دانیشتنەکانی نێوان نوێنەرانی تاران و کوردستان ئاماژەی بە داواکارییەکان کرد و گوتی:

"نوێنەرانی تاران لە ڕاستیدا نەهاتبوون بۆ چارەسەری و زیاتر بۆ سەرنجدان بە دۆخەکە هاتبوون. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات داواکارییەکانمان ڕوون بوو، چ ئەو کات کە داوای خودموختارییمان دەکرد لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا و چ وەکوو ئێستا کە باس لە فیدرالیزم دەکەین کە ئەویش هەر لە چوارچێوەی خاکی ئێراندایە. ئێمە سوور بووین بۆ

چارەسەری ئەو کێشەیە بەڵام هەیئەتە جۆراوجۆرەکانی تاران هەنگاوی جیدییان هەڵنەهێنا و بەبێ دەسەڵاتی بڕیاردان سەردانیان دەکرد، چون لە سەرەوەی ئەوان کە خومەینی بێ، باوەڕی بە مافی گەلان نەبوو! هەروەها ڕادەی "حسن نیت" لە نێو هەیئەتەکاندا جیاوازیی هەبوو."

ڕێزدار حەسەنزادە لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانینی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ پرسی نەتەوەیی و مافەکانی دیکەی گەلی کورد گوتی:

"هەر حەوتوویەک دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، هەیئەتێکی بەربڵاو و پێکهاتوو لە چین و سێنفە جیاجیاکان، سەردانی تارانیان کرد و دوکتور قاسملووشیان لەگەڵ بوو. بەڵام هەر بەخێرهاتنێکی تەشریفاتی و دواتر هاتبوونەوە. بەڵام لە دیدارەکانی دیکەدا بۆخۆم لەگەڵ بووم، هەم بۆ تاران و هەم بۆ قوم. لە دیداری قوم کە چاومان بە ئایەتوڵڵا خومەینی کەوت، ئەڵبەت پاش حەوتوویەک مۆڵەت وەرگرتن بۆ چاوپێکەوتن و، لە کاتێکیشدا کە ڕامانگەیاندبوو ئێمە ئەو ٨ کەسە نوێنەرانی دێموکرات نین، بەڵکوو نوێنەری چین و توێژەکانی خەڵکی مەهابادین و کۆمەڵێک داواکاریمان هەیە. پاش حەوتوویەک چاوەڕوانی، دەکرێ بڵێم لەو دیدارەدا تەنیا نیزیک بە دە دەقە دانیشت و گوێی لە قسەکانی ئێمە گرت.

لەو دە دەقەش عەینی ئەو قسانەی دووپات کردەوە کە نابێ پەلە بکەن! پاشان بە فیکری خۆم ویستم زیرەکی بکەم و قسەیەکی لە زار دەربێنم گوتم: هەموو ئەوشتانەی کە دەفەرمووی نابێ پەلەمان هەبێ قەبووڵە. بەڵام تەنیا یەک پرسیار؛ ئێمە وەکوو خەڵکی کوردستان لە ڕێژیمی پاشایەتی زوڵمی جۆراوجۆرمان دیتوە، ئێستا دەمانهەوێ بزانین لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا چی دەبێ؟ کەس دڵی ئاو ناخواتەوە مەگەر لە زاری جەنابتەوە بگوترێ! خومەینی بەبێ ئەوەی وڵامێک بە "ئەرێ" یان "نا" بداتەوە، گوتی: هەر کەس دێ دەڵێ شا زوڵمی لە ئێمە کردوە. کورد دێ وا دەڵێ، تورک دێ وا دەڵێ و تەنانەت هێنایە سەر شارەکان و گوتی: ئیسفەهانی وا دەڵێ، شیرازی وا دەڵێ و... ئێمە بۆخۆمان لەم شاری قومە لە زەمانی پاشایەتی، هەقمان نەبوو بەئازادی مەراسمی ئاییینی تاسووعا و عاشوورا بەڕێوە ببەین. خومەینی بەو قسانە خۆی بوارد لە ئەسڵی پرسیاری من و مەوزووعاتی ئێمەی بەو جۆرە کردە "تەپ و تۆز" و دەتوانم بڵێم بە زیرەکییەوە خۆی لە ڕاستییەکان بوارد. خومەینی نە گوتی مافتان نادەینێ کە خەڵک پشتی لێ بکا و نە گوتی مافەکانتان دەدەینێ، هەتا لە سەری نەبێتە ماڵ."

لە درێژەی بابەتەکەدا باسی دانیشتنەکانی نوێنەرانی تاران و کورد لە شاری سنە کرا، کە لە بەڵگەنامەکانی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم خانی یوونسی ئەو کات ئوستانداری پارێزگای سنە بووە، لەگەڵ دژبەرانی ڕێژیم

نەرمی نواندوە و  ئەمنیەتی سنەیان تێک داوە.

بەڕێزیان لەو بارەوە گوتی:

"ڕاستە ئیبراهیم خانی یوونسی لەو سەروبەندەدا ئوستاندار بوو بەڵام ئەو لەوێ نەبوو بەڵکوو جێگرەکەی واتە ئاغای کولیجی لەوێ بوو کە هیچ نەقش و دەسەڵاتی دەوڵەتی نەبوو. ئەساسەن ئەو هەیئەتە بۆ موزاکرە نەهاتبوون، بەڵکوو ئەو هەیئەتە لە ئاکامی شەڕی سنە، گەیشتبوونە سنە و - لە تاقەتی ئەم دیدارەشدا نییە کە باس لە هۆکاری ئەو شەڕە بکەین-، ئەوان هاتبوون بۆ دامرکاندنی شەڕ بەڵام لە کاتی دانیشتنەکەدا هەم شەڕ هەبوو، هەمیش دەوڵەت هێندێک حەرەکەتی منداڵانەیان کرد وەکوو "شکاندنی دیواری سەوتی" بە فڕۆکە جەنگییەکان؛ ئەویش ڕاست بەسەر ئەو شوێنەی کە دوو هەیئەت دانیشتبووین و قسەمان دەکرد."

مامۆستا حەسەنزادە بە باس کردن لە بارودۆخی ئەو کاتی شاری سنە و دیدار لەگەڵ نوێنەرانی دیکەی کورد وەکوو کاک ئەحمەد موفتیزادە و ئەو تاوانانەی کە هێندێک لایەن باسی دەکەن، گوتی:

"ئەگەر بمهەوێ وەکوو تاریخ لەسەر کاک ئەحمەدی موفتیزادە باس بکەم دەبێ بڵێم کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە زەمانی شادا یەکێک لە تێکۆشەرانی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتی بوو. تەنانەت بە تاق و تەنیا بە دەستخەتی خۆی بەیاننامەی دەنووسی و بە ئیمزای خۆی بڵاوی دەکردەوە و پیاوێکی بوێر و ئازا بوو. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە وەک بۆخۆی دەڵێ پاشخانێکی فیکریی ئایینیی هەبوو. ئەو حکوومەتەش (کۆماری ئیسلامی) بەناوی ئایینەوە هاتبوە سەرکار، هەر بۆیە ئەویان بەجیا دەدواند و تا ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر دانابوو کە هەرچەند من بۆخۆم لێم نەبیستوە بەڵام گوتبووی: "خودموختاری لە گیرفانمدایە"! پاشان ناکۆکی کەوتە نێوان کاک ئەحمەد و مەرحووم شێخ عیزەدین حوسەینی کە هۆکارەکەشی دەتوانێ سازمانە سیاسییەکانی ئەو کات بێ.

ڕۆژێک پێش دیداری سنە هەردووکیان (کاک ئەحمەد و شێخ عیزەدین) لە سەقز یەکتریان بینی و بڕیاریان دا کە کەس بەجیا بەناوی گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەت و میدیاکان قسە نەکا. بەو جۆرە ڕێک کەوتن، بەڵام شەوەکەی لە تەلەڤیزیۆنەوە چاومان لێبوو کە کاک ئەحمەد قسە دەکا و خودا هەڵناگرێ هەرچەند لە کۆبوونەوەکە چاکی قسە کرد بەڵام لەوەی تەلەڤیزیۆن خراپی گوت و ئێمەی کوردی تاوانبار کرد. با ئەو ڕاستییەش بۆ مێژوو بڵێم کە ئێمەش هەڵەمان بووە بەڵام لانیکەم دەبێ پەنجا پەنجا دابەشی بکەن. خۆشباوەڕی و خۆشقەلبیی کاک ئەحمەد بووە هۆی ئەوەی ئەو لە ئێمە

جیا بکاتەوە و هەر ئەو خەسڵەتەش بووە هۆی ئەوەی سەری لەو پێناوەدا دانێ."

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشی پێوەندیدار بە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ۱۳۵۷دا گوتی:

"ئێمە بە ڕەچاوکردنی ڕووداوەکانی ئێران بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەگەرچی درەنگ موافقەتی لەسەر کرا و، ئاخری کومیتەی زاگرۆس پێک هات - بە ڕاستگۆیی بڵێم حیزبی دێموکرات بە هۆی تەحلیلی جۆراوجۆر درەنگ گەڕاوە - و دوکتور قاسملوو گوتی دەبێ بگەڕێینەوە نێوخۆ، ئەو حەرەکەتە تا ئاخر دەڕوا.

پاش گەڕانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات، توانی ئاراستەیەکی جیاواز بە خۆپیشاندان و دروشمەکان بدا و، ڕاستە حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی لە ئاستی ئێراندا کاریگەریی هەبێ، بەڵام لە کوردستان و بە تایبەتی لە مەهاباد نەقشی یەکلاکەرەوەی هەبوو.

لە کۆتاییدا لەمەڕ نەرمی نواندنی نوێنەرانی کورد کە ئەو کات بەهێز بوون و دەوڵەتی ناوەندیش لاواز، گوتی:

"قەت لایەنە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی لە دانیشتنەکاندا نەرمی نەنواندوە و، دەبێ ئەو واقعە قەبووڵ بکەین کە کورد لە ئێران هێزی سەرتر نییە و ئێمەش وەکوو هێزی کوردی نە توندوتیژییمان نواندوە نە نەرمیش و ئێمە تەسلیم نەبووین و، نوێنەرانی تارانیش نەهاتبوون بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد! هاتبوون بە گوتەی خۆیان بۆ "رفع غائلەی کوردستان" و بۆ یەک جاریش موزاکرە لەسەر مەسەلەی کوردستان نەکرا."

---------

دەگەڵ داوای لێبوردن:

خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"! بەداخەوە وتاری من لە کۆنفرانسی یادی د. قاسملوو لە سێنای فەڕانسە کە ژمارەی پێشوو(٧٦٨) هەر لەم لاپەڕەیەدا داندرابوو، هەڵەیەکی زەقی تێکەوتوە کە خەتاکەی هی خۆم بووە.

وێڕای داوای لێبوردن بەمجۆرە ڕاستی دەکەمەوە:

١- لەدێڕی چوارەمی پاڕاگڕافی چوارەمی ستوونی ٣دا (١٩٧٢) دەکرێتە (١٩٧٧).

بەشی: سێهەم

٢- ٥ دێڕی کۆتایی هەر ئەو پاڕاگڕافە بەمجۆرە ڕاست دەکرێتەوە:

ناوچە و بە تایبەتی ناکۆکیی نێوان هێندێک لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بوونە کۆسپی سەر ڕێگای پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەمجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی ماویەوە

عەبدوڵڵاحەسەنزادە

٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ هەتاوی

لە ژمارە ٧٦٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠

# وتوویژ "تیشک" لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە

## ژیاننامە

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کوڕی حەسەن، ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسێری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و لە منداڵییەوە خراوتە بەر خوێندنی مەدرەسەی مەلایەتی و ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە و ٧ ساڵ لە دوو دێ دەرسی گوتۆتەوە.

لە تەمەنی لاوییەتییەوە پەیوەندیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کردووە و بەشدار بووە لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ماوەی سێ دەورە جێگری سکرتێر و سێ دەورەش سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە.

یەکێک لە قەڵەمە دیار و وەرگێڕەکانی کوردە کە خاوەنی زمان و شێوەی وەرگێڕانی تایبەتی خۆیەتی، پتر لە پازدە بەرهەمی نووسراو و وەرگێڕدراوی لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە. بەشێک لە بەرهەمە ناسراو و وەرگێڕدراوەکانی ناوبراو: (حەمەدۆک، بیرەوەریی دوورخراوەیەک، دان چەرمو، گێلە پیاو، نزا بۆ ئارمین، کوردستان و کورد)....هتد.

لە ماوەی ژیانیدا دەیان خەڵاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی پێ بەخشراوە کە یەکێک لەوان دوکتۆرای ئیفتیخاری لە بواری وەرگێڕان لە زانکۆی کۆیە و هەروەها ئەندامەتیی ئیفتخاری لە ئاکادیمیای کوردی بوو. لە چوار دەیەی کۆتایی سەددەی بیستەمدا هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی و تێکەڵاویی لەگەڵ مەسعوود محەممەد، د. عێزەددین مستەفا ڕەسووڵ، د. کەمال مەزهەر و زۆری دیکە لە گەورە نووسەرانی باشووری کودستاندا هەبووە.

ئێستا سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبییە.

**تیشک**: سڵاو و ڕێز مامۆستا گیان هیوادارم کە باش بێت، سپاس بۆ ئەم دەرفەتە کە بۆ گۆڤاری تیشک ڕەخساندووتە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بگەینە خزمەتت و چەند پرسیارێک تاوتوێ بکەین.

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: سپاست دەکەم، ئیشەڵڵا ئێوە سەرکەوتوو بن و دەستتان خۆش بۆ ئەو گۆڤارە جوانە کە چەند ژمارەیەکتان لێ دەرکردووە، تیشک کۆنە بەڵام بە شێوەی ئێستای تازەیە.

**تیشک**: مامۆستا گیان با پرسیارەکان لە کۆنەوە دەست پێ بکەین. حیزبی دێموکڕات لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بایەخێکی زۆری بە ڕەهەندی فەرهەنگیی کوردستان دا، دواتریش لە هەر باسێ کە ڕوو بە تاران دووپاتی کردووەتەوە، پێداگر بووە لەسەر ئەو بابەتە. هۆکارەکەی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: بە باوەڕی من باشتر وایە بڵێین باری زمانی. چونکە فەرهەنگ دەتوانێ زۆر شت بگرێتەوە. هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە، ئەدەبیات، کەلەپوور، پیشە دەستییەکان و دابونەریت و هتد... هەریەکە جۆگەلەیەکی ڕووباری فەرهەنگن. بەڵام بۆچی لە هەموو دەرفەتەکاندا ئاوڕ لە زمان و پێشخستنی زمان و هەوڵی بەڕەسمیناسرانی زمانی کوردی دراوە؟ لە تاریفی نەتەوەدا دەگوترا نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێک دەڵێن کە خاوەنی خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، زمانی هاوبەش و دابونەریتی هاوبەش بن و هێندێ جار ئابووریی هاوبەشیشی لێ زیاد دەکرا. واتە کۆمەڵگەیەکی ئینسانی، ئەو کاتە دەتوانێ خۆی بە نەتەوە بزانێ کە خاوەنی هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە بێ. دیارە نەتەوەی کورد هەموو ئەو هاوبەشییانەی هەیە جگە لە ئابووریی هاوبەش، ئەویش بەو هۆیەوەیە کە کورد خۆی و خاکەکەی بەدوور لە ویستی خۆی لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە و ئابوورییەکەی لە هەر بەشێکی کوردستان، پاشکۆیەک لە سیستەمی ئابووریی وڵاتەکە بووە.

لە نێو ئەوانەدا نەخشی زمانی هاوبەش لە یەکیەتیی نەتەوەییدا لە هەموو مەرجەکانی دیکە کاریگەرترە. چونکە زۆر جار کۆمەڵە مرۆڤێک لە یەک وڵاتدا دەژین، مێژووی پێگەیشتنیان یەکە، ئابوورییەکی بەیەکەوەبەستراویان هەیە و لە ئاکامی سەدان و هەزاران ساڵ پێکەوەژیاندا دابونەریتی هاوبەشیشیان بۆ دروست بووە، بەڵام مادام زمانەکەیان هاوبەش نییە، خۆیان بە یەک نەتەوە نازانن و نامۆیی لە یەکتر دەکەن. هەر وڵاتانی کوردنشین بە نموونە بگرین، کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا ڕیزە فاکتەرێکی هاوبەشی دەگەڵ هاونیشتمانە غەیرەکوردەکانی هەیە، بەڵام چونکە زمانەکە یەک نییە خۆی بە بەشێک لەو گەلانە نازانێ و هاونەتەوەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەش، زۆر وایە کۆمەڵە مرۆڤێک ڕیشەی نەتەوەیی و مێژووی کۆنیان بۆ نەتەوەیەک دەگەڕێتەوە بەڵام چونکە زمانەکەیان گۆڕاوە دەگەڵ هاوزمانە تازەکانیان هەست بە یەکیەتیی نەتەوەیی دەکەن. نموونە بە سەیدەکانی کوردستان بێنینەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بنەچەکە، ئەوان لە ئەولادی حەسن و حوسێنن و لە ڕیشەدا عەرەبن، بەڵام کە

بەشی: سێهەم

لێرەن و زمانیان کوردییە، بە سەیدێک بڵێی ئەتۆ کورد نی، بە گژتدا دێتەوە. کوردێک لێرە هەڵگرە بیبە هەر وڵاتێکی بێگانە، هەتا ئەو وەختەی زمانەکەی خۆی لەبیرە، دەگەڵ ئەوەی لە خاکەکەی نەماوە، پێوەندییە هاوبەشەکەی دەگەڵ هاوخوێنەکانی نەماوە، نەوە و نەتیژەشی هەر کوردن. بەڵام کە زمانەکە لەبیر چووەوە، نەسلەکانی دوایی ئەوپەڕەکەی وەک لە زمانی فارسیدا دەگوترێ خۆیان بە «کوردتبار» واتە بەڕەگەز کورد دەزانن.

کە وابوو، میلاکی سەرەکی بۆ بوونی کۆمەڵە ئینسانێک بە نەتەوە، زمانە. خۆ دەزانین لە کۆنیشەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نەتەوەی کورد لە مافی بەکارهینانی زمانی خۆی بێبەش کراوە. بۆیە لە هەموو دەرفەتەکاندا، هەوڵدان بۆ ئەوەی زمانی کوردی بەکار بهێنرێ و بەتایبەتی بەڕەسمی بناسرێ، لە جێی خۆیدا بووە. ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە تاراوگە دەردەچێ،یانی ڕووناکبیرانی کورد وەک هەوڵێگ بۆ ئەوەی زمانی خۆیان بەکار بەرن، دەچن لە هەندەران ڕۆژنامەی کوردی دەردەکەن. کەوایە تەئکیدکردن لەسەر بەڕەسمیناسرانی زمانی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە جێی خۆیدا بووە و ئیستاش هەر لە جێگای خۆیەتی.

**تیشک:** مامۆستا "عەبدوڵڵا پەشێو" کە پێموایە دۆستی نزیکی بەڕێزیشتانە لە نەوەدەکاندا وتوویەتی: ڕۆژنامەی کوردستان پارێزەری زمانی کوردییە. ئایا ئیستاش زمانی کوردیی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لەو ئاستەدایە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** هێندێک جار ناخۆشە پیاو بیروباوەڕی خۆی دەربڕێ بەتایبەتی لەسەر بابەتێک کە پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە و هی خۆیەتی. ئەوەی مامۆستا پەشێو لە نەوەدەکاندا گوتوویەتی جێی دڵخۆشییە، بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا شتی زۆر زیاتریش لەسەر ئەوە هەبوو. گەورە نووسەرەکانی باشووری کوردستان یان بڵێین کوردستانی عێراق دەیانگوت ئەو مەتڵەبەی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ دەکرێ ئێمە لەمێژە خوێندوومانەتەوە، لە مێژە بیستوومانە. بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی زمانەکەی لێ فێر بین. ڕەحمەتی "محەممەدی مەلا کەریم" بۆ خوێندن چووبووە شووڕەوی، لەوێرا نامەیەکی ناردبوو بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەدا چاپ بکرێ. نووسیبووی ژیان لێرە زۆر ناخۆشە، لەم دووروڵاتە تەنیا بەوە دەژیم کە چاپەمەنیی کوردیم بۆ دێ، سپاسی ئەوانەی کردبوو کە بۆی دەنێرن. پاشان گوتبووی بەڵام باشە ئەو زمانە بۆ وای لێهاتووە؟ ناوی چەند کەسی بردبوو، بە تەوازوعەوە دەڵێم یەکیان ئەمن بووم، نووسیبووی ئەمانە نەماون، حەسەنی قزڵجی نەماوە، هەژار نەماوە، هێمن نەماوە، ئەوی دی نەماوە؟ بۆ ناچن زمانیان لێ فێر بن؟ یانی گەورە نووسەرەکان قەبووڵیان بوو کە زمانی ڕۆژنامەی کوردستان زمانێکە دەبێ لێی فێر بن. بەڵام زۆر بە داخەوە دەڵێم نەخێر زمانی ڕۆژنامەی کوردستان و ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات کە دەڵێم حیزبی دیموکرات ناوی تەواوی ناڵێم بۆ ئەوەیە دێموکراتەکە بە تەواوی بگرێتەوە، بەداخەوە زمانەکە لەو ئاستەدا نابینم.

بەشی: سێهەم

یانی ئەگەر جاران ڕووناکبیرەکانی کوردی باشوور دەیانویست لە «کوردستان» فێری کوردی بن، ئیستا نووسەرەکانی ئێمە لەوانی باشوور فێر دەبن، ئەویش نەک لە کوردی زانەکان، بەڵکوو لە کوردی نەزانەکان، بەتایبەتی شتی سەیریش! بۆ نموونە کوردی ئێمەش دەڵێن: "کوجا مەرحەبا"! کجا مرحبا فارسییەکی غەڵەتە. بەداخەوە پیاوێکی گەورە بەکاری هێناوە. یەکەمجار گۆرانی مەزن بەکاری هێنا! بەڵام کوجا مەرحەبا یانی چی؟ فارس دەڵێ «کجا بر کجا»، تۆمەز لە ڕادیۆ گوێی لێ بووە، لە «بەرکوجا»کەی حاڵی نەبووە، بە مەرحەبای نووسیوە. کورد دەڵێ "چیی بەسەر چییەوە"، فارس دەڵێ "کجا بر کجا"، عەرەب دەڵێ "این هذا من ذاک" کەچی ئیستە ڕووناکبیرەکانی ئێمەش "کوجا مەرحەبا" بەکار دێنن. ڕووناکبیرەکانی ئێمەش دەنووسن، شەڕەنگێز، ڕووناکبیرەکانی ئێمەش دەنووسن ئامادەباشی، ئامادەباش فارسییە، بەڵام کەلیمەکە ئامادەباشە نەک ئامادەباشی، ئەوە نموونەیەکە لە دەیان و سەدان و بەداخەوە هەزاران نموونە، بۆیە بە هەموو داخمەوە دەڵێم زمان و ئەدەبیاتی میدیای حیزبی دێموکرات، ئێستا لەو ئاستەدا نەماوە.

**تیشک**: لە شاخ ڕادیۆ دەنگی کوردستانتان دامەزراند، بە پەسەندی دۆست و دوژمن میدیایەکی ڕاستگۆ بوو، ئەو سەردەمە خەباتی چەکداری و پاراستنی نهێنییەکانتان چۆن لەگەڵ میدیا یەک دەخستەوە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە ئەم دووانە ناتەباییان لەنێودا نییە، چونکە کاروباری خەباتی چەکداری دوو بەشی هەیە. بەشێکی نەخشەداڕێژییە، کە تەبیعەتەن بەنهێنی دەکرێ، بەشەکەی دیکەی عەمەلییە، تەقەی تفەنگ و شەستیر و ئارپی جی و تۆپ و تەیارە و ئەوانەیە کە بە ئاشکرا دەبیسترێ، کەوابێ، شتە نهێنییەکە لە کاری چەکدارانەدا نەخشەداڕشتنە کە عادەتەن لە بەینی چەند فەرماندەدایە، بەڵام بەڕێوەبردنەکەی شتێک نییە کە نهێنی بێ، عەلەنییە. لە پاشان کاری حیزبییش هەر دەبێتە دوو بەش. بەشی زۆری بۆ ڕاگەیاندن و کارپێکردنە و بەشی کەمتری نهێنییە. بۆ وێنە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ڕێبەرییەکەی، ئۆرگانێکی دیکەی کۆ دەبێتەوە و بڕیار دەدا، ئەو بڕیارە لە سەدا پێنجی وایە کە دەبێ نهێنی بێ، ئەوی دیکەی بۆ ئەوە نییە لە زەین و مێشکی چەند کەسدا قەتیس بێ. بۆ ئەوەیە خەڵک بیزانن، دەبێ وابێ کە هەموو کەس بیزانێ. زۆر جار لەسەر نهێنیکاریی تێکۆشەرانی حیزبی، ئێمەش و حیزبی دیکەش بە هەڵە دەچن، پێیان وایە هەموو شتێک دەبێ نهێنی بێ. نەخەیر، لە سەدا یەکی ڕەنگە نهێنی بێ، ئەوی دیکەی دەبێ خەڵک بیزانێ. مەبەستم ئەوەیە ئەو دووانە پێکەوە ناتەبا نین، دەتوانرێ هەر دووکیان لە یەک کاتدا بەڕێوە بچن. با لێشی زیاد بکەم کە کاری میدیا بەشی هەرە زۆری گەیاندنی شتە ئاشکراکانە.

**تیشک**: لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا وتاری ڕۆژتان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاو کردووەتەوە، کە بەشی زۆریان، بەڕێزتان و شەهید دوکتور "سادق شەرەفکەندی" نووسیوتانە. ئەو بەرنامەگەلە چۆن بوون و بە چ شێوەیەک ئیدارە دەکران؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیارە ئەوەی دەفەرموون ڕاستە، بەڵام هەر کامەیان بۆ دەورانێک، یانی ئەو وەختەی ئەمن بەرپرسی بەشی تەبلیغات بووم، ئەمن نووسیومن و ئەو کاتەی کاک دوکتور سەعیدی ڕەحمەتی، یان کەسێکی دیکە بەپرسی بووە، ئەو نووسیونی. زۆر بەکەمی ڕەنگە ڕێکەوتبێ کەسانێکی دیکەش نووسیبێتیان. ئەو وەختەی ئەمن بەرپرس بووم زۆر وەختان، ڕادیۆ و ڕۆژنامە لە جێیەک بوون کە هیچ ئۆرگانێکی دیکەیان بە دەورەوە نەبوو، مەسئوولییەتەکەی دەکەوتە سەرشانی من. ئێمە ئەو وەختە عەمەلیاتی چەکدارانەی زۆر پانوبەرینمان بە دەستەوە بوو، بۆیە بەشێکی ڕادیۆ، بەشێکی ڕۆژنامەش بۆ ئەخباری مەربووت بە عەمەلیاتی پێشمەرگە تەرخان دەکرا، کە ئەوە مەسئوولییەتەکەی لەسەر شانی من نەبوو. ڕەحمەتی کاک تەها عەتیقی ئامادەی دەکرد و لە ڕادیۆ دەخوێندرایەوە و پاشان پوختەیەکی لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرایەوە. بەڵام ئەوەی دیکە کە تەفسیری سیاسی بوو عادەتەن لە هەفتەدا شەش ڕۆژ دەنووسرا. دەتوانم بڵێم لە سەدا ٩٥ ی بگرە پتریشی هەر ئەمن دەمنووسی، پیاو کە لەنێو جەرگەی کارێکدایە، کارەکەی زۆر بۆ ئاسانە، هەموو ڕۆژێ کە تەفسیری سیاسیم دەنووسی، یان سەعات چوار و پێنجی ئێوارە دەمنووسی و دەمدانێ! یان ئەگەر لەبەر دەلیلێک، لەبەر سەفەرێک بۆم نەکرابایە، بەیانی لەسەر نان و چای بەیانی دەمنووسی. شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشیش لەم بارەیەوە بڵێم، ئەوە ئارشیوەکەی ماوە. هەموو جارێ تەفسیرەکان دوو لاپەڕە بوون لە دێڕی یەکەمی لاپەڕی یەکەم دەستی پێدەکرد و لە دێڕی ئاخری لاپەڕی دووەم کە جێی خەتێکی دیکەی نەدەما تەواو دەبوون. یادی بەخێر بێهروز کوردئەحمەدی لە ڕادیۆ دەیخوێندنەوە، دەیگوت زۆر سەیرە، هەموو جارێ کە ئەم تەفسیرانە دەخوێنمەوە یان دە دەقیقە و نیو، یان یازدە دەقیقە دەگرێ، لەوە پتر نابا. باوەڕ کە شەش وتار لە حەوتوودا بۆ من زۆر ئاسانتر بوو لەوەی ئێستا داوام لێبکەن وتارێک بنووسم، چونکە ئەو کاتەی مرۆڤ لە نێو کارەکەدایە، ئەوەڵەن مەسئوولە و مەجبوورە تەعقیبی ئەخبار بکا، ڕادیۆی دیکە بگرێ، ڕۆژنامەی دیکە بخوێنێتەوە. باوەڕ کە نازانم ئەوەڵ جارەکان، دەنا قەت ئیحساسی قورساییم نەکردووە.

**تیشک**: چەندین ساڵ ڕۆژنامەی کوردستان ناوی بەشێک لە نووسەرانی بڵاو نەدەکردەوە، ئایا ئەمە جۆرێک پێشێلکردنی مافی نووسەرانی نێوخۆ نەبوو؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دەکرێ بڵێین نا، چونکی ئەو وەخت بڕیاری حیزبی ئەوە بوو، کە حیزب لە هەموو ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو دەکرێنەوە بەرپرسە. یانی ئەوەی پێی دەڵێن ڕای ئازاد، ئەو وەختی لەنێو حیزبدا نەبوو. قەزییەکە ئەوە بوو هەرشتێکی دەنووسرێ نەزەری نووسەرەکە نییە، نەزەری هەمووان و نەزەری حیزبە. کەوا بێ پێویست ناکا ناوی لەسەری بنووسرێ. ئەگەر لە بیریشم بێ، ئەو دەورانە کەسیش داوای نەدەکرد و هەستیشی بەوە نەدەکرد کە زوڵمی لێ کراوە، ناحەقیی لێکراوە. بەڵام لە بارێکی دیکەوە دەتوانین بڵێین بەڵێ! ئەو کەسەی کارێک دەکا، حەقی خۆیەتی کە ناوی لەسەری هەبێ، هەرچەند ئەوە لەسەر خودی من وا نییە، بە لانی کەمەوە لە سەدا ٩٥ی هەرچی نووسیومە یان بێ ناوە،

بەشی: سێهەم

یان ناوێکی خوازراوی لەسەرە. لە ڕاستیدا ئەو شتانەی بەناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە، یان وتووێژن، یان ئەو قسانەن کە لە بۆنەیەکدا بۆ خەڵکم کردوون، یان لە هێندێ حاڵەتی دەگمەندا بە پێچەوانەی مەیلی خۆم ناومیان لەسەر نووسراوە. تەنانەت هێندێ جار گلەییم لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ کردووە کە بۆچی بابەتەکە بە ناوی منەوە بڵاو دەکەنەوە، بۆ بەناوی من بێ؟ ئەمن بۆخۆم وا بووم. بەڵام لە ساڵەکانی ١٣٧٢ - ١٣٧٣دا ئەو ڕایە هاتە پێشەوە کە تەنیا ئەوەی وەک سەروتار دەنووسرێ، حیزب بەتەواوی لێی مەسئوولە. وتارەکانی دیکە دەکرێ بەناوی نووسەر بن، مەسئوولییەتەکەشی بەشێکی بکەوێتە سەرشانی ئەو. با ئەوەش بڵێم کە هێندێ جار ئەم شێوەکارە مشکیشی تێدا دەکوژرێ، حیزب هەیە وتارەکان بەناوی نووسەرانەوە بڵاو دەکاتەوە. جا ئەگەر شتەکە گرتی دەڵێ بۆچوونی حیزبە و ئەگەر نەیگرت دەڵێ بیروڕای نووسەر خۆیەتی.

بەهەرحاڵ، لەو وەختی ڕا پەسەند کرا کە ئازاد بێ، ئەو کەسەی پێی خۆشە ناوی خۆی بنووسی و کەسێکیش پێی خۆش نییە ناوی نەنوسرێ. جا ئێستە شتێکی تازەش هەڵکەوتووە، کە لانیکەم لە ڕۆژنامەی حیزبیدا ئەمن بە دروستی نازانم. سەروتارە بەڵام ناوی نووسەرەکەی لەسەرە، سەروتار یانی ڕەئیی حیزبە، خۆ دیارە ڕەئیی حیزب، هەر دەبێ کەسێک بینووسێ، خۆ حیزب نایینووسێ، حیزب ئوسوولەن وجوودی نییە، دەوڵەت وجوودی نییە، ئەوانە مەوجوودێکی فەرزین، ئەوەی کە هەیە ئینسانەکانن، بەیانییەی حیزبی یەکێک دەینووسێ بەڵام ئیمزای کەسی پێوە نییە، سەروتاریش وایە. کەچی ئێستە دەبینی سەروتارە بەڵام ناوی لەسەرە. لەبارەی سەروتارەوە حەز دەکەم دوو شتی دیکەش باس بکەم. هێندێ کەس پێیان وایە یەکەمین وتاری لاپەڕی یەکەمی ڕۆژنامە سەروتارە، لە حاڵێکدا وا نییە، دەکرێ ژمارەیەکی ڕۆژنامە سەروتاری هەر نەبێ. وتاری یەکەم سەروتار نییە، وەختێک مەسەلەیەکی تازە دێتە پێش، حیزبی سیاسی یان دەوڵەتێک هەڵوێستی لەسەر دەردەبڕێ، وتارێک کە ئەو هەڵوێستەی تێدایە سەروتارە. وا باوە لە چاپیشدا کادری بۆ دادەنرێ، بە پیتی ڕەش دەنووسرێ و بە جۆرێک جودا دەکرێتەوە. بە پێچەوانەش دەکرێ لە ژمارەیەکدا دوو یان سێ سەروتار هەبن. لە هەر بابەتێکدا شتێک دەنووسرێ وەک سەروتار. وەک گوتم سەروتار بە تایبەتی بۆ حیزبی سیاسی ناوی لەسەر نانووسرێ بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەوە ڕای حیزبە و ڕای نووسەرەکەی نییە.

**تیشک**: خودی بوونی ناوی خوازراو لە ئیعتبار یا لە قورسایی و ئەهەمییەت و لە مەفهوومی وتارەکە کەم ناکاتەوە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: لە ڕاستیدا ئەمە زیاتر لە مەسئوولییەتی نووسەرەکە کەم دەکاتەوە، جاری وا هەیە ئەگەر یەکێک لە ئێمە بیهەوێ شتێک بنووسێ لە ڕۆژنامەیەکی نێوخۆی وڵاتدا بڵاو بێتەوە لەبەر باری ئەمنییەتی ناوی خۆی نانووسێ، چونکە دەترسێ سانسۆرچییەکان یەخەی خاوەنڕۆژنامەکە بگرن یان ئەگەر کەسێک لەنێوخۆی وڵاتەوە مەقالەیەک بۆ تیشک

بەشی: سێهەم

دەنووسێ ناوی خۆی نانووسێ چونکە ئەگەر بینووسێ خەتەری ئەوە هەیە کە پێی بڵێن ئەتۆ بۆ لەگەڵ تیشکی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسیی غەیرەقانوونی کار دەکەی؟ ئەوە پاساوی هەیە، بەڵام لە هێندێک جاردا نووسەر بۆ ڕاکردن لە مەسئوولییەت ناوی خوازراو بەکار دێنێ و نایهەوێ خۆی لێبکاتە ساحێب.

**تیشک: مامۆستا وەک باس دەکرێت کە بەڕێزتان باوەڕتان بە یەکدەستکردنی زمانی کوردی هەیە. ئایا بەو تایبەتمەندییانەی کە زمانی کوردی هەیەتی ئەو پلانە زمانییە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت یا سەر بگرێت؟**

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** جارێ ئەمن لەسەر ئەو تەعبیرە قسەم هەیە، ئەگەر باسی یەکدەستکردن بێ ئەمن قەت باوەڕم بە یەکدەستکردنی زمانی کوردی نییە، ئەمن باوەڕم بەوە هەیە کە زمانی کوردی وەکوو هەموو زمانەکانی دونیا دەبێ زمانێکی ستاندارد یان زمانی خوێندنەوە و نووسینی هەبێ. ئەگەر ڕۆژێک هاتینە سەر ئەوە کە ئەو زمانە چۆن دروست بێ، ئەمن ڕای خۆم هەیە و خەڵکی دیکەش ڕای خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیڵێم ئەسڵی مەسەلەکەیە. با ئێمە چاوێک لە دەروبەرمان بکەین، ئەمن هیچ لە تورکی نازانم، بەڵام هەردووکمان لە فارسی دەزانین، مەنتەقەکانی ئێران بگرە، زۆرجار ئەگەر بە زاراوەی مەحەللی قسە بکەن بە زەحمەت لە یەکتر حاڵی دەبن، کەچی هەموو ئێرانییەکان - غەیرە فارسەکانیشیان لەگەڵ بێ - بە یەک زمان دەنووسن، چونکە زمانەکانی دیکە ئازاد نین. بەڵام خەڵکی هەر ناوچەیەک بە شێوەزاری خۆیان نانووسن و بۆیە هەموویان لێک حاڵی دەبن. عەرەب نەک وڵاتێک، ٢٢ - ٢٣ وڵاتی هەیە، لەهجەکانیان ئەوەندە لەیەک دوورن، باوەڕکە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە وڵاتێکی عەرەبی نییە بەڵام عەرەبی تێدا هەیە و عەرەب و کوردی تێدا دەژین، لەهجەی مووسڵ و لەهجەی بەسرە ئەوەندە لێک دوورن ئەگەر خەڵکەکەیان بە لەهجەی مەحەللی پێکەوە قسان بکەن موشکلی لێک حاڵیبوونیان دەبێ. بەڵام ٢٢ دەوڵەت بە زمانێک دەنووسن کە هەموو لە یەک حاڵی دەبن. جا ئەمە باسێکی دووورودرێژە، بەڵام ئەمن باوەڕم بەوە هەیە کە ناکرێ میللەتی کورد بێزمان بێ، ئێستا بێزمانە، ئێستە لە وڵاتی ئێمە، لە تورکیە و لە سووریەی ژێر دەسەڵاتی ئەسەددا زمانی کوردی پێی ناخوێندرێ، بەڵام لە باشووری کوردستان یان کوردستانی عێراق ئەو حەقە هەیە کە کورد بۆخۆی ساحەبی قەزییەکەیە، یەکجار زۆر جێی داخە و پێم کارێکی زۆر ناڕەوایە کە کتێب و تەنانەت کتێبی دەرسییش بە دوو لەهجە دەنووسرێ، ئەوە میللەتی کورد بەش دەکا.

ئەمن یەک دوو نموونە دێنمەوە کە ئەم باسە کەمێک درێژ دەکاتەوە، زەمانی شای یەکەمجار لە تارانێ، ڕادیۆی کوردی کرایەوە، بەرنامەیەکیان هەبوو «وەرن پێکەوە کوردی فێر ببین»، ڕستەیەکیان بە چوار زاراوە دەگوت، بەڵام بەرنامەیەکیان نەبوو بڵێ «بیایید همه باهم فارسی بیاموزیم» کە ڕستەیەک بە چەند لەهجە بڵێن، چونکە ئێران دەیەویست کورد بەشبەش بێ، بەڵام نەیدەویست فارس بەشبەش بێ. ڕادیۆی مەحەلییان دانابوون، سەردەمێک کە ئێوە

بەشی: سێهەم

بەبیرتـان نـایە، هەمـوو لەشکرێکی سوپا دەبوو ڕادیـۆیەکی مەحەللیی هەبێ، لە بیرمە لە خـانێ دوو لەشکر هەبـوون دوو ڕادیـۆی مەحەلليـی هەبـوون. ڕووناکبیرێکی کـورد چووبـووە کن مەقـامێکی مەسئوول لە تـارانێ گوتبـووی باشە ئەو هەمـوو هەزینەیە بۆ دەکەن؟ با یەک ڕادیۆ هەبێ لە جیاتی هەمووان قسە بکات، گوتبووی بەڵێ بەڵێ، دەتهەوێ زمـانی یەکگرتـوو بۆ کورد دروست بکەی؟ ئەو خورمایەی ئەتۆ دەیخۆی دەنکەکەی لە گیرفانی مندایە.

لە دەرورانـی شـەڕی ئێـران و عێراقـدا کە عێـراق بە موشـکلێکی زۆر گەورەی ئابووریـدا تێـدەپەڕی، دەوڵەت دوو ڕۆژنـامەی دەردەکـردن، یەکێکیـان سـەرپاک بە سۆرانی یەکێکیـان سـەرپاک بە بـادینی، «ئاسـۆ» و پێمـوابێ «سـۆلاڤ». هەردووکیـان بەخۆڕایی لە دەیانهەزار نوسخەدا بڵاو دەبوونەوە، بەڵام هەر ئەو وەختە سەدام حوسێن بڕیـاری دابـوو کە هیچ بەرپرسێک حەقـی نییە لە کۆبوونەوەکانـدا بە لەهجەی مەحەللی قسە بکـا. ئەو دەیەویست عەرەب یەک نەتەوە بێ بەڵام کـورد دوو بێت. کەچی ئیستا کوردەکە بۆخۆی ئەو کـارە دەکـا. مەسـەلەکە ئەوەیە دەنـا یەکدەسـتکردن مانـای ئەوەیە هەمـوو وەک یەک قسـە بـکەن، ئەمـن چـۆن شـتی وا دەڵـێم؟ خـۆ نەک هەر سـۆرانی و بـادینی و کەلهـوڕی و هەورامـی و هـی تـر، لەنێـو سۆرانییەکانیشـدا هەولێـر و سـلێمانی وەک یەک قسـە نـاکەن یەکدەسـتکردن بەوەی دەڵـێن و ئەمـن قەت بـاوەڕم بەو یەکدەستکردنە نەبووە و نییە.

**تیشک**: لەسـەردەمی خەبـاتی چەکداری لەو قۆنـاغەی نـاوچەی ئـازادکراو لە ژێـر دەسـتی حیزبـدا بـوو، قوتابخانەکانتـان دامەزرانـد، سیاسـەتی پەروەردەیـی ئەو کـاتەی حیزبـی دێمـوکرات چـۆن بـوو؟ ئایـا ئەو قوتابخانـانە ئەو کـات نەدەبوونە بارگرانی لەسەر شۆڕشەکە؟

**عەبدوڵا حەسـەنزادە**: لە بەشـی دووەمـی پرسـیارەکەوە دەسـت پـێ دەکەم، دامەزرانـدنی ئەم قوتابخـانـانە، چـاپی کتێـب، دابینکردنی کەرەسەی خوێنـدن، پەیـداکردنی جێـوڕێ، تەئمینی مێـز و سـەندەڵی و هتـد... هەمـوویـان بـارگرانییەکی زۆریـان لەسەر حیزبـی دێمـوکرات و بـزووتنەوەکە هەبـوو، بەڵام دەبـوو گوشـارەکە زۆر لەوە زیـاتریش بـێ تەحەممـول بکرێ. چونکە دەبوو منداڵی کورد لەو فرسەتە کە بۆی پێش هـاتووە کەڵک وەربگرێ، دەبـوو بـۆی بڕەخسـێ وەک دەڵـێن: بە زمـانی کوردی ناوی کورد و کوردستان و پێشمەرگە بنووسێ. کەوابوو ئەوە زۆر شتێکی پێویست بـوو، هەزینـەکەی دەبـوو تەحەممـول بکەیـن. ئەوە شتێک نەبوو کە خۆمانی لێ ببوێرین.

بەڵام لەباری ئەوەی کە حیزب سیاسەتەکەی چی بوو؟ ئەمن پێمخۆشە ئەوە عەرز بـکەم کە حیزبـی دێمـوکرات وەک حیزبێکی مەسئوول، لە قوتـابخانەشـدا، لە کتێبـی مەدرەسەشدا ئەو سیاسـەتەی بەڕێـوە دەبـرد کە لە شـوعاری حیـزب و لە بەرنـامەی

حیزبدا هەبوو. نموونەت بۆ بێنمەوە: لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا ئاڵای ئێران هەیە، دەرسێک هەیە دەڵێ ئێمە کوردین، ئێمە ئێرانیین. چونکە سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو. زۆر شتی حیزبی دێموکرات میراتی دوکتۆر قاسملوویە یان بە ئەسڵ میراتی "قازی موحەممەد"ە. چونکە قازی موحەممەد زۆر لە دوکتور قاسملووی ئوستادتر بووە، دوکتور قاسملوو خۆی بە شاگردی ئەو دەزانی، ئەو دەیگوت تەزادێک لە بەینی کوردبوون و ئێرانیبووندا نییە. ئێمە هەم کوردین هەم ئێرانیین. هەتا کاتێک دەوڵەتێکی کوردیمان دەبێ، ئێمە ئەو دوو هۆڤییەتەمان هەن. ئیستا - بەتایبەت لە دونیای دەرەوەدا - کابرا دەڵێ ئێمە ئێرانی نیین، کوردین. باشە، ئەمنیش دەڵێم کوردین بەڵام کامەمان پاسپۆرتێکمان لە گیرفاندایە کە نووسرابێ کورد؟ هۆڤییەتی ئێمە لە پاسپۆرتدا لە ناسنامەدا ئێرانی و تورک و عێراقی و سووری نووسراوە. هەڵاتن لەبەر ئەو واقعییەتە مەسەلەکە حەل ناکا. لە ڕاستیدا خەباتی ئێمە بۆ گۆڕینی ئەم واقعییەتەیە. بەڵام خۆ کە گوتم ئێرانیم مانای ئەوە نییە کورد نیم. مەبەستم ئەوەیە سیاسەتی پەروەردەییشمان ڕەنگدانەوەیەک بوو لە سیاسەتی بەرنامەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**تیشک**: یانی ئەو پەرەوەردەیەی کە ئەو کات هەبوو، پەروەردەیەکی حیزبی بوو یان نیشتمانی؟ یان هەردووکی بوو؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دەکرێ بڵێین بە مەعنایەک هەردووکیان بوو. چونکی شتی نەتەوەییی تێدا هەبوو، لە عەینی حاڵدا شتی نیشتمانییش هەبوو. ئێمە ئێستا مانای نەتەوەیی و نیشتمانی باش دەزانین. وەکوو گوتم هەم کوردایەتیی تێدا بوو هەم ئێرانیەتیی تێدا بوو، دیارە ئەوە جوزئیاتێکە، دەرسی وا هەیە دەتوانێ لە کوردستانیش هەبێ لە عەرەبستانیش هەبێ، لە پاکستان و فەڕانسە و ئینگلستانیش هەبێ. بەڵام کە دەهاتە سەر مەسەلەی هۆڤییەت، سیاسەتی حیزبی دێموکرات چۆن بوو، کتێبە دەرسییەکانیشمان وا بوون.

**تیشک**: لە ساڵی ١٣٨١دا گۆڤاری چشمانداز ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر کوردستان بڵاو کردەوە و ئەوە دواتر بوو بە ڕەوتێک کە ڕێژیم ڕووداوەکانی کوردستان بە پێوەری خۆی بۆ خەڵکی کوردستان باس بکات، ئێوە ئەو کات وەڵامی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری چشماندازتان لەسەر کوردستان دایەوە بەڵام دواتر ئەو ڕەوتە کوێر بووەوە، نە وەکوو حیزب و نە وەکوو کەسایەتی وەڵامی ئەو چەواشەکارییانە نەدراوەتەوە، هۆکارەکەی چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیارە ئەوەی گۆڤاری "چشمانداز" دەیکرد، زۆر دوژمنانە بوو لە حەقی میللەتی کورد و جێی داخیش ئەوە بوو کە هێندێ کوردیش تەئسیریان تێیدا هەبوو و ڕۆڵیان تێیدا دەگێڕا و ئەوەش کە جوابم دایەوە ئەگەر لە بیرت بێ لە شێوەی وتووێژێکدا بوو نەک ئەوە کە دانیشم و بە حەوسەڵەوە هەموو شتەکانی جواب بدەمەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم حەقی

خۆی نەدراوەتێ. بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر ئیرادیشی لەسەر بووبێ، کەڵکی خۆی هەبوو.

بە باوەڕی من دەبوو هەموویان جواب بدرێنەوە، بەڵام بۆ جواب نەدرانەوە؟ ئەمن ئەو وەختەی کە جوابم دایەوە مەسئوولییەتی یەکەمم لە حیزبدا هەبوو و بە ئەرکی خۆمم دەزانی، دواتر کە ژمارەکانی دیکەی دەرچوون ئەمن لەو مەرکەزەدا نەمابووم و ئەو بەرپرسیارەتییەم لەسەر شانی خۆم هەست پێنەدەکرد، بەڵام ئەوە کە حیزب یان بەرپرسانی حیزبی بۆ جوابیان نەداوەتەوە دەبێ لەوان بپرسرێ نەک لە من.

**تیشک**: ئەوەی ئێمە بیزانین بەڕێزتان خۆتان نووسراوەکانی خۆتان تایپ دەکەن، دیارە سیستەمی دیجیتاڵیش بەکار دێنن بۆیەش حەزم لێیە پرسیارێک لەسەر دیجیتاڵ و زمانی کوردی بکەین، هەندێ کێشەی وەک سێرچکردن، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ڕێنووسی کوردیشەوە هەیە. بۆ چارەسەری ئەم کێشانە بەڕێزتان پێشنیارتان چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە لە باری فەننییەوە - کە بۆخۆم هیچی لێ نازانم - ئیمکانی عیلاجی ئەو مەسەلەیە هەیە، چەند ساڵ لەمەو پێش سیمینارێک لە زانکۆی سۆران هەبوو ئەمنیش یەکێک لە بانگکراوەکان بووم. لاوێک کە پێموابێ لە سوئێدەوە هاتبووەوە بەرنامەیەکی باشی هەبوو باسی ئەوەی کرد کە دەتوانێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکا، بەرنامەیەکی داناوە کە دەکرێ سێرچ بە زمانی کوردی بکا. ئەگەر کەمێک لێکی بدەینەوە و وردتری باس بکەین ئەوە بوو کە ئەگەر بە زمانەکانی دیکە وشەیەک دەنووسی ئیملاکەی نادروستە کامپیوتێرەکە خەتێکی سووری بە بندا دەکێشێ و لە عەینی حاڵدا پێت دەڵێ ئیملا دروستەکەی چییە، جێی ئافەرین بوو و خەڵکیش ئافەرینیان پێ گوت. بەڵام ئەمن نۆرە قسەم وەرگرت و گوتم هەزار جار دەستخۆشیت لێدەکەم و کارێکی یەکجار زۆر گەورەیە بەڵام ئەتۆ دەبێ ئەوەی ڕاگری و پتریش گەشەی پێبدەی و ڕاوەستی تا بزانین ڕێنووسی دروستی کوردی چییە؟ ئیستە ئێمە ئەوەمان نییە. بە باوەڕی من ڕێگەکە ئەوەیە کە ئەوانەی خاوەن سەڵاحییەتن چ لەباری دەسەڵات و چ لەباری زانینەوە شتێک دابنێن بڵێن ئەمە ڕێنووسی کوردییە، جا ئەوجار ئەو بەرنامەیە لە ئینتێرنێت دابەزێ و ببێتە ڕێنووسی کوردی و سێرچی پێبکرێ. دەنا ئێستێ یەکێک شتێک دەنووسێ ئەمن پێم دروستە ئەتۆ پێت نادروستە. ئەو وەختەش کە بڕیارێکی ئاوا دەدرێ ڕەنگە یەکێک لە ئێمە نەزەری جودای هەبێ،بەڵام کە بوو بە بڕیاری ڕەسمی، بوو بە زمانی ڕەسمی و ڕێنووسی پەسندکراوی کوردی هەمووومان دەبێ پەیڕەویی لێبکەین.

کەوابێ لە حاڵەتی ئێستادا پێموایە دامەزراندن و دانانی ئەو بەرنامەیە موشکیلی ئێمە حەل ناکا، ڕەنگە ئەوەی ئەو بەرنامەیە ساز دەکا پێی دروست بێ، بەڵام ئەمن یان ئەتۆ یان کەسێکی دیکە پێمان دروست نەبێ یان هەر لە ڕاستیدا

دروست نەبێ. چونکە ئەو بەرنامەسازە پسپۆڕی کامپیوتێرە و پسپۆڕی زمان و ئەدەب و ڕێنووسی کوردی نییە.

**تیشک:** ڕوانگەی مێژوویی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت زمانی کوردی و زاراوەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەوەی کە تا ئێستا بووە چۆناوچۆن بووە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** دیارە ئەمن بە ناوی حیزبەوە قسە ناکەم. تا ئەو جێگایەی ئەمن ئاگام لێیە هەرچەند ڕەنگە بەو شێوەیە نەنووسرابێ و شەرح نەکرابێ، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان، زمانی کوردی و زاراوەی کوردیی لێک جودا کردۆتەوە. باوەڕی وا بووە کە دەبێ میللەتی کورد زمانی خۆی هەبێ و لە عەینی حاڵدا حورمەت لە هەموو زاراوە و بن زاراوەکان بگیرێ، هەموو لا ئازاد بن لە پێکەوەدوانی خۆیاندا زاراوە و بنزاراوەی ناوچەیی بەکار بێنن، تەنانەت لە باری فەنییەوە ئەو کاتەی نووسەرێک ڕۆمانێک دەنووسێ کە ڕووداوەکانی مەسەلەن لە خانەقینن، لە قەسری شیرینن، دەبێ ئەوەی پێی دەڵێن ڕیوایەت یان گێڕانەوە بەو زمانە بێ کە دەبێتە زمانی ستانداردی کوردی، بەڵام کە قارەمانەکانی قسە دەکەن زۆر بەجێیە بە لەهجەی خۆیان قسە بکەن .حیزبی دێموکرات شتێکی خیلافی ئەوەی نەبووە و وابزانم هەتا ئێستاش نییەتی.

**تیشک:** بۆچوونێک هەیە وەکوو ڕاستبوون یان هەڵەبوونەکەی وەکوو پرسیارێک لە جەنابت دەکرێ بۆچوونێک هەیە، ڕەوتی نەتەوەخوازی، ڕەوتی شوناسخوازی لە ڕۆژهەڵات لە ژێر تەئسیری دوو فاکتەرا بووە، فاکتەری مەزهەب و فاکتەری زاراوە بە تایبەتی مەبەستیان زاراوەی سۆرانییە ئەڵێن لەو شوێنەیدا کە مهاباد بێت تادەگاتە مەنتقەی جنووب کە زاراوە کەمڕەنگ دەبێتەوە شۆڕش تا ئەوێ بەگوێرەی زاراوەکە هاتووە، لەو شوێنەشەوە کە بڵێین کە جنووبە و ئەگەر وای دانێین مەزهەب کە دەچێتە بەشی شیعەکەی بۆ خوارێ دیسان کەمڕەنگتر بۆتەوە ئایا ئەو بۆچوونە ئەساسی هەیە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەمن وای بۆ دەچم و بە نووسینیش گوتوومە هەندێک شت تاریخ دەیانخوڵقێنێ و ئیرادەی من و تۆیان تێدا نییە، ئەگەر ئەو هەلومەرجەی لە دەیەی ۱۳۲۰ی هەتاویدا لە موکریان خوڵقا لە هەموو کوردستان هەبووایە، پێتەختی جمهوریی کوردستان مهاباد نەدەبوو، دەبوو کرماشان بێ. چونکە هەم شارەکە گەورە بوو، هەم وا بزانم ئەو وەختە مهاباد بە کەمی کەسانی خاوەنمەدرەکی لیسانسی لێ بوون، بەڵام هەر ئەو وەختی لە کرماشان بە دەیان و بە سەدان فەوقی لیسانس و دوکتۆرا هەبوون. بزووتنەوەی کورد بۆیە لە موکریان سەری هەڵدا چونکە لە دەورانی شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆشاییەکی دەسەڵاتی مەرکەزی لەوێ خوڵقا، لە جنوبی کوردستان ئەو بۆشاییە نەبوو، دەوڵەتی ناوەندی حاکم بوو، تەنانەت لە شیمالی کوردستانیش دەوڵەت حاکم بوو، حاکمییەتەکە لە ورمێ ئەگەر زەعیفیش بووبێ هەبوو، بەڵام

بەشی ناوەندی لە سەقزەوە بیگرە تا دەگاتە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ئەوانە هیچ دەسەڵاتێکی مەرکەزی تێدا نەبوو. بۆیە دەبینین کە حیزبی ئازادی لەوێ دروست دەبێ، کۆمەڵەی ژێ کاف لەوێ دروست دەبێ. پاشان هەر لەوێ کۆمەڵەی ژێ کاف ناو دەگۆڕێ بە حیزبی دێموکرات. خۆ هەمور شتێک نیشان دەدا کە کۆماری کوردستان دەیەویست پەل بهاوێ بۆ خوارتر بەڵام مانعی هەبوو، مەسەلەن کۆماری کوردستان دەیەویست بڕوات بەرەو سنە، بەڵام پێش ئینگلیسییەکان ڕووسەکان کە بەلای خۆوە پشتیوانی کۆمار بوون پێشیان پێ گرت، چونکە ئەوان قەراردادیان پێکەوە هەبوو، ئەم ناوچەیە مەنتیقەی نفوزی یەکێکیان بێ، ناوچەکەی دیکە مەنتیقەی نفوزی ئەوی دیکەیان بێ. هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ حیزبی دێموکرات وەکوو لە موکریان تەشکیلات و نفوزی هەیە لە سنە و ئیلام و کرماشان نییەتی. هەر بۆیە دەبینین چەند جار کە حیزب تووشی پاشەکشە بووە، کاتێک دەستی پێ کردۆتەوە، یەکەم جووڵەکانی لە موکریان بوون. بزووتنەوەیەک کە دوچاری پاشەکشە دەبێ وەختێک دەیەوێ ببووژێتەوە لەو جێیەوە دەست پێ دەکا کە زەمینە موساعیدە. حیزبی دێموکراتییش هەربۆیە لە ناوەندەوە دەستی پێکردووەتەوە. دەنا بۆخۆت دەزانی ئێمە ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان لە کرماشان لەسەر کاری حیزبی گیراوە و ئیعدام کراوە. حیزبی دێموکرات بەرامبەر بەو مەڵبەندە گرنگە قەت بێغەم نەبووە.

ئەوەش کە گوایە عامیلی مەزهەب کاریگەر بووە، ئەوەندەی مەربووت دەبێ بە حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە بە هیچ جۆر شتی وا لەبەرچاو نەبووە. چونکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی موخالیفی دین نییە لە عەینی حاڵدا ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییشی نییە. حیزبی دێموکرات کار بۆ قەزیەی نەتەوایەتیی کورد دەکا، سەرفەنەزەر لە هەموو عەقیدەیەکی دینی و مەزهەبی .ئەمن شتێکم لە بیرە کە بۆخۆم دیومە. لە جەریانی شەهیدکرانی ڕەحمەتی مەلا موحەممەدی ڕەبیعیدا، تەزاهوراتێک لە کرماشان هەبوو، ئەمن لە پاریس بووم. لەگەڵ مەسئوولی حیزب لە کرماشان قسەمان دەکرد بۆ ئەوەی بزانین وەزعەکە چۆنە. باسی کرد کە حەرەکەتێکی باش بووە و خەڵکێکی زۆر بەشدار بوون. دواتر تەلەفونی کرد گوتی کاکە ئەوە هێندێک هاتوون لە خەیابانێ شوعار لە دژی شیعە دەدەن. ئەگەر قەراری شیعەگەری و سوننیگەری بێ ئەمن شیعەم، ئەمن بۆ مەسەلەی میللی کار بۆ حیزبی دێموکرات دەکەم. دەمەوێ بڵێم ئەندامێکی ئاگاهی حیزبی لە کرماشانیش ئەوە شعووری بوو. بەڵام ڕەنگە یەکێکیش نائاگا بێ و بیخاتە ئەو قاڵبەوە. دەنا لە سیاسەتی حیزبەکاندا مەسەلەی مەزهەبی یان دینی بە هیچ جۆر دەخیل نییە.

**تیشک**: ڕۆڵی مێژوویی حیزبی دێموکرات لە پاراستنی زمان، شوناس و کولتووری کورد چۆن دەبینن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە ئەو ڕۆڵە مێژووییە زۆر کاریگەر و وەسیع نەبێ بە دەلیلی ئەوەی حیزب دەرفەتی کەمی بۆ خوڵقاوە بەڵام باوەڕی حیزبی دێموکرات بە پێویستیی بەرەوپێش بردنی زمان و ئەدەب و کولتووری کوردی حاشای لێ

ناکرێ. هەر وەکوو لە پرسیاری یەکەمدا فەرمووت، لە دەورانی کۆماری کوردستاندا یەکێک لەو شتانە کە لە هەموویان پتر بایەخی پێدراوە مەسەلەی زمان بووە. ڕۆژنامە، گۆڤار، تەنانەت ڕادیۆیەکی مەحەللی هەبوو کە هەر لە مهاباد و دەوروبەری دەبیسترا، هەموویان بە کوردی بوون. کتێبی کوردی، مەدرەسەی کوردی. لە دەورانەکانی دیکەشدا حیزبی دێموکرات هەمیشە بایەخی بەو بابەتە داوە و نەقشێکی باشیشی هەبووە. ئەمن لە بیرمە لە دەورانی پاش ١٩٧٠دا کە ئێمە لە بەغدا ماڵێکمان هەبوو ناومان نەنابوو مەقەڕ یان بارەگای حیزبی دێموکرات، ماڵێک بوو لێی کۆ دەبووینەوە، هێندێک کتێبی کوردیمان چاپ دەکرد. لەگەڵ ئەوەی بنکە و بارەگایەک نەبوو، ناوێکی ڕەمزیمان دانابوو بەناوی بنکەی پێشەوا. ئەوانەی چاپمان دەکردن مۆرێکمان لێ دەدان «بنکەی پێشەوا». دیسان پێموایە ڕەحمەتی محەممەدی مەلا کەریم بوو نووسیی حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی کوردییە کە خزمەتی زمانی کوردی دەکا. حیزبەکانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتی خۆیان کردووە، بەڵام حیزبی دێموکرات خزمەتی زمانی کوردی دەکا، چونکی شت چاپ دەکا بێئەوەی ئەدەبیاتی حیزب بێ. کەوابێ، ئەگەر بەرهەمی زۆریشی نەبووە مەسەلەن وەکوو ئەوەی ئێستا لە باشووری کوردستان دەیبینین، بۆ ئەو سەردەمە ڕۆلێکی بە تەواوی جێگای قەبووڵ بووە.

**تیشک:** مامۆستا ئەم دوایانە هێرشێکی میدیایی کە زۆر جار پێی دەڵێن شەڕێکی نەرم لە دژی زمان و جلوبەرگ و کولتوور و تەنانەت مێژووی کورد لە ڕۆژهەلات دەستی پێ کرد. لێکدانەوەتان بۆ ئەم هێرشە میدیاییە چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** باوەڕ بکە ئەو باسە هەر جەنبەیەکی ناخۆشی نەبوو. بە نەزەری من دوو جەنبەی ناخۆشی هەبوون. یەکێکیان ئەوە بوو لە ڕێژیمێکیدا کە باوەڕی بە ماف و ئازادییەکانی گەلان نییە، نەک هەر هی کورد هی ئازەرییش، هی عەرەبیش، هی بەلووچیش و هیچیان، جەسارەت دەگاتە جێیەک کە ئیجازە دەدەن لە ڕەسمیاتیشدا، لە ڕادیۆدا، لە فیلمدا، سووکایەتی بە هۆڤییەت یان کولتووری نەتەوەکانی داخلی ئێران بکرێ کە زاهیرەن هەر بەپێی قانوونی ئەساسیی، خۆیان ئەوانە هاونیشتمانن و ساحەبی حقووقی بەرامبەرن. ئەو بەشە زۆر ناخۆش بوو. ئاخر ئەوە کە یەکێک جەسارەت بکا لە کۆبوونەوەیەکدا، لە ماڵێک سووکایەتی بە زمان و ئەدەب و بە گشتی پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک بکا، لەگەڵ ئەوەی ئیجازە بدرێ لە میدیای ڕەسمیدا شتی وا بڵاو ببێتەوە فەرقێکی زۆری هەیە. دیارە ئەوە زۆر ناخۆش بوو. بەڵام شتێکی ناخۆشی دیکە -کە لەسەر ئەو قسەیە ڕەنگە بۆمبارانیش بکرێم- ئەوە بوو کە ئەوەی هێندێ کەسی کورد کردیان، لە وی باشتر نەبوو، چونکی ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین بەرپەرچدانەوە یان پەرچەکردار، ئەوەی کوردەکانیش یەکجار زۆر ناخۆش بوو. ئەوانیش دەستیان کرد بە سووکایەتی بە فەرهەنگی میللەتی فارس کە ئەوەش هەر ناڕەوا بوو، ئەمن ئەو عەیبەی لە خۆییەکانی دەبینم پترم دێشێنێ لەوەی لە ڕەقیبەکان و دوژمنەکانی دەبینم. ئەوەشیان زۆر ناخۆش بوو کە سنوور نەما. بۆیە پێموایە ئەرکی حیزبەکانە ڕێنوێنی بدەن کە جوابدانەوە بەو حەرەکەتانە لە سنووری مەنتیق دەرنەچێ. مەسەلەن

بەشی: سێهەم

چەند جار حیزبی دێموکرات ئەوەی گوتووە کە بەڵێ دوژمن تێرۆری لە ئێمە کردووە، بەڵام ئێمە تێرۆر بە تیرۆر وەڵام نادەینەوە. ئەتۆ کە تێرۆرت پێ خراپە، ئەو وەختەی تێرۆریشت لەدژ دەکرێ نابێ تیرۆر بکەیتەوە، کە جنێوت پێ دەدەن نابێ جنێو بدەیەوە. پێموایە وەزیفەی حیزبەکانە لەو بارەیەوە کار بکەن.

**تیشک**: جیاوازییەک ئەگەر لە نێوان میدیای حیزبی و میدیای نەتەوەیی بەدی دەکرێ هۆکارەکەی چییە؟ بە باوەڕی جەنابی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تایبەتمەندییەکانی میدیایەکی نەتەوەیی چین بە دوور لە ڕوانینێکی حیزبی؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: پێموابێ ئەو دووانە بەتەواوی فەرقیان هەیە. ئەمن هێندێک جار گوتوومە ڕۆژنامەی حیزبی شتێکی پیرۆزە، بەڵام ڕۆژنامە نییە، چونکی بە قەولی باوی ئێستا یەک ڕەهەندییە، باسی یەک سیاسەت دەکا، تەنیا مەوزووعاتێکی تایبەتی بڵاو دەکاتەوە، لە حاڵێکدا وشەی ڕۆژنامە دوو مەعنا دەدا. یەکێکیان ئەوەیە کە نامەی ڕۆژە و باسی مەسایلی ڕۆژ دەکا، واتە ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش دەرنەچێ باسی ڕۆژ دەکا: نان بە چەندییە، بەرق کوژایەوە، فڵانکەس کوژرا، چی بوو؟ هەمووی تێدابێ کە ڕۆژنامە حیزبییەکانمان وا نین و باسی نەزەراتی حیزب دەکەن و بە دەگمەن شتی وایان تێدا دەبێ و مەجالیشیان نییە کە مەسائیلی ڕۆژ باس بکەن. یەکی دیکەش ئەوەیە کە دەڵێن ڕۆژنامە لە موقابیل شەونامەدایە. ئێمە ئێستاش بە ڕۆژنامەکانی خۆمان دەڵێین ڕۆژنامە، بەڵام خۆ ناتوانین بە ڕۆژ لە وڵاتەکەی خۆمان بڵاویان بکەینەوە. لە داخڵی ئێراندا ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکە تا ئێستاش شەونامەیە. کە وا بێ میدیای نەتەوەیی ئەوەیە قەزایای نەتەوەیی و دوور لە هەموو تەعەهوداتێکی حیزبی و سیاسی بڵاو بکاتەوە و قازانجی نەتەوەیی پێش هەموو قازانجێکی دیکەی حیزبی و دینی و مەزهەبی و هتد.. بخات.

پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەیبینین وەبەر قاعیدەیەکی دیکە دەکەوێ. ڕۆژنامەگەلی وەک «خەبات» و «کوردستانی نوێ» دەکەونە خانەی ڕۆژنامەی نیوەڕەسمی. یانی دەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی حیزبی سیاسین، چونکە بە ئازادی لەسەر خاکی خۆیان دەردەچن، هەر لەو کاتەدا میدیای نەتەوەییشن. ئەگەر سەرنجتان دابێ بێجگە لە هەڵوێستی حیزبەکان بیروڕای ئازدیشیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە و ئاوڕ لە هەموو ڕووداوەکانی ڕۆژیش دەدەنەوە.

**تیشک**: یانی بە باوەری ئێوە ڕۆژنامەی کوردستان قەت هەوڵی داوە کە لە میدیایەکی حیزبی نێزیک ببێتەوە؟ یا ئایا دەکرێ؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: وا بزانم مەبەستتان ئەوەیە کە لە میدیای نەتەوەیی نزیک بێتەوە. بەڵێ، ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەی کوردستانی دەورانی کۆمار بکەین تا ڕادەیەکی باش ئەو خەسڵەتەی پێوە دیارە، بەڵام لە پاش ئەو دەورەیە زۆر بە دەگمەن ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات مەجالی ئەوەی هەبووە باسی ئەو مەسەلانە بکا کە مەسەلەی خەڵکن. بەڵکوو نەزەراتی حیزبی باس کردووە و بۆچوونی حیزبی لە بارەی مەسائیلی وڵات و ئیدارەی وڵاتەوە هێناوەتە گۆڕێ و ڕووداوەکانی بەدەگمەن باس کردووە. ئەو کاتەی باسی ڕووداوێکیشی کردووە ئامانجی ئەوە بووە قسەی خۆی لە سەر بکا، لە حاڵێکدا ڕۆژنامەی نەتەوەیی خەبەر بڵاو دەکاتەوە بێ ئەوەی تەفسیرێکی لەسەری هەبێ.

**تیشک**: دەوری میدیا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان چۆن دەنرخێنن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: میدیا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا دوو مەودا و دوو مەجالی هەیە یەکێکیان لەو وەختانەدا کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان خەباتی نهێنی یان بڵێین خەباتی شاخ بەڕێوە دەبا. پێمخۆشە لەسەر خەباتی شاخیش شتێک بڵێم: کە دەڵێن خەباتی شاخ مەبەست ئەوە نییە کە هەر لە شاخ و کێو بێ. ئێستێ ئێمە لە دەشتی کۆیەش خەباتی شاخ دەکەین خەباتی شاخ یانی خەباتی نهێنی، خەباتی «ناقانوونی»! لە دژی سیستەمێک و بۆ گۆڕینی ڕێژیمێک. خەباتی شاریش ئەوەیە کە لە وڵاتەکەی خۆتدای و دەتهەوێ بە ڕێگای قانوونیدا خەبات بکەی بۆ ئەوەی نەخشی زیاترت لە ئیدارەی وڵاتدا هەبێ، دەنگی زیاتر بەدەست بێنی و بەرنامەی خۆت بۆ پێشخستنی وڵات بەریە پێش. ئێستا کورد لە کوردستانی عێراق خەباتی شار دەکا، کێشەکە لەسەر ئەوەیە ئیدارەی وڵاتەکەم، ئیدارەی مەنتەقەکەم و هەرێمەکەم چۆن بێ. ئیدی باسی ڕووخاندنی دەوڵەتی ناوەندی ناکا. کەوابێ ئەمان خەباتی شار دەکەن و ئێمە لە دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێریش هەر خەباتی شاخ دەکەین.

جا لە هەردوو حاڵەتەکەدا میدیا دەتوانێ نەخشی موسبەتی هەبێ، دەتوانێ نەخشی مەنفیی هەبێ. دەزانی بەداخەوە مەمانان تەنیا دەتوانین لەسەر میدیای کوردی لە ئێران و عێراق بدوێین و شارەزاییمان لە میدیای دوو بەشەکەی دیکەی کوردستان ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە. بە باوەڕی من میدیای کوردی لە شاخ کە پتر بە دەستی هێزە سیاسییەکان بووە، ئەگەر دەورانی شەڕی نەگریسی نێوخۆیی لێ دەربکەین لە هەردووکی ئەو بەشانەدا لە خزمەتی قازانجی کورد و بزووتنەوەی کورددا بووە.

بەڵام ئەگەر بێینە سەر میدیای ڕەسمی، یان بڵێین میدیای ئاشکرا ئەم دوو بەشە جیاوازییان هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەداخەوە دەرەتان و ئیمکاناتێکی بەرتەسکی هەیە، دەگەڵ ئەوەی لەژێر زەرەبینی هێزە سەرکوتکەرەکاندایە و



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

دەگەڵ ئەوەی لە پێوەندی دەگەڵ هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا نییە، بە تەواوی لە خزمەتی ئامانجەکانی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەیدایە، بە پێچەوانەوە، میدیای کوردی لە باشوور - بە ئەدەبەوە دەڵێم و مەبەستم بێ حورمەتی نییە -، هەمیشە وا نییە. بۆنموونە لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەگ بە باشبوونی پەیوەندیی نێوخۆیی کوردەکان و هێزە کوردییەکان ناکا و هەر لەوکاتەدا لە خزمەتی ئارامکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کورد و هەرێمەکە لەگەڵ دەوڵەتی فێدراڵیشدا نییە. جگە لەوەش، پێم وایە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هێندێ بوار هەن کە پێویستە فەرهەنگسازییان لەسەر بکرێ. کەچی میدیای کوردی ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

**تیشک**: مامۆستا لەو ڕووەوە کە شارەزاییەکی تایبەتتان هەیە ڕوانگەتان بە نیسبەت سانسۆر و زمانی کوردی لە میدیای داگیرکەردا چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیارە ڕوانگەی هەموومان بە نیسبەت سانسۆڕی دەوڵەتەکان زۆر ڕوون و سادەیە. با ئەوەش بڵێم کە ئەمن لەگەڵ وشەی داگیرکەر نیم، هەتا ئەو وەختەی شوعاری حیزبێکی سیاسی خودموختاری یان فیدراڵیزم لە چوارچێوەی وڵاتدایە، ناکرێ بە دەوڵەتەکەی بڵێی داگیرکەر. ئەگەر شوعارەکەت کردە ڕزگاریی کوردستان ئەو وەختە دەکرێ بڵێی داگیرکەر. کەوابێ زیاتر باسی سانسۆڕی دەسەڵاتی حاکم بەسەر زمانی کوردیدا دەکەین. ئەو سانسۆڕە بەتەواوی ناڕەوایە چونکی هەر لەسەر زمان نییە لەسەر بەیانیشە. ئەو شتەی دەتەوێ بیڵێی ئەگەر بە فارسییشی بڵێی لێت قەبووڵ ناکا. ئەوجار ڕێژیمی فەرمانڕەوا چی بۆ بکرێ لەسەر قەدەغەی زمان لەسەر تێکدانی زمانەکە دەیکا. بەڵام شتێکی سەیر بڵێم: ئەمن زۆر ئارەزوو دەکەم سانسۆڕی کورد لەسەر زمانی کوردی هەبێ، بە چ مەعنا؟ بەو مانایە کە مەرجەعێک بۆ زمان و ئەدەبی کوردی هەبێ کە هەم لە باری لێزانییەوە و هەم لە باری قسەڕۆیشتنەوە خاوەن سەڵاحییەت بێ. ئەو وەخت سانسۆر بخاتە سەر زمانی کوردی. ڕێگا نەدا هەموو نووسینێک بە هەر جۆرێک بنووسرێ چاپ بکرێ، هەموو کتێبێک چاپ نەکا، بە هەر زمانێک بنووسرێ بیدا بە کەسانێک کە بزانن بەڕاستی ئەو نووسراوە کوردییە، نێوەرۆکەکەی خزمەت بە پێگەیشتن و پێشکەوتنی فیکری کوردی دەکا یان نا؟ زمانەکەی کوردی فێر دەکا یان کوردی لە بیری خەڵک دەباتەوە کە بەداخەوە ئەوەمان نییە. ئێستێ تەماشا بکە، ئێمە بە هەزاران کتێبمان لە باشووری کوردستان بۆ بڵاو دەبێتەوە کە بەشێکی زۆر کەمیان نەمرن، بەڵام هەموویان بە خەرجی ئەو میللەتە بڵاو دەبنەوە و زۆریشیان تێدان کە لەباری شکڵ و نێوەرۆکەوە خزمەت بە ئەدەبی کوردی ناکەن. ئارەزووم دەکرد کە سانسۆڕێکی ئاوا هەبووایە.

**تیشک**: مامۆستا لەتوێی وڵامی دوایین پرسیار کە فەرمووت ئەمن باوەڕم بە ئیستلاح یان چەمک یان مەفهومی داگیرکەر نییە مەگەر ئەو کاتە کە حیزبێکی سیاسی شوعارەکەی گۆڕیبێ، ئەوەیکە ئێستا بە واقع هەیە ئەوەیکە دەبینین لەنێوان ناوەند و

بەشی: سێهەم

پەراوێز کە مەبەستمان ناوچە نەتەوەییەکانە، بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ جورێکە لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، "داگیرکاریی نێوخۆیی" بوونی هەیە. ئایا ئێوە بە دوور لەو تەفسیرە کە بڵێین سپایەکی وڵاتێک هاتووە کوردستانی داگیر کردووە، ئایا ئێوە پێتان وایە یان ئەسڵەن باوەڕتان بەوە هەیە کە کوردستان یان ڕۆژهەڵات، کۆلۆنیەکی نێوخۆییە لە ئێراندا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: لە وڵاتی ئێمەدا لە جیاتی کۆلۆنیالی موستەعمەرە بە کار دەبرێ کە وشەیەکی عەرەبییە، ئەمن پێموایە نەک هەر کوردستانی خۆمان، کوردستانی ئێران، بەڵکوو هیچکام لە بەشەکانی کوردستان موستەعمەرە نین، بەڵام هەموویان شێوەموستەعمەرەن. یانی وڵاتێکی خاریجی نەهاتووە داگیریان بکا، بەڵام لە نێوخۆی وڵات دەسەڵاتێک بەسەریاندا حاکمە کە تەسەڕروفاتی وەکوو تەسەڕروفاتی وڵاتانی ئیستعمارگەر دەچن. بۆ نموونە تەماشای کوردستانی ئێران بکە، دەگەڕێن داخۆ لە کوێ شوێنەوارێکی مێژوویی هەیە؟ ئەگەر دۆزییانەوە لەوێ مووزەی بۆ دانانێن، دەیبەنە شوێنێکی دیکە. ئیجازە نادەن ئەو وڵاتە وەکوو خۆی گەشە بکا، ئێستا هەر لە وڵاتی خۆمان کوردێک حەقی هەیە پرۆژەیەکی زۆر گەورەی سەنعەتی لە ئیسفەهان بەڕێوە بەرێ، بەڵام ڕێگە نادەن لە کوردستان بە پووڵی کوردی ئەو پرۆژە سەنعەتییە گەورەیە بەڕێوە بچێ. ئەوە سیاسەتێکی ئیستعمارییە بەڵام وەکوو گوتم مادامێکی ئێمە داوای جودابوونەوە ناکەین، پێموایە کەلیمەی داگیرکەر یان بڵێین ئیستعمارگەر زۆر لە جێی خۆیدا نییە. چونکە ئەوە بەجۆرێک نیشانەی نەبوونی ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن هاوسەنگیی سیاسی (توازن سیاسی). دەبێ بڵێین سیاسەتەکەی ئیستعمارییە نەک بڵێین ئیستعمارگەرە.

**تیشک**: خودی مەسەلەی خودموختاری یان مەسەلەی فیدراڵیزم کە لە حیزبی دێموکراتدا هەردوو شوعارەکە بەقەول وەکوو بەرنامەی سیاسی کاری بۆ کراوە، جۆرێک لە کەمکردنەوەی ستەم بووە نەک لابردنی ستەم. ئایا پێتان وایە کە ئەوەی جەنابتان دەیڵێن شیبهی موستەعمەرەیە، دەتوانێت خروجی یان دەرکەوتەی ئەم بۆچوونە، سەربەخۆیی بێت یان دیسان فیدرالیزم بێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: پێموایە بەپێی هەلومەرج دەتوانێ هەردووکیان بێ. لانیکەم لە تیئۆریدا دەکرێ وەکوو چەند وڵاتی عەرەبیمان هەن، چەند وڵاتی کوردییشمان هەبن. ئێستا پێمان دەکرێ یان ناکرێ مەسەلەیەکی دیکەیە. بەڵام لەباری نەزەرییەوە بۆ نا؟ دەکرێ کوردستانی ئێران ببێتە دەوڵەتێکی کوردی، هی تورکیە، سوریە و عێراقیش هەر وا. دەکرێ بەڵام وەکوو فەرمووت کەمکردنەوەی زوڵمە نە لابردنی زوڵم. ئەمن پێموایە زوڵم بە ئیستقلالیش بە تەواوی لاناچێ، وڵاتە سەربەخۆیەکان زوڵمیان تێدا نییە؟ زوڵم لە عەرەبستانی سعودی پترە یان مەسەلەن لە کوردستانی تورکیە؟ لە کووبا زوڵم کەمتر هەیە تا لە ئێران؟ خۆ ئەوانە وڵاتی سەربەخۆن. بەڵام بە هەر حاڵ هەوڵی ئینسانی ئازادیخواز بۆ لابردنی ستەمە.

بەشی: سێهەم

دەکرێ لە وڵاتەکەدا هەر بمێنێ بەڵام بە حەدی ئەکسەری مومکین زوڵمی لەسەر لابچێ. بە تایبەتی زوڵمی نەتەوەیی، بەباوەڕی من ئەگەر دێموکراسی حاکم بێ مەجبوور نییە حەتمەن بە ئیستقلال لابچێ. چونکی دێموکراسی زۆر جار خراپ تەفسیر دەکرێ، دێموکراسی هێندێک وای لێ حاڵین کە هەر ئەوەیە کەمایەتی پەیڕەوی لە زۆرایەتی بکا. ئەمە دوانوێنگەی دێموکراسییە، دێموکراسی واقعی قەبووڵ و بەجێگەیاندنی مافەکانی کەمایەتی لەلایەن زۆرایەتییەوەیە. ئەوەیە دێموکراسی. دێموکرات بەو کەسە دەڵێن کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵام حقوقی ئەوانەی کە لەگەڵ وی نین ڕەعایەت بکا.

**تیشک**: لە چەندساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو پەرەسەندنی سوشیال میدیا لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتایبەتی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە، توندوتیژییەکی زمانیی سەیر دەبیندرێت بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا، ئەو توندوتیژییە زمانییە چۆن دەبینن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: پێموایە لە جوابی پرسیارێکی دیکەدا گوتم، ئەوە پتر دەمئێشێنێ، ئەگەر یەکێک موخالیفی منە لە فەیسبووکدا جنێوم پێ دەدا زۆر کەمتر لەوە دەمئێشێنێ کە لایەنگرێکی من جنێو بە کەسی دیکە دەدا. هەمووی مەحکووم دەکەم. ئەمە نیشانەی دواکەوتووییەکی زۆر قووڵە لە باری فەرهەنگییەوە، لە باری عەقلییەوە، لە باری ئەخلاقییەوە. لەجێدا جنێو و گۆپاڵ ئەوکاتە دەکەونە کار کە مەنتیق نامێنێ. ئەوەی ئێستە لە میدیادا دەیبینین زۆر جار بەڕاستی وای لێ کردووم ئارەزوو بکەم کە فەیسبووک نەبایە، ئینتەرنێت نەبایە. قەت لە بیرم ناچێ وا بزانم ٢٠ یان ٢٥ ساڵ دەبێ لە ڕۆژنامەی خەباتدا کاریکاتۆرێکم بینی زۆرم پێ جوان بوو. کابرا لە پشت کامپیووتێر دانیشتووە تەماشای شتێک وەک فەیسبووک دەکات،-ئەودەم فەیسبووک نەبوو- ئەم جنێو بەو دەدا ئەو جنێو بەم دەدا. کابرا لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێ ئەوە دیواری ئاودەستەکانی قەدیمە یان لاپەڕەی ئینتێرنێت؟ زۆر شتێکی جوان بوو. ئێستا وایان لێ کردووە، ئەوە شتێکی زۆر دواکەوتووانەیە و هیچ مەسەلەیەک چارەسەر ناکا. بەڵکوو گیروگرفتەکان قووڵتر و توندتر دەکا.

**تیشک**: ئەمن وەکوو دوایین پرسیار لای خۆمەوە، سیاسەتەکانی میدیای دەسەڵات یان دەسەڵاتدار بۆ پەرەپێدان بەو چەمکەی کە ئێمە بە کۆلۆنیالیزم ناوی دێنین و جەنابتان پێی دەڵێن شێوە موستەعمەرە چۆناوچۆن دەبینن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: سیاسەتی میدیای دەسەڵات وەک عەرزم کردی جاروبار ئەو شتانەی بە سەراحەت لێ دەردەکەون، جاروبار فیلمێک بڵاو دەکەنەوە لێدوانێک بڵاو دەکەنەوە. کابرا لە جێیەک قسەی کردووە، هەتا ئەو جێیەی بڵاو نەکراوەتەوە قسەی خۆیەتی، بەڵام کە لە میدیای ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە ئیدی ئەو خشوونەتە زمانییە، خشوونەتە میدیاییە دەبێتە قسەی دەسەڵات. میدیای دەسەڵات لە وڵاتی خۆماندا - باسی ئێران دەکەم - لە کولدا لە جیهەتی

بەشی: سێهەم

ئەوەدایە کە هۆڤییەتی نەتەوە غەیرەفارسەکان بسڕێتەوە. جا سەیرەکە لەوەدایە ئەوەی پێی دەڵێن ئینقلابی ئیسلامی، تەنانەت لە خەتی ئینقلابی ئیسلامی، لە خەتی خومەینییش لایداوە. خومەینی وەختی خۆی تێزێکی هەبوو کە دەیگوت میللیگەرایی زەمینەی ڕوشدی ئیمپریالیزمە، دەیگوت فارس و کورد و نازانم چی و چی هەموویان موسوڵمانن، بەڵام ئێستا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو فەلسەفە دینییەش کە هەیەتی - موناقەشەی ناکەین کە چۆنە - بە تەواوی شۆڤێنیستمەسلەکە. عەمیقەن موتەعەسیبن و دەیانەوێ هەموو هۆڤییەتێکی غەیرە فارس لە وڵاتی خۆیاندا بسڕنەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک: ژمارە ٥٨ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠٢١

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

## پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو

**دیمانە: عەلی بداغی**

١٧ی بانەمەڕی ئەمساڵ چل ساڵەی ڕووداوی تاڵی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"یە. لەم هێرشە ئاسمانیيەی سوپای عێڕاقدا ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون و ٤٢ کەس لە بەندکراوانی زیندان کوژران و پتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون. دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوسا و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە لەو ڕووداوە تێپەڕیوە، بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی بەراوەژوونیشاندانی ڕووداوەکەی داوە و گێڕانەوەکەی بە ئاقارێکیتردا بردووە.

"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"دا بۆ بیرهێنانەوە و خستنەوەڕووی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو ڕووداوە، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە پێکهێناوە:

**عەلی بداغی:** مامۆستا دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی زۆر لەسەر زیندانی دۆڵەتوو ڕۆیشتووە، بە دروستکردنی فیلم، بە بەڵگەسازیی بە درۆ. بەڕێزتان کە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات کوردستان بوون چۆن باس لەم ڕووداوە مێژووییە دەکەن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەو ڕووداوە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ڕووداوێکی یەکجار زۆر دڵتەزێن بوو، هەر لەبەر ئەوە نا کە ئێمە بۆخۆمان شەش پێشمەرگەمان تێیدا شەهید بوون، لەبەر ئەوەی زیندانێک کە لە حیمایەتی ئەو حیزبەدا بوو بەناحەق و ناڕەوا کەوتە بەر هێرشێکی بێڕەحمانە و، بوو بە بەشێک لە شەڕێکی هەر لە بنەڕەتدا ناڕەوا کە لەنێوان دوو دەوڵەتدا لەئارادا بوو. لەبەر ئەوەی بووە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆر لەو هەڵخەڵەتاوانە کە حیزبی دێموکرات بۆوەی ڕانەگرتبوون بیانکوژێ یان بۆ هەتا هەتایە لە بەندیخانەیان ڕابگرێ. چونکە سروشتییە کە لە شەڕدا زۆر جار دوو لایەنی شەڕ تووشی ئەو حاڵەتە دەبن کە ئەفرادی یەکتر ئەسیر و زیندانی دەکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەگەر سەیری مێژووەکەی بکەی و بەڵگەنامە و نووسراوەکانی بخوێنیتەوە دەبینی کە بە هەزاران کەسی لە هێزەکانی دوژمن گرتووە

و دوایە ئازادی کردوون.

کەوایە ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە خەسارێکی گەورە بوو کە وێمان کەوت و هەر ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا کە وردەکارییەکانی تێدا هاتوون، ڕاشکاوانە و بە توندترین زمان مەحکووممان کرد.

**عەلی بداغی**: مامۆستا پێش ئەوەی بێمە خزمەتتان چاوێکم لەو بەیاننامەیە کرد و ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو هەر بەو زمان و دەربڕینەی سەرەخۆشی لە بنەماڵە شەهیدەکانی حیزب کراوە، هەر بەوجۆرەش هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە. مامۆستا دەزگای تەبلیغیی ڕێژیم زۆر لەسەر ئەوە دەڕوا کە زیندانی دۆڵەتوو شوێنێکی زۆر نەشیاو بۆ ڕاگرتنی بەندییەکان بووە، زیندانییەکان ئەشکەنجە کراون، تەنانەت دەگوترێ نایاسایی ئێعدام کراون. دەمەوێ بپرسم حیزبی دێموکرات چۆن زیندانەکانی بەڕێوە بردووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زیندان هیچکات ئامانج نەبووە، هیچکات پێمان خۆش نەبووە زیندانمان هەبێ، بەڵام هەموو دەوڵەتێک، هەموو دەزگایەک، بتەوێ و نەتەوێ بۆ پێشگیری لە هێندێک لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی ناچارە جێیەکی هەبێ ئەو کەسانەی خەتایان کردووە ، بۆ ماوەیەکی کەم یان زۆر تێدا ڕابگرێ. بۆ ئێمە زیندان بەو جۆرە بووە. هەمیشە ئامۆژگاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بۆ پێشمەرگەکان و بۆ فەرماندەرانی پێشمەرگە ئەوە بووە کە لەگەڵ دیلەکان دەبێ ڕەفتاری موتەمەدینانەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار گوتراوە باشە ئەوە نییە ئەوان ئەسیری ئێمە دەکوژن! جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی ئولگووی ئێمە نییە کە ئێمە ڕەفتارەکانی ڕەچاو کەین و، عەکسی ئەوە، لە زۆر جێگادا ئەوەی ئەو دەیکا پێچەوانەکەی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی ئینسانی و پێشکەوتووانە و عەسریمان هەبێ لە بەرامبەر ئەودا. هەروەها لە قەوانینی شەڕدا کە ڕاستە شەڕ بۆخۆی بێقانوونییە، بەڵام لە سەحنەی نێودەوڵەتیدا قانوونی تایبەت بە شەڕیش هەیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێن.

لەبارەی ئەوەش کە زیندانەکە چۆن بووە، ئێمە زیندانمان لە شاخی بووە، خۆ لە شار نەبووین. پێشمەرگەکانی پارێزەری زیندان لە چ خانوویەکدا ژیاون زیندانییەکانیش لە خانووی ئاوادا ژیاون. تەنانەت نانی زیندانییەکان و پێشمەرگەکان لە یەک جێ کراوە، جا چ بە تەندوور بووبێ، چ بە سێڵ. چێشتی پێشمەرگەکان و زیندانییەکان لە یەک مەنجڵدا لێنراوە و بەسەر هەر دووکیاندا دابەش کراوە. ڕاخەر و پێخەفی پێشمەرگەکان چی بووە، هی زیندانییەکانیش هەر ئەوە بووە. بەڵام مەعلوومە وەزعییەتی ڕیفاهی زۆر باش نەبووە، جێی خەو زۆر باش نەبووە. خواردنیش هەمیشە زۆر باش نەبووە، کێشە و گرفتیش هاتۆتە پێش. دەنا ئەو حەمامەی کە زیندانییەکان خۆیان لێ شووشتووە هەر ئەوە بووە کە پێشمەرگەکان خۆیان

لێ شتووە. لەو بارەیەوە ئێمە زۆر بە سەربەرزییەوە توانیومانە زیندان و زیندانەکانمان بە خەڵکی دونیا پێشان بدەین. ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێری ڕۆژنامەکان هاتوون و ئەو دیمەنەیان دیوە کە دیمەنێکی ئینسانییە. مەسەلەن ڕەنگە ئەوە سەرنجڕاکێش بێ کە هەم لە ڕووی ئەمنیەتی و هەم لە ڕووی هێزی کارەوە بەشێکی زۆر لە کار و ئەرکەکانی زیندان بە زیندانییەکان سپێردراون. یانی بۆ ئەوەی زیندانییەکان لە بێکاری سەریان لێ ئەستوور نەبێ، بەشێکی زۆری ئەو کارانە بۆخۆیان دەیانکرد. تەنانەت نان لە زۆربەی کاتەکاندا زیندانییەکان دەیانکرد.

**عەلی بداغی:** دیارە ئەو کارانە لە دەزگای تەبلیغیی ڕێژیمدا بە بێگاری ناویان هاتووە.

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** بەڵێ بە بێگار ناویان بردوون. بەڵام ئەو کارانە بۆ ئەوە بوون ئەوان وەختی پێوە خەرج بکەن. پاشان لە باری ئەمنییەتییەوە خاترجەمیی خۆیان هەبوو، ئێمەش خاترجەم بووین کە هیچیان لێ ناکرێ و لە هەمووی گرینگتر ئەو چێشتەی کە ئەمن دەیخۆم زیندانی بۆم لێدەنێ، نەک ئەوەی کە زیندانی دەیخوا ئەمن بۆی لێنێم و خراپی لێبنێم. هەموو ئیمکاناتەکە لە بەردەستی ئەواندایە. چێشتەکە لە یەک مەنجەڵدا کوڵیوە، بەرپرسانی زیندان و پارێزەری زیندان و خودی زیندانییەکان هەموو لەوە دەخۆن. چەندی مومکینە دەتوانین بڵێین ڕەفتارەکان ئینسانی و شارستانیانە بوون.

**عەلی بداغی:** سیستەمی دادڕەسی و بەدواداچوونی قەزایی چۆن بووە. مەسەلەن دەڵێن هەر پێشمەرگە یان بەرپرسێک هاتووە حوکمێکی داوە، تەنانەت حوکمی ئێعدام؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** لە بنەڕەتدا وا نەبووە کە هیچ پێشمەرگە یان بەرپرسێک حوکمی زیندانی بدا. ئێمە ئیدیعا ناکەین کە سیستەمێکی دادوەریی ڕێکوپێک و بێنەقسمان هەبووە. نەخێر، ئێمە دەوڵەت نەبووین، ئێمە پارتیزان بووین. بەڵام لێپرسینەوە هەبووە، لێکۆڵینەوە هەبووە بێ-ئەوەی ئەشکەنجەی دەگەڵ بێ. دوایەش پەروەندەیان بۆ دەکرایەوە. ئەو کەسانەی کاری قەزاییان کردووە بەشێکیان هەر قازییش بوون، یانی قانوونیان خوێندبوو، بەشێکی دیکەشیان ئەزموونی کاری لەو چەشنەیان هەبووە. لەبارەی حوکم و بڕیارەکانیشەوە، پێموانییە هیچ زیندانییەک لای ئێمە هەموو ماوەی زیندانەکەشی کێشابێ. مەسەلەن ئەگەر حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی دراوەتێ، دەبینین پاش دوو ساڵ یان سێ ساڵان ئازاد کراوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بێینە سەر ئەسڵی بابەتەکەمان کە باس لە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتووە. دۆڵەتوو بۆ بۆمباران کرا؟ ئایا نیزیکایەتیی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە مەقەڕەکانی حیزبی دێموکرات هۆکار بوو؟ یان

هۆکاری دیکەی هەبوو.

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ئەمن بە هیچ جۆرێک وای بۆ ناچم کە هۆکارەکە هەر ئەوە بووبێ. چونکی جاری وا هەبووە لەوانیان داوە و دەکرا لە زیندان نەدەن، لەحاڵێکدا لە زیندانیان دا و لەوانیان نەدا. بەڵام بتەوێ و نەتەوێ دەورانی شەڕ بوو و شەڕیش لە نێوان دوو دەوڵەتدا بوو کە هیچیان ئەرزەشیان بۆ قانوونی نێونەتەوەیی دانەدەنا. ئامانجەکە ئەوە بوو کە چەندی بکرێ پتر زەربە لە لایەنی بەرامبەر بدەن و زیاتری لێ بکوژن. باشە ئەوە دامان نا کە زیندانی دۆڵەتوو هێزەکانی ڕێژیمی تێدا بووە، ئەدی سەردەشت چی کە بۆمبارانی شیمیایی کرا. بانە و مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستان چی کە بۆمباران کران، زەردەی دالاهۆ چی کە بە بۆمبی شیمیایی لێی درا. باسەکە ئەوەیە کە دوو لایەنی شەڕ دەیانەوێ زەبر لە یەکتری بدەن. لە عەینی حاڵدا ڕەنگە پێت سەیر بێ کە دەڵێم دەوڵەتی عێراق، - نایشارمەوە و شاراوەش نەبوو کە ئێمە پێوەندییمان لەگەڵی هەبوو؛ بەڵام - هێندەش چارەی ئێمەی نەدەویست. هیچ بۆی موهیم نەبوو زیندانیی ئێمە، یان پێشمەرگەی ئێمە دەکوژرێ. هەربۆیەش ئەوکات ئەو کردوویە، یانی ئەو بۆمبارانەمان بە شێوەیەکی زۆر توند و بە کەلیماتی زۆر توند مەحکووم کرد.

**عەلی بداغی**: بە هێنانی وشەی فاشیست لە بەیاننامەکەدا؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: بەڵێ بە عەمەلیاتێکی فاشیستیمان ناو برد. شتێکی لەوە سەیرترت پێ بڵێم، ئێستا دەقیقەن لەبیرم نییە، بەڵام ئەمریکای موتەمەدین لە ئەفغانستان، زیندانێکی بۆمباران کرد کە دەشیزانی زیندانە و ٨٠٠ کەسی تێدا کوژرا. ئەوە ئیدی شەڕە و شەڕ بۆخۆی خراپە، بێ مانایە و شتی بێ مانای دیکەشی تێدا دەقەومێ. بەڵام ئەوەندەی کە پێوەندیی بە ئێران و عێراقەوە هەیە ، ئەوان هەر دووکیان چیان بۆ کرابێ، لەدژی یەکتری کردوویانە. مەسەلەن ئێران چەندی ئیفتیخار بەوە دەکرد کە مووشەکەکانی لە بەغدا دەدا، بەڵام لە بەغدا لە کۆیی دەدان! یەک مووشەکیش لە کۆشکی کۆماری نەکەوت. یەک مووشەکیش لە بنکە نیزامییەکان نەدرا، وە خەڵکی دەکەوت. عێڕاقیش کە لە ئێرانی دەدا هەر وە خەڵکی دەکەوت.

**عەلی بداغی**: مامۆستا دەمەوێ باسی ئەو گومانی پیلانە بکەم کە ٤٠ ساڵە ڕێژیم لەسەری دەڕوا. ئەوە کە ئەو عەمەلیاتە بە چاوساغیی حیزبی دێموکرات کراوە و لە کاتی بۆمبارانەکەدا بەرپرسانی زیندان و پێشمەرگەکان شوێنەکەیان چۆڵ کردووە، یان تەنانەت دوای بۆمبارانەکە کۆمەڵێک زیندانی کە ویستوویانە ڕابکەن، کەوکوژی کوشتوویانن؟



سەرچاوە
Serchawe

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: سەرتاسەری ئەوانە قسەی بێبنەما و تۆمەت و بوختانن کە هەر لە کۆماری ئیسلامی دەوەشێنەوە. هەر ئەوە کە ئێمە شەش پێشمەرگەمان شانبەشانی زیندانییەکان شەهید بوون بۆخۆی دەلیلێکە. لە پاشان ئەو زیندانییانەش کە ئیجازە بدەن بڵێم ئەوانیش شەهید بوون، جەنازەکانیان بە قەدر و حورمەتەوە لە زیندانی دۆڵەتوو ڕا گواسترانەوە بۆ سەر جادەی پیرانشار - سەردەشت و لەوێ تەسلیمی ئەو نوێنەرانە کراون کە دەوڵەت لە سەردەشتەوە ناردبوونی وەریانگرن. پاشان بە فەرزی مەحاڵ حیزبی دێموکرات ویستبێتی زیندانییەکان بکوژێ، ئەوە بۆمبارانی بۆ چییە بۆخۆی دەیکوشتن و تەواو.بەڵام خۆ ئەوان کاریان بەوە نییە شت هەیە یان نییە، ئەوان لە ماڵی خۆیاندا دادەنیشن و قسە ساز دەکەن. بۆ نموونە وەبیرم دێ، ئەو وەختەی مەهاباد گیرا، ساڵی ١٣٥٨ کە ئێمە بەجێمان هێشت، کۆماری ئیسلامی تەبلیغاتی ئەوەی دەکرد کە دەبێ ئێمە پلاکاردی بەخێرهێنانی ئەرتەشی ئیسرائیلمان ئامادە کردبێ. قسەیە و ئەو دەیکا! ڕەنگبێ خەڵکی ساویلکەش هەبێ باوەڕیان پێ بکا کە هیوادارم نەبێ. بەڵام چونکی ئەوانە ئەوەندە وەستان لە تۆمەت و ئیفترا و بوختان و درۆهەڵبەستن، ڕەنگە یەکێک هەر باوەڕیان پێ بکا. ئەرێ باشە کەس نییە بپرسێ بڵێ ئەو ئەرتەشی ئیسرائیلە بە کوێدا دەهات! بەسەر چەند وڵاتی عەرەبیدا دەهات بە مەخفی تا لە مەهاباد حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی کورد پێشوازیی لێ بکەن. یانی ئەو شتانەی ئەوان دەیانڵێن هەر لایەقی خۆیانە.

**عەلی بداغی**: مامۆستا بەشێک لەو بوختانانە ڕووی لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە هاتوون و ڕووماڵی ڕووداوەکانی ئەوکاتی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانەیان کردووە و ڕێژیم بە سیخوڕیان ناو دەبا. دەڵێ ئەوان هاتوون و لە زیندان وێنەیان گرتووە و ئەو وێنانە دراونەتەوە ڕێژیمی بەعس؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دەزانی چۆنە، هەر من بۆخۆم بەبێ ئەوان دەڵێم پێموایە ڕۆژنامەنووسانیش، ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانە کە دێن، ڕێکخراوە تەندروستی و پزشکییەکانیش کە دێن، خەڵکی وڵاتی خۆیانن، دڵسۆزی وڵاتی خۆیانن و وڵاتی خۆیان خۆش دەوێ. ڕەنگە زانیارییەکیش بە نەفعی وڵاتی خۆیان کۆ بکەنەوە. بەڵام هەموو ئەوانە، لە دنیایەدا وا ناسراون کە بێخەتان. یانی کابرا تابلۆیەک لە پشت یان لە سینگی دەدا کە لێ نووسراوە پرێس و ڕۆژنامەنووسە. ئیدی ئەگەر شەڕەکە موتەمەدینانە بێ، وەنێو شەڕەکە دەکەوێ و هیچکەس حەقی نییە تەقەی لێ بکا. لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەمینن و هاتوون ڕووداوەکان وەکوو ئەوەی هەیە تۆمار بکەن و بیدەن بە ئەفکاری عموومی. بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسە فەڕانسەوییەکان هەروەها پزیشکە فەڕانسەوییەکانیش، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ میللەتی کورددا دەتوانین بڵێین، ئینسانی شەریف بوون و لە نییەتی خزمەت بەولاوە هیچ نییەتێکی دیکەیان نەبووە. جا ڕەنگە وەختێک ڕۆژنامەنووسێک کە لایەنگری میللەتی کوردە، حەتمەن موخالیفی ئەو کوشت و کوشتارەش بێ کە کۆماری ئیسلامی لە میللەتی کوردی دەکا، دەوڵەتی عێراق یان دەوڵەتی تورکیە دەیکا. بەڵام بێتەرەفیی موتڵەقیان پاراستووە. بۆیە بە هیچ جۆر بوختانێکی وا

بەوانەوە ناچەسپێ.

عەلی بداغی: تەنانەت لە ئاماری کوژراوەکانیشدا ئاماری جۆراوجۆر بڵاو دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن کە ژمارەی کوژراوەکان ١٨٠ کەس بووە.

عەبدوڵا حەسەنزادە: زیندانی دۆڵەتوو لەو وەختی‌دا ١٨٠ کەسی لێ نەبوو هەتا ١٨٠ کەسی لێ بکوژرێ. بۆیە بەتەواوی ڕەتی دەکەمەوە، بەڵام ئەوەندی ئەمن بزانم و ئەوەندی ئێمە ئاگادارین لە بریندارەکانیش کەسیان نەمرد. هێندێک کە برینەکانیان سەخت بوون تەحویل دەرانەوە و ئەوانەش کە برینەکانیان سووک بوون لە لای خۆمان مانەوە و ئەوانیش کەسیان لێ نەمرد کە بڵێین ئاماری کوژراوەکان دوایە زیادی کردبێ.

عەلی بداغی: مامۆستا هەر لە درێژەی ئەو چەواشەکارییانە ماوەیەک لەوە پێش لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی‌دا خەڵەبانێکی ئەرتەش بانگ کرابوو، باسی ئەوەی دەکرد گۆشتی خەڵەبانەکان لای کوردەکان قیمەتێکی زۆری کردووە و کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن مەزەندە کراوە. وا بزانم حیزب خەڵەبانێکی بە بریندار گرتبوو، بەسەرهاتی ئەو چیی بوو؟

عەبدوڵا حەسەنزادە: مەسەلەکە ئەوەیە ئەو خەڵەبانی هێلیکۆپتری کوبرایە کە ئێمە کوردەکان گۆشتەکەی کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین وا دیارە نازانن ٥٠٠ میلیون تمەنی ئەوکات چەندە بووە. یەک میلیۆن تمەنی ئەو وەختی دەیکردە دەوری ٢٠هەزار دۆلار، واتە ٥٠٠ میلیۆن دەیکردە ١٠میلیۆن دۆلار، قسەیەک کە دەبێ هەر ئەوان بیکەن و هەر لە خۆیان جوانە.

عەلی بداغی: ئەدی مامۆستا بەسەرهاتی ئەو خەڵەبانە چی بوو؟

جارێ باسی خەڵەبانەکە ناکەم باسی خەڵەبانی هێلیکۆپتێرەکە دەکەم. باشە ئەو هیلیکۆپتێرە کە ئێمە بەرمان داوەتەوە و جەنازەی خەڵەبانەکەی لەبەر دەستی ئێمەدا بووە، بۆ بە پووڵ گۆشتەکەیمان دەکڕی. ئەوە نییە کەلاکەکەی لە بەردەستی خۆماندایە، لە کێی دەکڕین؟ ئەگەر لەبەر دەستی ئەواندایە، یانی ئەوان گۆشتی کەلاکی کوژراوەکانی خۆیان بە پووڵ دەفرۆشت؟ ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن، یانی بۆ ئەو کەسانەی کە ساویلکەن و باوەڕیان پێ دەکەن ئەوەندە کار لەسەر مێشکیان دەکەن کە مەجالی بیرکردنەوەیان بۆ نەمێنێ. ئەوە لە کام بازاڕدا بوو، لە کام قەسابخانە بوو کە گۆشتی خەڵەبان دەفرۆشرا. لە پاشان من ڕوداوێکت بۆ بگێڕمەوە.

ئەمن بۆخۆم چاوم لێ بوو دوو تەیارە لە ئاسمانی ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد دەرکەوتن. بە چاو دەمدین، بەڵام نەمدەزانی کامیان ئی کام وڵاتن. یەکێکیان مووشەکێکی هاویشت کە وە ئەوی دیکە کەوت. یانی هەموویم دیت. بەڵام ناوچەکە شاخاوییە و بە کەمتر لە ٥ سانیە یان ١٠ سانیە هەر دووکیان ون بوون. دوایە دەرکەوت لە دەوروبەری چوار پێنج کیلۆمیتر ئەولاتر ئەو تەیارەیەی لێی دراوە بەر بۆتەوە و تەیارەی ئێرانیش بووە. ئەو تەیارەیە بەر بۆوە و خەلەبانەکەی بە برینداری کەوتە دەستی پێشمەرگە. دەوڵەتی عێراقیش بەمەی زانی. هەرچی لە توانایدا بوو هەوڵ و تەقەلای دا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو زیندانییەی ڕادەست بکەین، حیزبی دێموکرات نەچووە ژێر بار. حیزب گوتی ئەوە خەلەبانی ئێرانییە و لە خاکی ئێران و لە ناوچەی ئێمەدا کەوتۆتە ژێردەستی ئێمە و، ئێمەش خەڵکی ئێرانین و دەیدەینەوە بە دەوڵەتی ئێران. ئەوەندی کرا دەرمان کرا و دوایە بە حورمەتەوە تەسلیمیان کرایەوە. باشە وەختێکی گۆشتی خەلەبانی هێلیکۆپتەر بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین، خەلەبانی فانتۆم بۆ بەخۆڕایی دەدەین بەوان؟(پێکەنین) ئارەزوو دەکەم بەردەنگەکانی ئەوان پتر بیر بکەنەوە.

داستانێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە؛ کابرایەکیان بە ئەسیر گرتبوو لە ناوچەی سەردەشت. لێی دەپرسن بۆ هاتوویە ئێرە؟ دەڵێ: "هاتووم بۆ شەڕ". بۆ شەڕی کێ؟ دەڵێ بۆ شەڕ دژی کافرەکان. باشە کافر کێن؟ دەڵێ: "ئێوە". پاشان لێی دەپرسن باشە ئەتۆ پێشتر هاتوویە کوردستان؟ دەڵێ: "بەڵێ ئەمن لەوەپێش لەو سەردەشتەی خزمەتم کردووە و ژاندارم بووم". لێی دەپرسن باشە لە سەردەشت گوێت لە بانگ نەدەبوو؟ وەکوو لە خەو ڕاچەنێ دەڵێ با. دەڵێن مزگەوتی لێ نەبوو؟ وەکوو ئەوە لە خەو هەستابێ دەڵێ بەرێوەڵڵا مزگەوتیشی لێ بوون. باشە نوێژیان نەدەکرد، ڕۆژوویان نەدەگرت؟ دەڵێ با. چی و چی، دەڵێن ئەی بۆ ئیدی بە کافریان دادەنێی. کابرای ئەسیر دەڵێ: "ئەمن ئێستا هیچ قسەم نەماوە و ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەمووی ڕاستە. بەڵام بریا ئێوەش تەنیا چەند ڕۆژ لەبەر دەستی ئاخونددا بوایەن و قسەی بۆ کردبان، داخوا ئێوەش دەتانگوت میللەتی کورد کافرە یان نا".

**عەلی بداغی**: مامۆستا بێینە سەر کاردانەوەکانی حیزبی دێموکرات بە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو، دیارە جەنابت بە کورتی باست لە بەیاننامەکە کرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەیاننامەکەمان وەکوو عەرزم کردی و بۆخۆشت خوێندووتەتەوە، بەیاننامەیەکی توند بوو. بەسەرهاتێکیش هەیە وابزانم جارێکی دیکەش هەر لە وتووێژێکی دیکە لەگەڵ خۆت باسم کردووە. لەبیرمە ماوەیەک پاش بەیاننامەکە بوو، دوکتور قاسملوو سەفەری دەرەوەی دەکرد و بە بەغدادا دەڕۆیشت. ئەمنیش لەگەڵی بووم هەتا بەغدا، لەوێ بەرێم کرد و جیا گەڕامەوە. لە کەرکووک لامان دا. لە مەرکەزێکی کە وابەستە بە موخابەراتی عێراق بوو. ئەوان

بەشێکیان هەبوو تایبەت بە کاروباری ئێرانییەکان. شەهید دوکتور قاسملوو پێشتر چووبوو، بەڵام من نەچووبووم. لەو وەختەدا ئەمن بەرپرسی تەبلیغاتی حیزب بووم. کە چووینە ژوورێ بەخێرهاتنیان کردین دوکتور گوتی ئەوەش وەزیری ئیعلام (تەبلیغات)ی ئێمەیە. هێشتا دانەنیشتبووین، مەسئوولەکە گوتی یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی! ئەمنیش بێ ڕاوەستان گوتم یانی عەمەلیاتی دۆڵەتوو جەنابت دەستوورت دابوو!؟ ئەوەمان گوت و دانیشتین. چایان هێنا. دوکتور قاسملوو هەڵیدایە گوتی: "بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە، (ئێستا نازانم ئەو نووسیبووی یان نا، بەڵام ئەمن نەمنووسیبوو) ئەتۆ حەق بە خۆت دەدی زیندانم بۆمباران بکەی، زیندانیم بکوژی، پێشمەرگەم لێ شەهید بکەی، بەڵام حەق بە من نادەی مەحکوومی بکەم! حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئاوا نازانێ.

کابرا بە ڕاستی کەوتە پتە پت و زۆر بە تەنگاوی عوزری هێنایەوە و گوتی قسەیەک بوو کردمان. ڕووداوەکەش هەڵەیەک بوو کرا، دەنا ئێمە چۆن زیندانی ئێوە بۆمباران دەکەین، هەڵەی خەلەبان بووە و لەو قسانە و پاساوی بۆ هێنایەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا هەموو هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە بڵێ حیزبی دێموکرات گوێلەمستی حیزبی بەعس بووە و، لەو بەستراوەییەدا هیچ سنوورێکی نەپاراستووە. پێم خۆشە لێرەوە بچینە نێو پێوەندییەکانی حیزب دێموکرات و حیزبی بەعسەوە.

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** پێموابێ جارێکی دیکەش ئیشارەم پێ کردووە، پاش ڕووخانی دەوڵەتی عێراق (دەوڵەتی پێشوو) ساڵێک دوو ساڵ دواتر لێرە دوکتور مەحموود عوسمانمان میوان بوو. لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ خەڵک کرد. شاهیدییەکی زۆر جوانی دا. باسی ئەوەی کرد کە پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانەیە، ئەو هەموو مەدرەکە، بە سەدان تۆن ئەوراقی دەوڵەتی وەدەست هێزەکانی دژی بەعس کەوت لاپەڕەیەکی تێدا نەبوو کە نیشانەی ئەوە بێ حیزبی دێموکرات خزمەتی دەوڵەتی عێراقی کردبێ. عەکسی ئەوەش شتی موسبەتی تێدا بووە.

**عەلی بداغی:** باشە مامۆستا دەوڵەتی بەعس داواکاریی لەوچەشنەی لە حیزبی دێموکرات نەبووە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** بەڵێ بوویەتی، بەڵام وەڵامی نەدراوەتەوە. ئەمن لەبیرمە و بۆخۆم شایەت بووم کە دەوڵەتی عێراق داوایان لە ئێمە کرد کەسێکی دژی ئەوان تێرۆر بکەین، جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە ئێمە تێرۆر بۆخۆمان ناکەین چۆن بۆ ئێوەی دەکەین.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

بەڵام ئەوکاتە نێوان ئێران و عێراق شەڕ بوو، بێگومان هەم عێراق دژی ئێران شەڕی دەکرد و هەم ئێران شەڕی بەسەر کورددا سەپاندبوو. ڕەنگە ئامانجی هاوبەشیش هەبووبێ بۆ زەربەلێدانی دوژمنی هاوبەش.

بەهەرحاڵ بتەوێ و نەتەوێ کاتێک دوو هێز بەرامبەر بە هێزێکی دیکە شەڕ دەکەن لە باری گشتییەوە لە یەک سەنگەردان. چوونکی هەردووکیان بەرابەر بە هێزێک شەڕ دەکەن، کەواتە دەتوانین بڵێین ئێمە و دەوڵەتی عێراق بەو مانایە لە یەک سەنگەردا بووین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی. هەردووکمان لە دژی ئەو شەڕمان دەکرد. بەڵام ئەوە هەم بە عەمەل و هەم بە قسە بەوان گوتراوە کە شەڕی ئێمە دژی دەوڵەتی ئێران هەم لە باری سروشتەوە و هەم لە باری ئامانجەوە فەرقی هەیە لەگەڵ شەڕی دەوڵەتی عێراقێ دژی دەوڵەتی ئێران. ئەوەی ئێمە شەڕی پارتیزانییە لەباری تیکنیکییەوە و هی ئێوە شەڕێکی جەبهەیی بە تانک و تۆپ و فڕۆکە و کاتیوشا و ئەوانە. لە باری ئامانجیشەوە ئێمە دەمانەوێ ئەو دەوڵەتە ناچار بکەین دان بە حقووقی ئێمە دابنێ لە چوارچێوی وڵاتەکەماندا، لە حاڵێکدا ئێوە دەتانەوێ بە قەولی فارس "کشور گشایی" بکەن. ئەوەتا ناوچەیەکی زۆری خوزستانتان داگیر کردووە و پێتان بکرێ پتریش داگیر دەکەن. کەوابێ شەڕی ئێمە بە جودایە و شەڕی ئێوەش بە جودا. تەنانەت جارێکی داوایان کرد پێشمەرگەی ئێمە بچێ لەگەڵ هێزەکانی ئەوان لە ناوچەی ئالانی سەردەشت عەمەلیاتێکی هاوبەش لەسەرهێندێک پایەگای ڕێژیم بکەن. ئێمە جوابمان دانەوە و گوتمان پێشمەرگەی ئێمە ئەگەر شەو داهات هەر هێزێکی چەکدار ببینێ، دەنگی دەدا و ئەگەر ناوی شەوی پێ نەبوو لێی دەدا. کەوابێ ئەگەر ئێوەش بێن پێشمەرگەی ئێمە لێتان دەدا. نەک عەمەلیاتی هاوبەشتان لەگەڵ ناکەین لێشتان دەدین.

**عەلی بداغی:** کەواتە نەبووە کە مەسەلەن هێزێکی عێراقی بە هاوکاریی ئێمە هاتبێتە کوردستان بۆ شناسایی، یان بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** بەهیچ جۆرێک هیچ هاوکارییەکی عەمەلەیاتی لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا نەبووە، دیارە ئەوان لە کوردستانیش عەمەلیات و تەنانەت جینایەتیشیان کردووە، هەم دەوڵەتی عێراق لە ئێران و دەوڵەتی ئێران لە عێراق. ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام وەکوو بڵێین ئێمە پێکەوە عەمەلیاتی هاوبەشمان کردبێ، قەت نەبووە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بۆ وەبیرهێنانەوە خراپ نییە باس لەوە بکەین کە لەو هەڵوێستە مێژووییانەدا تەنانەت حیزب بەیاننامەی ڕەسمیی هەیە ڕوو بە حکوومەتی مەرکەزی، کە ئەگەر حکوومەتی مەرکەزی مل بۆ داخوازەکانی کورد ڕاکێشێ ئێمە ئامادەین کە پێشمەرگەکانمان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی تاران لە دژی حکوومەتی عێراق بچنە بەرەی شەڕەوە؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەوە ئەو وەختە بوو کە شەڕەکە هەڵایسا و حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە قسەدا ئیعلان بکا کە ئێمە مافی خودموختاری بۆ میللەتی کورد بە ڕەسمی دەناسین، ئێمە هەموو هێزەکانمان لە جەبهەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەگێڕینەوە و شان بە شانی ئەوان لەدژی هێزەکانی عێراق دەکەوینە شەڕ. بەڵام لە جیاتیی ئەوەی ئەوە قەبووڵ بکەن ئەوەندی بۆیان کرا هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان بەرینتر کردەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا نووکە ڕەبی تەوبلیغاتە ژاراوییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دوکتور قاسملوویە. بەڵام جەنابت پێشتر باسی ئەوەت کردبوو کە ڕێژیمی بەعس زۆر پیس لە دوکتور قاسملوو وەڕەز و بێزار بوو؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** زۆر تەبیعی بوو، چونکی دوکتور قاسملوو شەخسییەتێکی نێونەتەوەیی بوو و خەڵک قسەی لێ دەبیست. ئەو دواییانە لە ئەدەبیات و لە ئەسناد و با بڵێین فایلەکانی وڵاتانی خاریجیدا زۆر شت دەرکەوتن کە دوکتور قاسملوو ئەو وەختی لە دژی دەوڵەتی عێراق کردوونی و دەوڵەتی عێراق بەوانەی دەزانی. ڕەنگە جارێکی دیکە ئەوەشم باس کردبێ وختێکی کە خەبەری تێرۆری دوکتور قاسملوو هات ئەمن یەکسەر گوتم کاری عێراقە. شەهید دوکتور سەعید گوتی: "شتێک هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە". گوتم چی. گوتی: "دانوستانێک هەبووە لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا". گوتم جا ئەوجار مەعلوومە، چونکی ئەوان نەهاتوون دانوستان بکەن و هاتوون دوکتور قاسملوو تێرۆر بکەن. یانی بەو ئەندازەیە شکم لە حکوومەتی بەعس بوو. دیارە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی کەسایەتییەکی گەورە و دیپلۆماتێکی پایەبەرز بوو، لە عەینی حاڵدا مەسئوول و ڕێبەری حیزبێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوو کە شەڕی لە دژی دوژمنەکەی ئەوان دەکرد. کەوابێ هەم لەگەڵ حیزبەکەی مودارایان دەکرد و هەم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. دیارە ئەگەرچی زۆر بەحورمەتەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام ڕوونە کە چۆن لە دوکتور قاسملوویان دەڕوانی.

**عەلی بداغی:** لەبەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو بە قسەی نەدەکردن و بە دڵی نەدەکردن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەی خۆ لە جێیەکی دیکە لە قسە بۆ ڕادیۆدا باسم کردووە، وتووێژێک هەبوو لەبیریشم نەمابوو بەڵام ئەو ماوەیە کاک محەممەدڕەزا ئەسکەندری دینابوو، لە بارەی مەرگی هێمنی شاعیرەوە. دوکتور قاسملوو زۆر جار کە دادەنیشتین دەیگوت ئەوانە (بەعس) فاشیستن. جا مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی جارێکی سناریۆیەکی دروست کردبوو بە شۆخی لەسەر سوڵحی ئێران و عێراق (دوای ڕێککەوتنی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر) کە ئێمە گیراوین و هەموومان ئێعدام دەکەن و بردوویانین و ڕیزیان کردووین بۆ ئێعدام. هەرکەس لەو وەختەدا قسەیەک دەکا یان عەمەلێک دەکا. قسەکەی دوکتور

قاسملوو ئەوە بوو کە دەیگوت ها برادەران پێم نەگوتن ئەوانە فاشیستن. جا شتی ناخۆش وەبیر پیاو دێتەوە. هەر ئەو مامۆستا هێمنەی کە ئەو سیناریۆیەی ساز کردبوو و باوەڕی پێی هەبوو، کەچی وەختی خۆی کە جەماعەتی حەوت کەسی پەیدا بوون ئەویش دوکتور قاسملووی بە بەعسی ناو برد، بەداخەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا لە بارەی دوکتور قاسملووە ماوەیەک لەوە پێش بەڵگەنامەیەک بڵاو بۆوە کە دوکتور قاسملوو نامەیەکی بۆ سەدام حوسێن نووسیوە و لەوێدا مام جەلال تاڵەبانی بە "برای بەڕێزم" ناو دەبا، یانی لەو نامەیەدا کە دەکرا کەسیش قەت پێی نەزانێ ڕوو بە سەرکۆمار و دیکتاتۆرێکی وەک سەدام یەکێک لە دژبەرە هەرە سەرسەختەکانی ئەو بە برای خۆی ناو دەبا کە ئەوە دەگمەن و هەر لە کەسێکی وەک د. قاسملوو دەوەشێتەوە. هەر ئەوە بەشێک نەبوو لەو ڕق و قینەی بەعس لە د. قاسملووی هەبوو؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەو ئازادمەنیشییەی حیزبی دێموکرات کە دەتوانین بڵێین بەشێکی بۆ دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە، چونکی ئەو ڕێبەر و ئولگوو بوو بۆ هەموومان، زۆری دڵی دەوڵەتی عێراق دەئێشاند. مەسەلەن دانوستانی ساڵی ١٩٨٣ کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانی پەیدا بوو، لە ڕێگای حیزبی دێموکراتەوە بوو. هەوەڵین ئەڵقەی ئەمن لەوێ بووم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. براکەی سەدام، بەرزان تکریتی کە ئێعدام کرا، خوا هەڵناگرێ زۆر بە ئەدەبەوە ڕوو بە د. قاسملوو گوتی: دوکتور ئەگەر ئێمە پەیامێکمان هەبێ بۆ کاکە جەلال، ئێوە لەو سنوورانە هیچ ئیمکانتان هەیە پێی بگەیەنن؟ دوکتور گوتی: ئەو قسەیە یانی چی؟ ئێمە ئەگەر هاتووین شەوێ میوانی مام جەلال بووین. بەڵێ ڕوونە کە پێی دەگەیەنین. یانی هیچکات ئێمە ئەوەمان نەدەشاردەوە. تەنانەت بێ ئەدەبییە ئەوەی دەگێڕمەوە. جارێکی لەسەر هێندێک لە کێشەکانمان کە لە قەندیلی هاتبووە پێشێ، لەگەڵ بەرپرسانی بەعس لە سلێمانی دانیشتبووین. مەرحووم کاک غەفوور هەمزەیی مەسئوولی پێوەندییەکانمان بوو. چووبووین لەگەڵ قائید فەیلەقی ئەوێ و نوێنەرێک کە لە بەغداڕا هاتبوو دانیشتبووین. هەروا کە قسەمان دەکرد ئەمن گوتم ئێمە خێری وانمان دەوێ، یانی کوردی عێراق. چونکی داوایان لێ دەکردین ئێمە لە قەندیل ڕێگە نەدەین ئەوان بەوێدا بێن و بچن. گوتم شتی وا چۆن دەبێ، ئەگەر ئەوە مافێک بێ مافەکە بەوانە هەتا ئێمە. ڕەنگە حەق بەوان بێ بە ئێمە بڵێن لێرە مەبن، چونکی ئێرە خاکی ئەوانە، نەک ئێمە داوایەکی ئاوامان لەوان هەبێ.

دوایە کە هاتین بچینە ڕانیە و لەوێ شتەکان تەتبیق بدەین، کاک غەفوور هەمزەیی گوتی: ئەرێ ئەتۆ دەزانی دەڵێی چی، ئاگات لە زمانی خۆت هەیە؟ گوتم ئا خۆ دەزانی ئەمن مەشرووب ناخۆمەوە و مەست نەبووم. بەڵێ، زۆر چاک دەزانم دەڵێم چی. با ئەوان بزانن کە ئێمە دوژمنی کوردی عێراق نیین، بەڵکوو خێری وانمان دەوێ.

بەشی: سێهەم

**عەلی بداغی**: مامۆستا وەکوو دوا پرسیار هەربێینەوە سەر باسی زیندانەکەی دۆڵەتوو. چل ساڵەی بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو لای جەنابت بیرهێنەرەوەی چ شتێکە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیسان هەر ئەو دوو شتە وەبیر پیاو دێنێتەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو دیاردەی شەڕ چەندە زیانبار بووە بۆ بەشەرییەت و، چ جینایەتی گەورەگەورەی لێ دەخوڵقێن و شەڕ چۆن هەموو سنوورەکانی ئەخلاق، دین، سیاسەت تێدەپەڕێنێ. پاشان شتێکیش زیاد دەبێ ئەوەی کە ئەحمەدی خانی دەیڵێ و ئەمن شێعرەکەی ئەحمەدی خانیم وەک خۆی لەبیر نییە و تەرجەمە موکریانییەکەیم لەبیرە کە دەڵێ:

"یەک هێرشێ بۆ سەر ئی دی بێنێ
هەر کوردە دەبن شەلاڵی خوێنێ"

کوردەکە لەو نێوەدا بەهەر دوو تەرەف لێی دەدرێ. ئەوە یەکێکە لەو بیرەوەرییە تاڵانە کە لە ڕووداوی زیندانی دۆڵەتوو و دەیان ڕووداوی لەو بابەتە چ لە دیوی ئێران بووبێ چ لە دیوی عێراق بووبێ، چ لە دیوی تورکیە بووبێ، تەنانەت لە سووریە بووبێ کە پیاو دەیبینێ.

**عەلی بداغی**: مامۆستا زۆر سپاس لەوەی کاتت دانا بۆ ئەم وتووێژە.

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ئێوەش ساغ و سلامەت بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو

**هەپەیڤین: دیاکۆ دانا**

**ئاماژە:**

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕۆژێکی هەرە مێژووییە لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. لەودا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە لە تێکۆشانی نهێنیی ئەو حیزبە ڕاگەیاندرا. ئەگەر ٣٢ ساڵ پێش ئەو ڕۆژە لە چوارچرای مەهاباد نەمر قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکرات لە میتینگێکی هەزاران کەسیدا گوتاری سیاسیی کوردی بە گوێی هەمووان دادا و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، ئەمجارەیان دیسان هەر لە مەهاباد، ئەوە شەهید د. قاسملوو بوو لە میتینگێکی زیاتر لە سەت هەزار کەسیدا و لە مانیفێستێکی سیاسیدا دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند.

"کوردستان" بۆ تیشک خستنەسەر بایەخی مێژوویی میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتاری سیاسیی حیزب لەو ڕۆژەدا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، خەباتکاری لەمێژینە و سیاسەتمەداری کورد کە یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو میتینگەش بووە، پێکهێناوە:

**دیاکۆ دانا: بەڕێز مامۆستا ١١ ڕەشەمەی ئەمساڵ ٤٤ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ئاشکرای چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێپەڕ دەبێ. ئامانجی حیزب لەو میتینگە چ بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە پێشدا سڵاو بۆ ئێوە و خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. پیرۆز بێ یادی ڕووداوی مێژوویی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ کە بەهەق سەرەتایەک بوو بۆ زۆر پێشهاتی گەورەی مێژوویی لە کوردستانی خۆشەویست. بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم:



سەرچاوە
Serchawe

پێکهێنانی ئەم میتینگە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئامانجی دیکە لە پشتەوەی ئەو ڕاگەیاندنە هەبوون. پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات ڕاستە قەت لە خەبات نەوەستابوو، بەڵام زیاتر لە سی ساڵ بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا حزووری نەبوو. بەبێ شک بە نەبوونی وەسائیلی تەبلیغاتی - ئەوەی کە ئێستا لە دەستماندا هەیە-، تاریکاییەک بەسەر سیاسەتەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا کشابوو. ئەو وەخت کەسانێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان دەیانتوانی لەگەڵ حیزبەکە پێوەندییان هەبێ و، بیروبۆچوونەکانی حیزب بزانن. بۆیە پێویست بوو لە ڕۆژێکی وادا حیزب جارێکی دیکە خۆی بناسێنێتەوە و، بە خەڵک بڵێ ئەمن چیم. شتێکی دیکە دەتوانم بڵێم: هەڵسەنگاندنی قووەت بوو. حیزبی دێموکرات دەیەویست و دەبوو خۆی تاقی بکاتەوە کە بایی چەندە. خۆ تەنیا تاریخ کافی نییە. کورد دەڵێ: ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە؛ دەبوو بزانین ئەمڕۆ چەندین.

ئامانجێکی دیکە نیشاندانی مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات نەک هەر بە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە دۆستانیشمان بوو. لەبیرمان نەچێ دەوروبەری دوو حەوتوو پێش ئەو ڕۆژە، هێندێ کەس داوایان کردبوو دوکتور قاسملوو لە دیداری نێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دەر بکرێ، چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە! کە هەر لەوێدا دوکتۆر گوتبووی: «هەر بۆیە دەبێ لێرە بم چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتم؛ ئێوە نازانن حیزبی دێموکرات چییە.» دەبوو بە هەمووان نیشان بدەین، حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی چین، نفووزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چۆنە. هەر لەو کاتەدا هەدەفێکی دیکە ئەوە بوو کە خەڵک دەعوەت بکرێ بە هاوپێوەندی: هاوپێوەندی لەنێو خۆیاندا و هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەعوەت لە هێزە سیاسییەکان بکرێ هەموویان چ کوردستانی چ ئێرانی _ئەو وەختی هێزی سیاسیی کوردستانیمان لە واقیعدا بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و وردە سازمان هەبوون غەیری حیزبی دێموکرات، چونکی تەنانەت کۆمەڵەش بەو شێوەیە کە ئێستا هەیە، دوو مانگ یان زیاتر لە دوو مانگ لە دوای ئەو وەختە ئیعلانی مەوجوودیەتی کرد-، دەمانەویست لە ڕۆژێکی ئاوادا و بەئاشکرا دەعوەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بکەین کە ئەو سیاسەتەی سیستمی پاشایەتی لە ماوەی لانیکەم ئەو پەنجا ساڵی دواییدا گرتوویەتە پێش، وەلا بنێ و یەکێک لە ڕیشەدارترین موشکلاتی کۆمەڵی ئێران کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردە چارەسەر بکا. پێمان وابوو ئەگەر ئێمە داوای موجەوویزی تێکۆشانی ئاشکرا لە کۆماری ئیسلامی بکەین، ڕەنگە بە چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵ جواب وەربگرینەوە و دووریش نەبوو جوابەکەمان مەنفی بێ و پێمان بڵێن نەخێر نابێ. بەڵام لێکمان دایەوە ئەگەر ئێمە ئێستا ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکەین لە هەلومەرجی ئەوڕۆژەدا ڕێژیمێک کە تازە هاتۆتە سەر کار و، بە شوعاری خەڵکی دەستی بە کار کردووە؛ بەئاسانی ناتوانێ لە دژی بوەستێ. بۆیە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە ناومان لێ نەنا «ڕاگەیاندنی خەباتی قانوونیی حیزبی دێموکرات»، ناومان لێنا «خەباتی ئاشکرا». یەعنی بێ منەت لە دەوڵەت؛ ئەوە بە حەقێکی قانوونیی خۆمان دەزانین و کەلکیشی لێوەردەگرین.

بەشی: سێهەم

**دیاکۆ دانا:** ئەم ڕووداوە لەوکاتدا چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەمڕۆش دانا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە کاتی خۆیدا بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفراندۆمێکی هەبوو. چونکە بەڕاستی نیشانی دا کە ئەم حیزبە چ پێگەیەکی بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە و بێ لەخۆبایی‌بوون دەتوانین بڵێین لەو ڕۆژەوە دێموکرات بووە حیزبی جێی هیوای خەڵک و تەنانەت مەرجەعێکی سیاسییش. وتاری دوکتۆر قاسملووش بوو بە مانیفێستی ئەم حیزبە کە هەتا ئێستاش لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆیدا هەر ئەو ئەسڵانە وەک سەرمەشق و ڕێنیشاندەر چاو لێ دەکا کە لەو میتینگەدا هاتوونە گۆڕێ.

**دیاکۆ دانا:** وەک ئاماژەتان پێ دا دوکتور قاسملوو وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبدا وتاری سەرەکیی ئەو میتینگەی پێشکێش کرد. هێڵە گشتییەکانی ئەم وتارە چ بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** وتاری دوکتۆر قاسملوو کە لەڕاستیدا بە پەسندی ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبیش گەیشتبوو، چرای ڕوونکەرەوەی ڕێبازی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بوو. (ئەودەم وشەی ئێران بەشێک لە ناوی حیزب نەبوو) زۆر ئەسڵی گرنگ و سەرەکی لەو وتارەدا گونجابوون، لەوانە هەە وەک نموونە:

- دەربڕینی ڕێز و ئەمەگناسی بەرانبەر ڕێبەران و بنیاتنەرانی حیزب و هەموو ئەوانەی پێش ئەوکاتە نەخشێکیان لە بەرەوپێش‌بردنی کار و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا یاری کردبوو.

- خوێندنەوە و بە گرنگ‌زانینی نەخشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و بانگهێشتنی هەمووان بۆ یەکگرتن و هاوخەباتی لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

- پێداگرتن لە سەر هاوکاری و خەباتی هاوبەشی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان چ ئەوانەی ئەو کاتە لە مەیدان بوون و چ ئەوانەی دواتر پێیان نایە نێو گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانی.

- بانگهێشتنی هەمووان بۆ تەمرینی دێموکڕاسی و پێداگرتن لەسەر ئەوە کە کوردستان لە پاوانی هیچ گرووپێکدا نییە و هەمووان بۆیان هەیە لە فەزایەکی کراوەی دێموکراتیدا بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان بدەن.

- داوای نیزیکی و هاوکاریی هەموو هێزە سیاسییە ناوچەیی و سەرانسەرییەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ئێرانێکی

بەشی: سێهەم

دێموکراتیک کە تێیدا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن.

- داوا لە دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دێموکراتیکی نیشتمانی و بەڕەسمیناسینی ماف و ئازادییەکان و وەلانانی سیاسەتی میلیتاریستی و بەدوورگرتنی سوپا لە دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆیی و تەرخانکردنی تواناکانی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و سنوورەکانی وڵات.

- هەروەها بانگهێشتکردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی و بەدوور لە دەستەبەندییە نیزامییەکان.

- ڕەتکردنەوەی تۆمەتی بێبنەمای جیاوازیخوازی و ڕاگەیاندنی ئەم ئەسڵە کە ئەو جۆرە تۆمەتلێدانە ناتوانێ خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی بگێڕێتەوە.

**دیاکۆ دانا:** گرینگیی پەیامەکەی د. قاسملوو لە چیدا بوو؟ ئەو پەیامە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕوانگەی خەڵک بۆ حیزب و ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد و حیزبی دێموکرات و ڕوانینی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دانا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** گرنگیی ئەو وتارە پێش هەموو شتێک لەوەدا بوو کە پاش پتر لە سێ دەیە لە ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکەمین جار بوو خەڵک گوێیان لە باسێکی ورد و جامیعی سیاسی دەبوو کە بە جۆرێک هەموو بوارەکانی ژیان و خەباتی هاونیشتمانانی لەخۆ گرتبوو. کاریگەریی وتارەکە لەسەر بیروڕای خەڵکی کوردستان وا دەبینم کە پوختەی ویست و داخوازەکانی گەلی کوردی بۆ هەمووان گەڵاڵە کرد و بەش بەحاڵی خۆم شوێنەواری ئەو وتارە و لەویش زیاتر پەیامی حیزبی دێموکرات لە زوربەی بۆچوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بەدی دەکەم. بۆ باسی کۆماری ئیسلامی وا بزانم ئەوەندە بەسە کە پاش ئاشنابوون بە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکرات ڕێژیم هەرگیز ڕێگای نەدا ئەم حیزبە لە ڕێگای ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنەوە سیاسەتەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران باس بکا، چونکە دەیزانی کۆی ڕوانگە سیاسی و نیشتمانییەکانی حیزب لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە بە ئەرێنی وەردەگیرێن و پڕوپاگەندەی ڕێژیم بە دژی حیزب و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد پووچەڵ دەکەنەوە.

**دیاکۆ دانا:** بێگومان حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی میللی-دێموکراتیک هەمیشە باوەڕی بە بەها و بایەخە نەتەوەییەکان هەبووە، حیزب دوای ۱۱ی ڕەشەممە چۆن توانی پێشەنگایەتیی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و خەباتگێڕی لە کوردستاندا بکات؟

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕاستگۆیانە دەڵێم پێش دامەزرانی حیزبی دێموکرات و هەموو هێزە کوردستانییەکانی دیکەش بیری نەتەوەیی و داخوازی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی گەلی کورددا هەبووە و نەخشی حیزبە سیاسییەکان پتر لەوەدایە کە فۆڕمی هێنانەگۆڕ و داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان داهێناوە و زیادیشم نەگوتوە ئەگەر بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کوردی نەخشی بنەڕەتیی لەو بوارەدا گرتۆتە ئەستۆ. بەو حاڵە پێم باش نییە باسی پێشەنگایەتیی حیزب بکەم و لە نەخشی ئەوانی دیکە کەم بکەمەوە. باشترە قەزاوەت لەو بارەیەوە بۆ خەڵک بەجێ بێڵین.

**دیاکۆ دانا:** بەڕێز مامۆستا لە وتاریکدا کە چەند ساڵ لەوە پێش بەو بۆنەیە پێشکێشتان کرد، فەرمووتان کە وتارەکەی د. قاسملوو بۆ ئێستاش تازەیە؟ مەبەست چییە؟ مەبەست لە وەدینەهاتنی بەرنامە و داخوازەکانی کوردە، یان ئەوە کە دۆخی سیاسیی وڵات نەگۆڕاوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە ڕاستە کە بەداخەوە هێشتا داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بەڕەسمی نەناسراون و وەدی نەهاتوون و بۆ بەدەستهێنانیان هێشتا خەباتێکی سەخت و ڕێگایەکی دووروودرێژمان لەپێشە، بەڵام لەوێدا مەبەستم ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو و بەگشتی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە کە پاش ٤٤ ساڵ و بگرە دوای ٧٧ ساڵ ئێستاش هەر ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانن و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ڕۆژگار هاوشانن.


**دیاکۆ دانا:** ٤٤ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە ئەگەر جەنابت بفەرمووی شتێکی زیادە بخەیە سەر ئەو بابەتە، یان قسەیەکی نەگوتراوتان مابێت.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هیچم نییە لێی زیاد بکەم و گرنگیی وتارەکەش هەر لەوەدایە. بەڵام ئەگەر قەرار بێ پتری لەسەر بدوێم دەڵێم، دوو ڕێبەری زانای حیزبی دێموکرات - پێشەوا قازی محەممەد و دوکتۆر قاسملوو- زۆر میراتی بەنرخیان بۆ بەجێ هێشتووین کە یەکێک لە گرنگترینەکانیان واقیعبینی و تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی خەبات و پارسەنگی هێزەکانە. هیوادارم حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرەکانی لە هەر پلەیەکی بەرپرسایەتیدا بن قەدری ئەو میراتە بەنرخە بزانن و لە قسە و کردەوەدا بەکاری بەرن. دوکتۆری نەمر زۆرجار پێی دەگوتین هەموو ئاوات و ئارەزوویەکی ڕەوا پیرۆزە، بەڵام سیاسەت لەسەر بناخەی ئارەزوو ناکرێ و سەروکاری لەگەڵ واقیعییەتەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی رەشەمەی ٢٧٢٢

بەشی: سێهەم

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە: وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتە. لەم ڕۆژەدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو ڕاگەیاندرا و جارێکی دیکە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بۆ گرتنەدەستی جڵەوی چارەنووسی خۆیان هاتنە مەیدان و دەنگی متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکرات دایەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر بایەخی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە خەباتی سیاسی نەتەوەکەمان وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیاسەتمەداری کورد و خەباتکاری لەمێژینەی کورد کردوە کە بۆخۆی یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو ڕۆژە مێژووییە بووە.**

**شەهرام سوبحانی: مامۆستا وتووێژەکەمان بەم پرسیارە دەست پێ دەکەم، بۆچی ١١ی ڕەشەممە لە مێژووی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک یەکێک لە گرنگترین و مەزنترین ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوەیی ناو دەبرێ؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دوای تێپەڕینی پتر لە ٣٣ ساڵ لە دامەزرانی حیزبی دێموکڕات و زیاتر لە ٣٢ ساڵ لە پاشەکشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان و گرتنەبەری تێکۆشانی نهێنیی حیزب کە دەورانێکی سەخت و پڕکەندولەند و هەورازونشێو و قوربانیدان بوو، ئەمە یەکەم جار بوو کە حیزبی دێموکڕات، ئەویش لە زمانی ڕێبەرێکی لێوەشاوەی وەک دوکتۆر قاسملووەوە ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدوا و ڕوانگەکانی خۆی بۆ باس دەکردن. بۆیە بەجێیە قبووڵ بکەین کە ئەم ڕووداوە پاش ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بۆ حیزب و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری خۆشترین و گەورەترین ڕووداوی مێژوویی تا ئەو وەختە بوو. هەقە ئەوەش بگوترێ کە میتینگی ١١ی ڕەشەمە نەکهەر بۆ کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، بەڵکوو بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێرانیش هەڵکەوت و دەرفەتێکی مێژوویی بوو. هەربۆیە بێجگە لەوانەش کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بانگهێشتن کرابوون، بە هەزاران کەسی تینووی ئازادی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران بە تایبەتی لە تارانەوە بۆ بەشداری لەو میتینگەدا خۆیان گەیاندبووە مەهاباد.

**شەهرام سوبحانی**: **گرنگترین دەسکەوتەکانی میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ بۆ حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان چی بوون؟ پێتان وایە ئەو دەسکەوتانە چەندە کاریگەرییان لە سەر وشیاریی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمە و ئێستاش داناوە؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دەتوانم بڵێم گەورەترین دەسکەوتی ئەو ڕۆژە پێکهاتنی میتینگەکە خۆی بوو. گاڵتەی پێ ناکرێ پاش پتر لە ٣٠ ساڵ زەبروزەنگ کە کۆبوونەوەی زیاتر لە دە کەس و جاری وابوو کەمتریش دەخرایە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و تێک دەدرا یان خەڵکی لەسەر دەگیرا، ئێستا پتر لە سەد هەزار کەس -و بە ڕیوایەتی ڕۆژنامەی «اطلاعات» دووسەد هەزار کەس- بە ئاشکرا لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و گرنگترین مەسەلە چارەنووسییەکانیان باس دەکرد. بەڕاستی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دێمانەی قۆناغێکی هیوابەخش لە مێژووی خەباتی هەقخوازانەی گەلانی ئێران بوو.

دەسکەوتی گرنگی دیکە بە تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەرچاوڕوونیی سیاسی بوو. لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئەم قسەیە لەسەر زاروزمانان بوو کە «هەموو کەس دەزانێ چیی ناوێ. بەڵام کەس نازانێ چیی دەوێ». دیارە کەسانی ئاگا و وشیار زۆر بوون کە دەیانزانی چییان دەوێ، بەڵام نەک لە هەموو ئێران، لە کوردستانیش یەکدەنگییەک لەئارادا نەبوو. کەچی ئێستا حیزبێکی بە ئەزموون ئەویش لەسەر زمانی ڕێبەری لێوەشاوەی خۆی نەخشە ڕێگای خەباتی درێژخایەنی کورد و تەنانەت دوورەدیمەنی دواڕۆژی هەموو ئێرانی دەخستە بەرچاوی ئەوانەی چاوی دیتنیان هەبوو.

ئەگەر بەوردی گوێ بۆ وتاری ١١ی ڕەشەمەی دوکتۆر قاسملوو بگرین بێ دەمارگرژی دەبینین کە ئەو مانیفێستێکی داوەتە دەست کە نەکھەر بۆ ئەوکات و بۆ ئێستا، بەڵکوو بۆ نەوەکانی دواڕۆژیشمان لە هێڵە گشتییەکاندا ڕوونکەرەوەی بەرچاوی خەباتگێڕانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا بەڕێزتان وەک یەکێک لە بەشداربووانی میتینگی ١١ی ڕەشەمە، یان یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم میتینگە، پێمان خۆشە لە زمانی خۆتانەوە ببیستین قورسایی قسەکانی دوکتور قاسملوو لە پەیامەکەیدا چی بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: باوەڕ بکەن ئاسان نیە بەشێکی دیاریکراو وەک قورسایی وتارەکەی دوکتۆر قاسملوو دەستنیشان بکەین. هەمووی هەر قورس و هەمووی ئامۆژگاری و نەخشەڕێگا و شیاوی لێفێربوون بوو. خستنەبەرچاوی ڕابردووی خەباتی خەڵکی کوردستان و پێویستیی یەکریزیی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد و لەوەش زیاتر یەکدەنگیی نێوان هەموو گەلانی ئێران و نیشاندانی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵات بە کاربەدەستان و پێشنیاری سالمترین سیاسەت بۆ پەیوەندیی دیپلۆماسیی دەوڵەت و خوێندنەوە و ڕێزدانان بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و تێکڕای گەلانی ئێران و زۆر بابەتی بەسوودی دیکە لە وتارێکی کورتی نیوسەعاتیدا تەنیا لە توانای بلیمەتێکی وەک قاسملوودا هەبوو.

**شەهرام سوبحانی**: یەکێک لەو تەوەرە دیارانە کە دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا پێداگرییان لەسەر دەکا یەکیەتیی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ یەکترییە. بۆچی ئەو پێشمەرجە گرنگە لە خەبات بۆ سەرکەوتن هەتا ئێستاش لە ئاستی خۆیدا نییە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەدا زۆرجار دەگوترێ دوژمنان ناهێڵن ڕێک کەون. ئەمن هیچ وەخت لەو باوەڕەدا نەبووم و نابم. تەنانەت ئەم قسەیە بە سووکایەتی دەزانم. چونکە مانای ئەوەیە ئێمە گوێ بۆ دەنگی خەڵک و بانگی ویژدان ڕاناگرین و چاومان لە زاری دوژمنان و ناحەزانە چیمان پێ دەڵێن. بە جۆرێکی دیکە بڵێین ئەمە هەڵاتن لە بەرپرسایەتی و گەڕان بە دووی تاوانبار لە دەرەوەی خۆماندایە. ئاخر ڕاستە دوژمنان هەوڵی لێکترازانمان دەدەن، بەڵام ئەوان لە پەرشووبڵاویمان قازانج دەکەن خۆمان چی؟ کەوایە خەتایەکە لەخۆمانە و دەتوانێ زۆر هۆکاریشی هەبن کە گرنگترینیان بەرچاوتەنگی و هەستنەکردن بە بەرپرسایەتی بەڕادەی پێویستە. ڕەنگە لەو نێوەدا بتوانین ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بەتایبەتی بۆ کوردی خۆرهەڵات و هێزی سیاسییە ئێرانییەکان بکەین کە ئەمانەن:

**یەکەم**، تاراوگەنشینی و نەبوونی بڕیاربەدەستانی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵات و نەبوونی فشاری کۆمەڵانی خەڵک و

نەدیتینی ڕاستەوخۆی ئێش و ئازارەکانی هاونیشتمانان. ئەوانەی دەورانی شەڕی سێ مانگەیان دیوە لەبیریانە کە دامەزرانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد (هیئت نمایندگی خلق کرد) بەشێکی زۆری لە ئاکام و تەنانەت لەژێر فشاری ئەو دەستە و کۆمەڵە خەڵکانەدا بوو کە لە شارەکانەوە دەهاتنە لای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان.

**دووهەمیش**، سەرسەختیی زۆرایەتی و زێدەخوازیی کەمایەتی لە نێو هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندایە. ئاشکرایە کە هێزە کوردستانییەکان لە دەرەوەی ئیددیعای خۆیان هێندێکیان زۆرترن و خەڵکی پتریان هەیە و بەشێکیان کەمتر. جا زۆرایەتییەکە پێی وایە ئەگەر نەختێک بۆ کەمایەتی دابشکێنێ لە سام و هەیبەتی کەم دەبێتەوە و کەمایەتییەکەش بە کەمتر لە «مساوات مطلق» ڕازی نابێ. غافڵ لەوەی کە ئەگەر ڕێک کەون زۆرایەتی و کەمایەتییەکە بەوە تێک ناچێ و ڕێز و خۆشەویستیی هەردوو لاشیان لەلای گەلەکەیان دەچێتە سەرێ.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات و کاریگەرترین ڕێبەری جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە سەردەمی خۆی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو خەباتە و دەربازبوون لە ناکۆکی و ناتەبایی و چەند بەرەکیی نێوماڵی کورد چ شتێکی بە پێویست دەزانی و بۆخۆی لەو پێوەندییەدا چیی کرد؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە داوای لێبووردنەوە دوکتۆر قاسملووش دەگەڵ هەموو گەورەیی و لێبووردەیی خۆی وەک هەموومان کورد بوو و خوێنی کورد لە دەمارەکانیدا دەجووڵا. بەو حاڵە هەوڵێکی زۆری دا کە بەڵای دووبەرەکی لە یەخەی بزووتنەوەی کوردی ئێران بکاتەوە. بەڵام هەموو کاتێک هەوڵەکانی دەگەڵ ئەو دوو هەستە دژبەیەکە بەرەوڕوو دەبوون کە لە وەڵامی پرسیاری پێشتردا ئاماژەیان پێ کرا. باسی ئەو تۆمەتە زۆرجار ناڕەوایانە کە لایەنەکان لە یەکتریان دەدان و ئەو ناوو ناتۆرە ناشیرنانە ناکەم کە دەرهەقی یەکتر بەکاریان دەبردن، هەرئەوەندە بەسە کە بڵێین زۆرایەتی دەیەویست کەمایەتی «خڕکاتەوە» و کەمایەتی هەوڵی دەدا «هەیبەتی زۆرایەتی بشکێنێ.«

**شەهرام سوبحانی**: چۆن دەتوانین نێوەرۆکی پەیامەکانی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ لەگەڵ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردستان لێک گرێ بدەین؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە باوەڕی من پەیامی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ بۆخۆی لە هێڵە گشتییەکاندا درێژکراوەی پەیامی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ بووە و ئێستاش و دواڕۆژیشمان گرێدراوی هەردووکیانن و بێ ئەوەی مافی داهێنان و نوێ-بوونەوە لە خۆمان و نەوەکانی دواترمان بستێنینەوە هەموومان پەیڕەوی ئەو پەیامانە و هەڵگری ئەو ئاڵایەین کە لە

بەشی: سێهەم

دامەزرانی حیزبەکەمانەوە تا ئەمڕۆ لەنێو ڕێبوارانی ڕێگای دێموکڕاتدا دەستاودەستی کردوە.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا بەڕێزیشتان یەکێک لە وتاربێژانی ئەو میتینگە بوون. ٤٥ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە چۆن یادی ئەو ڕۆژە دەکەن، بەتایبەت چۆن لە پەیام و وتارەکەی ئەو ڕۆژەتان دەڕوانن.

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** وتاری من لەو ڕۆژەدا پتر پەیامی بەخێرهێنانی بەشدارانی میتینگەکە بوو، چونکە لەوکاتەدا بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە مەهاباد و بە مانایەک خانەخوێ بووم. ئەگەر قەراریش بێ هەڵسەنگێندرێ ئەوە کاری من نیە و دەبێ کەسانی دیکە نەزەری لەسەر بدەن.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا گیان ماندوو نەبن و زۆر سپاس بۆ ئەوەیکە کاتتان دانا و لەم دیمانەیەدا بەشداریتان کرد

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** سپاس ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣



بەشی: سێهەم

## دیدارێکی تایبەت لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نووسەر و وەرگێڕ







**ئەمە کورتەیەکە لە دیدارێکی درێژ لەگەڵ مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) سەبارەت بە ئەدەب و سیاسەت لە نوێترین ژمارە (٢٠ - ٢١)ی گۆڤاری باران بڵاوکراوەتەوە.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نووسەر و وەرگێڕ:**

بەشی: سێهەم

لە ژیانمدا نە لەو سێ کتێبە و نە لە هیچ نووسینێکی خۆم ڕازی نەبووم (نیو سەدە تێکۆشان، ئەزموونی خەبات و حەقیقەتی مێژوو) پێشنیاریان کرد وتووێژێکی درێژ بکەین و پاش دابەزاندن چاپ بکرێت، ئەمنیش قسەم نەما و بێ دڵیم نەکردن.

## بەشی یەکەم

**ئەنوەر حسێن: وەرگێڕان، هونەرە، حەزە، یان بسنزە (بازرگانی)، چەند دەتوانێت کەسایەتی وەرگێڕ و کەسایەتی نووسەر بە خەڵک بناسێنێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە باوەڕی من وەرگێڕان ئاکامی تێکەڵەیەک لە حەز و هونەرە، چونکە ئەوە حەز و خولیایە، کە مرۆڤ هان دەدا بابەتێک لە زمانێکی ترەوە بگۆڕێتە سەر زمانی خۆی یان بە پێچەوانە، کە بێ گومان ئەمەیان لە قۆناغێکی درەنگتردا دەست پێ دەکات. بەڵام دیارە تەنیا حەز و خولیایەکە بەس نییە و کەسێک هونەر یان بڵێین بەهرەی وەرگێڕانی نەبێت، دەرەقەتی ئەو کارە نایە. سەیر و نارەوا نییە، کەسێک لە باری داراییەوە پاداشتی ماندووبوونی بە کاری وەرگێڕانەوە وەربگرێت، بەڵام هەر کاتێک وەرگێڕان سروشتی بازرگانی وەرگرت، بێ گومان نەک هەر پیرۆزییەکەی نامێنێت، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆریش لە وردی، ئەمانەت و کوالێتی کارەکەی کەم دەبێتەوە .بە هەر ئەندازەیەک وەرگێڕان لە باری دارشتنی ڕستە، گەیاندنی مانا و ڕەوانیی زمانەوە سەرکەوتووتر بێت، ئەوەندە باشتر دەتوانێت هەم نووسەر و بەرهەمەکەی، هەم وەرگێڕ و توانایەکەی بە خوێنەر بناسێنێت.

**ئەنوەر حسێن: خەڵکی کوردستان، کە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی تۆ دەخوێننەوە، وەکوو وەرگێڕێکی بە سەلیقە و بە توانا سەیرت دەکەن، ئەم وەسفەی من وەڵامە بۆ پرسیاری یەکەم؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوە هەواڵێکی خۆشە، کە دەڵێن خەڵک لە کارەکانم ڕازییە. بەڵام ئەمە هەر لەو کاتەدا، کە بەرهەمی حەز و بەهرەیەکی هەژارانەی منە، ئاکامی ڕەنج، ئازار و فشارێکی زۆرە، کە دەیخەمە سەر هەست و بیرم بۆ ئەوەی مەبەستی نووسەرەکان بە ئەمانەتەوە و هەر لەو کاتەدا بە زمانێکی ئاسان و دەربڕینێکی کوردی بێنمە سەر کاغەز و بیخەمە بەر دەست و چاوی خوێنەرە هاوزمانەکانم.

**ئەنوەر حسێن: پرۆسەی وەرگێڕان لای تۆ چییە و چۆنە؟ مێژووی دەستپێکی وەرگێڕان لای تۆ فیکرەکەی چۆن لە دایک بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: وا تێ دەگەم بناغەی هەموو هونەرێک: نووسین، وەرگێڕان، گۆرانی، میوزیک، وەرزش و... هتد، بەهرەیەکە، کە لە جێدا پێش ئەوەی بەهرەوەر پێی بزانێت لە هەناوی دا هەیە. ئەو بەهرەیە لە هەموو کەسەکاندا رۆژێک بە ئاگا دێت، گاگۆڵکە دەکات و پێ دەگرێت. جا ئینجا بە خوێندنەوە، گوێگرتن، چاولێکردن، ڕاهێنان و... هتد، پەروەردە دەکرێت. بە ڕاستی بۆ خۆشم بیرم نایەت یەکەمین هەوڵەکانم بۆ وەرگێڕان کەی، چۆن و لە کوێ دەستی پێکرد. منداڵ بووم، کە خەڵکی لادێ هەندێک ڕۆمانی کۆنی فارسییان پێ دەخوێندمەوە. سەرەتا ڕستە فارسییەکەم دەخوێندەوە و بۆم دەکردنە کوردی، کە ئەمە خۆی وەرگێڕان بوو، لە پاشاندا وای لێ سەر ڕاست بووم، کە هەر چاوم لە فارسییەکە دەکرد و وەک بە کوردی نووسرابێت، کوردییەکەم دەخوێندەوە، تەنانەت ئەگەر پێشتر نەشم خوێندبایەتەوە، دواتر وای لێ هات شیعرێکی فارسیم دەخوێندەوە، لە خۆوە دەمەویست بیکەمە کوردی و دەشم کرد، هەر چەند هەرگیزیش نەبوومە شاعیر.

**ئەنوەر حسێن: دەکرێت لە بواری وەرگێڕان باسی بەسەرهاتی وەرگێڕانی (گێلەپیاو، حەمەدۆک، نزا بۆ ئارمێن، کوردستان و کوردی قاسملوو) بکەیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە ناو کارەکانمدا، بە تایبەتی ئەم سێیە هەر کامیان داستانی خۆی هەیە، پێش هەموان کوردستان و کورد بوو. بەر لەوەی بیبینم و بیخوێنمەوە باسی ئەو کتێبەم بیستبوو، لێم ببووە مەراق، کە چۆن کتێبێک لە سەر کورد نووسراوە و کوردێک نووسیویەتی، بەڵام خوێنەری کورد لێی بێ بەشە. پاش چەند ساڵێک و ساڵی (١٩٧٢) کتێبەکەم بە عەرەبی دەست کەوت و - دوور لە ئێستا - عەرەبییەکەشم بەشی دەکرد. ئیدی لێی وەخۆ کەوتم و خواوڕاستان بە دەستمەوە هات. ئەوە بوو ساڵی(١٩٧٣) چاپ بوو و هەر خوا بزانێت چەندیش پێی خۆشحاڵ بووم، بە تایبەتی، کە بۆم دەرکەوت خوێنەران لێی ڕازی بوون.

### زۆر داوامکرد لە هێمن و هەژار گێلە پیاو وەربگێڕن

گێلە پیاوم ساڵی (١٩٧٥) دەست کەوت و زۆرم چێژ لێ وەرگرت و پێم خەسار بوو خوێنەری کورد لێی بێبەش بێت، بەڵام چونکە تەنز یان بڵێین گەپ و گاڵتە بوو لە خۆم ڕا نەدەدی بیکەمە کوردی. باوەڕ کەن دەجار لەبەر هەر دوو نەمران هەژار و هێمن، کە بۆ خۆیان قسەخۆش بوون پاڕامەوە بیکەنە کوردی، لەبەر هەر چی بوو نەیانکرد، سەرئەنجام بە ناچاری غیرەتم وەبەر خۆم نا و دەگژی ڕاچووم. بە ڕاستی بەختەوەر بووم، کە بینیم خوێنەران لێی ڕازین و وا دیارە دەرەقەتی هاتووم.

بەشی: سێهەم

## سێ بەرگی حەمە دۆک - م وەرگێڕا

چەند ساڵێک بوو وەسفی (ئینجەمەمەد - حەمەدۆک)ی (یەشار کەمال)م بیستبوو و دەستم نەدەکەوت. هەتا ساڵی (١٩٨٤)، لە لای دۆستێک چاوم پێی کەوت، داوام لێ کرد بمداتێ بیخوێنمەوە و ئەگەر کرا بیکەمە کوردی. پێی گوتم، کە بە ئەمانەتە وەرمگرتوە، سەرتان نەیەشێنم داوام لە خاوەنەکەی کرد بمداتێ و کاری ڕاست بێت ڕازی بوو چەند مانگ لە لام بێت. ئەوە بوو، کە زوو کردمە کوردی و بۆم ناردەوە، ئەویش بە درەنگەوە ساڵی (١٩٨٦) بۆ یەکەم جار چاپ کرا، دوایی دەرکەوت بەرگی تری هەیە و بە جۆرێک بە ئەرکی خۆمم زانی ئەوانیش وەرگێڕم. بەڵام بەرگی چوارەمی نەکرابووە فارسی و تورکییشم نەدەزانی و بۆم نەکرا، لە کۆتاییدا برادەرێکم بە ناوی عوسمان ئیسماعیلی لە سویدەوە وەریگێڕا..

**ئەنوەر حسێن: ئایا وەرگێڕ دەق هەڵدەبژێرێت بۆ وەرگێڕان یان دەق خۆی فەرز دەکات بە سەر وەرگێڕدا، لای تۆ کامیان ڕاستە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دیارە لە هەموو دۆخێکدا، هەر وەرگێڕە، کە بڕیار لە سەر وەرگێڕانی بابەتێک دەدات، بەڵام بە بێ شک زۆر جاریش دەق بە جۆرێک خۆی دەسەپێنێت. ئەمن وەک ئەزموونی خۆم بۆم باس کردی، کە هەندێک جار پێش ئەوەی بابەتێک ببینم و بیخوێنمەوە ئارەزووم کردوە بکرێتە کوردی و ئەگەر لە سەر دەستی خۆشم بێت باشتر. زۆر جاریش هەڵکەوتوە، کە شتێکم خوێندوەتەوە - کتێب یان وتار - ئەوەندەم حەز پێ کردوە، کە وەک فەرمووتان خۆی بە سەردا سەپاندووم. لە بیرمە یەکێک لە کارەکانم هەر کە لە خوێندنەوەی بوومەوە، لەگەڵ ئەوەی کاری تریشم هەبوو، دەستبەجێ دەفتەرێکم هێنا و خێرا دوو لاپەڕەم لێ وەرگێڕا، وەک ئەوەی بمەوێت لە سەر خۆمی بکەمە ماڵ. پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە هەندێک جار جگە لەو دوو هۆکارە شتی تر وەرگێڕانی بابەتێک دێنێتە ئاراوە، وەک ئەوەی، کە دەوڵەتێک، دەزگایەک یان تەنانەت کەسێک لەبەر گرینگیی بابەت کەسێک یان کەسانێک ڕادەسپێرن دەقێکی مێژوویی، زانستی، پەروەردەیی و... هتد لە زمانێکەوە وەرگێڕنە سەر زمانێکی تر، کە ڕەنگە ڕێ بکەوێت کە وەرگێڕ نەک بابەتەکەی نەخوێندبێتەوە، بەڵکوو هەر نەشی دیتبێت.

**ئەنوەر حسێن: ئەم دوو بۆچوونە کامیان پەسەند دەکەیت: هەندێک دەڵێن؛ "وەرگێڕ ڕۆحێکی نوێ دەکات بە بەر دەق و باشتر ئەدای دەکات لە نووسەر"، بە پێچەوانەوە هەندێکی تر دەڵێن؛ "وەرگێڕ ناتوانێت دەق، وەکوو خۆی بگەیەنێت بە خوێنەر و بە ناپاک ناوی دەبەن"؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ڕەنگە زۆر بە دەگمەن ڕێبکەوێت، وەرگێڕێک ئەوەندە زمان پاراو بێت، کە وەرگێڕدراوەکەی لە دەقی

نووسەرەکە ڕەوانتر و ڕەزاسووکتر بێت. ئەگەر نا زۆر دژوارە وەرگێڕ مەبەستی نووسەر لە نووسەرەکە خۆی باشتر ئەدا بکا. یەکێک لە مەرجەکانی وەرگێڕان ئەوەیە، کە وەرگێڕ نەک هەر مەبەستی نووسەر وەک خۆی بە ئەمانەتەوە بگوازێتەوە، بەڵکوو چەندی بکرێت شێوازی دەربڕینی خاوەن بەرهەمەکەش ڕەچاو بکات. وا تێ دەگەم وەرگێڕ هەر ئەو کاتە دەکرێت تۆمەتی ناپاکی لێ بدرێت، کە بە ئەنقەست ناوەڕۆکی بابەتەکە بگۆڕێت و بیروڕای خۆی بخزێنێتە ناو مەبەستی نووسەر. بۆیە دەڵێم بە ئەنقەست، چونکە ئەگەر وا نەبێت کارەکەی ناچێتە خانەی ناپاکییەوە و تەنیا نیشانەی بێ توانایی وەرگێڕە، بەڵام ئەو کاتەی گۆڕینەکە بە ئەنقەستە، تەنانەت ئەگەر شتی باشتریش بێنێت، دەکرێت ڕێژەیەک ناپاکی بە دەقەکەی بدرێت.

**ئەنوەر حسێن: شارەزایی و پسپۆڕی لە زماندا، مەرجە بۆ وەرگێڕی سەرکەوتوو، یان تەنها زمان زانین مەرجە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەمن پێم وایە، بۆ سەرکەوتنی وەرگێڕ یان وەرگێڕان، هەر زانینی زمان پێویستە. بەڵام ئەوەندەی زانینی زمانی وەرگێڕ پێویستە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش زانینی ئەو زمانەی دەقەکەی لێوە وەردەگێڕێت بە وردەکارییەوە مەرجە. نامەوێت نموونە بێنمەوە و خوا نەکات، کەسێک و کەسانێک بڕەنجێنم، ئەگینا ڕەنگە هەمووومان تووشی ئەو حاڵەتانە بووبین، کە لەبەر ناشارەزایی لە زمانی یەکەم، شتی وا ڕووی داوە، کە وەک پەندە کوردییەکە دەڵێت: "ئەزی تێدا شەرمەزارم". بەڵام بە باوەڕی من شارەزایی و پسپۆڕی لە یاسا و ڕێساکانی زمان دلگەڵ هەموو بایەخەکەی، نابێت بکرێتە مەرجی سەرکەوتنی وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو. هەر وەک گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش بێ ئەوەی شارەزای نۆتە و مەقامەکان بێت، دەتوانێت سەرنجراکێش و سەرکەوتوو بێت، وەرگێڕێکیش بێ شارەزایی لە زانستی زمان، دەتوانێت سەرکەوتوو بێت. ئەگەر بە بیر خۆمانی بێنینەوە، کە زۆر لە دەقە بەرزە ئەدەبییەکان، بە تایبەتی لە فۆلکلۆردا نەخوێندەوارێک دایهێناون، ئاسان دەتوانین قەبووڵی بکەین، کە وەرگێڕ بێ شارەزایی لە ڕێزمان و یاسای زمانیش، دەتوانێت لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو بێت، بە تایبەتی، کە دەزانین زانستەکانی زمان بە هەزاران ساڵ دوای پەیدابوونی زمان نووسراون.

## دەرفەتم بۆ نەڕەخسا یەشار کەمال ببینم

**ئەنوەر حسێن: تۆ زۆر کارەکانی (یەشار کەمال)ت خۆشدەوێت، بەڵام بۆچی هەرگیز نەتتوانی لە نزیکەوە ببینیت، (یەشار کەمال) لای تۆ چییە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: وا بزانم هەر کەس بە هەر زمانێک بەرهەمەکانی یەشار کەمالی خوێندبێتەوە بە دەست خۆی

نەبووە، خۆشی ویستوە و بە گەورەی زانیوە. کەسایەتییە مەزنەکان لە هەر بوارێکدا، چوارچێوەی گەل و وڵاتی خۆیان دەبەزێنن و دەبنە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی. بەو حاڵە ئەو کەسایەتییانە لە ناو هەر نەتەوەیەکدا سەر هەڵبدەن و پێ بگەن هەم خۆیان شانازی بە ئەسڵی خۆیانەوە دەکەن و هەم نەتەوەکەیان پێیان سەربەرزە. کەوایە یەشار کەمال ئەگەر کوردیش نەبووایە هەر بۆ من، ئێوە و هەموو کوردێکی ئاشنا خۆشەویست و جێگەی ڕێز دەبوو. بەڵام سروشتییە، کە ڕۆڵەکانی هەر نەتەوەیەک شانازی بکەن، کە ئەو جۆرە کەسایەتییە لە ناو ئەواندا هەڵبکەون. کەوایە یەشار کەمال وەک نووسەرێکی ناوداری جیهانی لە لای هەموان گەورەیە و وەک نووسەرێکی کورد لە لای کورد خۆشەویستترە.

بەڵام بۆچی هەرگیز دەرفەتم بۆ نەرەخسا ببینم، ڕەنگە زیاتر لە هۆیەکی هەبێت. کەم شانسی، ناشارەزایی لە وڵاتەکەی، زمانی نووسینی و تەنانەت شێوەزاری ئاخاوتنی و هەندێک هەڵکەوتەی تایبەتیی ژیانی خۆم، کە ڕەنگە نەتوانم زۆری ورد لێی بدوێم، بوونە کۆسپی سەر ڕێگای ئارەزووی لەمێژینەی ئاشنایەتیی نزیک لەگەڵ ئەو گەورە پیاوەدا. نزیکەی ساڵێک پێش مردنی بەرنامەی سەردانێکی هەرێمی کوردستانی هەبوو، خۆشی خۆشیم بوو، کە هەر چۆنێک بێت هەلەکە دەقۆزمەوە و دەچمە خزمەتی. بە داخەوە ئەو دەرفەتەش نەرەخسا و بەرنامەی سەفەرەکەی هەڵوەشایەوە، بەڵام یەشار کەمال لە لای من چییە؟ (هێدی)ی شاعیر لە پەسنی (هێمن)ی شاعیردا (ڕۆحی هەر دووکیان شاد بێت)، دەڵێت: "هێمن هێندەی بەسە بڵێن هێمن بوو." ئەمنیش چونکە ناتوانم حەقی خۆی بدەمێ، دەڵێم یەشار کەمال لای من یەشار کەماڵە.

## حەمە دۆک لە سلێمانی کرا بە شانۆگەری

**ئەنوەر حسێن: بیرت دێت یان بڵێم لە یادتە، کە لە سلێمانی (حەمەدۆک) کرا بە شانۆگەری، پێشوازییەکی گەورەی لێکرا لە ساڵی (١٩٨٠)کان، چۆن هەستێکت بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە داخەوە ساڵەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام دەزانم بەرگی یەکەمی حەمەدۆک هەم لە سلێمانی و هەم لە هەولێر کرایە شانۆگەری و هەر لەبەر ئەوەش نا، کە بۆ خۆم کردبوومە کوردی - و ئەگەر باشم لە بیر بێت هیچیانیش زۆر پابەندی وەرگێڕانەکەی من نەبوون - پێم خۆش بوو، ئەو بایەخەی پێ درابوو. دەزانین ئەمەش لە هەلومەرجێکدا بوو، کە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی باشووری کوردستان چۆڵ کرابوون و تەنانەت کرابوونە ناوچەی قەدەغەکراو و گوندنشینەکان بۆیان نەبوو زەوی، باخ، موڵک و کێڵگەکانیشیان ڕەنیو بێنن. بۆیە پێم وا بوو، یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئەم کارە ئەوە بوو، کە ئەم مەینەتییە ڕەنگی تێدا دابووەوە و تەنانەت لە یەکێکیاندا - لە بیرم نییە کامیان بوو - شینێکی بەکولێش بۆ لادێ کرابوو. هەرچەند بە ڕاستی هیچ شارەزاییم لەو بوارانەدا نەبووە و نییە، بەڵام

پێم وا بوو بابەتەکە زیاتر بۆ فیلمی سینەمایی گونجاو بوو تا شانۆگەری. دەزانم، کە حەمەدۆک لە فەڕەنسا کراوەتە فیلمی سینەمایی و ئارەزوو دەکەم شارەزایانی ئەم بوارە خەمێکی لێ بخۆن و بە زمانی کوردی، زمانی حەمەدۆک و یەشار کەمال بیهێننە سەر شانۆ.

## نزا بۆ ئارمێن، هۆکاری هەبوو کە بەناوخۆمەوە وەرمنەگێڕا

**ئەنوەر حسێن: چیرۆکی وەرگێڕانی (نزا بۆ ئارمێن)ی ئیبراهیم یونسی چۆن بوو، گوایە نووسەرەکەی توڕە بووە و تۆش بە ناوی خوازراوەوە وەرتگێڕا؟ بۆچی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: پێم وایە جارێکی تریش باسم کردوە، خوێندنەوەی ڕۆمانی (دعا برای آرمن)، بە زمانی فارسی بە جۆرێک کاری تێ کردم، کە دەترسم بڵێم چەندی پێوە بووم. هەر ئەوەندە دەڵێم تا تەواوم نەکرد، بۆ کاری یەکجار پێویست نەبێت دەستم لێ هەڵنەگرت و کاتێک لێشی بوومەوە، بێ ڕاوەستان دەفتەرێکم هێنا و یەک دوو لاپەڕەم لێ کردە کوردی، بۆ ئەوەی لە سەر خۆمی بکەمە ماڵ، چونکە لە باری شێوە و ناوەڕۆکەوە بە یەکێک لە باشترین ڕۆمانە کوردی و بە کوردیکراوەکانی دەزانم.

ئەوەی کە چاپی یەکەمی، بە ناوی خۆم بڵاو نەکرایەوە هۆیەکی هەبوو، کە باسکردنی بە پێویست و تەنانەت بە گونجاویش نازانم. بەڵام هیچ تووڕەبوونێکی نووسەرە بەڕێزەکەی لە ئارادا نەبووە و تەنانەت لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا، باسی ئەوە دەکات، کە بە دڵیشی بووە. لەوێ لێی دەپرسن بۆچی بە کوردیت نەنووسیوە، وەڵام دەداتەوە، کە پێی وا بووە کوردییەکەی دەرەقەتی نووسینی نایە. تەنیا تێبینیی نووسەری بەڕێز، کە لەگەڵ خۆمی باس کرد لە سەر وتەیەکی کوردی بوو، کە ئەمن هێناومە و دەڵێت: "خوا تەختەتاش نییە، تەختە ڕێکخەرە"، لە پێوەندییەکی تەلەفونیدا، برایم خان فەرمووی ئێمە دەڵێین؛ "دارتاش نەک تەختەتاش"، پێم گوت، کە ئێمەش هەر دەڵێین دارتاش، بەڵام لە وتە کوردییەکەدا دەڵێت تەختەتاش.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤

## بەشی دووەم:

### خەویشم پێوە نەدیوە کە دکتۆرای فەخریم بدەنێ

**ئەنوەر حسێن: مارسی ساڵی (٢٠١٩) دکتۆرای فەخریت وەرگرت لە زانکۆی کۆیە؟ ئەوە ڕێزگرتن بوو لە مێژووی سیاسی، ئەدەبی و خزمەتی گەورەی تۆ لە کۆمەڵگای کوردستان، هەستت چۆن بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەو شانازییەی لە (١٠) مارسی (٢٠١٩)دا زانکۆی قەدرگرانی کۆیە بە منی بەخشی، شتێک نەبوو هەرگیز بە بیرم دا هاتبێت یان تەنانەت خەونیشم پێوە دیبێت. چونکە بە ڕاستی کار و خزمەتە ئەدەبییەکانم بایبی ئەو بەخشندەیی و پاداشتە نەبوو و هەر ئەوەندە بۆ ڕێوڕەسمی بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرا بە کەسێکی خزمەتگوزاری گەل بانگهێشتن کرابام بۆ من بەس بوو. بۆیە لە لایەکەوە بەوە دڵخۆش بووم، کە لە ڕیزی خزمەتگوزاراندا ژمێردراوم و لە لایەن دەزگایەکی زانستیی کوردییەوە خوێندراومەتەوە و بەسەر کراومەتەوە. لە لایەکی ترەوە و لەمەیان زیاتر بە گەورەیی، چاوکراوەیی و دڵفراوانیی دڵسۆزانی کورد و بە تایبەت کۆڕ و کۆمەڵە زانستی و فەرهەنگییەکانی سەربەرز بووم، کە خزمەتی ڕۆڵەکانی کوردیان لەبەر چاوە، ڕێزیان بۆ دادەنێن و بەم کارە هەم ئەوان و هەم کەسانی تریش بۆ پێشکەشکردنی کار و خزمەتی زیاتر هان دەدەن.

ڕێگام بدەن ئەوەش زیاد بکەم، کە هەر وەک لە بڕوانامەکەدا هاتوە، ئەم شانازییە لە بواری وەرگێڕاندا بە من ڕەوا بینراوە. ئەمە بۆ من نمرەی قەبوولکرانە لە پێشەی قورس و پڕ بەرپرسیارێتیی وەرگێڕان، کە تا ماوم بۆ خۆمی بە شانازی دەزانم و پڕ بەدڵ سووپاسی زانکۆی کۆیە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان دەکەم.

### حەقیقەتی مێژوو پێشنیاری دۆستێکم بوو، بێ دڵێم نەکرد

**ئەنوەر حسێن: سێ کتێبی دیدار لەگەڵ تۆ وەکوو (بیرەوەری) ئەمانەن: (ئەزموونی خەبات، نیوسەدە تێکۆشان، حەقیقەتی مێژوو) لە کامیان زۆر ڕازی؟ گەر بکرێت لە سەر ئەو سێ کتێبە بیرەوەری خۆتمان بۆ باس بکەیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ڕەنگە ئاسان نەبێت باوەڕ بکەن، کە لە ژیانمدا نە لەو سێ کتێبە و نە لە هیچ نووسینێکی خۆم

ڕازی نەبووم و تەنیا ئەو کاتەی بۆم دەرکەوتبێت کارێکم کەوتووەتە بەر دڵی خوێنەران ئاهێکم هاتووەتەوە بەر و دڵم پێی خۆش کردوە. کەوایە بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی دەڵێم لە هیچیان نەک زۆر، کەمیش ڕازی نیم و تەنیا پاکانەشم ئەوەیە کە هەر ئەوەندەم لە دەست هاتوە. وەک دەزانن ئەمانە هیچیان بیرەوەری نین، بەڵام چیرۆکی نووسینیان جیاوازە. ساڵی (١٩٨٥)، کە چلەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، شەهید دوکتۆر قاسملوو، بەرگی یەکەمی کتێبی (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی)ی نووسی و بەنیاز بوو هەر لەو ساڵەدا - بەو پێیەی نەخشەی کێشابوو- دوو بەرگی تریشی بۆ بنووسێت. بە داخەوە بەرگی دووەمی بە درەنگەوە و بە نیوەچڵی نووسرا و بەرگی سێیەمیشی هەر نەنووسرا. گەیشتینە ساڵی (١٩٩٥) و ساڵیادی پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و حیزب تەواوکردنی ئەو کورتە مێژوەی خستە سەر شانی من. هەر چەندە بە ڕاستی کاری من نەبوو، بەڵام قەبووڵم کرد و ئەویش، کە ناوی (نیو سەدە تێکۆشان)ی لە سەر دانرا تەنیا بەرگی یەکەمی لەو ساڵەدا نووسرا و بەرگی دووەمی کەوتە ساڵی دواتر. بەو پێیەی ئەویان هەوڵێک بوو بۆ تەواوکردنی کارەکەی دوکتۆری شەهید و نەک مێژوو، بەڵکوو تۆماری هەندێک ڕووداوی مێژوویی حیزبی دیموکڕات بوو.

دوو کتێبەکەی تر، کە دەکرێت بە زەحمەت ناویان بنێیت (لەجیاتی بیرەوەری)، لەگەڵ ئەوەی دە ساڵێک نێوانیان هەیە، چیرۆکەکەیان لێک دەچێت. بۆ (ئەزموونی خەبات) هاوڕێیەکم، کە لە ئوستورالیا دەژی و بۆ (حەقیقەتی مێژوو)ش، دۆستێکی خۆشەویستم بە ناوی بیژەن ساعیدی -کە نازانم ئێوە دەیناسن یان نا؟!- ماوەیەکی زۆر داوایان لێ کردم بیرەوەرییەکانم بنووسم. کە هەر ملم نەدا، پێشنیاریان کرد وتووێژێکی درێژ بکەین و پاش دابەزاندن چاپ بکرێت، ئەمنیش قسەم نەما و بێ دڵیم نەکردن.

## قاسملوو هانی دەدام ببمە چیرۆکنووس

**ئەنوەر حسێن: بۆچی هیچ کات هەوڵت نەدا خۆت ڕۆمان بنووسیت لە جیاتی وەرگێڕانیان؟ کارێکی قورس بوو، یان ئارەزووت نەکردوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دەڵێن فەرماندەری سووپا بانگی فەرماندەری تۆپخانەی کرد و لێی پرسی: "بۆ شەڕت نەکرد؟" گوتی: "بە (٩٩٩) دەلیل". گوتی: "یەکێکیان؟" فەرماندەری تۆپخانە گوتی: "بارووتم نەمابوو". ئەمنیش بێ پێچ و پەنا پێی لێ دەنێم، کە لە خۆمم ڕا نەدی. چەند جارێک ڕێکەوت لە ڕووداوێکی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی شتێکی وەک چیرۆک دروست بکەم. ڕۆحی شاد بێت، دوکتۆر قاسملوو هانی دەدام ببمە چیرۆکنووس. بەڵام هەر وەک زۆرجار لەبارەی شیعرەوە


سەرچاوە
Serchawe

گوتوومە، دەمزانی نابمە چیرۆکنووسێکی باش و نەشم ویست ببمە چیرۆکنووسێکی خراپ.

## فێمێنیست نیم

**ئەنوەر حسێن: هەڵوێست و تێڕوانینی تۆ لە ناو ئەدەبدا بۆ (ژن) چۆنە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەمن خاوەنی شوێنەواری ناودار و ناسراو دەربارەی مافی ژنان و گرینگیی ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵدا نیم و بە زاراوە باوەکەی ئەمڕۆ بە (فیمینیست) بەناوبانگ نیم. بەڵام باوەڕم وایە، کە لە ڕاستیدا ژن جیلوەگای جوانییە و ژیان بە بێ ژن مانایەک نادات. ئەی، کە جوان بوو دروشمی سەرەکیی هەستانەوە ئازادیخوازانەکەی ساڵی ڕابردووی خۆرهەڵاتی کوردستان، کە هەموو ئێرانی تەنییەوە و ڕێز و هاوسۆزیی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا (ژن، ژیان، ئازادی) بوو. ئەوانەی لە نزیکەوە دەمناسن دەزانن، کە وەک تێکۆشەرێکی سیاسی لە ناو حیزبێکی ناسراوی کوردی دا، نەک هەر بە تیۆری، بەڵکوو لە کردەوەدا لە سەر ڕۆڵی کاریگەریی ژنان و پێویستی بەشداربوونیان لە کاروباری حیزبی و وەرگرتنی نەخشی بەڕێوەبەری دا پێداگر و بە پێی دەرەتان بڕیارخوڵقێن بووم.

لەوانەش بگەڕێتەوە، بە حوکمی تەمەن و ژینگەی کۆمەڵایەتیم، بۆم دەرکەوتوە، کە لە کۆنەوە ژن لە کۆمەڵی کوردەواری دا بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دراوسێی کورد، خاوەنی پێگەیەکی بەرزتر لە بنەماڵە و کۆمەڵدا بووە و زۆر لەو بەند و داوانەی لە دەست و پێی ژنی کورد ئاڵاون لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردییەوە هێنراون و بەسەر ژنانی کورددا سەپاون. هێمنی شاعیر دەڵێت: "ئەم پەچە و ڕووبەند و چارشێوەی نەدیوە کیژی کورد ئەم شڕوشاڵاتە دیاریی دوژمنی دڵچڵکنە."

هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم - و زیاتریش - ژنی کورد بە تایبەتی لە لادێ هەم لە دابینکردنی پێویستییە ئابوورییەکانی ژیان و هەم لە بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵە و کۆمەڵ دا شان بە شانی پیاوی کورد ئامادە بووە. بە هەزاران جار هەڵکەوتوە، کە منداڵ، بنەماڵە و تیرە و تایفە لە جیاتی پیاوان بە ناوی ژنانەوە ناسراون. ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو گەورەژنەی، وەک خانمێ نستانێ، خانزادێ سۆران، حەپسەخانی نەقیب و... کە مۆرکی خۆیان لە کۆمەڵ و مێژووی کوردی دا بە جێ هێشتوە. کەمێک لە زمانی کوردی ورد ببینەوە، تێ دەگەین ژن لە کۆمەڵی کوردی دا چۆن ڕێزی لێ گیراوە و زۆربەی جارەکان ناوی وەپێش ناوی پیاوان خراوە؛ ژن و پیاو، خوشک و برا، دایک و باب، بووک و زاوا، کیژ و کوڕ و...

## دژی هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نیم

**ئەنوەر حسێن: تۆ وەکو وەرگێڕ، چەندە بابەتی ئایدۆلۆژیات بۆ گرینگ بووە و لە ناو کارەکانتدا ڕەنگی داوەتەوە، مەبەستمە بڵێم؛ تۆ وەکوو کەسێکی سیاسی و نەتەوەیی، مخالیفی بابەتێکی مارکسیستی، یان مەزهەبی بووی و نەتوانی کاری لەگەڵدا بکەیت؟ واتا ئایدۆلۆژیا ڕێگر بووە لە کاری وەرگێڕانی تۆدا؟ چونکە کەسانێک هەن مامەڵەی ئایدۆلۆژی لەگەڵ دەق، نووسین و وەرگێڕاندا دەکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوانەی نەشیان زانیوە با بزانن، ئەمن لە دایک و بابێکی موسوڵمان بووم و بۆ خۆشم موسوڵمانم. بەڵام چ وەک موسوڵمان، چ وەک کورد و چ وەک ئەندامی حیزبێکی سیاسیی کوردی، نە دەمارگرژیم بۆ هیچ ئایدیۆلۆژیایەک هەیە و نە دژایەتیی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکم کردوە و دەکەم. واشی دەبینم هەم کۆمەڵی کوردەواری، کۆمەڵی پێکەوەژیان، لێبووردەیی ئایین و ئایینزا و بەگشتی بیرو باوەڕەکانە، هەم ئیسلامیش سەری حاوانەوە و مودارا لەگەڵ ئایینەکانی تری هەیە، بە تایبەتی ئەوەندە ڕێزی بۆ دوو ئایینی مەسیحییەت و یەهوودییەت هەیە، کە تەنانەت لە پەیڕەوانیشیان ناخوازێت، کە حەتمەن واز لە بیروباوەڕیان بهێنن و موسوڵمان بن. پێم وایە هەموو کەس هەقی هەیە ئایدیۆلۆژییەکی قەبووڵ بێت یان نەبێت، بەڵام بۆ هیچ کەس نەهاتوە بێ ڕێزی بە هیچ بیروباوەڕێک بکات.

ئەوەش، کە لە ناو کارەکانمدا وەرگێڕانی ئایدیۆلۆژییەک بەدی ناکرێت، بە دڵنیاییەوە هۆکاری تری هەیە، بەڵام یەک لە هۆیەکانیش ئەوە بووە، کە نەم ویستوە لەو ڕێگەیەوە لایەنگری لە ئایدیۆلۆژیایەک بکەم یان خوا نەکردە تووشی دوژمنایەتیی یەکێکی تر بم. بە تایبەتی، کە کوردم و ئەندامی حیزبێکی کوردیم و دەزانم هەم لە ناو کورداندا پەیڕەوانی ئایینی جۆراوجۆر هەن و هەم حیزبەکەشم ڕێزی بۆ هەموان هەیە.

**ئەنوەر حسێن: هیچ نووسین و ئەدەبێکی مەزن نییە لە دونیادا، بیرکردنەوەیەکی مەزن لە پشت بەرهەمەێنانییەوە نەبێت، ئەوەی دەقێک بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، ئەو بیرکردنەوە قوڵەیە، کە بۆ ژیان، مرۆڤ و بوون لە خۆیدا هەڵیگرتوە، نووسین لە خۆیدا چالاکییەکی شۆڕشگێڕانەیە دژی (باو) دەوەستێتەوە، بژاردەی تۆ بۆ وەرگێڕانەکان لە سەر چ بنەمایەک دەوەستێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لەگەڵ داوای لێبووردن، پێم وایە نە هەموو نووسینێک شۆڕشگێڕانەیە و نە مەرجە هەموو نووسینێکیش دژەباو بێت. بەشی هەرە زۆری نووسین لە خزمەتی گەیاندن و تێگەیاندنی پرەنسیپە سەلمێنراوەکانی هەموو

بەشی: سێهەم

یـان هەر نەبێت بەشێک لە توێژەکـانی کۆمەڵـدایە و ئەمەش خـزمەت بە سـەقـامگیریی کـۆمەڵ، چەسـپـانی یاسـا و ڕێسـای کۆمەڵایەتی دەکات. تەنیا ئەو کاتە نووسین هەڵگری دژەبـاوە، کە بیرۆکەیەکـی جیـا لە سـەلمێنراوەکانی نـاو کۆمەڵی تێدا بێت و هەر لەو دۆخەشدایە، کە دەکرێت بە شۆڕشگێڕانە یان یاخیگەرانە دابنرێت.

وەرگێـڕان بە پـێچەوانەی نووسین، زۆربەی یـان نزیـک بە تەواوی لە چوارچێـوەی بنەمـا چەسـپاو و سـەلمێنراوەکاندا جێ دەگرێت. دەربـارەی کارەکـانی خـۆم، ئەگەر بـمەوێ بـدوێم، ئەمن ڕێچکەیەکـی دیـاریکراوم بـۆ هەڵبژاردنـی بـابەتی وەرگێـڕان هەڵنەبژاردوە. پێشتریش گوتومە، بابەتێک دەخوێنمەوە، ئەگەر چێژم لـێ وەرگرت و بە تێگەیشتنی خـۆم پێم وا بـوو لە بـواری خۆیدا خـزمەت بە بەرەو ژووربردنـی فەرهەنگی دەکـات و لەوانەش زیـاتر تـاقەتم پێـی دەشکێت هەوڵـی وەرگێڕانـی دەدەم. ئەگەر بمەوێت پێـوانە بـۆ هەڵبژاردنـی خـۆم دابنـێم، هەر ئەوەنـدە دەتـوانم بڵـێم پێـوانەم بـۆ هەڵبژاردنـی بـابەت ئەوەیە، کە چەنـدە خـزمەت بە گەشـانەوەی فەرهەنگی، قـازانجی گشتی، خەڵـک ،خـاک و جـوانی دەکـا. لەوەشدا چەنـدە ئامانجم پێکاوە، خوێنەرانی کارەکانم دادوەرن.

**ئەنوەر حسێن: ئەدەب و شۆڕش، دوو دونیای تەواو لێک نزیک و لێک گرێدراون، یان ئاوێتەی یەکن، واتا یەکێک لە هۆکارەکـان، کە بـزوێنەرن بـۆ دروستبوونی بەرهەم، دەتـوانین بڵێـین ئەدەب و شۆڕشـە و بە پێچەوانەشـەوە؟ شـۆڕش حەماسەت و ڕەنگ و بۆنی لە ئەدەبەوە وەردەگرێت؟ بەشێک لە وزەی شۆڕش بە ئەدەبی جوان و حەماسییە، واتا دوو دونیای مۆزایک و هۆمۆجین کاریگەرییان لە سەر یەک هەیە؟ گەر بکرێت لە سەر ئەمە قسەمان بۆ بکەیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هەر کاتێک وشەی (شۆڕش)م بەر چاو یان بەر گوێ دەکەوێت ئەو پرسیارەم بـۆ دێتە پـێش، کە کـام شۆڕش؟ شۆڕشی فیکری، شۆڕشی فەرهەنگی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی یـان نیشتمانی و...؟ بەڵام لەم پرسـیارە و لە زۆربەی قسـە و نووسـینی خۆمـانەدا، کە ئەم وشـەیە دەبیسـتم، بیـرم یەکسـەر دەچێـتە سـەر شۆڕشـی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورد و ئەویش بە دیاریکراوی شێوە چەکدارانەکەی.

ڕاستییەک هەیە، کە دەڵێت: "بە بێ تیۆریی شۆرشگێڕانە، کردەوەی شۆرشگێڕانە نایەتە ئـاراوە". ئەمە بـۆ هەمـوو شۆڕشێک و شۆڕشی هەموو نەتەوەیەک ڕاستە. لە پێشدا وشیاری پەیدا دەبێت، دوایی لە وتە و ڕستەدا، گەڵاڵە دەکرێت و ئینجـا بە کـردەوە هەوڵـی بەدی هێنـان و پیـادەکردنی دەدرێـت. لە شۆڕشـی ڕزگـاریخوازیی نەتەوەییـی کـورددا، ئەم ڕاسـتییە زەقتـر دەردەکەوێت. هەتا ئەو کاتەی تاکەکانی کورد و بە تـایبەتی تـاکە پێشڕەوەکان وشاریی نەتەوایەتییـان بـۆ دروست نەبـووە، هـیچ جـۆرە ڕاپەڕینێـک بـۆ ڕزگـاریی نەتەوایەتـی نەهـاتوەتە کـایەوە. بەڵام دوای ئەم قـۆنـاغە ئەسـتەمە بڕیـار بـدەین،

بەشی: سێهەم

کاریگەریی ئەدەب لە سەر شۆڕش و کردەوەی شۆڕشگێڕانە زیاترە یان پێچەوانەکەی. ئەگەر بەرهەمی بیری شۆڕشگێڕانە بووەتە هەوێن و پاڵنەری ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی کورد بۆ فیداکاری و حەماسەخوڵقێنی، لەو لاوەش حەماسەخوڵقێنیی تێکۆشەرانی مەیدان بووەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ خوڵقاندنی بەرزترین پارچە ئەدەبییەکان، جوانترین شیعرەکان و حەماسیترین گۆرانییەکان. بەڵێ ئەم دوانە لفانەی یەکتر، سەرچاوەی ئیلهامی یەکتر و تەواوکەری یەکترن.

## فەقێ، ئیمام و خەتیب بەمنداڵی زیت و زرنگ بووم

**ئەنوەر حسێن: با باسی لاوی و گەنجێتی تۆ بکەین، لە سەردەشت چی لە بیرت ماوە، قۆناغی منالّی و گەنجیت، چۆن تێپەڕیوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەگەر بمەوێت، داستانی ڕۆژانی منداڵی و لاوەتیم، وەک هەبووە بگێڕمەوە، بە دووری مەزانن بیستنی نەک خۆش بگرە ئاسانیش نەبێت. لە بنەماڵەیەکی هەژاری گوندێکی دوورە دەستی ناوچەیەکی دواکەوتووی ناو وڵاتێکی دواکەوتوودا، لە دایک بووم و پێ گەییشتووم. زۆر منداڵ - نزیکەی چوار ساڵ- بووم، کە بابم کۆچی دوایی کردوە و سەرپەرشتیی خۆم و دوو برای لە خۆم گەورەتر - کە ئەوانیش هەر (سەغیر) بوون - کەوتوەتە سەرشانی برای هەرە گەورەم، کە فریشتەیەک بوو بۆ خۆی و بۆ منیش لە باوک میهرەبانتر و خەمخۆرتر بوو. هەم لەبەر ئەوەی، دێیەکەمان قوتابخانەی حوکوومی لێ نەبوو و هەم بە هۆی ئەوەی کاکم پێی خۆش بوو بخوێنم بە حەوت هەشت ساڵی لە قوتابخانەی ئایینی خستمییە بەر خوێندن و ئەمە بووە ڕێبازی چارەنووسم و هەتا - وەک ئەو کاتە دەیانگوت - بوومە مەلای دوازدە عیلم، درێژەم بە خوێندن دا.

سەردەمی لاوەتیشم هەر درێژەی ئەو ڕێبازە بوو، کە لە منداڵییەوە نەخشەی کێشرا. بە دوای خوێندنی ئایینی دا بە فەقێیەتی شار، گوند و ناوچەکانی کوردستانم - بەشی هەرە زۆری لە خۆرهەڵات - پشکنی و دوای هەشت ساڵ فەقێیەتی هێشتا لاو بووم، کە خوێندنم تەواو کرد، لە گوندێکی ناوچەی سەردەشت بوومە ئیمام، خەتیب و مودەریس. ئەم بەشەش نزیکەی هەشت ساڵی کێشا، کە بە هۆی کاری حیزبی و سیاسییەوە لەوە دابڕام و ڕێچکەیەکی تری ژیانم هەڵبژارد یان هەڵیبژاردم. نامەوێت زۆری لە سەر بڕۆم، ئەوەندە بەسە، کە بڵێم سەردەمی منداڵییش و لاوەتییشم بیرەوەریی تاڵی زۆرترن تا هی شیرین. بەو دۆخەدا بە بارێکی تردا چێژم لە هەر دوو قۆناغەکەی ژیانم وەرگرتوە. بە منداڵی هاروهاج نا، بەڵام زیت و زرینگ بووم. بە گەنجییش بە خۆشییەوە، هەم خۆشناو بووم و هەم لە خوێندنەکەمدا بە پێوانەی ئەم بوارە سەرکەوتوو بووم. مامۆستاکانم حەزیان دەکرد قوتابییان بم و قوتابییەکانم حەزیان دەکرد مامۆستایان بم. تەمەنی

لاوەتییشم وەک هەموو هاوسەردەمەکانم خۆشی و ناخۆشیی خۆی تێدا بووە. هیوادارم لەوەی باسم کرد، وا وەرنەگیرێت، کە لەو چارەنووسەی خۆم نارازی یان پەشیمانم. بە پێچەوانە شانازی پێوە دەکەم و ئەوەی هەمە - زۆرە یان کەم - هەمووی بە بەرهەمی ئەو خوێندنە و ئەو ڕەوتەی قۆناغەکانی سەرەتای ژیانم دەزانم.

## حیزبی دیموکرات، بەشداری هیچ دین و ئایدیۆلۆژیایەک نییە

**ئەنوەر حسێن: تۆ، کە لە خانەوادەیەکی ئایینی گەورەبووی، چۆن ڕووتکردە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی و حیزبێکی سیکۆلار؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هیوادارم ئەمە هەر پرسیارێک بێ و نە ئێوە و نە کەسی تر ناتەبایی لە ناو ئەم دوو هێڵەدا نەبینێت. ئەمن بوومە ئەندامی حیزبێک.، کە بەستراوەی هیچ دین و مەزهەبێک، ئایدیۆلۆژیایەک و چین و توێژێکی تایبەتیی کۆمەڵی کوردەواری نییە، بە تەواوی و بە مانای وشە حیزبی میللەتی کوردە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانییەوەیە. لە پاشان، لە بیرمان نەچێت، کە دامەزرێنەر یان دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە بەشێکی زۆریان لە پیاوە ئایینییە بە ناوبانگەکانی سەردەمی خۆیان بوون و پیاوانی ئایینی و تەنانەت ڕێبەرانی ئایینی، نەک هەر ڕۆڵی ڕێبەرییان تێیدا هەبووە، بەڵکوو بە سەدان و هەزاران کەسیان لە ڕیزەکانی پێشەوەی کاروانی شەهیدەکانیدان.

پێم باشە باسی بکەم، کە پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکرات جارێکیان بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی حیزب و پیاوماقووڵانی کورد داوای لێبووردنم لە برا گەورەکەم کرد، گوتم ئەتۆ بە مەبەستێک منت نایە بەر خوێندنی مەلایەتی، کەچی ئەمن ڕێگایەکی ترم هەڵبژارد. ئەو، کە مرۆڤێکی وشیاری کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت ئایینییش بوو، لە وەڵامدا گوتی بە پێچەوانەوە، ئەمن ئێستا شانازیت پێوە دەکەم، چونکە ئەگەر ڕێبازەکەی پێشووت گرتبایەتە پێش خزمەتی گوندێکت دەکرد، بەڵام ئێستا خزمەتی میللەتێک دەکەی.

**ئەنوەر حسێن: چ وەرگێڕانێک هێندە لات جوانە لە ناو وەرگێڕانی دونیادا، کە حەزت دەکرد وەرگێڕانی تۆ بووایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هیچی وام بە مێشکدا نایە، بەڵام دڵنیام شتی وا بۆ من نە هاتووەتە پێش و نە دێتە پێش. دەزانن بۆ؟ چونکە ئەگەر وەرگێڕانی کەسێک، نووسینی کەسێک، دەنگێکی خۆش، ڕەوانبێژی و بە کورتی هەر سیفەت و تایبەتمەندییەکی جوانی کەسێک ببینم، کە زۆرم دیوە و زۆریش دەیبینم، هەرگیز بە دڵمدا نایە بڵێم بریا هی من بووایە.

بە پێچەوانە دەڵێم پیرۆزی بێت و خۆزگە ئەمنیش بەهرەیەکی وام هەبووایە. هیچ شتێکی کەسێک بە خۆزگە و بریا نابێتە هی کەسێکی تر، بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشان دەکرێت زۆر بەهرەی لەو بابەتە بە دەست بێنیت.

### لەگەڵ ژیانی ئەورروپا ڕانەهاتووم، کار لە وڵات خۆشترە

**ئەنوەر حسێن: لە چ سەردەمێکی ژیانی خۆت، زۆر ئاسودەبووی (خوێندکاری، سیاسی، ئۆردوگا، ئەورووپا...)**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هیچ سەردەمێکی ژیان نییە، هەمووی خۆشی یان هەمووی ناخۆشی بێت. ئەمنیش وەک هەموو کەس لە هەموو قۆناغێک و هەموو هەلومەرجێکی ژیاندا خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و شیرینی و بێ مرادی و بە مرادگەییشتنم دیون. بەڵام ئەگەر بڕیار بێ یەکێک لەو قۆناغانە بە باشتر دابنێم، پەنجە دەخەمە سەر سەردەمی خوێندکاری، چونکە لەو سەردەمەدا گەنج بووم، گەنجییش ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی. هەر چەند ژیان هەر بە سەر ئەم چەند قۆناغەدا دابەش ناکرێت و هەموشیان بە هەموو هەوراز و نشێوەکانیانەوە دێن و ڕادەبوورن، بەڵام ناحەقم مەگرن، ئەگەر بڵێم خۆزگە ژیان ئۆردووگانشینیی تێدا نەدەبوو. ببوورە بە بیرم هاتەوە لە سەر ئەورووپاش قسەی خۆم بکەم؛ وڵاتانی ئەورووپایی، هەم سروشتیان جوانە و هەم خەڵکەکانیان بە هێزی بیر و بازوو ژیانیان خۆشتر و وڵاتیان جوانتر کردوە. لێیان پیرۆز بێت، بەڵام بۆ خەڵکی هەندەران پێموایە بۆ ئەوانە نەبێت، کە لەوێ لەدایک بوون یان لە تەمەنێکی کەمدا چوون و لەگەڵی ڕاهاتوون و پێ گەییشتوون، قەت جێی (کاولە وڵات) ناگرێتەوە. بەش بە حاڵی خۆم زیاتر لە (٣٠) ساڵە دەرفەتی ژیان لە ئەورووپام هەیە، بەڵام هەرگیز لەگەڵی ڕانەهاتووم.

### لە ژیانی پێشمەرگایەتی و لە بن ڕەهێڵەی تۆپ، بۆمب و موشەکدا حەمەدۆکم وەرگێڕاوە

**ئەنوەر حسێن: لەگەڵ ئەوەی تۆ زیاتر وەک کارەکتەرێکی سیاسی ناسراویت و دەقە سیاسی و مێژووییەکانت زیاتر بەرچاون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕان و دەقی ئەدەبی، بەشێکی گەورە لە بەرهەمەکانت پێک دەهێنن. ئایا خۆت هەر لە بنەڕەتەوە خاوەنی خەیاڵێکی ئەدەبی بوویت و بە هۆی تێکەڵبوون بە سیاسەت لەم ڕێچکەیە دابڕایت؟ یاخود پاش بێ هیوابوونت لە دونیای سیاسەت، خۆت لە ناو دونیای وەرگێڕان و ئەدەبدا بینییەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لەگەڵ یەکەمین سروودە نیشتمانییە کوردییەکان ئاشنا بووم، بێ ئەوەی خوێندەواریم هەبێت فێریان بووم و هاتوونە بەرم. لە ڕاستی دا ئەمە یەکەمین چەخماخەی زەوقی ئەدەبی و بیری سیاسییشم بووە. دواتر لە تەمەنێکی زۆر کەمدا کەوتوومە ناو ژیانی - ناڵێم سیاسی، بەڵکوو - حیزبایەتی. ئەو کاتە هەر

بەشی: سێهەم

نەبێت لە ناوچەی پێگەییشتنم ژیانی ئەدەبی و بیری نەتەوایەتی بە پلەی یەکەم لە حوجرە و لە ناو مەلا و فەقێیەکاندا بەرچاو بوو، بۆیە زۆر ئەستەمە بیرم بێتەوە هەستی کوردایەتی و زەوقی ئەدەبی -ئەگەر بڵێم هەمبووە- کامیان پێشتر بە ئاگا هاتوون و بوونەتە سەرچاوەی ئەوەی تریان.

لە قۆناغێکی درەنگتریشدا، کە دەکرێت بڵێم لە دواساڵەکانی دەیەی شەستی سەدەی بیستەمەوە دەست پێ دەکات کاری سیاسی و خەباتگێڕانە و هەوڵە ئەدەبییەکانم هاوکات چوونە پێش. جگە لە نووسینی سیاسی، کە وەک فەرمووتان بەشی سەرەکیی کاری فیکریم دەگرێتەوە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بووم، کە کتێبی (کوردستان و کورد)ی دوکتۆر قاسملوو و چەند کارێکی عەزیز نەسین و زۆر شتی ترمم لە فارسی و عەرەبییەوە کردووەتە کوردی و لە شاخ، لە ژیانی پێشمەرگایەتی و لە بن ڕەهێڵەی تۆپ، بۆمب و موشەکدا حەمەدۆکم وەرگێڕاوە، کە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵدا بۆم بووەتە ناسنامە. ئەم باسە زۆری بە بەرەوە هەیە، بەڵام با بەسی بێت.

### ئەمن خۆم بە ئەدیب نازانم

**ئەنوەر حسێن: مرۆڤ هەر چەندە کائین و بوونەوەرێکی گەورە، زیندوو بە ئیرادەیە، دەتوانێت ئافراندن بکات، بۆ ئەدیب و نووسەران زۆرتر ڕاستە، بەڵام دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە دژوار و پڕ مەترسییەدا، لەگەڵ ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارە، ئەدیب و نووسەر دەتوانێت جۆرێکی تر وێنەی ژیان، شۆڕش، خەون و خۆزگەکانی بکات، ئەو جۆرە وێناکردنە لای تۆ بە چ شێوازێکە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: کە دەڵێم ئەمن خۆم بە ئەدیب نازانم و ئەوپەڕەکەی ئەدەب دۆستێکم، زۆرکەس حەز ناکەن باوەڕم پێبکەن. پێموایە کەسانی وەک من، کە بەخۆشییەوە زۆریشن دەتوانن بە نوێنگەی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی سەختی ژیان و خەبات دابنرێن و ببنە سووژە (بابەت) بۆ نووسەرە داهێنەر و بەتواناکان، کە لە شاکاری ئەدەبیدا ئەم جۆرە ژیانە وێنا بکەن و بە نەوەکانی دواڕۆژی نیشان بدەن. ئەگینا ئێمەومانان، کە هەوڵە ئەدەبییەکانمان کاری لاوەکی بوون، ئەستەمە بتوانین خەمەکانیشمان بە زمانێک وێنا بکەین، کە بەردەنگ هەست بە ئازار و هاوارە کپکراوەکانمان بکات.

### نهێنی و نەگوتراوێکی زۆرم لە لایە، کاتی ئەوە نەهاتوە پەردەی لە سەر لابدرێت

**ئەنوەر حسێن: هەموو سیاسییەک، ئەدیب، نووسەر و وەرگێڕێک کۆمەڵێک نهێنی و نەوتراوی هەیە، لای تۆ ئەو نهێنییە ئەدەبییانە چین؟ ئەو نامە ئەدەبیی و تایبەتییە نهێنییانە کامانەن؟**

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەمن بەو لاوەتریش دەڕۆم و دەڵێم هەموو مرۆڤێک لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا، هەندێک بابەتی لە لا هەن، کە بۆ هەمیشە یان ماوەیەکی دیاریکراو نایەوێت، خەڵکی تر لێیان ئاگادار بێت و ئەمنیش لەو ڕێسایە بەدەر نیم. بانگەشەم نەکردوە و ناکەم، کە نهێنی و نەگوتراوێکی زۆرم لە لایە. بەڵام ئەوەی لام بێت و نەگوترابێت مانای ئەوەیە، کە پێم وایە کاتی ئەوە نەهاتوە پەردەی لە سەر لابدرێت. لەو دۆخەدا دەبێت بمبوورن، کە لەم هەلومەرجەدا، شتێکی تازەم بۆ گوتن پێ نییە. بەو ئاواتەم لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانێک دروست بێت، کە چی تر ئەم پرسیارانە بێ وەڵام نەمێننەوە.

**ئەنوەر حسێن: دوو بۆچوون لە سەر تۆ گەلاڵە بووە؛ یەکەمیان دەڵێت؛ "عەبدوڵلا حەسەن زادە باش تر بوو تەنها "کاری وەرگێڕان" بکات"، دووەمیان؛ دەڵێت؛ "بریا هەر خەریکی "کاری سیاسی" بووایە؟" تۆ لایەنگری کام بۆچوونەی؟ بۆچی؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەم دوو بۆچوونە دوو خوێندەوەیان بۆ دەکرێت. یەکیان ئەوەیە، کە بەشێک لە خەڵک کارە سیاسییەکەم بە بێ خێر دەزانن و بەشێکی تر لە وەرگێڕانەکەم ناڕازین. خوێندنەوەی دووەمیش ئەوەیە، کە هەندێک لە کاری وەرگێڕانم ڕازین و هەندێکیش کارە سیاسییەکەمیان بە دڵە. دیارە ئەمن حەز دەکەم خوێندنەوەی دووەم بکەمە بناغەی وەڵامدانەوەکەم، بەو پێیە دەڵێم لەگەڵ هیچ کام لەم دوو ڕایەدا نیم، پێموایە باشتر هەر ئەوەیە، کە بووە. چونکە لەگەڵ هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگا، تا ئێستا هیچ یەک لەم دوو کارە نەبوونەتە کۆسپی سەر ڕێگای بە جێگەیاندنی ئەوی تریان.

بە شانازی دەزانم، بە دیموکرات بناسرێم، ئەمن لە هەموو بوارە سیاسییەکان و یەک لەوان باوەڕ بە دیموکڕاسیدا خۆم بە قوتابیی د. قاسملوو دەزانم.

**ئەنوەر حسێن: سەرکردەی یەکێک لە حیزبە ڕکابەرەکانتان لە خۆرهەڵات دەڵێ؛ "هیچ کەس، هێندەی عەبدوڵلا حەسەن زادە، دیموکرات نەبووە و نییە، بە خودی د. قاسملووشەوە"؟ ئەو بۆچوونە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: بێ ئەوەی بزانم یان بپرسم ئەو بەڕێزە کێیە، لە دڵەوە سوپاسی دەکەم و مادام ڕایەکەش هی ئەوە، دەبێت لەو بپرسرێت سەرچاوەی بۆچوونەکەی چییە. بۆ خۆمی بە شانازی دەزانم، بە دیموکرات بناسرێم، بەڵام بەراوردکردنی من لەگەڵ دوکتۆر قاسملوودا، بە باوەڕم لە نەناسینی ئەو و نائاشنایی لەگەڵ بۆچوونەکانییەوە دێت. ئەمن لە هەموو بوارە سیاسییەکان و یەک لەوان باوەڕ بە دیموکڕاسیدا خۆم بە قوتابیی د. قاسملوو دەزانم و هەر ئەویش بوو،

بەشی: سێهەم

کە دەیگوت: "خراپترین دیموکراسیم، لە باشترین دیکتاتۆری پێ چاکترە". نموونەم بۆ باوەڕی قووڵی دوکتۆر بە دیموکراسی زۆرن، بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانم ئاماژەیان پێ بکەم.

**دوکتۆر قاسملوو، بێ ئەوەی ئاگاشم لێی بێت وەرگێڕدراوی (گێلە پیاو)ی وەک نموونەی کوردییەکی باش، دابووە بەشی ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس.**

**ئەنوەر حسێن: پێوەندی تۆ و د.قاسملوو، پێوەندییەکی هاوڕێیەتی نزیک، سیاسی و ئەدەبیش بووە، دەمەوێت بزانم؛ هەڵوێستی قاسملوو سەبارەت بە تۆ، وەکوو "سیاسی" و وەکوو "ئەدیب" چی بوو؟ ڕای لە وەرگێڕانەکانت هەبوو؟ پێوەندی قاسملوو لەگەڵ هونەر و ئەدەب چۆن بوو؟ دەڵێن؛ ئەهلی شیعر، ئەدەب، کەیف و سەفا و نوکتە بووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: پێوەندیی من و دوکتۆر زیاتر لە هاوڕێیەتی, پێوەندیی قوتابی و مامۆستا بوو. ئەمن ئەگەر توانیبێتم زۆری لێ فێربم بە سەرکەوتنی دەزانم. هیوادارم بە بێ¬ ئەدەبی دانەنرێت ئەگەر بڵێم، لە هەموو هاوڕێکانی زیاتر لە باری بیروباوەڕی سیاسییەوە لێی نزیک بووم. ڕەنگە بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەم ئەوەندە بەس بێت، کە سێ جار و لە سێ کۆنگرەی حیزبیدا بە پێشنیاری دوکتور قاسملووی سکرتێر، بە جێگری سکرتێر هەڵبژێرراوم. بۆ باری ئەدەبی یان ڕای لە سەر وەرگێڕانەکانم هەر ئەوەندە دەڵێم، بێ ئەوەی ئاگاشم لێی بێت وەرگێڕدراوی (گێلە پیاو)ی وەک نموونەی کوردییەکی باش، دابووە بەشی ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس. کاری دوکتۆر قاسملوو ئەدەبی نەبوو، بەڵام هەم ئەدەبدۆست بوو هەم شارەزاییەکی زۆری لە ئەدەبیاتی کوردی، فارسی و فەڕەنسیدا هەبوو. جگە لەوەش لە زانیاریی گشتیدا کەم کەس دەیگەییشتێ.

**هێمن، کاتێک (تاریک و ڕوون)ی چاپ کرد بۆی نووسیبووم دانی پێدا دەنێم، کە کاریگەریی تۆ لە سەر شیعرەکانم زۆرە،**

**ئەنوەر حسێن: لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، خەڵکانی گەورەی ئەدیب، نووسەر، وەرگێڕ و شاعیر هەبوون (هێمن، هێدی، سەید کامیلی ئیمامی، محەمەد شەڵماعی، جەلیل گادانی و...) ئەوانە لە ژێر کاریگەری دیموکراتدا بەهرەکانیان گەشەی کردوە یان کەسی بوون؟ پێوەندیی ئەدەبی تۆ لەگەڵ ئەوان چۆن بوو؟ بە تایبەتی لەگەڵ (هێمن و گادانی)دا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە ناو حیزبی دیموکرات و لە دەوری حیزبی دیموکرات دەیان و سەدان شاعیر و ئەدیبی گەورە

هەبوون. هەموو ئەوانە خاوەنی بەهرەی تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام بێ شک نزیکی لە حیزبیش شوێنەواری لە سەر گەشەی بەهرەکانیان هەبووە. جگە لە سەید کامیلی ئیمامی، کە لە نزیکەوە نەمدەناسی، پێوەندیم لەگەڵ ئەمانە و چەند هێندەی ئەمانە هەبووە. لەگەڵ هێمن شەش حەوت ساڵ پێکەوە بووین و لە باری ئەدەبیشەوە ئەوەندە لێک نزیک بووین، کە کاتێک (تاریک و ڕوون)ی چاپ کرد بۆی نووسیبووم دانی پێدا دەنێم، کە کاریگەریی تۆ لە سەر شیعرەکانم زۆرە. خۆ لەگەڵ کاک جەلیلیش هەر باس ناکرێت چەندە هاوکار و یاری غار بووین و چەندمان کەندوکۆسپی ڕێگای ژیان و خەبات پێکەوە بڕیوە.

## دیموکرات و قاسملووش بۆ من بوونە پێناسە و لەگەڵ لەش، گیان، گۆشت و خوێنم ئاوێتەن.

**ئەنوەر حسێن: خوێنەر لە هەڵبژاردنی وەرگێڕانەکانی تۆدا، وا هەست دەکات "نۆستالۆژیا"، هۆکارێکی گرینگە بۆ وەرگێڕانی بابەتێک، نۆستالۆژیای تۆ لەگەڵ سیسێر، سەردەشت، ئالان، دیموکرات و قاسملوو چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئێوە دەزانن، وەرگێڕانەکانی من هەر چەندە زۆر نین، بەڵام بواری جۆراوجۆریان لەخۆ گرتوە. بێ گومان هەڵبژاردنی هەر کامێکیان هاندەر و پاڵنەری خۆی هەبووە و ڕەنگە لە باری بایەخەوە ئەم یان ئەویان بە گرینگتر بزانین. بەڵام بۆ خۆم لەگەڵ ڕۆمانەکان بە تایبەتی کارەکانی عەزیز نەسین، یەشار کەمال و ئیبراهیم یوونسی زۆر ئاسوودەترم. چونکە لەواندا، نەک هەر پانۆرامایەکی دیاری ژیانی کۆمەڵی کوردەواری، بەڵکوو زۆر جار خۆم و هەست و خولیاکانم بەدی دەکەم .بۆ ئەو پێنج ناوەی لە پرسیارەکەدا هاتوون دەڵێم: "گوندی (سیسێر) شوێنی لەدایکبوونمە. هەژار گوتەنی: "یەکەمین جێیەکی لێم دانا پێم کوڕی خۆتم بتەوێم یا نەتەوێم". بەشی زۆری تەمەنی منداڵی و ساڵانێکی زۆری لاوەتیم لەوێ گوزەراندوە و بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمەی ژیانم بە خۆش و ناخۆشیانەوە لەوێ ناشتوون. کەوایە دیسان دەستەوداوێنی هەژار دەبمەوە: "ئەم خۆشەویستییەت لە دڵی پڕ پەژارەما تێکەڵ بە شیر مژیم و لەگەڵ گیان دەچێتە دەر"، شاری سەردەشت و ناوچەی ئالان زۆر خۆش و خۆشەویستن. بەڵام وا هاتوە، کە بە هەر دووکیان ساڵێکیان لێ ژیاوم. دیموکرات و قاسملووش بۆ من بوونە پێناسە و لەگەڵ لەش، گیان، گۆشت و خوێنم ئاوێتەن."

## (هەردی) و (حەسەنیانی) دووکیان شاعیری چاک بوون

**ئەنوەر حسێن: تۆ بۆچوونت چییە لە سەر ئەوەی دەڵێن؛ "سێکوچکەی شیعری نوێی خۆرهەڵات" (عەلی حەسەنیانی، سوارە و چاوە) هاوشێوەی سێکوچکەی شیعری کلاسیکی کوردی لە باشوور (نالی، سالم و کوردی)ین؟ تۆ پێت وایە ئەو نازناوە ڕاستە، ئەو ڕیزبەندییە تەواوە، بۆچوونی تایبەتی تۆ چییە لەم بارەیەوە؟ بۆچوونی تۆ وایە، کە (عەلی**



سەرچاوە
Serchawe

**حەسەنیانی) خۆرهەڵات و (هەردی) باشوور، سەبک، شیعر و شێوازیان زۆر نزیکە؟ هەر دووکیان زۆر گرینگیان داوە بە شیعر و بە شیعرەوە دەمرن؟ بە لاتەوە چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هەر چونکە نامەوێت بە سەر ئەم پرسیارەدا تێ پەڕم، دەڵێم ئەم داوەرییە کاری من نییە و بۆ کەسانێک شیاوە، کە شارەزای دنیای شیعر و بە تایبەتی شیعری نوێ بن و لەگەڵ کارەکانی ئەم سێ شاعیرەش، کە بە داخەوە یەکەم و دوەمیان لە ناوماندا نەماون، ژیابن و ئاشنا بن. بەراوردی من لە نێوان نەمران (هەردی) و (حەسەنیانی)دا تەنیا لەوەدایە، کە هەر دووکیان شاعیری چاک بوون و هەر دووکیشیان بەرهەمیان کەمە. ئەگینا ڕەنگە لە وردەکارییەکانی کاری شیعر نووسیندا جیاوازییان هەبێت، کە دەبێت شیعرناسان لێی بدوێن.

## عەلی حەسەنیانی دیموکرات بوو

**ئەنوەر حسێن: چیرۆکی هاوڕێیەتی تۆ و (عەلی حەسەنیانی) چۆنە؟ گوایە لە سەرەتای هەشتاکاندا لەگەڵ تۆ دێتە دەرەوە وەکوو کەسێکی حیزبی، بەڵام بەرگە ناگرێت و دەگەڕێتەوە، ئەوە چۆن بوو تا مرد هەر دیموکرات بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: وا باشە پێش هەموو شتێک، ئاشکرای بکەم، کە هەتا دوادواکانی تەمەنی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران لە نزیکەوە کاک عەلیم نەدیتبوو. لە گەرمەی هەستانەوەی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی شادا، کە ئەمن بە نهێنی لە مەهاباد دەژیام، لەگەڵی ئاشنا بووم و دوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتیش لە بەشی چاپەمەنیی حیزبدا بووینە هاوکار. هەمووی چوار پێنج مانگی کێشا، کە کار و تێکۆشانی حیزبی کەوتە دەرەوەی شارەکان و تەنانەت شیو، دۆڵ و ئەشکەوتەکان. لەو قۆناغەشدا شتێک زیاتر یان کەمتر لە ساڵێک پێکەوە بووین. ئەم شێوە ژیان و خەباتە بۆ کاک عەلی، کە هەم ئەزمونی تێیدا نەبوو، هەم ژن و منداڵەکەی لە شار بوون، لە ئێمەومانان دژوارتر بوو. لە ئاکامدا گەڕایەوە شار و سەرئەنجام ڕێی کەوتە دوور وڵاتی، بەڵام وەک باستان کرد، هەتا سەر بە ئامانجی گەل و باوەڕەکانی حیزبی دیموکرات وەفادار مایەوە.

## بە من، هێمن، هەژار و هێمنێکی تر خاڵەمینێکمان تێدا دەبێ

**ئەنوەر حسێن: لە کتێبی (حەقیقەتی مێژوو)دا باسی ئەوەت کردوە (خاڵە مین) شاعیرێکی گەورەبوو، بەڵام زۆر ناسراو نەبوو، چی دەزانی لە سەر (خاڵە مین)؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەوەی لە سەر (خاڵەمین) دەیزانم یان باشتر بڵێم لە بیرمە، بەشی ئەوە ناکات خاڵەمینی پێ بناسرێت، چونکە ئەو پێش کۆماری کوردستان (١٩٤٦) شاعیرێکی ناسراو بووە و ئەمن یەکەم جار ساڵی (١٩٦٥) لە مەهاباد بە خزمەتی گەییشتووم و هەر ئەو ساڵە، ماوەی دوو شەو و ڕۆژ لە ماڵەکەی خۆی لە نەغەدە میوانی بووم - کە قەتم لە بیر ناچێت - ئەوەی لە سەری دەزانم، ئەو هاودەورەی شاعیرانی ناوداری سەردەمی کۆمار بووە و چەند ساڵێکیش گەورەتر بووە. بە هۆکارێک، کە پێویست نییە باسی بکەم لە سەردەمی کۆماری کودستاندا چالاکیی ئەدەبیی کەم بووە و دوای کۆماریش، کە زۆر لە شاعیران و کوردخوازان یان کەوتوونەتە زیندان یان دەربەدەر بوون، ئەو ماوەتەوە و لە سێبەری زەبروزەنگدا "دەستی بە کڵاوی خۆیدا گرتوە با نەیبات". لە هەژار دەگێڕنەوە، کە کاتی خۆی گوتوویە: "بە من، هێمن، هەژار و هێمنێکی تر خاڵەمینێکمان تێدا دەبێ."

هەژار لە شیعری (بەرەو موکوریان)دا یادی دەکاتەوە و دەڵێ: "خاڵەمین زیرەک و پسپۆڕی چییە؟ چاوی سوور و تەڕی وشک و سپییە"،. ئەمە ئاماژەیە بە تەرجیعبەندێکی زۆر جوانی نیشتمانیی خاڵەمین، کە هەموو سەربەندەکانی دەڵێت: "بە هومێدی خودا و پێغەمبەر بە دڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ کوردەکان چیدی سەرنەوی نابن هەر ئەوەند نەختێ بۆخۆ ئازا بن". هەر لەو تەرجیعبەندەدا بەیتێکی هەیە دەڵێت: "خاڵی خۆو لێک دەکاتەوە بۆتان دۆست و دوژمن، چ زیرەکە و پسپۆڕ". کەسایەتییەکی بەرزی کۆمەڵایەتی بوو، شاعیرێکی بەتوانا و چەندی بتەوێت خۆش مەجلیس بوو. لەگەڵ ئەوەی زۆر لە شیعرەکانی فەوتاون یان شێواون دیسان بەشی دیوانێک شیعری لێ بە جێ ¬ماون، کە ئەم ساڵانەی دوایی، گوایە چاپ کران بێ ئەوەی حەقی خۆیان بدرێتێ .

## مام جەلال و قاسملوو مەجلیسی ئەدەبیان خۆشبوو

**ئەنوەر حسێن: جیا لە پێوەندی سیاسی نێوان تۆ و (مام جەلال) پێوەندی ئەدەبی تۆ و ئەو چۆن بوو؟ گفتوگۆتان هەبووە لە سەر ئەدەب و هونەر، بۆچوونی ئەو چۆن بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: مام جەلال پیاوێکی زۆر شارەزا لە ئەدەب و تەنانەت، یان بڵێین بە تایبەت ئەدەبی عەرەبی بوو. لە مەجلیسی ئەو و شەهید قاسملوودا - ڕووحی هەر دووکیان شاد - کە زۆرجار ئەمنیش بەشم تێیدا دەبوو، هەندێک جار باسی ئەدەبییش دەهاتە گۆڕێ. بەڵام پێوەندییەکانی ئەوان و حیزبەکانیان زیاتر سیاسی بوون و زانیاریی پێویستم لە سەر ئەو بەشە نییە.

بەشی: سێهەم

### نەوشیروان مستەفا خۆزگە نەرمتر و بە بەزەییتر دەبوو

**ئەنوەر حسێن: بۆچوونی تۆ لە سەر (نەوشیروان مستەفا) چییە، وەکوو نووسەر و لێکۆڵەر، کە کاری گەورەی کردوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: کاک نەوشیروان مستەفا پیاوێکی پڕ بەهرە و پڕ هونەر بوو. سیاسییەکی وردبین، خەباتکارێکی پشوودرێژ و بەورە، پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس، ڕێکخەرێکی کەم وێنە، نووسەر، مێژووناس و توێژەرێکی شارەزا و کۆمەڵناسێکی بە ئەزموون و خاوەنی زۆر تایبەتمەندی تر بوو. بەڵام چونکە کاتی خۆی بە خۆشیم گوتوە و دەڵێم خۆزگە نەرمتر و بە بەزەییتر دەبوو.

### ئەمن نە ئێستا لە پاریس دەژیم، نە هەرگیز کاری وەرگێرانم لە پاریس کردوە

**ئەنوەر حسێن: کاری ئەدەبی و وەرگێڕان بۆ تۆ لە (قەندیل، کۆیە، بەغدا) ئاسانتر بوو یان ئێستا لە پاریس؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: پێش هەموو شتێک با بڵێم ئەمن نە ئێستا لە پاریس دەژیم، نە هەرگیز کاری وەرگێرانم لە پاریس کردوە. ڕەنگە لە بیست ساڵی ڕابردوودا چوار پێنج جار چووبمە پاریس، بەڵام ڕێ نەکەوتوە لە سێ ڕۆژ زیاتری لێ بمێنمەوە. ئاسانی و دژواریی وەرگێڕان و تەنانەت نووسینیش، کەم وایە بە جێگا جیاوازی دروست بکات، بەڵکوو جیاوازییەکە، بە قورسی و سووکیی بابەت لە لایەک و وزە و توانای مرۆڤ لە لایەکی ترەوە بەستراوە. جا ئەگەر ئەمانە بکەینە پێوانە، دەکرێت بڵێم، کارەکەم ئێستا قورسترە، چونکە تەمەن چووەتە سەرێ و توانا هاتوەتە خوارێ و لە ئاکامدا چەندێتیی بەرهەم دابەزیوە و چۆنێتییش بە خوێنەرانە. ئارەزوو دەکەم (کوالێتی)ی کارەکانم جێی ڕەزامەندی بێ و ئەگەر وا نەبێت، یان وا نەمابێت مەمنوونی کەسێک دەبم ئاگادارم بکاتەوە تا نە خۆم زەحمەت دەم و نە زەحمەت بدەمە بەر خوێنەران. دەزانم هەموو سەرەتایەک کۆتاییەکی هەیە.

### لە بەغدا محەممەدی مەلا کەریم، مەسعود محەممەد و محەممەد بەدریم ناسی

**ئەنوەر حسێن: ژیانی تۆ لە بەغداد چۆن بوو، کە لەوێ لە دەزگایەکی عێراقدا کارت کردوە؟ وەرگێڕانت دەکرد؟ پێوەندیت چۆن بوو لەگەڵ (محەممەدی مەلا کەریم، مەسعود محەممەد، موکەڕەم تاڵەبانی، محەممەد بەدری) لەو سەردەمەدا؟**

بەشی: سێهەم

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ژیان لە بەغداد زۆر دەرگای بۆ من کردنەوە، لەوێ بوو، کە دەرفەتم بۆ ڕەخسا هەندێک توانای شاراوەی خۆم - زۆر و کەمییەکەی لەوێ ڕاوەستێ - بدۆزمەوە، بیاندەمە بەر تاقیکردنەوە و ئەوەی بە بەریەوە هەبێت پەروەردەی بکەم و پەرەی پێ بدەم. بە پلەی یەکەم و بە زەقی لەوێ خۆم فێری نووسین کرد، یەکەمین کارەکانی وەرگێرانم لەوێ بوون و لەوێ بوو، کە بۆ یەکەم جار بەرهەمێکی خۆم بە چاپکراوی بینی. لەوە گرینگتر ژیانی بەغداد شانسی ئاشنایی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد و غەیرەکوردی بۆ خوڵقاندم. ئێوە تەنیا چەند ناوێکتان پرسی، بەڵام بۆ خۆم ئەگەر بمەوێت ناوی هەموو ئەو نووسەر، شاعیر و بەهرەمەندە بلیمەتانە بە بیر بهێنمەوە، کە ناسیمن و بە پێی توانای هەژارانەی خۆم لێیان فێر بووم چەندین ڕۆژ بۆ بیرکردنەوە و چەندین کاتژمێرم بۆ نووسین و تۆمارکردنی تەنیا ناوەکانیان پێویستە.

لە بواری سیاسییشدا دەرفەتی ناسینی شارەزایان و فێربوون و خۆپێگەیاندم بۆ ڕەخسا، لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵ، کۆنگرە و کۆنفرانسدا بەشدار بووم. وەک ئەندام و نوێنەری حیزبێکی سیاسیی کوردی، لەگەڵ ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوەی حیزب و ڕێکخراوە کوردی و غەیرە کوردییەکان دانیشتم و هەر لەو ماوەیەشدا، بوو کە سەفەری وڵاتانی ترم کرد و دنیایەکی فراوانترم ناسی.

## شیعرم نووسیوە

**ئەنوەر حسێن: ئایا تۆ هیچ کات شیعرت نووسیوە؟ لە ناو ئەوانەدا، بۆ (یار)ت نوسیوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن خوێندەواری کوردم نەدیوە (شیعر)ی نەنووسیبێت و بۆخۆشم لەو ڕێسایە ڕیزپەڕ نەبووم. پێم وایە ئەوانەی شیعر دەنووسن دەبنە چەند دەستەیەک، دەستەیەکیان دەبنە شاعیری ڕاستی و پیرۆزیان بێت، دەستەیەک دەزانن نابنە شاعیر و واز دێنن - کە بۆ خۆم لەوانم -، دەستەی سێیەم، کە بە داخەوە کەمیش نین ئەوانەن، کە نابنە شاعیر و ناشزانن، کە شاعیر نین. شاعیرە ڕاستییەکان خۆیان و شیعرەکانیان دەمێنن، دەستەی دووەم بە وشیارییەوە دەست هەڵدەگرن و دەستەی سێیەمیش هەندێکیان خۆیان پێشتر دەمرن و هەندیکیان شیعرەکانیان. لەسەر (شێعر) نووسینی خۆم شتێکی خۆش دەگێڕمەوە.

چەند جار شیعرم بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان ناردوە و چاپیش کراون، بەڵام هەموویان بە ناوی خوازراوەوە بوون و خۆم بە خاوەنیان نەکردوە. چەند جارێک (قەسیدە) یان (غەزەل)ێکم بە ناوی خوازراو، دەنووسی و دەمدایە دۆست و برادەری نزیکم

بێ ئاگا لەوەی دەستاودەستی دەکەن. جارێکیان میوانی بەڕێزێک بووم، دەفتەرێکی گەورەی نیشان دام، کە نموونەی شیعری شاعیرانی کوردی تێدا کۆ کردبوونەوە. دەفتەری دایە دەستم و هەندێک پەڕپەڕم پێکرد دوو (شێعر)ی خۆمم بە دوو ناوی جیاواز تێدا بینی، بەڵام (نە من دەنگ و نە تۆ دەنگ) خۆم ئاشکرا نەکرد و ئێستاش نەمزانی ئەو دەفتەرە چاپ کرا یان نا؟

## ژیان ئەوەندە شیرینە حەیفە لە ترسی مردن لە خۆتی تاڵ بکەی

**ئەنوەر حسێن: تۆ هەر بە ڕاست بیر لە مردن دەکەیتەوە؟ چۆن سەیری ژیان و دواتر مردن دەکەیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: زۆر جار بیر لە مردن دەکەمەوە. ڕوانینم بۆ ژیان و مردن ئەوەیە، کە ژیان ئەوەندە شیرینە حەیفە لە ترسی مردن لە خۆتی تاڵ بکەی. زۆرجارم گوتوە و باوەڕی بە کردەوەشم پێی هەیە، کە مردن موسیبەت نییە. چونکە هەموو ژیانێک مردنێکی لە دوایە، بوونەوەری زیندوو نییە، ڕۆژێک نەمرێت و تەنیا درەنگ و زووی هەیە. لە لای من موسیبەت ئەو شتە ناخۆشەیە، کە دەکرێت نەیەتە ڕێت. بۆ وێنە سووتان، کوێربوون، ئیفلیجی و زۆری تر. لە ژیانمدا زۆر کەسی نزیکی وەک دایک و باب، خوشک و برا و منداڵم لێ مردوون بۆ یەکیان فرمێسکم نە هاتوە. بەڵام منداڵم سووتاوە یان دەست و لاقی شکاوە بە کوڵ بۆی گریاوم. بە حەق پێم وایە ئەگەر مرۆڤ بە باوەڕەوە سێ ڕاستی قەبووڵ بکات:

**یەکەم**، ڕۆژێک هەر دەمرێت،

**دووەم**، پێش کاتی خۆی نامرێت و

**سێیەمیش**، ئەگەر مرد دنیا خراپ نابێت و (دوای ئەویش بەهار دێت)، ئیدی ترس لە مردن مانای نامێنێت.

## پێم خۆشە ئەگەر لە فەڕانسا مردم و گونجا، بمبەنە گۆڕستانی پێر لاشێزی پاریس<br>تەرمەکەم بە ئاڵای کوردستان داپۆشن، نەک لۆگۆ و ئاڵای حیزب، هەموو حیزبەکان بە قوربانی نیشتمان بن

**ئەنوەر حسێن: ئەگەر مردی لە کوێ بنێژرێی؟ چی و کام شیعری خۆت لە سەر گۆڕەکەت بنووسرێت؟ بە ئاڵای کوردستان یان حیزبی دیموکرات داپۆشرێیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە لای زۆرانم گوتوە لە هەر کوێ مردم لەوێم بنێژن، بەڵام پێم خۆشە ئەگەر لە فەڕانسا مردم و گونجا، بمبەنە گۆڕستانی پێر لاشێزی پاریس، کە دوو ڕێبەری حیزبی دیموکرات و زۆر ئازیزی ترمی لێ نێژراون. هیچ شێعر

بەشی: سێهەم

و هیچ نووسینێکم بۆ سەر گڵکۆکەم نییە. گرینگ نییە بۆ خۆم دەمەوێت چیم لە سەر بنووسرێت و بگوترێت. گرینگ ئەوەیە هاوڕێکانم دوای مردنم چیم پێ ڕەوا دەبینن. بە جێیە ئارەزوو بکەم تەرمەکەم بە ئاڵای کوردستان داپۆشن، نەک لۆگۆ و ئاڵای حیزب، کوردستان ئامانجە و حیزب ئامرازە، هەموو حیزبەکان بە قوربانی نیشتمان بن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە ٨٠ ساڵ تەمەنی "کوردستان"دا هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی نەگۆڕاوە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هەندێک ڕۆژ و ڕێکەوت هەن کە تەنیا ژمارەیەک نین لە ڕۆژژمێردا، بەڵکوو وەرچەرخانێکی مێژوویی و هەڵگیرسانی چرایەکی پڕشنگدارن لە تاریکستانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ٢٠ی بەفرانبار، ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکێکە لەو ڕۆژە پیرۆز و مانادارە کە وەک سیمبولی تێکەڵبوونی "خەبات" و "ڕووناکبیری" دەناسرێت. لە کاتێکدا پێشەوا قازی محەممەد و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات بیریان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک یەکەم ئەزموونی دەوڵەتداریی مۆدێڕنی کوردی دەکردەوە، بە دروستی دەرکیان بەوە کردبوو کە خەباتی چەکداری و سیاسی بەبێ بوونی مینبەرێکی ڕاگەیاندن و هزری، ناتەواوە. بۆیە ڕۆژنامەی "کوردستان" تەنیا وەک بڵاوکراوەیەکی ئاسایی لەدایک نەبوو، بەڵکوو بوو بە ناسنامەیەک بۆ سەلماندنی بوونی نەتەوەیی کورد و ئامرازێک بۆ گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی گەلێک بە گوێی دۆست و دوژمن. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بۆ ئەم ڕۆژە مێژووییە وتووێژێکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای سیاسی و ئەدەبیی ناسراوی کورد، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و هەروەها یەکێک لە سەرنووسەرانی پێشووی ئەم ڕۆژنامەیە پێکهێناوە.

بەشی: سێهەم

**شەهرام سوبحانی**: بەڕێز مامۆستا، دەرچوونی ژمارە ٩١٠ی ئەم دەورەیەی "کوردستان" هاوکاتە لەگەڵ ٨٠ ساڵەی ئەم ڕۆژنامەیە. ٨٠ ساڵ تەمەن، ٨٠ ساڵ بەردەوامی بەڵام ٩١٠ ژمارە کە ئەوەندە ژمارەیەش لە ماوەی ٥٥ ساڵدا دەرچووە. بەڕێزتان چ خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەم بابەتە هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێم خۆشە لە پێشدا ئەوە بڵێم ئەگەر ئەتۆ وتووێژ لەگەڵ من دەکەی وەکوو یەکێک لە ئەندامانی هەرە کۆنی حیزب، ئەمنیش هەر چەند ساڵێک پێش ئێوە ڕۆژنامەی کوردستانم دیوە، دەنا نە هاودەورەی بووم و نە بە زوویش دیومە، بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئارشیڤێکمان لەبەردەستدا نەبوو کە ڕۆژنامەی کوردستان ببینین. بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئێمە هەموو ژمارەکانی یەکەم دەورەی ڕۆژنامەی کوردستانمان لەبەردەستدا نیە. بۆیە شتێکی تەبیعییە کە ئێمەش زۆری لێ نازانین، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە بۆچی ئاوایە، دەڵێم بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە ١٠٠ی کوردستانەوە پێم وابێ هەر لەو ژمارەیەشدا بوو، وتارێکمان هەبوو بە ناوی ئەوەی کە دەڵێ ڕۆژنامەی کوردستان "هاوچارەنووسی تێکۆشەرانی کوردە" یا "زمانحاڵی تێکۆشەرانی کوردە". لەوێدا بە تەفسیل باس دەکا ئەو کاتەی حکوومەتی کۆماری کوردستانمان هەبووە، ڕۆژنامەی کوردستانیش لەنێو شار بووە، کاتێک خەباتکاران کەوتوونەتە شاخ ئەویش کەوتۆتە شاخ. دەورانێک هەبووە کە تێکۆشەرانی کورد نەیانتوانیوە دەرکەون ئەویش هەر غایب بووە. خولاسە، بەحوکمی ئەوەی ڕۆژنامەکە ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ئەویش هەتا ئێستا لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە حیزبێکی ناقانوونییە، حیزبێکە کە لە دەرەوەی ژیانی تەبیعی خەباتەکەی درێژە دەدا، ئیمکانی ئەوەی نیە بە ڕێک و پێکی دەربچێت، بۆیە ئەوە کە دەبینین پاش ٨٠ ساڵ ڕۆژنامەی کوردستان ٩٠ ژمارەشی ماوە بۆ ئەوەی هەزارەمین ژمارەی دەربچێ، ناخۆشە، تاڵە، بەڵام واقیعەتێکە کە قابیلی دەرکە.

**شەهرام سوبحانی**: هەمیشە باس لەوە کراوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" پتر لەوەی ناسنامەی "ڕۆژنامە"ی هەبێ، "ئۆرگان"ی حیزبێکی سیاسی بووە. دیارە من وەک خۆم لام وایە دەتوانین بڵێین "کوردستان" زمانحاڵی نەتەوەیەکیش بووە. ئەو ئۆرگانبوونەی "کوردستان" چ کاریگەرییەکی لەسەر پێناسە و ژیانی ٨٠ ساڵەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەمین ڕۆژ و حەوتوو و مانگەکانی دەرچوونیدا تا ڕادەیەک خەسڵەتی ڕۆژنامەشی پێوە بووە، چونکە لە خاکی خۆی و لەنێو خەڵکی خۆی دەردەچوو، هەواڵی ڕۆژانە و ڕووداوی ڕۆژانەی قەید دەکرد، لە حەوتوودا دووجار یان سێ جار دەردەچوو، ئەوە خەسڵەتی ڕۆژنامەشی پێوەیە، هەر تەنیا ئۆرگان نیە. ئێستا پتر ئۆرگانە، ئیدی ناتوانێ ئەو شتانە تۆمار بکا، ناتوانێ بەئاسانی بەدەست خەڵکی بگا. بەڵام ئەوەی کە ئۆرگان بوونەکەی چ تەئسیرێکی هەبووە، بە باوەڕی من ئەو تەئسیرە دوولایەنەیە، هەم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیستیفادەی

بەشی: سێهەم

لە ڕۆژنامەکە کردوە بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بگەیەنێتە بەردەنگەکانی، ناڵێم کۆمەڵانی خەڵک، هەم کوردستانیش بە حیزبی دێموکراتەوە خۆشەویست بووە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە زمانحاڵی سادقی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، هەمیشە ئەوەی گوتووە کە حیزبەکەی ویستوویەتی بیڵێ و بناغەی سیاسەتی حیزبەکە بووە. جاری واش هەبووە لای داوە، ئەمن لەبیرمە جارێک تازە دەورەی ئێستامان دەست پێ کردبوو، مەقالەیەکمان لەسەر دۆخی ئێران نووسی، پێویست ناکا بڵێین کێ نووسیبووی! بەلاڕێدا چووبوو، یانی نەیتوانیبوو ئەوەی پێویستە بیڵێ، لە ژمارەی داهاتوودا عەینی ئەو تیترە دووپاتە کرایەوە بەناوی دیسان لەسەر بارودۆخی ئێران، ئەوجار سیاسەتەکە ڕاست کرایەوە. لەسەر ئەوەی کە فەرمووت پێم وایە ئۆرگانی نەتەوەیەکە یان زمانحاڵی نەتەوەیەکە، بەو مانایە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی خۆشەویست و حیزبی کۆمەڵانی خەڵکە ڕاستە، بەڵام موبالەغە نەکەین باشە. ئەو ڕۆژنامەیە زیاتر هەر ئۆرگانی حیزب بووە و تا ئێستاش بە هۆی ئەوەی بەداخەوە لە دەورانێکی یەکجار زۆر، لانیکەم ٦٠ ساڵ لەو ٨٠ ساڵەی عومریدا هەم نامورەتتەب دەرچووە و هەم نەیتوانیوە بگاتە دەستی خەڵک، نەشتوانراوە ئارای خەڵکی بەوجۆرە کۆبکاتەوە، یانێ ڕۆژنامەیەک کە هی خەڵک بێت، دەبێ ئاوا بێت. تەنیا لەو ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا کە ئەویش نەک لە ڕێگای ڕۆژنامەکەوە وەک کاغەز، بەڵکوو لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک ئەوەی بیهەوێ، لەهەر جێیەک بێ دەستی پێ ڕادەگا و دەتوانێ زیاتر زمانحاڵی خەڵک بێ.

**شەهرام سوبحانی:** لە "کوردستان"ی زمانحاڵی حکوومەتی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئەم "کوردستان"ەی ئێستا کە لانیکەم زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە تەمەنی لە دەرەوەی زێد و شوێنی لەدایکبوونی دەردەچێ، چ شتێک لە جەوهەر و ڕیسالەتی "کوردستان" گۆڕاوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕۆژنامەی کوردستان لە دەورانی جۆراوجۆردا کە تێیدا دەرچووە، زۆر شتی گۆڕاوە، شکڵی گۆڕاوە، فۆرمی گۆڕاوە، زمانی دەرچوونی گۆڕاوە. وەختێک هەر سێ ڕۆژ جارێک دەرچووە، وەختێک بە شەش مانگ جارێک، تەنانەت وەختی وای تێدایە بە ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ و دە ساڵ ژمارەیەکی دەرنەچووە، هەمووی ئەوانە هەن. جارێک بە شێوەی کتێب بووە، جارێک بە شێوەی بەیاننیە دەرچووە، هەمووی ئەوانە گۆڕاون. بەڵام لە شتێکدا بە باوەڕی من ڕۆژنامەی کوردستان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە، ئەویش ئەوەیە لە هێڵە گشتییەکاندا زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و ئاوێنەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بووە. سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش کە پیاو تەماشا دەکا، لە لایەکەوە ناخۆشە کە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات پاش هەشتا و چەند ساڵیش هێشتا وەدی نەهاتوون. بەڵام لە لایەکەوە جێگەی شانازییە کە ئەو ئامانجەی هەشتا ساڵ، هەشتا و سێ ساڵ بەر لە ئێستا دانراون هەتا ئێستاش تازەیی خۆیان و ڕاستی و دروستیی خۆیان لەدەست نەداوە. جا بۆیە لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی ڕۆژنامەکە نەگۆڕاوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

**شەهرام سوبحانی**: یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنیاتنانی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کە وەک ئەرکێک بۆ ڕۆژنامەیان دیاری کردوە، بردنەسەرێی ئاگایی نەتەوەیی کورد یان بەواتایەکی دیکە نەتەوەسازی بووە. دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە هەمووان دەیبینین. پێتان وایە "کوردستان" چەندەی بەش لەو دەسکەوتە، واتە پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەیی پێ دەبڕێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێم وایە ئەگەر موبالەغە نەکەین، وەکوو لەپێشدا باسم کرد حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا هەڵگری ڕیسالەت و پەیامی نەتەوەییە و ڕۆژنامەکەش هەڵگری ئەو پەیامە و ئەو ڕیسالەتەیە. بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە کەمتر گەیوەتە دەستی خەڵکی، ناتوانێ ئەو نەخشە کاریگەرەی بۆ خۆی هەبێ. چونکی ڕۆژنامەکە وەکوو بۆم باس کردی، لە دەورانی جۆراوجۆردا و بە ماوەی جۆراوجۆر و بە حەجمی جۆراوجۆر دەرچووە. سەرباری ئەوەش نەگەیوەتە دەستی خەڵکی، لە باری پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان ئێستا دەورانی زێڕینی خۆی دەگوزەرێنێ. چونکە لە سایەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک دەتوانێ لە هەر جێگایەکی دونیا هەیە دەستی پێ ڕابگا. بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو دەسکەوتە یانی پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەیی هەمووی یا بەشی هەرە زۆری هی ڕۆژنامەی کوردستانە. دەتوانین بڵێین هی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. چونکە ئەو پەیامە کە حیزبی دێموکرات هەیەتی ئێستا دەبینین لەنێو خەڵکی کوردستاندا، ئەوانە کە ئەندامی حیزبیش نین، ڕەنگە لە جێی وا هەبێ ئیحتمالەن لەگەڵ حیزبی دێموکرات پەیوەندی دۆستانەشی نەبێ، بەڵام ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات وا فۆرموولە کراون کە ئێستاش ئامانجی خەڵکی کوردستانن. لەو بارەیەوە حیزبەکە تەئسیری هەبووە، بەڵام هیچ تاوان نیە کە بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان بەداخەوە نەیتوانیوە ئەو نەخشە بگێڕێ، بە حوکمی ئەوەی کە وەک گوتم نامورەتتەب دەرچووە، حەجمەکەی کەم بووە و لە هەمووی گرنگتر زەحمەت گەیوەتە دەستی خەڵکی.

**شەهرام سوبحانی**: جەنابت جگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردی، هاوکات ئەدیب و زمانزانێکی ناوداری کوردیشی. پێتان وایە "کوردستان" زیاتر خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیی کردوە، یان تایبەتمەندییە زمانییەکانی "کوردستان" یارمەتیی گەشەکردنی ئەم ڕۆژنامەیەی داوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەتوانین بڵێین هەردوولایان دروستن. لەلایەکەوە ڕەوانیی ئەو کوردییەی کە لە بەشێکی زۆری عومری ئەم ڕۆژنامەیەدا پێی نووسراوە وای کردوە کە خەڵک ڕۆژنامەکەیان خۆش بوێ. ئەمن لەبیرمە وەختێک لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا، ئێمە لە عێراق ڕۆژنامەی کوردستانمان چاپ دەکرد، لە ئەوەڵەوە فەقەت لە چوار لاپەڕەدا بوو، دوایە بوو بە هەشت لاپەڕە، زۆر لە ئەدیبان و کەڵە نووسەرانی ئەم وڵاتە، هی باشووری کوردستان، دەیانگوت ئێمە، مەتالبی

بەشی: سێهەم

کوردستانمان لە پێش دەرچوونی ژمارەی کوردستان لەمێژە دیوە، بەڵام پێمان خۆشە ڕۆژنامەی کوردستانمان بە ڕێک و پێکی پێ بگا، بە خاتری زمانەکەی. بە خاتری زمانەکەی چوار لاپەڕە چییە؟ لەبەر ئەوە نموونەیەکی باشە، ئەو نموونە باشە وای کردوە کە ڕۆژنامەکە خۆشەویست بێ. ئەگەر وابێ کاریگەریی ڕەوانیی زمانەکەیە لەسەر مەحبووبیەتی ڕۆژنامەکە، لە پاشانیش ڕۆژنامەکە کاریگەریی داناوە. چونکە نموونەیەکی باشی داوەتە دەستی ئەو کەسانە کە پێیان خۆشە، ڕۆژنامەکان زمانێکی ڕەوانیان هەبێ، کوردی دروستتر بنووسن. بەڵام ئەو کاریگەرییە کەمە بە هۆکاری ئەوەی وەک وتم و چەند جاریش دەیڵێمەوە، ئەو ڕۆژنامەیە ئەوەندە بڵاو نەبووەتەوە لەنێو خەڵکیدا کە بتوانێ ئەوەی بکا، لە عەینی حاڵدا چوار لاپەڕە بە یەک مانگ یان چەند لاپەڕە بە دوو مانگ ناتوانێت ئەو کاریگەرییە دابنێ لەسەر دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی کوردی.

**شەهرام سوبحانی**: ڕەخنەیەک کە لەم ساڵانەدا لە "کوردستان" دەگیرێ ئەوەیە مەودای لەگەڵ ئەو زمانە گرتوە کە لە دەیەکانی ٥٠ هەتا ٧٠ و ٨٠ی هەتاویدا پێی دەنووسرا. ئەم ڕەخنەیە چەندە بەجێیە و هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەم ڕەخنەیە ئەمن لەمێژە هەمە، وەکوو ئاماژەی پێ دەکەی، وادیارە خەڵکی دیکەش هەیەتی. وەختی خۆی وەک باسم کرد، ڕۆژنامەی کوردستان وەک نموونەی زمانێکی ڕەوانی کوردی کە دەیتوانی ببێتە بناغەی زمانی ستانداردی کوردی چاوی لێدەکرا. ئێستا بەداخەوە، فاسیلەی گرتوە. هۆکارەکەشی دەتوانین لە دوو سێ شتدا کۆ بکەینەوە. یەکەم ئەوەیە ئێمە لەنێو خەڵکی خۆماندا نین تا کوردی لە خەڵکی خۆمان فێر بین. ئەوە زۆر گرنگە. کوردی یان لە کتێبێک فێر دەبین، یان لە ڕۆژنامەی خەڵکی دیکە، یان لە قسە کردنی خەڵکی دیکە، و بەتایبەتی خەڵکی خوێندەوار. دووهەم ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو وەختە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کاریان دەکرد، بەشێکی زۆریان کەسانێک بوون کە لە عومقی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵقوڵابوون، لە دێوە هاتبوونە شار و هاتبوونە نێو کاری نووسین و وەرگێڕان. ئەوانە ئێستا یان هەر نەماون، یان ئەگەر مابن، فاسیلەیان لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا گرتوە و کەمتر سەروکاریان لەگەڵی هەیە. ئەوەی دیکە ئەوەیە دەستیان خۆش بێ، خوا عومریان درێژ کا، بەردەوام بن، ئەوانەی ئێستا کە دەنووسن، زۆریان پتر مەتڵەب پێیە لەوانە کە پێشتر دەیان نووسی. بەڵام بۆ خۆیان پەروەردەی نێو کۆمەڵی کوردەواری نین، لە مەدرەسە و لە زانکۆ و لە وانە فێری زمانی کوردی بوون. زمانی ئەسیلی هەر میللەتێکیش لە زانکۆوە نایە، قانوون لە زانکۆوە دێ، قانوونی زمانیش لە زانکۆوە دێ، بەڵام زمان لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی لادێ و نەخوێندەوار دێتە دەرێ. ڕەنگە لەو بارەشدا ئەمەیان گلەیی بێ، کە زۆر گرنگی بەوە نادەن، کە بزانن چۆن بکەین بۆ ئەوەی زمانەکە زمانێکی پتر ڕەسەن بێ. ئەمن لەبیرمە جارێکییان برادەرێکم شتێکی نووسیبوو، ئەمن پێم گوت ئەوەها نابێ، ئەو بە پانەوە گوتی ئەوەی تۆ دەیڵێی کۆنە. باشە ئەو قسەیە ڕاست نیە، چونکە هەموو شتێک تازەکەی باش بێ، زمان کۆنەکەی باشە. ئەسالەت لەوێ دایە. جا ڕەنگە ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکان بێ کە باسم کرد.

بەشی: سێهەم

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا جەنابت تەمەنێک لەگەڵ "کوردستان" بووی. هەم وەک ئەزموونی تاکەکەسی، هەم وەک گێڕانەوەی بەسەرهاتی قۆناغە جیاوازەکانی کارکردنت لە ڕۆژنامەدا چۆن باسی ئەو مێژووە دەکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو مێژووە پڕە لە دەورانی خۆش و ناخۆش، لە بیرەوەریی خۆش و ناخۆش. یانی ئێمە ئێستا ئەوانەمان کە لە کوردستان کار دەکەن، دونیایەک کەموکورتی هەست پێ دەکەن. چونکە بە حەقیقەت ئەو ئیمکانیاتە کە ئەوڕۆ بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە، ڕۆژنامەی کوردستان یەکجار زۆر کەمی لەبەر دەستدایە، حەقیانە، بەڵام ئەوەی ئێمە دیومانە لەو دەورانەدا کە ئەمن ئاگام لێیەتی، لەچاو ئێستا ئیتر قابیلی بەراورد نیە. مەسەلەن ئێمە دەبوو بە تایپێکی شەق و شڕی میکانیکی ڕۆژنامە بنووسین، دەبوو زۆر بە دیققەت بێ، ئەو تایپیستە، هەمووی لەسەر ستوونی پێنج سانتیمتری یان کەمتر یان زیادتر تایپ بکا. لە پاشان ئەوەی بە مقەستێک ببڕین لەسەر کاغەزێکی دیکە بیچەسپێنین بە چەسپ، جا ئەوجار کە ئەوەمان ئامادە دەکرد، پێکەوەمان نابایەوە و ناردبامانە شوێنێک بۆ ئەوەی فیلم و زینگی لێ هەڵبگیرێ و چاپ بکرێ. بەڵام لەوەش سەیرتر، ڕەنگە جێی باوەڕ نەبێ، ئەمن ژمارەیەکی کوردستانم لەبیرە، ئامادەمان کرد، ڕۆژنامەی کوردستان چونکە خەبەری نیە، زوو کۆن نابێ، ئێمە چوار پایتەختمان پێ کرد تا توانی چاپ بێ. لەم پایتەختە چاپ نەبوو، لەو پایتەختە چاپ نەبوو، ئاقیبەتەکەی بە جۆرێک کە ئەگەر لەبیرم بێ، لە بەیرووت بۆمان چاپ بوو. پاشان ئەو حەجمە سەیر و سەمەرەی کە تێیدا چاپ بوو. ئێستاش ئەگەر یەکێک بیەوێ ڕۆژنامەی کوردستان مەسەلەن وەک ڕۆژنامەی خەڵکی دیکە لە بەرگ بگرێ، ئەو دەورانەی ئاخیرە ئەلحەمدولیللا هەموویان یەکن. بەڵام قەت شتی وا مومکین نیە، چونکی هێندێکی بەقەد کتێبە، هێندێکی ئا چوارە، هێندێکی ئا سێیە، یانی لەو بارەوە بیرەوەرییەکی تاڵ و ناخۆشم لەگەڵی هەیە.

**شەهرام سوبحانی:** هەتا ٢٠ - ٢٥ ساڵ پێش ناوی هیچ بەرپرسێکی حیزبی لە ڕۆژنامەدا نابینی، بابەتەکانیش ناوی نووسەریان بە سەرەوە نییە و خاوەنەکانیان ناناسرێنەوە. ئەوەش ئاستەنگی بۆ کاری توێژینەوە و بەدواداچوونەکان دروست کردوە. لە حاڵێکدا لە دەورەی یەکەمی ڕۆژنامەدا کە بە ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆمار دەناسرێ ئەم دیاردەیە نابینین. بنەماکانی ئەم بڕیارە کە جەنابیشت یەک لە بڕیاردەرانی بووی چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە دەورانی کۆمار لە بارێکەوە وتم دەورانی ئیقبالی ڕۆژنامەی کوردستان بوو. چونکە لە نێوخۆی وڵات دەردەچوو، تەنانەت بەفۆرمی ئەو وەختەی چاپخانەی خۆی هەبوو. ئێوە دەزانن ئێستاش ئێمە چاپخانەمان نیە. ئەو وەختەی چاپخانەی خۆی هەبوو، لەنێوخۆی وڵات دەردەچوو، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دەگەڵ خەڵکی هەبوو. بۆیە ئەوانەش کە دەیاننووسی هەموویان خەڵکی ئازاد و زۆرجاریش خەڵکی خۆشەویست و بەنفوز بوون. ئەوەیان دەکرد، بەڵام دوایە کە

ئێمە لەو حاڵەتەیدا بووین، کەمێک باری ئەمنییەتی بوو، هەرچەندە زۆر کاریگەری دانەنا، بەڵام هۆکاری ئەسڵیمان ئەوە بوو کە ئەوە ڕۆژنامەی ئۆرگانە. دەبێ هەموو وتارێک، هەرکەس دەینووسی، پتر لە ڕای خۆی، ڕای حیزبەکەی تێدا مونعەکیس بێ. ڕۆژنامەیەکی ئازاد نیە، تریبوونێکی ئازاد نیە، هەرکەس قسەی خوێ بکا. با هەموویان هەر بە ناوی ڕۆژنامەکەوە بن، چونکی لە واقیعدا زۆرجار وتاری هەموو ئینسانێک کە دەنووسێ، ئەگەر مەحدوودی بکا لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکەی و سیاسەتی حیزبەکەیدا، هەموو ڕایەکەی خۆی تێدا نیە. تەنانەت ئەوەشمان پێ باش بوو، چونکە ناکرێ وتارێک بنووسرێ لە ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبدا، بەڵام کابرا بڵێ ئەوە ڕای خۆمە، ئەدی باشە خەڵک ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕای حیزبەکەی بزانێ. هێندێک سازمانی ئێرانیمان هەبوون ئێمە لەگەڵیان کێشەمان هەبوو. وتارێکی دەنووسی و چاوت لێ دەکرد مەسەلەن هێرشی کردوە بۆ میللەتی کورد، بە ئامانجەکانی میللەتی کورد و هێرشی دەکردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان. کە گلەییمان لێ دەکردن دەیانگوت بابە ئەوە ڕای نووسەرەکەیە. دەمانگوت باشە ڕای خۆیەتی، ئەی ڕای حیزبەکەت چییە؟ ئەتۆ وتار دەنووسی، ئەگەر باش دەرچوو ئەوە هی حیزبە، ئەگەر باش دەرنەدەچوو ئەوە دەیکەیە نەزەری شەخسی خۆی. بۆیە پێمان باش بوو ناوەکانی خۆمان فیدا بکەین لە پێناو ناوی حیزبدا، بۆ توێژینەوەش ڕاست دەکەی، ئەگەر توێژینەوەکە هەر ئەوە بێ، یەکێک بیهەوێ مەسەلەن هەموو وتارەکانی دوکتور قاسملووی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا تەعقیب بکا، کارەکە زەحمەتە. بەڵام بۆ توێژەرێک کە دەیهەوێ بزانێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نەزەری چی بووە؟ ئەوە هیچ کێشەیەکی نیە. موراجەعە دەکا بە ڕۆژنامەکە و ژمارەکە و تاریخەکە و دەیبینێ و دەڵێ حیزبی دێموکرات وای گوتوە جا ئەو وتارە کە ئەو ئیشارەتی پێ دەکا، بە قەڵەمی هەرکەس نووسرابێ، هیچ لە ماهییەتەکەی ناگۆڕێت.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا باس و پرسیار زۆرن، بەڵام زیاترت ماندوو ناکەین. بەڵام دەمانەوێ لە دەسپێکی دەیەی نۆهەمی تەمەنی "کوردستان"دا ئەگەر ڕاسپاردەیەکت بۆ بەرێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە هەیە بفەرمووی.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن زۆر حەق بە خۆم نادەم کە ڕاسپاردەم هەبێت، چونکی بەهەرحاڵ ئەمن لە کاروباری مێدیایی زۆر دوور کەوتوومەتەوە ، بەڵام ئەگەر بمهەوێ ئارەزوو بکەم ئەوەڵەن ئارەزووی سەلامەتی و پێشکەوتنیان بۆ دەکەم، دەستخۆشیان پێ دەڵێم. ئەگەر ئەوە نەبێ کە دەڵێن ئەوانەی لەپێشدا بوون حەقی تەقەددومیان هەیە، ئەوانەی ئێستا لە ڕۆژنامەدا کار دەکەن لە نووسینەوە بگرە هەتا وەرگێڕان و هەتا کاری فەننی و ئەوە زۆر لەپێش ئەوانەوەن کە ئێمە لەبیرمانن، بەڵام ئەگەر بمهەوێ قسە بکەم ئارەزوو دەکەم نەک تەوسیە، حەقی تەوسیە بە خۆم نادەم، ئارەزوو دەکەم یەک دوو شت هەبن کە بەلامەوە گرنگن، یەکێکیان لەباری سیاسی و مەعنەوییەوەیە. خەڵکەکەمان هەر کەس دەنووسێ سەعی بکات پتر هەم سیاسەتی ئەمڕۆی حیزب و هەم ڕابردووی سیاسیی ئەم حیزبەی لەبەرچاو بێ، لەو چوارچێوەیە


بەشی: سێهەم

دەرنەچێ، چونکی بەهەرحاڵ وەک گوتم تریبوونی ئازاد نیە، ئۆرگانی حیزبێکە و دەبێ ئیدامەکاری هەبێ. لە پاشان ڕۆحی شاد بێت دوکتور قاسملوو هەموو جارێک کە لەگەڵ بەشی تەبلیغات کۆ دەبووەوە دەیگوت واقع بین بن و زمانتان خاوێن بێ، لە هەمووی گرنگتر دەیگوت هێندەشی مەڕووخێنن، هێندێک کەس پێی وایە هەر کە قسەی کرد دەبێ بڵێ سبەینێ دەڕووخێ، خۆشبینی باشە! بەڵام ئومێدی کازیب بە خەڵکدان باش نیە، لەگەڵ واقیعیات سەروکارمان هەبێ باشترە. لە پاشانیش زمان خاوێنی یەکێک لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات بووە، ناڵێم هەمیشە وابووە، بەڵام بەشی زۆری وابووە، ئەو زمانخاوێنییەش بپارێزن. مەسەلەن من زۆرجار نموونە دێنمەوە ئەتۆ بڵێی فلان کەس وای گوت، ناوی هیچ کەس نابەم بە باوەڕی من کاریگەریی پتر دەبێ لە گەیاندنی مەتڵەبەکەدا لەوەی کە بڵێی فلانەکەسی کۆنەپەرستی، نامەردی، پیاوکوژی و... ئەوە هیچ کاریگەریی نابێ، تەنیا وەزنی وتارەکەت، وەزنی قسەکانت دێنێتە خوارێ، چونکە تۆ ڕق دەردەبڕی، پەیامی کابرای ناگەیەنی. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ناڵێم گرنگتر بەڵام بۆ ئەمڕۆ بە باوەڕی من گرنگە کە لە باری زمانەوە وریاتر بن. ئەمن بێ ئەدەبییشە لە خزمەت نووسەرانی ئێستای کورد لە باشوور و لە هەموو جێگەیەکی، وەختێک گەورە نووسەرەکان دەیانویست لە ، ڕۆژنامەی کوردستان زمانی ئەسیلی کوردی فێر بن کەچی ئێستا نووسەرانی کوردستان لەو کەسانەوە کە بە تایبەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی ئاشنا نین و کەڵکی لێ وەردەگرن فێر دەبن. مەسەلەن ئێمە شەڕئەنگێز دەنووسین، باشە شەڕ ئەنگێز لە زمانی فارسیدا "جنگ‌انگیز" هەیە؟ نیە. یان مەسەلەن کەلیماتێک هەیە بە هەڵە هاتوە، مەسەلەن دەڵێ: "کجا مرحبا؟" کجا مرحبا. پیاوێکی گەورە بەکاری هێناوە ئێستا بووەتە زمانی هەمووان، گۆرانی شاعیر بەکاری هێناوە، چون گوێی لێ بووە کە فارسێک دەڵێ: "کجا بر کجا؟" ئەو وای لێ حاڵی بووە، ئەوە هەموو بەکاری دێنن. باشە ئێمە دەزانین "کجا مرحبا" هیچ مەعنای نیە، ئەو تەعبیرە لە کوردیدا دەڵێ: چی بەسەر چیەوەیە؟ لە فارسیدا دەڵێ: "کجا بر کجا"، لە عەرەبیدا کە ئەو زمانەی کە من شارەزاییم هەیە شتێکی وەک "کجا بر کجا" دەڵێ: "این هذا من ذاک"، ئەمە لە کوێ و ئەوی دیکە لە کوێ؟ سەعی بکەین بگەڕێینەوە بۆ زمانە ئەسیلەکە. خۆ تاریخ لەو ڕۆژەوە دەست پێ ناکا کە ئێمە دەست پێ دەکەین، بەهەرحاڵ دووبارە سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ هەموو لایەک بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٥

بەشی: سێهەم

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەوەی کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە و دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو



**ئاماژە:**

تۆڕی مێدیایی ٩٦٤+ وتووێژێکی تایبەتیی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد کردوە و ڕا و بۆچوونی بەڕێزیانی لەبارەی هۆکار و دەرەنجامەکانی شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دەربڕیوە. لەو وتووێژەدا کە لە ڕۆژی دەهەمی شەڕەکەدا کراوە، مامۆستا حەسەنزادە تیشکی خستووەتە سەر دۆخی کورد لە دڵی قەیرانەکانی ئەو شەڕە، داهاتووی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە. "کوردستان‌میدیا" ئەو دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:

**پرسیار**: مامۆستا ماوەی دە ڕۆژە ئەو هێرشانە بۆ سەر ئێران دەستی پێ کردووە. خوێندنەوەی جەنابت بۆ ڕووداوەکان تا ئێستا چۆنە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆرجار دەڵێم قسەوباس و کاروباری دۆناڵد ترامپ کەس بە ئاسانی تێیان ناگا. بەڕاستی

بەشی: سێهەم

ئەوەی تا ئێستا گوزەراوە بەرچاورونیی نەداوە بە کەس. ئەوەی ئەمن تێیدەگەم، لەگەڵ هەموو گەورەیی شەڕەکە، لەگەڵ هەموو ئەو توانایانە کە دوو دوژمنی ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل هەیانە، هەموویان لە حیساباتی خۆیاندا تووشی هەڵە بوون. تەنانەت ئەگەر بە زمانیش نەیڵێن، لێیان دەردەکەوێ کە بۆ خۆیان هەستیان بە هەڵەبوونی موحاسەبەکەی خۆیان کردووە.

ئەمریکا وای حیساب کردبوو کە بە پێچەوانەی شەڕی ١٢ ڕۆژە کە زۆر بە توندی و بە قورسی نەهاتنە نێو کارەکەوە، ئەم سەفەرە بە سێ چوار ڕۆژان کارەکە تەواو دەکەن. ئیحتیمالەن نەتانیاهووش هەروا حاڵی ببوو. هەر لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامییش وا حاڵی ببوو کە بە قەولی خۆیان دەرسێک دەدەن بە ئەمریکا و ئیسرائیل کە قەت لەبیریان نەچێتەوە. ئێستا دەرکەوت ئەو حیساباتەی هەردوولا بە هەڵە دەرچووە و مەعلووم نییە ئایندەی ئەو شەڕەی بە کوێ دەگا، کەنگێ تەواو دەبێ، یان بڵێین بە جۆرێک لە جۆران تەواو دەبێ. چونکە دیارە تەواوبوونی شەڕ هەر یەک حاڵەتی نییە. شەڕ دەتوانێ بە ڕێککەوتن تەواو بێ، یان ئەوەی پێی دەڵێن ئاوربەس.

**پرسیار**: مامۆستا ئەگەر ئەو ڕووداوانەی ئێستا بۆ دوو بەش دابەشی بکەین، هەم نێوخۆی ئێران، هەم دەرەوەی ئێران، یانی جۆرێک ڕەوایەتیی ئەو جەنگە هەیە کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە بەرانبەر ئێران پیادەی دەکەن، ئایا ڕەوایەتیی جەنگەکە هەیە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەزانی چۆنە؟ هەندێک یاسای نێودەوڵەتی هەن، یاسای ناوچەیی هەن، تەنیا لە حاڵەتێکی سروشتیدا ئەوانە ڕەچاو دەکرێن. دەنا هیچ کامیان ڕەچاو ناکرێن. دەوڵەتێک کە ئێستا حاکمی ئێرانە، نە دڵخوازی خەڵکی ئێرانە بە هەموو میللەتەکانیەوە، نە دڵخوازی خەڵکی هەرێمەکەیە، نە دڵخوازی خەڵکی دنیاشە، ئەوە ڕاستە. یانی دەوڵەتێکی بەڕاستی خراپە. بەڵام ئێستا وەکوو دەڵێن لە جیاتی "هێزی مەنتیق"، "مەنتیقی هێز" حوکم دەکا. موخالەفەتیان هەیە، ئەوانیش لە خۆیان ڕا دەبینن و دێن شەڕێکی ئاوا دەکەن.

**پرسیار**: مامۆستا پێت وایە گۆڕانکاری دروست بکا؟ پێشتر ١٢ ڕۆژ شەڕ بوو، ئێستاش ئەوە پێی نایە ١٠هەمین ڕۆژ. پێت وایە ئەوە گۆڕانکاری لە نەخشەی ئێران یان لە ناوچەکەدا دروست بکات؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر قابیلی پێشبینی نییە، تەنانەت دیمەنەکە بۆ ئەوانەی کە لەشەڕەکەشدا هەن ئەوەندە ڕوون نییە. بەڵام وا فکر دەکەمەوە ئەم سەفەرەی ناتوانێ وەک جاری دیکە تەواو بێ. ئەوەی ترامپ لەو ڕۆژانەی دواییدا

ئێعلانی کردووە، کە دەڵێ هیچ شتێکمان قبووڵ نییە، جگە لە تەسلیمی بێ قەید و شەرت. تەسلیمی بێ قەید و شەرت وەک ئەوەی شوارتسکۆف لە سەفوان بە عێراقییەکانی گوت کە من ناچم بۆ دانوستان، دەچم دەڵێم ئەوە ئیمزا بکەن. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە کەللەڕەقیی ڕێبەرانی ئێرانێ بە دووری دەزانم ئەوەی بکەن. کەواتە ڕەنگە ئەوەیان نەبێ، بەس بەهەرحاڵ بۆ ئابڕووی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا و هێزێکی ناوچەیی وەک ئیسرائیل ڕەنگە ئاسان نەبێ ئەم جارەیان هەروا بکشێنەوە. یان دەبێ ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، یان ئەگەر ئامانجەکە بەدی نەیە دەبێ بڕۆن هەتا لایەکی وەلایەکی دەکەوێ، و ئەوەی پیاو لێی تێ دەگا و ئەگەر بە مەنتیق بیر بکەیەوە دەبێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە.

**پرسیار**: پێشبینیی جەنابت چییە؟ شەڕەکە زۆر دەخایەنێت؟ گۆڕانکارییەکان چی دەبن؟ ئایا بە ڕووخان کۆتایی دێت؟

**ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن هەتا سێ چوار ڕۆژ پێش ئێستا دوو ئیحتمالم بەرچاو دەکەوتن، یەکێکیانم بە نزیکتر دەزانی. ئەویش ئەوە بوو کە لە ئاخر دەقیقەدا ئێران بۆی دەرکەوێ کە ئەو شەڕە شەڕێکی قورسە و بەوی بەڕێوە ناچێ، قەبووڵ بکا کە مەرجەکانی قەبووڵن. ئەوی دیکە ئەوە بوو بڕوا هەتا ڕووخان. ئێستا ڕەوتی ڕووداوەکان پێم دەڵێ کە نا؛ ئەگەری تەسلیمبوون و قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دوورترە لەوەی بڕوا هەتا سەر. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر بیریان لێ دەکردەوە کە شەڕەکە ٢ ڕۆژ و ٣ ڕۆژە، یان لە دواتردا فکریان لێ دەکردەوە کە ڕەنگە حەوتوویەک یان دوو حەوتوو بێ، وا دێتە بەرچاو کە ئەو شەڕە پتر درێژە دەکێشێ، ڕەنگە بە حەوتووان ڕازی نەبن و ببێتە چەند مانگێک.

**پرسیار**: ئەی پێشبینییەکان بۆ گۆڕانکاری لە نەخشەکاندا چۆن دەبن؟

**ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: یەکێک لە کێشەکانی ئەم شەڕە و تەنانەت کێشەی ئەوانەش کە هاتوون شەڕی ئێران دەکەن ئەوەیە کە بەدیل (جێگرەوە)یان نییە لە نێو ئێراندا. مەعلووم نییە چی دەبێ. ئێستا هەوڵی ئەوە هەیە کە گویا لە نێوخۆی دەسەڵاتدا شتێک دروست کەن کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بتوانێ بگونجێ. ئەمن ئەوەی زۆر بە زەحمەت دەزانم چونکە لە ئێراندا غەیری ئەو تاقمەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە، لە زەمانی خومەینییەوە تا ئەمڕۆ، هەتا دوێنێش کە کوڕەکەی خامنەیی بووەتە جێگری بابی، کەسانی دیکە ئەو هێزەیان نییە بڵێن ئێمە ڕاست دەبینەوە و دەسەڵات لە دەستی ئەوان دەر دێنین. ئەوانیش زۆر بە زەحمەتە مل ڕاکێشن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەگەر شەڕ بوو ئیحتمالاتی زۆری هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە نێوخۆیی ئێراندا بە دەسەڵات و نادەسەڵاتەوە بەدیلێک هەڵکەوێ. یەکێکیان ئەوەیە

بۆ ماوەیەک ببێتە شەڕی نێوخۆیی و بێسەرەوبەری. ئەگەرێکی دووریش هەیە کە من زۆر بە دووری دەزانم چونکە تا دێ دوور دەکەوێتەوە کە کوڕی محەممەدڕەزاشا بهێننەوە سەرکار. دیارە من بە دوورتری دەزانم چونکە ئەو کابرایە لە نێوخۆی وڵاتدا نفووزێکی وای نییە، حیزبی نییە، ڕێکخراوی نییە. تەنیا شتێکی میراتییە ئەویش میراتێک کە لە ئێراندا ٢٥٠٠ ساڵ ڕابردووی هەیە، هەمووی نامەتلووب بووە و دیکتاتۆری بووە ئەو خەڵکەی بە خوێن و فیداکاری پاشایەتیی ڕووخاندوە، ئێستا چۆن دەچێ بە ئیختیاری خۆی دەیهێنێتەوە؟

**پرسیار**: دیارە سەرۆکی ئەمریکاش ڕەتی کردەوە کە کوڕی شا بگەڕێنێتەوە، دەڵێ دەبێ گۆڕانکارییەکان لە ناوخۆی ئێران بن.

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ وایە. دوو هەفتە پێش شەڕەکە ڕۆژئاوا هەمووی هاتنە پشت ڕەزا پەهلەوی. بە ڕۆژێکی سێ جار لە سێ شوێن خۆپێشاندانیان کرد لە مونیخ، لە تۆرۆنتۆ، لە لۆس ئەنجلێس. هەموو میدیای ڕۆژئاوایی هاتبوون، بە سوێند و قورئان دەیانگوت لەوێ ٢٥٠ هەزار بوون، لەوێ ٣٠٠ هەزار کەس بوون. لە حاڵێکدا پۆلیسی ئەڵمان حیسابێکی دەقیقی کردبوو کە دەڵێ ئەو حەشیمەتەی کە لەوی بووە بە پێی حیساباتی دەقیق دەتوانێ ٥٠ هەزار کەس بێ، هەر ئەوەندەی دەگرێ. کەچی ئەوان دەیانگوت ٢٥٠ هەزار کەسە بۆ ئەوەی گەورەی بکەنەوە. بەڵام لە پاشان وا دیار بوو تێیان گەیاندن کە ئەو کوڕە بۆخۆی نە ئەو توانایییەی هەیە و نە ئەو پێگەیەی هەیە. بۆیە لە کۆتاییدا گوتی ئێمە کەسێکمان دەوێ کە لە ئێرانێ بێ و لە ئێرانیش مەقبوڵییەتی هەبێ.

**پرسیار**: مەبەستی چییە؟ واتە لە نێوخۆی ئێران؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وا تێدەگەم تا ئێستا بەدوای ئەوەوەن لەنێو دەزگای حاکمدا، نە ئیلزامەن لەنێو دەسەڵاتدارەکاندا، ئەوانەی کە پێیان دەڵێن ئیسلاحتەڵەب، لەنێو ئەواندا کەسانێک دەربکەون و ئەوانیش پشتیان بگرن. پێم وایە تا ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە من ئەوە زۆر بە ئاسان نازانم. چونکە بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێران، جا بە دڵخواز یان بە نابەدڵخواز، لەگەڵ دەسەڵاتەکەدایە. ئەوی دیکە هیچ بەرەیەکی نێو حکوومەتی ناوێ. بەڵام لە زەرووڕەتدا ڕەنگە ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان ئاوا بچێتە پێشێ، لەوانەیە دەستەیەک، تاقمێک تێکەڵاو لە هەندێک کەسایەتیی نێوخۆی وڵات لە دەرەوەی دەسەڵات، لە دەرەوەی دامەرزاوە حکوومەتییەکان و بەشێک لەوانەی کە بە ئیسلاحخواز حیسابن وەک حەسەن ڕوحانی و زەریف و خاتەمی و ئەوانە بێنە گۆڕێ، ئەگەرچی ئەوانە هیچ وەختێک وەک نوقتەی هێز دەرنەکەوتوون لە کۆماری ئیسلامیدا.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: باشە ئەوانە ئەستێرەیان ئاوا نەبووە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە بنەڕەتدا هەر ئەستێرەیان نەبووە هەتا ئاوا بێ. کابرا دەڵێ سەرۆککۆمار تەدارۆکاتچییە، باشە. ئێران تەنیا وڵاتە کە سەرۆککۆمارەکەی کەسی یەکەمی وڵات نییە. کەسێکی دیکە لە سەرەوەی هەیە، ئەویش نەک لە سەرەوەی، لە سەرەوەی ئیرادەی هەموو میللەتەکەیە، چونکە ئەو ئەمر لە خودا وەردەگرێت و بەرانبەر بە عەبدی گوناهبار هیچ ئیلتزامێکی نییە!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، واتە لە میانی ئەو جەنگە بینیمان کە ئێران هێرشی کردە سەر زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە. ئەوەشمان بینی کە مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران، هات داوای لێبووردنی کرد و گوتی ئەگەر هێرشمان نەکرێتە سەر، ئێمە چیتر هێرش ناکەین. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە...

پێیان دەوێ کردەوە (بە پێکەنینەوە)

**پرسیار**: مامۆستا ئەوانە چۆن خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە هەموومان ئەوە دەزانین ئەو وڵاتانەی لێیان درا بە جۆرێک لە جۆرەکان حزووری ئەمریکایان تێدایە، هێز و بنکەی ئەمریکییان تێدایە. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە هەڵەیەکی گەورەی کۆماری ئیسلامی بوو. دوو دەوڵەت هاتنە شەڕی، بەڵام ١٠ دەوڵەتی لە خۆی کردنە دوژمن. پێی وابوو کە دەتوانێ لەو بارەیەوە هەم زەرەر لە بنکەکانی ئەمریکا بدا و هەم ئیحتیمالەن ئەو وڵاتانەش لە خۆی نەکاتە دوژمن. لە حاڵێکدا بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانە هەتا جارێک ئازار بە هێزەکانی ئەمریکا گەیشتوە، ١٠ جار ئازار بەوان گەیشتووە، ئەوان هەر دەبنە دوژمن و وەکوو زانیمان هەر دوێنێ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بە توندی بەرپەرچی ئێرانی دایەوە. بەڵام ئەوی دیکە نیشانەی ئەو واقیعییەتەیە کە باسمان کرد، کە سەرۆککۆمار شتێک نییە. سەرۆککۆمار دەتوانم بڵێم کارێکی عەقڵانە و مەدەنی بوو کە داوای لێبوردنی لە خەڵکەکە کرد و گوتی ئێمە شەڕمان لەگەڵ ئێوە نییە و شەڕمان لەگەڵ بنکەکانی ئەمریکایە، بەڵام بە زۆر فشاریان بۆ هێنا کە بە زمانی خۆی قسەکانی وەربگرێتەوە. ئەوە کە دەڵێ وا خراپ تەفسیر کراوە، وا خراپ تەفسیر نەکراوە، ڕاست بوو ئەوەی گوتی، ئەوەی لە دڵیدا بوو ئەوەی گوت، بەڵام ئێستا دەڵێن حەقت نییە ئەوە بڵێی.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: لە دوای شەڕەکە، پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانە چاک دەبنەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مەربووتە بەوەی کێ دێتە سەر دەسەڵات، بەبێ شک سارێژبوونەوەی ئەو برینانە لە هیچ حاڵەتێکدا ئاسان نییە، بەڵام لە سیاسەتدا شتی نامومکین نییە. سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان شتێکی باشمان پێ دەڵێن کە هەموو شتێک دەکرێ. کابرایەک کە هەتا دوێنێ ١٠ ملیۆن دۆلار دادەنرا بۆ خەبەرێکی، یەکسەر دەیهێنن بەدەستی خۆیان دایدەنێن و دەیکەنە دەسەڵاتداری سووریە، ترامپ بۆخۆی گوتی ئەمن هێناومە. یانی لە شک و گومانی لا برد، ئەوەش هەر مومکینە، بەڵام بەهەرحاڵ هەر دەبێ تەبیعی بێتەوە. ئاگات لێیە لە عومرێکی ڕابردوودا ئیختلافاتی بەینی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل! دەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند وڵاتی عەرەبی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل کردۆتە پەیوەندییەکی ئاسایی و سەفیریان لە وڵاتی یەکتردا داناوە. هەموو شتێک مومکینە.

**پرسیار**: لە دوای کوژرانی خامنەیی، هەست دەکەین ئێران جۆرێک تەحەدای کرد کە توانی موجتەبای خامنەیی با بڵێین کوڕ لە جێی باوکی دابنێتەوە. خومەینی تەوجهێکی هەبوو زیاتر کە دینی بەکار هێنابوو بۆ بابەتی سیاسی، دوای خامنەیی هات چەکیشی لەگەڵ دین بەکار هێنا. پێت وایە موجتەبا بتوانێ لەو سنوورانەی خومەینی و خامنەیی لابدات و گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ئێراندا بکات؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خومەینی مەوقعییەتێکی دیکەی هەبوو، یەکەم ئەوەی ڕێبەرێکی خەباتگێڕ بوو لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، لە پاشاندا هەرچەندە یەکەمین پلە و پایەی عیلمی نەبوو لە موئەسەسەی دینیی شیعەدا، بەڵام پلە و پایەیەکی دینیی بەهێزی هەبوو. بەڵام بۆ پاش خومەینی، ئەوەی کە بوو بە جێگری خومەینی لە واقیعدا سیاسەت کردی، شایستەیی دینی و عیلمی و کۆمەڵایەتیی خامنەیی وەک خومەینی قەبووڵ نەبوو، بەڵام دەسەڵات دای نا. ئەوەی ئێستا فاسیلەکەی لەوەی دیکەش پترە. واتە ئێستا حاکم لە ئێراندا لە بنەڕەتدا سپای پاسدارانە، بەڵام بە قەول واجیهە یان بڵێین عەبایەکی دەوێت کە دەسەڵاتەکەی لە ژێردا بشارێتەوە. ئەو پیاوە، واتە موجتەبا خامنەیی، نە پلەی عیلمیی وای هەیە نە پلەی کۆمەڵایەتیی وای هەیە. باوەڕ کە تا دە ساڵ پێش ئێستا زۆرکەس نەیدەزانی خامنەیی کوڕێکی هەیە بە ناوی موجتەبا، بەڵام وردە وردە دەریان خست. ئەوەش هەندێک دوێنێ و پێرێ دەیانگوت کە نارازی بوون بەوەی خامنەیی کوڕەکەی جێگەی خۆی بگرێ، ئەوە بە تەواوی بە باوەڕی من ناڕاستە، چونکە لە پشتی پەردەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک دەورانی سەدام حوسێن و ئەحمەد حەسەن بەکر، ئەوەی ڕەئیس جمهور بوو ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، بەڵام ئەوەی کارەکانی دەکرد سەدام بوو. ئەوە وا نەبوو لە واجیهەدا دیار بێ، بەڵام لە واقیعدا وەک کەسێکی بەدەسەڵات و باڵادەست کاری دەکرد و پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ سەرانی پاسداران و ئەوانە.

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەو بارودۆخەدا چی بکەن باشە؟ ئایا بە قسەی ئەمریکا بکەن یاخود مەجالێک ماوە پێی بڵێن دانوستاندن لەگەڵ ئێران؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: با لە بەشی دووهەمەوە جواب بدەمەوە کە پێم وایە ئەوانەی پێشووش بەتایبەتی دوای ئەوەی یەکەمجار هەموویان کاری خراپ بوون و هەموویان موحاسەباتی ناتەواو بوون. چونکی کەسێک کە لەگەڵی دانیشتووی پیاوێکی سوڵحخواز و دێموکرات وەکوو د. قاسملوویان تێرۆر کردوە، ئیتر بۆ دەبێ باوەڕی پێ بکەی؟ ئێستاش ئێدی لە بنەڕەتدا ئەسڵێک هەیە کە دەڵێن کۆتایی هەموو شەڕێک دەبێ بە تێگەیشتن بێ یا بە ئاشتی تەواو دەبێ یان بە لەبەینبردنی لایەکی شەڕەکەی. ڕەنگە لە بنەڕەتدا ئەوە نەتوانین نەفی بکەین کە دەوڵەتی ئێرانێ هەر کەس و هەر لایەنێک بێ حیزبە سیاسییەکان یان ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد مەجبوورن ئەگەر ئیمکانی موزاکەرە هەبوو لەگەڵی بکەن، بەڵام بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە قەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مەجال نەماوە بۆ ئەوەی دانیشن، چونکە کە دانیشتن مەعنای ئەوەیە کە دەڵێ ئەگەر جارێکت فریو دام ماڵت خرابێ و ئەگەر دووجارت فریو دام ماڵم خرا بێ. ئەوە وای لێ دێتەوە. حیزبە سیاسییەکان یان ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد مەجبوورن ئەگەر ئیمکانی موزاکەرە هەبوو دەگەڵی بکەن، بەڵام لە ئایندەدا ئەگەر دەسەڵاتێکی دیکە هەبێ، کوردەکە مەجبوورە دەگەڵی تەڕەف بێ، ئەگەر بکرێ لە جیاتی شەڕ، ئاشتی و موزاکەرە و تێگەیشتن بکرێ.

بەڵام ئەوەی کە لە بەشی یەکەمی پرسیارەکەدا بوو، کورد بەقسەی ترەمپی بکا یان بۆخۆی بیکا، ئەگەر بە پێخۆشبوون بێ، خۆش نیە هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی و هیچ بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، چاوی لە دەوڵەتێکی بێگانە بێ کە بێ ڕزگاری بکا. بەڵام حەقیقەتێکی تاڵی دیکە هەیە کە ئێستا ئەو دەوڵەتانە، دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و هێزی دیکەش بەشێکیان لەوە دەرچوون کە بکرێ بەبێ یارمەتیی دەرەکی بگۆڕدرێن.

لە وڵاتانی دێموکراتدا خەڵک دەچێتە سەر سندووقی دەنگدان و ڕایەکەی چۆن دەرچوو، بە سەلامەتیش دەردەچێ، کابرا دەڵی لەبیک و قبووڵی دەکا و دەچێ دادەنیشێ، بەڵام لەو وڵاتانەدا ڕێگە نییە بە شێوەی دێموکراتیک ڕێژیمەکە بگۆڕێ. ئەگەر دەکەوێتە مەیدانی هێز و قودرەتیش، مەعلوومە ئەوانە هەموو ئیمکاناتی دەسەڵاتیان هەیە، بزووتنەوە ئازادیخوازەکە حەدی ئەقەللی هەیە. جاران ئێمە لانی کەممان هەبوو، ئێستا جیاوازییەکە لە نێوان قودرەتی نیزامیی دەوڵەت و بزووتنەوەی کورد لەوە دەرچووە، جاران دەمانگوت شەڕێکی نابەرانبەرە. ئێمە کڵاشینکۆفمان پێ بوو، ئەویش کڵاشینکۆفی پێ بوو، ئێمە سەد فیشەکمان هەبوو، ئەو بە میلیۆنێکی لە پشت بوو، بەڵام ئێستا ئەو مووشەکی دوورهاوێژ لە ئیسرائیل دەدا، ئێمەش هەر کڵاشینکۆفەکەمان پێیە. کەواتە بە هێزی نێوخۆیی ئیمکانی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە نییە. بە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

هەرحاڵ کورد بەشێک لەو شەڕەی ئێستا نیە، بەڵام ئەگەر هێرش کرایە سەر ئێرانێ، هیچ دەلیل نییە نە ئێمەی کورد، نە میللەتانی دیکەی وەزاڵەهاتووی ئێران و نە ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی فرمێسک بۆ کۆماری ئیسلامی بڕێژن.

**پرسیار**: لەو ماوەیەدا سەرۆکی ئەمریکا پەیوەندیی بە زۆر لایەنی کوردییەوە کرد، واتا وردەکاریی پەیوەندییەکە ئەگەر جەنابت بۆیان باس کردبێت چی بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن وردەکاریی پەیوەندییەکان نە تێیدام بۆم باس بکەن، نە پرسیومە بۆم باس بکەن، نە بۆشیان باس کردووم، بەڵام ئەوەی لە نیشانەکان دەیخوێنینەوە، ئەو پیاوە پیاوێک نییە لەسەر قسەی خۆی سوور بێ. هەفتەیەک پێشتر دەیگوت ئەگەر کوردەکان ڕاپەڕن شتێکی زۆر باش دەبێ. دوێنێ و پێرێ دەڵێ ئێمە وازمان لەوە هێناوە کە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان هەبێ، واتا وازی لە کورد هێناوە. مەرج نییە ئەو وازهێنانە قەتعی و هەمیشەیی بێ، بەڵام پیاوێکە بەپێی مەسڵەحەت و بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆی، جاروبار کەمێک بە بڕوای من بەبێ حیساب و بەبێ هەڵسەنگاندن بڕیارەکانی دەدا و هەڵسوکەوت دەکا.

**پرسیار**: لە ماوەی ئەم ١٠ ڕۆژە هیچ پەیوەندییەکی ئێرانی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کراوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن وەکوو گوتم ئاگام لەو شتانە نییە، چونکە ئەمن بەناوی حیزبی دێموکراتەوە قسە ناکەم، بەڵام ئەوەندەی بزانم هیچ پەیوەندییەکی ئاوها نەبووە. ئەگەر بیکەن، پێم وایە هێزە کوردییەکان نابێ وەڵامی ئیجابی بدەنەوە. چونکە ئەو کاتەی کە ئێمە زۆرمان قووەت هەبوو، ئەو دەوڵەتە لەگەڵمان ڕێک نەدەکەوت. ئێستا بۆ دەڵێ ڕێک دەکەوین؟ لە پاشان بەپێی مەنتێق ئەگەر ڕێژیمێکی حاکم و زاڵم، لە خەتەردا بێ، مەزڵوومەکە یان ئازادیخوازەکە بۆ دەبێ کۆمەکێ بکا نەجاتی بدا؟ بۆیە پێم وایە ئەگەر داواش بکا، هێزە کوردییەکان لە ئێستادا هیچ مانایەکی نییە بچن لەگەڵی بۆ وتووێژ و دانوستاندن دانیشن.

**پرسیار**: مامۆستا چەند ئەزموونێک لەبەر دەستی ئێمە هەبووە، با بڵێین ئەزموونی باشووری کوردستان، ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان، ئێستا کە ڕووداوە گەرمەکان کەوتوونەتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە کوردییەکان چی بکەن لەوێ باشە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشتر؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەی کە کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە. هەر حیزبێک لە نێو خۆیاندا

هەموویان بەسەر یەکەوە، دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو. بۆ نموونە ئەگەر دۆخێکی وەکوو ساڵی ١٩٧٩ لە ئێراندا بێتە پێشێ، ئەو حیزبانە یەکەم جار هەوڵ بدەن چەندی دەکرێ ناوچەکەی خۆیان بە دەستەوە بگرن، پاشان بە یەکدەستی بەڕێوەی ببەن. ئەو ئەزموونەی دوای ڕێژیمی پاشایەتی ئەزموونێکی باش بوو، بەڵام بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەو کاتە دوو حیزبی دیار هەبوون کە دەسەڵاتیان هەبوو، یەکەمیان حیزبی دێموکرات، دووەمیان لەگەڵ عوزریشم لەوان، بە مەودایەکی زۆر کۆمەڵە بوو. کۆمەڵە لە جێیەک شوڕایان هەبوو، حیزبی دێموکرات لە جێیەک. جێ هەبوو دوو شوڕای تێدا بوو، ئەنجومەنی دێ، یەکیان هی دێموکرات و یەکیان هی کۆمەڵە. یاسایەکیان دەردەکرد حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە یاسایەکی دیکەی دەردەکرد. تەنانەت کاتێک هەوڵمان دەدا کتێبی خوێندن دابنێین، حیزبی دێموکرات کتێبێکی دادەنا و کۆمەڵە کتێبێکی دیکە. دەبێ هەوڵ بدرێ ئەوە دووبارە نەبێتەوە. دەبێ هەموویان لەسەر بنەمایەک ڕێک بکەون، لە هەمان کاتدا چەندی دەکرێ لەو بارودۆخەی بۆ کۆماری ئیسلامی دێتە پێش بەهۆی دەرەکییەوە، دەبێ کەلکی خۆمان وەربگرین وەکوو کورد.

**پرسیار**: ئەو بەرەیەی کە بەم دواییانە دروست بوو لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆچوونت چییە لەسەر ئەو بەرەیە؟ پێت وایە شتێکی باش بێت لەم کاتەدا؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وەڵڵا قسەیەکم زۆرجار لە مەجلیسی تایبەتدا گوتووە و ئێستاش لێرە بێڵێم پێم خراپ نییە، بە بڕوای من ئەگەر هێزە کوردستانییەکان لە هەموو وڵاتەکان، یەک لەوان لە وڵاتەکەی مندا، لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەگەرلە چایخانە پێکەوە دانیشن و دۆمینەی بکەن هەر باشە کە پێکەوە دانیشن و دیالۆگیان هەبێت کە ئێستا شەش لایەنیان پێکەوە هاتوون و دانیشتوون و هاوپەیمانییان دروست کردووە، حەتمەن ئیشەڵڵا خێری لێ دەبینین و سوودی دەبێ. لە نێو خۆیاندا ڕێوشوێنێکیان داناوە، پێم شتێکی زۆر بەسوودە.

**پرسیار**: بەڵام درەنگ نەبووە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: درەنگ بوو بەڵێ، بەڵام فارس قسەیەکی جوانیان هەیە، مەسەلەیەکیان هەیە دەڵێن: "ماسی هەر کاتێک لە ئاو بیگری تازەیە". وانییە؟ یان کار بە درەنگەوە بکرێ، هەر باشترە لەوەی هەر نەکرێ.

**پرسیار**: سەبارەت بە هێزەکانی دیکە با بڵێین جگە لە کورد لە نێوخۆی ئێران با بڵێین باسی کوڕی ڕەزاشا ئەکرێ و هەروەها موجاهدینی خەلق ، پێت وایە جووڵانەوەی کوردی با بڵێین حیزبە کوردییەکان لە کامەی نزیکترن زیاتر؟



سەرچاوە
Serchawe

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: حیزبە کوردییەکان ئێستا لە دوو شتدا هەن، یەکێکیان پێی دەڵێن «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ». ناوەکە کەمێک ناتەواوە، چونکە ئێران خۆی فیدراڵ نییە، مەبەست ئەوەیە نەتەوە فیدراڵخوازەکانن کە پێکهاتووە لە گەلانی ژێردەستەی ئێران وەک کورد و بەلووچ و عەرەب و ئازەری و ئەوانە، ئەوە لەوێدا هەن. لەگەڵ موجاهیدین و کوڕی شای و ئەوانی دیکەش هێندەی من ئاگام لێ بێ پەیوەندی هەر هەبووە تەنانەت وەختی خۆی لەگەڵ کوڕی شا، هەندێک لە ڕێبەرانی کورد و لە ڕێبەرانی ئەو شەش لایەنەش کە ئێستا هەن، کوڕی شایان دیوە. کەواتە هەوڵمان ئەوەیە کە کەس دوژمنمان نییە، دوژمنی کەس نیین، بەڵام بۆ ئایندەی وڵاتەکەمان ئێمە خۆمان لەوانە بە نزیک دەزانین کە باوەڕیان بە فرە نەتەوەبوونی ئێران هەیە، باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە. وەختێکی یەکەم جار بوو کە من مەسئوولییەتم وەرگرتبوو، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کرابوو، لەسەر کوڕی شا پرسیاریان لێ کردم، گوتم ئێمە دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ شا و کوڕی شا نییە، دوژمنایەتی شەخسیمان نییە، دوژمنایەتیمان لەگەڵ سیاسەتەکان هەیە. ئەو کوڕە با ئیعلانی هەڵوێستی خۆی بکا کە چۆن تەماشای ئێران دەکا، چۆن تەماشای کورد دەکا، باوەڕی بە ماف و ئازادییەکانی ئەو گەلانە چۆنە، ئەو وەختە هیچ مانعێکمان نییە. بەڵام ئەو کابرایە تا ئێستایش شتێکی نەگوتووە، تەنانەت ئەم دواییانە هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر بێتە دەسەڵات ئەوەڵ کاری ئەوەیە لەشکر دەنێرێتە سەر بە قەولی خۆیان تەجزیەتەڵەبان یان بڵێین جوداییخوازەکان. یا مەسەلەن وەختێک بە دۆستایەتی قسەی کرد، کوردی بە عەشایری کورد ناو برد نەک بە نەتەوە.

**پرسیار**: ئێستا گۆڕانکاری لە بۆچوونی موجاهیدینی خەلق دروست نەبووە لە بەرانبەر کورد؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەزانم پەیوەندیمان لەگەڵ موجاهیدین هەیە، بەڵام نازانم پەیوەندییەکە لە چ ڕادەیەکدایە، لە چ پلەیەکدایە. ئەوەندە دەزانم کە موجاهیدین پێشتریش بۆ خۆیان بەرنامەیەکیان هەبوو، بەرنامەی خودمۆختاری بۆ کوردستان کە شووڕای میللیی موقاوەمەتیش پێکهات و ئێمەی تێدا بووین، شوڕای میللی موقاوەمەتیش بەرنامەیەکی دانا بۆ خودموختاری کوردستان، ئەویشیان هەر ئیمزا کرد. لەو ماوەیەدا دوو شتی تازەشم لێ دیون، ئەوەڵەن چەند جارێک گوێم لێ بووە کە دەڵێن لە ڕەئسی هەموویانەوە مریەم ڕەجەوی دەڵێ ئێمە وەفادارین بەو بڕیارانەی داومانە. ئەوی دیکە وەختێک بەرنامەی خودموختاری کوردستانیان پەسەند کرد، باسی خودموختاری ئازەربایجان کرا، خودی مەسعوود ڕەجەوی گوتی ئەگەر ڕۆژێک باسی خودموختاریی ئازەربایجان بکرێ، موجاهیدین لە شوڕادا نامێنێ. ئێستا بۆ خۆیان دەڵێن ماف بۆ هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، ئازەربایجان، بەلووچستان، عەرەب، تورکمان و ئەوانە، یانی ئەوەشیان زیاد کردووە کە باوەڕیان بەوە هەیە. کابراش کە دەڵێ، دەینووسێ، ئەتۆ حەقت نییە بڵێی درۆیە دەکات و بڕوای پێ ناکەم، ئەتۆ لەگەڵ دڵی خەڵک تەرف نی، لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی تەرفی.



سەرچاوە Serchawe

بەشی: سێهەم

**پرسیار**: مامۆستا دوور لە بابەتە سیاسییەکان، لەسەر بابەتی ئەدەبیات و وەرگێڕان نێوانت چۆنە ئێستا؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پیری و چووزانم جاروبار نەخۆشی پەکی کارکردنیٚ دەخا، بەڵام پێت سەیر نەبیٚ کە بڵێم بە حەیاتی خۆم ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆم بە ئەدیب نەزانیوە، بەڵام خۆم بە ئەدەبدۆست دەزانم.

**پرسیار**: بەڵام، مامۆستا جەنابت زمانزانێکی زۆر گەورەی

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خەڵک وادەڵێن، بۆ خۆم واناڵێم، ئەوەندەی مەجالم هەبیٚ هۆگریم بە ئەدەبیات، بە شتی جوان، بە شێعری جوان هەیە. لە هەر کویٚ بیبینم پێم خۆشە بیخوێنمەوە، پێم خۆشە بیبینم.

**پرسیار**: شتی تازەت لەبەردەستە وەک نووسینی کتێب یان بڵاوکردنەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: شتی تازەم بەدەستەوە نییە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆران هەر سەروکارم لەگەڵ ئەو شتانە هەیە. ئەگەر بۆ خۆشم نەیکەم، دۆست و برادەری دیکە هەن تووشم دەکەن، مەسەلەن جەنابت کتێبێکت نووسیوە، بۆم دەهێنی دەڵێی بیخوێنەوە ئەگەر ڕایەکت لەسەری هەیە پێم بڵیٚ، یا ئیحتمالەن شتێکی لەسەر بنووسە، زۆر بەوانەوە مەشغووڵم، کەمتر دەستم بە تاڵ دەبیٚ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

بەشی: سێهەم

## تایبەت: سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان هۆشداری دەداتە کورد لە حیسابانی هەڵەی ستراتیژی لە شەڕی ئێراندا



عەبدوڵڵا حەسەن زادە، یەکێک لە دەنگە باڵاکانی بزووتنەوەی کوردی ئێران، هۆشداری دەدات لەوەی کە کورد نابێت بەبێ گەرەنتی نێودەوڵەتی ڕوون بچنە ناو شەڕی ئێرانەوە و دەڵێ، هەر هەنگاوێکی سەربازی پێشوەختە دژ بە ئێران دەتوانێت ببێتە هەڵەیەکی ستراتیژی، کارەساتی مرۆیی و لاپەڕەیەکی دیکەی وازهێنان لە کورد.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە مامۆستا (مامۆستا) ناسراوە، یەکێکە لە کەسایەتییە بەرێزەکانی بزووتنەوەی کوردی ئێران.

لە ساڵی ۱۹۳۸ لەدایک بووە، لە تەمەنێکی لاویدا پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردووە و دەیان ساڵ لە بەرەنگاربوونەوەی هەردوو دەسەڵاتی پاشایەتی ئێران و کۆماری ئیسلامی بەسەر بردووە. دوای شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۹، کاتێک خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لوتکەدا بوو، وەک جێگری دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە ئەوکات سکرتێری گشتی ئەو حزبە بوو، کاری کردووە.

دوای تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو لە ساڵی ۱۹۸۹ و سادق شەرەفکەندی لە ساڵی ۱۹۹۲، حەسەن زادە بوو بە یەکێک لە سەرکردە ناوەندییەکانی ئەو حیزبە. لە ساڵی ۱۹۹۵ تا ۲۰۰٤ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، پێش ئەوەی لە سەرکردایەتی جێبەجێکردن لابدات بۆ ئەوەی بوار بۆ نەوەیەکی نوێ بکاتەوە.

بەشی: سێهەم

زیاتر لە دوو دەیە لەو کاتەوە، تێڕوانینەکانی سەبارەت بە ئێران، سیاسەتی کورد و داهاتووی خەباتی کورد بە قووڵی کاریگەر ماونەتەوە. نووسەر و وەرگێڕ و پیاوی پیتەکان، مامۆستا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک دەسەڵاتدارێکی ئەخلاقی لەناو حزبەکەی و بزووتنەوەی فراوانتری کوردی ئێراندا سەیر دەکرێت.

ئێستا تەمەنی ٨٨ ساڵە، بە دەگمەن چاوپێکەوتن دەکات. ئامارگی لەگەڵ کاک حەسەن زادە قسەی کرد سەبارەت بە دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد، مەترسییەکانی بەردەم کورد لە ئێران، و ڕەنگە داهاتوو چی بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ئەمەی خوارەوە وەرگێڕانی کوردی (گوگڵ ترانسلیت) چاوپێکەوتنەکەیە، دەستکاری و کورتکراوەی تەنها بۆ ڕوونی و خوێندنەوە.

**ئامارگی**: شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێران، فاکتەری کوردی ئێرانی هێنایەوە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران بەڕاستی چالاک نەبووە. بە تێڕوانینی ئێوە جێگای کورد لەم شەڕەدا چییە و لەگەڵ ئەو دووپاتکردنەوەیە دووبارەبووەوە کە دەڵێن ئەمە شەڕی کوردی ئێران نییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بێ گومان کوردستان (هەم لە ئێران و چ لە عێراق) شانۆی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بووە، کوردیش بە هەموو جۆرە زیانێکی بەرکەوتووە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە کورد هاوبەشێک نەبوو کە ئەمریکییەکان سەبارەت بە بڕیار و ئەنجامدانی هێرشەکان ڕاوێژیان پێبکەن. جەختکردنەوە لەوەی کە ئەمە شەڕی کورد نییە، پێویست نییە، چونکە هیچ شتێک ناگۆڕێت. لێدوانێکی لەو شێوەیە کورد لە هێرشەکانی ئێران بەزەیی نادات، هەروەک چۆن دووپاتکردنەوەی پێچەوانەکەی، کورد ناکاتە هاوپەیمانی پارێزراوی ئەمریکییەکان.

لە هەمان کاتدا ئەم جەختکردنەوە توخمێکی ڕاستی لەخۆدەگرێت بەو مانایەی کە ئەوەی ئێمە وەک کوردی ئێران بەدوایدا دەگەڕێین، لە بنەڕەتدا جیاوازە لە مەبەستەکانی ئەمریکا.

بۆ ئەوەی خۆم ڕوون بکەمەوە، دەتوانم هاوتەریبێک لەگەڵ پێشینەیەکی مێژوویيدا بکێشم. لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کە لایەنە کوردییەکانی ئێران بەرخۆدانێکی چەکدارییان لە دژی ڕژێمی ئێران بەڕێوە دەبرد، لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیمان، بەردەوام بۆ ڕژێمی ئەوکاتی عێراق دووپاتمان دەکردەوە کە شەڕی ئێمە لە دژی ڕژێمی ئێران جیاوازە لە شەڕی ئەوان، نەک تەنها لەبەر ئەوەی ڕژێمی عێراق شەڕێکی ئاسایی لەگەڵ ئامرازە سەربازییەکانی دەوڵەتێکدا بەڕێوە دەبرد لە کاتێکدا ئێمە خەریکی ئەنجامدانی پێشمەرگایەتی بووین ململانێ

لەگەڵ ئامرازە سنووردارەکانمان، بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی شەڕەکانی هەریەکەمان لە دژی ڕێژیمی ئێران لە بنەڕەتدا جیاواز بوون.

شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئامانجی فراوانخوازیی خاکی و کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی بەدوای خۆیدا هێنا، لە کاتێکدا ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ناچارکردنی ڕژێمی ئێران بۆ دانانان بە بەشێک لە مافە ڕەواکانمان.

**پرسیار**: ئایا ئەوەی ئێوە دەڵێن بە مانای هەڵوێستی پارتە کوردییەکانی ئێرانیش هاوڕا و پەسەند دەکەیت، کە تا ئێستا لە خۆبواردن لە دەستێوەڕدانی سەربازی لە ناوخۆی ئێران پێکهاتووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بێگومان. دەزانم لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر بە نێوخۆی کوردستانی ئێرانیشەوە نائومێد بوون کە پێشمەرگەکان هەوڵی ئازادکردنی خاکی کورد نەبینن. ئەم چاوەڕوانییانە ڕەوایە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ سەیری دۆخی ئێستای ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بکات، پێموانییە دەستێوەردانێکی سەربازیی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران لە بنەڕەتدا ئاکامی شەڕەکە بگۆڕێت، یان لانیکەم هاوسەنگی ئێستای نێوان پاڵەوانەکانی ئەم ململانێیە.

لە لایەکی دیکەوە، لە غیابی گەرەنتی کۆنکرێتی پشتیوانی سیاسی و پاراستنی سەربازی لە لایەن زلهێزەکانی ڕۆژئاوا، دەرئەنجامی شەڕێکی دەستبەجێی سەربازیی کورد، فیاسکۆی سەربازی و کارەساتێکی مرۆیی دەبوو، کە حیزبە کوردییەکانی ئێران لەم قۆناغەدا ڕاستیان دەکرد خۆیان لێی بەدوور بگرن.

**پرسیار**: هێشتا ئەمە دەرفەتێکی لەدەستچوو نەبوو و پێت وایە ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران لە چ مەرجێکدا دەتوانێت بڕیاری دەستوەردان لە سەر زەمینە بدات؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هەرچەندە دۆخی ئێستا بێزارکەر بێت، بەڵام دەستبەسەرداگرتنی دەرفەتەکان نابێت بە مانای ئەنجامدانی حیساباتی هەڵەی ستراتیژی بێت. من پێم وایە، لە غیابی ئەو گەرەنتییە نێودەوڵەتیانەی کە پێشتر باسمان کرد، ئۆپۆزیسیۆنی کورد تەنیا لە دوو سیناریۆدا دەبێ ڕاستەوخۆ لەسەر زەوی دەستێوەردان بکات: یان کاتێک ڕژێم لە لێواری داڕماندایە، یان کاتێک کە هەموو ئێران، یان لانیکەم بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانەکەی، بە شێوەیەک هەڵدەستن کە ببێتە کوشندە بۆ مانەوەی ڕێژیم. لە هەریەکێک لەو سیناریۆیانەدا، حیزبە کوردییەکانی ئێران دەیانتوانی و دەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی خاکە کوردییەکان و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لەوێدا هەنگاو بنێن.

بەڵام پێویستیان بەوە دەبێت کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و لە هەمان کاتدا بە لەبەرچاوگرتنی سەختییە تایبەتەکانی ناوچە هەستیارەکانی ستراتیژی و دیمۆگرافی وەک ورمێ و کرماشان ئەو کارە بکەن.

**پرسیار**: بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ کە کوردەکانی عێراق لە دژی ڕژێمی سەدام حوسێن ڕاپەڕین و خاکەکانیان ئازاد کرد، ئایا چاوەڕێی جێبەجێکردنی ئەو هەموو مەرجانە بوون؟ ئایا دۆخەکە بەراورد نەکرا بەو شتەی کە لە ماوەی شەڕی ئەم دواییەدا شاهیدیمان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەو دوو دۆخە بە تەواوی بەراورد ناکرێن. لە ڕاستیدا ئەو هەلومەرجەی دوای دەستێوەردانی سەربازی ڕۆژئاوا لە عێراق لە دوای لەشکرکێشی کوەیت زاڵ بوو، ڕێک لەگەڵ ئەو سیناریۆیانە دەگونجێت کە لە وەڵامی پێشوومدا باسم کرد، و تا ئێستاش لە دۆسیەی ئێراندا کەمی هەیە.

لە کۆتایی شەڕی کەنداودا، ڕاپەڕینی جەماوەری لە ناوچە شیعەکانی باشووری عێراق لە ئێستاوە دەستی پێکردبوو، سوپای عێراق کە لە کوردستان جێگیرکرابوو، لە لێواری تەسلیمبووندا بوو، ئیدارەی ناوەندیش خەریک بوو بڕووخێت.

لە ئەنجامدا بەرخۆدانی سوپای بەعس لە بەرامبەر ڕاپەڕینی جەماوەریدا زۆر سنووردار بوو، ئەرکی لایەنە کوردییەکانی عێراق لەو ساتەدا ئاسانتر و تا ڕادەیەک خێراتر بوو.

جگە لەوەش، لە ساڵی ١٩٩١ و بە تایبەتی لە کاتی دەستێوەردانی دووەمی ئەمریکادا کە بووە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەمریکییەکان ڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە هەوڵەکاندا نەک تەنها بۆ دابینکردنی گەرەنتی پێویست بۆ کورد بەڵکو بۆ یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش.

**پرسیار**: زەمینەی ئێستا کە بە نادڵنیاییەکی زۆرەوە دیارە، لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەرئەنجامی شێوازی کەسیی سەرۆک ترەمپە. ئەمەش کاردانەوەی زۆر هەمەچەشنی بەرامبەری دروستکردووە. ڕات چییە لەسەری؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا مرۆڤ لەگەڵ سەرۆکی ئێستای ئەمریکایە یان دژی، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران کاریگەرە؟

بەشی: سێهەم

سەرەڕای ئەو لێدانانەی کە بە سەرکردایەتی دۆناڵد ترەمپ لە ڕژێمی ئێران دراون، کەس گومانی لەوە نییە کە سیاسەتەکەی پێشبینی و سەقامگیری و بەو هۆیەوە یەکگرتوویی نییە. لەم شەڕەدا سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەندێک ئامانجی ئەمنی بۆ خۆی دانا و تەنیا ناوبەناو و بە شێوەیەکی لاوەکی ئاماژەی بە گۆڕانکاری سیاسی و مافی ئێرانییەکان دەکرد.

بە هۆی پەیوەندی نێوان پرسە ئەمنیەتییەکان و سروشتی نیزام، سەرەڕای لاوازبوونی ڕێژیم، تا کۆماری ئیسلامی لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، ناتوانرێت بڵێین ئامانجە ئەمنییەکان بەدی هاتوون.

جگە لەوەش نابێ مرۆڤ درێغی بکات لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتێکی ئەمریکی کە جێگایەکی وا پەراوێزی دەدات بە مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێراندا. لەوەش خراپتر، ئاماژەکردن بە مافی ئێرانییەکان لەم دواییانەدا بە تەواوی لە گوتاری ئەمریکیدا نەماوە. تا ئەو کاتەی کە مافەکانی گەلانی ئێران لە سیاسەتی ئەمریکادا جێگەیەکی وەها پەراوێزخراو داگیر دەکەن و نەک وەک ستراتیژ بەڵکو وەک ئامرازێکی تاکتیکی گوشار بۆ سەر ڕێژیمی ئێران باس بکرێن، سروشتییە کە واقیع و متمانەپێکراویی پشتیوانییەکانی ئەمریکا بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

**پرسیار**: بە تێڕوانینی ئێوە ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران چی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت حساب بۆ ئەمریکییەکان بکات لە خەباتەکەیدا بەبێ ئەوەی ئۆتۆنۆمی خۆی لەدەست بدات و ڕێگە بدات خۆی بە ئامراز بکرێت تەنها بۆ ئەوەی دوای ئەوە وازی لێبهێنرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: سەرەڕای لێدوانە جیاوازەکان لە ڕابردوودا، من پێم وایە کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هێشتا ستراتیژی ئەمریکییەکان نییە، چونکە ئەگەر وا بوایە، ئەوان بە جددیتر هەوڵیان دەدا هاوبەشی بەهێز لە ناوخۆی ئێراندا بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی لەو شێوەیە ئەنجام بدەن. سەرەڕای شەڕ، هێشتا پێدەچێت سیاسەتی گێزەر و چەقۆ بەرامبەر ئێران لە نێو زلهێزەکانی ڕۆژئاوادا زاڵ بێت.

سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنی کورد، پێموایە بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران بە شێوەیەکی کۆنکرێتی و بیرمەندانە مامەڵە بکات، پێویستە لە ئیدارەی ئەمریکا نزیک بێتەوە و بەدوای وەڵامی ڕوون و پشتڕاستکەرەوەدا بگەڕێ سەبارەت بە ستراتیژی کۆتایی ئەمریکییەکان بەرامبەر بە ئێران و ئەو شوێنەی کە کورد لە چوارچێوەی ستراتیژێکی لەو شێوەیەدا داگیری دەکات.

بەشی: سێهەم

بەبێ ڕوانگەیەکی ڕوون سەبارەت بە گەرەنتی پاراستن و مافەکانی کورد، هەر کارێکی کورد دەتوانێت مەترسیدار و پێشوەختە بێت.

**پرسیار**: ئەوەی لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تێبینیمان کردووە ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەژێر فشاردایە و ترسی پاشەکشەی مافەکانی کورد هەیە، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی دەستکەوتەکانی لەدەست بدەن کە پێشتر لە هەندێک پارچەی کوردستاندا مسۆگەر کراون. لە چوارچێوەیەکی وەهادا کورد دەبێت چی بکات سەبارەت بە ستراتیژی سیاسی خۆی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: سەرەڕای پێشکەوتن و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد لەم دەیان ساڵەی دواییدا، مرۆڤ ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە بارودۆخی ئێستا بۆ کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا زۆر لەبار نییە. لە تورکیا، ئەو ئیمتیازانەی لایەنی کوردی کردوویەتی، هێشتا هیچ پێشکەوتنێکی ڕاستەقینەی بۆ مافەکانی کورد بەدی نەهێناوە. لە سوریا شاهیدی هەڵوەشاندنەوەی وردە وردەی قەوارەی کوردیین. لە عێراقدا خودی ئایندەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی لە ژێر هەڕەشەدایە و لە ئێرانیشدا هێشتا فاکتەری کوردی چالاک نەبووەتەوە. ئەگەر بمانەوێت واقیعبین بین، ئەمڕۆ زیاتر ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبینەوە نەک دەرفەت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەبێت وانە لە ڕابردوو وەربگیرێت، هەم سەبارەت بە ستراتیژی سیاسی (کە بە ڕوانگەی من ناتوانێت سەربەخۆیی بێت) و هەم سەبارەت بە یەکگرتوویی کورد کە هێشتا کەمی هەیە.

لە هەر حاڵەتێکدا مرۆڤ حەزی لێبێت یان نا، هەموو شتێک ئاماژە بەوە دەکات کە باشترین ستراتیژی سیاسی بۆ کورد درێژەدان بە هەوڵەکانی بەرەو دانپێدانانی پێگەیەک لەناو دەوڵەتانی هەن، لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ یەکخستنەوە و هەمەچەشنکردنی ئەو هەوڵانە و دۆزینەوەی هاوپەیمان چ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

**پرسیار**: ئایا یەکگرتوویی کورد بەبێ بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان مومکین؟ چۆن پێناسەی ئەو جۆرە یەکریزییە دەکەیت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: سەرەڕای واقیعی دابەشبوونی کوردستان و جیاوازی ستراتیژی سیاسی لەناو بزووتنەوەی کوردیدا، یەکگرتوویی کورد (هەم لەناو هەر بەشێکی کوردستان و چ لە نێوان پارچە جیاوازەکانی کوردستان) وەک پێویستیەکی حەتمی ماوەتەوە. هەماهەنگی یان لێکنزیکبوونەوەی دەوڵەتانی ناوچەیی لە پێناو سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد یان

بەشی: سێهەم

نکۆڵیکردن لە مافەکانی کورد، هێندەی تر ئەو یەکڕیزییە پێویست دەکات.

یەکگرتوویی کورد دەبێت ڕێگە بدات بە پەسەندکردنی پرەنسیپی بەهێزتر سەبارەت بە بەرژەوەندی هاوبەشی کورد و ئەجێندای دەوڵەتانی ناوچەکە. هەروەها پەیوەندییەکی دادپەروەری هاوپشتی لە نێوان پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا پەرە پێبدات. لانیکەم لە دۆسیەی کوردانی ئێراندا، پێم وایە کە دۆزی و خەباتی ئەوان بە قازانجی دۆزی و خەباتی...

**پرسیار**: پێت وایە ڕەنگە بزووتنەوەکەتان لەم دەیان ساڵەی خەباتدا چ هەڵەیەکی کردبێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هیچ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، بە تایبەت لە چوارچێوەیەکی ئاوا سەختدا، ناتوانێت دوور بێت لە لاوازی یان هەڵە. ئەوەندەی پەیوەندی بە خەباتی کوردانی ئێرانەوە هەیە، بە گشتی بزووتنەوەیەک بووە کە ڕێزێکی زۆری بۆ هەردوو بنەمای نەتەوەیی و ئینسانی نیشانداوە. لە هەمان کاتدا ئێمەش هەڵەمان کردووە.

لاوازی سەرەکیمان لە شێوازی هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی تواناکانماندایە. لەو شوێنانەی کە دەمانتوانی و دەبوو مامەڵە بکەین، توانای خۆمان بە تەواوی بەکارنەهێنا. لە هەمان کاتدا لە هەندێک ساتدا تواناکانمان زیادەخەملاند، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی هەندێک ستراتیژی سیاسی یان ڕێبازی تاکتیکیدا.

پێویست ناکات بڵێین ئەو ململانێ براکوژییەی کە بۆ ماوەیەک لەناو بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا (لەوانەش لە نێوان پ.د.ک. و کۆمەڵە)دا هەبووە، هەڵە بووە و هەموومان بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆ دەگرین، تەنانەت ئەگەر پلەکانی بەرپرسیارێتی یەکسانیش نەبن.

**پرسیار**: ئایا بڕیاری دانەبەزاندنی چەک لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و دەستپێکردنی بەرخۆدانی چەکداری دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵە بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەگەر یەک بڕیار هەبێت کە تا کۆتایی تەمەنم بەرگری لێبکەم، ئەوا ئەم بڕیارەیە. دوای دامەزرانی نیزامی ئیسلامی، هەموو شتێکمان کرد، بە ڕەهایی هەموو شتێک، بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆمان بەرامبەر بەو ڕێژیمە نیشان بدەین. تەنانەت ڕامانگەیاند کە ئەگەر مافی کورد لە لایەن ڕژێمی نوێوە بناسرێت، ئێمە ئامادە دەبین لە پاڵ هێزەکانی ئێران لە دژی سوپای عێراق شەڕ بکەین. بەڵام ڕێژیمی ئێران لە ڕادەبەدەر دوژمنکارانە و بێ سازشکارانە

سەلماند. هیچ بژاردەیەکمان نەبوو جگە لە گرتنەبەری ڕێگای بەرگریی چەکداری لە خۆمان.

سەرەڕای هەموو ئەو زیانانەی کە گەلەکەمان بەرکەوت، بڕیارێکی دروست بوو، چونکە بەبێ بەرخۆدانی چەکداری، ئەو شوێنەی ئەمڕۆ لە لایەن بزووتنەوەی سیاسی کوردی ئێرانەوە داگیرکراوە، ئاستی هۆشیاری سیاسی یان نەتەوەیی، و ڕادەی کۆکردنەوەی جەماوەری بەو شێوەیە نەدەبوو کە ئێستا دەیبینین.

**پرسیار**: ئەگەر سبەینێ ڕژێمی ئێران بکەوێت و هەمان سیناریۆ دووبارە ببێتەوە، پێت وایە، بە بوونی ڕژێمێکی نوێ لە تاران کە هێشتا ڕەتی کردۆتەوە داواکاری کورد قبوڵ بکات، پێویست بێت وەک چۆن لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە خەبات دەستپێبکەیتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: پێویستە سەرەتا یارمەتیدەر بین بۆ هێنانەدی ئاڵتەرناتیڤێکی دیموکراتیک کە زیاتر تێگەیشتن بێت لە پرسی نەتەوەیی لە ئێران و لە داخوازییەکانی کورد. پاشان ئەگەر خۆمان لە دۆخێکدا ببینینەوە کە مافەکانمان دەستبەجێ یان بە تەواوی دانیان پێدا نەنرێت، بێگومان درێژەدان بە خەبات پێویستە. بەڵام من پێم وایە دەبێت هەموو شتێک بکرێت بۆ ئەوەی شەڕ و غوربەتێکی نوێ نەبێت و خەبات لە مەیدانی سیاسیدا بەرەوپێش بچێت، تەنانەت ئەگەر ئەوەش پێویستە بەشێوەیەکی بەشێوەیەکی یان وردە وردە بکرێت. ئەمە نابێ بەو مانایە لێکبدرێتەوە کە تەنانەت نزیکبوونەوەیەکی وردە وردە یان بەشەکی لە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە دوای هاتنی کۆماری ئیسلامییەوە خەیاڵ دەبوو.

**وەرگێران گوگڵ ترانسلێت**

**سەرچاوە: ماڵپەری THE AMARGI**

**٣ی جوونی ٢٠٢٦**

## ئاوڕێکی کورت لە ژیانی خەباتکارانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



**ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

عەبدوڵڵا حەسەنزادە ساڵی ١٣١٧ی کۆچی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٩٣٨ی زایینی لە ئاوایی "سیسێر" سەر بە ناوچەی گەورکایەتیی "سەردەشت"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی کاسبکاردا لەدایک بووە. هێشتا منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کردو ئەوی لە موحیبەت و پاڵپشتییەکانی خۆی بێبەش کرد. بەمجۆرە ئەرکی سەرپەرستی و پێگەیاندنی عەبدوڵڵای منداڵ کەوتە ئەستۆی برا گەورەکەی کە هەروەک خۆی دەڵێ وەک باوکێکی چاک خەمی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی دەخوارد.

بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ئەمڕۆیی لە گوندەکەیان، عەبدوڵڵای منداڵ نێردرایە حوجرەی فەقێیان بۆ وەی دەرسی مەلایەتی بخوێنێ و لەو ڕێگایەوە خزمەتی خەڵکی موسوڵمان بکا. عەبدوڵڵا کە بیرێکی تیژ و هۆشێکی کەم وێنەی هەبوو، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕین و سەرەنجام ساڵی ١٩٦١ی زایینیی لە مەهاباد خوێندنی تەواو کردو وەک مەلای دوازدە عیلم پێی نایە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی.

بە چەند هۆی گرنگ، بیری نەتەوایەتی و ویستی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی زۆر زوو کەوتە نێو دڵ و دەروونی عەبدوڵڵاو بەمجۆرە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لە ڕێگای بوون بە ئەندامی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە وەک تاقانە حیزبی سیاسیی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی بە خەبات کرد. لەو هۆیانەی عەبدوڵڵای مێرمنداڵیان

بەشی: سێهەم

زوو دەگەڵ بیری نەتەوایەتی ئاشنا کرد، ژیان لە ناوچەی موکریان وەک مەکۆی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بوونی ژمارەیەکی زۆر تێکۆشەری ڕێگای کوردایەتی لە گوندەکەی خۆی سیسێر،و ئینجا بوونی مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز کە هەموو فەقێکانیان هان دەدا دەفکری خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەیاندا بن، دەتوانین ناو بەرین. تەمەنی عەبدوڵڵای حەسەن زادە هێشتا نەگەیشتبووە ڕادەی قانوونی کە فۆرمی ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکڕاتی پڕ کردەوە و بەمجۆرە پێی نایە مەیدانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی یەکانی گەلی کورد.

جگە لەوە، عەبدوڵڵای مێرمنداڵ زۆر زوو دەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئاشنایەتیی پەیدا کرد و بەهۆی ئۆگریی زۆری بەو بوارە بە خێرایی تێیدا چووە پێش. ناوبراو کە توانای لەبەرکردنی شێعری یەکجار زۆر بوو، زۆر زوو کەوتە بەر سەرنجی کەسایەتی یەکانی ئەوکات و لە کۆڕی ئۆگراندا داوای لێ دەکرا ئەو شیعرانەی لەبەری کردبوون بخوێنێتەوە. هەرچەند قەت وەک شاعیر خۆی دەرنەخست و نەناسرا بەڵام خۆشی شێعری زۆر بوون و لەکۆڕی دۆستانەدا دەیخوێندنەوە.

لە بواری خەباتگێڕانە دا ساڵی ١٩٦٧ کە ڕاپەڕینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستپێشخەریی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان سەری هەڵ دا، عەبدوڵلا حەسەنزادە هەم وەک ئەندامی حیزب و هەم وەک دۆستێکی نیزیکی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە و بەتایبەتی مەلا ئاوارەی شەهید بۆ ساواک ناسرا و بەجۆرێک مەیدانی پێ تەنگ کرا کە ناچار بوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵێ و ڕوو لە گەرمێن بکا. مامۆستا بە هۆی کاری سیاسیەوە بەمجۆرە زستانی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی ماڵ و منداڵی بەجێ هێشت و بەتەنیا ئاودیوی سنووره دەستکردەکان بوو. لەو ڕۆژەوە ئیتر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مامۆستا حەسەنزادە گۆڕا و ئەمجارەیان جگە لە ماوەیەکی کەم هەتا خۆی گرتەوە، باقیی ژیانی خۆی بەشێوەی تەواوکات سەرفی خەبات بۆ ئازادیی گەلەکەی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات دا کرد کە ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

دوای شکستی بزووتنەوەی ساڵەکانی ١٩٦٨،١٩٦٧ و شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی ئەو خەباتە چەکداریە، ناهومێدیەکی زۆر باڵی بەسەر ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەدا کێشا کە هەوڵی کەسانی وەک مامۆستا حەسەنزادە و لەسەرووی هەمووشیانەوە دوکتۆر قاسملووی نەمر حیزبی ڕێک خستەوە و گیانێکی تازەی بەبەردا کردەوە. ساڵی ١٩٦٩ لە کۆنفڕانسی دووەمی حیزب دا کە لە باشووری کوردستان گیرا مامۆستا حەسەنزادە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ-بژێردرا کە دواتر لە کۆنفڕانسی سێ (١٩٧١) و ئینجا لە کۆنگرەی سێ(١٩٧٣)دا دیسان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لەنێو کۆمیتەی ناوەندییش دا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.

بە هۆی وردبینی لە مەسەلە سیاسیەکان دا و جوان و پاراو نووسین لەزمانی کوردی دا، مامۆستا حەسەنزادە زۆر زوو وەک

بەشی: سێهەم

نووسەرێکی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان خۆی دەرخست و هەر ئەوەش بوو بەهۆی مانەوەی بەردرێژی لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزب دا. سەرەتای هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران مامۆستا حەسەنزادە یەک لەو ئەندامانەی حیزب بوو کە لەنێو کۆمیتەی "زاگرۆس"دا خۆیان گەیاندەوە نێوخۆ و دەستیان بەڕێکخستنی خەڵک بۆ بەربەرەکانی دژی دەسەڵاتی پاشایەتی کرد. لەو بەرپرسایەتی‌یەدا کە شاری مەهابادی وەبەر کەوتبوو، مامۆستا توانی لێوەشاوەیی خۆی دەربخاو لە ماوەیەکی کەم دا خەڵکو حیزبی دێموکڕات پێک ئاشنا بکاتەوە.

لە کۆنگرەی چواری حیزبدا کە زستانی ١٩٨٠ی زایینی لە شاری مەهاباد بەسترا، دیسان مامۆستا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵبژێرایەوە و ئیتر دوای ئەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزب دا جگە لە کۆنگرەی هەشت کە خۆی کاندیدا نەکرد،

وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دەنگی متمانەی وەرگرت. لەدوای کۆنگرەکانی شەش و حەوت مامۆستا وەک جێگری سکرتێری حیزب دیاری کرا و لە کۆنگرەکانی دە، یازدە و دوازدەش دا وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا. ئەو لەکاتێک دا بەرپرسایەتیی یەکەمی وەرگرت کە حیزبی دێموکرات دووپارچە بوو، بەڵام تەنیا ساڵێک دواتر بە هاوکاریی دڵسۆزانی دیکە توانی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات وەسەریەک بخاتەوە. ئەگەرچی دەورانی سکرتێریی مامۆستا دەورانێکی سەخت و پڕکەندوکۆسپ بوو، بەڵام ناوبراو بە لێوەشاوەیی کەشتیی حیزبی دێموکڕاتی لەو گێژاوە نەجات داو لە هەموو بوارێک دا سەربەخۆیی فکری و سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبی پاراست.

دوای کۆنگرەی سێزدە کە حیزبی دێمۆکڕات تووشی لێکدابڕان هات و بوو بە دوو بەش، کەسایەتیی مامۆستا لە سەرخستن و بەردەوامیی ئەو بەشەدا کە بە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ناسرا ڕۆڵی کاریگەری گێڕا و لەڕاستیدا ئەو بە لانی کەمی ئیمکانات و توانای ماڵی، حیزبی لەسەر پێ ڕاگرت. لە کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستاندا مامۆستا کە یەکەم شانسی هەبوو هەتا دیسان ببێتەوە سکرتێری گشتی، دەستپێشخەریی کردو نەریتی وازهێنانی داخوازانە لە بەرپرسایەتی یە حیزبی یەکانی هێنایە نێو سیاسەتی کوردی. لەو کاتەوە مامۆستا حەسەنزادە هەرچەند بەکردەوە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی دوور نەکەوتۆتەوە، بەڵام هیچ بەرپرسایەتی یەکی حیزبیی وەر نەگرتوە و تەنیا وەک کەسایەتی یەکی خاوەن ئەزموون لەو مەیدانەدا ماوەتەوە.

وردبینیی مامۆستا لەکاری سیاسی و دیپلۆماسی دا وای کردبوو کە ئەو کاتانەی ئەندامی ڕێبەرییش نەبوو، حیزبی دێمۆکڕات

بەشی: سێهەم

بەردەوام لە تواناکانی کەڵک وەرگرێ و لە دانوستانی زۆر گرنگی نێوان ڕێکخراوەکان و هەروەها نێوان حیزب و حکوومەتی ناوەندی دا بەشداری بکا. لە ماوەی کاری سیاسیی خۆی دا، مامۆستا دەگەڵ زۆر کەسایەتی و لایەنی نێوخۆیی و دەرەوەیی دانیشتنی هەبووە کە نوێنەرایەتیی حیزبەکەی خۆی کردوە و بەو هۆیەش کە توانا و دڵسۆزیی زۆری نیشان داوە کەمترین ڕەخنەی هاتۆتەوە سەر. جگە لەوانە نووسین و گەڵاڵەکردنی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە زۆربەی کۆنگرەکان دا هەر لە ئەستۆی ناوبراو بووە کە ئەو ئەرکەی زۆر بە دیققەت و وشیاری یەوە ئەنجام داوە.

ناوی عەبدوڵلا حەسەنزادە و چوارچێوەی خەبات و تێکۆشانی ئەم تێکۆشەرە تەنیا لە مەیدانی سیاسەت و ئەویش هەر لە چوارچێوەی حیزبی دێمۆکرات دا کورت ناکرێتەوە. مامۆستا حەسەنزادە هاوکات زمانزانێکی ناسراو، نووسەرێکی بەتواناو وەرگێڕێکی خۆش قەڵەمە. مامۆستا سەرەتا کاری نووسینی لە ڕۆژنامەی کوردستان دا دەست پێکرد کە دواتر خۆی بوو بە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە. هاوکات زەمانێک کە بنکەی حیزب لە شاری بەغدا بوو بۆ ماوەی چەند ساڵ بۆ ڕۆژنامەی"هاوکاری"ی دەنووسی. ئینجا بۆ گۆڤاری نێو خۆی حیزب بە ناوی "تێکۆشەر" بابەتی دەنووسین. هاوکات بەشی زۆر لە ڕاگەیەندراوە ڕەسمی‌یەکانی حیزب بە قەڵەمی مامۆستا دەنووسران کە وردبینیی زۆریان پێوە دیار بوو. دواتریش کاتێک ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستی بەکار کرد مامۆستا چ وەک بەرپرسی ڕاستەوخۆ یان هاوکار بەردەوام وتاری بۆ دەنووسی.

جگە لە سەدان وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە گۆڤار و ڕۆژنامە حیزبی و ناحیزبی یەکان دا، مامۆستا هاوکات کاری وەرگێڕانیشی کردوە کە لەو بوارەداو بەتایبەت بە وەرگێڕانی کتێبی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو و پاشان "گێلە پیاو"ی عەزیز نەسین و ئینجا سێ جڵد ڕۆمانی "حەمەدۆک" نووسینی یەشار کەماڵ ناوبانگی دەرکرد. جگە لەوانە چەندین کتێبی دیکەی وەرگێڕاون یان بۆخۆی نووسیونی کە لەنێو ئەوان دا کتێبی دوو جڵدیی "نیو سەدە تێکۆشان" وەک بەشێک لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەرچاو دەکەوێ. مامۆستا حەسەنزادە هاوکات لەبواری زمانەوانییش دا شارەزایی‌یەکی باشی هەیەو زۆرجار وەک سەرچاوە پرسی پێدەکرێ. شارەزایی مامۆستا لەو بوارەدا وای کردوە کە ئەکادیمیای کوردی لەهەولێر وەک ئەندام وەری بگرێ و لەتواناکانی کەڵک وەرگرێ.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە زیاتر لە نیوسەدەیە ڕاستەوخۆ و بە شێوەی بەردەوام بۆ ڕزگاریی گەلەکەی خەبات دەکا. هەرچەند هەموو خەباتی ناوبراو لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات دا بووە بەجۆرێک کە حیزب و مامۆستا لێک جودا ناکرێنەوە، بەڵام ناو و ناوبانگی عەبدوڵلای حەسەنزادە ئەو سنوورەی بڕیوە و لەمێژە وەک کەسایەتی‌یەکی سیاسی، نەتەوەیی و شارەزا لە زۆر بواردا قبووڵ کراوە. لەو ماوە دوورو درێژەی خەبات دا، هەم مامۆستا لە کەسانی وەک دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و زۆر کەسایەتیی دیکە شت فێر بووەو هەم زۆر کەسیش لە شارەزایی ناوبراو کەڵکیان



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

وەرگرتوە. ئێستاش بەخۆشی‌یەوە مامۆستا هەڵسووڕ و چالاکە و هەروا خەرمانی ئەزموون و زانیاری یەکانی دەخاتە خزمەت دۆزی خەباتی نەتەوەکەی.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە مرۆڤێکی بە تەحەممول لەکاری سیاسی دا، دڵسۆز بۆ حیزب و گەلەکەی، بەبەرنامە بۆ ژیانی سیاسی و خسووسی، خۆش بەرخورد لەدۆستایەتی دا، میوانگر و دەرگا ئاوەڵا، بە موحیببەت بۆ ماڵ و منداڵ و نەرم لە کاری بەکۆمەڵ و دەستجەمعی دایە.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە دەیەی ٦٠ی زایینیدا لەگەڵ کچێک بەناوی خاتوو ئەستی ئیبراهیمی لە ناوچەی سەردەشت زەماوەندی کردوەو خاوەنی: دوو کچ بەناوەکانی: "گەلاوێژ و نەسرین" چوار کوڕ بە ناوەکانی؛ محەممەد، ئاوارە، ئاکۆ، ئاسۆ یە.

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٥ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی

نۆژنکردنەوە: پووشپەڕی ٢٧٣٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

---






# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو ئامادەکارانی وتووێژەکان، و وەڵامدانەوەی ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە،**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین و تەمەن درێژ بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**